هەژان 6

خاوەنی ئیمتیاز

عەلی سالح میران

سەرنوسەر

سۆران مەحمود سیوکانی

محمد چیا

سەرپەرشتی ئەم ژمارەیەی کردووە

زستانی 2001

بسم الله الرحمن الرحيم

لەم ژمارەیەدا

✓ دەسەڵاتو سیستەم	ن/ هێمن قەرەداغی	١-٢٦
✓ دەسەڵاتو تراديسیۆنی ئیسلامی	ن/سەمیر سەلیم	٢٧-٥٢
✓ عەقڵی ئیسلامی هاوچەرخ و گوتاری مافەکانی مرۆڤ	ن/ ئەبوبەکر عەلی	٥٣-٧٠
✓ شەرعیەتو دەسەڵات	ن/ سۆران سێوکانی	٧١-٩٢
✓ دەسەڵاتی ئیسلامی لەڕوانگەی د. محەمەد خاتەمیەوە	و/ صەبور سەیوانی	٩٣-١٠٦
✓ ژیان لە پەراوێزی دراماى ژیاندا	ن/ محەمەد چیا	١٠٧-١٢٠
✓ سروت و تەوتەمیەت	ن/ کامەران حەمەکەریم سوبحان	١٢١-١٣٢
✓ جەدەلیەت – دیالیکتیك – ی ئیسلامی	و/ لهۆن قادر	١٣٣-١٤٦
✓ عەقیدەو ئەزمون	و/جەمیل حەمە غەریب موحسین ئەدیب	١٤٧-١٦٦
✓ لەنێوان کانتو نیچەدا	و/ زانکۆ اسماعیل رۆژ	١٦٧-١٧٨
✓ یەکەی مامەڵەو جەوهەری قەیران	ن/ موحسین ئەدیب	١٧٩-١٩٤
✓ تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ	و/ عومەر عەلی موحەممەد	١٩٥-٢١٤
✓ رۆشنبیری ئاینی	و/ بیلال باسام	٢١٥-٢٢٠
✓ ئیشکالیەتی پەیوەندی نێوان ئاین و ئایدۆلۆژیا	و/ یاسین رەسول عوسمان	٢٢١-٢٢٨

ئەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاودەکرێنەوە، (بێجگە لەسەروتار تەعبیر لەڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و (هەژان) لێیان بەرپرسیار نییە.

پەیقی ژمارە

پێدەچێت هێندەی دەسەڵات خاوەن ئیشکالیەتی ئاڵۆز بێت هێندەیش لە مێژوودا مەلەفەکانی داخراوو تۆزاوی بن، بەراوردکاریەکی سەرەتایی لە نێوان هەزارو چوار سەد ساڵ موماڕەسەی دەسەڵات لە جوگرافیایەکیٔ فراوانی وەک جیهانی ئیسلامیداو ئەرشیفی نووسراو لەسەر ئەو بابەتە گرنگە، بۆمان دەردەخات کە چ قەیرانێکی گەورە هەیە لە تیۆریزەکردنی دەسەڵات لە مێژوودا، فاکتەرەکانی ئەو قەیرانەیش زۆرن. لەم سەردەمەشدا کاتێک نووسەرو زانایانی ئیسلامی مەلەفەکەیان هەڵدایەوە، ئەمجارە زیاتر هەڵدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژیانەو – پیاهەڵدانمان– دەستدەکەوێت نەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەرکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی.. مێژوونیانە کە هەموو ڕەهەندەکانی پرسەکە بگرێتەوە، لە ڕاستیدا باسکردن لە دەسەڵات بە دڕێژایی سەدەی ڕابوردوو مەیدانێک بوو بۆ ململانێ و هەوڵدانی ئیسلامی بۆ سەلماندنی شایستەبوونی ئیسلام بۆ دەسەڵات، ئەم هەوڵەیش زیاتر لە تۆیی تەفسیکردنی (دەقەکانەوە) بوو بەشێوەیەک کە گەورەیی و فراوانی و دادپەروەری سیستمی ئیسلامی بسلەمێنێت و ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان پشتگوێ دەخران یاخود بەشێوەیەکی –ئینتیقائی– مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. هەر بۆیە لە ماوەی سەدەیەکدا تاکو ئێستا مەلەفی دەسەڵات –وەک مێژووی موماڕەسە– بەداخراوی ماوەتەوە. ئایا لێرەدا عەقڵیٔ ئیسلامی بەرپرسیارە یا ئەو زروفە سیاسی و ململانێ ئایدیۆلۆژیانەی لە سەدەی ڕابوردوودا –گەر ڕاست بێت ناوی بنێین سەدەی جەنگی ئایدیۆلۆژیاکان– بەرقەراربوو؟ لە مەلەفی ئەم ژمارەیەماندا تیشک دەخەینە سەر ئەو پرسە گرنگە و هەندێک لە ئیشکالیەتەکانی دەخەینە ڕوو.

هەموو پرسیارێک دەرک کردنێکی مەعریفیانەیەو کردنەوەی دەرگاکانی وەڵامە، ئەو دەرگایانەی ماوەیەکی زۆرە داخراون؛ ترس لە پرسیاریش مانای ترس لە ژیان و ئازادی و مەعریفەیە. چونکە پرسیار ماکی ژیانەو دەلالەتی زیندوویی عەقڵە، نەبوونی پرسیار مانای مەرگی مرۆڤە. مرۆڤ بەمانای بایۆلۆژی نا، بەڵکو بە مانای ئەو کائینە خاوەن بیرەی کە دەیەوێت لە ڕێگەی پرسیارەوە بگاتە کرۆکی ژیان. ئەمەش کرۆکی زۆربەی ئەفسانە نەمرەکانی مرۆڤن. ئەو پاڵەوانە تراژیدیانەی بە شوێن ئاوی –ژیان–دا گەڕان لە ڕاستیدا ئەو ڕۆحە نەمرانە بوون کە پرسیار مێشکی هەژاندوون، بەڵام مرۆڤی کۆن بە شێوازی چیرۆک تەعبیری لەو پرسیارانە کردووە، ئەوە ئیبراهیمە پرسیار دەکات (ارنی؟ کیف؟) موسایە دەپرسێت (ارنی انظر). کرانەوەی پرسیار کرانەوەی ماناکانیش دێنێتە کایە، هەر لێرەوە

هەژان ـــــــ

مەلەفی ژمارە: کەلتورو ئیشکالیەتی دەسەلآت

- دەسەلآتو سیستەم
- دەسەلآتو تراديسیۆنی ئیسلامی
- عەقلّی ئیسلامی هاوچەرخو گوتاری مافەکانی مرۆڤ
- شەرعیەتو دەسەلآت
- دەسەلآتی ئیسلامی لەڕوانگەی د. محەمەد خاتەمی‌یەوە

دەسەلات و سیستەم

هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی ئیشكالەكانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی

هێمن قەرەداغی

؟

هەر هەوڵێكی رەخنەیی بۆ خوێندنەوی ستراكتورێك، لەراستیدا هیچ نیە جگە لەهەوڵ بۆ كردنەوەی رۆح بەبەری ئەو بونیادەدا، بەپێچەوانەی ئەو دیدە تەقلیدیەوە كەپێی وایە خوێندنەوەی رەخنەیی پرۆسەیەكی تیكشكاندنە، گەورەترین خزمەت بەهەر پرۆژەیەك ئەو دەستانە نایكەن كەچەپڵەرێزی دەكەنو قەیرانەكان بەچار داخراوی بەجێ دێڵن، بەڵكو خزمەتی گەورە ئەو رەخنەیە دەیكات كەپرۆژەیەك بەئاگا دێنێ لەمەرگێكی نەهاتوو، قەیرانێك تەفكیك دەكات، تا نەبێتە سك پڕی دەیان قەیرانی تر...

لێرەوە چەمكی نوێكاری لەئیسلامدا هیچ نیە جگە لەمیكانیزمیگی (هولامی) تا لەرێگەیەوە پرۆژە رەخنەیەكان رۆحی نوێ بۆ سیستەمەكان داپتاشن...ئینتما بۆ هەر پرۆژەیەك ئەو كاتە دەچێتە فۆرمێكی سادەوە كەبێدەنگی بەردەم قەیرانەكان دەبین دڵخۆشی دەستكەوتە رووكەشەكانین، گەورەترین مەدلولی ئینتما بۆ ئیسلام لەپیاهەڵدانی پیاوە سادەكاندا بەرجەستەنە نەبوو، بەقەد ئەوەندە لەپرۆژە فەلسەفیو رەخنەییەكانی ئیبن روشددا بەرجەستە بوو، ئەگەر چی زەمكانیئیبن روشد بەپیاوێكی بێبەری لەئیسلام درایە قەڵەم... لێرەوە چەمكی ئینتما داوای تێرمانینێكی قوڵترمان لێ دەكات.

گەر سیستەم میكانیزمی دیسپلین كردنی زەمكانە لێكنەچوەكان بێت، ئەوا زیاتر لەهەرچەمكێك ئامادەیە بۆ ئەوەی بەپێی رەنگاو رەنگی زەمەنەكانی، خوێندنەوەی فرەرەنگی بۆ بكرێ... ئەمەش فەلسەفەی نەبوونی فۆرمێكی دیاریكراوی سیستەمی سیاسیە لەئیسلامدا، واتە نەبوونیفۆرمێكی دیاریكراوی سیستەمی سیاسی لەدەقیئیسلامیدا هێندەی خاڵی زیندوویی بە ، هێندەلاوازی دەقەكان نیە وەك سەردەمێك ئەم دیدە ساكارە بانگەشە دەكرا..

واتە پێویستیمان بەدوو ئاراستەی داڕشتنەوە هەیە، جارێك خوێندنەوەیەكی رەخنەیی بۆ هەموو ئەو چەمكە ئەبستراكتانەی زەمكانێكی مرۆیی بەرهەمی هێناونو ئێستاخۆیان وەك چەمكانێكی یان میژووییدەناسێنن، ئەمەش بۆكەشف كردنی رێژەیی بونی ئەو چەمكانەو دۆزینەوەی ئەو رەگو ڕیشە میژووییانەی خولقاندنی، لەوێشەوە بۆ دەرخستنی ئیشكالە شاراوەكانیپشتیان (نمونەی چەمكی ئیجماع وقیاس كەدواتر زیاتر لەسەری دەدوێم)، وەپاشتر هەوڵێك بۆ بەرهەمهێنانەوەی چەمكو زاراوەی نوێ.

ئاراستەیەکی تر بریتی دەبێت لەڕەخنە گرتن لەهەموو ئەو پراکتیکە کۆمەڵایەتی‌یانەی، یان ئەو سیستە سیاسیانەی لەمێژوودا یان لەهەنووکەدا خۆیان وەک نمونەی بااڵی ئیسلام نمایش دەکەن(بەنمونەی ئەو پراکتیکە دژگمایەی هەنوکەی تالیبان بەناوی ئیسلامەوە)، ئەمەش بۆکەشف کردنی‌ئەو چەمکە فەلسەفی‌و فەلسەفانەی لەپشتی ئەو پراکتیکە مەرگ‌و ڕیشەیان هەیە... ، ئەمە هەردوو ئاراستەی میتودی ڕەخنەیی بوولای (مارکوزە)، ئاراستەیەک بەڕەو چەمکە ئەبستراکتە سەرو میژوویەکان تامێژووی بوونیان دەربخەین ، ئاراستەیەکی تری ڕەخنە بەڕەو ئەو جۆاڵنەوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی لەپشتیانەوە چەندرەگێکی فەلسەفی شاراوە هەیە تا ئەو ڕەگە فەلسەفیانە دەربخەین (بەنمونە ئەو نازیزمی ڕەخنە دەکردتافەلسەفەی پشت نازیزم بدۆزێتەوە)(*)

ڕوونی پرۆژەی سیاسی‌و دیدگاکان گرنگی‌یەکی بێئەندازی هەیەبۆ خوێندنەوەی داهاتووی پراکتیکی‌سیاسی‌هەر پرۆژەیەک ، پرۆژەئیسلامیش لەواقیعی کوردیدا، ئەگەرچی خاوەنی‌ئەزموونێکی پراکتیکی نەبووە.. بەاڵم دیدگای‌بەرامبەر بەچەمکەکانی دەسەاڵت‌وسیستەم بڕێکی زۆری ئەو ئەگەرانە دەداتە خوێنەرەکانی و ئەو کۆمەڵگەیەی لەداهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە دەسەاڵت تیایدا ، لێرەوە پێ ئەچێ ئەم باسە سەرەتا هەوڵێک بێت بۆ خوێندنەوەی ئیشکالەکانی خود ، تاخودێکی نوێ‌وپرۆژەیەکی نوێی کوردی ئیسلامی لەدایک بێنێ... هەرهەوڵێکیش بۆنوێ بونەوە هەنگاوی یەکەمی بریتی‌یە لە تێپەراندنی ئیشکالەکان‌و شیتەڵ کردنیان، پاشان هەنگاوی دووەم داڕشتنەوەی ستراکتوری نوێ دەست پێ دەکات..

بۆ چوونە ناو باسەکەوە، سەرەتا لەئیشکالی(سیستەم‌و ئانارشیست)وە دەست پێ دەکەم:

سیستەم‌و ئانارشیست

ئەوکاتەی‌جورئەت ئەکەین لەچەمکێکی وەک دەسەاڵت بدوێین، ئەوا بزانین یان نا خۆمان دەخەینەناو دنیایەک لەقەیرانەوە، بەو مانایەی وشەکانی دەوری دەسەاڵت کۆشکێک لە قەیرانیان پێک هێناوە، ئەمەش قەدەری خودی ئەم چەمکەیە، پیاوانێک شوان‌و کۆمەڵگایەک ڕەعیەت، دەبێت چاوەڕێی دەیان کێشەی گەورەی لێبکەین،

دەسەاڵت بەردەوام تەبریری ئامادەبوونی خۆی بەوە دەکات کەژیانمان بۆسیستماتیزە دەکات، واتە ژیان بۆ ئەوەی‌فەوزەوی نەبێت و یستماتیزە بکرێ دەبێت دەسەاڵتی تێدانامادە بێت.

لێرەوە پەیمانی کۆمەڵایەتی لای ڕۆسۆ بەرهەمی‌دەست هەڵگرتنی تاکەکانە لەبڕێکی مافی‌خۆیان‌و بەخشینی شەرعیەتە بەدەسەاڵتێک تاژیان ئانار شیزم داگیری نەکات[1]، بەدەربرینەکەی(هۆبز) مرۆڤەکان بە سروشت شەڕەنگێزن[2] و دەبێت سیستەم لەڕێی دەسەاڵتێکەوەبخولقێنین.

ئەو خاڵە گرنگەی لێرەدا پێدەگەین ئەوەیە کەلەپێش هەموو سیستەمێکەوە ، لەحزەیەکی ناسیستم ئامادەیە، واتە بەردەوام فەوزا هەیەو سیستەم لەهەنگاوی دووەمدا لەدایک دەبێت، باکەمێکلەسەر چەمکی(شێواوی‌و ژیان)بدوێین:

ئەریك فروم دەڵێت: پیاوی (سادی) زۆربان حەز بەرێك‌وپێكی‌یەو خواستی ئەوان ئەوەیە هەموو ژیان رێك‌و پێك‌و سیستماتیزەكراوبێت، هەربۆیە زۆربایەخ دەدەن بەجل‌و بەرگ‌و كاتەكانی ئیش‌و... هتد، لەكاتێكداو لەراستی‌دا ژیان بەم جۆرە رێكخراونی‌یەوبونێكی شێواوە) [٣]

ئاین بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ئێمەی مرۆڤ لەم عەبەسیەتە دەربێنێ، بەڵام سروشتی شێواوی ژیان زاڵترە بەسەرماندا، { ئایا واتان حساب كرد ئێمە ئێوەمان بەبیهوودە خولقاندووە} [٤] ژیان بۆیە بەشێواوی بەرهەم دێت چونكە مرۆڤەكان جیاوازن، جیاوازی ئێمەیە فەرزی دەكات ژیان شێواو بێت، جیاوازی حەزەكان، جیاوازی فیكرەكان، جیاوازی باوەڕەكان...هتد

{ ئێمە مرۆڤەمان لەنارەحەتیدا خولقاندووە} [٥] ئەمەیە سەرسوڕماوی مرۆڤ بەرامبەر بەژیان،تا ئاستێك مرۆڤەكان نااتوانن تەفسیری لۆژیكی بۆ هەموو ئەو ڕوو داوانەبكەن كەلە چوار دەوریاندا ڕوو دەدات.

مرۆڤایەتی‌شانەی هەنگێك نی‌یە هەریەكەیان كاری خۆی بزانێ، بەڵكو هەزاران ویست‌و غەریزەی فرە ڕەنگە كەمەحاڵە سیستەمێك بەتەنیارەنگدانەوەی‌ئەو غەریزانە بێت، هەرلێرەوە ئەو لوغزە كەشف دەبێت كە بۆچی دەسەڵات بەردەوام نەیاری هەیە، چونكە ژیان خۆی شێواویەو ئەو نەیارانەش كە بەردەوام دەیانەوێت بگەڕێنەوە دۆخی‌شێواوی زۆرن، پێدەچێ (رۆسۆ)و دواتریش رۆمانسیەكان دیارترین نوێنەرانی میژوی ئەو دەنگە بن لەمێژووی ئەدەبدا، كورترین پێناسەی‌رۆمانسیەت لای رۆسۆ بریتی بوون گەڕانەوە بۆسروشت}، لای (ئیبركرومیش) بریتی‌یەلە{ گەڕانەوە لەئەزموونی دەرەكی بۆگرنگی دان بەئەزموونی‌ناوەكی} [٦] واتە جارێكی‌تر مرۆڤ خۆی‌و خەیاڵەكانی‌و ویستەكانی بكاتەوە چەقی گەردوون، ئیدی لێرەوە ژیان دەبێتە تابلۆیەكی فرە ڕەنگ، كە مەحاڵەیەك وێنەكێش بۆمان بخولقێنێ.

ئەم شێوایەی ژیان ئەو كاتە زیاتر قوڵ دەبێتەوە كە قسە لەسەر سنوورەكانی جوگرافیاو مرۆڤ دەكەین، پیاوانی جوگرافیاكان جیاوازن‌و فەوزای جیاوازیش بەرهەمدێنن، مرۆڤە ڕەش پێستەكانی خواروی ئەفەریقا كێشەیان ڕاوكردنی‌ئاژەڵێكە بۆ چەند ژەمێك، لەهەمان چركەداسپی پێستەكانی باكور بیر لەڕاوكردنی كیشوەرێك لەمرۆڤ دەكەنەوە ، ئەم دوو جۆرە لەمرۆڤ هەر گیز سیستەمێك ناتوانێت هەردووكیان ڕێكبخات.

لێرەوە جارێكی ترژیان دەبێتە وەشێوایەكی فرە ڕەهەند...

شێواوی وەك پرۆسەیەكی بەردەوام

كاتێك دەڵێین پێش هەموو سیستەمێك فەوزایەك ئامادەیە، مانای ئەوە نی‌یە یەكجۆر لە شێواویمان هەیە و دواجار سیستەم جێگای دەگرێتەوە، ئیدی جارێكی تر ئەگەرەكانی فەوزا هەڵناداتەوە، ئەو پەڕی‌سادەیی لەو ئایدیایەدا بەدیدەكەین كەوادەزانێت بۆدواجار ژیان رێك دەخات ئیدی بەهەشتی زەمینی‌دەخولقێنێ... ڕاستی‌یەكەی ئەوەیە ژیانێكمان هەیەو بەردەوام سیستەمەكان تێكدەدات‌و دەچێتەوە حاڵەتی فەوزا، ژیان هەمووی جولانەیە لەنێوان ئەم دوو چەمكەدا (شێواوی-سستەم)...

لێرەوە مرۆڤایەتی بەردەوام دەچێتەوە بەو یەقینانەدا کە تادوێنێ کردبونیە قالبی شتەکان،فەلسەفە گومان دەکات لەپێش خۆی ، ئاین ئیجتهادی هەیە بۆ دەرچوون لەستەم‌و قالبەکانی دوێنێ، چونکە بەردەوام ئێمەی مرۆڤ لەهەولّی ئەوەداین بچینەوە دۆخی(ناسیستەم)... یاخود راستتر غەریزەو جیاوازیەکانمان لەگەڵ گۆڕانی زەمەندا راکێشمان دەکاتەوە بۆ ناسستەمی..

ئیدی مرۆڤایەتی خالێکی نیە پێی بگات‌و ناوی بنێ کۆتای بەرهەمهێنانەوەی سیستەم، بەڵکو ئێمە کارگەیەکی‌نەبراوەی بەرهەمهێنانی سیستەمین.

لەدوای ئەم کورتەیە، دەبێت دەست بکەینە تێکشکاندنی ئەو وەهمەی پێی وایە سستەمێك لەچەند سەدە لەمەوبەرەوە دەهێنێتەوە هەنوکە، ناکرێت لەم پەرەگرافەدا نەدوێین لەخەیالگەی ئیسلامی‌و ئەزمونی خەلافەت لەسەردەمی راشیدیندا، گەرەترین ڕاستی کەدەبێت پێشوەخت لەبەرچاومان بێت، لێدوان لەسەر ئەو مێژووە(سەردەمی ڕاشیدین) ، لێدوانەلەئەزمونێکی مرۆیی‌و هیچی دی، خاوەنی هیچ ڕەهەندێکی ئاینی نیە، گەر ئاین تەنها بریتی بێت لە(قران‌وسنە)ی راست... ، لێرەوە ئێمە لەبەردەم ئەزمونێکی مێژووی داین کەعەقڵی کۆمەڵێك مرۆڤ لەچرکەیەکی دیاریکراوو واقیعێکی رۆشنبیری دیاریکراودا بەرهەمی هێناوەو...

مرۆڤایەتی لەجوگرافیایەکی دیاریکراوداسیستەمێك بەرهەمدێنیت بۆ فەزای ئەوچرکەیەی خۆی نەك،بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی‌و بۆ هەتاهەتایی، وەك ئەوەی هەندێ بیرکردنەوە تا هەنووکەش پێیدەڵێن دینداری... ، گەورەترین ترسناکی کەروبەڕوی ئاین دەبێتەوە، ئەوەیە کەلەجۆرێکی تایبەتی ئەزموونی بەشەریدا لەقالبی بدەیت، چونکە ئاین ڕەمزەو دەلالەتەکانی کۆتایی نایەت، کارگەی سستەمە نەك خۆی سستەم بێت..

ئەو کاتەی ئاین دەکەینە سستەمێکی دیاریکراوی سەردەمێك (بۆ نمونە راشدین) ، ئەوە ئاگامان لەخۆمان نیە بێ توانای ئەو ئاینەمان ڕاگەیاندووەکە چیتر فەوزاکانی ژیانی پێ سستماتیزە ناکرێ، کاتێك لەبەردەم یەك تەفسیری ئایندا‌ین، لەچرکەیەکی مێژوویدا، ئیدی چاوەڕێی نەبین ئاین ڕاڤەی چرکەکانی ترمان بۆبکات.

ئەو پرۆژە فیکریو فەلسەفیەی ئالۆزی دونیای هەنوکە بەسیستەمی دونیای دوێنێ ڕێکدەخات، تەنها ئەوپەڕی ساکاری پرۆژەکەیمان پێنالێت، بەڵکو مردنێکی حەتمی خۆشی ڕادەگەێنێ‌لێرەوە گومان کردن لەیەکە یەکەی چەمکەکانی دوێنێ لەسیستەمدا دەبێتە کاری هەرە گەورەی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی نوێ، کاتێك دەڵێم چەمکەکانی دوێنێ لەسستەمدا ، مەبەستم لەهەمو ئەو زاراوەوناولێنانەیە کەفەزایەکی ئینسانی لەقۆناغێکدا بۆ سیستماتیزەکردنی خۆی بەرهەمی هێناون، ئەوە بەس نیە(زاراوەکانی دوێنێ) درێژ بکەینەوە بۆ هەنوکە و دواتر بڵێین مەدلولی چرکەی لەدایك بوونی لادروست نەبێت... دەقی‌ئاینی(قورئان) تائەو کاتە زیندوێتی خۆی دەپارێزی کەنایکەینە تەفسیری زەمانێکی دیاریکراو، یان ڕۆحی زاراوەکانی لەڕێی مەجازەوە دەگوێزینەوە بۆمانای تر، بەڵام ئەوکاتەی ڕاڤەی دەق دەبێتە ڕاڤەی کۆمەڵەمرۆڤێکی تایبەتی لەچرکەیەکی مێژوویدا(بۆنمونە تەفسیر مەئسورو دیاریترینیشیان تەفسیری ئیبن کەسیر) ، کەزۆر جار ئەم جۆرە ڕاڤەیەو دەرنەچوون لێی

هەژان ـــ

لەعەقڵیتەقلیدا وەك نیشانەی ئیلتیزامو دڵسۆزی سەیردەکرێ، ئەوە لەوێوە دەقی ئایینی وەك کۆمەڵێك زاراوەی مرۆیی لێدێتو داینا میکیەتی خۆی لەدەست دەدات، ئاڵۆزی سیستەم ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت، کەلەپەیوەندی ئاڵۆزی نێوان(دەقومرۆڤو واقیع) دەدوێین ، ئیبن روشد کاتێك مەعریفەی دابەش کردبەسەر سێ جۆردا ،(مەعریفەی خیتابی ،مەعریفەی جەدەلی ،مەعریفەی بورهانی) ،هەمان ئەو راستیەی پێوتین کەفۆکۆ ناوی‌ناخولقێنەری دووەم... ،هەر قۆناغێکی میژوویی‌مرۆڤایەتی تیایدا خاوەنی هوشیاریەکی گشتیە، کەدەکرێ بەرۆحی ئەو قۆناغە ناویبەرین، هیگل کاتێك ناپلیون دەبینی بەسەر پشتی‌ئەسپێکەوە دەڵێت:{رۆحی‌جیهان دەبینم بەسەر پشتی ئەسپێکەوە}[7] ، چونکە ناپلیۆن فەزایەکی گشتی هۆشیاری بۆسەردەمەکەی خۆی دیاریکردبوو، مرۆڤایەتی لەگەڵ خەونەکانی ئەودا تێکەڵاوی‌یەکتری بووبون، لێرەوە تووشی گەورەترین وەهم دەبین گەروا بزانین رۆحی قۆناغی راشیدین یان رۆحی گشتی قۆناغی هارون ڕەشید یەکسانە بەڕۆحی‌گشتی دونیای هەنووکەی ئێمە، گەر ئەوکات مرۆڤایەتی گەشتی‌بەرەو بیابانەکان بکردایە، ئەوا لە هەنوکەدابارگە دەبێچێتەوە بۆهەسارەکان،گەر ئەوکات بەندەکان وەك کاڵا بفرۆشرانایەئەوا هەنووکە مرۆڤایەتی باس لەئاژەڵ پارێزی دەکات، گەر ئەوکات تیغی شمشێرەکان لەیەکتری بگیرانایە، ئەوا رۆحی‌دونیای ئێمە پڕیەتی لە جەنگەئەتۆمی‌یەکان، گەر ئەوکات کۆمەڵگە گوێرایەڵێکی مولتەزیمی بەردەم خەلیفەو پادشا بووبێ، ئەوا لەهەنووکەدا بینایەی پەرلەمانەکان بەسەر دەسەڵاتدا دەسوەتێنرێ، گەر ئەوکات ئافرەتەکان گوێگرێکی گۆچان بەدەستی پیاوان بووبن، ئەوا لەهەنووکەدا سەرۆکایەتی دەوڵەتانمان بۆ دەکەن... چ وەهمێکی گەورەیە فکرێك وابزانێت رۆحی قۆناغەکان لەیەکدەچن... کاتێك دوو قۆناغی جیاوازمان هەیەکەخاوەنی دوورۆحی جیاوازن، لێرەوە دەبێنە دوو مرۆڤیش کە دوو هووشیاری جیاوازیان پێویە، ئەمە هێشتا هەر لەجیاکاری قۆناغەکاندا‌ین وورد نەبووینەتەوە بۆ کێشەی سیستەم لەیەك قۆناغی دیاریکراودا ،کە دواتر پێیدەگەین ... لەبەرامبەر دووهۆشیاری جیاوازەوە دەقێکمان هەیە کەلە دەر ئەنجامدا کارلێکی لەگەڵدا دەکەین،ئیشکاڵێکی گەورەیە بڵێین ئەو میتوودە زمانەوانی‌یانەی (فلولوجی) هۆشیاری مرۆڤی ئەم قۆناغەی ئێمە بەرهەمی‌هێناوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ چاڵوچۆڵی‌یەکانی دەقدا ، یەکسانە بەو تێڕامانانەی(تەبەری)لەسەدەی دووەمی کۆچی‌دا مامەڵەی لەگەڵ دەقداپێ دەکرد ، ئەوپەڕی بێئاگاییە واتێبگەیین پیاوانی دەسەدە لەمەوبەر زیاتر ڕەهەندەکانی ئازادیان ناسیوە لەبەرامبەر دەسەڵاتەوە تامرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێمە...

سیتەمی هەر قۆناغێك بۆ رێکخستنی فەوزایەکی سیوسیولوجی دیاریکراو خولقاوە، نەك سیستەمی هەتاهەتایی بێتو نەهێڵێت ژیان ببێتەوە بەفەوزا، ژیان پرۆسەیەکی دیالەکتیکی بەردەوامە، مرۆڤایەتی بەردەوام لەدرووست کردنی سیستەمدایەو هەر خۆشی لەئەنجامی گۆرانکاریەکاندا شۆڕشی بەسەردا دەدات‌و بنەوان بۆ سیستەمێکی تر دادەنێ.

هیگڵ بەم پەرەگرافە ئەم راستیەبە دەخاتە ڕوو:{ئەوەی یەکەم جار لەڕێگەی هەستە سادەکانەوە بە یەقینی دەزانین، راستیەکەی ئەوەیە هەمووی یەقین نیە.... ئەو وێنانەی ئێمە بەحەقیقەتیان دەبینین، حەقیقەتی‌کۆتایی نین...

ئەوەی حەقیقەتە بوونی نییە لەچوار دەورمان، ئەوەش کە بوونی هەیە حەقیقەت نییە...

حەقیقەت وەک فیکر بوونی هەیە، نەک بەرجەستە بێت، ئیدی لێرەوە هەموو شتێک جیاوازە لەنێوان ئەوەدا کە هەیە لەگەڵ ئەوەدا کەدەتوانێ ببێ، بەم شێوەیە هەموو بونێک دەبێت تێبکۆشێت بۆ ئەوەی بگاتە باشتر (نەک وابزانی ئەو فۆرم و شێوەیەی لەسەریەتی یان پێی گەیشتووە حەقیقەتە ئەو ئیتر تەواو، نەخێر جەوهەری حەقیقەت بەرجەستە نییە و دەبێت بەردەوام بەرەو رووی بچین لە رێگەی نەفی کردن و رەخنەگرتن لەو فۆرمانەی لە هەنوکەدا خۆیانمان وا پیشان دەدەن حەقیقەتی کۆتایین،) [8] (هیربرت مارکیوز) ئەوەی ناونابوو (دیالەکتیکی نەفی) لای هیگل، کە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی مارکیوز شادەمارەکەی بریتییە لەم خاڵە، دیالەکتیکی نەفی و بیرکردنەوەی دیالەکتیکی لای مارکۆز لە رێگەی نیگەتیف بونی فیکرەوە بەرهەمدێ، با کەمێک ئەم تیورە شیبیکەمەوە:

بیرکردنەوەی دیالەکتیکی ئەو بیرکردنەوەیەیە کە بەردەوام ئامانجی گۆڕینی سائیدەکانە، بە پێچەوانەی بیکردنەوەی ئاسایی (عادی)یەوە کەبەردەوام تەسلیمی واقیع دەبێت.. لێرەوە فیکری دیالەکتیکی بەخستنەروی پرۆژەیەکی پۆزەتیف دەست پێدەکات لە هەمان کاتدا بەرامبەرێکی نیگەتیف لە بەرامبەریوە دادەنێ، پاشتر لە هەردوکیان تەرحیکی تازە بەرهەمدێنێ، بۆ ئەم سیهەمەشیان دژێکی تر دادەنێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر سستەمێکی نوێی تریان لێبخولقێنێ، بەم جۆرە فیکر بەردەواوم سستەم بەرهەمدێنی و هەر خۆشی بەرامبەرێکی دژی بۆ دەدۆزێتەوە و پاشتر برهەمی نوێ دەهێنێتەوە.. ئەمە جوڵەی بەردەوامی فیکری مرۆڤایەتییە (دیالەکتیکی نەفییە، لای هیگل و مارکوز).

ئاین کاتێک چەمکی ئیحتیهاد وەک میکانیزمێکی بەرهەم هێنانی مانا لە زەمکانە جیاوازەکاندا دەخاتە گەڕ، هەوڵدەدات خۆ لە مردن بپارێزێ، مردنی هەر مەنزومەیەک ئەو کاتە رودەدات کە توانای تێکشاندنی خۆی نامێنێ بۆ ئەوەی خودێکیئوێ بەرهەمبێنێتەوە.. لێرەوە ئەو پرسیارە وەلاّم بەدەست دێنێ کە بۆچی ئاین لە شێوەی (دەق)دا ئامادەیە، چونکە دەق بەردەوام ئامادەیە بۆ کارلێکی نوێ لەگەڵ خوێنەرەکەیدا.. ئیدی ئەو سیستەمەی خوێنەری سەدەیەک لەمەوبەر لە دەقەوە بەرهەمی دێنێ هەرگیز یەکسان نییە بە سیستەمی ئەم سەدەیە لای خوێنەرێکی دی.

ستەم و جوگرافیا

گەر لێکنەچونی سستەم لە جیاوازی قۆناغەکاندا بەو جۆرە بێت، ئەوە لێکنەچونی سستەم لە یەک قۆناغی دیاریکراودا ئەو راستییەی تره کە دەبێت لەسەری بوەستین، پەیوەندی نێوان جوگرافیاو سستەم لە تیورەی خەلافەتدا تا ئاستێکی زۆر پشت گوێ خراوە، یاخود راستتر تیورەی خەلافەتی تەقلیدی بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ئەم راستییە وەک وەهێک ببینێ.. کێشەی کۆمەڵە مرۆڤێک لە جوگرافیایەکیدیاریکراودا، یەکسان نییە بە کێشەی مرۆڤەکانی تریش لە گشت جوگرافیاکاندا، مرۆڤەکان مێگەلیش نین تا شوانێک سەرپەرشتی هەمویان بکات، مامەڵەی مرۆڤی ئەم جوگرافیایە لەگەڵ سروشتدا، لەگەڵ دەقدا، لەگەڵ چەمکەکاندا زۆر جیاوازە لە مامەڵەی مرۆڤەکانی دی لەگەڵ

هەریەك لەو پێکهاتانە، ئەمە هەمووی لەوێوە دێت کە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ فەوزاکانیدا، کارلێکێکی ناچونیەکە و سستەمی ناچونیەکیش بەرهەمدێنێ.

ئیدی لە بری ئەوە باس لە جوگرافیای خەلافەتێك بکەین، دەبێت باس لە جوگرافیای چەندان خەلافەت بکەین، دیارترین چەمکیش کە دەبێت گومانی لێبکرێت (مەرکەزیەت)ە لە سستەمدا..، ئەبوزەید پێی وایە سەرهەڵدانی پۆستی (سلطنە) لە تەنیشی (خەلافەت)وە دوای سەدەی دووەمی کۆچیەوە، ئەو راستیەیە دەردەخات کە دەسەڵاتی خەلیفە وەك مەرکەز جگە لە رۆتینێك هیچی تر نەبووە، بەڵکو سوڵتان دەسەڵاتی تەواوی ناوچەکەی خۆی بووە و وەلائێکی رەمزی بۆ خەلیفە هەبووە.. ئیدی ئەو خەونە سادەیەی ئێستاش لە وەهمی خەلافەتێکی سەرتاسەریدا دەژی جگە لە بێ ئاگایی‌یەك لە میژۆ و سروشتی پەیەوەندی نێوان جوگرافیاو سستەم هیچی دی نیە..

ئێمە لە بەردەم سستەمێکدا نین کە بۆ هەموو قۆناغەکان درێژ دەبێتەوە، بەڵکو لە بەردەم چەندان سیستەمی جیاوازی قۆناغە جیاوازەکاندایین کە مرۆڤایەتی بۆ شێواویەکانی خۆی بەرهەمی دێنێ، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی زیاد لە سیستمێکین لەیەك قۆناغدا.

ئیشکالیەتی سستەم و قۆناغ رامانەکێشێ بۆ ئەوەی بچینە ناو ئیشکالێکی ترەوە کە ئەویش چەمکەکانی بەرهەمهێنانی سستەمە لە فیکری سیاسی و فیقهیدا، بەتایبەت هەردوو چەمکی (ئیجماع و قیاس)، بەو مانایەی شیتەڵکاری ئەم دوو چەمکە دەمانگەیەنێتە کێشەکانی بەرهەمهێنانەوەی سستەم لە هەنوکەدا.

ئیجماع و بەرهەمهێنانی سستەم

پێش هەر لێدوانێك لەسەر ئیجماع، گرنگە بزانین لەسەر چەمکێك دەدوێین کە بەرهەمی عەقلی میژوویی‌یە، نەك دەقی ئاینی، بە واتا لە بەردەم چەمێکی بان میژویدا نین تا کراسی پیرۆزی لەبەردا بێت و خۆی نەخاتە ژێر پرسیارەکانەوە.

فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە میژوی ئیسلامیدا، بەرهەمی راستەوخۆی دەق نین، واتە دەق فۆرمێکی دەسەڵاتی ئاماژە پێ نەکردووە، بەڵکو دوو چەمکی سەرەکی کە فۆرمەکانی دەسەلاتیان بەرهەم هێناوە لەم میژووەدا، چەمکەکانی (ئیجماع) و (قیاس)ی فیقهی‌یە، لێرەوە ئێمە لەبەردەم دوو چەمکداین کە بە درێژای میژو سستەمیان بەرهەمهێناوە، لە هەمان کاتدا ئەم دوو چەمکە خۆشیان بەرهەمی سستەمێکی سوسیولوجی میژوین، بەو مانایەی سستەمێکی کۆمەڵایەتی (ئیجماع) وەك یەکێك لە میکانیزمەکانی خۆی بەرهەمدێنی بۆ راڤەی ئەو واقیعە میژوییەی خۆی، پاشتر ئیجماع لای بیرکردنەوەی ئیسلامی خۆی دەبێتە چەمکێکی سەرو میژویی بۆ بەرهەمهێنانی سیستەم.

لێرەوە دەبێت دووجار گومان بکەین، جارێك لە خودی چەمکەکە و توانای بۆ بەرهەمێهانی سیستەم، جارێکیش پرسیار لەو چرکە میژوییەی ئەم چەمکەی تێدا لە دایك بوو..

لە وەی دووەمەوە دەست پێدەکەم:

هەژان ـــــــ

ئیشکالەکە تەنها لەوێدا نیە کە هەموو دیدگاکان ئاستی دەکرێن و جۆرێك لە پیرۆزی دەپۆشن، بەڵکو گەورەترین چەمکیش توشی قەیران ببێت لێرەدا چەمکی (کۆمەڵگە) و (هاوڵاتیبون)ە، گەر سیستەمەکانی دونیا یەك گروپ یان یەك خێڵ یان خەلیفەو پادشایەك ئاراستەکانی دیاری کردبێ، ئەوا هەنوکە دنیای دەنگە جیاجیاکانی هاوڵاتی ئاراستەی ئەو سیستەمە دیاری دەکات، ئیدی ئێمە لە بەردەم یەك ئایندا نین، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی فرە ئاینمان هەیەو نوێنەریان هەیە دەنگەکانیان بەرز بکاتەوە، لە بەردەم یەك چینی دیاریکراودا نین، بەڵکو چەندان چینی کۆمەڵگە لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەرژەوەندی و داواکانیان رادەگەیەنن و سیستەمی سیاسی دەبێت گوێبیستیان بێت، لێرەوە دەبێت قسە بکەین لەسەر ئیجماعێکی کۆمەڵایەتی نەك ئیجماعێکی ئاینی.

پرۆژەی کوردی ئیسلامی ئیشی ئەوە نیە دووبارە چەمکی ئیجماعی ئاینی بکاتەوە بە تاکە بەرهەمهێنەری سیستەمێك بۆ دەسەڵات، ئەو دەبێت ئەو راستیە زۆر روون ببینێت کە لە بەردەم کۆمەڵگەیەکی فرە تەرزدایە و ئەو یەکێکە لە تەرزەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

ئیجماع و سەقفی مەعریفی

دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت هیچ هێزێك نیە بتوانێت لەگەڵ پیرۆزیەکانی شەڕی پێبکرێت، پیرۆزی ئەوکاتە کۆنکرێتی تر دەبێت کە تاکی عەوام دەبێتە هەڵگری و بەرگری لێدەکات، گەر ژیان بەشێوەیەکی رەها بچێتەوە ناو رێژەیی بوون، واتە هەموو تەرزەکان، هەموو ئەو دیدگایانەی مرۆڤ بەرامبەر بە شتەکان هەیەتی رەهانین و رێژەین، هەتا ئەو دیدگایانەی مرۆڤ بەرامبەر بە رەهایەکی وەك ئاین هەیەتی فرە رەنگ و ناچونیەك و رێژەیی بن، هەر لێرەشەوە ئاین خاوەنی زیاد لە تەفسیرێکە و زیاد لە فۆرمێکی هەیەو زیاد لە ئاینزایەکی لێکەوتۆتەوە، گەر رەهایەکی وەك ئاین ئامادەبێت لە رێی تێگەیشتنەکانی مرۆڤەوە بێتەوە بە رێژەیی.. ئەوا بەرهەمهێنانی سیستەم بۆ فەوزاکانی ژیان دەیان جار ئەگەری رێژەیی بوون بەسەربدا زاڵ دەبێتەوەو سیستەم و راڤەیەکمان نیە بۆ ژیان رەهابێت، کە رەهاییەت چووە دواوەو رێژەیی بون باڵی کێشا بەسەر ژیاندا، مانای هەر چەمکێکی ژیان، هەر چەمکێکی سیستەم ئامادەیە بۆ ئەوەی دەیان تێڕوانینی جیاواز هەڵگرێ، بە واتا لێرەوە چەمکێکمان نیە لە خاڵێکدا خۆی لە تێگەیشتنی نوێ لە تێگەیشتنی ناچونیەك بشارێتەوە.. بەڵام ئیجماع لە میژوودا کراوەتە ئەو سەقفە مەعریفیەی کە چیتر رێگەی بە راڤەکان گرتووە، ئەوکاتەی دەڵێیت فلانە کێشە یان فلانە چەمکی ژیان زانایانی ئاین ئیجماعیان لەسەر کردووە، ناراستەوخۆ ئەمەت راگەیاند کە ئەم چەمکە نابێت قسەی تری لەسەر بکرێ.. ئیبن حەزم لەمە رایدەکرد، ئەو گومانی گەورەی لە راستی رودانی ئیجماعێك دەکرد لەسەر شتەکان، ئەگەرچی ئەو رێگرە جوگرافیاکانی بە گەورەترین خاڵ دادەنا کە ناهێڵێت شتێکی لەم جۆرە روبدات بەڵام ئەو راستیەشی لە بەرچاو بوو کە ناکرێت هەمومان کۆك بین لەسەر شتەکان، ناکرێت سەقفێکی مەعریفی بۆ تێگەیشتنەکان دابنێین[٩]، گەر ئەو کات ئیبن حەزم ئەم گومانەی کردبێ دەبێت ئێمە لە هەنوکەدا زۆر جێی سەرنجمان بێت، تەکنەلۆژیا لە هەنوکەدا دەتوانێت دینا و دەنگەکان بەیەك بگەیەنێ، بەڵام سروشتی پەیوەندی مرۆڤ بە ژیانەوە پێچەوانەی ئەم قۆرخ کردنی مانایەیە.

فەلسەفەی ئیجماع لای شاتبی و گومانێکی گەورە:

قسەکردن لەسەر شاتبی و زانستی نسوڵ، بەبێ ئاگاداربوون لەو فراوانکردنە گەورەیەی شاتبی لەم زانستەدا کردی، بەتایبەت دامەزراندی مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشریعه) و تیوریزە کردنی لای ئەم زانایەوە، باس کردنێکی بێ ئینسافانەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە تێڕوانینی شاتبی بۆ ئەم چەمکانە دورە لە کۆمەڵێك ئیشکال، بەتایبەت کاتێك دەیەوێت شەرعیەت و فەلسەفەی (ئیجماع) بخاتەڕوو.. فەلسەفەی ئیجماع لای شاتبی یاخود شەرعیەتی ئەم چەمکە لای ئەو لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، بەو مانایەی ئەو ئەم دوو خاڵە دەکاتە بەڵگەی بەردەوام بونی ئەم چەمکە لە کلتوری ئیسلامیدا، کە هەردوو خاڵەکە بەدەر نین لە قسە لەسەرکردن.

١-دەڵێت ئیجماع ئەوکاتە شەرعیەتی خۆی وەردەگرێ کە هاوەڵان باشتر لە هەموو کەس شارەزای نهێنییەکانی زمانی عەرەبی بوون و خاوەنی ئاستێکی بەرزی زمانەوانی بوون، ئەوان لە هەموو کەس زانترن بە کیتاب و سوننەت، هەر لەبە ئەوە گەر وتەیەك یان کردەوەیەك لەوانەوە هات و ئیجماعیان لەسەر کردبوو دەبێت وەربگیرێت.

٢-دووەم خاڵ ئەوەیە ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ چرکەکانی دابەزینی نیگادا ژیاون، لێرەوە ئەوان لە هەموو کەس ئاگادارترن بە هۆکارەکانی دابەزین (سبب نزول) و شتانێك دەزانن کە جگە لەوان نایزانێت[١٠].

لە کاتێکدا هەریەك لەم دوو خاڵە کۆمەڵێك قسە هەڵدەگرن، هەرگیز وا نییە مرۆڤێکی چواردە سەدە لەمەوبەر گەورەتر و فراوتر مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات، وەك مرۆڤێکی هەنوکە کە دەیان میتودی فیلولوژی و سیمبولی فرە ڕەهەندی لە بەردەستدایە، بەڵێ دەشێت بۆ ئەو چرکە زەمەنییە و بەپێی مەعریفەی ئەو قۆناغە میژوویییە مامەڵەکانی هاوەڵان لەگەڵ چاڵ و چۆڵییەکانی زماندا باشترین مامەڵە بوبن، بەڵام زۆر کێشەیە تۆ بڵێیت باشترین مامەڵەن بۆ هەتا هەتایی، دەشێت ئەوان ئیجماعیان لەسەر چەمکێك و مەدلولەکانی کردبێ بەپێی ئەو ناستە ڕۆشنبیریەی کە کۆمەڵگەیەکی داخراو (لێرەدا کۆمەڵگەی داخراو مەبەستم لە کۆمەڵگەی پێش شۆڕشی تەکنەلۆژی و کرانەوەی مەعریفی دونیایە، دنیای شۆڕشی ڕاگەیاندن و تێکەڵاوبوونی سەرچاوەکانی مەعریفە) لەو قۆناغەدا بەوانی بەخشیوە بەڵام باشتر نییە لەو ڕاڤەکەرەی سیدیەکانی کۆمپیوتەرێك دەیان تەفسیری فیلۆژی و سایکۆلۆژی و سیوسیولۆژی لە سەر دەقێك پێدەدات، هەر لە ئەساسەوە قسە لەسەر باش یان خراپی هیچ یەکێکیان نییە، بەڵکو هەر قۆناغێك باشی خۆ هەیە.. ئەم درێژکردنەوەیەی مەعریفە لە زەمەنێکی میژوویییەوە بۆ زەمەنێکی تر چییە جگە لە بەدەسەڵات کردنی مەعریفەی دوێنێ، ئەمە شەڕ کردنە لەسەر ئالیەتەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە کە بە بەردەوامی دەگۆڕێن و موقەدەس نین، (شەحرور) زۆر ڕوون ئەم ئیشکالە دەردەخات، ئەو دەڵێت بەرگری کردن لە کلتور بەرگری کردنە لە کۆمەڵێك ئالەتی مەعریفی کە سەردەمێکی عەقڵی بەشەری بەرهەمیهێناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا، کە هەمویان ڕێژەین و هیچ میکانیزمێکی دەرهێنانی مانا لە هەر قۆناغێکدا بێت (قۆناغی هاوەڵانیش) بێت بەدەر نییە لەو ئاستە مەعریفییەی ئەو کۆمەڵگەیە بەرهەمی هێناوە[١١].

کاتێك دەق ئامادەیە، لەگەڵیدا چەندان ڕاڤە دێتە بوون، دەقێکمان نییە تەنها قۆناغێك ڕاڤەی بکات، دەنا دەبێتە دەقێکی مردوو، بەقەد ژمارەی مرۆڤەکان مەدولولی دەقەکانمان هەیە، ئەم ڕاستییە ئەوکات زیاتر ڕون دەبێتەوە کە لە بابەتێکی سەرەکی وەك (عەقیدە) ڕادەمێنین لە مێژودا، ئامادەبونی زیاد لە عەقیدەیەك لە کلتوری ئیسلامیدا، هیچمان پێ ناڵێت ئەوە نەبێ کە دەق ئامادەیە لە هەرە بابەتە ریشەییەکانیشدا فرەیی بنوێنێ، زیاد لە بازنەیەك عەقیدی بخاتەوە، سەك پرشی چەند کلورێك بێت..، موعتەزیلەکان هەرگیز وێنەیەك نین لە جەبریەکان، عەقیدەی شیعە هەمان بۆیاخی عەقیدە نییە لای ئەشعەرییەکان[١٢]

باکەمێك لە ئیشکالی خاڵی دووەمیش بدوێین:

مرۆڤی هەر قۆناغێکی مێژوویی پابەندی ئاستێکی مەعریفییە، بەو مانایەی هەرزەمکانێکی مێژوویی سەقفێکی مەعریفی هەیەو تاك بەرهەمی ئەو سەقفە مەعریفییەیە، جارێکی تر ئەم فەزا مەعریفییە بەرهەمێکی دیالەکتیکی کارلێکی ڕێژەیی ئێمەیە بەرامبەر بە پێکهاتەکانی واقیعەکان، بەواتا ئێمە لەژێر دوو چەتری (واقیعی) و (مەعریفی) ڕێژەیی داین و لە ژێر ئەم دوو چەترەشەوە شتەکان دەناسین، ئیدی لێرەوە وەهمە ئێمە وا بزانین لە قۆناغێکدا مرۆڤایەتی بەدەر لەم دوو چەترە مامەڵەی لەگەڵ شتەکانی دەوری دا کردووە، (پێغەمبەران د. خ لێ بێت لە چەند حاڵەتێکی تایبەتیدا کە نیگا ئاراستەی کردون لەم ڕەهایە مێژوویییە دەرچون، دەنا لە کۆمەڵێك مامەڵەی تردا لەگەڵ واقیع ڕێژەیی بونەکەیان ئامادە بۆتەوە، نمونەی زۆر هەن لە مێژوودا (بیرەکانی بەدر) ناشتنی دارخورماکان، خەندەقی مەدینە. هتد).

بەهەمان شێوە هاتنە ناوەوەی شتەکان بۆ ناو قۆناغێکی مێژوویی، هاتنە ناوەوەیەکی ڕەها نییە، دەق کاتێك لە دەرەوەی زەمکان دێتە ناوەوەی زەمکانێکی وەك جەزیرەی عەرەبییەوە، بڕێکی بێ ئەنداز بە بێژنی ئەو مەعریفە سائیدەدا دێتە بوون، بە جۆرێك هەم ئەو واقیعە بەشداری دەکات لە بونیادی دەقدا، بە پێچەوانەشەوە دەق کاردەکاتە پێکهاتەکانی ئەو واقیعەو هەوڵی گۆڕینی دەدات.. لێرەوە زانستێکی وەك هۆکاری دابەزینی نیگا (سبب نزول) دێتەبوون..، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم زانستەدا مامەڵەیەکی میتودی بەرهەم نەهێنا لە کەلتوری ئێمەدا، بەرنامەی تەوزیفی ئەم زانستە لە بیری ئیسلامیدا تەوزیفێکی کلتوری نەبوو، بەقەد ئەوەندەی تەوزیفی کۆمەڵێك قەیدی مێژویی بوو لەسەر تێڕوانینی نوێ و خوێندنەوەی ئەنتۆپولوجی ئەو زەمکانەی یەکەم..

باوردتر بدوێین

مامەڵەی چرکەی یەکەم لەگەڵ ڕوداوەکانی دابەزینی دەقدا، مامەڵەی مرۆڤی زەمکانێکی مێژوویی بە، کە پێی وایە دەق تەنها لەبەر ئەو زەمکانەی ئەو و تەنها لەبەر پێداویستییەکانی ئەو دابەزیوەو هەر لەم قەناعەتەوە ناو ماناکانی زەمکانێکی مێژویی تایبەت.. کاتێك شاتبی ناسا دەڵێین (ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ چرکەکانی دابەزینی نیگادا ژیاون، لێرەوە ئەوان لە هەموو کەس ناگادارترن بە هۆکارەکانی دابەزین و شتانێك دەزانن کە غەیری ئەوان نایزانێ). جۆرێك لە خۆتەسلیم کردنە بەو زانینانەی ئەوان بەبێ ئەوەی وەك مامەڵەیەکی ڕێژەیی سەیریان بکرێ.

ئەو ئیجماعە مەعریفییەی چرکەی یەکەم لەسەر نهێنییەکانی ئەو کاتە کراوە، بۆ ئەوەنە خولقاوە دوبارە بە بێ دەنگی قبوڵ بکرێتەوە بەڵکو ئەوە خۆی خوێندنەوەی میژویی قۆناغێکە بۆ رووداوێك و دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێتەوە، واتە دەبێت خوێندنەوەی خوێندوە میکانیزمی مامەڵە بێت لەگەڵ چەمکێکی وەك ئیجماعدا.

ئەو وتەزایەی دەڵێت: (ئیجماع) تەنها لە هەندێ بواری عیبادیدایە و ئیجماعی سیاسی درێژ نابێتەوە بۆ ناو زەمەنەکانی تر، بڕێکی بێ ئەنداز بێ ئاگایییە لە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان (دەق و ماناو واقیع)، کاتێك تۆ هەر مانایەك رۆحی یان مادەی لە دەقێك دەردێنی، راستەوخۆ ناوەندی پزاکتیکی ئەو مانایە واقیعە، بۆ ئەوەی واقیعەکانمان نەکەینە ناوەندی پراکتیزەبونی ئەو مانایانەی خۆمان نەماندواوە بە شتەکان دەبێت خوێندنەوەی خوێندنەوە بخولقێنین.. هەر لێرەوە ئیشکالییەتی سستەم بەرەو کرانەوە دەچێت کە تۆ دوبارە چەمکە رۆحانی و دونیاییەکانی میژو بە هۆشیاری چرکەکەی خۆت دەخوێنیتەوە، بە پێچەوانەوە نە خشەو رەگەزەکانی میژوو ئەوکاتە بە بەردەوامی لە سستەمی سیاسیدا ئامادە دەبن کە تۆ خوێندنەوەی خۆت بۆ ئیجماع روحانیەکان نیە، زانینی ئەو راستییەی میژووی ئێمە تیایدا سیستەمی سیاسی و رۆحانیەت ئاوێتەی یەك بوون و دەست لە ملانی یەکن، ئەوەندەی تر ئەم پرۆژە خوێندنەوەیەمان لا دەکاتە پێویستییەکی گەورە.

شتەکان لە نێوان مەعریفەو ناسینەوەدا

ئیشکالیەتی قیاس لە بەرهەمهێنانی سیستەمدا

هەر زەمەنێك کاتێك لەدایك دەبێت تابلۆیەکە لە روداو، تابلۆیەك تەنها روداوەکانی فرە رەنگ نین، بەڵکو خودی یەکە یەکەی ئەو رووداوانە دەبنەوە پێکهاتەیەکی فرە رەنگی تر، ئیدی لێرەوەیە ئێمە لە بەردەم تابلۆیەکداین (ژیان) هیچی لە هیچ ناچێ، ئێمە لە بەردەم کۆمەڵێك قۆناغداین کە هەریەکەیان کەشکۆڵێکی تایبەتە، مرۆڤایەتی بەردەوام کەشکۆڵی قۆناغە جیاجیاکانی بەرهەمدێنێتەوە، ئەو شتە عەنتیکانەش کە لە کەشکۆڵی قۆناغەکەی ئێمەدازیاد دەکەن، زۆرێك جیاوازن لەوانەی پێشتر، زەمەنی ئێمە زەمەنی روداوەکانی خۆیەتی، پرسیاری ئێمە پرسیاری لوغزەکانی ئەم قۆناغەیە، بەبێ مەعریفەی ئەو لوغزانە شتێك نیە ناوی وەڵامی ئەم قۆناغە بێت..، سیستەم ئەوکاتە کۆپی شەرعی قۆناغەکەی خۆیەتی کە وەڵامی پرسیارەکانی هەنوکە لە هەناوی خودی هەنوکەوە هەڵگۆزێ، سیستماتیزەکەری فەوزای قۆناغی خۆی بێت بە کەرەستەی ئەو قۆناغە.

بەڵام ئەم فۆرمەلە سیستەم هەرگیز نایەتە بوون، گەر کەمێك لە سەر هەردوو چەمکی (مەعریفەی شت) و (ناسنیەوەی شت) و پەیوەندیان بە سیستەمەوە نەدوێین:

سیستەم میکانیزمی مامەڵەیە لەگەل روداو (حدث)، خودی روداوە لە ژمارە نەهاتووەکانە، لە دواجاردا چەمکی فەوزا لە بەرامبەر سیستەمەوە دادەنێت، روداو لە دایك بوبەکی نوێی چرکەیەکی نوێیە، نامۆیەکی تازەیە بە سروشت و بە مرۆڤ، ئەم نامۆیانەی رۆژانە ئێمە بەرهەمیان دێینین لەوەوپێش فۆرمێکیان نەبووە، پێناسەیەکیان نەبووە، پرسیارێکی دیاریکراو نەبوون..، ئەمانە ئەوکاتە

وەك پرسیار، وەم لوغزێك دەردەكەون كە لە دایك دەبن، ئەم رووداوانەی ژیان ئامادەن بۆ ئەوەی بناسرێن، نەك بناسرێنەوە، لێرەوە ئیشكالیەتی چەمكێكی وەك (قیاس) سەرهەڵدەدات[١٣].

ئیشكالەكە لەوێدایە كاتێك تۆ باوەڕەت بە لێكچونی دوو رووداو هەیە، ئیدی هەوڵێكی جیدی نایەتە بوون بۆ ناسینێكی سەربەستی دووەمیان، لە كاتێكدا ئەو رووداوانەی دێنەبوون پێكهاتەیەكی نالۆزی سەربەستن و ناكرێت تۆ بە رووداوێكی میژویی بیانناسیتەوە، سیستەم ئەوكاتە مامەڵەیەكی لۆژیكی لەگەڵ هەنوكەدا پێ ناكرێ كە ناتوانێت مەعریفەی شتەكانی هەبێت وەك خۆیان، مەعریفەی رووداوەكانی هەبێت وەك خۆیان، بەڵكو لەسەر فۆرمێكی تر قیاسیان دەكاتەوە.

لەدارگون پێی وایە مەعریفەی شتەكان هەوڵێكی هەنوكەییە بۆ ناسینی ئەو شتانەو رەهەندەكانیان وەك پێكهاتەی سەربەخۆ، لە كاتێكدا ناسینەوەی شتەكان برتییە لە پێناسەی ئەو شتانەی لە رێ پێناسەكانە دۆزینەوە)

هەر رووداوێكی نوێی ئەم چركەیە خاوەنی دەیان رەهەندی فرەمانای خۆیەتی، دۆزینەوەی عیللەی هاوبەشی نێونا ئەم و رووداوەكانی پێش خۆی، تەواو هەوڵێكی رێژەیی و نارەهایە، چونكە رووداوێك شتێك نییە لە هەموو رەهەندەكانیدا، بە هەموو رەگەزەكانی، عیللەو لوغزیدا یەكسان بێت بە رووداو شتێكی تر.

گەورەترین وەهمە چاوەڕێی سیستەمی نوێی ئەم چركەیە بین، لە كاتێكدا بڕوامان وابێت فۆرمێك هەیە لە دۆزینێدا پێناسەیە بۆ رووداوەكانی ئێستا.

دەبێت شتەكان وەك ئەمەی كە هەن بناسرێن، نەك قیاس بكرێنە سەر فۆرمێكی ترو بناسرێنەوە.. خودی باوەڕبوون بە ناسینەوەی شتەكان گەورەترین پەردەیە لە بەردەم كەشف كردنی ئەو پێكهاتە نوێیانە.

لێرەوە سیستەم وەك ئالیەتی مامەڵە لەگەڵ زەمكانە نوێكان پێش هەر هەنگاوێك، بە ناچاری هەوڵی یەكەمی بریتی ئەبێت لە هەوڵی (مەعریفەی شتەكانی) ئەو زەمكانە، ئیشكالی هەرە گەورە لەوێدایە فۆرمە ئامادەكانی میژو، حوكمە ئامادەكانی میژوو، پراكتیزە ئامادەكانی میژو وامان لێبكەن شتەكان بناسینەوە نەك بیننناسین، جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمكەش ئەوەیە ئەوی یەكەم مامەڵەیە لەگەڵ چركە نوێكان و رووداو نوێكان، مرۆڤە نوێكان وەك درێژكراوەی فۆرمێكی تر، بەمەش پرۆسەی تێڕامان لەو نوێیانە سەرتاپا مەحكومە بە ناسینی فۆرمە كۆنەكە، بەوەش فیكر لە ئاست كەشف كردنی رەهەندە تایبەتییەكانی رووداوی نوێدا گۆڕ دەبێت.. ئەمە لە كاتێكدا چەمكی دووەم (مەعریفەی شتەكان)، هەوڵێكی فەلسەفییە بۆ پرسیاركردن لەو پێكهاتە نوێیە، لەو رووداو نوێیە، لەو زەمەنە نوێیە وەك بونێكی سەربەخۆ و نوێ، نەك وەك درێژكراوەی فۆرمێكی پێشینە..

هەژان ـــــــ

یاخود ئەو تێڕمانە میتافیزیکییەی مێژوو کە پێی وایە بە ئیمام کردنی خەلیفەی یەکەم بۆ پێش نوێژی لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێبێت)، بەڵگەیە لەسەر شیاوی ئەبوبەکری سدیق بۆ ئیمامەتی ئومەتێك!!

قسە لەسەر ئەوە نییە ئەبوبەکری سدیق شیاوە یان نا، ئیشکالی گەورە ئەوەیە عەقڵیکت هەبێت بەم جۆرە بازنەکان تێکەڵاو بکات و نەزانیت چەند قەیران دەخاتەوە..

ئیمامەتی نوێژ پراکتیکێکی رۆحانی بێ کێشە، هەرگیز یەکسان نییە بە ئالۆزییەی گەورەکانی سیستەم.. ئەم باکگراوەندەی قیاس لە داڕشتنی سیستەمدا دەبێت گومانی گەورەی لێبکەین..

وەهمی پاسەوانی

گومان لە پاسەوانی دەسەڵات بۆ ئاین لای ماوردی

ئاین ئامادەکی رۆحە بۆ تێڕامان، رۆح ئەو لایەنە ئالۆزەی مرۆڤ کە لە چرکەی یەکەمی هاتنە بوونی ئە کائینەوە پرسیار لە شتەکانی ئەودیو مادەکات، میتافیزیك ئەو فەزایەیە کە رۆح بەردەوام پرسیاری لێدەکات و چاوەڕێی وەڵامە.. وەڵامێك کە بونی سروشتی و بەرجەستە هەرگیز نەیتوانیوە ئەم پرسیارە شێتانەیەی ئارام بکاتەوە، ئەفسانە بووە ئەو خەیاڵە گەورە و فرەمانایەی کە مرۆڤ بۆ ترسی لە پرسیارە گەورەکانی رۆح خولقاندنی.. لەگەڵ یەکەم مرۆڤی دونیا ئەفسانەش ئامادەیە، چونکە رۆح و پرسیارەکانی ئامادەیە، رەگ و ریشەکانی مرۆڤ لە مێژوودا رەگ و ریشەی گەرانەوە بەدوای پرسیارەکانی رۆحدا.. گەورەترین وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارانە تا ئەم چرکەیە ئاینە، ئایین وك میکانیزمێکی گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ رۆحدا، وەك وەڵامێکی فرە رەهەندی ئەفسوناوی بۆ پرسیارەکانی رۆح، ئەو پرسیارانەی تا وەڵامەکانیان وەرنەگرین شتێك نییە ناوی ئارامی رۆح بێت.. ئیدی مەرج نییە هەڵبژاردنی ئەو ئاینە ئاسمانی بێت، بەڵکو بچوککردنەوەی رەهەندەکانی ئاین لە مێژوی مرۆڤدا بۆ ئاینە ئاسمانییەکان بێ ئاگایی لە گەرانی بەردەوامی رۆح بۆ پرسیارەکانی، کە دەیان ئاینی جۆراوجۆری بۆ خۆی خولقاندووە.. ئەو بتانەی قورەیشی یەك دەیپەرست فۆرمێکی گەرانە بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا، بوزیزم بۆ ئارم کردنی رۆح لە ژیاندا.. ئیدی مێژو چەندان پرستگای گەورەو فرە رەنگی بەرهەمهێناوە..

(تاکە دوو شتێك کە مرۆڤ لە سەرەتاوە ناسی سروت و ئالەت بوو[١٥].

تێڕمانای بێگوفیتچ لەم دەستەواژەیەدا بۆ میژوی یەکەم مرۆڤ ئەمەیەکە، ئەو یەکەم کەسەی کاتێك هاتە بوون دوو پرسیار زۆر لای گەورە بوون، یەکەم چۆن درێژە بدات بە بونی جەستەیی و خۆراك پەیدا بکات بەمەش ئالەتی (رم، چەقۆ... هتد) ناسیو شتەکانی پێ پەیدا کرد، دووەم چون وەڵام بۆ ئەو پرسیارە گەورانە بدۆزێتەوە کە رۆح لە ئاسمانیان دەکات، لە دیار نەبوەکانیان دەکات.. لێرەوە سروت بووە میکانیزمی گەڕان بەدوای ئەم وەڵامانەدا و سروشتی ناسی.. ئیدی گەر مرۆڤی چاخی بەردینەکان سروتی بەردەوامی هەبوبێت، ئەوا مرۆڤی سەدەی بیست و یەکیش خاوەنی سروتی خۆیەتی، مرۆڤایەتیش بەردەوام سروتەکان درێژە پێ دەدات چونکە وەڵامی پرسیارە دیارنەبووەکانی رۆحە.

هەژان ـــــــ

ئەی پرۆژەی ئیسلامی بۆ؟

لە راستیدا پرۆژەی ئیسلامی ئەمڕۆ دەیەوێت بە کارێك هەستێ کە دەبوو کۆمەڵگە پێی هەستێ، کاری بەستنەوەی سیاسەت بە بەهاکانی ئاین، بەواتا خستنەگەڕی ئاین وەك دەزگای فشار بۆ سەر دەسەڵات، بەستنەوەی براگەای سیاسی بە مۆرالی ئیسنانی، ئیدی خودی پرۆژەی ئیسلامیش دەچێتە ناو ئەو دەسەڵاتانەوە کە بەو بەها مرۆیی‌یانە لەلایەن کۆمەڵگاوە حەسار دەکرێ، نەك خۆی وەك بەرهەمهێنی ئەو بەهایانەو پارێزەری ئاین بناسێنێ.

خۆناساندن وەك پارێزەی ئاین لە هەناوی خۆیدا شەرعیەتێکی ترسناکی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی تۆ لە سەر ئاین لە تاك بپرسیتەوە، لەکاتێکدا تاك دەبێت لەلادان و براگەایی‌یەکانی تۆ بپرسێتەوە وەك دەسەڵات.

زانا راستەقینەکان لە مێژوی ئیسلامی‌دا (ئەگەرچی زۆر دەگمەن بوون)، بەردەوام خۆیان لەم سانسۆرەی سەر دەسەڵاتدا بینیوەتەوە، وانەی ناو مزگەوتەکانی ئەوکات تەنها کۆمەڵە چرکەیەکی رۆحانی و دور لە واقیع نەبووە، بەڵکو دانیشتنەکانی ئەوان لێدوان بوو لە سەر کێشەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵات (قەدەر و جەبر) (اجتهادو تجدید).. هتد، ئیدی لەوێوە کۆمەڵگە جارێکی تر خۆی دەبێتەوە بەخشەری رۆحی ئاین لەلایەك وە خستنەگەڕی بەها (مرۆیی‌یە گشتی)یەکانی ئاین لە بەرامبەر براگەایی‌یەکانی دەسەڵاتەوە.. کەواتە ئاین پێش هەموو شتێك کۆمەڵگە پاسەوانیەتی نەك دەسەڵات، بەمەش دەسەڵاتێکی پیرۆز رێی پێ نادری لە دایك ببێ بەڵکو بە پێچەوانەوە توباویەتی مۆرالی ئاینی بەردەوام دەسەڵات دەخاتە شوێنگەی تاوانباری‌یەوە.

بروميسوس و خواوەند.. ملمڵانێی نەبراوە[18]

ئیشکالیەتی ئیرادەی مرۆڤ و حوکمی خوا

ئەوە ئیرادەی نازادی مرۆڤەکانە مێژوو دەخولقێنێ یان حەتمیەتەکانی پشت میتافیزیکەە؟، چرکەکانی ژیان ئەو پانتایی‌یەن لە بۆشایی کە ئێمە رەنگیان دەکەین، یان پێشوەخت نەخشێنراون؟، گەر هەناسەکانی ئیرادەی نازادی مرۆڤ ئامادەبێت، ئەوە مانای سرپنەوەی هەموو دسەڵاتەکانی خواوەند نی‌یە؟

ناتوانین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە دارێژین گەر پێشوەخت، لە هەرسێ چەمکی (عەقڵ و ئیرادەو هەڵبژاردن) لای مرۆڤ نەدوێین، سێ چەمك کە بێ قوڵ بونەوە لە رەهەندەکانیان باس کردن لە نازادی مرۆڤ، جگە لە باسێکی ساکار نەبێت هیچی دی نی‌یە، کە دەشڵێم قوڵ بونەوە لە رەهەندەکانیان، مەبەستم ناسینی ئەو چەمکانەیە لە دەرەوەی ناسینە توێکلی‌یەکان، ئەوکاتەی مامەڵەی توێکلّ لەگەڵ چەمکەکان دەکەین خەونێکی ئەفسوناوی‌یە چاوەڕی کەشف کردنی رەهەندەکانیان بین.

عەقڵ وەك میكانیزمی جیاكاری

نامۆیی لە هەموو ئەو سروشتەی چواردەور، نامۆیی لەو دیاردانەی ئەو سروشتە بەرهەمی دێنێ، نامۆیی لە بونەوەرەكانی دەرەوەی خود، نامۆیی لە رووداوەكانی مێژوو، نامۆیی بەرامبەر هەموو ئەو دەسەڵاتە جۆراوجۆرانەی لە ژیاندا ئامادەن نامۆیی لە ئەو هەزاران تێكست و دەقانەی خوێان بۆ خوێندنەوەی ئێمە راسختووە.. بۆ دواجاریش نامۆیی لە هەموو پێكهاتەكانی ئەو كۆمەڵگەیەی تاكێكی ئەوین.. هەموو ئەم نامۆییانە ناسنامەی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو، كە دەڵێم ئێمە نامۆین بە هەموو شتەكان، مانای هەموو ئەو پێكهاتانەی دنیای دەرەوەی ئێمە ئامادەن بۆ ئەوەی چركەساتی ناسینیان لەگەڵدا دروست بكەین، ئەوانەی دەرەوەی من، من نین كەواتە وجودێكن لە دەرەوەو دەبێت بیانناسم..

ئەوو بەها ئەفسوناوییەی لەگەڵ یەكەم مرۆڤەوە كرایە پێوەری ناسینەكان لای مرۆڤ، تەنها (عەقڵ) نەبوو، بەو واتایەی مرۆڤ شتەكان تەنها لە رێی عەقڵەوە پێناسە ناكات، عەقڵ تاكە ئەداتی ناسینەوەی شتەكان نەبووە، بەڵكو غەریزە و سۆزیش ئەو چاویلكەیەی تر بوون كە لێیەووە شتەكان ناسراون، ئەوە تەنها عەقڵ نییە كە دەبێت بكرێتە پەنجەرەی تێڕامان لە وجودەكانی دەرەوەی ئێمە، بەڵكو غەریزەو سۆزەكانیش ئەو پەنجەرەیەی ترن كە لێیانەوە پرۆسەی ناسینی شتەكانی لێ بەرهەمدێن.

پرسیاری گەورە لێرەدا ئەمەیە، ئایا ئەو ناسینانەی لە رێگەی عەقڵەوە دروست دەبن لۆژیكین و راستن یان ئەوانەی غەریزەو سۆز؟ ئایا ناسینەكانی ئێمە دەبێت یەك فۆرمی ئەقڵانی لە خۆبگرێ و مەحكومی هەموو ئەو ناسینانەو خاوەنەكانیان بكەین كە لە كەنالی غەریزەوە دەخولقێن؟

لێرەوە دەگەینە ئیشكالیەتی پێناسەیەك بۆ عەقڵانی بوون، هەر بە راستی عەقڵانیەت چییە؟ عەقڵانیەت فۆرمێكی بیركردنەوەو هەڵبژاردنی شتەكانە كە لە دەرەوەی ئەو فۆرمە هەموو بیركردنەوەو هەڵبژاردنەكانی تر ناعەقڵانی و نالوژیكین و دەبێت مەحكوم بكرێن؟ ئایا بەم پێیە ئیشكالی چەمكی عەقڵانیەت لەگەڵ نازادیدا بە چ ئاقارێكدا دەڕوات؟

عەقڵ و غەریزە ئەو دوو چاویلكەیەن كە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو شتەكانی پێناسیوەو پێناسەی كردوون، گەلێك مەبەستمە نەڵێم بەتەنها عەقڵ ئەداتی ئەو ناسینە بووە، چونكە ئەوكات دادگایەك دادەنێین بۆ هەموو ناسین و پێناسانەی لە كەنالی عەقڵەوە روونەداوە.

ئیدی مرۆڤ جارێك عەقڵ و جارێك غەریزە پێوەری ناسینەكانیەتی، ئەمە نهێنی سەرهەڵدانی ئیرادەیە، ئیرادە ئەو كاتە مانایەكی هەیە كە ئێمە لە بەردەم یەك فۆرمی تایبەتدا نەبین بۆ ناسین، بەڵكو فراوانترین مەدلولی ئیرادە لەوێدا بەرجەستە دەبێت كە زیاد لە فۆرمێكمان هەبێت و بە ئیرادەی خودیی (ذاتی) هەڵیانبژێرین.. خواوەند ئەو چركەیەی چەمكی (تاوان)ی خستە فەرهەنگی مرۆڤەوە، سەرتاپا شەرعیەتی دا بە ناسنیە غەریزیەكان لە ژیانی ئێمەدا، كە دەڵێم شەرعیەتیدا بەم نابینانە مەبەستم ئەوەیە، ئەو قبوڵی بوو نازاد بین لە ناسینە غەریزیەكاندا، هەر بۆیە سزاو پاداشتی دانا، ئەو

قەیرانی ناسنیە غەریزیەکانمان زۆر بۆ رون دەکاتەوە (قد افلح من زکها و قد خاب من دساها) (افرایت من اتخذ الهه هواه و اضله علی علم)، بەلام ئازادییەکی رەهای داوەتە دەست مرۆڤ تا لەدوایەوە شتەکان بناسێ.

(مارکوزە) بەم جۆرە پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئازادی دادەڕێژێ:

(سیفاتەکانی عەقڵ بەردەوام خۆی لەدەست دەدات گەر ئازادی نەبێت، چونکە ئەم سیفاتانە لای مارکوز هیچ نین جگە لە هۆکاری گەیشتن بە چەمکی ئازادی، ئەم سیفاتانە بۆ هیچ هەوڵ نادات بۆ ئازادی نەبێت، وە هیچ بەرهەم ناهێنێ ئازادی نەبێت، لێرەدا مارکوزە تەعبیر لە هەمان مانای هیگلی دەکاتەوە، کە ئەویش چەمکی بەیەک کردنی عەقڵ و ئازادییە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئازادی رەگەزی روکەشی عەقڵانیەتە، وە ئازادبوون تاکە فۆرمە کە عەقڵ دەتوانێت لەسەری بێت، هەر لەبەر ئەمەیە مارکوزە دەڵێ:

(فەلسەفە کاتێک گەیشتە مانای عەقڵ وەک ئازادی (واتە کاتێک گەیشتە ئەوەی تاکە مانای سەرەکی عەقڵ یەکسانە بە ئازادی، ئەوا گەیشتۆتە کۆتایی خۆی)[19]

لە راستیدا ئەم تێوانینەی مارکۆزە بۆ عقلانیەت، تێکشکاندنی هەر هەوڵێکە بۆ ئەوەی عەقلانیەت بە فۆرمێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە بناسێنێ، بەو مانایەی عەقلانی بوون یەک فۆرمی دیاریکراوی بیرکردنەوە نییە، یەک فۆرمی دیاریکراوی هەڵبژاردن نییە، یەک فۆرمی دیاریکراوی بڕیاردان نییە.. بەڵکو عەقلانیەت لە نوێترین پێناسەیدا واتە ئازادبوونی مرۆڤ بۆ بڕیاردان، بۆ هەڵبژاردن، بۆ بیرکردنەوە.

خواوەند کاتێک ئێمە بەجێدێڵی شتەکان بەتەواوی ئازادییەوە بناسین و پێناسەیان بکەین و هەڵیانبژێرین، ئەوا لە فراوانترین فەزای عەقلانیدا مرۆڤی سەربەست کردووە، ئەمە شەڕی گەورەی نێوان موعتەزیلەو دەسەلاتی ئەمەوی و عەقیدەی جەبریەت بوو، لە کاتێکدا موعتەزیلە باوەڕی بەوە هەبوو هەنگاوەکانی عەقڵ دەمانگەێنێتە باشی و خراپی شتەکان و لەوێشەوە ئێمە هەرچیەک دەکەین و هەڵیدەبژێرین لێی بەرپرسیارین چونکە عەقڵی ئازادی ئێمە ئیرادەی ئەو هەڵبژاردنەمان پێ دەدات.. ئەمەش ئازادی مرۆڤە لە مومارەسەی ژیاندا، ئازادی یەک کە دواتر بەرپرسیاری دەکات لە کارەکانی..

لە راستیدا باش و خراپی عەقڵ باش و خراپە ڕێژەییەکانن، چونکە عەقڵی خالیس و عەقڵی رەها لە هەڵبژاردنەکانی مرۆڤدا نییە، هەروەک وتمان بەردەوام غەریزەو سۆزەکانیش ئەداتی دووەمی ناسنیەکانن.؟. لێرەوە هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی نیە تێڕامانە عەقڵییەکانی من بە ڕێژەیی بزانێ و لە بەرامبەرەوە پێی وابێت تێڕمانە عەقڵییەکانی خۆی رەهان، چونکە خودی رەهابوون لە تێڕامانە عەقڵییەکاندا وجودی نییە.

ڕاڤەی مارکوزە لێرەدا رەهەندەکانی دەردەکەوێ، ئیدی عەقڵێکی رەهامان نییە پێوەر بێت بۆ هەموو تێڕمانە عەقڵییەکانی تر، بەڵکو چەندان عەقڵی ڕێژەیی مان هەیە کە چەندان تێڕامانی جیاواز بەرهەمدێنن، عەقڵانێک کە پێکهاتەیەکە لە غەریزەو سۆزیش نەک ئەقڵی رەها بێت.، کەواتە تاکە پێوەرێک بۆ عەقڵانی بوونی تێڕامان و ناسینەکان، بریتییە لە ئازادبوونیان تا خۆیان بسەلێنن،

کاتێك بەوپەڕی ئازادیەوە بڕیارێك دەدەین ، راست بون یان ناڕاست بوونی دەسەلێنرێ، نەك هەر سەرەتا بە بیانوی ناعەقلانی بوونیەوە نەفی بکرێ.

جیاکاری دونیا جیاوازەکان، جیاکاری تەرزو ئایدیۆلۆژیاکان، جیاکاری باش و خراپەکان، ئەو پرۆسەیە کە میکانیزمی (عەقڵی رێژەیی) لای مرۆڤ پێی هەڵدەستێ، قسەکردن لەسەر مرۆڤ، بەبێ لێدوان لە میکانیزمی عەقڵ وك ئەداتێکی جیاکاری، بێمانا کردنی خودی مرۆڤە، تێکشاندنی هەموو رەهەندەکانی (ئیرادەیە)، چونکە ئیرادە لە دایك نابێت گەر عەقڵێکی ئازاد شتەکان و دیاردەکان جیاکاری نەکات.. ئیرادە جگە لە وەهمێك هیچی ترنیە گەر عەقڵ ئازادانە جیاکاریەکان نەکات و شتەکان هەڵنەبژێرێ.

لێرەوە تاکی کۆمەڵگە لە بەردەم چەندان پرۆژەی سیاسیدایە کە خۆی وەك رەنگدانەوەی پێویستیەکانی ئەو چرکەیەی ئەو نیشان دەدات، پرۆژەی عەلمانی، ئیسلامی، پرۆژەی.. هتد هەموو ئەم پرۆژانە بەشێکن لەو وجودەی دەرەوەی تاك کە دواجار عەقڵ هەڵیاندەبژێرێ و پێناسەیان دەکات.. ئیدی هەر پرۆژەیەك خۆی وەك فریادرەسی ئەم تاکە پیشان دەدات... پرۆژەی ئیسلامی یەکێکە لەو پرۆژانەی کە بەپێی تەفسیری هەڵگرانی (بۆیە دەڵێم بەپێی راڤەکردنی هەڵگرانی ئەو پرۆەیە، چونکە دواجار پرۆژەی ئاینیش دەبێتەوە بە پرۆژەیەکی رێژەیی و بەپێی ئاستی هۆشیاری شوێن کەوتوانی دەبێتە پرۆژەیەکی جیدی)، خۆی وەك تەرحێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەردەخات، ئیدی ئەوە چەمکی عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگەیە هەڵیاندەبژێرێ (لێرەدا مەبەستم لە عەقڵی رێژەییە، واتە بە غەریزەزو سۆزیشەوە، هەر ئەم پێناسە بۆ عەقڵ وامان لێ دەکات دۆگمایی ئەو بیرکردنەوە سیکولاریستیە تەقلیدیەیە دەربخەین کە تا ئێستاش کۆمەڵگە بە تاوانبار دەزانێ لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی ئاینی پی قبوڵە.. کۆمەڵگە ئەو کاتە عەقڵانیە کە بە ئازادی پرۆژەکان هەڵبژێرێ، ئیدی با سۆزیش بەشێك بێت کە ئەداتی ئەو هەڵبژاردنە)

ئیرادەی کارو جیاکاریەکانی عەقڵ

لە دایك بوونی ئیرادە راستەوخۆ هەنگاوی دوای جیاکاریەکانی عەقڵە، ئیرادە ناتوانێت لە دایك نەبێت کاتێك عەقڵ بە ئازادی شتەکان هەڵدەسەنگێنێ،

لای (ئیبن تەیمیە) کردار خۆی ناگرێ لە دایك نەبێت کاتێك ئێمە خاوەنی ئیرادەین[٢٠] لێرەدا ئیبن تەیمیە دەیەوێت ئەوە بڵێت کە مرۆڤەکان راستەوخۆ بەرهەمهێنەری کردارە سەربەخۆکانیانن کاتێك عەقڵ لە ژیاندا جیاکاریەکانیان بۆ دەکات و لەرێی ئەم جیاکاریەیە عەقڵیانەوە ئیرادە لەدایك دەبێت.

ئەوەمان لەبیر نەچێت قسەکردن لەسەر ئیرادەی مرۆڤ لە ژیاندا، راستەوخۆ لێدوانە لە چەمکی ئازادبوونی ئەم کائینە، ئازادبونێك کە تیایدا ژیان پرۆسەی جولە ئازادەکانی تاکە، نەك جەبریەتێکی میتافیزیکی ئەو جولانە ئاراستە بکات، هەر لێرەوە موعتەزیلە لە مێژوی فیکری ئیسلامیدا بەدیارترین رەمزی ئەم ئازادیەیە دادەنرێت لای (عبدالجودا یاسین).

لێداونی موعتەزیلە لەسەر ئیرادەی مرۆڤ لە چرکەیەکی مێژویدا سەری هەڵدا کە تیایدا ئیرادەی مرۆڤ زیندەبەچاڵ دوەکرا لەلایەن جەبریەتەوە، ئەو جەبریەتەی دەسەڵاتی ئەمەوی شەرعیەتی تاوانەکانی خۆی لێوە هەڵدەهێنجا.. موعتەزیلەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە عەقڵ ئەداتێکە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت چاکەو خراپەکان بناسێت، کە چاکەو خراپەکانیش بەهۆی عەقڵەوە ناسران ئەوا مرۆڤ دەبێتە ئەو کائینە هۆشیارەی دەزانێت کامە کار بکات چاکەو کامەیان نەکات خراپە، کە سروشتی کارەکانی زانی، ئەوا بەرپرسیارە لە کردنی ئەو کارانەدا چونکە پاش بەئاگابوون لە کارەکان ئیدی (ئیرادەی کار) لەدایک دەبێت، (مرۆڤ بە فیترەت سەیرەکات و تێڕائەمێنێ و مەعریفە چنگ دەخات ئیدی تاکە کارێك کە دوای مەعریفە پەیدابوون سەرهەڵدەدات ئاراستەکردنی ئیرادەیە) ئەمە تێڕوانینی موعتەزیلیەکی گەورەی وەك (جاحظ) بوو بۆ ئیرادە و مەعریفە.

پاشتر (قازی عەبدولجەبار) بەم دەستەواژەیە ئیرادەی مرۆڤی لە هەڵبژاردنی کارەکانیدا خستەڕوو:

(کاری مرۆڤەکان لە جوڵەو هەستان و دانیشتنیاندا هەموی لەلایەن خۆیانەوە روودەدەن، خوای گەورە ئەو توانایەی پێدان کە ئەم کارانە بکەن (وەك توانای جەستەی)، وە ئەم کارانە بەرهەمی کاراکتەرێکی تر نیە بە خۆیان نەبێ)[٢١].

پاشتر (سەمامەی کوڕی ئەشرەس) بەرەهایی دەڵێت: (هیچ کارێك نایەتە بوون ئیلا بە ئیرادەی مرۆڤەکان خۆیان نەبێت، وە هەموو کارەکان هی مرۆڤەکان خۆیانەو لەوانەوە روی داوە).

ئەم دەقانەی موعتەزیلە دەقی ئیرادە ئازادەکانی مرۆڤن بۆ هەڵبژاردنی ژیان، موعتەزیلە لەگەڵ دادوەری خوادا ئازادی مرۆڤیان دەبینی، ئەوان دەیانوت: مەحاڵە خواوەند پاداشت و سزای بۆ هەڵگرتبین لە کاتێکدا نەهێڵێت بە ئازادی و ئیرادەی خۆمان شتەکان هەڵبژێرین.. ئیدی لەم دیدەدا مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە کە خودی خواوەند پێی داوە (انا هدیناه السبیل اما شاکر و اما کفورا) ئیرادەی هەڵبژاردنی شتەکان، ئایدیۆلۆژیاکان، تەرزە سیاسیەکانی، عەقیدەکان، پرۆژەکان.. هتد.

ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام لە سەرو ئیرادەی ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگەوە فەرز دەکرێ چ لە سیکولاریستە تەقلیدیەکان و چ لە ئیسلامیەیە داخراوەکان، تەنها چرکەیەك لە ڕەهەندەکانی ئازادی و ئیرادە ڕانەماون لە نیگای خوایدا، لە تەرزەکانی موعتەزیلەدا، ئەگەرچی ئیعتیزال تا سەردەمێکی نزیکیش یەکێك بوو لە پەراوێزەکانی کلتور، بەڵام نوێکردنەوەی دیدی ئیسلامیانە بەرامبەر بە مرۆڤ و ئازادی و ئیرادە بەبێ گەڕانەوە بۆ کلتوری ئیعتیزالی کارێکی کەم و کورتە لە پرۆژەی ئیسلامیدا.. ئەو کلتورەی تا ئێستا نەماخوێندۆتەوە دەبێت بیخوێنینەوە.

(جودت سعید) لە دایك بوونی ئیرادە دەگێڕێتەوە بۆ دوو کارتێکەر ئەوانیش (نمونەی بالا) و (عەقڵ وەك ئەداتی جیاکاری)، بەو مانایەی ئیرادە کاتێك لەدایك دەبێت کە نمونەیەکی بالا هەبێت، پرژەیەك هەبێت، تەرزە فیکرێك هەبێت، ئایدیۆلۆژیایەك هەبێت، ئێمە باوەڕی پێ بێنین، لەو لاشەوە عەقڵمان هەستێت بە جیاکردنەوەی ئەو تەرزو نمونە بالایانە و هەڵبژاردنیان، پاشتر کە نمونە بالاکەی خۆمان ناسیو عەقڵ جیاکاری کرد، ئیدی ئیرادە ڕاستەوخۆ لەدایك دەبێت[٢٢].

بەڵام ئایا نمونە بالاکە دەبێت کام تەرزە فیکرە بێت؟ کام ئایدیۆلۆپایە بێت؟ کام کلتورە بێت؟ کام عەقیدەیە بێت؟

لە راستیدا فۆرمێکی دیاریکراو نییە تۆ بیکەتە نمونەی بالآ، چونکە نمونە بالآکان بە ئیرادە ویستی مرۆڤەکان دەکرێتە نمونەی بالآ، نەک فەرزی بکەیت، ئیدی مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی نمونە بالآکانیدا، ئازادە لە هەڵبژاردنی پرۆژەکەیدا.. پاشتر عەقڵ جیاکاری کۆتایی ئەم پرۆژەو نمونە بالآیانە دەکات و بڕیار لەسەر یەکێکیان دەدات.

لێرەوە کاتێک پرۆژەی ئیسلامی نوێ بانگەشەی ئازادبوونی کۆمەڵگە دەکات لە هەڵبژاردنی تەرزو پرۆژە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا، تەکتیکی قۆناغبەندی نییە وەک هەندێک خوێندنەوەی رووکەشی سیکولاریستی هەڵیدەهێنجن، بەقەد ئەوەندەی پرنسیپێکە هەڵگۆرزراو لە پرسیپی ئازادی مرۆڤەوە لە قورئاندا، پرنسیپی ئەو ئازادییەی چەند سەدەیەکە کە تۆزی کلتور داپۆشیوە.

هەر وشە ڕیزکردنێک لەسەر مرۆڤ لەلایەن هەر پرۆژەیەکەوە بێت، بەبێ ئامادەبونی چەمکی ئازادی و ڕەهەندەکانی، جگە لە کۆمەڵە بانگەشەیەکی ڕووکەش هیچی تر نییە.. کاتێکیش لەسەر چەمکێکی وەک ئازادی دەدوێین، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێت ئیرادە ئامادەبێت، ئیرادەش هەرگیز لە دایک نابێت ئەگەر باوەڕێکی عەقڵی نەبێت بەو شتەی هەڵیدەبژێرین.

(کولن ولسن) ئەم پەیوەندییە پێکداچوەی ئیرادەو ئازادی بەم جۆرە دادەڕێژێ: (ئازادی واتە ئازادی ئیرادە، ئەم ڕاستییە لە خودی وشەکەدا ڕون و ئاشکرایە (بەو مانایەی باس کردن لە ئازادی چرکەساتی باس کردنە لە ئیرادەیەکی ئازاد لای مرۆڤێکی ئازاد، بەڵام ئەم ئیرادەیە ناتوانێت کاریکات گەر پاڵنەرێک نەبێت، گەر پاڵنەرەکان نەبن ئەوا خودی ئیرادە وجودی نابێت (ئەی ئەم پاڵنەرانە چۆن دروست دەبن؟). پاڵنەرەکان باوەڕ دروستیان دەکات، تۆ شتێک ناکەیت گەر باوەڕت پێی نەبێت)[٢٣].

ئەوەی باوەڕ بە شتەکان دروست دەکات لەلای مرۆڤ، لۆژیکی عەقڵە، ئیدی هەمو ئەوانەی ئیرادەیان لە پێناودا خراوەتە گەڕ، مانای باوەڕمان پێی هەبووە و لێی بەرپرسیارین، ئایا چەندە ڕاست دەکەین یان هەڵە؟ ئەمە ئەو لێپرسراوەتییە مێژوویییەیە کە مرۆڤ وەک باجی ئازادبونی ئیرادەی دەیدات.. خودی پاداشت و سزای خوایی شەرعیەت دانە بەو ئیرادە و لێپرسراوەتی مرۆڤ لە هەڵبژاردنەکانی.

هەڵبژاردن وەک بەرهەمی حەتمی عەقڵ و ئیرادە

جیهانی دەرەوەی هەریەک لە ئێمە زۆرێک لەو بازارە گەورەیە دەچێت کە هەموو کالاکانی تێدا نمایش دەکرێ، خاوەنی کالاکان دەیان هۆکاری بانگەشەو فەنتازیای جۆراوجۆریان خستۆتەگەڕ، بە چەندان زمان وەسفی ئەرخەوانی کالاکانیانمان بۆ دەکەن.. هەموو ئەم بازارە گەورەیەو کالا جۆراوجۆرەکانی ناوی بۆ کڕیارێکە کە (منم) هەریەک لە ئێمە ئەو کڕیارە سەرسامەیە کە بازاڕی ئایدیۆلۆژیاکان بە چەندان ڕەنگەوە خۆیانی بۆ نمایش دەکەن تا خۆیان وەک بەرنامەو پرۆگرامی سیحراوی ژیانمان دەربخەن و ئێمەش هەڵیانبژێرین.. هەڵبژاردنی یەکێکیان لەناو ئەو فرە ئایدیۆلۆژیایەدا، ئەو ئامانجەیە کە هەموو بانگەشەو فەنتازیاکان لە خزمەتیدا کاردەکەن.

هەژان ـــ

قۆناغەی ئێمە بێت، دەڵێم خۆی ئارایشت دەکات چونکە زۆرترین پرۆژە سیاسییەکانی هەنوکەی دونیای کوردی ئێمە جگە لە بوکەڵەیەکی ئارایشت کراو بە هەزاران پەیمان هیچی تر نین.. ئیدی زۆرجار پرۆژە مارکسییەکان هەمان دروشمی پرۆژە ئاینییەکان دەڵێنەوە، پرۆژە چەپەکان هەمان چریکەی راستڕەوەکان دەخوێنن. لێرەوە شەڕی گەرمی ئایدیۆلۆژیاکان دەست پێ دەکات..

شەڕی گەرمی ئایدیۆلۆژیاکان، ئەو شەڕە بێدەنگەیە، کە لە دەرئەنجامی لێکچونی پرۆژەو بانگەشەکان دروست دەبێت، کاتێك کۆمەڵگەیەکمان هەیە لە زەمکانێکی مێژویدا کۆمەڵێك پێویستی دیاری کراو و کۆمەڵێك خەونی دیاریکراوی هەیە.. لە بەرامبەر ئەم خەون و پێداویستییانەوە چەندان پرۆژەی سیاسی ئامادەیە بانگەشەی بابەتێکی ئەو خەونانە دەکاتن بانگەشەکردنێك کە زۆرجار هەمویان لە چەندین بابەتێکی لێکچو دەچن.. ئەرێ بەراست کامیان هەڵبژێرین؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بانگەشە ئایدیۆلۆژیەکان یەکلایی دەکاتەوە، هەر ئایدیۆلۆژیایەك دەبێتە هەڵواسەری لافیتەکان و کۆڕگێڕی سەرمێزەکان و دەنگی ناو مایکرۆفۆنەکان و لێبوکی سەر شاشەکان تا راستگۆیی و دڵسۆزی خۆی بسەلمێنێ بۆ ئەو پەیمانانەی داویەتی.. ئیدی زۆرجار مێژووی خەبات و شەهیدان و چەندان شەرعیەتی مێژوویی دەچێتە پاڵ ئەم بانگەشە ئایدیۆلۆژیانە..

پرسیارەکە لێرەدایە. ئایا کاتێك لە دەرئەنجامی ئەم بانگەشە ئایدیۆلۆژیانەوە ئینتمایەکی بۆ دروست بوو و پرۆژەیەکی هەڵبژارد، ئەوا هەڵبژاردنێکی عەقڵانییە؟

لێرەوە دەبێت چەمکی عەقڵانیەت پێناسە بکەین، پێناسەیەکی (مارکوز)ی، ئەو پێناسەیەی کە راستەوخۆ چەمکی عەقڵانیەت دەبەستێتەوە بە ئازادییەوە، ئیدی عەقڵانیەت و هەڵبژاردنی عەقڵانی فۆرمێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئازادی مرۆڤێکە لە هەڵبژاردنی جیهان بینی و پرۆژەیەکدا.. پێ ئەچێ ئەم هەڵبژاردنە بە دیدی ئاینی من یان بە دیدی مارکسی تۆ هەڵە بێت، بەڵام ئیرادەی مرۆڤێك هێناویەتە بوون..

ئەم تێڕوانینە بۆ هەرسێ چەمکی (ئیرادە و عەقڵ و هەڵبژاردن)، گومانێکی گەورە لەسەر ململانێی نێوان برۆیسوس خواوەند دەخولقێنێ، باس لەم ململانێیە لە جیهانبینییەکدایە کە لە دەرەوەی ئیرادەی خواوەند، فەزایەك ناهێڵێتەوە بۆ ئیرادەی مرۆڤ.. لە ئیسلامدا برمیسۆس و خواوەند دوو بازنەی ڕەها نین. هەر یەکێکیان هەبوو، ئەوا ئەوی دی ببێتە تۆز، خودی چەمکی ململانێ لەو چرکەیەوە دەبێتە وەهم کە تۆ باس لە ئازادی مرۆڤێك دەکەیت لە دەرەوەی بازنەی باوەڕ، ئەو کاتەش کە مرۆڤێکمان هەیە بە ئیرادەی خۆی دەچێتە بازنەی ئیرادەی خواوەندەوە، ئەوا ئەوپەڕی بێناگایی‌یە بڵێین مرۆڤێکی بێ ئیرادەمان هەیە.

لای (جەلالەدینی ڕۆمی) کاتێك عاشق لە ئیرادەی خۆی دادەبڕێ بۆ ئیرادەی مەعشوقەکەی، ئەوا لوتکەی ئیرادەیە..

دواجار هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە بازاڕی ئایدیۆلۆژیاکاندا دەبێتە پێوەرێکی تر تێکشکاندی گشت ڕەهەندەکانی (عەقڵ و ئیرادەو هەڵبژاردنە).

پەراوێزو سەرچاوەکان:

*الانسان المعاصر عند هربرت ماركوز- د. قيس هادى احمد- ص ٦٢- طبعة ١٩٨٠

١-اعلام الفكر السياسى

٢-هەمان سەرچاوە

بێگومان هەریەك لە تیورەی هوبزو تیورەی رۆسو بەرامبەر چەمکی شەرەنگێزی مرۆڤ لای یەکەم و، پەیمانی کۆمەڵایەتی لای دووەمیان قسە لەسەرکردنی زیاتر لەخۆ دەگرێت و لەم باسەدا تەنها ئاماژەیەکمان بۆ هەردوو تیورەکە کردووە، پێ نەچێ گەرانەوەی خوێنەر بۆ ئەو سەرچاوەیەی ئاماژەمان پێکردووە پوختەیەك دەربارەی ئەم دوو تیورەیە ببەخشێت.

٣-ئەمە مانای وتەزاکەی ئەریك فرۆمە ئەك دەقەکەی، دەقی ئەم وتەیە لە کتێبی بەناوبانگی فرۆمدا (بەناوی ژیانەوە) هاتووە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

بێگومان مەبەستی فرۆم لە ژیان لەم وتەیەدا، بونە گەردونیەکەی نیە، واتە (رۆژو مانگ و سستەمی فەلەك و.. هتد)، فرۆم ئاگادارە لەوەی کە سیستەمێك کەردون ئاراستە دەکات، بەڵام ژیان لەم تێکستەدا واتە ئەو جوڵە هەمەچەشن و زۆرانەیە کە ئێمەی مرۆڤ لە جوگرافیا جیاوازەکانی ئەم زەویەدا بەرامبەر بە یەکدی بەرهەمی دەهێنین، واتە ژیان وەك ئەوەی رۆژانە بەسەرماندا تێدەپەڕێ، بڕێکی زۆر لە فەوزاوە نزیکە، نەك ڕێکخستن.

٤-سورەتی (المؤمنون)- ئایەتی (١١٥) (افحسبتم انما خلقناكم عثاً و انكم الينا لا ترجعون)

٥-سورەتی (البلد)- ئایەتی (٤) (لقد خلقنا الانسن فی كبد)

٦-موسوعة المصطلح النقدى- ت: عبدالواحد لؤلؤة- المجلد الأول، ص ١٦٤ مبحث (الرومانسية).

٧-گۆڤاری سەردەم ژمارە ( ) لا ( )

٨-الأنسان المعاصر عند هربرت ماركوز- د. قيس هادى احمد، ص ٢٤-٢٥.

٩-السلطنة فى الاسلام- عبدالجواد ياسين، ص ١٧٣.

بێگومان ئیبن حەزم یەکێکە لەو دەنگانەی ناو کلتوری ئیسلامی، کە ڕەهەندەکانی عەقڵانیەت تیایدا بڕێکی بینراوە، بەجۆرێك یەکێکە لەو دەندانەی بانگ کردنی بۆ هەنوکەی تێڕامانەکانی تیورەی ئیسلامی بۆ ژیان پێویستە، بەڵام ئەمە مانای هێنانەوەی ئیبن حەزم نیە وەك ئەوەی لە کلتوردا هەیە، یان ئیبن و حەزمی چرکە کلتوریەکان نیە، بەقەد ئەوەندەی مەبەست پێی ئەو میتودە عەقڵانیەیە کە ئیبن حەزم مامەڵەی پێدەکات لەگەڵ دەق و واقیعدا.

ئیدی پێنەچێ هەمان میتودی بورهانی و عەقڵانی لە ڕەخنەگرتنی خودی ئیبن و حەزمدا بەکاربهێنین..

١٠-الموافقات فى اصول الشريعه- ابا اسحاق الشاطبي.

تحقيق محمد عبدالقادر- الفاضلي- الجزء الثالث، ص ٢٠٧، المكتبه العصرية طبعة ٢٠٠٠.

١١-الدوله و المجتمع- د. محمد شحرور، ص ٢٣٢- ٢٣٦.

لای شەحرور هەر یەکێك لەو قوتابخانە تەنویلی و میتودانەی میژوی فیکری ئیسلامی بەرهەمی هێناون نەداتێکن لە چرکەیەك لە چرکەکانی زەمکانێکدا بە رهەمهاتون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ئەمڕۆی مەعریفەی ئیسلامی هەریەك لەم نەداتانە تیایدا بووە بە رەهایەك و بۆتە خاوەنی دەسەلات، لە کاتێکدا خۆی مکیکانیزمێکی ڕێژەییەو عەقڵی بەشەری بەرهەمی هێناوەو دەکرێ لە هەنوکەدا دەیان گومانیان لێ بکەین و نەداتی مەعریفی بۆ چرکەکانی خۆمان بەرهەمبێنینەوە.

یەکێك لەو نەداتانەی شەحرور لەم بەشەی کتێبەکەیدا لەسەری دەدوێ، ئالیەتەکانی مامەڵەکردنی شافیعیەیە لەگەڵ دەقدا لە میتودە نسولیەیە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (الرساله)وە.

کێشە تەنها لەوێدا نیە کە نەداتە میژوی‌یەکان، یان میتودە میژوییەکان دەبنە ڕەهار دەسەڵاتی نەدات دێتە کایەوە.. بەڵکو ڕاستەوخۆ دەسەڵاتێکی تریش لەدایک دەبێت، کە دەسەڵاتی لێکۆڵەرەوەیە (باحث)، یاخود زانای ئاینی‌یە، بەجۆرێک لێکۆڵەرەوەیەک خۆی دەکاتە خاوەنی دەسەڵاتی مەعریفی بەسەر کۆمەڵگەیەی لە ژێر دەسەڵاتی مەعریفی لێکۆڵەرەوەدا چۆک دادەت و گومانێک ناکات، چونکە ڕێژەیی بون و نیشکالی نەداتە مەعریفی‌یە کان نازانێ.

بەواتا گومکان کردن لە دەسەڵاتی نەداتەکان، ڕاستەوخۆ وەهمی دەسەڵاتی لێکۆڵەرەوش دەردەخات.. ص ٢٣٦.

١٢-(مدخل الى دراسه الأديان و المذاهب- العقيد: عبدالرزاق اسود)، ئەم سەرچاوەیە کە خۆی لە سێ بەرگی گەورەدا دەبینێ، پێناچێ دەرگایەکی باش بێت بۆچونە ناو ئەو فەزا جیاوازەی عەقیدەوە لە میژوودا، وە شوێن پێ هەڵگرتنی هەموو ئەو نیشکالانەی لە ڕاڤەی عەقیدەوە هاتوون و، چەندان تێزی فیکری و سیاسی یان بۆ ئەو سەردەمانە بەرهەمهێناوە..

ئیدی ئەو تێگەیشتنە دەمامکی لەسەر لادەچێ کە چ سیکولاریستێکی تەقلیدی و چ ئیسلامی‌یەکی تەقلیدی بەرامبەر بە جیاوازی هەیەتی لە میژوی ئیسلامی‌دا..

من زۆرێک ئەم دوو تاقمە لە نزیک یەک دەبینم لە هەڵوێست گرتنی تۆندیان لە شتەکان، ئەوی یەکەم پێی وایە ئیسلام جیاوازی هەڵناگرێ و ئەمەش خاڵی لاوازی‌یەتی، ئەوی دووەمیشیان سەدو هەشتا پلە بە پێچەوانەوە پێی وایە ئیسلام جیاوازی قبوڵ ناکات و یەک عەقیدەی تاک قاڵبی هەیە.. بەڵام ئەمە چڵپۆی خاڵی بەهێزی‌یەتی.. قسە لەسەر ئەوە نیە ئەو جیاوازی‌یانە قبوڵ کراون یان نا، گرنگی گەورە لەوێدایە دەقی ئیسلامی ئامادەیە بۆ ئەوەی زیاد لە تێڕوانینێکی عەقیدی بەرهەم بێنێ.

١٣-لێدوانی من لێرەدا لەسەر چەمکی قیاس، لێدوانە نسولی‌یەکەی نیە، (ئەو لێدوانەی کە چوار ڕوکن بۆ ئەم چەمکە دادەنێ.. هتد)، بەڵکو ئیش کردنی من دەرخستنی ئەو نیشکالاتەیە کە باکگراوەندی قیاس لە عەقڵی ئیسلامی‌دا دەینێتەوە.. مەبەستیشم لە باکگراوەندی قیاس لەو تێڕوانینەیە یان لەو خەیالگەیەیە کە پێی وایە شتەکان لە یەکدی دەچن، یاخود پێکهاتەکانی هەنوکە لە پێکهاتەکانی میژو دەچێت، ئەو تێڕوانینەی لە بنجی بیرکردنەوەیدا باوەڕی بە لێکچونی چرکەیەک لە چرکەیەکی تر هەیە، باوەڕی بە پێوانی ڕووداوێک بە ڕووداوێکی تر هەیە، تێڕوانینێک کە باوەڕبوون بە لێکچونی شتەکان، ڕێگری ناسینی شتە نوێکانی لێ دەکات.

١٤-قوانين الوزاره و سياسة الملك- ابو الحسن الماوردى- تحقيق و دراسه د. رضوان السيد- دار الطليعة ص

١٥-الأسلام بين الشرق و الغرب- على عزت بيگوڤيچ، ص

١٦-توينبى منهج التأريخ و فلسفه التأريخ- محى الدين اسماعيل، ص ٦٥، طبعة ١٩٨٢.

١٧-قوانين الوزارة و سياسه الملك- ص ٣٠.

١٨-بروميسوس) ڕەمزی ململانێ و دەرچونە لە دەسەڵاتەکانی خواوەند لە ئەفسانەکانی یۆناندا.. ئەم ڕەمزەم بۆیە هەڵبژاردووە بۆ ئەم سەرباسە دەسەوێت گومانێکی گەورەی لێ بکەم، گومان لەوەی لە تیۆرەی ئیسلامیداو تێڕوانینی بۆ پەیوەندی نێوان خوا مرۆڤ، شەڕو ململانێی نەبڕاوە نیە لە نێوان خوایەکی زۆر کەڕو مرۆڤێکی سەرکەش وەکو کودەتاکەر بەسەر ئەو زۆرکردنانەی خواوەندا.

بەو مانایەی خوای گەورە لە دەقی ئیسلامیدا، هێندە ڕەهەندەکانی ئازادی داوەتە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی میتودەکانی ژیانیدا بە سەربەستی، هێندە دەرگایەکی دانەناوە تا بە زۆر لە ژێر کۆت و زنجیرەکانی خواوەندا بەندی بکات.. مرۆڤ ئازادە تا ئەوکاتەی ئازادی بیروڕای ئەوی دی پێ قبوڵ بکرێ، سەربەستە تا ئەو کاتەی حورمەتی سەربەستی ئەوی تر نەشکێنێ.. لەم ئیشکالە دەدرێم لە ڕوانگەی هەرسێ چەمکی (ئیرادە و عەقڵ و هەڵبژاردنەوە).

١٩-الأنسان المعاصر عند هربرت ماركوز- ص

٢٠-العمل قدرة و إرادة- دار الفكر المعاصر- ص ٨٥ الطبعة الثانية ١٩٩٣.

٢١-القاضي عبدالجبار- المغنى- ج ٨ ص ٣ نقلاً عن السلطة فى الاسلام ص ١١.

٢٢-العمل قدرة و إرادة- ص ١٠٠.

٢٣-اللامنتمى- كولن ولسن- دار الآداب- طبعة ١٩٦٩، ص ٤١.

دەسەلات و تراديسيۆنى ئيسلامى

سنمير سليم

مەسەلەى تيۆرى ئيسلامى بۆ دەسەلات و پەيوەندى نێوان بزافى ئيسلامى و دەسەلات يەكێكە لە مەسەلە ئێجگار گرنگ و گەرمەكان كە ئەمرۆ تەرح دەكرێنە ناو گۆڕەپانەكەوە بوەتە مايەى بەرپاكردنى گفتوگۆو مشتومڕێكى زۆر لە ناو ميديا و ناوەندە سياسى و رۆشنبيريەكاندا، زۆربەى لێكدانەوەكان لەسەر مەسەلەى دەسەلات لە ديدى ئيسلاميەوە يەك روانگەو ئاراستەيان گرتە بۆ خۆێندنەوەى ئەو مەسەلەيە، ئەويش كاريگەرى كەلەپورى ئيسلاميە لەسەر پێكهاتەى بزافى ئيسلامى، بەشێوەيەك ئەو مێژوو تراديسيۆنە ئامادەيە ئەمرۆ لەناو بونيادى ئيسلاميەكاندا حەتميەتى بەرهەمهێنانەوەى فۆرمە مێژويەكەى دەسەلات دێنێتە ئاراوە، واتە بزافى ئيسلامى توانای پێكهێنانى فۆرمێكى نوێى نيە چونكە مەرجەعى پێكهێنانى فۆرمەكان دەقەو دەقەكانيش ناتوانرێت تێپەڕێنرێت، ئيتر جولانەوەى ئيسلامى لەناو بلازنە داخراوەكانى مێژوودا دەبزوێت، بۆ زياتر تێشك خستنە سەر ئەم مەسەلەيە گرنگە خوێندنەوەيەك بۆ دەسەلات لە تراديسيونى ئيسلامى بكەين بۆ دياريكردنى مەرجەعى پێكهێنانى فۆرمەكانى و شيتەلكردنى ئەو باكگراوەندەى كە پێكهێنەرى فۆرمەكانە هەتاكو ئەگەر توانای كەلەكەبوو مەخزونى بزافەكە دەربخەين لەسەر پێكهێنانى فۆرمێكى نوێى دەسەلات ئەمە بێجگە لەوەى لێكۆڵينەوەو گفتوگۆ لەسەر مەسەلەى دەسەلات، دياريكردنى رێچكەو رێڕەو دەروازەى دوارۆژە، چونكە وەك وتراوە دەسەلات كليلى مێژووەو مێژوويش كليلى كردنەوەى دەرگا داخراوەكانى سەر عەقڵى مرۆڤە. عەقڵيش ئەو دەزگا كۆنترۆڵكەرى مرۆڤە كە ئيش كردنى بەندە لەسەر رێژەى زانيارى و جۆرى وێناكردن و سيستمى بيركردنەوەى مرۆڤەكان، مرۆڤەكانيش لە دايك بوى دوێنێيانن و بەردەوام هەڵگرى ئەو وێنەو سيستمانەن كە لەناوياندا پەروەردەكراون، بۆ بە گەڕخستنى مێژوويەكى نوێ بۆ هەر گەل و نەتەوەيەك و لە هەر زەمانێكدا بێت پێويستە سەرەتا خوێندنەوەيەكى ورد بۆ مێژووى ئەو گەل و نەتەوەو ئەو كۆمەڵگايە بكرێت كە دەويسترێت مێژوويەكى نوێى بۆ بەرهەم بهێنرێت، چونكە مێژوو لە بۆشاييدا بەگەڕ ناخرێت و لەسەر بۆشايش هەڵناچنرێت، بەڵكو پێويستى بە بونيادێكى فكرى و كۆمەڵايەتى و ئابورى بەهيز هەيە. واتە مرۆڤى نوێ دەتوانێت مێژووى نوێ بەگەڕ بخات، مرۆڤى نوێ واتە ديدگاو تێڕوانين و پێكهاتەى نوێ، مرۆڤە نوێكان جەستەيەكى كۆمەلايەتى و فكرى نوێى بەهێز پێك دەهێنن كە پايەكانى مێژوى نوێ لەسەريان دەچەسپێنرێت. جەستەى نوێ تێپەڕێنەرى فۆرم و پێكهاتەو سيستمە رابردووەكانە. كۆمەڵگا موسڵمان نشينەكان لە پاش هەڵوەشاندنى دەسەلاتى عوسمانيەكان و بۆ بەگەڕخستنى مێژوى نوێ بۆيان بەم لۆژيكە مامەڵە لەگەڵ مێژوەكەياندا كراوە، واتە لە روانگەى ئيستاى كۆمەڵگاوە راڤەى

میژوەکەی کراوەو سەرجەم وێنەو فۆرم و رووداوەکان شوێنگەیان بۆ دیاریکراوە، ئەمەش بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەو وێنەو پێکهاتانەو سەرەنجام بەدبین کردنی تاکی موسڵمان بەرانبەر میژووەکەی، بێگومان هەموو کردنەوەیەکی دەرگای نوێی میژوو پێویستی بەخۆداچونەوەو خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی رابردوی ئەو کۆمەڵگایە هەیە تێپەڕاندنی گشت ئەو دەزگاو ئامرازانەی هەیە کە ئەمڕۆ بەربەستن لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگادا. تێپەڕاندنی دەزگاو ئامرازەکان تێپەڕاندنی سەرجەم ئەو باکگراوندانەیە کە ئەوانەیان پێکهێناوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژە بە مەسەلەیەك بکەم ئەویش مەسەلەی تێپەڕاندنەو جیاکردنەوەی لە دابڕاندن، چونکە زۆرجار ئەم مەسەلەیە ئیشکالیەتێك لە زهنیەتی تاکدا دروست دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میژوو کەلەپوری نەتەوەکەیداو لە ترسی ئەم ئیشکالیەتەش هەموو خوێندنەوەو میتۆدێکی رەخنەگرانە رەفز دەکرێت و سەرەنجام سەرەتاکانی دەست پێ کردنی میژوی نوێ لاواز دەبن و بگرە زۆرجار هەوڵەکان دووبارەکردنەوەی ئەو فۆرمانەیە کە توانای بەرهەمهێنانیان نەماوەو کۆمەڵگ فرێیداونەتە دەرەوەی خۆی با لە کات و شوێنی خۆیدا دەسکەوتی گەورەی بۆ کۆمەڵگا بەدەست هێنابێت، پرۆسەی گواستنەوەو دوبارەکردنەوەی تیۆرو فۆرمەکان لەمەیدانێکەوە بۆ مەیدانێکی تر بەبێ پشکنین و دیاریکردنی کارەکتەرو هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان دەبنە بەربەستی ئیبستمولوجی لە بەردەم گەیشتن بە ناوکرۆکی رووداوو کارەکان و دیاریکردنی رێڕەوی دروست بۆ گەشەو بەرەو پێشچونی کۆمەڵگا[1].

چونکە ناکرێت لە هەموو حاڵەت و ساتەکاندا بەیەك شێواز بیربکەینەوەو بەهەمان زانیاری بجوڵێینەوە لەبەر ئەوەی هەموو زانیاری و مەفاهیم و بیرکردنەوەکان بەرهەمی دەرهاویشتە سیاسیی و فکری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکانی کۆمەڵگان، ئەمەش واتای نەنرخاندن و پشت گوێ خستنی بیرکردنەوەو ئەزمون و مەفاهیمی پێشینان ناگەیەنێت کە دەکاتە دابڕاندن لێی، بەڵکو پرۆسەو میتودی بیرکردنەوەو ڕاڤەکردنیان تێدەپەڕێنین بەسودوەرگرتن لەو کەلەپورەیان لە جیاتی ئەوەی کەلەپور روبەری بیرکردنەوەو سیستمی وێناکردن و پێکهاتەی دەرونیمان داپۆشێت، پرۆسەی عەقڵانی و مەفاهیمی ئێمە روبەڕەکانی کەلەپور لەخۆدەگرێت، ئەوکاتە کەلەپوور لەبری ئەوەی زهنیەت و عەقڵیەتمان لە قاڵب بدات، خۆی دەبێتە تێکشێنەری قاڵبەکان و لەدەرەوەیاندا رێبازو ئامرازی چارەسەری گرفتەکان دیاری دەکات. هەر ئەمەش بوەتە هۆی گۆڕانی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە میژوی ئیسلامیداو سەرهەڵدانی چەندین میتودی ڕاڤەکردنی لەیەك جیاواز لە میژوی ئیسلامیدا، واتە بەردەوام نەوەکان توانیویانە فەرهەنگ و کەلەپوری پێش خۆیان لە خۆبگرن و فەرهەنگی نوێ بخولقێنن و لێرەوە پرۆسەی تێپەڕاندن جیاییە لە سیستمی بیرکردنەوەو وێناکردنی پێشینان و بونیادنانی سیستمێکی پەیوەندی نوێ کە تیایدا مەسەلەو چەمکەکان قورسایی و واتای نوێ پەیدا دەکەن و فۆرم و ئەزمونی نوێیان لێ پێك دێت، هەروەها تێپەڕاندنی میکانیزم و ئامرازەکان و مەفاهیم و مەنزومە فکریەکان جیایە لە تێپەڕاندنی (مبادیء) و بنەما گشتیەکان، واتە دەگونجێت لەسەر هەمان بنەما پێشینەکان مەفاهیم و مەنزومەی فکری و میکانیزم و دامەزراوەی نوێ بەرهەم بهێنرێت بۆ نمونە: بنەمای (ئیسلام بەرنامەی ژیانە) میکانیزم و مەفاهیم و مەنزومەی تایبەتیان لەسەر بونیادناوە بەڵام ئەمڕۆ هەمان بنەما مەنزومەو مەفاهیم و ئامرازی تازەی لەسەر بونیاد بنێین. ئەم پرۆسەی تێپەڕاندنە پرۆسەیەکی ئێجگار هۆرشیارانەو خودئاگایانەیە و پاش

خوێندنەوەيەكى وردى ئەو كەلەپورەو ئيستعابكردنيەتى و موتربەكردنى ئەم واقعەى نيستايە بەو بنەمايانە نەك پێكهاتەكانى و سەرەنجام پێكهێنانى پێكهاتەى نوێيە. بەم شێوەيە ئەزمون و بەرهەمە مێژوييەكان دەبنە ئەساس بۆ هەڵچنين و بەرهەمهێنانى ئەزمون و فەرهەنگى نوێ بەبێ دووبارەكردنەوەو درێژكردنەوەيان بۆ ئيستاى كۆمەڵگا.

ئيدى پرۆسەى تێپەڕاندنى پرۆسەى شيتەڵكردن و تەفكيكردنى ئەو كەلەپورەو تێكشاندنى ئەو سيستم و پێكهاتەو ديدگايانەيەو پێكهێنانەوەى سيستم و ديدگاو پێكهاتەى تازەيە بە سكێچ و ئەندازەگيرى تازەوە، بۆ ئەوەى ئەم سكێچ و ئەندازانەش لە ناست ئەركە رۆژانەكانى و ناستە بالاكانى ژياندا بن، پێويستە كەرەسەو رەگەزە پێكهێنەرەكانيان هەڵگۆزراوى ئەو واقعەو لە ناست ئەو ئەركەدا بێت، چى لە سكێچ و ئەندازەى جوان و نايابە بكەين ئەگەر بەرگەى فشارى ئەركەكان و پەستانى لاوەكى و دەرەكيەكانى نەبێت؟! واتە چەندە گرنگە سكێچ و ئەندازەى فۆرمەكان گرنگى پێ بدرێت گرنگتر ناوەرۆك و توانای توخمە پێكهێنەرەكانيەتى، چونكە ئەزمونى هەر كۆمەڵگايەك بريتيە لە توانای بەرهەمدانى ئەو فۆرمانە، لاوازى و بەهێزى و دەرەوشاوەيى ئەزمونەكان بەندە بە جۆرو شێوازو توانا و تەمەنى فۆرمەكان، بەم شێوەيە مێژوى گەل و نەتەوەو كۆمەڵگاكان بێجگە لە تەمەن و بەروبومى فۆرمەكان كە نمايشى ناشتى ژيانيان دەكات هيچى تر نيە، كە لە ئەنجامى چەندين سيستم و ميتۆدو ستراكتورى كۆمەڵايەتى و نابورى و فكرييەوە پێك هاتون. بەگۆڕان و گەشەى ستراكتۆرەكەو درێژكردنەوەو هێشتنەوەى سيستم و ميتۆدەكان دوكماتيزم سەرهەڵدەدات، هەروەك خوێندنەوەى هەر ستراكتورو فۆرم و ئەزمونێك بە سستم و ميتۆدێك كە فۆرمەلەبوى ستراكتۆرێكى تر بێت پرۆسەى دياگۆزجيەتى لێ دەكەوێتەوە، ئەم گوتارى دياگۆزجيەتە لە ئەمڕۆى ئێمەدا كاريگەريەكى قوڵى هەيە لەسەر تاكى ئێمە سەبارەت بە توانای هەڵبژاردنى ناك لەسەر دياريكردنى راستى و دروستى فۆرم و ئەزمونەكان و چونيەتى كردنەوەى دەروازەكانى داڕۆژ و دياريكردنى ئەو پێگەو بونيادانەى كە مێژويان لێوە بەگەڕ دەخرێت و ئەزمونيان لەسەر هەڵدەچنرێت، ئەساسى سەرهەڵدانى ئەم گوتارەش دەگەڕێتەوە بۆ بەكارهێنانى ميتودو تيۆرێك كە لە كەش و هەواو ناستى ژيان و كۆمەڵگايەكى تايبەتداو بەهۆى چەندين تاقيكردنەوەى لەيەك جياوازەوە بەرهەمهاتوون بۆ خوێندنەوەو تاوتوێكردنى ئەزمون و فۆرمى كۆمەڵگايەكى ترو دياريكردنى هۆكارو رێگاچارەى گرفتەكانى، گەورەترين كێشەى دونيای سياسى و رۆشنبيرى ئەمڕۆى ئێمە بريتيە لەو هەڵە مەنهەجيەى كە نوێترين و سەركەوتوترين تيورى رۆژئاوا دەهێنرێت و خراپترين ئەزمون و برگەى مێژوويى ئيسلامى پێدەخوێنرێتەوەو دواتر (تعميم) دەكرێت بەسەر هەموو مێژوى ئيسلامدا يان نامرازو دامەزراوە مێژوييەكان دەخوێننەوە (مبادى،) و بنەماكانى لێ بەرپرسيار دەكەن، ئەم هەڵە مەنهەجيە ناوەندە رۆشنبيرى سياسيەكەى پێ گرفتارەو كارى سەلبى كرۆتە سەر پێكهاتەى ديدگاو دروستكردنى قەناعەتێك لای تاك كە پێويستە ئەم كەلەپورە بخرێتە مۆزەخانەو بەدين كردنيەتى بەرامبەر بە مێژوو ئەو قۆناغانەى كۆمەڵگاكەى تێپەڕاندووەو دواجار دەستبەرداربوونى ئەو سامانە مێژويى و مەعريفيەى كە كۆمەڵگاكەى بەدەستى هێنار تاوانبار كردنيەتى بەو شكست و نەهامەتيانەى كە ئەمڕۆ كۆمەڵگا تێى كەوتووە و هەڵتەكاندنى ئەو بونيادە مێژويى و فكرى و كۆمەڵايەتيە كە ئەمڕۆ كۆمەڵگای لەسەر وەستاوە و كاريگەرى راستەوخۆى هەيە لەسەر خەملاندان و پێكهاتەى سايكۆلۆژى تاك و دامەزراوە

كۆمەلايەتيەكان. دروست بونى ئەم ديدگاو روانگانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ميتۆدەى كە لێكۆڵينەوەى پێ دەكرێت و پێكهێنەرى سيستمە مەعريفيەيە سائدەكەيە، ئەويش ميتۆدەكەى ماركسە كە ئەويش لە (انجلز)ەوە وەريگرتوەو كۆمەڵگەى سەرمايەدارى پێ خوێندۆتەوە، ماركس لە راڤەكردنى ئەو ميتۆدەو دياريكردنى ئەرك و ئاسارەكانى بەم شێوەيە دەڵێت (ان ما يهمنا هو ان يعمل منهجنا على بيان المواقع التي يجب أن نضع فيها الاحداث التاريخية و التي يرتبط فيها الاقتصاد البرجوازي)[٢] لێرەدا هەڵە لە دياريكردنى شوێنگەى رووداوەكانى رابردووە لە روانگەى ئەمڕۆوە! كە دەوترێت ئەمڕۆ واتە لە روانگەى ئەو سستمە پەيوەندييەى كە قورسايى و واتاى چەمكەكانى دياری دەكات نەك بەپێى يان لە روانگەى ئەو واتاو قورسايىيەيە كەلە سيستمە رابردووەكەدا بويەتى، چونكە دەگونجێت چەمكەكان واتاو دەلالەت و قورساييان لەناو سيستمە پەيوەندييە لەيەك جياوازەكاندا بگۆڕێت. ئەم جۆرە خوێندنەوانە بەپێى ئەم ميتۆدە خوێندنەوەى سياسى لايەنگرانەيە نەك لێكۆڵينەوەى زانستى بۆ مێژوو رووداوەكانى وەك خۆى كە رويانداوە، ئەمە تيۆريزەكردنە بۆ كارێك كە پێويستە بكرێت نەك دۆزينەوەو دياريكردنى راستيەكان بێت، ماركس لە برگەيەكى تردا ئەو راستيە دەدركێنێت و دەڵێت (فاذا تحدثنا عن التطور التاريخي فانما نفعل ذلك على الجملة لنؤكد ان الشكل الأخير من المجتمع ليس الآنتيجة تطور المجتمعات السابقة التي هي عبارة عن مراحل أدت اليه. و اذن فنحن نتصورها دائماً بتحيز)[٣] ئەم تيوريە ماركس ويستويەتى ئيستاى سەردەمى خۆ پێ تێپەڕێنێت نەك ميتۆدێكى زانستى بێت بۆ هەموو زەمەنەكان بشێت چونكە ياساكانى ئيشكردن لەناو كايە مێژوييەكان جياوازە لە ياساكانى بوارى زانستە سروشتيەكان (بيرى‌كارى- فيزياء) هەرچەندە ئەمانبش هەر رێژەيين. چونكە هاوشێوەبونى كۆمەڵگاكان نيشانەى وەك يەك بونى دەرەنجامەكان نيە، بۆيە جابرى سەبارەت بە بەكارهێنان و پراكتيزەكردنى ئەم ميتۆدە لە كۆمەڵگەى عەرەبيدا وەكو (عيلم) دەڵێت: چەندين بەربەستى ئيستمولوجى دادەنێين لە نێوان خۆمان وەك لێكۆڵەر لەگەڵ بابەتى لێكۆڵينەوە كە كۆمەڵگايەو سەرەنجام مەعرفەيەكى علمى دروست بەدەست نايەت[٤]. ئەمە ئەو ئيشكاليەتەيە كە ئەمڕۆ جۆرى هەڵسوكەوت و پەيوەندى ئێمە لەگەڵ مێژوو كەلەپوردا شێواندوە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نيە كە دەبێت بەناو خۆماندا گرمۆڵە بين و بچينەوە ناو قولايى مێژوو كەلەپورو مرۆڤى مەتحەفيمان لێ دەرچێت و جياوازى ئێمەو پێشنينان چەندايەتى بێت نەك چۆنايەتى سەرجەم ئەو ميتۆدو تيۆرو دەسكەوتانەى ئەمڕۆ كۆمەڵگاى رۆژئاوايى بەرهەمى هێناون ئێمە دەست بەرداری ببين، نەخێر بەڵكو مەبەستمە بڵێم ئێمە كاتێك بەرخورد لەگەڵ ئەو ميتۆدو تيورو فەلسەفانە دەكەين پێويستە رەچاوى پێكهاتەو بونيادو پێگە فكريەكانى كۆمەڵگا بكەين هەتاكو ئەساسى هەڵچنينى ئەزمون و بەگەڕخستنى مێژوى نوێ بەهێزو هەوڵ و تەلاشەكان لەم پێناوەدا سەركەوتوين و زەمينەو كەش و هەواى سەركەوتنيان بسازێنين، چونكە جياوازى ژيارەكان دەبێتە هۆى جياوازى بنەڕەتى لە پێكهاتەو بونيادى كۆمەڵگاكانەو پێكهاتەى مرۆڤەكاندا، كاريگەرى نيكەتيفانەى بەكارهێنانى ئەم تيۆرەى ماركس بۆ خوێندنەوەى كۆمەڵگاكانى ترو پێش قۆناغى سەرمايەداری و دەرەنجامە نادروستەكانى، هەر لە سەرەتای بيستەكانەوە، واتە ماوەيەكى كەم دوای سەركەوتنى شۆڕشى بەلشەفيەكان جورج لوكاشى مەجەری كە فەيلەسوفێكى ماركسيەو دەستنيشانى هەڵەى بەكارهێنانى ئەم تيۆرە كردو دەڵێت (اننا ذا أخذ المادية التأريخية بوصفها منهجاً علمياً، فأنها يمكن بطبيعة الحال ان تطبق على

المراحل السابقة على الرأسمالية و قد طبقت بالفعل و كانت النتيجة تنطوي في جزء منها على نجاح او على الاقل على امور مفيدة، غير ان المرء يشعر عند تطبيق المادية التأريخية على العصور السابقة للرأسمالية بصعوبة منهجية جد هامة صعوبة جوهرية لم تكن قائمة عند نقد الراسمالية)[٥] ئيدى دەردەكەوێت كە خودى تيوريەكە ئامرازێكە كاريگەرو سەركەوتو بوە بەدەست پرۆليتارەوە بۆ بەرخودان و تێكۆشان دژى ئەو سيستەمەى سەردەمى خۆى و سەركەوتنيشى بەدەست هێنا لە دامەزراندنى دەوڵەت و دەسەڵات بۆ پرۆليتار بەڵام دوايى بەهۆى جەخت كردنەوە لەسەر ئەو ميتۆدەو پراكتيزە كردنى لە سەرجەم بوارەكانى ژيان و روانين بۆ دەوروبەر لە روانگەيەوە ئەزمونەكەى شكست پێهێناو كۆتايشى هێنا بە ميژووەكەى. ئيتر كاتێك تيورو ميتوديك هۆكارێكى سەرەكى بوبێت لە شكست و كۆتايى ئەزمون و ميژووەكەى لەناو كۆمەڵگاى خۆيدا دەكرێت بكرێتە ئەو ئامرازەى كە بەهۆيەوە سەرەتاكان و بناغەى ميژوييەكى نوێى پێ دياری بكرێت.لە كۆمەڵگايەكى تر؟! پێم وايە گرنگترين هەنگاوێك لەم ساتەدا بۆ هەڵچنينى ئەزمونى نوێ بريتييە لە دياريكردنى ئەو ميتۆدەى كە لە روانگەيەوە ئەساسەكان دەستنيشان دەكرێن و رووداوو گۆڕانكاريەكان شيتەڵ دەكرێن و سەرەنجام سيستم و روانگەكان دادەڕێژرێنەوە بە پێى تايبەتمەندييەكانى ئێستاى كۆمەڵگاكەمان و ئاستى ژيانى ئەمڕۆمان، ئيدى پێكهاتەى مرۆڤەكان دەگۆڕێت و فەزايەكى نوێى كۆمەڵايەتى و فەرهەنگى دێتە ئاراوە كە د ەبنە بناغەو سەرەتاى دروست بۆ هەڵچنينى ئەزمون و ميژوى نوێ. گرفتى سەرەكى ميژوى جوڵانەوەو ئەزمونەكانمان لەم خاڵەدا بوە، واتە بەبێ دەستەبەركردنى پێداويستيو سەرەتاو زەمينەو كەش و هەواى پێويست هەڵساوين بەراپەڕاندنى ئەركى گەورە، ئەم هاوجوت نەبونەى زەمينەو سەر ەتاو جوڵانەوەو ئەزمونەكانمان ميژوييەكى قەيراناوى و شكست ئاميزى بۆ ئێمە خولقاندوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتى پەرچەكردارانەى زۆربەى جولانەوەو ئەزمونەكان لێرەوە ميژومان توشى وەستان دەبێت و جوڵانەوەكانيش بەهۆى هەڵەكردن لە دياريكردنى خاڵى دەسپێكردندا ناتوانن ئەو حاڵەتە تێپەڕێنن و جارێكى تر ئەمانيش دەبنەوە تۆخمێكى پێكهێنەرى بونيادو حاڵەتە وەستاوەكەوە. هەر هێزو گروپێك نەتوانێت لە وێنەكانى رابردوو رزگارى ببێت ئومێدى بەاڵاتركردنى ئاستى ژيانى ئەو كۆمەڵەو گۆڕينى رەوڕەوەى ميژوى لێناكرێت هەرچەندە بە تەوژم و بەرفراوان بێت جولانەوەكەى لە سەرەتادا، چونكە دژ هاتنەوەيە لەگەڵ ڕێساو ياساكانى گۆرانى كۆمەلايەتى كە دە بنە مايەى پێكهێنانى ئۆرگان و دامەزراوەو ئامرازو ميژوى نوێ.

چاوخشاندن بە گۆڕەپانى فكرى و سياسيماندا -بەتايبەت كاتێك فكريەكە پاشكۆى سياسيەكەيە- بە ئاشكرا بۆت دەردەكەوێت كە هێزو ئايديۆلۆجيا لەيەك جياوازەكان بەهۆى كێبەركێ و لەپێناو فراوانكردن و بەهێزكردنى تەوژمى جوڵەيان هەڵدەسن بە زيندووكردنەوەى وێنەو سيستەمە گوزەراوەكان، راستە لە روى سياسيەوە موراعاتى خەيالگەى كۆمەلايەتى خەڵكى گرنگە لە كاتى تەرح كردنى هەر تێزێكدا، بەڵام گرفتەكە لێرەدايە كاتێك تێزەكان خۆيان تەبەنى خەيالگەى كۆمەلايەتى خەڵكى بكەن و فەرهەنگى باوى كۆمەڵگا مەرجەعى بزواندن و جوڵەى هێزەكان بێت، نازانم چ هيوايەك بەو سياسيو سياسيەتانە بكرێت كە بونيادو مەرجەعيان هەڵە بێت ئيتر لەهەر رەهەندێكەوە بێت؟ ئەگەر لە كۆمەڵگاكانى تر فشارو مەترسى هێزە دەرەكيەكيان بەرچاو روانگەى هێزە لوكاڵەكان لێڵ بكەن بە مەبەستى لەباربردن و سەرلێشێواندنيان لە دياريكردنى پێگەو خاڵى

سەرەتا بۆ گەلاڵە كردنی هەر پرۆژەيەك كە ئەزمونێكی لێ بكەوێتەوە رەوتی مێژوی ئەو كۆمەڵگايە بگۆڕێت[٦]، ئەوا لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هێزو گروپە ناوخۆيەكان سەر لەيكتر دەشێوێنن و هەلەكان لەدەست دەدەن و سەرەنجام پرۆژەو ئەزمونەكان لەبار دەبەن. لێر ەوە كاريگەری مێژوو لەسەر دەسەلات دەردەكەوێت كە دوا ناسەوارى سەلبى دەبێت لەسەر ئەو مێژوەی كە ئەو دەسەلاتە د ەيخولقێنێ، دەسەلات ئەو ئەڵقەيەيە كە برگە مێژوييەكانی لەيەكتر جياكردۆتەوە بۆی پۆلێن كردوين و ئەزمونەكانی پێناسندوين كاتێك دەسەلات ئەم رۆڵە گرنگە ببينێت لە واقعی ژيانی خەڵكيداو سەرجەم بوارەكانی ژيانی پێوە بەسرابێت، ئەوا لێكۆڵينەوە لەسەر قوناغەكانی گەشەكردنی و دوايەمين ناستی گەشەو چۆنيەتی و شێوازی پێكهێنان و فۆرمەلەبونی و دياريكردنی بناغەو كەرەسەو سەرەتاكانی دروست بونی سيمای ئەو مێژوو ئەزمون و جۆری دەسەلاتەمان پێدەدات كە كۆمەڵگەكەمان روبەڕوی دەبێتەوە، بەتايبەت كاتێك لەناو گۆڕەپانی سياسيدا چەندين تێز بۆ پێكهێنان و بەڕێوەبردنی دەسەلات ببێت، پشكنين و هەڵسەنگاندنی پێكهاتەو پێكهێنانی پرۆژەكان ئاراستەی گەشەی كۆمەڵايەتی و رادەی سەركەوتنی ئەزمونەكەو جۆری بەڕێوەبردنی دەسەلات و راستگۆيی هەڵگرانی ئەو پرۆژەيەمان بۆ دەستنيشان دەكات و وەڵامی ئەو پرسيارەمان دەداتەوە كە بۆچی دەوڵەت و دەسەلات لە ئەورپادا گەشەی كرد لە دەوڵەتی (ئەمير، پاشا، ئيمپراتۆر) بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ كە دەوڵەتی ياساو ئۆرگانەكانە، بەڵام لە كۆمەڵگای رۆهەڵاتيدا بەتايبەت كۆمەڵگا ئيسلاميەكان -كە كۆمەڵی كوردەواری بەشێكە لە كۆمەڵگەی ئيسلامی- دەوڵەت و دەسەلات ئەم گۆڕانكاريەی بەخۆوە نەبينی؟ پاشتر بۆچی ئەو هەوڵانەی كە لە مێژووی هاوچەرخدا دراون بەمەبەستی گەشەپێدانی دەسەلات و گواستنەوەی ئەزمونی دەوڵەتی هاوچەرخی رۆژئاوا بۆ كۆمەڵگە موسڵمان نشينەكان شكستيان خوارد؟ ئايا بزافی ئيسلامی كە ئێستا وەكو هێزێكی سياسی و كۆمەڵايەتی لەناو كۆمەڵگا ئيسلاميەكاندا دەبزوێت و بانگەشەی دەوڵەت و دەسەلاتی ئيسلامی دەكات چ جۆرە روانينێكيان بۆ دەسەلات هەيە؟ و كام لە پرۆژەكان هەڵقوڵاوی هەناوی كۆمەڵگاكانيانن؟ واتە كۆمەڵگاكان چ جۆر ە دەسەلاتێكيان دەوێت؟ چونكە كۆمەڵگا بەپێی ئەو گۆڕانكاريەی كە لە پەيوەنديەيە ناوخۆيی و دەرەكيەكانيدا رووەدات، ئەڵقە بەندی و سيستمی پەيوەندی دەگۆڕێت و بەريەككەوتی نوێی مرۆڤەكان دروست دەبێت و لە ئاكامدا فەزا تازە كۆمەڵايەتيەكە سكێچێكی نوێی پەيوەندييە كۆمەڵايەتيو ئيدارەيەكان دەخوازێت بۆ رێكخستنی كاروبارەكانی بەپێی ئەو گەشە خۆرسكەی كۆمەڵگاوز ئەگەر پرۆژەكانی دەسەلات كە بناوانێككی فكری هەيە گونجاو نەبێت لەگەڵ سيستمی كۆمەڵايەتی و مەنزومە فكری و مەفاهيميەكەی كۆمەڵگادا، ئەوا كۆمەڵگا هەڵوێستی رەفزكارانەی لە بەرانبەر ئەو جۆرە تێزو پرۆژە دەگرێت دەرەنجامی سەلبی دەبێت. ئايين ئەو رەگەزە كاريگەرەيە كە رۆڵێكی گەورە دەبينێت لە بزواندن و سنوردارکردنی سلوكی تاكەكانی ناو كۆمەڵگاو رێكخستنی بەريەككەوتی مرۆڤەكان، لێرەوە رۆڵی ئايين لە پێكهێنان و فۆرمەلەبونی دەسەلاتدا دەردەكەوێت ئيتر لە هەر گۆشەنيگايەكەوە سەيری بكەيت، واتە كاتێك دەوترێت (ئيسلام دين و دەوڵەتە) كە راستەوخۆ پێكهێنانی دەوڵەت و دەسەلات دەسپێررێت بە ئيسلام بەو پێيەی كە ئيسلام ئاينی زۆرينە كۆمەڵگای ئێمەيە، يان كاتێك دەوترێت ئايين پەيوەندی وێژدانی نێوان مرۆڤ و خودايە، لەم حاڵەتەشدا ئايين رۆڵێكی سەركی دەبينێت لە پێكهاتەو پێكهێنانی دەسەلاتدا ئەويش لەو

سەرەتا بۆ گەلالّە كردنى هەر پرۆژەيەك كە ئەزمونێكى لێ بكەوێتەوە رەوتى مێژوى ئەو كۆمەلگايە بگۆڕێت[٦]، ئەوا لە كۆمەلگەى ئێمەدا هێزو گروپە ناوخۆيەكان سەر لەيكتر دەشێوێنن و هەلەكان لەدەست دەدەن و سەرەنجام پرۆژەو ئەزمونەكان لەبار دەبەن. لێر ەوە كاريگەرى مێژوو لەسەر دەسەلات دەردەكەوێت كە دوا ئاسەوارى سەلبى دەبێت لەسەر ئەو مێژوەى كە ئەو دەسەلاتە د ەيخولقێنێ، دەسەلات ئەو ئەلقەيەيە كە برگە مێژوييەكانى لەيەكتر جياكردۆتەوە بۆى پۆلێن كردوين و ئەزمونەكانى پێناسندوين كاتێك دەسەلات ئەم رۆلّە گرنگە ببينێت لە واقعى ژيانى خەلكيداو سەرجەم بوارەكانى ژيانى پێوە بەسرابێت، ئەوا لێكۆلّينەوە لەسەر قوناغەكانى گەشەكردنى و دوايەمين ناستى گەشەو چۆنيەتى و شێوازى پێكهێنان و فۆرمەلەبونى و دياريكردنى بناغەو كەرەسەو سەرەتاكانى دروست بونى سيمواى ئەو مێژوو ئەزمون و جۆرى دەسەلاتەمان پێدەدات كە كۆمەلگەكەمان روبەڕوى دەبێتەوە، بەتايبەت كاتێك لەناو گۆڕەپانى سياسيدا چەندين تێز بۆ پێكهێنان و بەڕێوەبردنى دەسەلات ببێت، پشكنين و هەلّسەنگاندنى پێكهاتەو پێكهێنانى پرۆژەكان ئاراستەى گەشەى كۆمەلايەتى و رادەى سەركەوتنى ئەزمونەكەو جۆرى بەڕێوەبردنى دەسەلات و راستگۆيى هەلّگرانى ئەو پرۆژەيەمان بۆ دەستنيشان دەكات و وەلامى ئەو پرسيارەمان دەداتەوە كە بۆچى دەولّەت و دەسەلات لە ئەورپادا گەشەى كرد لە دەولّەتى (ئەمير، پاشا، ئيمپراتۆر) بۆ دەولّەتى هاوچەرخ كە دەولّەتى ياساو ئۆرگانەكانە، بەلام لە كۆمەلگاى رۆهەلاتيدا بەتايبەت كۆمەلگا ئيسلاميەكان -كە كۆمەلّى كوردەوارى بەشێكە لە كۆمەلگەى ئيسلامى- دەولّەت و دەسەلات ئەم گۆڕانكاريەى بەخۆوە نەبينى؟ پاشتر بۆچى ئەو هەولانەى كە لە مێژووى هاوچەرخدا دراون بەمەبەستى گەشەپێدانى دەسەلات و گواستنەوەى ئەزمونى دەولّەتى هاوچەرخى رۆژئاوا بۆ كۆمەلگە موسلمان نشينەكان شكستيان خوارد؟ ئايا بزافى ئيسلامى كە ئێستا وەكو هێزێكى سياسى و كۆمەلايەتى لەناو كۆمەلگا ئيسلاميەكاندا دەبزوێت و بانگەشەى دەولّەت و دەسەلاتى ئيسلامى دەكات چ جۆرە روانينێكيان بۆ دەسەلات هەيە؟ و كام لە پرۆژەكان هەلّگۆلاوى هەناوى كۆمەلگاكانيانن؟ واتە كۆمەلگاكان چ جۆر ە دەسەلاتێكيان دەوێت؟ چونكە كۆمەلگا بەپێى ئەو گۆڕانكاريەى كە لە پەيوەندييە ناوخۆيى و دەرەكيەكانيدا رووەدات، ئەلقە بەندى و سيستمى پەيوەندى دەگۆڕێت و بەريەككەوتى نوێى مرۆڤەكان دروست دەبێت و لە ئاكامدا فەزا تازە كۆمەلايەتيەكە سكێچێكى نوێى پەويەندييە كۆمەلايەتىو ئيدارەيەكان دەخوازێت بۆ رێكخستنى كاروبارەكانى بەپێى ئەو گەشە خۆڕسكەى كۆمەلگاوەز ئەگەر پرۆژەكانى دەسەلات كە بناوانێككى فكرى هەيە گونجاو نەبێت لەگەلّ سيستمى كۆمەلايەتى و مەنزومە فكرى و مەفاهيميەكەى كۆمەلگادا، ئەوا كۆمەلگا هەلّوێستى رەفزكارانەى لە بەرانبەر ئەو جۆرە تێزو پرۆژە دەگرێت دەرەنجامى سەلبى دەبێت. ئايين ئەو رەگەزە كاريگەرەيە كە رۆلّێكى گەورە دەبينێت لە بزواندن و سنوردارکردنى سلوكى تاكەكانى ناو كۆمەلگاو رێكخستنى بەريەككەكەوتى مرۆڤەكان، لێرەوە رۆلّى ئايين لە پێكهێنان و فۆرمەلەبونى دەسەلاتدا دەردەكەوێت ئيتر لە هەر گۆشەنيگايەكەوە سەيرى بكەيت، واتە كاتێك دەوترێت (ئيسلام دين و دەولّەتە) كە راستەوخۆ پێكهێنانى دەولّەت و دەسەلات دەسپێررێت بە ئيسلام بەو پێيەى كە ئيسلام ئاينى زۆربنە كۆمەلگاى ئێمەيە، يان كاتێك دەوترێت ئايين پەيوەندى وێژدانى نێوان مرۆڤ و خودايە، لەم حالّەتەشدا ئايين رۆلّێكى سەركى دەبينێت لە پێكهاتەو پێكهێنانى دەسەلاتدا ئەويش لەو

روانگەی كە ئايين لەم بارەشدا كاريگەری قولّی دەبێت لە ديدگاو بيركردنەوەو سلوكی تاكەكاندا و لە ئاكامدا پەيوەندی و بەريەككەوتنی مرۆڤەكان رێك دەخات و فەزايەكی كۆمەلاّيەتی تايبەتی لێدەكەوێتەوە كە دەبێتە مايەی دروست بونی ئامرازو ميكانزيم و ئۆرگانی بارگاوی بە (مبادیء) بنەما ئاينيەكان، ئيتر مرۆڤەكان و دامەزراوەكان لەبەر تيشكی رێنومايەكانی ئايندا كاردەكەن، بەم شێوەيە بۆمان دەردەكەوێت كە ئيسلام پێكهێنەری سيستم و روانگەو مەنزومە ناوەكييەكانی كۆمەلگەمانەو رۆلێكی بنەڕەتی و سەرەكی دەبينێت لە رێكخستنی كارلێكە ناوخۆيەكانی ناو كۆمەلگاكەمان، كە دەبێتە هۆی دروست بونی هەست بەخۆكردن و هۆشمەندی و سەرهەلّدانی جولاّنەوەی كۆمەلاّيەتی، هەر پرۆژەو تێزێك بۆ ئاراستەكردن و شێوەگرتنی جولانەوەكە دژ بێتەوە لەگەل ئاينی كۆمەلگا -كە بزوێنەرو هۆكاری سەرەكی جولاّنەوەكەن- يان لە ئاينی كۆمەلگاوە سەرچاوەی نەگرتبێت ئەوا كايە كۆمەلايەتيەكە فرێی دەداتە دەرەوەی خۆی، ئەگەر بووترێت كۆمەلگای رۆژئاوايی فۆرمێكی دەسەلاّتی وەرگرت دژ بە ئاينەكەشی بوو، بەلاّم تاكی رۆژئاوايی بەهۆی ئەو چەوسانەوەو گرفتانەی توشی هاتبوو بەدەست دەزگای ئاينيەوە (كليسا) دەست بەرداری ئەو ئاينە بوبو وە ئاينەكەشی ئەو كاريگەريەی نەمابوو لەناو كايە كۆمەلاّيەتيەكەدا، ئەمە بێجگە لە ماهيەتی ئەو ئاينەی كە بە كۆمەلگای رۆژئاوايی گەيشت كە ئاينێكی شێواو بوو[٧]، هەروەها پەرينەوەی ئايين لە رێگەی دەسەلاّتەوە بوو، واتە ئايين كرابو بە ئامرازی ژێربارخستنی گەلانی رۆژئاوا لەلايەن دەسەلاّتەوە، ئەم تێكەلاّوكردن و پاشتر جيابونەوەی دامەزراوەكانی دەسەلاّت و ئايين ئازارو ناڕەحەتی زۆری هێنا بە سەر كۆمەلگای رۆژئاوايیدا بواری بۆ بەرجەستەكردن و شێوە گرتنێكی دروستی كايە كۆمەلاّيەتيەكە نەڕەخساند لە روانگەی رێنومايیەكانی ئاين بەهۆی ستەمی دەسەلاّت و كليسا و شێواوی مەفاهيمە ئاينيەكان، ئيتر لەبری ئەوەی كايە كۆمەلاّيەتيەكە بارگاوی بێت بە رێنومايیە ئاينيەكان بەلكو رێنومايیە ئاينيەكان بارگاوی بون بە بەها كۆمەلاّيەتيەكان و دواتر لێك ترازاندن لەنێو دەزگا ئاينەيكەدا سەری هەلّداو پاشان دابەشبونی كۆمەلاّيەتی رويدا لەناو كۆمەلگادا، هەموو ئەمانە لە كارايی ئايينی مەسيحيان كەمكردەوەو لە رێكخستنی كارلێكە ناوخۆيەكانی كۆمەلگاو بەريەككەوتنی مرۆڤەكان، واتە بەهاو مەفاهيمە ئاينيەكان نەبوبونە بەشێك لە پێكهاتەی كۆمەلاّيەتیو فەرهەنگی رۆژانەی خەلكیو بەجۆرە پێكهاتەو كايە كۆمەلاّيەتيەكە سازو ئامادەبوو بۆ هەر فۆرمێك كە لەو قەيرانە تێپەڕێنێت و رزگاری بكات. لە رێگەی كايە كۆمەلايەتيەكانەوە ئايين دەچيتە هەناوی دەسەلاّتەوە لە كۆمەلگای ئێمەدا چونكە وەك بەختيار عەلی دەلێت ئيسلام پێكهێنەری كلتوری ناوەكی ئێمەيە[٨]. بەلاّم ئەوەی كە ئيسلام ئەو رۆلّە سەرەكيەی هەيە لە پێكهێنانی بونيادی كۆمەلگەی ئيسلاميدا نيشانەی ئەوە نيە كە هەر رتێزو پرۆژەيەك لە ئيسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت يان لە پێكهێنان و فۆرمەلەبوندا موراعاتی بەها ئاينيەكانی كردبێت ئەوا توانای جێكردنەوەيان كاركردنە سەر كايە كۆمەلاّيەتيەكەی هەيە، نەخێر تێزێك دەتوانێت كارايی هەبێت كە ئاستی ژيان و گەشەی گۆمەلگا بەرەو بالاّتر بەريت، هەر تەرحێك گەرانەوەی كۆمەلگا بۆ ئاستە نزمەكانی ژيان بەدوای خۆيدا بێنێت، كۆمەلگا لەخۆی ناگرێت با رەهەندێكی ئاينی وەرگرتبێت يان ئاينی كردبێتە دەمامك. لەم سۆنگەوە بۆمان دەردەكەوێت كە هەولّەكانی گۆڕينی دەسەلات و پرۆژە و ئەزمونی هێزە سياسی و كۆمەلايەتيەكانی كۆمەلگەی ئێمە بۆچی شكستيان هێناوە؟ چونكە روئياكان بۆ كارلێكە ناوخۆيی و

پێکهاتەی کایە کۆمەلایەتیەکەی کۆمەلگاکەمان رۆشن نەبون و خوێندنەوەکان بۆ رووداو گۆڕانکاریەکان لەجێی خۆیدا نەبوەو زۆربەی پرۆژەکانی دەسەلات ئاینی و علمانی هۆکارێك بوون بۆ لاوازکردنی گەشەی کۆمەلگاو هەندێکیشیان کاریان لەسەر گۆڕینی ئاراستەی گەشەی کۆمەلگا کردووە، کاتێك پرۆژەکانی دەسەلات و دەولەت بەم چەشنە کاریان کردبێت ئیتر چ جۆرە گۆڕانێك بەسەر دەسەلاتدا دێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پرۆژەکان هەمویان لاواز بوبن، بەڵکو هەندێك جار بونیادی کۆمەلگا لە ناستێکی لاوازدا بوەو پرۆژەکە لە ناستێکی بالاّ، ئەم وەك یەك نەبونە بوەتە مایەی شکستی پرۆژەکە، واتە پرۆسەی فۆرمەلبون و پێکهوەنانی پرۆژەکان لە ئەنجامی چەند قۆناغێکی تاقیکاریانەدا نەبوە کە لە بەرەنجامی ئامادەگی کۆمەلگاوە هاتبێتە بون، بەڵکو گواستنەوەی ئەزمون و فۆرمێکی تر بوە کە بەهۆی ئامادەگی و دەرهاویشتە فکری و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگایەکی ترو لە ناستێکی جیاوازتردا بوە.

میسۆلوجیای دەسەلاّت

هیچ مەسەلەیەك لە میژوودا ئەوەندەی دەسەلاّت رەهەندی ئەفسانەیی وەرنەگرتوەو بەردەوام مرۆڤایەتی گرفتار کردوە بە چۆنیەتیو چیەتی و شێوازەکانی ئالۆگۆڕو بەڕێوەبردنیەوەو. دەگونجێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ بونیادو پێکهاتەو ئەرك و مەبەست لە دەسەلاّت کە بە پێی شوێنگەو قۆناغ و کۆمەلگەو ئاستی ژیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاتێك پرسی دەسەلات لە کۆمەلگایەکدا هەلومەرجی پیادەکردنی دابین دەکرێت و دواتر بەهۆی لەبارچونی هەلومەرجەکە لە هەمان کۆمەلگادا یان نەسازانی هەمان هەلومەرج و بونیاد لە کۆمەلگایەکی تردا ئەوا لێکدانەوەکان بۆ ئەو دەسەلاّتە پیادە بوە لە دەرەوەی بازنەکانی توانای مرۆڤی ئەو کۆمەلگایەو لەوساتەدا دەکرێن و رەهەندێکی (بان مرۆڤیان) پێدەدرێت و ئیتر لێکدانەوەکە شێوازێکی ئەفسانەیی لەخۆوە دەگرێت. دیارە سروشتی دەسەلاّت رۆلێکی گەورە دەبینێ لە دیاریکردنی ئامرازو میکانیزم و دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردن و شێوازی پیادەکردنی لە واقعی کۆمەلایەتیدا، وە سروشتی دەسەلاّتیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستە بە پێکهاتەی کۆمەلگاو بونیادە کۆمەلایەتیو فکری و ئابوری و سایکۆلۆژیەکەی، ئەمانەش بەپێی قۆناغ و شوێنە لە یەك جیاوازەکان دەگۆڕێن و ئیتر پراکتیزەکردنی یەك شێوازو فۆرمی دەسەلاّت لە چەند کۆمەلگایەکی لەیەك جیاوازدا کارێکی زۆر گران و نیمچە موستەحیلە، ئەوکات مرۆڤەکانی ئەم جۆرە کۆمەلگایانە تەفسیری بێ توانایی خۆیان لەم پیادەکردنەی ئەو شێوە فۆرمە دەسەلاّتی هاوچەشن بە دەسەلاّتی کۆمەلگاکانی تر بە شێوەیەکی تۆباویانە لێکدەدەنەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی خێرا چاوێك بە میژوویی گەشەی کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا بخشێنین دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی بەپێی ئاستی ژیانیان شێوازێك و فۆرمێك لە دەسەلاّتیان بۆ خۆیان داهێناوە، قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەهۆی جۆری پەیوەندی و فەزای کۆمەلایەتی مرۆڤەکان لە ئاکامی باری گوزەران و پەیوەندی مرۆڤەکان بە ژینگەکەیانەوە بۆ دەستەبەرکردنی بژێویان دروست بوە، سروشتی دەسەلاّت پشت بەستو دەبێت بە هێزو توانا زاتیەکانی مرۆڤ و لەناو مرۆڤەکانیشدا جەخت لەسەر رێکهاتەی بایولوجی و فسیولوجیان دەکرێت و دەبێتە مایەی دروست بونی سرۆشتی قارەمانیەتی لە دەسەلاّتداو بەم شێوەیە پالەوانەکان جلەوی دەسەلاّت لە دەست دەگرن، پاشان بەهۆی

كاريگەرى رێنومايەكانى ئاينە ئاسمانيەكان كە پەيتاپەيتا دادەبەزينە سەر مرۆڤايەتى لە كۆمەڵگاو ساتە لە يەك جياوازەكان و گۆڕينى دیموگرافياو جۆرى پەيوەندى مرۆڤەكان بە ژينگەكەيان بۆ دابينركدنى بژێوى ژيانيان فەزايەكى كۆمەلايەتى تازەى هێنايە ئاراوە كە پالنەرانيەتى مرۆڤەكانى بەستەوە بە قورسايى و روبەرو پانتايى ئەو سيستمە كۆمەلايەتيەى تيايدا دەژى و دەجوڵێنێت، ئيتر لێرەوە خێل و خانەواده بايەخ پەيدا دەكات و دەسەلات سروشتێكى خێلەكيانە پەيدا دەكات و ئتى رخانەوادەو خێلەكان لە پێناو زياتر چەسپاندنى دەسەلاتيان و هێشتنەوەى بۆ درێژەترين ماوە دەكەونە چەندين لێكدانەوەى ئەفسانەييانە بۆ رەچەلەك و پێكهاتەيان و تايبەتكردنى مەبەست لە دروستكردنيان لەلايەن خوداوەندەو ە بۆ دەسەلاتدارێتى، لێرەوە دەسەلات تێهەلكێش دەكرێت بە رەهەندێكى ئاينييەوە، چونكە ئامادەبونى خودا لە ناو پێكهاتەو هاوكێشەى دەسەلاتدا پێويست بە گرێدانەوەى دەسەلات دەكات بەخوداوەو لە رێگەى رايەلەكانى پەيوەندى كردنەوە كە ئەويش ئاينە، ئيتر رۆڵ و كاريگەرى ئايين لەناو كايە كۆمەلايەتيەكەيدا پەيدا دەبێت و دەسەلاتيش بەردەوام پەنا دەباتە بەر رەهەندە ميتافيزيقيەكەى ئايين لە پێناو قۆرخكردنى دەسەلات لە خانەواده پيرۆزەكاندا و مەحروم كردنى مرۆڤەكانى دى لە رێكخستنى ژيانيان و دياريكردن شێوازى ئيدارەكردنى كاروبارەكانيان، گرفتى ئايين لە مێژوودا بريتى بوە لە جۆرى هەڵسوكەوت و مەبەستى پەيوەندى و وەرگرتنى لەلايەن هەڵگران و شوێنكەوتوانيەوە، چونكە لە روانگەيەوە شوێنگەى مرۆڤەكان دياركراوە و كۆمەڵگاى پێ پۆلێنكراوە لە لايەن بيريارو فەيلەسوفانەوە كەسێكى وەك ئەفلاتون لە كتێبى (المدينه الفاضلة) لەسەر ئەم ئەساسە كۆمەڵگا پۆلێن دەكات و سروشت و شێوازى دەسەلات دياری دەكات. پاشتر ئاكامى ئەو گۆڕانكاريانەى لە بونيادى كۆمەڵگادا روودەدات و هێدى هێدى گەشەى كۆمەڵگا بەرەو ئاستە باڵاكانى ژيان دەڕوات و ئەڵقەكانى دەسەلات دەپسێنن و بازنەكانى دەسەلات فراوان دەبن و هاوكێشەى دەسەلات ئاڵوگۆڕ لە رەگەزە پێكهێنەرەكانيدا روودەدات، دەبێتە مايەى گۆڕينى سروشت و ماهيەتى دەسەلات پێويستە لێرەدا پاش ئەم سەربورده خێرايە ئيستێك بكەين لەسەر چەمكى دەسەلات و مەرجەعە دياريكەرەكەى دەستنيشان بكەين، چونكە هەموو كۆمەڵگايەك لە روانگەى فۆرمى دەسەلاتەوە دێتە ئاسۆى بينين و وێناى دەكرێت و هۆكارە جياكەرەوەكان و سنوردارەكانى سروشت و ماهيەتى دياری دەكرێن دياره دەسەلات مومارەسەكردنى سياسەتە و سياسەتيش كردارێكى مرۆڤانەيە، وە هەموو كردارێكى مرۆڤيش دەركەوتەو (محدات)ى خۆى هەيە، دەركەوتەكانى دەسەلاتيش بريتيە لە دياردەو ميكانيزم و شێوازو ئامرازەكانى دەسەلات، بەڵام سنوردارکەرەكان (محددات) بريتيە لە پالنەرە ناوەكيەكانى مرۆڤ سايكۆلۆژى بن يان هەستى و ناهەستيەكان لەگەڵ هۆكارە كاريگەرە دەرەكيەكان[٩].

لەم روانگەوە دەردەكەوێت سروشتى دەسەلات پەيوەستە بە پالنەرە ناوەكيەكانى مرۆڤ ئەوانيش لە ژێر كاريگەرى هۆكارە دەرەكيەكاندا فۆرمەلە دەبن و دەبزوێن. پالنەرە ناوەكيەكانى مرۆڤيش لە روانگەى مەنزومەى بەهايى كۆمەڵگاوە دەبزوێن و ئاراستە دەكرێن، مەنزومەى بەهايش (قيم) لە رێگەى چەندين كارلێكى ناوخۆى بەردەوامى كۆمەڵگاكانەوە لە ژێر كاريگەرى كايە كۆمەلايەتيو مەفاهيمە ئاينيەكانەوە پێك هاتوە، هەموو ئەمانەش (لاشعورى كۆمەڵى) مرۆڤەكان پێك دێنێ و ئەم نەستە كۆمەڵەش دەبێتە مەرجەعى دەسەلات و سروشت و ماهيەتى دياری دەكات.

دوبرىى دەڵێت (هەروەك هەست ناوەرۆكى ژيانى دەرونى تاك پێك ناهێنێت، بەهەمان چەشن دامەزراوەو وێنا سياسيەكان ناوەرۆكى ژيانى سياسى كۆمەڵگا مرۆڤايەتيەكان دروست ناكات، چونكە ئەوە هوشيارى و هۆشمەندى خەڵك نيە بونى سياسيان ديارى دەكات، بەڵكو وجودە كۆمەڵايەتيەكانيان هوشياريان سنوردارو ديارى دەكات و ئەويش لە ژێر ركێفى مەنزومەيەكى لۆژيكىيە لە پەيوەندىيە مادية زاڵەكان، وە ئەم مەنزومە لوژيكيەش لەناو پێكهاتەى دامەزراوە ياسايى و فەلسەفيە لە يەك جياوازەكاندا ئامادەو كاريگەرە، چونكە مرۆڤەكان بەرهەمى ئەو سيستمە پەيوەندين كە پەيوەندى كۆمەڵايەتيەكان ديارى دەكات، بەهەمان شێوە كۆمەڵگا لە يەكجياوازەكان (نەست) لە يەكجياوازيان هەيە كە پەيوەستە بە شكلى پەيوەندىيە لە يەكجياوازەكانەوە بەدەر لە سروشتى سايكۆلۆژى و توباوى و روحى مرۆڤەكان[10] دوبرى لێرەدا ئاماژە بەوە دەدات كە ئەوەى ديارده سياسيەكان پێكدەهێنێت و دروست دەكات بريتيبە لەو پەيوەندى كۆمەڵايەتيانەى (وەك پەيوندىيە خێڵەكى و مەزهەبى و حزبىيەكان) كە فشارێكى مادى لەسەر مرۆڤەكان دروست دەكات، لەگەڵ گۆڕانى كەش و هەواو ئامرازو دام و دەزگاكانى بەرێوەبردنى كاروبارى كۆمەڵگا، ئەمانە ئاسار لە پێكهاتەى ناوەكى مرۆڤەكان جێدەهێڵن و لە ژێر كاريگەرى ئەو (نەست) و عەقڵيەتەدا مامەڵەو هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەو ئامرازو دەزگايانەدا دەكرێت، بۆيە گرفتى سەرەكى ئەمرۆى كۆمەڵگاى ئێمە لە ئامرازو دامەزراوەكانى دەسەڵاتدا نيەو لە مێژوشدا گرفتەكە لەو دەزگايانەدا نەبووە، بەڵكو گرفتەكە لەو عەقڵەدايە كە ئەو دەزگايانە هەڵدەسوڕێنێ و بەكاردەهێنێ. عەقڵى مرۆڤيش مەرجەعەكەى ئەو نەستەيە كە پێكهاتە كۆمەڵايەتيەكە لە رێگەى چەندين وێنەو سيستمى رابردووەوە پێكى هێناوە كاتێك پێكهاتەى ئامرازو دامەزراوەكانى دەسەڵات هاوشێوەى پێكهاتەى كۆمەلايەتى كۆمەڵگا نەبێت ئەوا دژ هاتنەوەو لە خۆنەگرتن و فڕێدانەوەى ئەو دەزگايانەدا روودەدات لە لايەن كۆمەڵگاوەو لە ئاكامدا دەبێتە مايەى سەرهەڵدانى توندوتيژى واتە توندوتيژى مۆركى ئايديولۆجياو مەزهەبێكى دياريكراو نيە، بەڵكو بەرهەمى هاوبەك نەهاتنەوەى گەشەى كۆمەڵگاو دەزگاكانى دەوڵەتە، بۆ گەشەدان بە ئاستى كۆمەڵگا پێويستە لە كليلى تايبەت بە خۆى بێت، چونكە هەر كۆمەڵگايەى پێكهاتەى تايبەت بەخۆى هەيەو بە ئوسلوبى تايبەت دەكرێنەوە بەروى دەرەوەى خۆياندا، هەندێك كۆمەڵگا رەگەزەكانى كۆمەلايەتى و ئاينى و سياسى و ئابورى ئاوێتەى يەك بون، بۆ گەشەدان بەو جۆرە كۆمەڵگايانە وەكو كۆمەڵگاى رۆژهەلاتى پێويستە رەگەزى سەرەكى ديارى بكەين كە بوودتە هۆى پێكهێنان و فۆرمەلە بوونى رەگەزەكانى تر ئەوكاتە ئەو رەگەزە دەبێتە كليلى كردنەوەو كرانەوەى ئەو كۆمەڵگايە، ديارە كۆمەڵگاى رۆژهەلاتيش ئايين رەگەزى پێكهێنەرى ناوەندى سياسى و رۆشنبيرى و كۆمەلايەتى و ئابوريەتى بۆيە بۆ گەشەدان بە كۆمەڵگاى رۆژهەلاتى دەبێت ئيش لەسەر رەگەزى ئايين بكرێت و سيستمە ئاينيەكە گۆڕانى بەسەردا بێت ئەوكاتە رەگەزەكانى تری كۆمەڵگاش بەرەو گۆڕان دەچن و حاڵەتێكى تازەى كۆمەڵايەتى پێك دێت و ئامرازو دەزگاى نوێ بەرهەم دەهێنێت. هەر تێزێك ئەمرۆ لە كۆمەڵگاى ئيسلاميدا تەرح بكرێت و كارى لەسەر سيستم و ديدگا ئيسلاميەكە نەكردبێت و لە ئاستى ژيانى ئەمرۆى كۆمەڵگادا داينەڕشتبێتەوە گەشەى پێنەدابێت و لەسەر وێنەو فۆرمە كۆنەكان بجوڵێت، پێم وا نيە بتوانێت ئاستى ژيانى كۆمەڵگا بەهەموو دێبارەو دەركەوتەكانيەوە بەرەو ئاستێكى باڵاتر بەرن و ئەزمون و مێژووى نوێ بۆ كۆمەڵەكەيان هەڵبچنن، وە

ئەگەر تێزێكيش خودى ئاينى تێپەراندبێت لە پێكهاتەيدا ئەوا بێگومان نەك ناتوانێت ئەزمونى نوێ پێكەوە بنێ بەڵكو مەترسيبەكى گەورەش دەبێت لە ئەزمونە سائدەكەش، لێرەوە كۆمكەڵگاى رۆژئاوايى كاتێك مارتن لوثر لەناو كايە ئايينەكەدا كاردەكات و داهێنانێك ئەنجام دەدات، چونكە وەك وتم كايە ئاينيەكە سازو ئامادە بوو بۆ گۆڕان، ئيدى كۆمەڵگا گۆڕان و بەرەو پێشچونێكى ئێجگار فراوانى بەخۆوە بينى و چەندين قۆناغى گەشەى تێپەراند. بەم شێوەيە دەردەكەوێت ئايينەكان پێكهێنەرى خەيالگەى كۆمەلايەتى خەلكين، دەسكارى كردن و گۆڕينى خەيالگەى خەلكى تەنها لە ڕێگەى كايەو بونيادە ئانيەكەيەوە دەبێت، راستە دەگونجێت هەندێك جارو لە هەندێك شوێندا ئەم بونيادە مايەى داخران و دواكەوتنى ئەو كۆمەڵگايە بێت، بەڵام پێشكەوتن و كرانەوەى كۆمەڵگا تەنها بە ئيشكردن دەبێت لەسەر گۆڕينى ئەو بونيادە نەك تێپەراندنى، گرفتى تێزى علمانى لە كۆمەڵگاى ئێمەدا لەوەدايە كە دەيەوێت خودى ئايين تێپەڕێنێت و هەموو ئەو پەيكەرە ئەخلاقى و سيستمە بەهايى و دامەزراوانەى ئايين پێكهێنەريانە لە كۆمەڵگا رايانماڵێت كە ئەمەش دەكاتە سڕينەوەى كەسايەتى مرۆڤەكان راستە مرۆڤەكان بەدەست دەسەلاتى رابردووەوە ئازارو ناسۆرى زۆريان چەشت و خوازيارى رزوگاربونن لەو ئازارانە لە ڕێگەى گۆڕينى فۆرمى دەسەلاتەوە، بەڵام ئەم ئامادەبونە بۆ گۆڕان و رزگارى و قوربانى ناكاتە رازى بوون بە موساوەمەكردن لەسەر ناسنامەو كەينونەو بون، لێرەوە هەڵەى حساباتى هێزە علمانيەكان دەردەكەوێ لە دەستنيشانكردنى جۆرو ماهيەت و ئاراستەى ناڕەزايەتى جەماوەر بەرانبەر بە دەسەلات و ئامادەييان بۆ گۆڕان، ئيتر پرۆژەى دەسەلات و ئەزمونى علمانيەت لە كۆمەڵگەى ئيسلاميدا تووشى قەيرانێكى سەخت دەبێت و ئەزمونەكە شكست دەخوات و مێژوويەكى خوێناوى تێهەڵكێش بە ستەم و موساوەمەكردن لەسەر پرسە نيشتمانىو نەتەوەيى چارەنوسسازەكان تۆمار دەكات. ئەم حاڵەتە تازەيەش دەبێتە مايەى سەرلەنوێ هاتنەوە مەيدانى هەندێك فۆرم و تێز كە كۆمەڵگا لە ئاستە نزم و رابردووەكانى ژيانيدا بەپێى دەرهاويشتە تايبەتەكانى سەردەمى خۆيان بەرهەمى هێناون لێرەوە هوشيارى خەلكى ڕەهەندە ئەفسانەييەكانى باڵى بەسەردا دەكێشن، چونكە ئەفسانە بريتى لە وێناكردنى شتێك بەدەر لە واقعى خۆى، هاتنە مەيدانى تێزو فۆرمە كۆنەكان سەبارەت بە دەسەلات، وێناكردنى دەسەلاتە لە لايەن خەلكىيەوە بەدەر لە واقعى ئێستايان ئيتر ئەگەر لە برادوودا تارايەكى ئەفسانەيى ئەدرا بەسەر دەسەلاتدا لە پێناو هێشتنەوەى لەدەست نوخبەيەكدا، بەڵام ئێستا تارا ئەفسانەييەكە بەسەر عەقڵ و بيركردنەوەو هوشيارى خەلكىيەوەيە كە بەهەمان شێوە دەسەلات دەهێڵێتەوە بەدەست نوخبەى دياريكراوە، لێرەوە سەرلەنوێ ئەفسانە خۆى دەخزێنێتە ناو كايەو مەوداكانى دەسەلات، واتە جەماوەرى ئێستا جەماوەرى ئەفسانەيەو خەيالگەو نەستى كۆمەلايەتيان پێكهاتووە لە سيستمى وێناكردن و پەيوەندى تايبەت كە چەمك و مەسەلەكان دەلالەت و واتاى تايبەتيان بوە لە ساتى خۆياندا لە روانگەيانەوە ئەلقەبەندى و سلوك و پەيوەندى كۆمەلايەتى پێك نراوە، كە بەهۆيانەوە عەقليەت و دامەزراوەكان پێك دێن. كەواتە بۆ گۆڕينى عەقليەت و دامەزراوەكانى دەسەلات گرنگە خاڵى دەستپێكردن دەشتنشان بكەين و قۆناغ بە قۆناغ بازنەكانى گۆڕان فراوان بكەين. لە كۆى ڕاڤەو بۆچونەكانەوە بۆمان دەركەوت خەيالگەو نەستى كۆمەلايەتى خاڵى سەرتاو بنەڕەتى پێكهێنانى سلوك و پەيوەندى و عەقليەت و دامەزراوەكانە، واتە هەنگاوى يەكەمى ئيش كردن لەهەر پرۆسەيەكى گۆڕانى دەسەلاتدا ئەگەر بويستێت جۆرو ماهيەتى دەسەلات بگۆڕێت پێويستە كار لەسەر نەست و خەيالگەى كۆمەلايەتى خەلك بكرێت، كاركردن لەسەر خەيالگەى خەلكى كاركردنە لەسەر سيستمى وێناكردن و پەيوەندى ئەو كۆمەلگايە، بۆ ئەمەش

Scanned with CamScanner

پێویستمان بە دراسەکردن و لێتوێژینەوەی میژوو قۆناغەکانی گەشەی ئەو کۆمەڵگایە هەیە هەتا دوایەمین ئاستی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، چونکە زانینی ئەم درامای ژیانی کۆمەڵگایە تەراکومات و شێوازی دروست بون و شێوەگرتنی ئەو خەیاڵگە وکاراکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەو کارلێکانەی کە ئەو پرۆسەی دروست بون و شێوەگرتنەوەی بۆ خولقاندبێون دیاری دەکات، خوێندنەوەی ئەزمونی میژویی هەر کۆمەڵگایەك پێکهاتەو خەیاڵگەی مرۆڤەکانمان بۆ دیاری دەکات و دەستنیشانی ئەو جۆرە کردارانەشمان بۆ دەکات کە کۆمەڵگایان بەم ئاکامە گەیاندوە، ئەوە کرداری مرۆڤەکانە خولقێنەری دیاردەو دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانە، لێرەوە وابەستەکردنەوەی کرداری مرۆڤەکانە بە خەیاڵگەو نەستیانەوە، واتە هەردو لای هاوکێشە کە بە ئاراستەی پێچەوانەش کاردەکەن، خەیاڵگەی مرۆڤەکان کرداری نوێ بەرهەم دەهێنێ هەم کرداری مرۆڤەکان بازنەکانی خەیاڵگە فراوان و روبەرو ئاسۆکان نەستیان زیاد دەکات. ئیدی سیستمەکانی وێناکردن و پەیوەندی بەردەوام بە شێوەیەکی گۆڕاو دەبن و لە ئاستە گۆڕاوەکاندا دەلالات و واتاو قورسایی نوێ دەدەن بە مەسەلەکان، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەردەوام گۆڕاوی بونیادەکان، بۆیە راستیەکانیش (حقائق) سروشتێکی ڕێژەیی وەردەگرن و گۆڕانی قۆناغە میژوییەکانی کۆمەڵگا ئالۆگۆڕ بە ڕێژەیان دەکات، ئەوەی دوێنێ گونجاو بوبێت ئەمڕۆ بچێتە ریزی نەگونجاوەکانەوە و بە پێچەوانەشەوە. لەم ڕوانگەوەیە قرئان سەرەتای دەستپێکردنی هەر پرۆسەیەکی ریفۆرمی سەرنجی مرۆڤەکان رادەکێشێت بۆ خوێندنەوەی هۆشیاری میژویی کۆمەڵگاو ئەو قۆناغانەی گەشەی کە تێپەڕاندون، واتە سفرکردنی میژوو لە تێزی ئیسلامیدا نیەیە، بەڵکو تێزی ئیسلامی لە ڕوانگەی ئەزمونە میژوییەکانی ترەوە پێك دەهێنرێت پاش تاوتوێکردنی وردی ئەزمونەمان و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و ئەو کرداڕە هەڵانەی کە بوەتە مایەی لاوازی ئەو ئەزمونەو وەستاندنی میژووەکەی، واتە پرۆژەی ئیسلامی لە ڕوانگەی میژوو ئەزمونەکانی ترەوە گەڵاڵە دەکرێت و سەرجەم پێکهاتەو ئامرازو دامەزراوەکانی ئەزمونەکانی تر لە ئامێز دەگرێت، واتە ناکرێ بەو شێوەیە سەیری پرۆژەی ئیسلامی بۆ دەسەلات بگرێت کە دەسکەوت و ئەزمونەکان سفر دەکات و لە خاڵی سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە، نەخێر پرۆژە دەسەلات لە دیدی ئیسلامیدا لەسەر دەسکەوت و دوایەمین ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە سەرەتایەکی بەهێز بۆ پێکەوەنانی میژوو ئەزمونێکی نوێ دادەڕێژێت، هەر ئەم دیدگایە قرئان بۆ باوەڕدارانی دروست دەکات و قۆناغە میژووییەکانی گەشەی کۆمەڵگاو ئەزمونی ئومەتەکانی تریان بۆ دەخوێنێتەوەو ئەم خوێندنەوەو تەرح کردنەی داستان و ئەزمونەی ئومەتی پێغەمبەرەکانی تر بە ژیان بۆ ئەم ئومەتەی ئیسلام ئاوزەد دەکات لە ڕوانگەی سودمەندبون لێیان و دیاری کردنی ڕێساو یاسای گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان. قرئان بۆ زیاتر بایەخدانی موسڵمان بە میتۆدی سوسیۆلوجیانە لە گۆڕاندا لە چەند شوێنێکدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکات کە گەشەو گۆڕانە میژووییەکان لەسەر کرداری مرۆڤەکان هەڵچنراوەو مرۆڤەکان بەرپرسیارن لەو حاڵەت و ئاستەی ژیانیان چ لە ڕوی سەرکەوتنەوە بێت یان شکستی ئەزمون و میژووەکەیان: (هو الذي جعلكم خلائف الارض فمن كفر فعليه كفره و لا يزيد الكافرين كفرهم عند ربهم الاّ مقتاً، ولا يزيد الكافرين كفرهم الا خساراً)

(و ربك الغني ذو الرحمة ان يشأ يذهبكم و يستخلف من بعدكم ما يشاء كما انشأكم من ذرية قوم آخرين)

(وهو الذي جعلكم خلائف الارض و رفع بعضكم فوق بعض درجات ليبلوكم فيما آتاكمْ ان ربك سريع العقاب و انه لغفور رحيم).

لە تەواوى ئەم ئايەتانەدا پەروەردگار ئاستەكانى ژيانى مرۆڤ و سەرجەم ديارەكانى كۆمەڵگا وابەستەى كردارى مرۆڤەكان دەكات و كرداريش پەيوەست دەكات بە روئياو ديدگاى مرۆڤەكانەوە ئەوانيش لە ژێر كاريگەرى كارتێكەرە ناوەكيەكانى مرۆڤ و دەرەكيەكاندا فۆرمەلە دەبن، ئاينيش لە كارتێكەرە هەرە كاريگەرەكانە لەسەر پێكهاتەى مرۆڤەكان و دواتر بەپێى تێپەڕبونى كات دەنيشێتە نەستى مرۆڤەكان و فەزاى كۆمەلايەتى دەخولقێنێ و ئۆرگان و ئامرازە كۆمەلايەتيەكانى لێ دەكەوێتەوە، بۆيە گرنگە بۆ لێكۆڵينەوە لەسەر دەسەلات بە وردى بەناو بونيادەكان و هۆكارە پێكهێنەرەكانيدا ڕۆ بچين و لەتيژ ئيسلاميشدا بۆ دەسەلات ڕۆڵى دەقەكان دياری بكەين و بزانين ئايا دەق چ ڕۆڵێكى هەيە لە پێكهێنان و دياری كردنى سروشتى دەسەلاتدا؟ ئايا شێوازى دياريكراو بۆ بەڕێوەبردنى دەسەلات لەناو قرئاندا تەرح كراون؟

دەسەلات: بونيادو ئەرك و مەبەست

گرنگە بۆگەيشتن بەدەرەنجامێكى دروست سەبارەت بە پرسى دەسەلات ڕێ و شوێن و ميتۆدى ڕاقەكردنى ئەم پرسەيە لە كەلەپورى ڕابردواندا دياری بكەين و ئيستقرايەك بكەين بەناو ئەو تيۆرانەداو خوێندنەوەى ئەو فۆرم و ئەزمونانەى كە لە بەرەنجامى ئەو تيۆرانە بەرهەمهاتوون و شياويەتى و گونجاويان دياری بكەين لە دەرەوە ى كات و شوێن و ژينگەى بەرهەمهاتنى. ئاشكرايە كە دەسەلات بە هەموو دەركەوتەو پێكهاتەو دامەزراوو ميكانيزمەكانى بەڕێوەبردنيەوە پێكهاتەى كۆمەلايەتين و لە ئاكامى كارلێكى ناوەكيەكانى كۆمەلگاو ئاستى ژيانيەوە بەرهەمهاتوون، ئەگەر پێكهاتەكانى دەسەلات دەركەوتەو پێكهاتەى كۆمەولايەتين ڕۆڵى دەق چيية لە پێكهێنانيدا؟ چونكە تيۆرى ئيسلامى بۆ دەسەلات پشت بە دەقەكان دەبەستێت بۆ فۆرمەلوبونى شێوەو ئامرازەكانى دەسەلات، بەهۆى ئەمەوە زۆر جار پرۆژەى دەسەلاتى ئيسلاميەكان تۆمەتبار دەكرێت بە نەگۆڕان و دوبارەكردنەوەى فۆرمەكانى سەرەتاى مێژوى ئيسلامى بۆ دەسەلات، واتە پرۆژە ئيسلامى بۆ دەسەلات گۆڕانە كۆمەلايەتى و پەرسەندنى كۆمەلگاو ئاستەكانى ژيان لە بەرچاو ناگرێت لە هەڵچنينى ئەزمون و بەگەڕخستنى مێژووى نوێ بۆ گەل و نەتەوەكەيان. گرنگە لێرەدا بۆ دياريكردنى ڕۆڵى دەقەكانى قرئان لەسەر فۆرمى دەسەلات بابەتى دواندنەكانى قورئان دياری بكەين، واتە بابەتى ئاراستەكردنى گوتارەكانى قرئان چيية؟ ئەمە نهێنييەكانى دەسەلاتمان لا ئاشكرا دەكات و دەرگا داخراو توخم گوزاريەكانيمان بۆ والا دەكات و دەتوانين بەهۆيەوە توخمە ئيشكاليەت ئاميزەكانى دەستنيشان بكەين. ئەوەى هەتا ئێستا لە بارەى دەسەلاتەوە دەوترێت و دەناسێنرێت بەخەڵكى زياتر بريتييە لە دەزگاو ميكانيزم و ئامرازەكانى ئالۆگۆڕ، بەڕێوەبردنى دەسەلات، نالێم پرنسيپ هيچ ڕۆڵێكى نييە لە پێناسى فۆرمى و دەسەلاتدا بەڵام ئەمڕۆ ناسنامەى دەسەلات ئيختزال كراوە لە ئامرازو ميكانيزمەكانيدا و ناوەڕۆكى فەلسەفى خەريكە لەدەست دەدات. وە ئەگەر سەرنج لە گوتارى قرئانى بدەين دەبينين بابەتى ئيش لەسەركردنى تەنها مرۆڤەو چۆنيەتى ئامادەكردنيەتنى لە ئەستۆگرتنى پەيامەكەى و ڕاپەڕاندنى ئەركە پەيامداريەكەى لە ژياندا. وە ناوەڕۆكى پەيامەكەش ديسانەوە بريتييە لە ئازادى و يەكسانى مرۆڤەكان لە لێپرسراويەتى و ئەركەكانياندا بە تەواوى ڕەهەندەكانيەوە دياريكردنى چاەرنوسيان بەهۆى ئەو كردارانەى كە لە ژياندا بە ئازادانەو هۆشمەندانە ئەنجامى دەدەن و

ئەو شێوە ژيانەی كە لە ناكامی كردارەكانيانەوە فەراهەمی دەهێنن. واتە قرئان ناخ و پێكهاتەی ناوەكی مرۆڤ دەدوێنێ نەك پێكهاتە دەرەكيەكانی چونكە پێكهاتە دەرەكيەكانی مرۆڤ لە دەرەنجامی سلوك و سكێچ و هەندەسيەتی هێزە ناوەكيەكانی مرۆڤ و شێوە و ئاراستەی جولّەكەی پێك دێن، بۆيە قرئان بۆ رێكخستنی پێكهاتە كۆمەلّايەتی و سياسيەكان -كە ئەمانيش ئۆرگانی كۆمەلّايەتين- گوتارەكانی ئاراستەی عەقلّ و ناخی مرۆڤەكان دەكات و پرنسيپ و ديسپلينيان بۆ دياری دەكات، چونكە ئەمانە بە پێی تێپەڕبوونی كات دەنيشنە خەيالّگەو نەستی مرۆڤەكان و پاشان دەبنە مەرجەعی عەقليەتی سياسی مرۆڤەكان، ئەوەی گوتارەكانی قرئان هيچ فۆرمێكی دەسەلّاتی لەخۆنەگرتوە، لەبەر ئەوەيە فۆرمەكانی دەسەلّات مێژوكردن و بەپێی تێپەڕبونی كات و قۆناغەكانی گەشەی كۆمەلّگەی مرۆڤايەتی دەگۆڕێن، سروشتی گوتارەكانی قرئانيش نامێژوييەو تەنها ئەو ئەساس و بنەماو پرنسيپانە لە خۆ دەگرێت كە مرۆڤ بونی مرۆڤەكان سازو ئامادە دەكات بۆ ئەوەی ئەو فۆرم و ميكانيزم و پێكهاتەو ئامرازانەی بەرهەمی دەهێنن لە خزمەتی مرۆڤەكان و بەرەوپێش بردنی ژيانياندا بێت و بەردەوام بەپێی دوايەمين ئاستەكانی ژيانيان و بەمەبەستی بەرەو بالّاتر بردنی ئاستی ژيانيان و لەسەر بنەما قرئانيەكان تێگەيشتنی نوێ، پێكهاتەی نوێ، فۆرمی نوێ، سيستم و مەنزومەی نوێ بەرهەم بهێنن. ئيتر كاتێك قرئان فۆرمێكی دياريكراو بۆ دەسەلّات تەرح ناكات، ئەوە بۆ والّاكردنی دەرگاكانی ئايندەيە لەبەردەم مرۆڤايەتيدا هەتاكو مرۆڤەكان هيچ شتێك نەبێتە كۆسپ و بەربەست لەبەردەميانداً بۆ داهێنان ئەزمونی نوێ و بەگەڕخستنی مێژووی نوێ، وپساندنی سەرجەم ئەو كۆتانەيە كە عەقلّی مرۆڤ مۆميا دەكەن بەهەر ناوێكەوە بێت. بەلّكو سەرجەم قۆناغەكانی ببنە ئەساس بۆ دەست پێكردنی قۆناغی نوێ و زەمينە و بونيادی دەسەلّات لە بەهێزبوندا بێت. تێپەڕاندنی كات و شوێن و حالّەت و ژينگە لە داڕشتنی ئەو بنەماو پرنسيپانەی پێكهاتەی دەسەلّاتيان لەسەر هەلّدەچنرێت كارێكی ئێجگار قورسەو باجێكی زۆری دەوێت هەتا مرۆڤايەتی لە رێگەی ئەزمون و گەشەی عەقليەوە پێی دەگات، كوتاری قرئانیئەو حالّەتانە تێدەپەڕێنێت بە ئاسانترين شێوەو كەمترين باج ئەگەر لە مێژووی ئيسلاميدا تێگەيشەتنی مرۆڤەكان خۆيان سەرچاوەی ئەو كورتيەن و نەيانتوانيوە ميتۆدێكی دروست دابڕێژن بۆ ڕاڤەكردنی دەقەكان، ئيتر كاتێك ئەم هەلّە مەنهەجيە رودەدات لە كارايی قرئان لەسەر پێكهاتە كۆمەلّايەتيەكە كەم دەكاتەوە لەبری ئەوەی موسلّمانان بە بنەماو مەفاهيمە قرئانيەكان كاريگەری كات و ژينگە و حالّەتەكان لەسەر پێكهاتەو پێكهاتنی كۆمەلّگا سنوردار بكەن، پێچەوانەكەی رويدا، واتە لە روانگەی ژينگەو حالّەتە كۆمەلّايەتيەكەوە مامەلّە لەگەلّ بنەماو مەفاهيمە قرئانيەكان و سەرجەم ئەو مەقولانەی لەو بوارەدا سەريان هەلّداوە كراوەو خەيالّگەو نەستی سياسی خەلّكی واتا دەبەخشێت بە بنەماكان و لە سۆنگەی ئەو واتايانەوە ئەزمون هەلّدەچنرێت و پێكهاتەو ئامرازەكانی دەسەلّات بەرهەم دێنن. ئەم حالّەتەش لە سەدەی پێنجەمی كۆچی بەدواوە بوە كە كۆمەلّگەی ئيسلامی پێوە گرفتار بوە، ئەوەش كە لەم مێژوە دوورو درێژەدا كۆمەلّگەی ئيسلامی بەرهەميهێناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەتارە دروستەی كە پێغەمبەر (ص) ئەساسەكەی دارشت، هەرچەندە ئەو ئەساس و سەرەتايانەش وەك ميكانيزم و ئامراز لە بونيادێكی تايبەت بۆ ژينگەيەك و كەش و هەوايەكی تايبەت دەبێت و ئەو شێوە دەسەلّاتەی لە بونيادێك دياريكراودا فۆرمەلە دەبێت ناكرێت گشتی بكرێت بۆ سەرجەم بونيادەكانی تر دەسەلّاتداران لە

مێژووى دەسەلاتدا بۆ زياتر دربژكردنەوەى زەمەنى دەسەلات و ئەزموونە كە يان و تێپەراندنى بونيادەكان، هۆكارە كاريگەرەكانى پێكهێنانى دەسەلات لە بونيادەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەو ئەركانەى كە دەسەلات و دەولەت رايدەپەرێنن و سنورو بازنەكانى دەسەلات لە تويژيك يان رەچەلەكێك تەسك دەكەنەوە، ئيتر ئەو گوتەزايەى كە سەرچاوەى دەسەلات و پێكهاتەو شێوەكانى دەسەلات بە مرۆڤەكان ناو كۆمەلگا دەدات و دەڵێت (ان من حكم الله ان يجعل الحكم لغير الله)[10] فەرامۆش دەكرێت، چونكە ئەگەر شەرعيەتى دەسەلات لە دەست مرۆڤەكاندا بێت ئەوا بە گۆڕينى تێگەيشتنى مرۆڤەكان و گەشەى كۆمەلگە فۆرم و ئەزموونەكانى دەسەلات دەبێت بگۆردرێت، سروشتىيە دەسەلاتدارانيش بۆ هێشتنەوەى دەسەلات -دەگونجێت پاساوای واقعى خۆشيان بوبێت. موراوەغەيان بە چەمك و مەفاهيمەكان كردبێت و تێزى تريان سەبارەت بە دەسەلات تەرح كردبێت بۆ خەلكى بە مەبەستى راكێشانى سەرنجى خەلكى بۆ گۆشەنيگايەكى تری دەسەلات، وەك ئەوەى ماوردى لە (الاحكام السلطانية) دەڵێت (الامامة موضوعة لخلافة النبوة في حراسة الدين سياسة الادنيا و عقدها لمن يقوم بها قي الأمة واجب بالأجماع) گۆشەنيگای نوێ ئەركەكانى دەسەلات دەكاتە هۆكارى سەرەكى پێكهێنانى دەسەلات و راپەراندنى ئەركەكانيش تايبەت دەبێت بە سنورێكى ديارىكراوى كۆمەلگا، كە ماوردى لە هەمان سەرچاوەدا لەو بارەيەوە دەڵێت (فاذا ثبت وجوب الجماعة ففرضها على الكفاية كالجهاد و طلب، فأذا قام بها من هو اهلها سقط فرضها على الكفاية)[11] هەرچەندە لە بنەڕەتدا لەم گۆشە نيگايەشدا كەسانى بەشداروبو لە بازنەى (فرض الكفاية) تايبەتكراو ديارىكراو نين و هەمو كەس دەتوانێت بچێتە ريزى ئەو كەسانەى كە ئەم (فرض الكفاية) ئەنجام دەدەن، بەڵام ماوەردى ئەم بازنەش سنوردار دەكات و دەڵێت (و ان لم يقم بها احد خرج فريقان احدهما اهل الاختيار حتى يختاروا اماماً للأمة، و الثاني اهل الأمانة حتى ينتصب أحدهم للمامة)[12]. پاشان هێندە مەرجى قورس دادەنێت بۆ ئەهلى ئيختيار[13]، كە ئەوانە مەرجى دەزگای علمى پسپۆرن بۆ پێگەياندنى زانای پسپۆڕ، ئەم وابەستەكردنەى پێكهاتەى دەسەلات بە وەزيفەى دەسەلاتەوە، بەربەستەكانى بەردەم گشتى كردن و رەهايى كردنى ئەزمونەكان هەڵدەگرێت و رەوايەتى دەدات بەو وێنەو ئەزمونانە لە هەموو كات و شوێنێكدا هەر ئەم ميتوده وەزيفيەش لە راڤەكردن و ديارىكردنى پێكهاتەى دەسەلاتدا ماوەردى دەگەيەنێتە ئەو ئاستەى شەرعيەت بەدەسەلاتى بەهێز داگيركراو سەپێنراو بدات و دەڵێت (و أما أمارة الاستيلاء التي تعقد عن اضطرار فهي ان يستولي الامير بالقوة على بلاد يقلده الخليفة امارتها، و يفوضى اليه تدبير سياستها، فيكون الأمير باستلائه مستبدا بالسياسية و التدبير، و الخليفة بأذنه منفذاً لأحكام الدين، ليخرج من الفساد الى الصحة و من الخطر الى الأباحة، و هذا و ان خرج من عرف تقليد المطلق في شروطه و احكامه ففيه من حفظ القوانين الشرعية و حراسة الأحكام الدينية و ما لايجوز ان يترك مختلاً مدخولاً و لا فاسداً معلولاً، فجاز فيه مع الفرق بين شروط المكنة و العجز)[14]. لەم مەقولەوە دەردەكەوێت بە بۆچونى (ماوردى) بە پێى ئەو مەنهەجە وەزيفەى بەكارى هێناوە جەماوەرو بونيادە كۆمەلايەتيەكانى مافى رەفزكردنى ئەم حالەتەيان نيە مادام دەسەلات وەزيفەكانى خۆى ئەنجام دەدات. پێم وايە هۆكارى تەبەنى كردنى ئەم ميتۆدەش لە لايەن زانايانى ئەو سەردەمەوە ترسيلن بوە لە پچراندنى شيرازە ى كۆمەلايەتى و هەڵوەشاندنى كۆمەلگاو بەرپابونى شەرى ئەهلى كە بە (فتنە) ناوزەديان كردوە، نازانم گيرۆدەبونى كۆمەلگا بە دەسەلاتێكى

ئيستبداديەوە چۆن بە (فتنە) پێناس نەكراوە!! هەرچيەك بێت پاساوى سەرهەڵدان و تەبەنى كردنى ئەم ميتۆدە، ئاسارەكانى هێندە خراپ بوون چارەنوسى دەسەلات و ئايندەى كۆمەڵگەى ئيسلامى نغرۆى قەيران كردوە، ناكرێت لە سەر حسابى دوارۆژى نەوەكان ئيستاى دەسەلاّت رێك بخرێت يان لە پێناو چاككردنى بارى خراپى ئيستاى دەسەلات ميكانيزم و ميتۆد ئامرازێك بەكار بهێنين ئايندەى پێ شەتەك بدەين. ئەم هەڵە مەنهەجيانەيە ژيانى سياسى و كۆمەلايەتى كۆمەڵگاكەمانى تێكداوە، ئەم ميتۆدى وەزيفيە ئەمرۆش بەكاردهێنرێت بۆ بەگشتى كردنى ئەزمونى رۆژئاوا بەسەر سەرجەم كۆمەڵگاكانى تردا، گرفتى ئيفليجى عەقڵى سياسى ئێمە لە هەڵچنينى ئەزمونێكى سەركەتودا لەم تەبەنى كردنى ميتودە وەزيفيەدايە، كە نەست و خەيالگەى مرۆڤەكانى كۆمەڵگايەكى تر بەرهەمبهێناوە، گرفتەكە كە گرفتى گشتى كردنى دەرەنجامەكانى ئەم مەنهەجەيە بەسەر تەواوى گروپو كۆمەڵگاكانى تر بە فەرامۆشكردنى ئەو جياوازيە چۆنايەتى و چەندايەتيەى كە لە نێوان گروپ و گۆمەڵگاكاندا هەيەو كار دەكاتە سەر سروشت و ماهيەتى ئەزمون و فۆرمەكان. ئەمرۆ هەردو تێزى ئيسلامى و عيلمانى لەبەر تەبەنى كردنى ئەم ميتۆدە ژيانى سياسى كۆمەڵگا موسلمان نيشنەكانيان تێكداوە و پرسى دەسەلاّتيان تووشى ئيشكاليەت كردوە، چونكە ئەم ميتۆدە ئەساس و هۆشيارى سياسى كۆمەڵگاى فەرامۆشكردوە كە لە ئاكامى قۆناغەكانى گەشەى كۆمەڵگا بەرهەمهاتوە. هەر تێزەى دەيەوێت پارادايمى خۆى گشتى بكات و ئەويتر رەفز بكات. بۆ تێپەراندنى ئەم قەيرانەى دەسەلاّت پێويستە ميتۆدێك دياری بكەين كە پێش هەڵچنينى ئەزمون و فۆرمێك بونيادێكى بۆ پێك بهێنين و بكرێتە ئەساس بۆ ئەزمونەكە. پێم وايە ميتۆدەكەى (ابن خلدون) لە راڤەكردنى بۆ ديارده سياسيەكانى مێژوو ميتۆدێكى سەركەتو بێت لە شيتەڵكردنى ئەو بونيادو گوتەزايانەى كە فۆرمێكى دەسەلاتيان پێكهێناوە (ابن خلدون) لە ميتۆدەكەيدا كات و شوێن و مومارەسات و ئامرازەكان تێدەپەڕێنێت و لە روانگەى مەبەست لەو كردارانەوە ديارده سياسيەكان دەخوێنێتەوە كۆمەڵە ياساو ريسايەكى لێ دەردەهێنێت و دەيانكاتە بنەماو پرنسيپ بۆ هەڵسەنگاندنى هەر ئەزمون و ديارديەكى سياسى و لەكاتى گشتى كردندا بەسەر گروپ و كۆمەڵگاى تر ئەو بنەمايانە رەچاو دەكرێن نك شێوازو ئامرازو ژينگەو كەسەكان. (ابن خلدون) بۆ زياتر رونكردنەوەى ميتۆدەكەى تيشك دەخاتە سەر مەرجى قورەيشى بون لە پێكهێنانى فۆرمى دەسەلاّت لە يەكەم ئەزمونى موسڵمانان بۆ دەسەلات كەلە فەرمودەى (الائمة من قريش) وەرگيراوەو كراوە بە پرنسيپێكى دەسەلات لە پێكهێنانى ئەو ئەزمونەدا، (ابن خلدون) لەم بارەيەوە دەڵێت (اذا بحثنا عن الحكمة في اشتراط النسب القرشي و مقصد الشارع منه لم يتقصر فيه علي التبرك بوصلة النبي (ص) كما هو المشهور، و ان كانت تلك الوصلة موجودة و التبرك بها حاصلاً. لكن التبرك ليس من المقاصد الشرعية كما علمت، فلا بد اذن من المصلحة في اشتراط النسب وهى المقصودة ممن مشروعتها)[15]. لێرەدا (ابن خلدون) مومارەسە ميژويى بەكەى موسڵمانان تێدەپەڕێنێت و دەچێتە قۆناێى تەرحكردنى فەرمودەكەى پێغەمبەر (ص) و دياريكردنى مەبەستى ئەو تەرحەو دواتر بە مەرج دانانى لەو ئەزمونەدا و لەم بارەيەوە لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت (و اذا سرنا و قسمنا لم نجدها الاّ اعتبار العصبية التي تكون بها الحماية و المطالبة، و يرتفع الخلاف و الفرقة بوجودها. لصاحب المنصب فتسكن اله الملة و ينتظم حبل الالفه فيها)[16]. دەردەكەوێت كە مەبەست لە قورەيشى بون ئەو بونيادە كۆمەلايەتيەى كۆمەڵگايە كە

دەبێتە ئەساس بۆ هەڵچنینی ئەزمون و لێردا ئاماژە دانە بە پێویست بونی بەهێزی بونیادی کۆمەلایەتی لە پێکهوەنانە هەر ئەزمونێکدا، ئەگەر سەیری چرکە سات و قۆناغی وتنی ئەم مەقولەیە بکەین دەبینین لەسەرەتای پێکهوەنانی ئەزمونی مەدینەدایەو مەبەست تیایدا بەهێزو توکمەکردنی ئەو بناغەیە کە ئەزمونەکەی لە سەرەو بەپێی ئەو پێکهاتەی ئەوکاتەی کۆمەڵگەی عەرەبی لە سەرە، بەتایبەت کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵگەی پەرتەوازەو لێک ترازاو بوو پێش هاتنی ئیسلام و بەو حاڵەتەوە توانای هەڵگرتنی ئەو قورساییەی نیبە، بۆیە پێویست بە کۆکردنەوەو پێکەوە گرێدانەوە ئەلقە لێکترازاوەکانی هەیەو دەبێت بەهێزترین ئەلقە بکرێتە سەنتەری ئەو کۆکردنەوەیە کە قورەیشە، هەروەها پێغەمبەریش لەو ئەلقەیە و هێزێکی زیاتری پێدەبەخشێت توانای بەرگەگرتنی زیاتر پێ دەدات، ئەمەو لە هەمان کاتدا ئەزمونی میژوویی رۆمەکان لە دەسەڵاتدا ئایینی مەسیحیان کردۆتە ئەساسی هەڵچنینی ئەزمونی دەسەڵاتیان، لێرەوە پێغەمبەر (ص) بەسود وەرگرتنی لە دوایەمین ئاستی گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو پشکنینی وردی جەستەی کۆمەڵگەی عەرەبی و کارایی گوتارەکانی قرئان لەسەر زهنیەت و سایکۆلۆژیەتی تاکی عەرەبی بەتایبەت ئەو ئینقلابە نەفسیەی کە بەرپای کرد لە ناخی هەر تاکێکی موسڵماندا بە شێوەیەك ئینتمای تازەیان بالێکێشا بەسەر تەواوی ئەلقەبەندی و ئینتماکانی تردا بەڵام نیشتوی قۆناغەکانی رابردو ژیانیان لە خەیاڵگەو نەستیانی پێکهێناوە نە سڕاوەتەوەو هێشتا ئاساری لەسەر برگەی کۆمەلایەتی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانەوە بە جێهێشتووە، بەڵام گۆڕینی ئەم خەیاڵگەو نەستە پێویستە سەرەتا رەچاو بکرێت و پاشان بەناوەرۆك و سکێچی نوێوە دابڕێژرێتەوەو شیاوو لە ئاست بەمەرجەع بونی عەقلیەتی سیاسی بێت. گرنگی و کاریگەری ئەو ئەزمونە لەو پنتەوە دەست پێ دەکات کە خاڵی دە ست پێکردن لە شوێنی خۆیدا بوو و پاشان ئەولەویەتی بەتۆکمە کردنی بونیادە فکری و ئابوری و کەمڵایەتیەکەدا ئەم گۆڕینی خەیاڵگەو نەستی خەڵکی هاوکات لەگەڵ کارکردن لەسەر پتەوو بەهێزکردنی سەرجەم بونیادەکانی کۆمەڵگا ئەزمونێکی سەرکەوتوو گەورەیی بەرهەم هێنا، ئەزمونەکان هەرچەندە سەرکەوتوو بەهێزبن تەمەنان مەودایەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە، پێویست دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەودا زەمەنیە سەرلەنوی خەیاڵگەو نەست و بونیادەکان بگۆڕێن هەتاکو ئەزمون و فۆرمەکان سەرلەنوێ بە نەفەس و شێوازێکی بەهێزتر بێتەوە مەیدان و خزمەتەکانی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات. هەرکات کۆمەڵگا گەشەی کردو میکانیزم و خەیاڵگەو فۆرمەکان وەك خۆیان مانەوە ئەوا چەپاندن رووەدات. میژووی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی ئەو راستیە دەردەخات کە کاتێك گۆڕینی فۆرمی دەسەلات هاوشێوەی گۆڕینی خەیاڵگەو نەستی خەڵکی نەبوو ئەوا دەبێت ئەو فۆرمە بە تۆبزی و بە زەبری هێز بسەپێنرێت، کێڕڤی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا روو لە دابەزین دەکات و هێدی هێدی ژیان و گەشەی کۆمەڵگا بەرەو پاشەکشە دەڕۆیشت هەتا گەیشتە نزمترین ئاستەکان و لەگەڵ ئەو پاشەکشەیدا فتوحاتی ئیسلامی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فراوانکردو باوەڕهێنانی گەل و نەتەوە لەیەك جیاوازەکان بونیادەکانی (کۆمەلایەتی، ئابوری، فکری) کۆمەڵگایان دەگۆڕی و لە فۆرمەکانی دەسەڵات وێنەیان دەگۆڕا لە خلافەتەوە بۆ پاشایەتی (ملك العضوض) پاشان بۆ (سلطنة)، لێرەوە نهێنی سەرکەوتن و بەهێزی هەر ئەزمونێکمان بۆ دەردەکەوێت کە بونیادەکانی کۆمەڵکایەو ئەویش پەیوەستە بە خەیاڵگەی کۆمەلایەتی خەڵکیەوە، دیارە هاوکات لەگەڵ گۆڕاندنی بونیادی فکری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگا

پێویستە بونیادی ئابوریەکەشی بگۆڕێت بۆ هاوسەنگ راگرتنی هاوکێشەی گۆڕانەکە لەکۆی ئەو بۆچونانەی رابردووەوە دەردەکەوێت کە گۆڕانی سروشت و ماهیەتی دەسەلات پەیوەستە بە گەشەو پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگاوە و کاتێکیش وتراوە (وجبت السلطة بالعقل و الشرع) مەبەست تیایدا ئەوەبوە کە پەروەردگار لە شەریعەتی ئیسلامیدا فۆرم و ڕێنەی دەسەلاتی پەیوەست کردوە بە عەقڵەوە کە ئەویش مەحکومە بە خەیاڵگەو نەستی مرۆڤەکانەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە کاتێك امامی غزالی دەفەرموێت دەسەلات بە عەقڵ و شەرع واجب دەبێت بۆ بەڵگەهێنانەوەو پاساودانی ئەم مەقولەیە سەرجەم ئاماژەکانی عەقلین و پەیوەستن بە بونیادو خەیاڵگەی کۆمەڵگاوە، سەرجەم ئەو مەقولانەی لەناو ترادیسیۆنی ئیسلامیدا بۆمان ماونەتەوە بەهەمان شێوە کۆمەڵگاو خەیاڵگەی مرۆڤەکان دەکەنە سەرچاوەو مەرجەعی دەسەلات و لەو گۆشەنیگایەوە کە مرۆڤ بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە تەنها بابەتی گوتاری قورئانەو خەیاڵگەو پێکهاتەو کارلێکە ناوخۆیەکانی مرۆڤ سلوکی ڕێك دەخات و لەوێشەوە کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ڕێك دەخرێت و قرئان دەبێتە سەرچاوەی دەسەلات و ئیسلامیش دەبێتە دین و دەوڵەت و سەرجەم ڕینومایەکانی قرئان بە مەبەستی ئامادەکردنی بونیادەکانی دەسەلاتە لە ڕێگەی داڕشتنەوەی پێکهاتەی تاکەوە.

دەسەلات و ڕۆشنبیر

لە سۆنگەی ئەو بۆچونانەی رابردووەوە دەرکەوت بۆمان کە کۆمەڵگا سەرچاوەو ئەساسی بەرهەمهێنانی فۆرم و ئەزمونی دەسەلاتە، لێرەوە پەیوەندی کەرتە کۆمەڵایەتیەکان بەدەسەلاتەوە گرێ دەدرێت و هەرێك لەو کەرتە کۆمەڵایەتیانە ڕۆڵی تایبەت و کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی و شێوازی شێوەگرتنی فۆرمی دەسەلات، جۆرو شێوازو قورسایی کاریگەریەکەش لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تری کۆمەڵایەتی جیاوازەو بەندە بەتواناو سروشتی هەر کەونێکەوە و لە نێوان یەکدیشدا کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت. ڕۆشنبیران ئەو کەرتە کاریگەرن کە بزوێنەرو داینەموی کۆمەڵگان و بەردەوام دیدگاو سیستم بۆ کەرتەکانی دیکە دادەڕێژێت و ئاراستەو جۆرو سروشتی جوڵەی تاکەکان دیاری دەکات و دەبێتە مایەی دروست بونی فەزایەکی نوێی کۆمەڵایەتی. ڕۆشنبیران دەتوانن جەستەو هەناوی کۆمەڵگا بخوێننەوەو دەستنیشانی سروشت و جۆری پێکهاتەو ئاستی ژیانی بکەن و ئامرازو میکانیزمە پێویستەکانی ئیدارەی ئەو جۆرو ئاستە ژیانە دیاری بکەن و زەمینەو هەل و مەرجی بەرهەمهێنانیان لەگەڵ کەرتەکانی تر دەستەبەر بکەن و کایەیەکی ملگناتیسی واْ دروست بکەن کە سەرجەم ئەو قاڵب و سیستەمانەی لە قوتابخانەکانی تر بەرهەمهاتوون و ئەمڕۆ ئاستەنگن لەبەردەم پێکهێنانی دەزگاو ئامرازی نوێدا تێکدەشکێنێت، کۆمەڵگاکانیش ئاستی ژیان و قۆناغی گەشەو جۆری پێکهاتەیان لەیەك جیاوازە، کە ئەمەش دەکاتە جیاوازی چالاکی هەڵسوڕان و دەرەنجامی کەرتە کۆمەڵایەتیە هاوچەشنەکانی ناو کۆمەڵگا لەیەك جیاوازەکان و سەرەنجام لە یەکنەچونی سیستەمی پەویەندی و ستراکچەرو پەیوەندی نێوان دەسەلات و سەرجەم کەرتە کۆمەڵایەتیەکان بەڵام دەگونجێت دەرەنجام و پێکهاتەکانی دەسەلات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هاوشێوەی ئەو پێکهاتانەی قۆناغێکی ڕابردووی کۆمەڵگایەکی تر بێت، هەروەك دەکرێت کۆمەڵگاکان بەهەمان قۆناغی حاڵەتی یەکتردا تێپەڕن و ئەوکات بەکارهێنانی بڕیارو دەرەنجامی فکری ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بۆ خوێندنەوەو

دياريكردنى ئاراستەى گۆرانى كۆمەلايەتى و فۆرمى دەسەلات لە كۆمەلگايەكى تردا كە لە روى سياقى مێژوويى و ژيارىدا لە يەك جياوازين بەكارهێنانێكى نابابەتيەو دەبێتە مايەى سەرهەلدانى تۆندوتيژى لەو كۆمەلگايەداو لاوازكردنى پرۆسەى گۆڕان و لە باربردنى هەل و تواناو دەسكەوتەكانى كۆمەلگا. ئەمە كێشەى كۆمەلگا موسڵمان نشينەكانە بە ردێژايى نزيكەى سەدەيەكە چەندين تێزو فۆرم و دەرەنجام تەرح كراون بە مەبەستى تێپەراندنى قەيرانەكان بەڵام سەرەنجام شكستيان هێناوە چونكە هەڵقوڵاو و فۆرمەلەبوى ناو كۆمەلگا خۆى نەبون و لە روى قۆناغ و ساتى مێژوويى و ئاستى گەشەو پێگەيشتنەوە لەيەك دور بون، ئيدى ئاراستەكردنى گوتارو ميتۆدو حوكمى حاڵەتى كۆمەلايەتى ناو كۆمەلگايەك بۆ حاڵەتێكى هاوشێوەى ئەوە لە كۆمەلگايەكى تر دەبێتە گوتارێكى دياگۆجيانەو هێزو كەرتە كۆمەلايەتيەكان بەهەڵەدا دەبات و هەل و تواناو جولانەوەكان دژ يەك دەبنەوە و زەمينەو سەرەتاكانى ئەزمون و مێژوە نوێيەكە لاواز دەبن لەم سۆنگەوەيە كە هەوڵەكانى گۆڕانى فۆرمى دەسەلات لە كۆمەلگەى ئيسلاميدا شكست دەهێنێت، تێزى علمانى لە روانگەى سياقى مێژويى كۆمەلگاى رۆژئاواييەوە پۆلێن و قۆناغبەندى كۆمەلگەى ئيسلامى و دادگايى حاڵەتە ئيسلاميەكە دەكەن و خەيالگەو ئاستى ژيان و پێكهاتەى كۆمەلايەتى كۆمەلگاش زۆر جياوازە لە رۆژئاواو ئامادەگى بەرهەمهێنان و وەرگرتنى ئەو شێوە فۆرمەى نيە لەو چركەساتەدا، تێزى ئيسلاميش فۆرمێكى دەسەلات تەرح دەكات كە ئاستى ژيانى كۆمەلگا تێپەراندوەو واقعى ئێستاى كۆمەلگا داواى فۆرمى تر دەكەن بۆ رێكخستنى ژيان چونكە فۆرمە مێژوييەكەى تر توانای لە خۆگرتنى ئەم ئاستەى ئێستاى ژيانى كۆمەلگاى نيە، ئەمەش ناكاتە ئەوەى كە فۆرمەكانى دەسەلات لە كۆمەلگاكاندا وەك يەك نابن يان ناكرێت فۆرمى دەسەلات كۆمەلگايەك بخوازرێت بۆ كۆمەلگايەكى تر نەخێر بەڵكو پێويستە هەركاتێك گەشەى كۆمەلگاكان هاوئاست بون ئەو كاتە فۆرمەكانى دەسەلاتيش هاوشێوەى يەكتر دەبنەوە بەدەر لە جياوازى مەرجەعەكان، لێرەوە رەوايى و ناڕەوايى گۆاستنەوەى ئەزمون و فۆرمەكانى دەسەلات پەيوەستە بە ئاستى گەشەو پێكهاتەى كۆمەلگاوە نەك جۆرى مەرجەعەوە بەڵام دەگونجێت لە رووى زەمەنيەوە بۆ تەرحى فۆرمى دەسەلات جياوازى هەبێت. لێرەوە ئەركى رۆشنبيران وەك كەرتێكى كۆمەلايەتى كارا بريتيە دەبێت لە دەستنيشانكردنى ئاستى گەشەى كۆمەلگاو جۆرى كارلێكە ناوخۆيەكانى ناو كۆمەلگايە، ئيتر دەكرێت رۆشنبيران لەناو كۆمەلگاى ئيسلاميدا بەهەمان دەرەنجامى رۆشنبيران كۆمەلگايەك تر بن لە هەمان كاتدا يان لەكاتى يەك جياوازدا هەروەك ابن القيم الجوزى لە بارەى پەيوەندى ئاين و دەسەلاتە لە ناو كۆمەلگادا بەهەمان دەرەنجامى (اردشير) گەيشتوە لە كۆمەلگايەكى تر، كە لەم بارەوە دەڵێت (الدين و الملك توأمان لا قوام لأحدهما الاّ بصاحبه)[17] ئەم دەرەنجامە لە روى زەمەنى و ناوەندى كۆمەلايەتى بەرهەمهاتنەوە جياوازى هەيە، واتە هەريەكەيان لە كۆمەلگاو كاتێكى دياريكراودا ئاراستەكراون و وە لە دوو مەرجەعى فكرى و ژيارى لە يەك جياوازەوە پێك هاتون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەساس و زە مينەى كە سەرجەم مەرجەع و ژيارەكان كۆدەكاتەوە لە سەرى بەندن. لەم جياوازى كات و شوێنەى گوتارە هاوچەشنەكانەوە دەچينە سەر راستيەكى گرنگى تر كە دياری كەرى جۆرى پێكهاتە و ئاستى ژيانى كۆمەلگاو فۆرمى دەسەلاتە، ئەويش گوتارى جياوازى لەناو كۆمەلگادا، ئەگەر هەر كۆمەلگايەك لە روى تايبەتمەندىيەكانەوە گوتارى تايبەتى بەرهەم بهێنێت و تايبەتمەندى

کۆمەڵگاکانیش لە یەکجیاواز بێت و ببێتە مایەی جیاوازی گوتارەکان، ئایا گوتاری جیاوازی وەک سیمایەکی دەسەڵات و دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری چ پاساوێکی هەیە لەناو یەک کۆمەڵگادا یان لەناو چەند کۆمەڵگایەکی هاوکاتدا؟ گرنگیی گوتاری جیاوازی پەیوەستە بە هۆکارە پێکهێنەرەکانیەوە، ئەم هۆکارانەش دەبنە بناغەو رۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕن لە چونیەتی شێوەگرتنی فۆرمی دەسەڵاتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم راستیەش پێویستمان بە شیتەڵکردنی گوتاری جیاوازیە بۆ هۆکارە پێکهێنەرەکانی، گرنگترین هۆکارە پێکهێنەرەکانی گوتاری جیاوازی کورت دەکەمەوە لە:

١-توانای لە یەکجیاوازی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوە: دیارە ئەوە تاکەکانن گۆتارەکان بەرهەم دەهێنن، ئەم بەرهەمهێنانەش پەیوەستە بە ڕوانگەو پێوەرو باری دەرونیو ڕێژەیی زانیاری و ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان، هەموو ئەمانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە هەرچەندە لەناو یەک مەرجەع و کۆمەڵگایەکدا بن، ئیدی ئەم حاڵەتەی تاکەکان تەنها دەرئەنجام و بەرهەمی لە یەکجیاوازی لێ چاوەڕوان دەکرێت و هەموو مرۆڤێکیش مافی خۆیەتی چۆن بیردەکاتەوەو کەس بۆی نییە ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان زەوت بکات بە هەر ناوێکەوە بێت، سەپاندنی میتۆدو تێڕوانین و بیروباوەڕێکی دیاریکراو بەسەر مرۆڤەکاندا قەدەغەیە بەپێی گوتاری قرئانی (لا اکراه فی الدین) بقره (افأنت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین) (یونس) کاتێك پەروەردگار ئازادی بیرکردنەوەی بۆ مرۆڤەکان قەرار دابێت، هیچ کەسێك بۆی نییە بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی بانگەوازو ئایین ئەو ئازادیە سنوردار بکات، تۆ بڵێی باوەڕداران لە پەروەردگار دڵسۆزتر بن بۆ ئایین؟ ماشا الله یان بڵێی پەروەژندی ئایین لە ئازادی مرۆڤەکان بێت یان چەوساندنەوەیان ئەمە گرفتی فکری ئاینی بوە لە مێژودا، گوتارێکی بەرهەمهێناوە سروشتی و پێکهاتەی مرۆڤەکانی ڕەچاو نەگرتوە ئەمەش بەهۆی بارگاوی بونی ئەو ڕێبەرو بیریارانە بوە بە بەها کۆمەڵایەتیەکانیان کە کارایی دەقە قرئانیەکانیان سنوردار کردووە، گرنگە ئەمڕۆ تێزی ئیسلامی بەمەبەستی شێوەگرتن و فۆرمەڵەبونی فۆرمێکی دەسەڵات ئەم خاڵە بنەڕەتی و سەرەتاییە بەجدی ڕەچاو بکات، گوتاری جیاوازی پەیوەستە بە مرۆڤ بونی مرۆڤەکان کە خودی قرئان بەمەبەستی بەرجەستەکردنی و باڵاکردنی ئاستی هەست بە مرۆڤ بون هاتوە، وە ئەم بەرجەستەکردنی سروشتی مرۆڤانەیەی مرۆڤەکان تەنها ئامانجی گوتاری قرئانیەو سەرجەم حوکمەکان و دەقەکانی تریش دەبێت لەم ڕوانگەوە ڕاڤەبکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. سروشتیە لە دەرەوەی مەرجەعی ئیسلامی خەڵکانی تر ئەم گوتارەیان بەرهەمهێنابێت و لە ڕوانگەیەوە فۆرمێکی دەسەڵاتیان تەرح و بەرجەستە کردبێت بەهۆی ئەو پێوەرو دیدگاو پێکهاتە عەقڵیو دەرونیەی ئاستی کۆمەڵگا بۆ تاکەکانی دیاری دەکات، بەڵام ناسروشتی لەوەدایە ئیسلامیەکان نەتوانن ئەم جۆرە گوتارە لەناو قرئاندا هەڵگۆزن و بەرهەم بهێنن.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ڕوداوو گۆڕانکاری و دەرهاویشتەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ چۆنیەتی شێوەگرتنی پێکهاتەی تلکەکان. لێرەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەردەکەوێت لە چۆنیەتی کارکردن لەو بوارەداو کردنی بە کۆدیك بۆ لێکدانەوەی سەرجەم مەسەلەکانی ترو ڕەنگکردنی هەموو بوارەکانی ژیان بەم مەسەلەیە هەتاکو دەخزێتە ناو کۆنەسەت و خەیاڵگەی تاکەکان و دواتر کۆمەڵگایی پێ ڕەنگڕێژ دەکرێت و هوشیاریەك و فەزایەکی کۆمەڵایەتی لێ پێك دێت و بەهۆیانەوە فۆرمەکان بەرهەم دێن. ڕۆشنبیران وەك کەرتێکی کۆمەڵایەتی چالاك پێویستە سەرجەم مەنهەج و سستم و پێوەرەکان بخەنە ژێر پرسیاری جدیەوە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ بونی مرۆڤەکاندا ناگونجێت لەهەر ناوەندو

مەرجەعەتێكەوە بەرهەم هاتبێت چونكە هەموو ناوەندو مەرجەعەكان سروشتێكى مێژوويیان هەيەو توانای درێژكردنەوەيان بۆ هەموو زەمەنەكانى تر نيە، بۆيە گرنگە بەردەوام رۆشنبيران بە ميتۆدێكى رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەكاندا بكەن و هەتاكو فەزايەكى كۆمەڵايەتى ئاست بەرزو پێشكەوتوو بۆ كۆمەڵگا فەراهەم بهێنن كە دەبێتە چاوگى بەرهەمهێنان و شێوەگرتنى سەرجەم فۆرمەكان ئيتر گوتارى تاك و گروپێكى دياريكراو نابێتە چەقەگوتارو هەقيقەت لە خۆيدا مۆنۆپۆل ناكات،

٢-رێژەيى تێگەيتشنەكان:

قورسايى و ماهيەت و جياوازى تاكەكان بريتيە لە تێگەيشتنەكانيان، ئەم تێكەيشتنانەش دەبنە زەمينەو سەرەتاو ئەساسى سەرهەڵدانى هەر مێژوو ئەزمونێك، وە ئەم رێژەيى بونە تێگەيشتنەكانيش بەردەوامى و نوێكارى و وێنەو فۆرمى جۆراوجۆر دەبەخشێت بە ژيان، ئەگەر ئەم راستيە نەبوايە ژيانى مرۆڤايەتى لە يەك ئاست و شێوازدا قەرارى دەگرت: كاتێكيش تێگەيشتنەكان رێژەيى بون ئەوكات دەكرێت لەناو تێگەيشتن و گوتارى خەڵكى تردا راستى بەدى بكرێت و حەقيەتى پێكەوەژيان و يەكترقبوڵ كردنى گوتارەكان دێتە پێشەوەو بوار نامێنێتەوە بۆ نەفيكردنى يەكتر مادام گوتارو تێگەيشتنەكانى دى شتێك لە راستيان هەڵگرتبێت و ناكرێت كۆمەڵگايان لێ محروم بكرێت، ئەم رێژەيى بونەى تێگەيشتن جياوازى لە گوتار پێك دەهێنێت و پاشان گوتارى جياوازى كە دەبێتە هۆكارى كاريگەر لە شێوەگرتنى فۆرمى دەسەلاتدا، كاتێك پەروەردگار (اكراه) رەفز دەكات مافدانە بە بۆچون و تێگەيشتنى و خوێندنەوەكانى بەرانبەر. بۆ موماردسەو خزمەت لە ژياندا و گوتارى جياوازى دەبێە ئەساس و حەقيقەتى ژيانى مرۆڤايەتى و حەقيقەتەكانى تری ژيانى لەسەر هەڵدەچنرێت. ئەم رێژەيى بونەش پەيوەستە بە سروشت و پێكهاتەى مرۆڤ و سنورداری سەرچاوەو دەزگاكانى بەرهەمهێنانى مەعريفە، رۆشنبيران گرنگە بەردەوام دوايەمين ئاستەكانى بەرجەستەبونى مرۆڤ بونى مرۆڤەكانى دەربخەن بۆ دەوروبەريان لە روانگەيەوە تێزو تێكستەكانيان رێك بخەن و تەرحى بكەن بۆ كۆمەڵ وەك راستيەكانى نەك راستيەكى رەها، سيستمى كۆمەڵايەتى رۆڵێكى گرنگ دەبينێ لە جياوازى تواناى تاكەكان و رێژەيى بونى تێگەيشتنەكانيان هەروەك ئەوان رۆڵێكى گەورە دەگێڕن لە پێكهێنانى سەرجەم سستمەكاندا. لێرەوەيە رۆشنبيران پەيوەستن بە دەسەلاتەوە لە بناغەداو كەرتێكى كۆمەڵايەتى كاريگەرن لە دارشتنى بوياردو پايەكانى دەسەلاتدا ئيتر لەناو ئۆرگان و پێكهاتەكانى دەسەلاتدا بن يان لە دەرەوەن وە ئەگەر بويستريت چاكسازى لە فۆرمى دەسەلاتدا بكرێت لەروى چيەتى و چۆنيەتيەوە و گرنگى بدرێت بەهەوڵەكانى گۆڕان لە دەسەلاتدا پێويستە گرنگى و گورانەكە ئاراستەى رۆشنبيران بكرێ و رۆشنبيرانيش بكرێنە بناغەو بەردەباز بۆ گواستنەوەى كۆمەڵگاو فۆرمەكانى بەرەو ئاستە بالاكانى ژيان.

دەسەلات و فكرى ئيسلامى هاوچەرخ

هەرچەندە بزافى ئيسلامى پێشينەيەكى قوڵى هەيە بۆ سەرهەڵدانى، بەڵام ساتى سەرهەڵدان و ئەو رووداوانەى ساتەوەختى سەرهەڵدانەكە رۆڵێكى كاريگەرى هەبوو لە سەر سكێچ و شێوازى فۆرمەلەبونى فكرى بزافەكە، واتە بيرو و بزافى ئيسلامى هاوكات بون لە سەرهەڵداندا، حەيسياتى سەرهەڵدانى فكرى ئيسلامى پەيوەست بوو بە شكستهێنانى فۆرمى دەسەلاتى ئيسلامى. واتە دەسەلات چەقى

پێکهێنانى گوتارى ئيسلامى هاوچەرخەو سەرجەم گوتارەکانى ئيسلامى هاوچەرخ بە دەورى ئەو پنتەدا دەسوڕێنەوەو هەربەکەيان لە گۆشەنيگايەکەوە سەيرى دەسەلآت دەکات و تێزى دياری دەکات، ئەويش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندنەوە لە يەکجياوازانەى کە بارودۆخ و واقعى کۆمەلآيەتى و فەرهەنگى و ئابورى و سياسى کۆمەلگا لە يەکيجاوازەکان پێکى هێناوە، ئيدى ئەم خوێندنەوە جۆراوجۆرانە تێزى جۆراو جۆرى ئيسلامى لێکەوتوەتەوە، لە سەرەتادا پێشەوای شەهيد (حسن البنـا) هێلّـە گشتيەکانى فکرو بزافـى ئيسـلامى رەنگرێـژ کـرد بـۆ چۆنيـەتى گـۆڕان لـە دەسـەلآتداو هەلّچنينـەوەى مێـژوو ئەزمونێکى نوێى ئيسلامى بەم شێوەوى خوارەوە سەرەتاکانى ئەزمونەکەو موفرەداتـى بەرنامـەى کـار نەخشاند:

تـاکى بـاوەڕدار← خـێزانى بـاوەڕدار← کۆمـەلگاى بـاوەڕدار(ئيسـلامى)← حکومـەت (دەسەلآت) ئيسلامى

بـە وردبونـەوە لـە بڕگـەکانى ئـەم سـتراتيژە بـۆ گۆڕينـى دەسـەلآت و بەگەڕخسـتنى مێـژووى نـوێ دەردەکەوێت کە پێشەوا شەهيد کۆمەلگاى کردۆتە مەرجـەع بـۆ پێکـەونانى ئـەم ئەزمونـەو خـێزانيش يەکەى سەرەتايى ئەو کۆمەلگەيەو تاکەکانيش توخمى پێکهێنەرى خێزانن، کۆى ئەمانەش لەو ئايەتەى قرئانەوە (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغير ما بأنفسهم)[18]. سەرچاوەى گرتوە. واتە پرۆسەى گۆڕان لە ديدى قرئانيدا پرۆسەيەکى کۆمەلايەتى و چۆنيەتى و چيەتى ئەم پرۆسەيەش پەيوەستە بە ئاستى ژيانى کۆمەلگاوە. بەپێى سـتراتيژى نـوێ بـۆ پێکـەونانى ئـەزمونى نـوێ پێويسـتە پێگەيـەکى کۆمـەلآيـەتى تۆکمەو بەهێز ئامادە بکەيت لە رێگەى ئامادەسازى تاك و يەکە کۆمـەلآيەتيە سـەرەکيەکانەوە بـۆ ئـەو ئەزمونە تازەيە. لێرەوە بزافى ئيسلامى لە هەنگاوە سەرەتايى و بەرايەکانى کاريدا بـۆ گۆڕينـى جـۆرو ماهيـەتى دەسـەلآت دەست دەکات بە پەخش کردنى مەفاهيم و قيەمێکى نوێى ئيسلامى کە ماهيـەت و جۆرى مرۆڤەکان دەگۆڕێت کە بە فراوان بونى پانتايەکانى ئەم گۆڕانە فەزايەکى نوێـى کۆمـەلآيـەتى فەراهەم دێت رێخۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕان لە دەسەلآتدا، واتە کاتێك بزافى ئيسلامى هەنگاوى يەکـەم بە پەروەردەکردنى تاك و ناساندنى مەفاهيمە ئيسلاميەکان بەتاکەکان و داڕشتنەوەى عـەقڵ و ئـيرادەو سايکۆلۆژيەتيان بە پێ ئەو مەفاهيمە ئيسلاميانە دەست پێ دەکات و ديدگاو سيسـتەمەکانى ژيانيـان دەگۆڕێت ئەوا بناغەکانى گۆڕانى دەسەلآت دادەڕێژێ پايەکانى دەسەلآتى نوێ لـە دڵ و دەرون و نـاخ تاکەکاندا دەچەسپێنێت و هەر لەم سۆنگەوەيە پێشەوا (حسن الهضيبى) دەفەرموێت بە بريان (اقيموا دولة الاسلام في قلوبكم، تقام على ارضكم) هەر گۆڕانێك لە روبەرەکانى ناوەوەى مرۆڤەکانەوە دەسـت پێنەکات ئەوا گۆڕانێکى روکەش و تەمەن کورتەو ناتوانێت گۆڕانێ بەى نـەوعى لـە ژيـان و دەسـەلآتدا ئەنجام بدات. لەم قۆناغەدا گوتـارى ئيسـلامى گوتـارێکى پـەروەردەيى ئەخلاقيـەو بـەناخى تاکـەکاندا

دەچێتە خوارێ بە مەبەستى ئامادەكردنيان بۆ ئەركە نوێكانى ژيانيان، دواتر بە پێى بەرزبونەوەى ئاستى ئەم قۆناغەو چەسپاندنى پايەكانى، گوتارە ئيسلاميەكە گۆڕانى بەسەردا دێت و زيتار ئاراستەى ديارده كۆمەڵايەتيەكان دەكرێت وەك دەرهاويشتەى بەريەككەوتن و سلوكى مرۆڤەكان و ناسەوارى خراپى دەسەلات لەسەر كۆمەڵگا، پاشان برگەكانى گوتار ئاراستەى پێكهاتەو ميكانيزمەكانى دەسەلات دەكرێت، ئەم پۆلێن كردن و قۆناغبەندى كردنەى فكر ئيسلامى هاوچەرخ بۆ پرۆسەى گۆڕان هەندێك جار والێكدەدرێتەوە كە ئيسلاميەكان سەرەتا پەروەردەى ئيسلامى و بانگەوازى ئيسلامى ئيستغلال دەكەن بۆ داوا سياسيەكانيان يان ئامانجە سياسيەكانيان لەناو بانگەوازە ئيسلاميەكەدا دەشارنەوەو ئيسلام دەكەنە دەمامكێك بۆ ئامانجى سياسيان، بێئاگا لەوەى كە سەرەتاكانى گۆڕينى دەسەلات لە ديدى ئيسلاميدا لە ناخى تاكەوە دەست پێ دەكات و دواتر بازنەكانى فراوان دەبن هەتاكو تەواوى پێكهاتەو ئۆرگان و ديارەكان دەگرێتەو لەگەڵ هەر قۆناغ و ئاستێك ئامرازو ميكانيزم و ستراتيژو پێكهاتەى نوێ دەگرنە بەر. بەڵام بە سەرنجدان لە مێژوى فكرو بزافى ئيسلامى هاوچەرخ دەردەكەوێت كە تێزى ئيسلامى لە هەندێك قۆناغى مێژوييدا كەوتۆتە حاڵەتى دژوارەوە كەويستويەتى سەرلەنوێ خۆيى پێناسە بكاتەوە لەم خۆپێناسەكردنەوەيەدا ئاراستەو پێگەو هەندەسيەتى كارى گۆڕبوە و پنتى دەسبەكاربونيشى لێ گۆڕاوەو هەڵوێستى دابڕان لە كۆمەڵگ دەگرێت لە كاتێكدا كۆمەڵگا مەرجەعى بەرهەمهێنانى فۆرمى دەسەلاتەو لێرەوە بزافەكە خۆى دەكەوێتە وشكردنى چاوگەكانى بەرهەمهێنانى فۆرمى دەسەلات يان چاوگەكانى بەرهەومهێنانى دەگۆڕێت لە كۆمەڵگاى خۆيەو دەچێتە سەر ئەزمومى كۆمەڵگايەكى ترو دەيكاتە چەقى شێوەگرتنى فۆرمى دەسەلاتى. ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شاڵاوە فكرىو ئەندێشە سياسيەى ناوچەكەى گرتبوەو هەريەك لەو ئەندێشە سياسيانەش بە كرچ و كاڵى گەيشتبونە ناوچەكەو هەريەكەيان لەناو كۆمەڵگاكانى خۆياندا چەندين كێشەو گرفتيان هەبوە، ئەم ئەندێشە سياسيە گرفتاريو كرچ و كاڵانە بونەتە ئەو پارادايمەى كە لە روانگەيەوە هێزە سياسى و كۆمەڵايەتيەكان پێكهاتەى فكريو سياسى خۆيانيان رێكسختوەتەوەو ئيدى كاريگەرى نێگەتيفيانە بە قۆڵايى ئەو گروپانەدا شۆڕ بوەتەوە هەتاكو پێكهاتەو ناوەرۆك و بونيادو ئاراستەيانى گۆڕبوەو تێزو فۆرمێكى دەسەلاتى شێواوى بەرهەمهێناوە. هەركاتێك لەهەر قۆناغێكدا ئەزمون و فۆرمەكان هەڵقۆڵاوى كۆمەڵگا نەبوبێت و كۆمەڵگا نەكرابێتە مەرجەعى دەسەلات، لەو شوێن و كاتەدا ئەزمون و هەوڵەكان گۆڕينى دەسەلات شكستيان خواردوە چونكە دژ هاتنەوەبوە لەگەڵ ئەو رێسا كۆمەڵايەتيەى گۆڕان كە پەروەردگار دايڕشتوە (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسم). لێرەدا ئەوەى جێگەى ئاماژە پێكردن بێت مەسەلەى كاريگەرى مێژووە لەسەر كۆمەڵگا، واتە كاتێك كۆمەڵگا درێژكراوەى قۆناغە رابردوەكانيەتى و سەرجەم سيستم

و دیدگاو پێوەرە پێشینەکان ناسەواری قوڵیان لەسەر ناخ و پێکهاتەی تاکەکان بەجێهێشتووە ئامادەییان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و ئیستایاندا پەیوەستە بە ڕابردوویانەوە خەیاڵگەو نەستیان وێناکەرەوەی دونیی کۆمەڵگەن؟ ئایا بزافی ئیسلامی کاتێك کۆمەڵگا دەکاتە مەرجەعی بەرهەمهێنانی فۆرمی دەسەڵات و کۆمەڵگاش هەڵگری هەمان سیستم و ڕوانگەو عەقڵیەت بێت کە ئەو فۆرمەی دەسەڵات بەرهەمهێنا کە توانای لەخۆگرتنی ئەم ژیانەی نیستا نییە؟ کاتێك کۆمەڵگا بەم واقعەیەوە دەکرێتەوە مەرجەع لەلایەن بزافی ئیسلامیەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانەوەی هەمان فۆرمی پێشوە؟ یان بەرنامەی کاری چییە بۆ تێپەڕاندنی ئە ناسەوارو وێنە ڕابردووانە؟ ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە هەندێك جار بزاف و و فکری ئیسلامی تێکەوتەوە بەمەبەستی ڕێگرتن لە نەیارەکانی ئەولەویاتی لێ گۆڕاوە یان ڕونتر بڵێم نەیارەکانی توانیویانە گۆڕەپانەکەی پێ بگۆڕن و پەلکێشی بکەنە ناو گۆڕەپانێکەوە کە ئەولەویات و موفرەداتی کارکردنی جیاوازەو لەبری ئەوەی کار لەسەر ئەساس بونیادی دەسەڵات بکات چوەتە ناو فەزای دەسەڵاتەوە بە پێگەیەکی لاوازەوە ئیتر لێرەوە پرۆژەو گوتاری دەسەڵاتی بزافەکە دوبارەکردنەوەی فۆرمە میژوییەکە بوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕای جەماوەر، هەندێك جار لە پاڵ وێناکردنەوەی فۆرمە میژویی ئیسلامیەکەدا هەوڵی جێگرتنەوەی وێنە نوێکانی دەسەڵات دەدات لەناو فۆرمە میژویەکەدا بەمەبەستی جێی خۆگرتنەوە لەناو ئەو فەزا سیاسیەدا. ئەمە ئەو تەڵزگەیە کە لە هەندێك شوێندا باڵەکانی ناو بزافی ئیسلامی تێ کەوتوە. بەڵام پێشەوای شەهید هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دیاریکردنی هێڵە گشتی و ڕاستەی جوڵەی بزافەکەدا، بیست بنەمای دیاریکردن بەمەبەستی کارکردن لەسەر عەقڵیەت و نەست و خەیاڵگە کۆمەڵگاو ئامادەکردنیان بۆ پێکهێنانی فەزایەکی نوێی کۆمەڵایەتی کە ببێتە مایەی فەراهەمهێنانی فەزایەکی نوێی سیاسی، واتە ئیشکردن لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکەدا بەو شێوەی بتوانێت ئاساری بەرهەم و قۆناغە ڕابردووەکان لەسەر زهنیەت و خەیاڵگەی کۆمەڵگا نەهێڵێت، دیارە ئەم جۆرە کارکردنەو ستراتیژە نەفەسێکی درێژو عەقڵیەتێکی دوربین و ڕوئیایەکی ڕون و قوربانیدانێکی زۆری دەوێت، بەڵام دروستترین ڕێبازە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ڕەگەوە بەشێوەیەك فۆرمێکی نەوعی جیاوازمان بۆ پێك دێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلامخوازان تەنها دەبێت کار لەسەر هەڵ و مەرجی زاتی بکەن بۆ ئەو جۆرە گۆڕانە، نەخێر بەڵکو پێویستە هاوکات لەگەڵ ئەو جۆرە کارکردنەدا کار لە سازدانی هەڵ و مەرج بابەتیەکە بکەن بۆ ئەو گۆڕانە، چونکە ئەگەر هەر پرۆژەیەك هەڵ و مەرجی بابەتی گونجاو نەبوو بۆ تەتبیق کردنی ئەوا ناتوانرێت ئەو پرۆژەیە بهێنرێتە حەیزی بون هەرچەندە لەوری زاتیەوە ئامادەباشی تەواوی ببێت وە بە پێچەوانەشەوە، ئەمە دوو تەڵزگە بوە کە جارجار بزافی ئیسلامی تێخزێنراوە. دیارە گرنگی کۆمەڵگا لەهەر پرۆسەیەکی گۆڕاندا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤانەی،

چونکە ئەوە مرۆڤەکانن سەرجەم شێوەو ئاستەکان ژیان دەگۆڕن بە تەواوی فۆرم و پێکهاتەو ئامرازەکانیەوە وە چەقی پێکهێنەری گوتاری قرئانیش مرۆڤەو بەرەو (کمال) بردنی مرۆڤە، بۆ ئەو مەبەستەش پەروەردگار ئیرادەو ئازادی و کەرامەتی مرۆڤەکانی پاراستوەو پێشێلکردنی لەلایەن مرۆڤەوە بە بەمەبەستی ئاینیش بێت قەدەغە کراوە، ئیدی ئەم سێ رەگەزە دەبنە بنەمای هەر پرۆسەیەکی گۆڕان و پێکهێنەری هەر فۆرم و پێکهاتەیەک، بۆ سەرخستنی هەر پرۆسەیەکی گۆڕان و چەسپاندنی هەر فۆرم و پێکهاتەیەک پێویستە ئیرادەو ئازادی مرۆڤەکان رەچاو بگیرێت و سەرجەم بەربەستە ناوەکیەکان (خەیالگەو نەستی مرۆڤەکان) و دەرکیەکان لاببرێن و هەر لەم سۆنگەوەیە لە ئیسلامیدا شەرعیەتی دەسەلاتدا سپێردراوە بە پابەندبونی دەسەلاتدار بە پەیامی خوداوە و ئیرادەی خەلکی. پابەندبونی دەسەلاتدار بە پەیامی خوداوە فەرزکردن پەیامەکەی نیە بەسەر خەلکیدا بەلکو جێبەجێکردنی رێنومانیەکانی پەیامەکەیە لە پاراستن و کەرامەت و ئازادیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەکان ئیتر هەر جۆرە بیروبۆچون و ئایدیایەکیان هەبێت، واتە خودی دەسەلاتدار دەبێت پەیوەست بێت بە ناوەرۆکی پەیامی خودایی بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی ژیانی کۆمەلگا لە رێگەی بەرەو کەمال بردنی مرۆڤەکانەوە ئومەتیش (کۆمەلگا) رەزامەندی لەسەر ئەو حالەتە دەربڕێت. دیارە پرۆسەی بەرو کەمال بردنیش لە رێگەی گۆڕینی بەردەوامی ئەو سیستم و روانگەوەیە کە پێکهێنەری نەست و خەیالگەی مرۆڤەکانە چونکە گۆڕینی ئاستی و ناخی مرۆڤەکان پەیوەستە بە زهنیەت و خەیالگەو سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەکانەوە فۆرمەکانیش نمایشکەری ئاستی گەشەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەلگایەن. لەم روانگەوەیە کۆمەلگا دەکرێتە پایەیەکی پێکهێنەری دەسەلات لە دیدگای ئیسلامیداو بزافی ئیسلامیش بەجیاوازی تایبەتمەندی کۆمەلگاکان فۆرمی جۆراوجۆری دەسەلاتی پێک هێناوەو بە ئیستقراکردن و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بزاغی ئیسلامی دەردەکەوێت کە دیدگای فکرو بزافی ئیسلامی لە کۆمەلگاوە سەرچاوە گرتووە و کۆمەلگا هۆکارو مەرجەعی فۆرمە لە یەکجیاوازەکانیەتی. واتە بزافی ئیسلامی لە روانگەی دوایەمین گۆڕانکاریو ئالۆگۆڕی سەنتەرەکانی هێزو بالاترین ئاستەکانی گەشەی کۆمەلگاو نوێترێتن پێکهاتەو دامەزراوەکانی کۆمەلەو لەگەڵ پاراستنی تازەترین دەسکەوتەکانی کۆمەلگا بۆ گۆڕینی ماهیەت و چونایەتی دەسەلات و بەرهەمهێنانی فۆرمێکی بالای دەسەلات کە حالەتە نوێکانی کۆمەلگا لە خۆبگرێت و قەیرانەکانی تێپەڕێنێت و لەسەر ئەم جەستە نوێیەی کۆمەلگا ئەزمونێکی تازە هەلچنێ و میژوویەکی نوێ بەگەڕ بخات.

پەراوێزو سەرچاوەكان

١-نحن و التراث، ل (٢٠) د. محمد عابد الجابرى

٢-العقل السياسي العربي، ل (٢٢)، د. محمد عابد الجابرى

٣-هەمان سەرچاوە.

٤-هەمان سەرچاوە.

٥-هەمان سەرچاوە.

٦-مەبەست لە مێژو لێرەدا مێژوی سیاسی ئەو كۆمەڵگایە، لەسەر ئەو ئەساسەی مێژووی سیاسی چڕكەرەوەو كۆكەرەوەو پیشاندانی سەرجەم بواركانی تری كۆمەڵگایە.

٧-مەبەست لە ئایینی مەسیحیە.

٨-رەهەند (٩-١٠)/ ٢٠٠٠ سەدەی ناسیونالیزم- بەختیار عەلی.

٩-العقل السياسي العربى، د. محمد عابد الجابري.

١٠-ابن حزم (المفاضلة بين الصحابة). ئەم گوتەزایەی ابن حزم لە (معركة المصطلحات بين الغرب و الاسلام) ص ٧٩، د. محمد عمارة وەرگیراوە.

١١-لە كتێبی (العقيدة و السياسة)ی لؤي صافي وەرگیراوە، ص ١٢٩.

١٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

١٣-مەرجەكانی ئەهلی ئیختیار لە (احكام السلطانية) ل ٥، ماوردی دیاری دەكات ئەمانەن:

أ-العدالة الجامعة لشروطها.

ب-العلم الذي يتوصل المعرفة من يستحق الأمانة.

١٤-لە كتێبی (العقيدة و السياسة) لؤي صافي، ل ٢٥ وەرگیراوە.

١٥-هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

١٦-هەمان سەرچاوە.

١٧-لە كتێبی الجماعة و المجتمع و الدولة، ل ٣٨١، د. رضوان السيد وەرگیراوە.

١٨-سورەتی (الرعد) ئایەتی ١١.

Scanned with CamScanner

عەقڵی ئیسلامیی هاوچەرخ و گوتاری مافەکانی مرۆڤ تێڕوانینێك بۆ سروشتی دەسەڵات

بەوەکر هەڵی

دیارە لای شارەزایان روونە کە فۆرمەڵەبونی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بەم شێوەیەی ئێستاو (تەبەنی) کردنی لەلایەن رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی گرنگە وەکو (UN) هۆکارێکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ مەرگەسات و وێرانی و سوکایەتی کردن و پێشێلکردنی بەربڵاوو فراوانی مافەکانی مرۆڤ لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەو جەنگەی زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ مرۆڤایەتی. بەتایبەتی لەگەڵ خێرا بەرەو پێش چوونی ئامرازەکانی وێران کردن و تەکنەلۆژیای شەڕو پەرەدان بەهونەرو شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجەدان و کۆنترۆلکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگای هاوچەرخ، رەنگە یەکێك لەجیاوازیی بنەڕەتیەکانی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەڵگەنامەو جارنامەکانی پێش خۆیدا لەوەدا بێت، کە بەڵگەنامەکانی پێش ئەم لەئینگلتەراو ئەمریکاو فەرەنسا زیاتر جارنامەیەکی نیشتیمانی بوون، واتە دەوڵەت یاخود دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراو ئەو جارنامەیەی دەرکردووەو ناکرێ جارنامەی لەوجۆرە بەجارنامەیەکی جیهانی ناو ببرێت، چونکە لەلایەن رێکخراوێکی نێو دەوڵەتییەوە بەڕەسمی دانی پیانەنراوە، بەپێچەوانەی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ. تەنها ئەوەندە هەبوو لەبەر بایەخی بەشێك لەبەندو بڕگەکانی ئەو جارنامانە بۆ نمونە وەك جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی شۆڕشی فەرەنسی سالّی (١٧٨٩) جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٧٧٦) لەسەر ئاستی جیهاندا کاریگەریان بۆ سەر هەندێ لەگەڵ و بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانیتر لەجیهاندا هەبوو، هەروەها بونەتە پێشینەو راچڵەکاندن و سەرمەشقێك بۆئەوەی بیکەن بەچەکی دەستیان دژی دەسەڵاتە خۆسەپێنە زۆردارەکان و ناچارکردنیان بۆئەوەی مل بەداخوازیەکانی گەلەکانیان بدەن و چیتر فەرمانڕەوای بکوژو بڕی رەها نەبن و لەچوارچێوەی یاسادا مومارەسەی دەسەڵات بکەن و مرۆڤیش یاخود وردتر بڵێین هاوڵاتی بەسیفەتی تاکێك بەحوکمی مرۆڤ بوونی خاوەنی کۆمەڵێك مافی بنەڕەتی بێت و ئەو مافانەش لەدەستوورو یاساکاندا گونجێنرابێت و فەرمانڕەواو دەسەڵات نەتوانێت دەستدرێژیان بکاتە سەرو دادگا توانای ئەوەی هەبێت لەسەر مافە خوراوەکانی هاوڵاتی بێتە دەنگ و زوڵمی لەسەر لابەرێ و یاسای بەسەردا بچەسپێنێت، بۆئەوەی هەست بەئاسایشی مادی و دەروونی بکات و هەر ئاوا وەك ئەتۆمێکی بێپەیوەندی و بوونێکی لاواز لەبەردەم ماشێنی زەبەلاخ و تێکشکێنەری دەسەڵاتدا بەتەنها نەوەستاوە. دیارە نابێت وابزانین خەباتی

مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن و شادبوون بەمافەکانی هەروا ڕێگایەکی ئاسان و کورت بووە. بەپێچەوانەوە، ئەو ڕێگایە یەکجار سەخت و دوورودرێژ بووە، بەتایبەتی لەخۆڕاوادا کە تەنانەت تا سەدەی هەڤدەهەمیش وشەی (مرۆڤ) وەک ئەوەی لەفەرهەنگی ئێمەدا هەبووە، لەوێ کەمتر بوونی هەبووەو بەم ناوەڕۆکە بەفەرهەنگی ئەوان هەندی لەتوێژە هەژارەکان بەمرۆڤ نەزانراون. ڕەنگە لای هەندێک سەیر بێت گەر بوترێت لەوکاتەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی شۆڕشی فەرەنسی دەرچوو، مشتومڕێکی زۆر کراوە لەسەرئەوەی ئایا ئافرەت مرۆڤەو ئەم جارنامەیەی بەسەردا دەسەپێت، یاخود نا تا دانیان بەوەدا نەنا ئەویش وەک پیاو مرۆڤە بڕیاریان نەدا جارنامەکە بیگرێتەوە [1]

دیارە دوای ئەوەش کەجارنامەکە دەرچوو بەشێ لەو مافانە هەر لەسەر کاغەزو وەکو شتێکی تیۆری مانەوە. چونکە وەک ئاشکرایە شۆڕشی فەرەنسی بەکردەوە دژایەتی هەندێ لەو دروشمانەی کردووە کە بەرزی کردبوەوە. لەناو دەرونی شۆڕشی خۆیدا قەسابخانەیەکی ترسناک بەرێخراو سەدان شۆڕشگێڕ بەدەستی هاوڕێ و هاوخەباتەکانیان لەو میانەدا تیاچوون و بوونە قوربانی.

لەفەرەنسادا کە ئەو مافانەی تێدا جارداوە، پاش ماوەیەکی درێژو شەڕو شۆڕشێکی نوێ مافەکان بەرە بەرە چوونە نێو ژیانەوە، یەکێ لەو مافە بنەڕەتیانە کە مافی دەنگدانی گشتیبە لەساڵی (١٨٤٨)دا پەسەندکرا ئەویش تەنها بۆ پیاوانی سەرو (٢١) ساڵ بوون، بەڵام ئەم مافە بۆ ژنان تەنیا لەساڵی (١٩٤٦) ناسرا، هەروەها مافی کۆبوونەوە لەساڵی (١٨٨١)دا. سەندیکا دامەزراندن لەساڵی (١٨٨٧) و کۆمەڵە دامەزراندنیش (١١٢) ساڵ پاش بانگی جارڕی فەرەنسی، واتە لەساڵی (١٩٠١) بەتەواوی کەوتنە نێو قانون و ژیانی فەرەنساوە) [2].

لە ئەمریکاش تەنها ساڵی (١٨٦٠) بەدواوە یاسای قەدەغەکردنی کۆیلایەتی دەردەچێ و تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش، مەسەلەی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان بەردەوام دەبێت، بەڵکو تا ئەم ساتە وەختەش ئاسەواری هەرماوەو بەتەواوەتی لەهۆش و ڕەفتاری مرۆڤی سپی پێستی ئەمریکاییدا نەشۆراوەتەوە، خۆپیشاندنی ڕەشپێستەکانی ئەمریکاو ئەو نیمچە شۆڕشەی لە (لۆس ئەنجلوس) لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەسەر ئەوەی ڕەشپێستێ لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێ ڕوودەدات، نمونەیەکی زەقە بۆ مانەوەی ئاسەوارەکانی ئەم ڕەوت و ئاڕاستە دەروونیە.

ئەم پێشەکییەم تاڕادەیەک بۆ ئەوە بوو بڵێم نابێ ئیسلامخوازان بکەونە ئەو هەڵەیەوە وا بزانن مافەکانی مرۆڤ دیاریەکی هێزە داگیرکەرو دەسەڵاتە سەرەڕۆ پاوانخوازە خۆرئاواییەکانەو، و وەکو دیاریەک پێشکەشی مرۆڤایەتیان کردووە. بە پێچەوانەوە ئەم مافانە بەرهەمی خەباتی دوور درێژی مرۆڤایەتین بەتایبەتیش گەلانی خۆرئاوا کە لەئێمە زۆر زیاتر تاڵاوی هەست نەکردن بەمرۆڤ بوون و بێبەشیان چەشتووە. خۆرئاوایەک میژوویەکی پڕ لە (ئیستبداد) و زۆرداری هەیە. بەتایبەتیش ماوەی (١٠٠٠) ساڵی ڕەبەق کە بەسەدە تاریکەکانی ناوەڕاست ناونراوە، بۆ خۆرئاوا جگە لەهەندێ دەستکەوتی کەمی شارستانی ماوەیەکی زەمەنی بەڕاستی تاریک و پڕ لەچەوساندنەوە بووە. مرۆڤ لەوێ کۆیلەی زەوی بووە، چارەنووسی بەدەست دەرەبەگێکەوە بووە بەئارەزووی خۆی و بەوجۆرەی بەرژەوەندییەکانی خواستویەتی یاری پێکردوەو ڕەتاندوویەتی و چەوساندویەتیەوە، ناچاری کردووە بەکولە مەرگی شان بداتە بەر کاری بێگاری، نە خاوەنی جەستەی خۆی بووەو نەتوانیویەتی قسەی جدی لەجۆری ژیان و چارەنووسی خۆی بکات، گەر ڕۆژێ لەڕۆژانیش بیری لەسەر بەرزکردنەوەو

راپەڕینێك كردبێتەوە، هاوپەیمانیەتی دامو دەزگای كلێساو (ئاینی) و دەزگای پادشایەتیو دەرەبەگایەتییە رەگ داكوتراوەكە هەر زوو سەركوتی كردووەو هاواری خەڵكی لەگەڕویاندا تاساندوەو جارێكیترو بەزەبری هێزو زۆرداری فۆرمی ژیانە پڕ لەكوێرەوەریە كۆنەكەی بەسەرا سەپاندۆتەوە. بێبەشی مرۆڤی خۆرئاوایی لەبەكارهێنانی عەقڵی، ئازادی ئاینی، هەست كردن بەسەربەخۆیی خۆی وەك تاكێ، ستەمی چەند لایەنە... هتد داستانێكی پڕ لەكارەساتو ناسۆرە.

بۆیە عەقڵی ئیسلامخواز نابێ بەهیچ جۆرێ سوكایەتی بەو خەباتە دوورودرێژەی مرۆڤایەتی بكات بۆ مافەكانیو بەهەندی نەگرێ، یاخود وابزانێ ئەو خەبانە وەهمو چیرۆكێكی هەڵبەستراوەو بنەڕەتێكی نیەو هەرچی هەیە بریتییە لەفێڵی بۆئەوەی گەلانی دنیا واز لەفەرهەنگو تایبەتمەندی خۆیان بهێنن و بچنە ژێر ركێفی خۆرئاواوە.

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین كە ئەم حاڵەتە واتە گیانی خۆ بەسەنتەركردنو بەپاشكۆ سەیركردنی تەواوی شارستانیو فەرهەنگەكانی تری جیهانو پەراوێز خستنیانو بەڵكو هەوڵی سڕینەوەو تیا بردنیان لەخۆرئاوادا هەیە، بەڵكو گیانێكی بەهێزیشە. هەر بۆیە ئێستا ئەم گیانە لەلایەن چەندین بیرمەندو رۆشنبیر لە ناو خودی خۆرئاواو دەرەوەی خۆرئاواش رەخنەی تونڊی لێدەگیرێو بەوە وەسف دەكرێ كە ئەم بیركردنەوەو هەوڵە خۆرئاواییبە رەنگدانەوەی دەمارگیریی و بڕوانە بوونە بەدیالۆگو لەیەكتر تێگەیشتنی گەلانو كارلێكردنی فەرهەنگە جۆراوجۆرەكانی جیهانو بەسەر خۆدا داخرانو هەژمونخوازیەیە، ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی دروشمە ئاشكراكانی خۆرئاوایە، بەڵكو ئەگەر خۆرئاوا واز لە عەقڵیەتی سەردەمی رێنیسانسو رۆشنگەریەكەی و سەردەمی ئیمپریالیزم سەبارەت بەگەلانی دەرەوەی خۆیو شارستانیەتەكانی دیكە نەهێنێ، ئەوا بەجدی ناتوانێ پڕوپاگەندەی ئەوە بكات شارستانیەتەكەی جیهانیەیە، بەڵكو هەموو ئەوەی لەئارادایە ئەوەیە لەبیری ئەوەدایە ئەو شارستانیەتە بەزۆر بسەپێنێ، لەرووبەكی ترەوە لەكەس شاراوە نیەیە كە چۆن خۆرئاوا سودی سیاسی خراپ لەهێنانە ئارای مافەكانی مرۆڤ وەردەگرێت. چۆن بەشێوەیەكی نا ئەخلاقی لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتیەكاندا لەپێناو دەستەبەركردنی بەرژەوەندی نەتەوەی دەوڵەتەكانیدا بەكاری دەهێنێ. هەروەها چۆن بێ پەردە پێوەری دووفاقی بەكاردەهێنێ لەكاتێكدا هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەرێت بچوكترین شت لەسەر نەیارە سیاسیو جیهانیەكانی خۆی حساب كات، بەڵام چاوپۆشی لەپێشێلكاری گەورەو ترسناكی دژستەكانی دەكات، بەواتایەكی تر ئەوە راستە كە ئەوەی تەحەكوم بەسەر هەڵوێستی زۆرێ لەوڵاتانی خۆرئاواو بەتایبەتیش رێبەری خۆرئاوا واتە ئەمریكادا دەكات لەمەسەلەی هەڵوێست گرتن بەپلەی یەكەم بەرژەوەندییە، نەك مرۆڤ دۆستی، بەڵام ئەم هەڵوێستانە هەرگیز پاساونین بۆ عەقڵی ئیسلامییو جوڵانەوەو پرۆژەی ئیسلامخوازی سەردەم بۆئەوەی بەرامبەر گوتاری مافەكانی مرۆڤ و خودی ئەم مافانە بێ باك بێت. یاخود كەمتەرخەمو بایەخپێدانی لەناست چاوەڕوانیو ئەركە ژیاریی و ئینسانیەكانیدا نەبێت. بەڵكو ئەم واقیعە واتە واقیعی جیاوازی لەنێوان تیۆرو پراكتیكدا، بەكاڵاكردنی مافەكانی مرۆڤ لەبازاڕی سیاسەتی زلهێنزاداو هەوڵدان بۆ سود لێوەرگرتنی بەقازانجی خۆیان، هەروەها واقیعی دوو فاقی لەپێوانەدا (ازدزاجیة المعاعیر) (الذین اذا اكتالوا علی الناس یستوفون واذا كالوهم أو وزنوهم یخسرون) لەبەردەم چەند مەسەلەیەكی گرنگدا رامان دەگرێ، بەجۆرێ ئەوەی دیدگاو تێڕوانینی ئێمە بۆ مافەكانو كەرامەتی مرۆڤ دیاری دەكات كاردانەوە نابێت

بەرامبەر ئەو واقیعە خەمبارە، ئەوەندەی هەڵوێست گرتنو خوێندنەوەیەکی مەبدەئیانەو گەردونیانەو سەربەخۆیانەی خودی ئیسلامی دەبێت لەپێگەیەکی فیکریی و شارستانی قوڵەوە. خوێندنەوەو تێڕامانو هەڵوێست گرتنێکی لەم جۆرەش دەمانخاتە بەردەم چەند پرسیارێك:

یەکەم: دەبێ ئەم دوو فاقیو بازرگانی کردنە بەمافەکانی مرۆڤەوە لەبازاڕی سیاسەتی نێو گەلانیداو لەلایەن جیهان خۆرانی سەردەمو دەڵاڵە نێو نەتەوەییەکانی ئێستادا، بکەینە ویستگەیەکی تری (تەبەنی) کردنی مافەکانو جۆشدانی خەڵکو گەلانو تاکەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی زیاتر سوربن لەسەر بەدەستهێنانو داکۆکی کردن لێیان و مردن لەپێناوەدا بەسەربەرزی بزانن. لەجیاتی ئەوەی ئەو هەڵوێستە سەلبیەیە لەم واقیعە بگرین کە ئەم مافانە درۆو دەلەسەیەو هەر دروشمو خۆرئاواو هەندێ بەرژەوەند خوازی جیهانی دەیانەوێت وەك دەمامك بەکاری بهێنن بۆ تێپەڕاندنی سیاسەتەکانیانو ململانێی سیاسیو ناشیرین کردنی نەیارەکانیان لەبەرچاوی رای گشتیو وەك ئەوەی هەندێ گروپو رەوت بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا دەکەن، هەقە هەڵوێستێکی ئیجابی بگرین، ئەمیش بەوەی لەرووی سیاسەتە چەواشەکاریو دوو فاقیەکانی خۆرئاوا هەڵماڵرێ بەلکو لەوەش زیاتر رسوا بکرێ. نەبوونی (مصداقیەت)ی ئەو سیاسەتە لەمەڕ بەگرێکردنی ساختەکارانەی مافەکانی مرۆڤ بسەلێنرێو روون بکرێتەوە، واتە مەسەلەکە ئەوەی لێوەربگیرێ کە خۆرئاوا بۆیە بەم جۆرە لەسیاسەتە نێو گەلانیبەکەیدا مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکات، چونکە دەیەوێت گەلانو بەتایبەتیش گەلانی موسوڵمان بەرامبەر ئەم مافانەو گوتاری مافەکانی مرۆڤ بەگشتی بەدبین بێنو لەریزی خانەی بایەخدانەکانیان پاشەکشە بکات. ئەمیش لەو سۆنگەوە کەخۆرئاوای سیاسەت، دەوڵەت، جیهانخۆر، خۆرئاوای کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانو سەرمایە، هەرگیز قازانجی خۆی لەوەدا نابینێت گەلان چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بێتو دەسەلاتێکیش فەرمانڕەواییان بکات بەکردەوە مافو ئازادیبەکان دەستە بەربکاتو ژیانێکی کامەرانو سەربەرزانەیان بۆ دابین بکات، راستە سەرمایەی خۆرئاوا لەزۆر کاتدا جێگیریو ئاسایشی دەوێت، بەڵام لای گرنگ نیە کە ئەو جێگیریە لەسەر حسابی مافی مرۆڤو کەرامەتی هاوڵاتیو کەسێتی گەلان بێت، کاتێك خۆرئاوا بەوجۆرە مامەڵە دەکات وەك سیاسەتو هەژمونێکی ئابوری سەرمایەداری، پێویستە گەلانی بن دەست یاخود بێبەشو گەشەنەکردوو جوڵانەوە ئیسلاخوازو ئازادی خوازەکان زیاتر هان بدات بۆئەوەی لەسەر ئاستی جیهانو نێوگەلانیدا داوای پەیوندییەکی یەکسانی نێو دەوڵەتیو سیستمێکی هاوسەنگو مرۆڤانە بکەن. هەروەها مکۆربنو بەتوندی پێداگرن لەسەر پابەندکردنی مافە بنەڕەتیەکانی جارنامەو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکان لەیاسای نێو دەوڵەتانداو دەرکردنی لەو چوارچێوە (راسپێری)یەی ئێستا تێدایە. لەبیرمان نەچێت بەشێك لەمافە کۆمەڵایەتیەکانو ئەو مافانەی ولاتانی ئەوەی پێی دەوترا جیهانی سێهەم داوایان دەکرد وەك مانادانێ بەمافو ئازادیبە گشتیەکان و بەستنەوەی بەعەدالەتە ئابوریبەکەوە. جێگای دڵخۆشی خۆرئاواو بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبووەو نیە.

دووەم: لەو سۆنگەوە کەباسمانکرد واتە دەرچوونی مافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوە نیشتمانیەکەوە بۆ چوارچێوە جیهانیەکە، کە ئەمەش لەجارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو (تبنی) کردنی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. دەست پێدەکاتو لانی کەم لەرووی تیۆریو مەبدەئیەوە بەرجەستە دەبێت، ئەمە وامان لێدەکات یاخود دەبێت وامان لێبکات ئیسلاخوازان لێرەدا لەئاست ئەرکە جیهانیو

گەردوونی‌یەکانی خوێیاندا بن‌و بەرانبەر سەرجەم مرۆڤایەتی، چ جای گەلەکانی خۆیان لێپرسراوێتی ئەخلاقی لەئەستۆ بگرن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە بەوردی لەبەردەم مەسەلەی (هاوبەشی‌یە ژیاری‌یە گشتی‌یەکان = المشتركات الحضارية الانسانية العامة)دا بوەستن‌و هەروا بەسەریا تێنەپەڕن. ئیسلام بەحوکمی جیهانی بوونی هەر لەسەرتاوە بەسەر فەرهەنگ‌و ژیارو کلتوری مرۆڤایەتیدا کراوە بووە. فیکری ئیسلامیی مامەڵەیەکی ئیجابی‌وو کارلێکی کردووە لەگەڵ کەلەپوری بیری مرۆڤایەتی‌و دەستکەوتەکانی پێشڤەچوونە زانستی‌و فەرهەنگی گەلان. راستە لەچاخەکانی دواکەوتن‌و پاشەکشەی ژیاری‌و فەرهەنگی موسوڵمانان‌و جیهانی ئیسلامداو دەرخستنی ئیسلام وەک (مدونە)یەکی تۆمارکراوی رەسمی بەتایبەتی ئەوەی لەسەدەی چوار بەدواوە رووی‌دا، تا رادەیەک سیما گەردوونیەکەی شێواو مۆرکێکی ناوچەگەریی‌و جوگرافی‌و میژوویی دیاری‌کراوی وەرگرت، بەڵام ئەوە رۆژێ لەرۆژان دەربڕی هەقیقەتی ئیسلام‌و دیدگا بنەڕەتی‌و وێناکردنە مرۆڤ دۆستانەکانی نەبووە، بۆیە هەموو راچەنین‌و هەژانێکی ئیسلامیی لەبنەڕەتدا رزگارکردنەوەی بیرو تێڕوانینمی ئسلامی‌یە لەو قاڵب‌و فۆرم‌و چوارچێوە جوگرافی‌و میژوویی‌و رەسمی تۆمارکراوانەو رەهاکردنەوەی گیانی مەزن‌و مرۆڤ خوازانەو گەردوونیانەی ئیسلامە، بۆئەوەی جارێکی‌تر لەسەروو فۆرم‌و جەبرەکانی میژوو کۆت‌و بەندەکانی کارلێکە میژوویی‌یەکان لەگەڵ خواست‌و هیواو پێداویستی‌یە رۆحی‌و مادیی‌یەکانی مرۆڤ کارلێکبکاتەوە. لەبەرئەوە ئەو دیدەی پێی وایە گرنگی دانی ئیسلام بەمافەکانی مرۆڤ دیدی تایبەتمەندیی‌یەکی بەر تەسک‌و ئەزمونێکی ناوچەیی دیارکراوەو ناتوانێت لەبەردەم پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا وەک مرۆڤ وەدەرکەوێت، دیدێکی راست‌و دروست نی‌یە. یاخود بڵێن دیدێکە زیاتر لەوەی رەنگدانەوەی ئیلهام وەرگرتن لەرۆح‌و سەرەتا ئیسلامی‌یە گشتی‌و نەمرو فرواندکان بێت، بەرجەستەکەری تێگەیشتنی ئیسلامە لەروانگەیەکی فیقهی تۆمارکراو جوڵەی ئەقڵ‌و مرۆڤی موسوڵمان لەمێژوودا کارلێککردنی لەگەڵ دەقە ئیسلامی‌یەکان‌و واقیعەکەی خۆیدا. واتە بەرهەمهێنانەوەی ئەزمونێکی میژوویی موسوڵمانانە یاخود وردتر بڵێین ئامادەکردنەوەی ئەو ئەزمونەیە لەڕووی تیۆرییەوە درێژکردنەوەیەتی بۆ ئێستاو دانانیەتی وەک دوا ئاستۆکانی ئەقڵی ئیسلامیی‌و ئەو چوارچێوەی وێناکردنی ئیسلامیی دیاری دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ. جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ هێندە شتێکی لەناکاو (طارئ) نی‌یە بۆ سەر ئیسلام وەک پەیامێکی خوایی، تەنانەت بۆ سەر فیکری ئیسلامیش لەرۆژگاری رێنیسانس‌و داهێنان‌و لەحزە میژوویی‌یە پرشنگدارەکانی خۆیدا بەڵکو (طارئ)ە بەسەر ئەقڵێکدا کە بەرهەمی سەردەمی هەست بەکەمی کردن‌و شاڵاوی داگیرکاری رۆشنبیریی‌و لاوازی خودی ژیاریی‌و پاشکۆیەتی سیاسی‌و ئابوری‌و سەربازی‌و لەگەشەوەستانی دامودەزگاکانی ژیان‌و کۆمەڵگاو دروست بوونی بۆشایی‌و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەلایەن فیکری بەرامبەرو ژیاری شاڵاو هێنەرەوەیە. جیهانی بوونی پرسی مافەکانی مرۆڤ لای ئەقڵی (ترس) دروست دەکات کەدەترسێ لەوەی لەسەر ئاستی جیهانیدا توانای فۆرمەڵەکردنی مافەکان‌و سیستمەکانی ماف‌و دام‌و دەزگاکانی نەبێت. چونکە بۆ چەند سەدەیەک لەسەر خاک‌و نیشتیمانە میژوویەکەی خۆی لەقەیراندا ژیاوەو نەیتوانیوە لەبازنەی خۆدووپات کردنەوەو شکاندنی قاڵبە چەق بەستووە میژوویی‌یەکان دەرچێت‌و ئەزمونێکی گەشەکردوو پێشکەش بکات.

عەقڵی ئیسلامیی بۆیە ئەم پرسیارەو چەندین پرسیاری تری لەم جۆرەی پێویستە بۆئەوەی باسی رەنگدانەوەی خراپ مومارەسەکردنی هەندێ ماف یاخود بەهەند نەگرتنی ئەو مافە بۆ مرۆڤی موسوڵمان لەلایەن خۆرئاواوە وای لێنەکات نەتوانێ ئەزموونێ بنیاتبنێ.

ئەگەر هەڵگرانی پرۆژەی ئیسلامیی هاوچەرخ باس لەوە دەکەن هەندێ لەو مافانەی لەبەڵگەنامە جیهانیەکاندا گونجێنراون لەژێر کاریگەری تایبەتمەندی راستەوخۆی فەرهەنگی خۆرئاوادایەو تایبەتمەندی فەرهەنگەکانی تری دنیا لەوانەش فەرهەنگی ئیسلامیی لەدارشتنیاندا لەبەرچاو نەگیراوە، ئەم رەخنەو سڵ لێکردنەوە (تحفظ)ەکانی کاتێ (مصداقیەت) پەیدا دەکاتو لەخزمەت دەوڵەمەندکردنی مافەکانی مرۆڤدا دەبێت کەلانی کەم جوڵانەوەی ئیسلامخوازو هەڵگرانی پرۆژەکە دووکار بکەن:

یەکەم: بەهۆی تێبینیو رەخنەیان لەهەندێ ماف (کە هەندێکیان لەناو خودی بازنەی ئیسلامیی قسەی یەکلاکەرەوەی لەسەر نیەو مشتومڕ باری سەرنجی جیاوازی لەسەرە). کارێ نەکەن زۆربەی ئەو بەڵگە نامەو ئەو مافانەی لەوێدا گونجێنراون رەتبکەنەوە، یاخود بەهەندی هەڵنەگرنو وابزانن لەبەرئەوەی پێنوسی بەرامبەر نووسیویەتیەوە شایستەی ئەوە نیە خەباتی لەپێناودا بکرێتو قوربانی لەپێناودا بدرێت. چونکە ئەم هەڵوێستە کە بەداخەوە هەندێ گروپی ئیسلامییو کەسایەتیو ناوەند پێی هەڵدەستن نەک هەر ئیجابیەتێک نیە بڕۆتە خانەی قازانجو بەرەو پێش چوونی پرۆژە ئیسلامییەکەوە، بەڵکو زیانێکی زۆریش بەناوو ناوبانگی دەگەیەنێو دەشیخاتە ژێر پرسیاری گرنگو جدییەوەو ئاسۆکانیشی بۆ خەڵك روون دەکاتەوە کەناتوانێ لەجیهانێکی کراوەو سەردەمی پەیوەندییە خێراکانو گوندی جیهانیو هاوچارەنووسی مرۆڤایەتی زیادە (اضافة)یەك بخاتە سەر هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانەو بەگەورە راگرتنی کەرامەتی مرۆڤو دورخستنەوەی لەکەشو هەوا ناسازگارو رەوشە چەوسێنەرەکان.

دووەم: دەبێ لەو بوارەدا بەڵکو لەهەموو کایەی مافەکانی مرۆڤدا توانای بنیاتنانو دارشتنی دیدێکی ئیسلامیی گەردوونیانەیان بۆ مافەکانی مرۆڤ هەبێت. بەجۆرێك کە مافەکانی مروڤ لەوە رزگار بکەن چەند رستەو دەستەواژەیەکی بێگیان بن بەڵکو بەدارشتنی ئەو دیدە بیخەنە ناو فەرهەنگی رۆژانەی خەڵکو هەوێنی تایبەتمەندییە ژیاریو فەرهەنگیبەکە بکەنە ناو فەرهەنگە جیهانیەکەشەوە. کە بەمەش ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە لەرەتکردنەوەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ یاخود بێ باکانە مامەڵەکردن لەگەڵیدا دێتە کایەوە.

من ئەوە رەت ناکەمەوە کە جیهانبینی ئیسلامیی عەقڵی ئیسلامخواز دیدێکی رەخنەگرانەی هەبێ بۆ هەندێ بەڵگەنامە جیهانیەکانی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام بەتوندی رەخنە لەوە دەگرم ئەو جیهانبینیو عەقڵە بێئەوەی توانای بنیاتنانو دارشتنی ئەزموونێکی هەبێت کە لەوێدا مرۆڤ هەست بەمافو کەرامەتو ئازادی بکاتو توانای ململانێی هەبێت لەسەر ئاستی جیهاندا هەروا بێبناغە رەخنە بگرێت گەر دەشوترێت ئاخر راست نیە فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ لەکاتێکدا لەبەر چەندان هۆی بابەتیو رێگری واقیعی ناتوانێ لەسەر زەوی ئەو ئەزموونە بنیاتبنێ ئیتر هەر لەبەر ئەمە مافی رەخنەو قسەکردنی لێبسەنرێتەوە.

ئەمە راستەو سەرنجێکە جێگای لەسەر وەستانە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کەئەمڕۆ ئەو ئەزموونە پێداویستیەکی حەیاتیی‌یە سەبارەت بەفیکرو ژیانی ئیسلامیی‌و تەنانەت بۆ مرۆڤایەتیش یاخود بۆ بەفیکرو دیدە خۆرئاواییەکەش، تاکو ئەزموونێکی بەرامبەری هەبێت بۆ خۆبەراوردکردن‌و دەست هەڵگرتن لەو مەغروریەتە گەورەی تووشی بووە تێڕوانینێکی هاوسەنگانە تری بۆ هەندێ، مەسەلەی تایبەت بەژیانی فەردی‌و کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەبێت‌و مانایەکی تریش بۆ جیهانی بوون پەیدا کات کە لەوێدا جیهانی بوون یەکسان نەبێ بەجیهان خستنە ژێر هەژموون، یاخود داڕشتنەوە وێناکردنەوەی جیهان لەبەردەم یەک سکێچەر، کەئەویش وێنەی خۆرئاوایە، بەڵکو شوناسی جیهانی بوون لەجیهانیگریی جیابێتەوە زیاتر یەکسان بێ بەکرانەوە بەسەر جیهان‌و فەرهەنگ‌و ژیارەکانی‌تردا لەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی هاوبەش سەبارەت بەچارەنووسی مرۆڤایەتی. ئەمە لەلایەک، لەرووبەکی تریشەوە فیکری ئیسلامیی لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە دەبێ بتوانێ ئەوەندە خۆی تازە بکاتەوە کە دیدێکی (متکامل) و پێگەیشتوو رۆشنی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەبێت. من نالێم ئەم فیکرە لەم بوارەدا هیچی نەکردووە یاخود لەملاولا هەوڵی جدی‌و دڵسۆزانە نیە بۆ نیشاندانی نموونەیەکی تیۆریی‌و ستاندار لەم بوارەدا. بەڵام ناشتوانم بڵێم ئەوەی تا ئێستا کراوە لەئاستی ئەو ئەرکە نیشتیمانی‌و ئینسانی‌و ئیسلامی‌یە گەورانەدایە کە لەبەردەم پرۆژەی ئیسلامیی هاوچەرخدایە. ئەم پرۆژەو ئەو فیکرەی لەدواوەیەتی جورئەت‌و رەخنە لەخۆگرتنێکی زیاتری پێویستە، هەروەها خوێندنەوەیەکی نوێی پێویستە، رزگاربوونی لەڕوانگەت گەرایی (السطحية) و سادەکردنەوەی گرفتە قوڵەکانی پێویستە، هەروەها دیالۆگێکی قوڵتری لەناو خودی خۆیدا دەوێت بۆئەوەی بتوانێ سەرەنجام پرنسیپە گشتی‌یەکان‌و ڕێسا هەمەکی‌یەکان (القواعد الكلية) و ئامانجە باڵاکان (المقاصد العليا) و گیانە نەمرەکەی ئیسلام بێنێتە دووان‌و چەمکە گشتیەکانیش لەوێنەی (دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی) وردبکاتەوە بگاتە ئاستی تیۆریزەکردن‌و دانانی پرۆگرام‌و بەرچاوڕوونی لەمەسەلەی بەدام‌و دەزگاکردنی مافەکان‌و یاسایی کردنیان‌و دۆزینەوەی میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ چاندنی لەکۆنەستی جەماوەرو کۆمەڵگاداو گەیاندنی بەئاستی نەریت‌و کەلتورێکی ڕەگ داکوتراوی وا لەکۆمەڵگەو تاک‌و غیرەتی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ لەوە زۆرتر بێت لەسەر ئەم مافانەو چەسپاندنیان‌و سازش بکەن. کە دیارە بەشێ لەکلتورو توخمە ئیسلامیەکانی کەسێتی کلاسیکی ناو کۆمەڵگە دەتوانێ یارمەتی دەربێ ئەگەر ئەم لایەنەی کەسێتی تاک ئیشی لەسەر کراو ئەو بەشەی تری کلتورو کەشێتیش کە بەرهەمی داب‌و نەریت‌و عورف‌و فەرهەنگێکی خێڵەگەرایی‌و ناوچەگەرایی تێکەڵ بەهەندێ ڕواڵەتی ساختەی شارستانیەتی هاوچەرخە لەڕێی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی سیستماتیکراوی ڕۆشنبیری‌و سیاسی‌یەوە بەرەو پوکانەوە ببرێت. بۆ فیکرو عەقڵی ئیسلامی گرنگە ئەو پرسە جوان تێبگات کەجیهانی بوونی تێزەکان مەترسی لەسەر ئەم نی‌یە لەیەک کاتدا نەبێ کەئەویش ئەوەیە لەبەرهەم هێنان‌و داهێنان‌و توانای ڕەخنەگرتن‌و دیالۆگ کەوتبێت‌و توانای تازەکردنەوەی ڕێبازەکانی بیرکردنەوەو چوارچێوەو میتۆدەکانی نەمابێت.

لەو حاڵەتەشدا چارەسەر بەوە نابێت زمانی ئەم فیکرە بەزمانێکی ڕەتکردنەودو لێسەندنەوەی شوناسی لەبەرامبەر، بێئەوەی بتوانێ جێگیرەوەیەکی زیندوو بخاتەڕوو. بەڵکو لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر خودی ژیاری‌و فەرهەنگیی‌و سەربەخۆیی جیهانبینی دەبێت لەڕێی پەرەدان بەتەکنیکەکانی کارکردن‌و میکانیزمەکانی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی پرسەکە بێتە چارەکردن. (سەید قوتب) کاتی خۆی بەئیجابیەوە باسی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات‌و سەرەڕای ناکارایی ئەو

دەزگایە لەهەڵسان بەکارەکانی خۆیدا بەڵام دەڵێت: (هەر ئەوەی مرۆڤایەتی گەشتبێتە ئەوەی دەزگایەکی جیهانی دابمەزرێنیت کەبەتەنگ ئاشتی و ئاسایشی نێو نەتەوەییەوە بێت و هەوڵی ئەوە بدا گیروگرفت و ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت و پەنا نەبرێتە بەر زەبرو زەنگ ئەمە خۆی لەخۆیدا هاوڕێکە لەگەڵ ئەوەی ئاڕاستەو بیرکردنەوەی ئیسلامیی دەیخوا (لتعارفوا)ەکەی قورئان تیایدا دەردەکەوێت)[٣].

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت لەگەڵ ئەوەی ئیسلام دوایەمین پەیامی خوای گەورەیە بۆ سەر زەوی و هەموو باوەڕدارێك دەبێت بڕوای وابێت کەخوای گەورە لەڕێی ئەم پەیامەی خۆیەوە کامەرانی دنیاو دوارۆژی مرۆڤی دەوێت لەگەڵ ئەم باوەڕدا کە باوەڕدار بێ ئەم قەناعەتە بە باوەڕدار ناژمێرێت، بەڵام لەگەڵ ئەم بەڵگە نەویستە ئیمانیی و عەقیدەییدا دەبێت دوو شت لەبەرچاو ون نەبێت:

١-ئەوەی کە ئیسلام وەك پەیامێکی خوایی ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بەختەوەرو سەربەرزیی ئەم دنیاو ئەو دنیا بکات، بەتەنها ئەمە بەس نیە بۆئەوەی ئەم بەختەوەری و سەربەرزییە لەسەر زەویدا بینین. چونکە سەرەنجام ئەوە فیکری ئیسلامییە واتە ئەو پرۆژە ئیسلامیەی کە لەکارلێکی ئەقڵی ئیسلامیی لەگەڵ ئیسلامو واقیع دێنە ئاراوەو لەسەر زەوی واقیعدا جێبەجێدەبێت، هەر بۆیە بۆئەوەی ئیسلام وەك ئاینو پەیامێ هەمیشە ئەو سەرچاوە مەزنەی مافو ئازادی و ئاسایشو کەرامەتی مرۆڤەکان بێت، ئەم چەمکانەی تیا بەرجەستە دەبێت دەخوازێت لێکدانەوە مرۆڤییە میژوویییەکان نەکرێت بەبەشێ لەجەستە ئیسلامیەکەو لەهەموو کاتو سەردەمێکدا عەقڵێکی داهێنەرو کراوەو ژیان دۆستو پەروەردەکراو هەبێت بۆئەوەی ئەو مانا مەزنانەن لە (تیۆر)ەوە بگۆڕێ بۆ (کردار) هەربۆیە ئێمە لەگشت سەردەمێکدا پێویستمان بەم عەقڵە کارایە هەیە بۆئەوەی لەگەڵ پاراستنی هاوسەنگییە گەردوونی و ژیانیەکان کەئیسلام دەیخوازێت، بتوانێ لەواقیع تێبگات و لۆژیك و پێویستیەکانی سەردەمەکەی خۆی بەوردی بخوێنێتەوە پرسیارە پێویستەکان لەخۆی بکات و مافەکان تیۆریزە بکات و لەشێوەی بەڵگەنامەو دیکۆمێنت و کۆدی رۆشن پێشکەشی بکات، لەهەمان کاتدا خەباتگێڕ دروست بکات وە لەدونیای ناوەوەی مرۆڤەکاندا کاربکات و لەهەردوو جیهانی ناوەو دەرەوەی مرۆڤدا زەمینە سازو لەبار بکات بۆئەوەی ئەو مافو چارەسەرو تێزانە لەواقیعێکی مادیدا رەنگ بدەنەوەو شوێنەوار بەسەر قۆناغەکەی خۆیان بەجێبهێڵن لەم رووەوە دەمەوێ ئاماژە بەوتەیەکی د. محەمەد عابد ئەلجابری بکەم کە دەڵێت: (هەموو باوەڕدارێك دەبێت باوەڕی وابێ ئیسلام بۆ هەموو کاتو شوێنێك دەشێ و دەگونجێ، ئەمە شتێکە هەموو باوەڕدارێك دەبێ باوەڕی پێبێت ئەگەرنا بەباوەڕدار لەقەڵەم نادرێت. مەسەلەکەش لێرەدا نیە. قسە لەسەر ئەمە نیە، بەڵکو پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا موسوڵمانەکان بۆ سەردەمی خۆیان گونجاون و لەچاخەکەی خۆیاندا دەژین)[٤].

لەم شوێنەشدا وەك وتمان پرسیار لەوەدا نیە ئیسلام وەك پەیامی پاریزەری مافو کەرامەتی مرۆڤە، وە ئەمەش بەشێکە لەبیروباوەڕی هەر موسوڵمانێ بەڵکو ئەوەیە ئایا تێگەیشتنی موسوڵمانان بۆ ئیسلام بەوجۆرەیە کە ئەم مافو کەرامەتە پاریزراو بێت؟ ئایا عەقڵی ئیسلامیی توانیویەتی بەو ئەندازەیە چوارچێوەو میکانیزمو پرۆسەی تیۆریزەکردن و بەرهەم هێنانی دامو دەزگا پێشخات کە گیانی ئیسلامو ژیانێکی سەردەمانەی سەربەرز دەیخوازێ؟ گەر توانیبێتی لەڕووی تیۆریەوە تاڕادەیەك قسەی خۆی بکات ئایا لەسەر زەوی واقیعدا توانیویەتی ئەو مافانە لەکۆمەڵێ دامو دەزگادا بەرجەستە بکات؟ گەر دەفەرت بۆ ئەمەش لەبەردەمیدا هەموار نەبووە ئایا خەباتگێڕو ئیسلاخوازو چالاکی پەیامداری خۆی بەوجۆرە پەروەردە کردووە کە مافەکانی مرۆڤ، گێڕانەوەو پاراستنی کەرامەتی

مرۆڤ، ببێتە مەسەلەیەکی خولگەیی لەژانیداو بووبێ بەبەشێ لەهۆشیاریە حەرەکیەکەی و بڕوای بەوە بێت لەپێناویدا قوربانی بدات؟ گەر ئەم بڕوایە هەیە بەمەسەلەی مافەکانی مرۆڤ وەکو گوتەزایەک لەهۆشی جوڵاوە ئیسلاخوازەکاندا ئایا دریژەی ئەم مافانەی لەدوو توێی فۆرمێکی هاوچەرخدا لەبەر چاو رووبە بەجۆرێ دەسەڵات نەتوانێ لێکدانەوەیەکی چەواشەکارانەیان بۆ بکات و پشتیوانێ پاساوی ئەم لێکدانەوە پێشکەش بەجەماوەر بکات؟ ئایا عەقڵی ئیسلامیی چەند توانیویەتی مرۆڤەکان و سەرەتاکان، میژووی ئیسلام و ئیسلام خۆی، بیروباوەڕو رووداو، فیقهو شەریعەت، لەیەکتر جیابکاتەوە؟ چەند توانیویەتی ڕەخنە لەمومارەسە میژوویییەکانی بگرێت؟ ڕەخنەیەکی بابەتی و لەخزمەت بنیاتنانی دوارۆژێکی گەشتر بۆ تاکی موسوڵمان و کۆمەڵگای ئیسلامیی و هەموو ئەو غەیرە موسوڵمانانەش کە وەک هاوڵاتی لەگەڵ موسوڵماناندا دەژین؟ ئەمانە پرسیارن و دڵنیاشم بیری ئیسلامیی و عەقڵی ئیسلامیی ئێستا لەگەڵ ئەم پرسیارانەو چەندان پرسیاریتردا دەستەویەخەیەو دەخوازێت لەم میانەدا پرۆژەیەک بەرهەم بێنێ و چارەسەری بخەملێنێ و دیدێکی گەشەکردوو بنیات بنێ.

٢-هەڵگرانی تیۆری ئیسلامیی نابێ پێیان وابێ لەدەرەوەی ئەمان مرۆڤایەتی و فەرهەنگانی دیکە لەهەر مانایەکی ئینسانی و دیدێکی راست و دروست بۆ مرۆڤ و ماف و ئازادیەکان بەتاڵن. ئەمە بیرکردنەوەیەکی راست و ڕەوا نیە، فەرهەنگ و ژیارەکانی دنیا بەتایبەتیش ژیارو فەرهەنگی خۆرئاوا لەمیانەی خەبات و خوێن و عەرەقێکی زۆرەوە بەرهەنج و ئازاری ملیۆنان مرۆڤ توانیویەتی بگاتە چەندین راستی ئەم ژیان و گەردوونە، لەبیریشمان نەچێت شارستانی و ژیارە گەورەکان بەگشتی ریشەیەکی ئاینیان هەیە [٥]. ئەوە ئاینەکان بوون بناغەی شارستانیەتەکانیان دروست کردووە، بەتایبەتیش ئاینە ئاسمانیەکان. دیارە سەرچاوەی ئەم ئاینە ئاسمانیانە هەرێک سەرچاوەیە بۆیە سەرچاوەی بەشێکی بەرچاو لەبەهاو ڕەوشتە ئینسانییە بەرزەکانی ژیان و گەلان خودی ئەم ئاینانە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەزموونەکانی ژیان زۆر شتی فێری مرۆڤایەتی کردووەو ڕێبەرایەتی فیکری و سیاسی گەورەش دەستکەوتی بەرچاویان هەیە. تەنانەت تیۆرێکی وەکو دیموکراسی کە فۆرمێکی مۆدێرن و هاوچەرخە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و سنووردانان بۆ دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و پاراستنی ئازادییە گشتییەکان لەڕێی چەند میکانیزم و فۆرمێکەوە ریشەیەکی ئاینی هەیە [٦].

-هەڵبەتە مەبەست لەو قاڵب و ڕێوشوێن و فۆرم و میکانیزمانە نیە کە دیموکراسی تیا بەرجەستە دەبێت بەڵکو مەبەست لەو بەها ئینسانی و باڵایانەیە کە لەپشت بەرهەمهێنانی ئەو فۆرم و میکانیزم و قاڵب و ڕێو شوێنانەوەیە - لەبواری مافەکانی مرۆڤیشدا ڕەخنەی سەرەکی لەوە نیە کە دەقی بەڵگەنامەو جارنامەکان لەوانەش جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ مانای ئینسانی بەرزیان لەخۆ نەگرتووە. یاخود لەخۆگری زۆرێ لەو خەون و ماف و ئامانجانە نین کە مرۆڤایەتی لەدێرزەمانەوە خەونیان پێوە دەبینێ و ئاینە گەورەکانیش لەو سەرەڕێیەدا خەباتی زۆریان کردووە. بەڵکو زیاتر لەو ڕوەوەیە کە ئەم مافانە زیاتر لەوەی مافی مرۆڤ بن لەواقیعدا مافی هاوڵاتین. بەو واتایەی هاوڵاتیەکی خۆرئاوایی لەچوارچێوەی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکەیدا لەزۆرێ لەم مافانە بەهرەمەندە، بەڵام هەر ئەو ستافە سیاسیەی کە ئەو مافانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا فەراهەم دەکات لەدەرەوەی سنوورەکانیدا هێندە لەخەمی چەسپاندنی ئەو مافانەدا نیە، ئەو دەسەڵاتەی کە لەناو وڵاتەکەی خۆیدا مافی بەشداری سیاسی و ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕین بەڕەوا دەبینێ بۆ هاونیشتیمانیان و هەموو ئەوانەی ڕەگەزنامەو ناسنامەی قەوارە سیاسییەکەی ئەویان هەڵگرتووە بەڵام لەدەرەوەی

سنوورەکانیدا کاتێ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بیخوازێ لاری لەوە نیە دەستی بەخوێنی هەزاران مرۆڤ سووربێت، یارمەتی ئەو رژێمانەش بدات کە سەرەتایترین مافو ئازادییەکان بەهاوڵاتیانی خۆیان رەوا نابینن.

فەرەنسا لەجەزائیر زیاتر لەملیۆنێك کەس دەکوژێو ئەمریکا کارەساتی ڤیێتنام دەنێتەوەو بەریتانیا دەیان گەلو وڵات دەخاتە ژێر باری قورسی هەژاریو بندەستی بە بۆمباو شەستیری فڕۆکەکانی سلێمانیو گوندە کوردیەکان بۆمباران دەکات، ئەمریکاو خۆرئاوا بەرامبەر سەربڕینی دیموکراسی لەجەزائیر بێدەنگ دەبنو کۆنگرێسیش ئۆبالێ خوێنی دەیان فەلەستینی بێتاوان لەگەردنی ئیسرائیلیەکان دەمالێو دەیخاتە ئەستۆی خودی قوربانیەکەنەوە...هتد، واتە رەخنەی سەرەکی دەبێ کەمی (مصداقیە)تی خۆرئاوا بێت لەمەڕ مامەڵەکردنی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ هەروەها هەندێ بەرەنجامی رووە کارەساتاوییەکەی مۆدێرنە. کەئێستا خۆرئاوا دەیەوێ لەڕێی هەندێ کۆنگرەی جیهانیبەوە لەژێر ناوی ئافرەتانو پەرەپێدانو دانیشتوانەوە بەشێ لەو تایبەتمەندیە فەرهەنگیو هەڵوەشاوییە ئەخلاقیەی خۆی لەهەندێ روی کۆمەڵایەتی لەوێنەی لادانی سێکسیو پەیوەندی سێکسی ناشەرعیو کارکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزان لانی کەم بەمانا ئیسلامیەکەی ئێمە بەناوی جیهانی بوونەوە بەسەر جیهاندا بسەپێنێ.

دەبێت ئەم رووە دواکەوتووەی خۆرئاوا کە گوزارشتە لەو ناهاوسەنگیو پاشا گەردانیبەی خۆرئاوا لەرووبەکی ژیانی هاوچەرخی خۆیدا تیایدا دەژی، تێکەڵ بەمافە سیاسیو مەدەنیەکان نەکەین، ئەو مافانەی دەبێ چەکێکی کاریگەربی دەستی جولانەوە ئیسلامیەکانو هەڵگرانی تێزی ئیسلامخوازی سەردەم بێت، دژ بەرژێمە سەرەڕۆ سەرکوتکەرو دژە مرۆڤیەکان. گەر ئێمە مافی ژیانو ئازادیو ئاسایشو پارێزگاری مرۆڤ لەئازارو ئەشکەنجەدانو رەفتاری نامرۆڤانەو مافی دان پیانانی کەسایەتی یاسایی و یەکسانی لەبەردەم یاساداو مافی پەنابردنە بەر دادگاو دورکەوتنەوە لەگرتنو دورخستنەوەی هەرەمەکیو نایاسایی و بێتاوانی مرۆڤ تا لەڕووی یاساوە تاوانێکی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، سزانەدانی هیچ کەسێ لەسەر کاری یاسا قەدەغەی نەکردبێتو بەتاوانی دانەنابێت، مافی ئازادی بیروباوەڕو ئایینو بیروڕاو پاراستنی ژیانی تایبەتی خێزانیی و ئازادی کارو هاتوچۆو مافی پەنابەرێتیو مافی ملکدارێتیو مافی چوونە ریزوو دروستکردنی کۆمەڵەو رێکخراو و بەشداری لەژیانی سیاسیو بەرێوەبردنی دەسەڵاتو گرتنە دەستی پۆستە جۆراوجۆرەکانو بەشداری لەژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگەو دەستەبەربوونی ژیانێکی کامەرانو خۆشگوزەرانو... هتد(۷). گەر ئەم مافانە بەهەندێ لادانی ناو کۆمەڵگە ئەورووپیەکان تێکەڵ کەین وەك ئەوەی لەهەندێ وڵاتی خۆرئاوایدا دوو پیاو یاخود دوو ژن دەتوانن بەرەسمی ناوی خێزانیان پێبدرێت یاخود پیاو بۆی هەیە بەپێی یاسا چەندین عەشیقەی هەبێتو هەندێ جار ژنو پیاوێ منداڵەکانیان گەورە دەبێت ئەنجا ناهەنگی بوون بەژنو مێردی رەسمی دەگێڕن کەبەڕاستی بەشێکە لەتایبەتمەندی بەفەرهەنگیو ژیاریی خۆرئاواو دەبێ هەموشمان بەربەرەکانی ئەم جۆرە فەرهەنگە دزێوە بکەین کەمەترسی لەسەر خودی رۆژئاواش پێکهێناوە لەپاڵ هەندێ مەسەلەی تری وەکو بەکارهێنانی بەربڵاوی مادە سڕکەرەکانو تۆندوتیژیو پیسبوونی ژینگە. ئێمە ئەگەر ئەو مافە رەسەنانەی مرۆڤ کە مرۆڤ بێ ئەو مافانە ناتوانێت بڵێن مرۆڤێکی تەواوە، لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا تێکەڵ بکەین بەڕاستی سەرەڕای ئەوەی بەلگەی دواکەوتوویی دیدو تێڕوانینەکانمانە لەهەمان کاتدا رێگایەکی کارەساتبارمان گرتووە. گەر خۆرئاوا بەهۆی هەندێ دەرهاوێشتەی ژیانە مادیەکەی، مرۆڤی لەڕوی مەعنەویەوە تووشی قەیرانی جۆراوجۆر کردووە، بەم

جۆرەش بەشێ لەو رەفاهیەتە مادیەی بۆی دەستەبەر کردووە لێی زەوت کردۆتەوە، یاخود لانی کەم لەبایەخی کەم کردۆتەوە، ئەوا ئێمە بەم تێکەڵ کردنە بەجۆرێکی‌تر مرۆڤ دەخەینە ژێر فشارەوە لەچەندان مافی خوا پێداوو سروشتی خۆی بێبەشی دەکەین. کە ئەمەش لەعەقڵ و پرۆژەیەک چاوەڕێ ناکرێ ملیۆنان مرۆڤ ئومێدی خۆیان بەئایندەو سەرکەوتنی ئەوەو گرێداوە.

لەهەڵوێستی بەرگریبەوە بەرەو دەستپێشخەری!

ئێمە لەپێشەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە دەبوایە جیهانی ئیسلامو هەڵگرانی ژیارو فەرهەنگی ئیسلامیی پێشەنگانی بەرگریکردنی مافەکانی مرۆڤ بن لەسەر ئاستی جیهانداو دیدو وێناکردنەکانیان لەگەشەکردنێکی بەردەوامی وا دا بوایە بیتوانیایە ئاڵوگۆڕە سیاسی‌و ژیاریی‌و فەرهەنگی‌و نێو دەوڵەتی‌یەکان لەخۆبگرێت. بەڵام بەداخەوە لەکاتێکدا کەژیارو شارستانیەتی تازەی دنیا چاخی رێنسانس‌و رۆشنگەری خۆی تەی دەکردو شۆڕشی پیشەسازی بەخۆیەوە دەبینی‌و شۆڕشە گەورەکان لەبواری سیاسیدا رویان دەداو بەڵگەنامەو کۆدەکانیان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ‌و هاوڵاتی گەر لەرووی تیۆریشەوە بێت رادەگەیاندو، بەکردەوە پێناسەی زۆر شتیان دەکردو شوناسی تازەیان بەزۆر شت دەداو نهێنیەکانی زەوی‌و گەردوونیان دەدۆزیەوە، ئا لەو لەحزە میژوویی‌و چارەنووسسازو ترسناکەدا رۆژهەڵاتی ئیسلامیی لەقۆناغی لاوازی خۆیدا دەینااندو هەموو رەگەزەکانی روخان‌و پاشەکشەی لەجەستەی خۆیدا هەڵگرتبوو. کاتێکیش سەرەنجام ژیاریە فروانخوازە تازەکە بەرەو قەڵەمڕەوی جیهانە ساردوسڕەکەی ئێمە کشا بەهەموو چاوچنۆکی‌و نەزعەی هەژمونخوازی‌و داگیرکاری‌و پوکاندنەوەی بەرامبەرو دادۆشینی‌و ئیفلیج کردنی زیاتری، لێرەو لەوی بزوتنەوەو جوڵاندنەوەی بەرەنگاری سەربان هەڵدا، ئەم جوڵانەوانە لەبواری سەربازی‌و بەرەڤانیدا سەرەڕای هەموو لاوازی و دواکەوتوویی‌یەکان توانیان زۆر لاپەڕەی پرشنگدار لەرەتکردنەوەی داگیرکاری‌و بەرهەڵستی فراوانخوازی‌و چەوساندنەوە تۆمار بکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو دڵسۆزی‌و گیانبازیەکان تەحەداو مەیدانخوازیەکە لەوە گەورەترو بەگورزمتر بوو ئەو جۆرە هەڵوێستگرتنانەن بتوانن سنوورێ بۆ هەڵپەو دزی‌و داگیرکردنەکان دابنێ.

دیارە هێرشی ژیاری تازە هەر سەربازی نەبوو، هەر دزێتی خێرو بێرو سەروسامان نەبوو، بەڵکو لەهەمووی گرنگتر داگیرکاری‌و شاڵاوی فەرهەنگی‌و پرۆژەیەک بوو بۆ تێکشکاندن‌و سڕینەوەی خودی ژیاریی‌و فەرهەنگی، لێرەوە بیری ئیسلامیی جارێکی‌تر کەوتە جوڵە، بەڵام جوڵەیەک لەژێر باری کلتوری گرانی چەند سەدەیەک لە وشک هەڵاتنی ژیان‌و پاشەکشەی فەرهەنگ‌و شارستانیی، بۆیە واقیع ناچاری‌کرد بکەوێتە سەنگەری بەرگری کردنەوە. خەبات بۆ نەتوانەوەی تەواو لەبەرامبەردا، پارێزگاری‌کردن لەناسنامەی فەرهەنگی‌و ژیاری، رەواندنەوەی تەم‌و مژو گومانەکان لەدەوری چەمک‌و شەرعیەت‌و تێزە ئیسلامیەکان، هەر بۆیە بۆ ماوەی دەیان ساڵ مۆرکی ئەو فیکرە مۆرکێکی بەرەنگاریانەو رووبەڕووبوونەوەی لەخۆ گرت. زیاتر لەوەی پرۆژەیەکی سیاسی لێپرسراو بێت‌و بیر لەوە بکاتەوە چۆن کۆمەڵگەیەک بەڕێوەبەرێت؟ یاخود تێزی بیرمەندو رۆشنبیرێک بێت چۆن ژیان لەو کۆمەڵگە هاوچەرخەدا پێش بخات‌و وەڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکان بداتەوە واقیعەکە تیۆریزە بکات‌و گوزارشت لەخەون‌و هیواکانی بداتەوە، زیاتر لەوەی ئەم شتانە ببێت، سەربازی بوو لەناو سەنگەردا، زۆرتر بیری لای ئەوەبوو چۆن ئەم سەنگەرە بپارێزێ. دوای رەوکردنی ئیستیعمارو بەجێهێشتنی ئەم

نیشتیمانە یاخود ناچارکردنی بۆ دەرچوون، دەسەڵاتدارە مۆدێرن‌و خۆمالێیەکان، کە دوای ئیمپریالیزمە داگیرکەر جڵەوی کاروباریان گرتە دەست، نەک هەر ئەو دەسەڵاتە نەبوون فیکری ئیسلامیی بتوانێ لەسایەی ئەواندا تەندروستی خۆی بگێڕێتەوە بەتۆمارەکانی خۆیدا بچێتەوە ئیتر لەجاران زیاتر ببێ بە فیکری ژیان‌و بنیاتنان بەڵکو چەند قاتی جاران زیاتر ئەم بیرە هەڵگرانی تووشی چەوساندنەوە هاتن‌و هەوڵی پوکاندنەوە پەراوێز خستنیان درا، بەمەش جارێکی‌تر ئەم فیکرە لەژێر قورسایی ئەو واقیعە داسەپاوەدا بەرەو لوتکەکانی بەرەنگاری‌و رۆشنبیریەکی خۆگری رۆیشت، هەر بۆیە زۆر نیە ئەم فیکرە پەراوێزێکی لەبەردەمدا کراوەتەوە ئەویش نەلە هەموو شوێنێکدا بەڵکو تا ئێستاش لەچەندین شوێن (مصادرە) کراوەو بواری گوزارشت لەخۆدانێکی بی سانسۆرو ئازادی نیە.

دیارە ئەمە هۆکارێکی گرنگی بەگوێرەی پێویست گەشەنەکردنی فیکری ئیسلامیی بەگشتی‌و ئەم فیکرە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا بووە. بەڵام هەروەک ناماژەمان پێکرد بەشێ لەکلتوری ئیسلامیی خۆشی، هەروەها تەشکیلەی خودی عەقڵی ئیسلامیی هۆکاربوون بۆئەوەی بیری ئیسلامیی ئەتوانێ هەنگاوی گەورەتر بهاوێ لەوەی کە هەیە. رەنگە هۆکارێکی گرنگی‌تر نەبوون یاخود کەم بوونی چوارچێوەیەکی دانپیانراوە جوگرافی‌و بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی‌و مادی بێت کە هەڵگری فیکرەکە بێت. چونکە هەموو فیکرێك بە (تبنی) کردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە قاڵ دەبێت‌و فیکری زیندوش هەست بەکەلێن‌و کەلەبەرو ناتەواویەکانی خۆی دەکات‌و پڕیان دەکاتەوە، هەر بۆچونێك بێت گەز ئێرە جێگای ئەوە نەبێت ئێمە بەدرێژی بەدوای سۆراخی ئەم هۆکارانەدا بچین. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئاوەڕدانەوەی بیری ئیسلامیی‌و عەقڵی ئیسلامیی لەسەردەمی مەیدانخوازی خۆیدا زیاتر لەوەی راچڵەکانێکی خودیی‌و زگماکی ئەم فیکرە بێت وەڵامدانەوە بوو بۆ ئەو مەیدانخوازی (تحدی)یەی کەفیکری بەرامبەرو گوتاری مافەکانی مرۆڤ لەجیهاندا بۆی دروست کرد، ئەمەش هەرچەند جێگای داخ بێت بەڵام واقیعە، ئەوەندەی ئەمەش پرسیارە لەسەر عەقڵی ئیسلامی و مرۆڤی مولّمان، پرسیار نیە لەسەر ئیسلام؟ گەرچی هەندێ کەس‌و لایەن بۆ مەرامی ئایدیۆلۆژیای خۆیان یاخود بەحوکمی (تبنی)کردنی دیدگایەکی ماتریالیستانە بۆ ژیان‌و بوون‌و مرۆڤ دەیانەوێ کەم‌و کورتیەکە بخەنە ئەستۆی خودی ئیسلام. بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەوەشمان لا روون بێ کە هەر ئەوەندەی ئێستا مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بۆتە پرسێکی قسەلێکراوو بواری بیرلێکردنەوەی ناوەندە فیکریە ئیسلامیەکە، با تا ئێستاش نەگەشتبێ بەناستێکی بااڵ لەتیۆریزەکردن‌و فۆرمەڵەکردن‌و دارشتن، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەردەبڕێ کە بیری ئیسلامیی بیری ژیانە، ئینتیمای بۆ سەردەمەکەی خۆی هەیەو ڕەگەزەکانی بەرەو پێشچوونی بەهێزە. چونکە گەر بەوجۆرە نەبوایە نەیدەتوانی وەڵامی ئەو مەیدانخوازیەیە بداتەوە کە فیکری بەرامبەر لەم بوارەدا بۆی دروست کردووە.

بەدوای ئەمەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەبەر ئەو هەڵ‌و مەرجە میژوویی‌یەی باسمان کردو نەخەملاندنی پرۆژەیەك بۆ مافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی فۆرمێکی هاوچەرخداو مامەڵەکردن لەگەڵ فۆرمێکی جیهانی ئامادەو دژواری ئەو بارودۆخەش کە ئەم مامەڵەی تیا دەکرێت، هەڵگرانی پرۆژەی ئیسلامیی نەیانتوانیوە بە واتا هاوچەرخەکەی دەستپێشخەرین لەبانگەشەکردن بۆ مافەکانی مرۆڤ. (د. عزام التمیمی) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لیبرەتی بۆ بەرگریکردن لەئازادیەکان لەجیهانی ئیسلامیدا ئەم دواکەوتن‌و کەم‌و کورتی‌یە بەم جۆرە دەردەبڕێ‌و دەڵێ: (تاکو ئێستا موسوڵمانان لەبواری پراکتیکدا کەم‌و کورتیان زۆرە، کەم‌وکورتیەکەی زۆر هەیە لەکایەی بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ

لەپێگەیەکی ژیاریی ئیسلامییەوە ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم کایە تاکو ئێستاش بەزۆری لەلایەن نوخبە عەلمانییەکەوە پاوان کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەتا ئەم نزیکانەش خاوەنی هەندێ ئایدیۆلۆژیاو فیکرە بوون کەبەتەواوی شکستیان خوارد، لەبەرئەوە بۆ مانەوەو بەرژەوەندی خۆیان پەنایان بردە بەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ. بەداخێکی زۆرییشەوە ئەمانە مافەکانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەرامی سیاسی و سەپاندنی هەژموونی رۆشنبیریی بیانی بەکاردەهێنن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە موسوڵمانان دەرك بەوە بکەن کە ئەمان شایستەترن بۆ روبەڕووبوونەوەی ئەم مەسەلە ئینسانیەو دەبێت دەستپێکیشیان لەم کارەیاندا (ثوابت)ەکانی بیروباوەڕو کلتوری دەوڵەمەندی ئیسلامیی بێت، لەگەڵ پێویست بوونی ئەوەی ئەمانیش نەکەونە ناو ئەو شتەی غەیری ئەمان تێی کەوتنو ئەم مەسەلە پیرۆزە بۆ مەرامی سیاسی تایبەت بەکارنەهێننو سوودی خراپی لێوەرنەگرن، یاخود بەرگری پێ لەدەستەیەك بکەنو لەدەستەیەکی تری نەکەن یان بۆ یەکلایکردنەوەی دڕدۆنگی سیاسی لەگەڵ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو بەکاری بێنن) [٨].

ڕەنگە ئیسلامخوازێ بپرسێ با ئەو نوخبە عەلمانیە هەر هەڵگری گوتاری مافەکانی مرۆڤ بێت، چی لەدنیای واقیعی مرۆڤەکان لەوڵاتانی ئیسلامیی گۆڕاوە؟ هەر ئەو نوخبەیە نیە کۆمەڵ دەسەڵاتی سەرکوتکەری وای بەرهەم هێناوە جەستەی مافەکانی مرۆڤیان پڕ لەزامو سۆێ کردووەو رۆژانە کاری بەشێ لەو دسەڵاتدارە دڵ ڕەقو دواکەتووانەی ئەوان سوکایەتیکردن نیە بەڕێزو کەرامەتی هاوڵاتی؟ بەڵکو هەر ئەوان نین ڕێگرێکی گەورەن لەبەردەم هاوڵاتی تا ناوەڕۆکی تەواوی خۆی پەیدا بکات؟ یاخود هەر زۆرێ لەو رۆشنبیری عەلمانیە نین کە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە کۆنەخوازو دژی مرۆڤانە هاوپەیمانن و لەسەنگەری دژایەتی کردنی بەشداری سیاسیو بەدیهاتنی مافە سیاسیو مەدەنیەکاندان و دەیانەوێ بەپێنوسەکانیان سیمای دزێوی ئەو رژێمانە جوان کەنو پاساو بۆ زۆرو ستەمو سوکایەتی کردنەکانیان بەمرۆڤو مافەکانی بێننەوە؟ ئەم پرسیارو سەرنج ڕاکێشانە ڕاستەو لەجێی خۆیدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم وێنەگرتنە واقیعێکە دەبێ چەند شتێکمان لەبیرنەچێ:

١-ئەوەی کە گوتاری مافەکانی مرۆڤ نەیتوانیوە بچوکترین شوێنەوار لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگا دابنێ زیادەڕەوی تێدایە،، بەڵام ئەمە ڕاستە کە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتانەدا بەردەوام پێشێل کراوەو هێشتا خەباتی زۆر پێویستە بۆ پارێزگاری لەکەرامەتو مافەکانی مرۆڤ.

٢-ئەو رۆشنبیرو سیاسیانە هەرچەند ڕاستیان نەکردبێت لەگەڵ ئەو گوتارە کە بانگەشەیان بۆ کردووەو لەم پێناوەدا دروشمان بەرزکردۆتەوە ئەوە ناسڕێتەوە کە لەڕووی میتۆوویی یەوە وەك تێزو دروشم ئەوان لەزۆر جاردا پێشدەست بوون لەهێنانە ناوەوەی ئەو گوتارەو چەمکەکانی بۆ ناوەندە فیکری و سیاسییەکە.

٣-ڕاست نەکردنی ئەوان لەگەڵ گوتارەکەدا پاساو بۆ دواکەوتنی هەڵگرانی فیکری ئیسلامیی لەم بوارەدا ناهێنێتەوە، بەڵکو ڕەنگە گەر هەندێ بارودۆخی یەکجار دژوارو ژیانی ناو زیندانو سەرکوتکردنی سایەی دکتاتۆرەکان نەبوایە بمانوتایە ئەم واقیعە ئەمان زیاتر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، واتە کاتێك خەڵکانێ دروشمەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەرز دەکەنەوەو گوتاری ئەو مافانە دەکەن بەهۆیەك بۆ چەواشەکردنی جەماوەر، ئا لەو کاتەدا بێدەنگی ئەو کەسو جوڵانەوانەی کەپێیان وایە دەتوانن لەم ڕووەوە (مصداقیە)تی خۆیان بسەلێنن لەحاڵەتی ئاسایدا بەتاوان لەقەڵەم دەدرێت.

هەڵبەتە لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە ڕۆشنگەرە ئیسلامیەکانی سەدەی نۆزدەی وەکو (جەمالەدینی ئەفغانی، عەبدولڕەحمانی کەواکیبی و محەمەد عەبدەو خەیرەدین تونسی و تەهتاوی و چەندێنی تر) ئەو پێشەنگانە ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ بوژاندنەوەی خۆڕهەڵات و دژایەتی کردنی سروشتی زۆردارانەی دەسەڵات و چەسپاندنی دادپەروەری لەفەرمانڕەوایداو سوود وەرگرتن لەدەستکەوتەکانی ژیارو شارستانیەتی هاوچەرخ. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕەوتە لەسەدەی بیستەمدا بەسروشتە ئیسلامیەکەی خۆی لەبەر چەندین هۆکار نەیتوانی درێژە بەژیانی خۆی بدات، لانی کەم لەڕووی فیکریەوە. هەروەك باسمان کرد بیری ئیسلامیی بەچەندان شەپۆی بەرگریەوە سەرقاڵ کرا، سەرەڕای هەموو ئەوەی کەوتڕا گەر سەیری واقیعی زۆرێ لەکۆمەڵگە موسوڵمان نشینەکان بکرێت دەبینین ئەو غیرەت و خوێن گەرمیەی کە پێویستە لەئارادا بێت بۆ پارێزگاری کردن لەماف و کەرامەتی مرۆڤ بەگوێرەی پێویست نییە. هێشتا ماوەتی مرۆڤ ئەو گەورەییەی خوای گەورە پێیداوە لەواقیعی ژیانی موسوڵمانان و کۆمەڵگانیاندا بەدەستی بێنێتەوە. هێشتا ماوەتی ئەوە ببێ بەبەشێ لەهۆشیاری و تێگەیشتنمان کە مرۆڤ خۆی ئامانجە. خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی لەخزمەتی مرۆڤدا دروست کردووە هەموو خێرو بێرە بینراوو نەبینراوەکانیش هەر بۆ ئەوە. خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی خۆی ڕەوانە کردووە بۆئەوەی مرۆڤ لەم ژیانە خوای خۆی بناسێ و سەربەرزو کامەران بژی و ڕووسووری بەردەمی خواو خۆشنودی هەتاهەتایی ناو بەهەشتی ئەو بێت. ئەوەتە خوای گەورە لەدوو تونێی ئایەتێکدا تێمان دەگەیەنێت کە ڕەوانەکردنی هەموو پێغەمبەران لەرویەکەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان خۆیان لەناو خۆیاندا بەدادپەروەرانە حوکم بکەن و ستەم و چەوساندنەوە ناعەدالەتی بنەبڕبکرێت (ولقد أرسلنا رسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط) الحديد.

دەبێت عەقڵی ئیسلامی بگاتە ئەو لوتکەی پێی وابێت مرۆڤ لەهەموو پرۆزیە مادەیەکان پیرۆزترە. ئەوەتە عەبدوللای کوری عومەر دەڵێ (پێغەمبەرم بینی بەدەوری کەعبەدا تەوافی دەکردو دەیفەرموو ئای چەند پاکی و چەند بۆنیشت خۆشە، ئای چەند مەزنی و ڕێزیشت چەند مەزنە، سوێند بەوەی گیانی (محەمەد)ی بەدەستە ڕێزو حورمەتی موسوڵمان لای خوا لەڕێزو حورمەتی تۆ گەورەترە) [٩].

لەبەرئەوەی ئەو ملیۆنانەی بۆ دەستدرێژی کردنە سەر کەعبە دێنە جۆش و خرۆش و ئامادەن ماڵو گیانیان لەوپێناوەدا بەخت بکەن بەڵام بۆ ژێرپێدانی ماف و بێبەشی و چەوساندنەوەی هەزاران موسوڵمان یاخود مرۆڤ نابزوێن، دەبێ بزانن هێشتا نێوانێکی زۆر لەنێوان ئەوان و تێگەیشتن لەئیسلامە مەزنەکەیاندا لەئارادایە، ئەو ملیۆنانەی بۆ مەسەلەی شارۆن کەچووە ناو مزگەوتی پیرۆزی (ئەقصا) هاتنە سەر شەقامەکان و تورەیی خۆیان دەربڕی و بەڵام بۆ قەسابخانەی (صەبراو شاتیلا) و بۆ هەزاران خوێنی ڕژاوو و مەینەتی و ڕۆژە ڕەشی سەدان زیندانی ناو بەندیخانەکانی ئیسرائیل نەهاتنە جۆش، یاخود بۆ مەینەتی و بێبەشی و تاڵاوو ژیانی سەختی و چەوساندنەوەی گەلێکی وەکو ئێمە، نەیانتوانیوە لانی کەمی هاوەردی دەربڕن، چەند بەهەڵەدا چوون. هەڵبەت بەهەڵەدا چوون نەك لەبەرئەوەی بۆ دەستدرێژی کردنە سەر (ئەقصا) و سوکایەتی کردن بەرەمزە پیرۆزیەکانی موسوڵمانان ڕق و تورەیی خۆیان دەربڕی، چونکە سوکایەتی بەرەمزە ئاینیەکە سوکایەتیە بەسەرجەم موسوڵمانان و شوێنکەوتووانی ئەو ئاینە. وە دەبێ هەرکارێکی لەوجۆرە لەگەڵ کاردانەوە ڕووبڕووبێتەوە مەسەلەکە لەوێدا نیە ڕەخنەو بەهەڵەداچوونەکە دیارنەمانی ئەو تێگەیشتنەی پێغەمبەری خوایە ﷺ لەمەسەی پیرۆزی. مەسەلەی پیرۆز نەمانی مرۆڤە لەهۆش و ویژدانی مرۆڤی موسوڵماندا بەبوجۆرەی موسوڵمانێتی و جیهانبینیەبە ئیسلامیەکەو دەقی فەرموودەکە دەیخوازێ. دەبێ خەباتی پەروەردەیی و فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری هەڵگرانی بیرو پرۆژەی ئیسلامیی هاوچەرخ بەپلەی یەکەم بۆ گێڕانەوەی

ئەو پلەو پایەو رۆڵو شوێنە گەردوونیەیە بێت بۆ مرۆڤ، فەرهەنگێ پەرە پێبدرێ و گیانی ببوژێنرێتەوە
کە دەستدرێژی کردنە سەر مافو کەرامەتی مرۆڤ بەتاوانێکی لێخۆشنەبوو بزانێ. بەدەرچوون
لەرێنوێنی و داواکاریەیە ئیسلامیەکان دابنێ. ناکرێ غیرەتو حەماسی ئیسلاخوازی بۆ سەرپۆشی
سەری خوشکێك دەیان جار زیاتر بێت لەغیرەت بەرامبەر مافی ژیان و ئازادی و ژیانێکی سەربەرزانە،
من نالێم بۆ دەستدرێژی کردنە سەر سەرپۆشی سەری خوشکەکە نەجولێین، یاخود بێزار نەبین
بەربەرەکانی نەکەین، چونکە کارێکی لەوجۆرە گەر بەزمانی بەرامبەریش بدوێین دەستدرێژی کردنە بۆ
سەر ئازادی ئاینی ئەو، بەڵام ئەوەم زۆر پێ کارەساتو دواکەوتوویە کە بۆ ئەمە دنیا بخرۆشێین، بەڵام
بۆ ئازادی بیروڕا را دەربڕینو بەشداری لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتو دژایەتی کردنی زۆرداری و
دادگایکردنێکی عادیلانەو کۆتایی هێنان بەنەریتی ئازارو ئەشکەنجەدانو ئازادی خۆرێکخستنو
قسەکردنو رەخنەگرتنو داواکردنی دادی کۆمەڵایەتی یەك لەسەر دەی ئەو رانەچڵەکینو قوربانی
نەدەین.

لەکاتێکدا ئیسلاخوازان چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێ سنورێ بۆ ئەو ستەمو زۆرداری و بێبەشی و
دواکەوتوویی بە دانێت کەچەندین سالّە و لە چەندین وڵاتدا بنجی داکوتاوە.

خاوەنانی تێزی ئیسلامیی هاوچەرخ راست نیە چیتر رازیبن هەڵگرانی بیروتێزی (بەرامبەر)
قسەکردن بەناوی مافەکانی مرۆڤو ئافرەتو هەندێ توێژو چەمکیتر بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، ئێستا
دەبێت هەنگاوەکان چەند قاتو وزەو تواناکانمان لەئاستێکی بەرزدا بخەینەگەڕ بۆئەوەی چیتر
بەهەڵوێستی بەرگریکردن لەتێزەکانمان رازی نەبین بەڵکو دەستپێشخەری بەدەست بێنینەوە. گەرچی
بەکردەوە چەندین وڵاتدا ئەو دەستپێشخەریە بەدەست هاتۆتەوە، هەر بۆیە ئەمڕۆ جەماوەرێکی زۆر
لەتوێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك و بەتایبەتیش ئافرەتانو چینە بێبەشەکانو بەشێکی بەرچاوی نوخبەی
کۆمەڵگاش لەدەوری پرۆژەی ئیسلامیی کۆبوونەتەوە. بەڵام ئەو واقیعەش خەباتی دەوێت بۆئەوەی
ئیسلاخوازان لەدارشتنی دروشمو تێزەکاندا بەجۆرێ بن لەئاستی داخوازی خەڵکە چاوەڕێکەدا بن،
لەپێگەیەکی بەهێزو لەدیدێکی ژیاری سەربەخۆوە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی لەبواری مافەکانی
مرۆڤدا لەخۆبگرنو خەبات بکەین بۆ چەسپاندنی ئەو مافانەو کۆتایی هێنان بەچاخی قۆناغی
چەوساندنەوەو کۆیلەکردنو بێبەشی مرۆڤ.

مەسەلەی بایەخ پێدان بەڵکو بەخولگەکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ پرۆژەی ئیسلامیی هاوچەرخ،
مەسەلەیەکی چارەنووسازو بنەڕەتییە بەڵکو دواڕۆژی گەشەکردن یاخود پوکانەوەی پرۆژەکە لە رووە
دنیایی و مادیەکەوە لەسەر ئەم لایەنە وەستاوە. دەبێ هەڵگرانی ئەم پرۆژە ژیاریی بەکردەوە
بیسەلمێنن. دەتوانن وەلاّمدەرەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاکانیان بن. دەتوانن لەسایەی
رژێمێکی دادپەروەرو هاوچەرخدا مافەکانی مرۆڤ بەیاسایی بکەنو چیتر کەرامەتی مرۆڤ
نەشکێنرێ بەڵکو دەبێ ئاسۆی بیرکردنەوەو خەونەکانیان سنوری کۆمەڵگاکانیان تێپەڕێنێ بگاتە
ئاستی جیهانی و بەو هەستەوە بژینو بەهەرچی لەدەستیان دێت بخرێتە سەر ئەودیو نەك کۆتایی
پێبێت.

پارێزگاری لەهەر مرۆڤێکی بێبەشو چەوساوە بکەن بەبێپرسین لەرەگەزو ئاینو زمان، ئەمەش
دەخوازێت (نەزعە)ی ئینسانی بوون لای تاکی موسوڵمان بەتایبەتی تاکی ئیسلاخوازی تێکۆشەر
گەشەی پێبدرێت، لەژێر زەبری ئەو کلتورەدا دەریکەین کە ململانێو خوێن رشتنو بێمافی لەدەیان
ساڵی رابردودا پێکی هێناوە. نەزعە ئینسانیەکەی بەجۆرێ گەشە بکات بەجوانی قەناعەتی بەوە بێت
مرۆڤ بەحوکمی مرۆڤ بوونی خاوەنی کەرامەتو گەورەییە (ولقد کرمنا بنی ادم) هەر موسوڵمان
نا ئەو کەرامەتە خوای گەورە داویەتی بەهەمو ئادەمیزادێك. ئیتر جاوازی ئاینو مەزهەب نابێ ڕێگر
بێت لەڕێزگرتن لەم کەرامەتە رەسەنە. ئەوەتە پێغەمبەری ﷺ کاتێ تەرمی جولەکەیەکی بەلادا

دەهێنن بۆ ڕێز لێگرتنی هەڵدەستێنە سەرپێ و لەبەری هەڵدەستێ، کاتێ پێی دەڵێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە تەرمە جولەکەیە.. ئەو وەڵامی دانەوە فەرموی: (بۆچی مرۆڤ نیە؟). ئەمە لەکوێ و عەقڵی بچوک و دەروونی تاریکی هەندێ لەکوێ، کاتێ بومەلەرزەیەک دەدات لەوڵاتێک (١٠٠) هەزار کەس دەکوژێ هەر لەبەرئەوەی لەئاینا جیاوازن یاخود لەمەزهەبدا وەک یەک نین نەک هەر هاودەردیەک لەگەڵ ئەو کارەساتە گەورە دەرنابڕێ، بەڵکو پێی وایە ئەوەی سزا لێپێچانەوەی خواییە. وەک ئەوەی ئەو ئاگاداری دیوانی خوابێت کە پەروەردگار ئەوانەی سزا دابێت. دەمارگیری و بەسەرخۆدا داخران و بەپیرۆزکردنی کوشتن و خوێن و بەزۆر ملکەچ پێکردنی خەڵک هەرگیزاو هەرگیز خزمەت بەئیسلام و پرۆژەی ئیسلام و گەلانی موسوڵمان ناکات. بەڵکو ئەم سیفەتانە جیاکەرەوە، هەندێ لەو رژێمانەن کەوا چاوەڕوان دەکرێ تەوژمی ئیسلامی ئەلتەرناتیڤی ئەوان بێت، پرۆژەیەک گەر سەردەم، گەر کۆمەڵگەکان بەهەموو گیروگرفت و ناکۆکی و بەرژەوەندی و ئایین و مەزهەب و نەتەوە و فەرهەنگەکان نەتوانێ لەخۆ بگرێت و لەدیدێکی پلۆرالیزمانەی هاوسەنگەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات و ئینسانی بوونیش بەهێزترین پێگەو هاوبەشداریەتی نێوان مرۆڤەکاندا بێت ناتوانێ لەم سەردەمدا لافی ئەوە لێبدات کە ئایندە باوەشی بۆ کردۆتەوە. کاتێ موسوڵمانان خەباتی چەکداریشیان کرد، دەبێ لەپێناو نینۆک قرتاندنی ئەوانەدا بێت کەژیرپێدانی مافەکانی هاوڵاتیان و کەرامەتی مرۆڤەکان بۆتە پێشەی هەمیشەیی و ناسنامەی جیاکەرەوەیان. دەبێ جەنگی ئازادی و گەیشتن بەمافەکانی مرۆڤ بێت. دەبێ جەنگی چەسپاندنی نموونەو مۆدێلێکی ئیسلامیی بێت کە خەڵکی خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن و خۆیان سەرچاوەی دەسەڵات بن و لەسایەی ئەو دەسەڵاتەشدا هەست بەئازادی و ئاسودەیی بکەن و لەساتە وەختەکانی گوزارشتدانەوە لەناخە ئینسانیەکەی خۆیاندا بژین.

گەر قسەکانمان چڕ کەینەوە و لەوەش زیاتر ووتارەکەمان درێژ نەکەینەوە دەڵێین: دەبێ مرۆڤ ئامانجی پرۆژەی ئیسلامیی هاوچەرخ بێت، هەروەها دەبێت هەوڵی بنەڕەتی ئیسلاخوازان بۆ ڕەخساندنی ڕەوشێکی ئینسانی وابێت مرۆڤ و کۆمەڵگە لەسایەیدا بە مافەکانیان شادبن، هەروەها هەموو هەوڵێك بۆ ئەوە بدرێت ئەزموونێ لەم ڕووەوە نیشانی جیهان بدرێ و بەمۆرکە ئیسلامییەیە ئینسانیەکەوە بتوانێ لەگەڵ لەخۆگرتنی ڕووە گەشەکانی ژیارو فەرهەنگی هاوچەرخ مرۆڤایەتی و جیهانی لەرووە مەترسیدارەکانی ژیانی ئەو ژیارو فەرهەنگە ئاگادار دەکاتەوە. هەر ئەم ئاڕاستە کارکردنەشە سەرەنجام ئیسلام وەکو پەیامێکی گەردوونی نەك هەر بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، بەڵکو بەشداریەکی گەورەش دەکات لەراستکردنەوەی ئەو نا هاوسەنگیەیە گەورەی ژیاری هاوچەرخ و بەکارهێنانی سەرمایەدارانەی سەرچاوەکان و دەرهاویشتەکانی بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی دروستی دەکات.

بە بنەماو پرنسیپ و بەها نەمرو خواییو مرۆڤ دۆستەکانی بەشداریەکی کاریگەر دەکات لەدەوڵەمەندکردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا. ئەم تێزو جۆرە کارکردنەش دەتوانین بڵێین تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە موسوڵمان نشینەکان لەو قەیرانە جۆراوجۆرانەی تیایدا دەژین و ئاڕاستەکردنیان بەرەو لوتکەی نوێ بوونەوە سەربەخۆبوون و فەراهەمکردنی ژیانێکی سەربەرزو خۆشگوزەران بۆ تاك و کۆمەڵگە لەسایەی ڕەوشێکی ئیسلامیی و ئینسانی گەشەکردووداً.

دیارە دیدێکی لەم جۆرەش بۆ ناوەڕۆکی پرۆژەی ئیسلامیی و ئەرکە ئیسلامیی و نیشتیمانی و ئینسانیەکانی تەوژمی ئیسلاخوازی کوردستان لەسەر ڕێی گەیشتنی گەلی ئێمە بەئامانجە مەزنەکانی لەئازادی و ڕزگاربوون و ژیانێکی خۆشگوزەران و سەربەرزانە هەتا بڵێی پرسێکی چارەنوس سازو مەسەلەیەکی خەباتی یەکجار گرنگە.

پەراوێزەکان:

١-مەتەڵی مۆدێرنیزم (فسلي هيومانيزم)- بابەکی ئەحمەدی (بەزمانی فارسی) - نشر مرکز تهران = ١٣٧٧.

٢-جارێ گەردوونی مافی مرۆڤ - لەبڵاوکراوەکانی ئستیتۆی کورد لەپاریس و فدراسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی مرۆڤ، لاپەرە ٢٣.

٣-سەید قوتب لەکتێبی (هذا الدين) و (ئیسلام و ئاشتی جیهانی) و وتارێکی لەیەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری (المسلمون)دا ناماژە بە مەسەلەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات کە هەوڵدەدات یاسایەکی نێو دەوڵەتی کارەکانی رێکخا، ئەم مەسەلە لەو سۆنگەوە باس دەکات گەر لەمێژوودا دیدی جیهانیانەی ئیسلام بۆ هەندێ گروپ و بەڵکو مرۆڤایەتی بە گشتی زۆر ئاشنا نەبوبێت ئێستا مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی وەبەرهێنانی یاسایەکی نێو دەوڵەتی و دروستکردنی رێکخراوی جیهانی ئامادەترە بۆئەوەی ئاراستەی ئیسلام لەم رووە ئاسانتر وەربگرێت.

٤-الدين والدولة وتطبيق الشريعة = مركز دراسات الوحدة العربية = ١٩٩٦.

٥- بۆ نموونە لەم رووە سەیری لێکۆڵینەوە بەنرخەکانی بیرمەندی جەزائیری مالك بن نبی بکە لەوانەش لەکتێبی (شروط النهضة)دا.

٦-لەم رووە سەیری کتێبی (ماهي الديمقراطية؟ حكم الاكثرية أم ضمانات الاقلية) ل٤٥-٥٥ بکە کە دەڵێ (إن الذهنية الديمقراطية تدين بالكثير للتحررية الدينية) نووسەری کتێب (الان تورين). بۆ زانینی زۆڵی ئیسلامیش و کارتێکردنی ئیسلام و فیکری ئیسلامیی لەسەر رێنسانسی ئەوروپا و زەمینە خۆشکردن بۆ گەشەکردنی سیستەمی ئازادی و دیموکراسی لەخۆرئاوا لەدیدی تیۆریستێکی گەورەی خۆرئاوا سەیری (الحريات العامة في الدولة الاسلامية)ی (راشد الغنوشي) بکە بۆ ئاشنابوون بەدیدی دیقرجیەی گەورە تیۆریستی بواری فیکری سیاسی لە فەرەنسادا، هەروەها رێنیسانس (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) کە لەلایەن (فۆئاد مەجید میسری)یەوە کراوە بەکوردی.

٧- ئەمانە بەشێکن لەو مافانەی لەجارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

٨-فی (الذكرى الخمسين للاعلان العالمي لحقوق الانسان = د. عزام التميمي - گۆڤاری (المجتمع)ی کوەیتی - ژمارە (١٣٢١: ١٣/١٠/١٩٩٨). دیارە نووسەری ئەم وتارە کاتێ دەڵێ هەندێ کەس تادێنێ هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەك بوون و شکستی خواردوو شکا باس لەدیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، مەبەستی رۆشنبیرە مارکسی و چەپەکانە لەراستیشدا ئەم واقیعە زۆربەی ئەوانەی و مەسەلەی مافەکانی ئافرەت و دیموکراسی، عەلمانیەت و مافەکانی مرۆڤ بەهەناسەیەکی ئایدیۆلۆژیانەو دژایەتی کردنی ئیسلام و تەوژمی ئیسلامیی لەجیهانی ئیسلامدا بەکارهێنن کۆنە مارکسیەکانن.

٩-ئەم فەرموودە (ابن ماجه) ریوایەتی کردووە، (في الفقه السياسي الاسلامي مبادئ دستورية الشورى العدل المساواة) فرید عبدالخالق - دار الشروق - چاپی یەکەم لەساڵی ١٩٩٨ - ل١٣.

هەژان ـــــــ

هەژان ـــ

تەوەرەی یەکەم:-

رەگەکانی دەسەلات – شەرعیەتی رۆنان – التأسیس-

ئایا دەسەلات لەمیژووی مرۆڤایەتیدا چۆن سەری هەلّداوە؟ کێ شەرعیەتی پێداوە تاوەک دەزگایەک هەژموون بەسەر هەموو کەنالەکانی ژیاندا بکات؟ دەسەلاّتو لەوێشەوە – دەولّەت- چۆنو لەچ میژوویەکدا هاتە بوونو ئەو ستراکتۆرەی وەرگرتووە کە بەدرێژایی میژوو دەیبینین؟ یاخود کێ دەسەلاّتی داوە بەدەسەلاّت تاکوو هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەلّگە کۆنترۆل بکاتو بەناوی هەمووبانەوە قسە بکات؟ ئایا نەدەبوو مرۆڤایەتی بەجۆرێکیتر تۆڕەکانی پەیوەندی خۆی داڕێژێت، میکانیزمێکیتر بگرێتەبەر جیا لەم میکانیزمە ستوونیەی دەسەلاّت، بۆ نموونە میکانیزمێکی ناسۆیی لەتۆڕەکانی پەیوەندیدا بووایە.

ئەمانە دەماخەنە ناو چەند پرسیارێکی تردوە، ئایا دەسەلاّت سەرچاوەیەکی مرۆیی هەیەو مرۆڤ خۆی لەپێناوی وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دایهێناوە یاخود مەرجەعێکی میتافیزیکی هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە روئیای هەر سیتمێکو جۆری مامەلّەکردنی دیاری دەکات، لێرەیشەوە پرسیاری ریشەکانی دەسەلاّت (روئیای ئیسلامیەوە دێتە پێش؟ ئایا وێنای ئیسلامی بۆ ریشەی دەسەلاّت وێنایەکی میتافیزیکی یان مرۆیی یە ئایا درێژکراوەی وێناکانی تری مرۆڤە یا وێنایەکی جیاوازو سەربەخۆ؟

***

پێم باشە لەبەرایيدا تیۆرەکانیتر شیبکەمەوە – بەکورتی- پاشان بێمە سەر روئیای ئیسلامی!

لەوانەیە ئەوەستۆ یەکەم فەیلەسوف بێت کەتیۆریزەی سەرهەلّدانی دەسەلاّتی کردبێت وەک کائینێکی مرۆیی میژوویی[1] کە لەمیژووی مرۆڤایەتیدا دروستبووەو گەشەی کردووە تاگەیشتۆتە ئەو ستراکتۆرەی ئێستا لەسەریەتی، پێش ئەو دەسەلاّت هەردەم وەک کائینێکی (بان مرۆڤ) – کەسەرچاوەی لەخوداکانەوە وەرگرتووە – سەیر دەکرا، تیۆرە ئاینیەکان –تیۆکرات- دەیانگوت کاتێک خودا ژیانی لەسەر زەوی داناوە، ئیدی هەر خۆیشی دەسەلاّتداری بۆ دیاریکردوون، لەزۆربەی جارەکانیشدا ئەو دەسەلاّتدارە نەوەی خوداکان بووەو هاتۆتە سەر زەوی دەسەلاّتی پیاوە کردووە تاکوو سزای مرۆڤ بدات لەسەر ئەو تاوانەی کردوێتی، ئەم تیۆرانە کە تاسەر ئێستقان لەئەفسانەدا چەقیون تا سەردەمەکانی مەسیحیەتیش بەوشێوازە مابوونەوە، بەلّکو تا نیوەی سەدەی بیستەمیش ژاپۆنیەکان ئیمپراتۆریان بە خودا –دەزانی، خەلّکی[2] – تەبت- تاکو ئێستایش – دەلایلاما- کە دەسەلاّتی ئایینیو دنیاییان بەرێوە دەبات – بەوە دەزانن کە بەشێکی خودایی تێدایە.

---

[1] الطاغية د. عبدالفتاح إمام ص١٦١ مطبعة مدبولي ط٣.

[2] موسوعة الفقه السياسي ص٣٤٨. هەروەها کەنالی ناسمانی (الجزيرة) بەرنامەی (نقطة ساخنة) ژمارەیەکی تایبەت بەکێشەی (تبت)

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

لەدەرەوەی خۆی، ئەمە مەبەستی زانایانە لەواجیب بوونی دەسەلآت بەشەرع، واتە واجیب بوونی – دەسەلآتی ئیسلامی –

ماوەردی دەلێت (کۆمەلێکی تر دەلێن بەشەرع واجیب دەبێت چونکە ئیمام هەلدەستێت بەپیادەکردنی ئەرکە شەرعیەکان گەر بەعەقل بوایە پێویست نەدەبوو) ئەمە دەقێکی راشکاوە کە مەبەستی زانایان دەردەخات[١٤].

*پێم وایە سەرهەلدانی دەسەلآت پەیوەندی بەڕەوشی کاروانی مرۆڤایەتی خۆیەوەیەتی، کاتێك کەجیاوازی لەهەلوێستو بەرژەوەندییەکاندا دروست دەبێت، مرۆڤیش، بەسروشتی خۆی مەرج نیە هەردەم لەبەردەم راستیدا سەردانەوێنێت، چونکە هێندەی (غەریزە) کۆنترۆلی مرۆڤ دەکات هێندە (عەقل) رۆلی خۆی نابینێت، غەریزەی مرۆڤیش حوکم بۆ خۆی دەدات نەك بەرامبەر، هەموو باشەکانی بۆ خۆی دەوێت و (ناباشە)کانیش بۆ (ئەو)، هەردەم خۆی لەسەر (حەق)ی رەهایەو بەرامبەریش (ناحەق)، ئەوە (عەقل)نیە رەوتی میژوو دیاری دەکات بەڵکو (غەریزە)و (بەرژەوەندی)یەکانی مرۆڤە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکان دەتەقێنێتەوە، (قابیل) بەعەقل دەزانێت (هابیل) بێ تاوانە، بەڵآم بە (غەریزە) دەیکوژێت، ئەو دەزانێت لەسەر خراپی خۆیەتی قوربانیەکەی ڕەفز دەکرێتەوە کەچی لەجیاتی ئیعتراف بەتاوانەکەی هەڕەشەی کوشتن لە (بەرامبەر) دەکاتو دەکات، کەچی ملکەچی (غەریزە) (نەمریو مولکدارێتی) (شجرة الخلد وملك لايبلى) طه دەبێتو جارێ (قوڕەکە) ووشك نەبۆتەوە (سەرپێچی) خالیق دەکات.

ئالێرەدا کاتێك غەریزە دەسەلآتدارە ئیدی مرۆڤەکان پێکەوە ناتوانن ژیان بەسەربەرن، بەڵکو دەکەونە پاکتاوکردنی یەکتری وەك چارەسەرێك بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکانو لابردنی کۆسپەکانی بەردەم خواستە غەریزیەکان، ئالێرەوە پێویست دەکات دەسەلآتێك هەبێت توانای بەسەر غەریزە جیاوازەکاندا هەبێت تاکوو بەدەسەلآتی هێز – لەگەڵ گۆڕانی شێوەکانی هێزدا لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێك – حوکم لەنێوان جیاوازەکاندا بکات، من پێم وایە لەبەرایی مرۆڤایەتیدا ئاستی ئیدراك و شارستانی بوونی مرۆڤ نەگەیشتۆتە پلەیەکی وا خۆی ئەو میکانیزمە دیاری بکاتو خۆیشی ملکەچ بێت بۆی، بەڵکو پێویستی بەدەسەلآتێك لەسەروو مرۆڤەوە بووە کە ئەو ڕێگەیەی پیشان بدات، ئەمە بێجگە لەوەی دەسەلآتی رۆحی میکانیزمێکی تری گرنگو شیاوە بۆ کۆنترۆلکردنی کۆمەڵو ڕێگرتن –تا سنوورێکی دیاریکراو- لەبەردەم تەقینەوەی ناکۆکیەکاندا، برایەتی ئیمانی و رۆحی لەمێژوودا تا ئاستێکی باش شیاوێتی خۆی سەلماندووە بۆ ڕێکخستنی جیاوازیەکانو بازدان بەسەر ناکۆکیەکاندا. بەهەرحاڵ گەر ئاسانیش دەخالەتی کردبێت لەڕێکخستنی مملانێکانی ناو کۆمەڵ ئەوە وەك وەلآمدانەوەیەکی زەروری مرۆڤ بووە بۆ بەرگرتن لەقڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ. دیسانەوە پێم وایە

---

[١٤] هەروەها بۆ هەمان مەبەست بڕوانە ئبن خەلدون ص١٥٠-١٥١

[١٥] بڕوانە ئبن خەلدون المقدمه لا ٤٨ (فصل في حقيقة الملك وأصنافه)کە دەچێت بۆ ئەم رایەی لێرەدا بنیادی دەنێین.

هەژان ـــ

-تەوەرەی دووەم:-

میکانیزمی شەرعیەتدان بەدەسەلاتی سیاسی:-

لەم تەوەرەیەدا لەچۆنیەتی شەرعیەتدان بەدەسەلاتی سیاسی دەدوێین، دەسەلات وەك ئۆرگانێکی دیاریکراو و ئەوانەی دەسەلات پیادە دەکەن، ئەوان لەکوێوە شەرعیەت وەردەگرن، خودا یان مرۆڤ؟ ئاسمان یان زەوی؟

مەبەستیشمان لەشەرعیەت زانینی رەزامەندی کۆمەڵگە یان زۆربەی کۆمەڵگەیە بۆ سیستمێکی سیاسی و ملکەچکردنی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو دەسەلاتە، ئەم ملکەچیەیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو سیستمە دەربڕی راستەقینەی بەهاکانی کۆمەڵگەیەو هەوڵی وەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان دەدات و هاویەکە لەگەڵ وێناکانی کۆمەڵگە بۆ مومارەسەی دەسەلات[١٦].

شەرعیەتی هەر سیستمێك وابەستەیە بە رەهەندو بەها مەعنەوی و مادیەکانی کۆمەڵگەوە، ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو سیستمە تەعبیری لێدەکات.

گە بمانەوێت لەسەر ئاستی دەقەکانی (قورئان و سوننەت) بەشوێن سەرچاوەکانی شەرعیەتدا بگەڕێین، دەتوانین بڵێین لەنێو دەقەکاندا تەنیا بەها ئەخلاقیەکانی دەسەلاتمان دەست دەکەوێت، بەپێی دەق بۆئەوەی هەر دەسەلاتێك شەرعی بێت دەبێت:

١-پابەند بێت بەفەرمانەکانی خوداوە (وأطيعوا الله وأطيعوا الرسول)

٢-دادپەروەرو دوورێت لەستەمکردن. (واذا احكمتم بين الناس ان تحكموا بالعدل)

٣-رێز لەمرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ بگرێت (ولقد كرمنا بني آدم)

٤-بەزۆر بیروباوەڕی خەڵك نەگۆڕێت (لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي)

دەبینین سەرەتاکانی شەرعیەت لەدەقەکاندا چەند سەرەتایەکی (مبادئ) گشتی و مۆراڵین و دانابەزنە ناو مومارەسەی رۆژانەو وورد کردنەوەی شتەکان یاخود دیاریکردنی روئیاو میکانیزمێکی نەگۆڕ بۆ شەرعیەت ئەمەش پراوپڕ لەگەڵ گەردون بوونی پەیامەکەدا دەگونجێت،

کاتێکیش لەناو فەرهەنگدا دەمانەوێت لە (شەرعیەت) بدوێین چەند تێبینیەکمان لا گەاڵڵە دەبێت:-

---

[١٦] بناء المفاهيم فصل مفهوم الشرعية ص٢٠ مجموعة من المؤلفين المعهد العالمي للفكر الأسلامي.

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــ

دەقەکانی بەڵگەهێنانەوە بۆ میکانیزمەکانی شەرعیەت

وەک ووتمان لەدەقەکانی قورئانو سوننەت هیچ بنەمایەکی راشکاویان باس نەکردووە سەبارەت بەمیکانیزمەکانی شەرعیەت، لەبەرئەوە زانایان کردەی هاوڵانیان کردۆتە دەقی دەستووری، ماوەردی دەڵێت (گرێدانی ئیمامەت بەهەڵبژاردن: زانایان جیاوازن لەژمارەی ئەوانەی (ئەهلی حەلو عەقد) دەتوانن ئیمامەت گرێ بدەن، هەندێکیان دەڵێن: دەبێت بەرەزامەندی هەموو ئەهلی حەلو عەقد بێت لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا، بۆ ئەمەش بەڵگەی شێوازی هەڵبژاردنی خەلیفەی یەکەم دێننەوە، هەندێکیتر دەڵێن کەمترین ژمارە پێنج کەسن (ئەهلی حەلو عەقد) یەکێک لەخۆیان دیاری دەکەن بۆ ئەمەیش پشت بەسەرەتای هەڵبژاردنی ئەبوبەکر دەبەستن لە (سقیفە) هەروەها بەدیاریکردنی شەش کەسەکەی (عومەر) بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی دوای خۆی دەستنیشانی کردن، هەندێک لەزانایانی کوفە دەڵێن بەسێ کەس گرێ دەدرێت تاکوو ببنە حەکەمێکو دوو شاهید وەک چۆن (ماڕەیی) گرێ دەدرێت، هەندێکیش دەڵێن بەیەک کەس دەکرێت چونکە (عەببباس) بە (عەلی) ووت (دەستت بێنە بەیعەتت بدەمێ))

لەم دەقەدا کە هەندێک بەکورتکراوەیی هێناومە بۆتێکدانی مانا چی دەخوێنینەوە:-

-تەسلیم بوونێکی ڕەها بەدەسەڵاتی (سەلەف) تا ئاستی بەمەعسوم زانینی ئەو (سەلەف) و بە (حجە) کردنی هەر هەنگاوو گوتارێک کردوویانەو، نەهێشتنەوەی کایەیەکی ئازاد بۆ بنیاتنانی میتۆدێکی واقیعیانە بێ دۆزینەوەی پێگەیەک لەدنیای (سەلەف)دا. پێداگرتنی زۆر لەسەر پابەندبوون بەسەلەفەوە وایکردووە عەقڵی ئیمانی هەردەم عەقڵێکی (نەقڵگەرا) و پاساو هێنەرەوە بێت نەک عەقڵێکی بنیاتنەر، بەرهەمهاتنی ئەم عەقڵەیش دوورنیە لەدەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسیو فەرهەنگی لەمێژوودا بەتایبەت پاش شکست هێنانی بزووتنەوەی ئیعتزال کە ڕابەرایەتی قوتابخانەی عەقڵگەراییان دەکرد، هەر بۆیە هەردەم زانایان سڵیانکردۆتەوە لەعەقڵگەرایی لەترسی تۆمەتبارکردن بەئیعتیزال کەزۆرجار یەکسان بووە بەمانای زەندیق بوون.

-پێوانی پرسێکی گرنگی وەک سەرکردایەتیکردنی ملیۆنەها مرۆڤ بەپرۆسەی (ژنهێنان) و سەیرکردنی (عەقدی خەلافەت) وەک (عەقدی نیکاح)

-لەدرێژەی خوێندنەوەی ڕای زانایاندا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان ڕازیبوون بەوەی خۆیان دەوری (مەرجەع) ببینن لەجیاتی ٠خەلک، دەسەڵاتی (مەرجەعیش) شەرعیەت دەداتە ئەو دەسەڵاتەی پاشان خۆیشی ناچارە مل کەچ بێت بۆی.

-لەخوێندنەوەی دەقەکانو دەرهاویشتەکانی مومارەسەی دەسەڵاتدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەڵات لە وێنەی ئیسلامیەکەیشیدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو زروفی کۆمەڵایەتی تەحەکومی پێوە دەکات، زانایان واقیعی کۆمەڵایەتییان خوێندۆتەوەو هەوڵیانداوە لەسەردەمی یەکەمدا بەڵگەی بۆ بێننەوە، ئەمە ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەمان بۆ تەفسیر دەکات کە لەمێژوودا ڕووبداوە، لەخەلافەتەوە (ڕاشیدین) وەک شێوازی هەڵبژاردن بۆ خەلافەت بۆ (سیستمی میراتگری) بۆ خەلافەت وەک ڕەمزێکی یەکبونی ئومەت بێ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی (عەباسییەکان لەدوا دواییدا) ئنجا ئەمارەتە سەربەخۆکان کە تەنیا بەدوعای سەر مینبەرو ناونانی خەلیفە لەدراوەکانیان سەر

بەمەرکەزبون، پاشان دوو خەلافەت لەیەك سەردەمدا بەغدادو ئەندەنولوس، پاشان سەلتەنەتی عوسمانی (دەرچوون لەمەرجی قوڕیشی بوون و تەنانەت عەرەب بوونیش. هەروەها دەوڵەتی مەمالیك.

ئەم شێوازە جیاوازانەی دەسەڵات هەمووی بەجۆرێك لەجۆرەکان شەرعیەتی پێدراوە (شەرعیەتی ئەمری واقیع، شەرعیەتی زاڵبوون (غلبة) شەرعیەتی سەربازی (شوكة))، ئەمەش پرسی شەرعیەتی تەواو فراوانکردووە بەجۆرێك هەموئەو شێوازانە بگرێتە خۆی، بێگومان هەموو شێوازەکانیش لەئەنجامی گۆڕانکاری لەهاوکێشەکانی هێزو دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیەکان و ئابووریەکاندا هاتۆتەکایە، (خوێندنەوەی ئەم گۆڕانانە لە میژودا وایکرد ئیبن خەلدون تیۆرە بەناو بانگەکەی لەبارەی سوننەتی گۆڕان لەدەسەڵات)دا گەڵاڵە بکات کە دەیسەلمێنێت سوننەتەکانی ژیان و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان (هێز، دەمارگیری، ئابووری) ئەکتەرەکانی دەرهاویشتەی شێوازەکانی دەسەڵاتن.

-ئەو پرسیارەی کەتاکوو ئێستا وەڵامی نەبووە ئەمەیە (ئەهلی حەل و عەقد) کێن؟ ئایا هەموو زانایانن؟ ئایا هەڵبژێراوی گەلن؟ یاخود خەلیفە خۆی دیاریان دەکات؟ ئایا دەزگایەکی سەربەخۆو خاوەن قەوارەو کەسێتی سەربەخۆن یا؟ لەمیژوودا ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، خۆ ناشکرایە خەلیفە خۆی (وەلی عەهد)ی دیاریکردوە و ناوێناوە کە کوڕ یاخود بۆ برای بووە پاشان دەروبەر تەنیا کاریان ئەوە بووە گوێڕایەڵی بکەن نەك (شەرعیەت) بدەن.

-زانایان لەمیژوودا رازیبوون بەوەی دەوری (مەرجەع) ببینن بێهاتنە ناو کارە سیاسییەکەوە، ئەوان لەهەمان کاتدا وەك دەسەڵاتێکی مەعریفیش کەنوخبەی کۆمەڵگە بن دەوریان بینیوە، مومارەسەی دەسەڵاتیشیان بەجێهێشتووە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، نازانم ئەمە چەند کارێکی مەبەستگەرا بووە لەمیژوودا!؟ بەڵام لەتێکڕای پرۆسەی میژوویەکەدا وەك پلانێکی مەنتیقی و دووربین دەردەکەوێت، ئەوان کایەکانی کارو پسپۆری و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتیان باش جیاکردۆتەوە، زانایان دەوری دەسەڵاتی مەعریفی و یاسادانان (تەشریعیان) دیوە و دەسەڵاتی سیاسیش دەوی خۆی دیوە، ئەمە هەنگاوی گەورەن بۆ ئۆرگانیزەکردنی کەنالەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵات و جیاکردنەوەی دەزگا پسپۆرییەکان، لەلایەکی تریشەوە زامنی پاراستنی شکۆی زانایان دەبێت لە لەکەداربوونیان بەکارەکانی دەسەڵاتەوە.

گەورەترین کاری زانایان رابەرایەتی کردنیانە بۆ کۆمەڵگەو پاراستنی لەرۆچوون، ئێستایش لەمیژودا ئەو زانایانە بەگەورەیی جێدەستی خۆیان دیاریکردووە کە بوونەتە رەمزی کۆمەڵگەو خۆیان پاراستووە لەدەرگای (سوڵتان)، هەرچەند دەوری (مەرجەع)یشیان بینیوە بۆ دەسەڵات،

ئەنجام

١-دەسەڵات لەوکاتەوە دەست پێدەکات کەپێغەمبەران رەوانەکراون بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان مرۆڤەکان و ڕێکخستنی ژیانیان تاکوو لەقڕکردن رزگاربن، هەر لەوێشەوە ئیدی کۆمەڵ بوون لەسەر بنەمای غەیری (خوێن و خێڵ) دەست پێدەکات کەئیتر مرۆڤ لەخێڵو گروپی سەرەتاییەوە بەرەو کۆمەڵگەی ڕێکخراو هەنگاو دەنێت.

٢-قەیرانی گەورەی فیکری خۆراوا دەربارەی دەسەڵات لەوێوە دەست پێدەکات کەوەك کاردانەوەیەك دژ بەهەژمونی کلێسا هەموو رەهەندێکی (ئاسمانی) و کاریگەریەکانی (وەحی) لەسەر

هەژان ـــــــ

دەسەلاتی ئیسلامی و دیموکراسیەت
پرسیارەکانی واقیع لەدەوڵەتی ئایینیدا

د. جەنور سەیوانی

؟ رەنگە د. محەمەد خاتەمی یەکێك بێت لەو دیاردە دەگمەنانەی کە لەوڵاتانی ئیسلامیو رۆژهەڵاتدا هەیە کە هاوکات توانیویەتی روناکبیری و سیاسەت لەیەك بۆتەی سیحریدا کۆبکاتەوە، هەروەك یەکێکە لەو روناکبیرانە کە لەبەر توانایدایە -تا ئاستێکی باش- جیهانبینیو تێڕوانینەکانی خۆی بەمیکانیزمی جۆربەجۆر بگەێنێتە جەماوەرو وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەی بکات.

ئەم بابەتە دەقی پەیڤینێکی خاتەمیەیە کە گۆڤاری (المنطلق)ی لوبنانی لەگەڵیدا سازیکردوە، شیاوی وتنە گۆڤارەکە بابەتەکەی لەژێر ناوی (ئایینو دیموکراسیەت، پرسیارەکانی واقیع لەدەوڵەتی ئایینیدا) بڵاوکردوەتەوە، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو ناونیشانەی سەرەوە زیاتر لەبارترە، چونکە پوختەی پەیڤینەکە زیاتر باس لەدەسەلاتی ئیسلامیو دیموکراسیەت دەکات.

وەرگێڕ

-بەڕای ئێوە مەرجەکانی بەرپابوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی چین؟

+بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، پاشتر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پابەندە بەجیهانبینیمان لەمەڕ ئیسلام، بەم پێیە سەرەتا پێویستە تێڕوانینمان لەهەمبەر ئیسلام دیاری بکەین، چونکە چەندان ڕاو ڕای جیاواز لەبارەی ئیسلامەوە هەیە، ئەمەش تەنها مۆرکی ئەم سەردەمە نیە، بەڵکو بەردێژایی چاخەکان چەندان لێکدانەوەو خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئیسلام هەبووە، کاتێکیش لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیەوە پرسیار دەکەین ئەوا خۆبەخۆ دەپرسین:- چ ئیسلامێکتان مەبەستە؟ ئیسلامی ئەبوزەر یا ئیسلامی ئبن سینایان ئیسلامەکەی غەزالی؟ ئیسلامی ئەهلی فەرمودە (أهل الحديث) یان ئیسلامی سۆفیزمەکان؟ مەبەست لەئیسلامی شیعییە یان ئیسلامی سوننی؟

کەواتە گەلێك جیهانبینی بۆ ئیسلام هەیە، هەروەك تێڕوانینیش هەیە هەبوونی دەوڵەتی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە وادەبینێت کە حکومەت چەمکێکی مرۆڤکردو زەمینیبەو تەنها پەیامێکی ئیسلام لەوەدایە ڕێنمایی مرۆڤەکان بۆ نیعمەتەکانی پاش مەرگ (الأخرة)بکات، دیاردەیەکی سروشتیشە کەژیانی مرۆڤ بوونی هەبێت لەچوارچێوەیەکدا کە کارئاسانی گەیشتنی بەئامانجێکی هەمەکی (کلي)بۆ بکرێت، کە ئە ویش بالاّبوونو بڵندبوونەوەی ڕۆحە، لێرەوە هەروەك چۆن دەتوانێ سروشت

بناسین لەرێگای ئەزموون و یاساکان و هەڵەکانەوە؛ بەهەمان بار پێویستە تۆڕێنەوە لەسەر بەکۆمەڵ بوونمان بکەین و زەمینە سازی بۆ بەدیهێنانی بارودۆخ و ژیانێکی باشتر بکەین.

لەوبەرە تێڕوانین هەیە کەبڵێت ئیسلام چارەڕێی حکومەت و ژیان بەگشتی دەکات لەرێگای یاسا گشتیەکان و چوارچێوە هەموارکەیەکانەوە، لەوانەیە هەندێکی تریش بڵێن ئیسلام بەتەواوی شێوازی حکومەت و سیستمی دەسەلاتی ڕەنگڕێژکردوە، بەڵام ئەو خاڵەی کە گرنگی لەخۆیدا چڕ دەکاتەوە – ئەمە ئەگەر پەسەندمان کرد کەئیسلام سیاسەت و دەسەلاتی دەوێت – ئەوبەرە، ئایا مەسەلەی دەسەلات سپێردراوە بەخەڵک یاخود نا، تەنانەت ئەگەر ئایین چوارچێوە شیاوەکانی بۆ دەسەلات دیاری بکات؟

لەبەرایی‌دا پێویستە بنەماکانی تۆڕێنەوە دیاری بکەین و بیخەینە بەردەم وتوێژ، چونکە ئەم سەرەتایانە بەرەو کۆتایی و دەرئەنجامەکان ڕێنماییمان دەکات، کەواتە پێویستە بنەما جێگیر بکەین و پێگەکان بچەسپێنین بۆئەوەی بەدەرئەنجامی شیاو بگەین.

من پێم وایە حکومەت و دەسەلات کارێکە بەخەڵک سپێردراوە، ئیسلام تەنها بنەما گشتیەکان و ڕێکخەرە گشتیەکانی سیستمی سیاسی دیارکردووە، هاوکات دیاریکردنی ئەوەی شیاوە یان نەشیاوە لەگەڵ ئەم بنەمایانەدا بەخەڵک سپێردراوە، هەروەکو بەرپابوونی حکومەت و بەردەوامبوونی پابەندی ئیرادەی خەڵک و ویستەکانیانە، بەڵام گەر بڕوامان وابێت کە خەڵک هیچ ڕۆڵێکی کارای لەپرۆسەکەدا نیەو تەنها پاشکۆن؛ بەواتای ئەوەی خوای پەروەردگار شێوازی حکومەت و فەرمانڕەوای دیاری کردبێت و خەڵک تەنها ڕۆڵیان گوێڕایەڵی بێت، ئەوکات فۆرمو بارودۆخی دەسەلات و فەرمانڕەواش دەگۆڕێت، هەموو ئەمانەو تەرازووی پێوەری مافەکانی خەڵک و ئازادیەکانیش دەگۆڕێت.

کەواتە تەنها شێوازێکی یەکگرتوو لەنێوان زانا و بیریارە ئیسلامیەکاندا سەبارەت بەدەسەلاتی ئیسلامی نیە، هەروەک مەرجی تایبەتیش نیە کە لەسەری یەکڕابن، چونکە تاکە تێگەیشتن و جیهانبینی بۆ ئیسلام بوونی نیە.

-بەڕێزتان زیاتر لەپەیوەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەت و سەرچاوەکانی شەرعیەت دوان، ئەوەی دەمانەوێت بیزانین مەرجە واقیعیەکانی بەردەوامبوونی ئەو دەوڵەتەو جێگیربوونیەتی؟

+ پێم وایە ئیرادەی خەڵک و ویستەکانیان مەرجێکی بنەڕەتی بەرپابوونی دەوڵەت و زامنی بەردەوامبوونیەتی، دەتوانم ڕێنای دەوڵەتێک بکەم لەدەرەوەی ئیرادەو ویستی خەڵک، بەڵام بەلامەوە گرانە پێشبینی جێگیربوون و بەردەوامبوونی بکەم، چونکە لەبناغەوە خواستی لەسەر نیە، ئێمە کەباس لە دەسەلات و حکومەتێکی ئیسلامی دەکەین چەمکەکانمان لەئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن؛ دەوڵەتی ئیسلامی ناتوانێت بەرپار بێتو ناتوانێت بەردەوام بێت گەر لەئیرادەو ویستی خەڵکی دابڕاو بێت، چونکە گەل ڕۆڵی بنەڕەتی و یەکلاییکەرەوەی لەم بوارەدا هەیە، ئەم ڕێسایەش بەسەر دەوڵەتە نائیسلامیەکانیشدا دەچەسپێت، بەم پێیە پێویستە هەمیشە دوا قسە بۆ گەل بێت، ئەمەش ڕاستیەکی

بەڵگە نەویستی جیهانی ئەمڕۆمانە. لێرەوە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ویستی خەڵک و دەسەلاتدا، پاشتر مەسەلەکە بخرێتە بەردەم شەریعەتی ئیسلامی تاڕای خۆی لەسەربەکلایی بکاتەوە.

-ئاشکرایە ئێوە ئازادی هەڵبژاردن بۆ خەڵکی بەجێ دەهێڵن، ئایا چۆن ڕەسەنادن (تأصیل) بۆ ئەو ئازادییە دەکەن؟

+ئازادی مەسەلەیەکی چڕو ئاڵۆزە، بۆیە پێویستە سەرەتا ڕووبەری باسەکە دیاری بکەین، هەروەها تێگەیشتنمان بۆ ئازادی تا ئاستێکی زۆر پابەندە بەتێگەیشتنمان بۆ ئایین و تێڕوانینمان بۆ ئیسلام، پاشتر کەباس لەئازادی دەکەین؛ پێویستە پێناسەیەك بۆ ئەم چەمکە بکەین، لەکوێوە هاتووەو بۆ کێ دەخوازرێت؟ ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتیە، کاتێك دەڵێین ئازادی لەئیسلامدا پێویستە دیاری بکەین کەچ ئیسلامێکمان مەبەستە. باسێکی لەجۆرە بونیادو بنەمای خۆی هەیە کەپێویستە بەدیار بخرێت، چونکە ئازادیەکان بواری جۆربەجۆریان هەیەو من زیاتر ئازادیە سیاسیەکانم مەبەستە، کە ئەمەش ئازادی فیکرو ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی کۆبوونەوەو ئازادی لێپێچینەوە لەحکومەت دەگرێتەوە، ئازادیە سیاسیەکان بەو واتایەیە کە خەڵك سەرچاوەی شەرعیەتە بۆ دەسەلات، هەر بۆ خەڵکیە کە کۆتا بڕیار لەگەڵیان لەدژی بدات، بەڕستەیەکیتر، خەڵك بناغەی حکومەتەو لەنێویدا ریشەکانی خۆی دەچەسپێنێو هاوکات چارەنووسی لە دەستیاندایە، ئەمە دیموکراسیەتە:- دەوڵەت لەگەڵەوە هەڵدەقوڵێت، فەرمانڕەوایێتی بۆ ئیرادەی خەڵك دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی کۆڕو کۆبوونەوەکان دەخوازێت.

لەبەرامبەردا هەندێ را پێچەوانەی دیموکراسیەت دەبێتەوەو پێی وایە دەسەلات کارێکی سەپێنراوە بەسەر خەڵك دا لەسەرچاوەی نامرۆییەوە، ئەم سەرچاوەیەش دەکرێ لەخواوە یان لەسروشتەوە بێت، بۆ نموونە ڕەواقیەکان سیاسەتو ئەخلاقیان بەمافێکی سروشتی ناوزەد دەکرد، ژیانی سیاسی مرۆڤ هەروەك سەرجەم بوارەکانیتر یاسای خۆی هەیە کەهێزی مرۆڤ دیاریکردوە، بەواتایەکیتر سیستمێکی وردو ڕێسایەکی پتەو لەجیهاندا هەیە تەنانەت لەشێوازی بەڕێوەبردنی ژیانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئەو سیستەمە بناسێو گوێڕایەڵی بێت، هەروەك مرۆڤ توانای دەست تێوەردانی نیە لەیاساکانی سروشتدا، پێویستە ژیانی لەگەڵ ئەو یاسایانەدا ڕێك بخات، هەمان ئاڕاستەش بەسەر ئەو یاسایانەدا دەچەسپێ، ئەخلاقو سیاسەتو دەسەلات ڕێك دەخات، چونکە ئەمانە لەسەرەوە بڕیاری لەسەر دراوەو پێویستە ملکەچی بێتو ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیەتدا پێك ناێنەوە.

بێگومان دیموکراسیەت ڕیشەیەکی قوڵی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، لەدێرینداا مەسەلەیەکی ڕەتکراوەو بێزراو بووە لای هەردوو مامۆستایان ئەفلاتۆنو ئەرەستۆو پۆلێن دەکرا وەك سیستمێکی سیاسی هاوشانی تۆتالیتاری و دیکتاتۆریو سیستمە دەسەلاتیەکان، تێڕوانینیان لەمەڕ دیموکراسیەت خراپ بوو، ئەفلاتۆن زیاتر هێرشی دەکردە سەر دیموکراسیەت، هاوکات ئەرستۆ بەسیستمێکی پەسەندی دانەدەنا ئەگەرچی لەریزبەندی سیستمە سیاسیەکاندا ناوزەدی دەکرد.

لەبەرامبەردا فارابی – دامەزرێنەری فەلسەفی ئیسلامی – لەم بابەتە دواوە دیموکراسیەتی بەشاری نازادان یان شاری بەکۆمەڵ ناودەبرد، بەڵام زیاتر لایەنگری لەو شارە کردوە کە بەشاری یۆتۆپیا یان شاری نمونەیی (المدینة الفاضلة) ناوبردوە کە لەبەرامبەرو لەدژی چوار شارەکەی تری داناوە؛ کەیەکێك لەو شارانەی بەشاری نەقاعان (المدینة الجاهلة) ناوبردوە کە لەژێریدا چەندان پۆلێن دەکرێت، یەکێك لەوانە شاری بەکۆمەڵە بەم پێریە نەیاری لەدیموکراسیەت کردوە. هەرچەندە ئەرەستۆو فارابی بەبەراورد لەگەڵ ئەفلاتۆندا کەمتر بەدبینتر بووە لەدیموکراسیەت، چونکە ئەرەستۆ پێی وایە نزیکترین شار لەشارە نمونەییەکەی شاری دیوکراسیەیە بەتێڕوانینی فارابیش دەتوانرێ شارە نمونەییەکە لەشاری دیموکراسی یان شاری نازادانەوە بەرهەمبهێنرێت، کەواتە دیموکراسیەت وەك ئەوەی ئەم سێ کەڵە بیرمەندە پێناسی دەکەن بریتیە لەو سیستمە سیاسیەی کە هەموو تاکێك تێیدا نازادە لەکردنی هەموو کارێکدا و یەکسانە بەهەموان، بەم پێریە نازادی و یەکسانی ئەو دوو پایەیەن کەبناغەی ئەم چەشنە دەسەڵاتە پێك دەهێنن، بەڵام ئەم سێ فەیلەسوفە رەتی دەکەنەوە لەکاتێکدا ئەمە تاکە شێوازی دەسەڵاتە کە خواستی لەسەرەو لەجیهانی هاوچەرخماندا پەسەند کراوە.

-بۆچی ئەم فەیلەسوفانە ئەم شێوازەی دەسەڵات رەتدەکەنەوە؟

+بەدڵنیایی بەختەوەری ئامانجی بالاّو کۆتای مرۆڤە لەفەلسەفەی کۆندا، بەختەوەریش مەسەلەیەکی بالاّو خاوەنی پێوەری گشتیو جێگیربووە، عەقڵی مرۆڤیش بەو پێریەی کەجەوهەرێکی بڵندو بالای هەیە دەتوانێت دەرکگیری ئەم چەمکانە بێت؛ بەو واتایەی بەختەوەری مەسەلەیەکی میتافیزیکی – مابعد الطبیعی-یە، عەقڵیش کە توانای بەرجەستە و دەرککردنی بەختەوەری هەیە دوبارە ئەویش شتێکی میتافیزیکیە بۆ گەیشتنی بە بەختەوەریش رێگایەکی دیاریکراو هەیە کە فەیلەسوفە دێرینەکان بەفەزیلەت ناوزەدیان کردوە، بەڵام دوبارە فەزیلەتیش بنەماو پێوەری خۆی هەیە کەعەقڵ دیاری دەکات، ئەفلاتۆنو ئەرستۆ جۆرەکانی فەزیلەتیان پۆلێنکردوە بۆ چواریەش کە بریتین لە:- دانایی – داوێن پاکی (العفة) – ئازایەتی- دادخوازی، بەدەستگیربوونی ئەم فەزیلەتانە مرۆڤ بە بەختەوەری دەگات، ژیانی بەختیاریش ئەوەیە کە لەگەڵ ئیدراکەکانی عەقڵی مرۆڤدا پێکدێنەوە، چونکە بەختەوەری لەو ساتە چرکەدا دێتەدی کەهێزە مرۆییەکان خزمەت بەعەقڵ بکەن؛ کەهەرچەندە کەئازادی مانای ئازادی مرۆڤە لەکردنی هەر کارێك دا کەخواستی لەسەریەتی، بەڵام ژیانی بەختیار لای فەیلەسوفە دێرینەکان بەواتای فەرمانگرتن لەعەقڵەوە بوو، لێرەوە ئازادی رەها کارێکی خواستراو نەبوو لەو فەلسەفەدا، ئاینیش لەهەندێك رووەوە یەکگرتنەوەی لەگەڵ فەلسەفەی دێرینەدا هەیە، چونکە ئاینیش وا دەبینێ کە بوونی رەها (الوجود المطلق) و بوونی بالاّ (الوجود المتعالي) سەنتەری بوون پێك دەهێنێو هەردووکیان بریتین لەکەمالّی رەها (الکمال المطلق) و بەختیاری مرۆڤیش لەنزیك بوونەوەیدایە لەرەها، بێگومان فەیلەسوفەکان پێیان وایە کە دەتوانرێ لەرێگای عەقڵی (الاستدلال العقلي) یەوە دەرکگیری رەها بن، بەڵام عاریفەکان ئەم رێگایە رەتدەکەنەوە پێیان وایە ناسینی رەها لەرێگای ئیشراق (الاشراق) و دڵەوە دەبێت، بەڵام هاوکات ئەمانیش یەکدەنگن لەسەرئەوەی کە

بەختەوەری لەنزیک بوونەوەدایە لەرەها، رێگای ئەم نزیک بوونەوەش لەخۆسپاردن بەخوا گوزارشەلێکردنیدایە، هەندێک لەسۆفیەکانیش وادەبینن کە گەیشتن بە بەختەوەری بەهۆی (ریاضیات) و کۆششکردنەوە دەبێت؛ ئەمەش بەواتای هەلبژاردنی تەریقەت لەبری شەریعەت دێت، هاوکات زۆربەی موسڵمانەکان لەگەڵ ئەم رایەدانین، بەڵکو پێیان وایە پابەند بوون بەشەریعەتو ئەنجامدانی رێنماییەکان مرۆڤ بەو ئامانجە دەگەیەنێت.

بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا ئەم رایە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، مرۆڤ –مەبەستمان تاکی مرۆڤە – بۆتە سەنتەر، هەموو مرۆڤێک خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی باس لەگەورەیی مرۆڤ دەکەنو پێیان وایە هەموو شتەکانیتر پەیوەندییان بەمافی ژیانیەوە نیە، گەر هاوڕابین لەسەر ڕەسەنایەتی هەبوونی مرۆڤایەتی لەم جیهانەداو گەر هاوڕابین لەسەرئەوەی مرۆڤەکان هەموویان لەیەک ڕەگەزەوە هاتوون، ئەوا بەختەوەری مرۆڤ لەوەبەرهێنان (استثمار)ی ژیانی خۆیو بەرجەستەکردنی بەختەوەریدایە لەم جیهانەداو ئەوکات مرۆڤ بەگوێرەی خواستی خۆی دەژیو دوور لەهەموو بەربەستێکو رێگرێک دەبێت لەنێوان خۆیو بەدیهێنانی بوونو خواستی خۆی لەم جیهانەدا، بەواتایەکیتر ناتوانرێت هیچ سنورێک بۆ ئازادی مرۆڤ دابنرێت، بەڵکو ئازادی لەسنوری ئازادیەکانی خەڵکانی تردا کۆتایی دێت، بەپشت بەستن بەمە دەتوانرێت دیموکراسیەت بە مەسەلەیەکی ڕەسەنو رێگایەک بۆ رێکخستنی کاری بەکۆمەڵی دونیا دابنرێت؛ بەڵام سیاسەت لەجیهانی ڕۆژئاوادا ڕەوتێکی لاری وەرگرتووە، میکیاڤیلی کە دەمەزرێنەری فیکری سیاسی هاوچەرخە – کەتیۆرەکەی تا ئاستێکی زۆر بڕیانی سیاسی ئیتاڵیای ئەو سەردەمەوە کاریگەر بووە – بەشوێن دەسەڵات لەمەرکەزی بەتوانادا دەگەڕاو رای وا بوو کەبەرپابوونو بەردەوامی دەسەڵات لەدەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتدایە، بەدوای دەسەڵاتی هەرە بەهێزدا دەگەڕا بۆ قوتاربوون لەو گێرەشێوێنیەی (الاضطراب)ەی کەهەبوو، میکیاڤیلی پێی وابوو کە دەسەڵات لەخودی تاکەوە سەرچاوە دەگرێتو لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیشەوە نموونەک لەدەرەوەی مرۆڤەوە، واتە ئەو پرۆژەی لەسیاسەت دابڕ دەکرد؛ فەرمانڕەوا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە، بۆی هەیە هەموو کارێک بکات، بەڵام شەرعیەتی دەسەڵاتو میللیەتی فەرمانڕەوایێتی شتێکی خودی نیە ، بەڵکو نوێنەرایەتی دەسەڵاتی گەل (Nation) دەکات کەئەمەش لەفیکری سیاسیدا دەرخەری ئیرادەی مرۆڤە، لەهەمان کاتدا هەر ئەویش سەرچاوەی هێزی سیاسیو بەڵگەی شەرعیەتیەتی، چونکە میکیاڤیلی مەبەستی بەنوێنەری گەل دەبینێت، بەڵام دەسەڵاتی ڕەهایەو ئەوەی بیەوێت ئەنجامی دەدات، چونکە دەسەڵاتی لەگەلەوە وەرگرتووە.

بەڵام لەهزری سیاسی تۆماس هۆبزدا مەسەلەکان زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە، چونکە ئەو پێی وایە شەرعیەتی دەسەڵات بەرهەمی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە، واتە هۆبز بڕوای بەوازهێنانی گەل لەئیرادەی خۆی هەیە بۆ فەرمانڕەوا، ئەمەش بەتێڕوانینی ئێمە پەیمان (عقد) نیە بەڵکو (ایقاع)ە* بەگوێرەی ئەم حاڵەتە دەسەڵات لێپرسراو نیە لەبەرامبەر خەڵکدا، چونکە ئەمە پەیمانێک نیە لەنێوان دوو لایەندا گەل بۆی نیە نوێنەرایەتی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو ئەو دەسەڵات بەبوونەوەرێکی ئەفسانەیی ئێجگار بەهێزدەبینێ، ناوی لۆ یاسای بۆ خوازراوە** کە ئەمە دەسەڵاتی ڕەها بەحکومەت دەبەخشێ

بۆ چەسپاندنی ئاسایش هەموو شێوازێك بەكاربهێنێت، بەم پێیە هۆیز دەسەلاتی رەها بۆ فەرمانڕەوا دەبینێ.

بەڵام ئایا كەی هۆیز ئەم تیۆرەی خستەڕوو؟ ئەم تیۆرە لەسەردەمێكدایە كەسێ هێز یەكیانگرتووە كە ئەوانیش رونـاكبیران و بۆرژوازییە ئابوریە نوێیەكان و بزافی چاكسازی ئاینیش دژ بەدەسەلاتی رەهـا كە كڵێسا و دەرەبەگەكان لەئەوروپادا نوێنەرایەتیان دەكرد، لێرەوە سەرجەم ئەم هێزانـە لـەدەوری مـیردا كۆبوونـەوە بـۆ راودونـانی بەرهەڵستكارەكانیان پـاش ئـەوەی كـە زاڵبـوون بەسـەر كڵێسـا و توانیـان دەرەبەگەكان ریشەكێش بكەن، بۆرژوازییەكان فەرمانڕەواكانیان لەكارخست و دواخوازییان ئـەوەبوو كـە فەرمانڕەوا (ئیمپراتۆر) پێویستە ملكەچی دەسەلاتی گەل و دەستوور و دامەزراوەكان بێت.

لێرەوە ئازادی هاوشانی برایەتی و یەكسانی بووە دروشمی شۆڕشی فەرەنسی، بەڵام ئەم ئازادییـە بـۆ هەموو تاكەكان دەستەبەر نەدەبوو، بەڵكو زیاتر چڕ دەبـووەوە لەنـەفیكردنی كورتبوونـەوەی سـەرمایەو توانـا تایبەتـەكان لەدەسـتی لۆردەكـان و دەرەبـەگ و پیـاوانی ئـاینیداو یەكسـانكردنیان لەگـەڵ بۆرژوازییەكاندا، بەم پێیە ئازادی بەواتای ئازادی مولكایەتی و مامەڵەو قوتاربوون لەكۆتـەكانی ئـاین هات و لێرەشەوە بەراییـەكانی عەلمانیـەت، بەدیاركـەوت. ئەمـە كـاروانی دیموكراسیـەتە!، وەك دەبینـین لەمێژووی خۆیدا چەندان گۆڕانكاری بەسـەردا هـاتووە، تـاوەكو لـەم سـەردەمەدا بووەتـە تاكـە رێگـای گەیشتنی بەدەسەلات، چونكە دیموكراسیەت واتە سەرچاوەگرتنی دەسەلات لەگەلەوە و خزمـەتكردنیان و لێپرسراوبوونی لەهەمبـەر گەلدا، ئەمـەش ئاتـاجی بـەئازادی بیركردنـەوە بـیروڕا و ئـازادی رادەربـڕین و بەكۆمـەڵ بوون و چالاكیەكانیتر هەیە.

گەر لێرەدا بمانەوێت لەپەیوەندی نێوان دیموكراسیەت و ئایین بدوێین ئەوا بەدڵنیاییەوە چەندان خاڵی نادیار لەخودی دیموكراسیەتدا هەیە، چونكـە لـەدایكبوونی هاوكاتـە لەگـەڵ لیبرالیـەت و عەلمانیـەتدا، لێرەوە هەندێك لەواتاكانی لیبرالیەت و عەلمانیەتی پێبەخشراوە، لەكاتێكدا كەدیموكراسیەت لەوردترین واتاكانیدا رێگای گەیشتنە بەسیستمێكی سیاسی، ئەم دیموكراسیەتەش رێنوێنی دەكات بۆ سیستمێك كەویستی خەڵك شێوازی دەسەلات دیاری دەكات، ئەوەش لەكۆتاییدا لەنگـەر دەگـرێ كـە هـەڵقوڵاوی ویستی خەڵكە. بەتەواوی پێم وایە كەهیچ هاوتەریبێك لەنێوان دیموكراسیەت و لیبرالیـەت و عەلمانیـەتدا نیـە، چـەقی قورسـایی لەجیهانبینیماندایـە سـەبارەت بەدەسـەلات، ئایـا دەسـەلات بـۆ خـەڵك یەكلایی كراوەتەوە یاخود مەسەلەیەكی میتافیزیكیەو لەسەرەوە سەپێنراوە؟

لێرەوە دەمەوێت پەیوەندی نێوان ئاین و دیموكراسیەت بخەمەڕوو، ئایـا چـۆن لـەئاین دەگـەین؟ ئایا رێگایەكە بۆ گەیشتنی بە بەختەوەری ژیانی دوارۆژ و هیچ پەیوەندییەكی بەژیانی مرۆڤ لەم جیهانـەدا نیە، تەنها لەسنورێكدا نەبێت كەئامانجی بااڵو هەمووەكی و رەسەنی بپارێزرێت؟ ئەگەر وەاڵمەكەی بـە بـەڵێ بێـت ئـەوا مەسـەلەی دەسـەلات بـۆ ویسـتی مـرۆڤ و شـێوازە هـەڵبژێردراوەكانی دەگەڕێتـەوە، لەروانگەی ئەم تیۆگەیشتنەوە بۆ ئاین دەبینی نەك تەنها ئیسـلام لەگـەڵ دیموكراسیـەتدا هاوئاهـەنگن، بەڵكو لەگەڵ عەلمانیەت و لیبرالیەتیشدا تەباو هاوئاهەنگ دەبنەوە.

زۆرێك لەبیرياره ئاینیەكانی ئەوروپاو هەندێك لەبیریارانی جیهانی ئیسلامیش پێیان وایە كەمەبەستی ئاین رێنمایكردنی خەلكە بۆ رێگای راست، واتە ژیانی دوا رۆژ، بەم پێیە هیچ پەیوەندییەكی بەژیانی دونیاوە نیەو ئەم روانینەش یەكانگیر دەبێتەوە لەگەڵ دیموكراسیەتو عەلمانیەتو لیبرالیەتدا.

بەڵام ئەگەر بڕوامان بەچاودێریكردنی ئاین بەسەر ژیانی مرۆڤ لەم جیهانەو دیاریكردنی رێنوێنیو رێكخەرو رێساكان هەبێت، ئەوا لەم بارەدا رووبەڕووی سێ جیهانبینی دەبینەوە - كەئەمانەش لەتێڕوانینمان بۆ ئاین سەرچاوەی گرتووە - ئایا ئاین بنەما هەموەكیەكان (الكليات) و یاسا گشتیەكانی دیاریكردوەو وردەكارییە بەشەكیەكانی بەعەقڵی مرۆڤ سپاردوە بۆئەوەی لەڕوانگەی ئەو یاسا گشتیانەوە رێگاو شێوازەكانی دیاری بكات بەرەچاوكردنی تایبەتمەندیەكانی شوێنو كات، یان ئاین هەموو سنورەكانی رەنگڕێژكردوەو وەڵامی هەموو شتەكانی داوەتەوە لەوانەش وردەكارییە بەشەكیە (جزئي)یەكانی شتەكان، لەم بارەشدا تەنها پێویستیمان بەگەڕانەوە بۆ سروش (وحي) هەیە بۆ ناسینی هەموو شتەكان، گەر تەنانەت بەمەبەستی زانینی شێوازی شۆفێڕیش بێت؟!

بێگومان ئەم دوو رایە بەدوو ئاكاری جیاوازدا دەمانبات، پاشتر ئەگەر ئێمە ئەوە پەسەند بكەین كەئاین یاسای بۆ ئەم جیهانە دیاریكردوە، ئەوا خۆمان لەبەردەم دوو روانگەدا دەبینینەوە:-

یەكەم، ئەوەیە كەهەموو رێكخەرەكان (ضوابط) ئایین دیاریكردونو لەسەرەوە بەسەر مرۆڤدا سەپێنراون، جا ئەگەر پەیڕەوكرا ئەوە كێشەنیە، خۆ ئەگەر وانەبوو ئەوا فەرمانڕەوایان مافیان هەیە كەمل بەخەڵكی كەج بكەن تاپەیڕەوی ئەو یاساو رێكخەرانە بكەنو لێرەوە دەسەلاتی ئاین دەست لەم رووبەرە وەردەدات.

مایەی نیگەرانیە كەحكومەتە ئیسلامیەكان لەپاش كۆتاییەكانی سەردەمی راشدینەوە تا ئاشنابونمان بەشارستانیەتی رۆژئاوا، لە دكتاتۆریەتی خۆیان لەژێر پۆشاكی ئایندا حەشاردراوەو پڕۆژیبان بۆ خۆیان قۆرخ كردوەو گوێڕایەڵی كوێرانەیان بەسەر خەڵكدا سەپاندوە، هەروەك هەموو دەسەلاتێك لەوانەی كە كاروبارەكانی گرتۆتە دەست ئیدیعای شەرعیەتی كردوەو داخوازی لەخەڵك كردوە گوێڕایەڵی بن.

بەم پێیە زۆرێك لەنەهامەتی موسڵمانەكان لەمێژوودا لەم كێشەیە وەبنگیر بووە، بەشێوەیەك كەوا دەكات بپرسین:- مادام فەرمانڕەوا ئەمەویەكانو عەباسیەكان هەقیان بەخۆداوە، كەخۆیان بەسەر خەڵكدا بسەپێنن، هەروەك سیستەمی پاشایەتی وەزیری سەلجوقی لەسەردەمی سەلجوقیەكانداو وەك لەكتێبی (سیاسەتنامە) دا واتە ژیاننامەی پاشایاندا هاتووە بڕیاریداوە كە رێبازی حەنەفی - كەرێبازی پاشای سەلجوقی بووە - و رێبازی شافیعی - كەرێبازی وەزیر بووە - بەتەنها رێبازە راستەكانو رێبازەكانیتر پوچەڵو نەشیاونو پێویستە ریشەكێش بكرێن، لێرەوە دەڵێم؛ ئەگەر سەرجەم ئەمانە بەپاڵپشتی دەسەلات مافی سەركوتكردنی هەموو كۆمەڵو رێبازەكانی تریان بەخۆداوە، دە كەواتە بۆچی نەیارەكانیان - وەك قەرامیطە و ئیسماعیلیەكان - مافی بەكارخستنی دەسەلاتیان

نەبێت بۆ زیندەبەچالکرنی بیروباوەڕو تێڕوانینەکانی تری دژایەتیکردنیان و سەپاندنی ویست و بیروڕای خۆیان گەر پێوەری مەسەلەکە لەهەبوونی دەسەلات و هێزو توانادا بێت؟

ئەم حالەتە بەرهەمهاتوی ئەو تێڕوانینە ئاینیەیە کە دەسەلات بەمەسەلەیەکی بان – مرۆڤانە دەبینێت، هەر لێرەشەوە پێوزی بە بەردا دەبڕێت و گوێڕایەڵکێردن و کارکردن بۆی دەسەپێنێت، بەم پێیە هەر کۆمەڵێك کە حەقیقەت تەنها لەڕایەکەی خۆیدا ببینێت، ئەوا دەسەلاتی خۆی بەسەر بەرامبەرەکانیدا دەسەپێنێت.

بەڵام ڕای دووەم پێی وایە سەرچاوەی ئاین لەخواوەیەو لەسەرەوە دابەزیوەو چوارچێوەیەکی بۆ ژیان دیاریکردوە، بەڵام وردەکاریەکانی بۆ ئیجتیهادو بیرکردنەوەی مرۆڤ بەجێهێڵاوە، دەتوانین شێوازەکان لەرێگای ئیجتیهادەوە دیاریبکەین؛ لەکاتێکدا کەئاین بنەمای سەرەکی دەبێت. هەروەك ڕێگای گەیشتن بەئاین لەشێوازی تێگەیشتنماندایە بۆ ئاین، ئەم تێگەیشتنەش پابەندی کات و شوێنەکانەو تەنها شتێکی جێگیرو پیرۆز بریتیە لەجوهەری ئاین، بەڵام تێگەیشتنمان لەئاین مەسەلەیەکی مرۆڤکردو ڕێژەییەو شیاوی گۆڕانە؛ جوهەری ئاین گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵکو گۆڕانکاری لەتێگەیشتنی ئێمە دایە.

ئەوشی کەپەیوەندی بەمەسەلەی دەوڵەتەوە هەیە ئەوا ئاین ڕێکخەرە سەرەکیەکان و چوارچێوە گشتیەکانی دیاریکردوە، بەڵام حکومەت سەرچاوەکەی بەخەڵك سپێردراوە، بەڵکو ئێمە پێمان وایە تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەردا – دروودی خوای لەسەر بێت – ویست و خواستی خەڵك مەرجێکی ڕەچاوکرابووە لەدامەزراندنی دەسەلاتدا.

گەر لەروانگەی ئاینیشەوە سەرنج بدەین دەبینین کەئەوەی گوتاری ئاراستە دەکرێت خەڵکەو هەر ئەوانیش داخوازی بەڕپاکردنی دادپەروەری و چاکە خوازی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پەیامی پێغەمبەرانیش بەتەنها کورت دەبێتەوە لەپێڕاگەیاندن (البلاغ) دا (وما علی الرسول الا البلاغ) المائدة ١٠٢، (ليعلمهم الكتاب والحكمة) ال عمران ١٦٤، (إنا أرسلنا رسلنا بالبينات و أنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط) الحديد ٢٥، کەواتە ئەوە خەڵکەکە دادپەروەری بەڕپا دەکات نەك پێغەمبەران، چونکە ئەوان پێڕاگەیاندنیان لەئەستۆدایەو ئەنجامدانیش لەسەر خەڵکە.

دەسەلاتی پێغەمبەر – دروودی خوای لەسەر بێت – ئەوکات جێگیربووە کە هەریەکە لەهۆزەکانی ئەوس و خەزرەج پەیمانو بەیعەتیان پێدا، کە زۆرینەی خەڵکی یەسرب دەگرێتەوە، لەپاش کۆچی دوایی پێغەمبەریش دەستنیشانکردن لەلایەن خاوەنانی پەیمان بەستن و هەڵوەشاندنەوە (اهل الحل والعقد)و بوو بەبنەما بۆ مەسەلەی دیاریکردنی فەرمانڕەواو حکومەت.

گەر مەسەلەکان بەم شێوەیە بن؛ دەتوانین لەوە بگەین کەئاین بنەماکانی دەسەلات و حکومەتی خواستراوو یاسا گشتیەکانی دیاریکردوە، هەرچەندە هەندێك پێیان وایە کەئاین زیاتر لەیاسا گشتیەکانیشی دیاریکردوە، بەم پێیە بەرپابوونی دەسەلاتو جێگیربوونی بۆ ویستی خەڵك دەگەڕێتەوە، گەر زۆرینە شێوازێکی دیاریکراوی لەئیسلام پێڕەسەند بێت ئەوا لەکاروبارە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردەبرێت، ئەگەر لەو ڕووەوە باس لەمافی خەڵك بکەین ئەوا پێویستە ئازادی بۆ

رایەکانیتر مسۆگەر بکرێت، حکومەتیش لێپرسراوە لەبەردەم خەڵکدا، بۆ هیچ کەس نیە حکومەت بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، خەڵکیش مافی لێپێچینەوەی دەسەلاتی هەیە، پێویستە هزرەکان لەسەر ئاستی گشتی بخرێنەڕوو، ئەو رایەش کەزۆرینە لایەنگری لێدەکات پێویستە بالاّ دەست بێت، دەسەلاتیش با لەسەر راستیش بێت گەر خەڵک رەتیبکاتەوە بەشێك لەشەرعیەتی لەدەست دەدات، کاتێك کەدەڵێن دیموکراسیەت تا کە رێگای جێگیربوونی سیستەمی سیاسیە پێویستە ئەوانەی کە دیموکراسیەت رەتدەکەنەوە ئەلتەرناتیڤێکیان هەبێت، ئێمە ناتوانین لەبۆشاییدا وتووێژ بکەین، بەڵکو دەتوانین لەگەڵ خەڵکدا هاوئاهەنگ بین و پێمان وایە ویستی خەڵك لەم بوارەدا رێکخەرەو ئازادی خواستی خەڵك دەستەبەر دەکات؛ ئەوەش کە ئەمە دەکات تەنها دیموکراسیەتە.

گەر ڕێز لەم سیستەمە نەگرین ئەوا هیچ ئەلتەرناتیڤێکمان لەبەردەمدا نیە بۆ دەسەلاّت، تەنها رێگای هێزو خۆسەپاندن نەبێت. ئایا ئەلتەرناتیف هەیە؟ تەنها ئەم دوو رێگایەمان لەبەردەمدایە، من بەشێوەیەکی لۆژیکیانە لایەنگری لەدیموکراسیەت دەکەم، ئەم تێڕوانینە وەك باسمانکرد لەگەڵ ئیسلامدا تەبایە، پاشتر هیچ کەس لەبەر توانایدا نیە سیستمێکی تری جگە لە دیموکراسیەت هەڵبژێرێ بەبێ پشت بەستن بەهێز، بەم پێیە رێگای سێیەم بوونی نیە، ئەوانەی کە دیموکراسیەت وەك سیستمێك رەتدەکەنەوە لەزۆر باردا بانگەشە بۆ داپڵۆسینو دیکتاتۆریەت دەکەن، هەر ئەم دیاردەیەشە کەزۆرینەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بەدرێژایی دوانزە سەدەگیرۆدەی بوون، هەر بەم بۆ نەشەوە دەڵێم ئێستا سەرقاڵی دانانی کتێبێکم لەم بوارەداو لەژێر ناونیشانی (رێڕەوی فیکری سیاسی لەئیسلامدا) یەکە زیاتر توێژینەوە لەسەر بارودۆخی سیاسیو فیکری سیاسی پاش راشدین دەکات و وێنای ئەو مەرگە ساتە دەکات کە دوچاری ئومەتی ئیسلامی بووە بەدەست دەسەلاّتە ڕووپۆش ئیسلامیەکانەوە، ئەمەش بابەتی توێژینەوە کەم بوو لەقۆناغی خوێندنی بالاّدا و هیواخوازم بەمزوانە ئەم کتێبە بەپایان بگات.

گرنگ ئەوەیە بەلای منەوە دیموکراسیەت رێگاو شێوازێك نیە کە لەگەڵ ئیسلامدا پێك نەیەتەوە؛ هەروەك لەژیاننامەی پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت – بەدیارکەوت. کەواتە پێویستە بەدوای ئەلتەرناتیڤێکدا بگەڕێین؟ پێم وایە هیچ ژیرێك راسپاردەی بەجێهێلاّنی دیموکراسیەت ناکات. بێگومان دیموکراسیەت کەشێوازێکی مرۆڤکردە رووبەڕووی زۆر ڕەخنە دەبێتەوەو خاڵی لاوازی تێدایە، بەلاّم لەبەردەم نەیاران و ئەگەر ترسناکە چاوەڕنکراوەکان کەڕووبەروڕی مرۆڤایەتی دەبێتەوەو بەڕەچاوکردنی بارودۆخی واقیعیو بەرژەوەندیەکانو تێگەیشتنی لەئیسلام؛ هەروەها بەڕەچاوکردنی سەردەم کەهزرەکان تێیدا گەشەکردنو گۆڕانکاری بەسەر داهاتووەو ناتوانرێت لەبەندیخانە ئاسنینەکاندا تونند بکرێن، کەواتە بێجگە لەدیموکراسیەت رێگایەکیتر لەئارادا نیەو جێگیربوونی هەر حکومەتێکی ئیسلامی تەنها لەم رێگایەوە دەبێت.

-لەکۆتایی وتەکانتدا ئاماژەت بەرەخنەگرتن لەدیموکراسیەتو خاڵە لاوازەکانی کرد؛ کەئەمەش ئێستا لەرۆژئاوادا بەقوڵی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەو ڕەخنەگرانەش پێیان وایە ئەو دیموکراسیەتەی

لەرۆژئاوادا پیادە دەکرێت کۆمەڵگای رۆژئاوایی بەقەیران گەیاندوە، قەیرانی نازادی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لەئێستادا نازاد نیە لەسیستەمێکدا کە عەقڵانیەت چەندان شێوازی دامەزراوەیی و ژیانی بەسەردا سەپاندوە بەجۆرێك نازادی قۆرخ کردوە، ئەم شێوازە نوێیەی رەخنە لەدیموکراسیەت زۆرتر تۆبیر (ترکیز) دەخاتە سەر گێڕانەوەی نازادی تاك، نازادی تاك تاوەکو نەفراندن بکات، نازادی بەدەست بهێنێت بۆ نازادی...

+ئێمە دیموکراسیەتمان وەك بەرهەمێکی مرۆڤکرد پەسەندکرد، سروشتیشە هەموو کارێکی مرۆڤ کرد روویەڕووی رەخنە ببێتەوە، لەرێگای ئەزموونو هەڵەوە دەکرێت چاك بکرێتو گرفتەکانی چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیار دەکەم: ئایا ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەت چیە؟ گەڕانەوەیە بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسین، بەڵێ دیموکراسیەت بواری نەگەتیڤی خۆی هەیە، بەڵام لایەنە نەگەتیڤەکانی بە بەراورد لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا کەمترە، بێگومان پێم وایە ئێستا لەرۆژئاوادا چەندان دامەزراوەی رۆشنبیری و ئابوری و سیاسی و راگەیاندن هەیە کەڕای خۆی بەشێوازی جۆربەجۆر بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت.

پاشا سەرکوتکەرەکان رای خۆی و تاقمەکەی لەرێگای شمشێرەوە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت، بەڵام هەنوکە لەرێگای وروژاندنی غەریزە و هەستەکانو راگەیاندنەوە دەکرێت، ئەمەش ئەو ساتە رووەدات کە هەموو راگەیاندنی بیستراو بینراو لەیەك ئاراستەدا کورتدەکرێتەوە بۆ سەپاندنی رایەك بەسەر خەڵکدا. بەڵام هەنوکە خەڵکی لەم مەسەلەیە وریاو بەئاگان.

هەر لەسنوری دیموکراسیەتیشدا ئەم گرفتە چارەسەر دەکرێت، لەراستیدا هەندێك کۆسپ تەنها پەرچە کردارێك بوو دژ بە داپڵۆسینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، واتە نازادی پێناسەکرا بەوەی کە نازاد بوونە لەئایینو دەربەگەکانو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە مادیەکانی مرۆڤە، هەر لێرەوە قۆرخکردن (استغلال) لەئەوروپا سەری هەڵدا، لێرەشەوە کارڵ مارکس رەخنەی لەسەرمایەداری گرت و لەتوندترین هێرشەکانیدا ناچاریکرد هەڵسەنگاندنو چاککردن لەخۆیداو لەچەند بوارێکی دیاریکراودا ساز بکات وەك داننان بەسەندیکا کرێکاریەکان و فەرمانگەکانی دابینکردن (الضمان) و فەرمانگە خانەنشینەکانو دیاریکردنی بیمە بەگوێرەی خواستی کرێکارانو سەپاندنی باج بەسەر دەوڵەمەندانو پەیڕەوکردنی ئابوری ناراستەکراو لەبری ئابوری پراوپڕ نازاد هاتەکایەوە، لێرەوە قۆرخکردنیان تەنها لەسەرمایەداریدا کورتکردەوە، واتە بیرمەندانی سەرمایە گوزاری کاریان بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان کرد، بەڵام گرفتە ئابوریەکانیان لەرێگای کۆلۆنیالیزم (الاستعمار) وە چارەسەر دەکرد!

ئێمە گەر نازادی و دیموکراسیەت وەك پەرچە کردارێکی بارودۆخی رۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاست ببینین، ئەوا سەلبیاتی هەردووکیان – واتە سەلبیاتی هەریەکە لەسەدەکانی ناوەڕاستو دیموکراسیەتیش – بەدیاردەکەوێت، من لاریم لەوە نیە کە لاوازبوونی بەها مۆراڵیەکان (القیم الاخلاقیة) و مەسەلە رۆحیەکان لەرۆژئاوادا مەرگەساتی خولقاندوە، بەڵام دەکرێت ئەم خاڵە لاوازانە بەمەسەلە مۆراڵی و رۆحیەکان پارسەنگ بدرێنەوە. پاشتر لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا ئەم تێڕوانینە سەلبیە بۆ ئاین نیە وەك ئەوەی لەئەوروپایەدا هەیە، هاوکات زۆربەی خەڵك خواستیان لەسەر سیستەمێکی

دیموکراسییە، ئەوانەش خواستیان لەگەڵ سیستەمێکی ئیسلامیدا نیە لەزۆر باردا لەئەنجامی نەشارەزاییانە لەئیسلام، وەگەرنا ئەگەر بزانن مافەکانیان بۆ دەستە بەر دەکات بێگومان خواستیان لەگەڵیدایە، بەڵێ دەتوانین ئەو سیستەمە دیموکراسیە بخەینەگەڕ کە بەها مۆرالی و رۆحیەکان پاڵپشتی دەکات، پێم وایە گەر ڕەچاوی ئەم بوارە بکەین ڕوبەڕوی زۆرێك لەو گرفتانە نابینەوە کە لەرۆژئاوادا هەیە، ئەمەش لەرێگای ڕاگەیاندن و وەبەرهێنانی توانا مادیەکانەوە دەبێت، ئەوکات دەتوانیتن دیموکراسیەتێکی خاوەن مۆرالێ بنیادبنێین، بەڵام ئەگەر کار لەسەر سەپاندنی تێڕوانینێکی تایبەتی ناینی بەسەر خەڵکدا بکەین ئەوا تایبەتمەندیەکانی دیموکراسیەتی رۆژئاوا لەدەست دەدەین هاوکات هەڵی ڕەخساو بۆ پەیڕەوکردنی دیموکراتیەتی گونجاو لەگەڵ ئیسلامیش لەدەست دەدەین.

ئەگەر بەشێوەیەکی ئەبستراکت سەرنج بدەین دیموکراسیەتیش نەنگی خۆی هەیە، بەڵام گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەلتەرناتیڤەکانیداو سەرنجی مەرگەساتە چاوەڕوانکراوەکان بدەین، هەرگیز ڕاڕا نابین لەپەسەندکردنی دیموکراسیەتدا، بەلایەنی کەمەوە زیانی لەزۆرینەی سیستەمەکانیتر کەمترە.

-جیاوازی چییە لەنێوان سیستەمێکی ئیسلامی و نائیسلامیدا گەر هەردوکیان پەیڕەوی سیستەمی دیموکراسیەت بکات؟

+وتمان دیموکراسیەت تاکە ڕێگای جێگیربوونی سیستەمێکی دیاریکراوە، واتە میکانیزمێکە و حکومەت بۆ گەلەو وبستی گەلیش شێوازی دەسەلات و حکومەت دیاری دەکات، ئەمەش لەرۆژئاوادا عەلمانیەت و لیبرالیەتی بەرهەمهێناوە و بێگومان لەکۆمەڵگای ئیسلامیشدا شێوازێك بەرهەم دەهێنێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بیری جەماوەری ئیسلامیدا.

بێگومان چەندان بواری جۆربەجۆرمان هەیە کەلەگەڵ لیبرالیەتدا پێك ناینەوە، چونکە دەسەلاتی ئیسلامی بوار بەو گێڕەشوێنیە نادات کە لەرۆژئاوادا هەیە، هەروەك بەنمونە بوار بەئازادی سێکسیش نادات.

لەوانەیە یەکێك بڵێت:- من سەرپشك کراوم لەلایەن خواوە بۆ سەپاندنی ئەوە بەسەر خەڵکدا، جا ئەگەر خواستیان لەسەری بێت یان نا، لەبەرامبەر ئەم بانگەشەیەدا خاڵی هاوبەش لەنێوان ئێمەو لیبرالیەتو عیلمانیەکاندا دروست دەکات کەئەویش ئەوەیە ناکرێت شتێك بەتۆبزی بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت، چونکە مرۆڤ لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا کار بۆ چەسپاندنی بیروڕایەکی دیاریکراو دەکات لەگەڵ زامنکردنی مافی بەرامبەرەکانیتر لەدەربڕینی بیروڕاداو دابینکردنی مافی گەل لەلێپرسینەوە. لەرۆژئاوادا هەموو پارتێکی سیاسی پرۆگرامی خۆی دەخاتەڕوو و ئەوەی ڕای زۆرینە مسۆگەر بکات ئەوا بەرامبەرە جیاوازەکانی مل بۆ ئەو پارتە کەچ دەکەن، بەڵام ناوەڕۆکی دەسەلاتی ئیسلامی جیاوازە لەناوەڕۆکی دەسەلاتی لیبرالی و عەلمانی، چونکە پێمان وایە فەرمانڕەوایی بۆ گەلە، ڕێگای جێگیربوونی بەهۆی پاڵپشتی و ڕای خەڵکەوە دەبێت، ئەمەش لەگەڵ ئیسلامدا هاو ئاهەنگە، چونکە پێم وایە ئیسلام داخوازی نەکردوە کەحوکمی خوا بەهەرشێوەیەك و نرخێك بێت بەرپا بکرێت، نەخێر! ئیسلام ئەم داخوازییەی نەکردوە؛ کەواتە هیچ ئەلتەرناتیڤێك بۆ دیموکراسیەت نیە.

دەمانەوێ بڵێین با بیرمەندە ئیسلامیەکان بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو، گەر گەل پسەندی کرد دەسەلآت بگرنە دەست وەگەر نا نەخێر، چونکە ناکرێت بەتۆبزی دەسەلآت بسەپێنرێت.

-ئایا دەگونجێ بێباوەڕان و ئاین جیاوازەکان لەدەوڵەتێکی ئیسلامیدا بگەنە پلەو پایەکانی دەسەلآت گەر پابەندی دەستورو شەرعیەتی دەوڵەت بن؟

+بەڵگەنەویستە کە جەمسەریەتی دەوڵەتی ئیسلامی ئەوە دەخوازێت فەرمانڕەوا هۆشیارو دادپەروەرو زانا بێت بەئیسلام، ئێمە کاتێك کە دەوڵەتێك بەئیسلامی ناوزەد دەکەین واتە ئیسلام هەلومەرج و بارودۆخە گشتیەکە دیاری دەکات، دواتر ئەگەر گەل خواستی لەسەر بێت ئەوا دەسەلآت و حکومەتی ئەو فەرمانڕەوایە شەرعیەت وەردەگرێت، خۆ ئەگەر پەسەندیان نەکرد ناکرێ لەرێگای هێزەوە بسەپێنرێت، پێویستە حکومەتی ئیسلامی جاوەنی دیسپلینی دیاریکراوی خۆی بێت، گەر خەڵك خواستیان لەسەر ئەم دەسەلآتە نەبوو و دەسەلآت و حکومەتێکی تریان هەڵبژارد کە دیسپلینی ئیسلامی نەبوو و رایانگەیاند کە خواستیان لەسەر فەرمانڕەوای ئیسلامی نیە، پێویستە رێز لەرایەکەیان بگرین گەر باوەڕمان بەدیموکراسیەت هەبێت، بەمەرجێك ئازادی من بپارێزرێت لەرەخنەگرتن لەو دەسەلآتەو راگەیاندنی بەبێ ترس؛ بەهەمان تەرز پێویستە ماف بۆ بەرامبەرە جیاوازەکانمان دستەبەر بکەین، کاتێك کە لەژێر سایەی دەسەلآتی ئێمەدا بن، دوا جار گەلیش بۆی هەیە کە رای جیاکەرەوەو یەکلاییکەرەوەی خۆی لەنێوان ئەم دوو رایەدا بڵێت، بێگومان ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە خەڵکانی بێباوەڕ بگەنە دەسەلآت و فەرمانڕەوایەتیەکەش ئیسلامی بێت، چونکە ئەوکات فەرمانڕەوایەتیەکە خاسیەتی ئیسلامی بوون لەدەست دەدات.

دەسەلآتی ئیسلامی بەو واتایەیە کە ئاین پەروەردەکان دەسەلآت بگرنە دەست و ئەمەش مەرجی یەکەمە، بەڵام مەرجی دووەم بریتیە لەپەسندکردنی ئەو دەسەلآتە لەلایەن گەلەوە، ئەم دوو مەرجە بنەمای دەسەلآتی ئیسلامی پێك دەهێنن، لەدەست دانی یەکێکیان واتە داڕنینی خاسیەتی ئاینی لەدەسەلآت.

-پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەگونجێت نا موسڵمانێك بەپلە بالآکانی دەستەلآتی ئاینی بگات لەکاتێکدا کەباوەڕی بەشەرعیەتی ئەو دەسەلآتە هەبێت بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی خۆی چ ئاینێکی هەیە؟

+ پرسیارەکەت بەواتایەکیتر ئەمە دەگەیەنێت:- ئایا دەگونجێ کەسێك لەحیزبی دیموکراتی ئەمریکی دەسەلآت بگرێتە دەستو ببێتە سەرۆك کۆمار لەکاتێکدا کەحیزبی کۆماری لەهەڵبژاردندا سەرکەوتووە!!، حیزبی کۆماری هەڵبژێردراوە کەواتە پێویستە سەرۆك ئەندامی هەمان حیزب بێت، ئایا وا نیە؟، ئێمە وەکو حیزبێك پرۆژەو پرۆگرامەکانمان بۆ خەڵك دەخەینەڕوو و خەڵکیش پرۆژەو بەرنامەکان هەڵدەسەنگێنن، ئەوکات گەر هەڵبژێردراین ئەوا کەسێتی یەکەمی حیزبەکە دەبێتە نوێنەری ئەو پرۆژەو پرۆگرامە.

-ئایا پێویستە ئەو کەسێتیەیە حیزبیە هەلگری هەمان ئایین بێت، وەگەر نا دەچێتە دەرەوەی ئەو پرۆژەیەو ناتوانێت بگاتە ئاستەکانی بڕیارو فەرمانڕەوایی؟

+ دیاردەیەکی سروشتیە کە دەسەلاتی ئایینی تایبەتمەندی فەرمانڕەوای یەکەم دیاری بکات، ئێستا لەدەستوردا ئەو کەسەی کەپێستی سەرۆک کۆمار یان سەرکردەی شۆڕش وەردەگرێت پێویستە چەند مەرجێك لەخۆیدا بەدی بهێنێت، گەر مەرجەکان دەستەبەر نەبن ناتوانێت ئەو پۆستانە وەربگرێت، ئەمەش بەگوێرەی دەقە دەستوریەکان دیاریکراوە.

بەلآم گەر جەماوەری خەلك چاکسازیو گۆڕانکاریان لەدەستوردا کردو رەزامەندیان نواند لەسەر خەلکانی ئایین جیاواز تا دەسەلآت بگرنە دەست ئەمە مەسەلەیەکی تر، ئێمە گەر راستگۆیانە باوەڕمان بەدیموکراسیەت هەبێتو پێمان وابێت شەرعیەت بۆ ئەو مەسەلانەیە کە خواستی خەلکی لەسەرە؛ ئەوکات ناتوانین داخوازی لەخەلك بکەین کە بۆ هەمیشە گوێڕایەلی دەولەتی ئیسلامی بن.

-بەگریمانە بادابنێین کۆمەلگایەکی ئایینو نەتەوە جیاوازمان هەیە، بالآ دەستی تێیدا بۆ دەستور وياسایە نەك بۆ فەرمانڕەوا، ئایا ڕێگر چیە لەکۆمەلگایەکی وادا کەسێتیەکی ئایین جیاواز دەسەلآت بگرێتە دەست گەر ملکەچ بێت بۆ دەستورو باوەڕی پێی هەبێتو پیادەی بکات؟

+ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە، هەنوکە خستنەڕووی ئەم تێزە خزمەت بەئێمە ناکات، بەلآم دەتوانین بڵێین کەسکێچی دەسەلآتی ئیسلامی تەنها ئیسلامە، پێویستە بەشێوەیەکی عەمەلی تاکەکان پابەندی ئەم چوارچێوەیە بن، بەبێ ئەوەی ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەئایینو بیروباوەڕیانەوە هەبێت، دەتوانین شێوازی دەستورێکی ئیسلامی وێنا بکەین کەبوار دەدات بەهەموو کەسێك بچێتە ناوی و هەروەها هەلی گەیشتن بەدەسەلآتیشی بۆ بڕەخسێنێت؛ بەلآم پێویستە چوارچێوەی گشتی دەسەلآت بەشێوەیەك بێت لەلایەن خوای پەروەردگارەوە پەسەند بکرێت.

لێرەوە هەرکەسێك پابەندی ئەو بنەمایانە بێت دەتوانێت بەپلە بالآکانی دەسەلآت بگاتو ئەمەش لەگەڵ ئیسلامدا ناتەبا نیە، راستە تیۆرە هەنوکەیەکانی ئێستا سیستەمو تایبەتمەندی ئیسلامی دەکاتە مەرجو تایبەتمەندی کەسی یەکەم دیاری دەکات، بەلآم پێم وایە لەدەسەلآتی ئیسلامیدا قەدەغە لەوە نەکراوە کە کەسێکی ناموسڵمانی پابەند بەدەستورەوە لەپلە بالآکانیشدا دەسەلآت بگرێتە دەست، بێجگە لەپۆستی سەرۆك کۆمار یان سەرکردەی شۆڕش، ئەو تێزەش کەخستانەڕوو جێگای توێژینەوەو وتوێژە، هەروەك مەسەلەی تیۆرە ئیسلامیەکانی دەسەلآت تائێستاش یەکلا نەبوونەتەوە، بەلآم گرنگ ئەوەیە پابەندبێت بەو دەستورەوە کە لەویستو خواستی خەلکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەرژەوەندیش لەوەدایە کەدەروازەکان والآ بکەین لەبەردەم هەموو توێژینەوەیەکی تیۆری هاو بابەتدا لەوانەش ئەو پرسیارەی بەرێزتان، بەڵێ ئەوە پرسیارێکی جیدییەو شیاوی توێژینەوەیە لەڕوە فەلسەفی و تیۆریەکەیەوە، بەلآم دواجار ناتوانین وەلآمی هەموو پرسیارو گرفتەکان بدەینەوە.

گرنگ ئەوەیە ئەم پرسیارانە لەکەش و بارێکی زانستیدا بخرێنەڕوو و تێزو بیرۆکەکانیش بەبێ هیچ ترس و بیمێك پێتێن بکرێن،! لەپێناوی زەمینەسازیدا بۆ چارەسەرێکی باشترو لەبارتر. پێم وایە زۆرێك لەبیرۆراکانمان سەبارەت بەئیسلام شیاوی گۆڕانە، چونکە تێگەیشتنی خەڵك لەئیسلام جۆراوجۆرو جیاوازە، لەوانەیە رای نوێ کەشانبەشانی ئیسلام بێت پەیدا ببێتو بیکاتە بەرنامەیەکی هاوچەرخ، ئەمری ئاینیش لەوەدایە کەهاوڕەوتی سەردەمەکەی بێت؛ ئەوك ئەوەی کەسانێك بانگەشە بکەن کەڕایان لەئایندا دواڕایەو ئەمەش بسەپێنن و هەر کەسیش لەگەڵیاندا جیاواز بێت پەسەندی نەکەن، زەمەنیش هەرەس پێهێنانی ئەو تێڕوانینەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئێمەش گەر ئاین بەو ڕاو تێڕوانینانە بزانین ئەوا خۆ بەخۆ هەرەسهێنانی ئاینمان ڕاگەیاندوە.

با بوار بەبیرۆرا جیاوازەکان بدەین، بارێز لەهەموو بیرێك بگرین کە لەسەر لۆژیك و بیرێکی دروست بونیاد نراوە، زۆر مەسەلەمان لەبواری ئیسلامیدا هەیە کەپێویستی بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام گرنگ لەوەدایە زەمینەی لەبار بۆ بیرکردنەوەو توێژینەوەی دروست بڕەخسێنین.

پەراوێزەکان:-

* ئیقاع: زاراوەیەکی فیقهییە کە مەبەست لێی بەستنی پەیمانێکە لەیەك لاوە، ئەمەش پێچەوانەی گرێبەست (عقد)و پەیمانە کە بەدوو لایەنە ئەنجام دەدرێت، نمونەی ئەم حاڵەتەش وەك ئەوەیە کە میرد بەخێزانەکەی بڵێت (تۆ تەڵاقت کەوتبێت) ئەوکات پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت.

** لۆیاسان مارێکی خورافیو خاوەن هێزە، لەتەوراتداو لەسەفری ئەشعیادا بەم شێوەیە باسکراوە: (ئەو مارە ڕاکردوەیە کە لەگەڵ حەوادا بوو لە بەهەشتدا)، هەروەها لەمەزامیری داوددا بەتنینەکانی دەریا ناوبراون کەملەکانی تەنینەکانی تری شکاندوە، و ملەکانی خۆشی بریندار بووە، هەروەها لەداستانی بەعلی توێکارێتیدا بەماری بەچکەکەر، ماری حەوا) ناوبراوە، بەڵام ئەوەی کەپەیوەندی بەهۆبزەوە هەیە ئەوا لۆیاسان ناوی کتێبی سەرەکییەتیو لەسالی ١٦٥١دا بڵاوکردوەتەوەو ڕای خۆی سەبارەت بەمرۆڤ و هاوڵاتی دەربڕیوە.

سەرچاوە:-

د. محمد خاتمی، مطالعات في الدين والأسلام والعصر.

(ژیان) لە پەراوێزی دراماى ژیاندا*

محمد چیا

بوون و ماهیەت

ژیان پەیوەندی نێوان بوون و ماهیەتە، بوون نابینایە بەبێ دەرک کردنی کەسێک بە شتەکانی، بە بێ جیاکردنەوەی رەنگەکان و جیاوازیان، بەبێ دەست لێدان و هەست کردن بە ئینجا زیندووەکانی، ئەوانەیش لەحزەی سەرهەڵدانەکانی مەعریفەن لای مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی جێنشینی خوایەو هەناسەیەکی زیندوە لە رۆحی ئەو..

ئەم پەیوەندیە چۆن سەرهەڵدەدات؟

ئەگەر ئەم پرسیارە سەبارەت بە ژیانی (من) بکرێت، دەڵێم: لەو ساتەوە کە هەستم بە بوونی خۆم کردووە، هەست کردن بەوەی کە (من) کائنێکی جیام لە دەوروبەرەکەم، مرۆڤ لەم جیهانەدا بەم شێوەیە پێگەیشت، مرۆڤ مەخلوقێکی میژوویییە.. پێگەیشتنی پەیوەست بوو بە گەشەکردنی لایەنی هۆشەکی تێیدا، بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیشە، ئەمەیش بۆ ئەوەی بتوانێت لە رێگەی پەیوەندیەکانیەوە چۆربەستی دەرکە مەعریفیەکانی و لە رێگەی رێکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانیەوە بەهاو ماهیەتی شتەکان بگیرسێنێت. سروشت راهێنەری مرۆڤەو هەر مرۆڤیش دەبێتەوە بە مامۆستاو جڵەوکەری سروشت، ئەم پەیوەندیە جدەلیەیە کەوا هەمیشە و بەردەوام ژیان بە شێوازی جۆراوجۆر نمایش دەکاتەوە. ژیان بەنسبەت مرۆڤ و فەلسەفەی مامەڵەکردنە لەگەڵ بوونـدا. ئەم پەیوەندیەی نێوان مرۆڤ و سروشت (ماهیەت-بوون) بەرهەم هێنەری هەموو رەگەزە جۆراوجۆرەکانی ناوژیانە (ئەخلاق-ئایین-فەلسەفە-زانست.. هتد.

تەنانەت تەکنولوژیایش، "بیگۆڤیچ" ئەو پەیوەندیەی سەبارەت بە تەکنەلۆژیا بەم شێوەیە باس دەکات:

(ئامێر) کە داهێنراوی دەستی مرۆڤ خۆیەتی یەکەم (هەڵەیە) کەوا ئەو شارستانیەتەی بیناکرد کە ئەمرۆ ئەو بەپێی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤەکان ناراستە دەکاتەوە). لەو نموونەیەدا مەبەستمە بڵێم (بوون) لەسەرەتادا بە نیسبەت مرۆڤەوە شتێک نەبوو لە بازنەی دەرکیدا، تەنانەت توانای ئەوەی نەبوو وەکو بەشێکی جیا لەخۆی تێیبڕوانێت، ئەمە ئەو گەردونە نیە کە مرۆڤ دۆزیویەتەوە بەڵکو ئەو گەردونەیە کەوا دەرکی پێ کردوە، تا ئێستاش دەرک پێکردنەکانی مرۆڤ سنوردارن سەبارەت بە

(وجود)، تەنانەت سەبارەت بە خۆیشی، هەر ئەم حاڵەتی ناتەواویەشە کەوا دەروازەکانی مەعریفەو زانست هەتا هەتایە بەکراوەی دەیهێڵێتەوە بۆ گەڕان و ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ لەم (وجود)ەدا و لە پێناو ژیاندا. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە هەمیشە هەوڵیداوە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕێگەی پەیوەندیەکەوە خۆی ببەستێتەوە بەم بوونەوە، ئەمەیش هەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤەکە داویەتی هەتا لەوڕێیەوە ماهیەتێک بەخۆیشی و بەشتەکانیش ببەخشێت. کەواتە ئەگەر بە جۆرێک پێناسەیەک بکرێت بۆ ژیان دەتوانین بڵێین: ژیان ئەو هەوڵە یان پرۆسە بەردەوامەی مرۆڤە کە ویستویەتی بەهۆی دروستکردنی پەیوەندیەکەوە ماهیەتێک بەخۆی و شتەکانی دەوروبەری ببەخشێت لەم بوونەدا.

هەر ئەمەیش هۆی ئەو ئینتیما توندوتۆڵەی مرۆڤی سەرەتاییە کە هەیەتی بۆ شتەکانی دەوروبەری، هەندێ جار لەم پێناوەدا سەیرترین و تراژیدی ترین سروتی بەرهەم هێناوە، تەنها بۆ ئەوەی ژیان مانایەکی هەبێت، (هەستکردن بەوەی کە "بوون" بەبێ بەخشینی ماهیەتێک ناکاتە ژیان) مرۆڤ ئەگەر توانیبێتی واتایەک، ماهیەتێک، کەلکێک ببەخشێتە ژیان لەو ڕێگەیەشەوە هەمان ئەم مەفهومانە بۆ خۆیشی دەگوێزرێنەوە، بەوپێیەی کە ئەمیش بەشێکی دانەبڕاوە لەو (ژیانە)ە دەتوانین بۆ ئەم پرۆسەیەش (تەوتمیەت) وەکو نموونەیەکی تەواو بەرجەستەی ئەم حاڵەتە بهێنینەوە کە لای مرۆڤی سەرەتای مومارەسەکراوە، تا ئێستایش لای هەندێ گەلی سەرەتایی و دابڕاو لە شارستانیەت وەکو کۆمەڵە سروتێکی ئاینی ماوەتەوە.

ئەرک و ماهیەت

لێرەشەوە چەمکی (ئەرک) پەیوەست دەبێت بە کەسێتی مرۆڤەوە، ئەو کەسەی ئەرکێکی نیە لەم ژیانەدا، ئامانجێکی نیە لەم ژیانەدا.. ئیدی بونیشی بێمانا و عەبەسیانە دەردەچێت. ئێمە دەڵێین (ئەرک) لای مرۆڤ لەوێوە وەکو پێویستیەک دروست دەبێت کەوا دەیەوێت ژیان لای ئەو شتێک بگەیەنێت و ماهیەتێک ببەخشێت، وەکو بەرئەنجامێکیش لە ئەنجامی ئەمەدا مرۆڤ دەتوانێت هەست بە ماهیەتی خۆیشی بکات و خۆی بسەلێنێت، ئەمەیش کاتێک دێتەدی مرۆڤ بەشێوەیەکی کرداری تێکەڵ بە ژیان بێت و مومارەسەی بکات، دیارە مومارەسەکردنی ژیانیش هەموو ئەو چالاکیە مرۆییانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە تەمەنیدا ئەنجامی دەدات و بەوپەڕی خۆشەویستی و گەرمیەوە کارلێکێکی زیندوو گەرم لەگەڵ ژیاندا دەکات.. پێچەوانەی ئەم هەڵوێستانەیش مرۆڤ دەکاتە کائینێکی غەریب و نامۆ (لامنتمی)، کەوا گرفتی سەرەکی چۆنیەتی مامەڵەو ڕوبەڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ ژیان و گوزەراندا. مرۆڤ ڕژایە ئەم ژیانەوە وەکو چۆن ئێوارەیەک هەورێکی چڕ بەری ڕۆژئاوا دەگرێت و دەبارێت هەتا زەوی پاراو دەکات و ڕۆحی بەبەردا دەکاتەوە، مرۆڤ کاتێک لەم بونەدا خۆی دۆزیەوە وردە وردە دەرکی دەوروبەرەکەی کرد ئیتر ژیانیش پێویستی بەوە هەبوو ڕێک بخرێتەوە، ئەم جیهانە شپرزەو شێواو بوو دەستێکی دەویست بیگاتێ و ئاوەدانی بکاتەوە. بەڵام مرۆڤ لەم ژیانەدا بەبێ بوونی پاڵنەرێک ناتوانێت بە هیچ کارێک هەسێت، ڕەنگە ئەمەیش لەحزەی عاقڵ بوونی مرۆڤ بێت، لەوێوە کە کارێک ناکات ئەگەر نەزانێت مەبەست چیە لە کردنی ئەو کارە، واتە نەبێت پاساوێک

هەبێت بۆ ئەنجامدانی، هەر ئەمەیش دەبێتە پاڵنەری مرۆڤ بۆ بەشداری کردنی لە ژیاندا، مرۆڤ ئەگەر پاڵنەرێکی نەبێت بیجوڵێنێت و بیهێنێتە ناو بواڕەکانی ژیانەوە، بێگومان ئیرادەیشی نابێتە، نەبوونی ئیرادەیش لە مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ناتوانێت (مەبەست)یەک لە پشتی ژیان و مومارەسەکردنیەوە دەرک پێ بکات یاخود قەناعەتی پێ بکات، واتە ئێمە هەمیشە پێویستمان بە پاڵنەرێک هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام ئامادەگیەکمان هەبێت لە ژیاندا.

هەر دەستەوسانێکی مرۆڤیش لەم حاڵەتەدا دەبێتە هۆی ئەوەی بە ڕەگەزێکی ناچالاک و ناکاریگەر بهێنرێتەوە، کەوا کەمترین کاریگەری لەسەر ژیان و ڕووداوەکان و گۆڕانکاریەکان نەبێت. بەڵام مرۆڤ کەی دەستەوسان بووە لە بەردەم گەڕان بە شوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەیدا کەوا بەردەوام عەقڵ و هزری خەریک کردوون لە پێناو تێگەیشتنیدا، لێرەشدا مەبەست لە (تێگەیشتن) ئەوە نیە کە بتوانرێت ڕێ لە (جەوهەری حەقیقەت) بکەوێت، ئەوەندەی مەبەستە ئەوەیە کە مرۆڤ زیاتر لە (قەناعەت)ێک نزیک بکاتەوە ڕازی بکات و ئارامی پێ ببەخشێت، ئەو قەناعەتانەیش مرۆڤ بۆی دروست بووە یان خۆی کارێکی وای کردوە بۆی دروست بێت وەکو خولقاندنی بڕوای جۆراو جۆر (سروت و تابۆکان) لای گەلە سەرەتایەکان زۆر جار ئەوەندە ئاڵۆزو ناواقیعی بوون تا ئاست و ڕادەیەک کە خۆیان ویستویانە خودی عەقڵی خۆیشیان سەرسام بکەن.

تەوتەم و ماهیەت

لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین پێناسەیەکی (سروتەکان) بکەین بەوەی کە: کۆمەڵێک جموجوڵ و چالاکی فەردیو کۆمەڵێن تاڕادەی ئاڵۆزی و زیادەڕەویی لە هەڵسوکەوت و نمایشدا، لە پێناو بەدەست خستنی قەناعەتێک پاساو بۆ هەر کارێکی مرۆڤ کە دواتر ویستویەتی ئەنجامی بدات بهێنێتەوە، هەر پاش ئەوەیش (تەوتمیەت) وەکو ئاینێکی بەرایی کە ئەمیش: بریتیە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی و لاسایی لە پێناو بەدەست خستنی قەناعەتێک بۆ سەرکەوتن پێش ئەنجام دانی هەر کارێک یان ڕوبەڕوبونەوەی هەر گرفت و کێشەیەک لە ژیاندا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە (تەوتمیەت)دا ئەو چالاکیانە و جموجوڵانەی کەسێک یان دەستەو کۆمەڵێک پێی هەڵدەستن ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو نیازەی ناودڵیانە بۆ نموونە (ڕاوکردن) کە دەیانەوێت دواتر سەرکەوتووبن لە ئەنجامدانیدا لە (تەوتمیەت)دا مرۆڤ ئەسڵی خۆی دەباتەوە سەر شتێک یان گیانلەبەرێک، ئەمەیش بەرونی ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ ویستویەتی لە لاساییەکی ناڕاستەوخۆی ژیانەوە یان لە ڕێگەی شتەکانەوە یان گیانلەبەرەکانەوە (ئینتیما)یەک بۆ خۆی و کۆمەڵەکەی بەدەست بخات.

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێبینیەدا دەکرێت بڵێین کە: **ژیانی هەرکەسەو کۆمەڵێک بە پێی ئەو ویناندی وەریدەگرن و جارێکی تر ڕەنگدەداتەوە تێیاندا دروست بووی ئەندێشەکانی خۆیانە.**

مرۆڤی (تەوتەمی) لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی دەوروبەرەکەیەوە کە پەیوەندیان بەوەوە هەبووە هەوڵی گونجان و ڕام کردنی سروشتی داوە، ئەم پەیوەندیەی نێوان مرۆڤ و سروشتیش یەکێکە لە ڕەهەندەکانی سەرهەڵدانی شارستانیەتی مرۆیی، ئەمەیش لەو سەردەمە سەرەتاییانەدا بە نسبەت مرۆڤەکانەوە ڕێڕەوێکی تەواو ناوخۆیی و زاتی و سایکۆلۆژی هەبووە، کە مرۆڤەکان بەو شێوازە

ناڕاستەوخۆیە ڕوبەڕووی سروشت بونەتەوە. کەواتە ڕوبەڕوبونەوەی ناڕاستەوخۆی (ئاستەنگەکان) لە ژیاندا فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ پەیداکردنی ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی وەکو حاڵەتێك لە مرۆڤدا، مەبەستم لە (حاڵەت) بەو مانایەی مرۆڤی ئەو سەردەمانە پێویستیان بە خولقاندنی حاڵەتێك هەبووە کە (سەرو- سروشت)ی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت پێی ڕوبەڕوی خودی سروشت ببێتەوە- بۆنمونە: لە ڕەوش و حاڵەتێکی سروشتیدا مرۆڤ هەمیشە ئەو بڕیارانە دەریدەکات یان ئەو هەڵوێستانە وەریدەگرێت زیاتر عەقڵانیانە دەردەکەوێت، وەکو ئەوەی بیەوێت بدات لە ڕووبارێك دەزانێت ئەگەر ئامرازێك نەبێت بۆ پەڕینەوەی یان مەلە نەزانێت ئەوە بێگومان دەخنکێت، بەڵام لە کاتی جەنگدا مرۆڤ چۆن دەتوانێت گوێ بگرێت لە عەقڵ کاتێك پێی دەڵێت: ئەگەر بچیتە ئەو جەنگەوە دەکوژرێیت. چونکە لێرەداو لەم حاڵەتدا پێویستە گوێ لەسەرکردەیەك بگرێت کە بێجگە لە باس کردنی ماهیەتی شۆڕش و سەربەرزی و سەرفرازای گەل نیشتمان شتێکی تری بۆ باس نەکات، پێویستی بە حەماسەتێکی شۆڕش گێڕانە هەیە هەتا ببێتە پاڵنەری بۆ خولقاندنی داستانێکی پاڵەوانانە. ئەمانەیش ئەو وەزیفە سایکۆلۆژیانەیە کە لە پاڵ وەزیفە عەقڵیەکاندا بۆ مرۆڤ دەبێتە پێویستیەك و لە حاڵەتە ناسروشتیەکاندا ناچارە پەنای پێ بەرێت. لە (تەوتمیەت)دا خێڵێك ئەسڵی خۆی دەباتەوە سەر شتێك یان گیانلەبەرێك و لەکاتی سروتەکانیدا لاسایی ئەو گیانلەبەرە دەکاتەوە، ئەمە هەوڵێکی بەرایی مرۆڤە(هەوڵێکی ئاینی) بۆ خۆ بەستنەوە بە شتێك لە دەرەوەی خۆیدا. ئەمەیش لەو هەستەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەیەتی وەکو کەموکوڕیەك لەخۆیدا. مرۆڤ هەستی بەو کەم و کوڕی و تەنهاییە کرد لە خۆیدا، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی تری خۆیدا بەست. لێرەشەوە کۆمەڵە و کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سەریان هەڵدا، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیشدا هەمیشە سروتە ئاینەکان بەدەستەجەمعی و بەشێوەی کۆمەڵی ئەنجام دەدرێت، مرۆڤ لە ڕێگەی هاوڕەگەزەکانیەوە توانی خۆی لە تەنهایی ڕزگار بکات، بەڵام دواجار هەمان ئەو تەنهاییەش بوویە مێردەزمەی کۆمەڵگاکانیش، کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش لە ڕێگەی سرووت و دروست کردنی خورافەی سەرسوڕهێنەرەوە توانیان ئینتیمایەکی وەهمی بۆ دەرەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن، ئینتیما بۆ (تەوتم) ئینیتما بۆ ئەستێرەکان و ڕۆژ و مانگ، بۆ دیاردە سروشتیەکان، (خواوەندە ژنەکانی یۆنان)، بۆ هەموو دیاریدیەك خوداوەندێکیان دانابوو، پاشان دەرکەوتنی ئاینە ئاسمانیەکان (یەهودیەت، مەسیحیەت، ئیسلام)، لە سەردەمی مۆدێرنێتیدا ئینتیما بۆ عەقڵ و پاش (مۆدێرنێتی)یش دابەش بوونەوەی ئینتیماکان بۆ چەندین ڕەگەزی لێك نەچوو جیاواز.

بۆ ئەوەی لە مەبەستی بابەتەکەمان دورتر نەکەوینەوە پێویستە لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەوکاتەی کە مرۆڤ ئینیتمای لە خۆیەکی لاوازەو دەستەپاچەو گوێزایەوە بۆ دەرەوەی خۆی بە پێچەوانەوە لەم سەردەمی عەقڵانیەتەدا مرۆڤ ئەو ئینیتیما دەرەکیەیە کە لە خودێکی لاوازەوە گوێزابویەوە بۆ دەرەوەیەك بەهیز، ئێستا هەمان ئەو ئینیتما لە دەرەوەی خۆیەوە دەگوێزێتەوە بۆ خۆیەکی بەهێز، مارکسیزم وەکو فەلسەفەیەك ڕەفزی هەموو ئینتیمایەکی مرۆڤ دەکاتەوە بۆ هێزێکی دەرەکی و بڕوای بە هێزو بازووی چینی پرۆلیتاریا هەیە، لە یەکێی سۆڤیەتدا ڕەتی هەموو ئەو چیرۆك و فیلم و ڕۆمانانە

دەکرایەوە کە باسی لە چەمکی (ناپالەوانی) (اللابطولی) دەکرد، بەڵکو دەبوایە هەمیشە جەخت لەسەر چەمکی پالەوانیەتی (البطولی) بکرایەتەوە، ئەم هەڵوێستەیش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتوە کە گوایە باس کردنی چەمکی (ناپالەونیەتی) لە ئەدەبیاتی مارکسیدا دەبێتە هۆی تێك شکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێڕی مرۆڤ و دەستەپاچەبوونی لە خۆیدا).

مرۆڤ و سروشت

لێرەدا بابزانین مرۆڤی (ناپالەوان) ئەو مرۆڤی ئینتیمایەکی دەرەکی بۆ خۆی فەراهەم دەکات، ئەو ئینتیمایەی بە چ شێوازێك بەدەست هێناوە، ڕەنگە مرۆڤ یەکەجار هەموو ئەو چالاکیانەی ئەنجامی داوە لە لاسایی کردنەوەیەکی سروشت زیاتر نەبووبێت. لە سروشتدا دوانیەتیەك هەیە کە مرۆڤ پاش ئەوەی تێوە گلا لەگەڵ سروشتدا ئیتر هەمان ئەو دوانیەتەی لە سروشتەوە گوێزایەوە بۆ خۆی، لە مەسیحیەتدا (ئەمە هەڵەی یەکەمی مرۆڤە) لە ئیسلامیشدا جەوهەری درامار چارەنوسی مرۆڤ. (مرۆڤ لە بەهەشتدا بوو، پێی وترا لەو درەختە مەخۆ لە بەر ئەوەی خاسیەتی ئەم درەختە (جیاوازە) لەوانی تر)، ئەمە یەکەم هەڵەی مرۆڤ بوو کە ئیختیاری لە نێوان دوو شتدا (حەرام، حەڵاڵ) (چاك، خراپ) کرد، مرۆڤ خۆی خستە نێوان دوڕیانێکەوە کە هەمیشە ڕێگاکانیش دوو ڕێگای تریان لێ جیادەبێتەوە، لێرەوە دوالیزم بوونی هەموو چەمکەکان دەستی پێکرد، مرۆڤ کە لە داری حەرامی بەهەشتی خوارد ئەوا سەرپێچی کرد لە بەرامبەر گوێڕایەڵیدا، سەرپێچی کردنیش ئیختیارە لە نێوان گوناە کردن و گوناە نەکردندا، گوناە کردنیش ئیختیاربوو لە نێوان فریشتەبوون و مرۆڤ بوندا، مرۆڤ بونیش هەڵبژاردنی مرۆڤ بوو لە نێوان مانەوەی لە بەهەشت و دەرکردنی بۆ سەر زەوی. (لە زۆربەی ئەفسانەکان و تەنانەت لە سەرچاوە ئاینیەکانیشدا هاتووە کە مرۆڤ لە داری ساياغ کراوی خوارد ئیتر روت بوویەوە (فدلهما بغرور فلما ذاقا الشجرة بدت لهما سوءتهما و طفقا یخصفان علیهما من ورقة الجنة و نادهما ربهما الم انهکما عن تلکما الشجرة واقل لکما ان الشیطان لکما عدو مبین) ئایەتی ٢٢ سوة الاعراف. ئەمەیش دەلالەت و ئاماژەیە لەسەر بزاوتی غەریزە سروشتیەکانی مرۆڤ، لەوێشەوە وروژاندنی غەریزە سروشتی و سێکسیەکان بوو لای مرۆڤ کەوا یەکەم پریشکی شەڕێکی ئەبەدی بۆ مرۆڤ هەڵگیرساند، کە ئەویش شەڕی ئیختیارو هەڵبژاردنەکان بوو، ئەو شەڕەی کە لەنێوان هێزی ستم و خراپەو هێزی چاکەویستیدا بەرپا بوو، لە کوشتنی هابیلەوە ئیتر تاوان و هەموو دوبەرەکیەکان سەریان هەڵداو هەموو دوالیزمەکانی تر لەوێوە سەرچاوەیان گرت، ئەمە ئەو درامایەیە کەوا وەسیەتی ئاینەکان و ئەفسانەی چەرخەکان و دەست هەڵبەستی میژووی مرۆڤایەتی کردوبەتە روئیای جیهانبینیەکانی ئێمە لە رابردووەوە هەتا ئێستایش، ئەم ئەو درامایەیە کە لە پەراوێزیدا و لەژێر سێبەرو کاریگەریەکانیدا ژیانمان دەگوزەرێنین، ژیانێك کەوا تێڕوانینەکانمان، بۆچوونەکانمان، بڕیارەکانمان، هەڵوێستەکانمان، هەڵبژاردنەکانمان، بیروباوەڕەکانمان، هەموو حاڵەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانمان دابەش دەکات تەنها لە نێوان دوو ئیختیاردا، وامان لێ دەکات تەنها لە دوو گۆشە نیگاوە لە ژیان بڕوانین، ئەم سەرو ئەو سەری شتەکان بخوێنینەوە وەلامەکانمان تەنها بە (نەفی-مثبت)

بن و هەموو بڕیارەکانمان نزیک بن لە ڕەهاوە، ئەمەیە نایدۆلۆژیای نەوەکان کە میژووییان بۆ تۆمارکردین، ئەو میژووەی کە (فۆکۆیاما) لە هەمان ئەم ڕوانگەیەوە دەڵێت بە نەمانی ناییدیۆلۆژیا ئیدی ئەو میژوێش کۆتایی دێت. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی وا دەکات ئەم باسەی من جێی گرنگی بێت ئەوەیە کە هەتا ئێستایش مرۆڤایەتی یان تایبەتی تر بڵێم کەسی ڕۆژهەڵاتی نەیتوانیوە ئەو دوالیزمانە تێ بپەڕێنێت کە لە (سروشت) وە بۆی ماوەتەوەو لێیەوە فێربووە، ئەگەر کتێبی (مقدمة)ی ابن خلدون بخوێنینەوە بە ناشکرا هەست بەم دوالیزمانە دەکەین کە چۆن لە وەسفی کۆمەڵگە (بەدەوی) و خێڵەکیەکاندا کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەکەن ڕەنگی داوەتەوە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە مەدەنی‌و شارنشینەکاندا کەمتر مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەکەن و دەکەونە ژێر کارتێکەرە سروشتییەکانەوە ئەوا بە هەمان شێوەیش کەمتر ئەو تێڕوانین و (تصور) دوانیەتیانەیشی (سەرەڕای هەبوونیشی) ڕەنگ دەداتەوە لە هەڵسووکەوت و مامەڵەیاندا، بۆ نموونە جاران هەموو ئەو پۆلێنکارییانە کەوا لە کۆمەڵگایەکدا بەپێی ڕەگەزو زمان و ڕەسەن و نارەسەن و ئەسڵی و بێگانەو ڕەش پێست و سپی پێست و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و چەپ و ڕاست.. هتد مرۆڤەکانی لەیەک جیادەکردەوە دابەشی دەکردن ئێستا چەمکی (هاوڵاتی) خەریکە تاڕادەیەک ئەو دوالیزمانە تێک دەشکێنێت و لە کاریگەریان کەم دەکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەیشدا دەگەینە ئەو ڕایەی کەوا دراما: ئەو وێناکردنەی مرۆڤە بۆ خۆی و دەرەوەی خۆی (سروشتی خۆی) بەو مانایەی مرۆڤ خۆیشی بەشێکە لە سروشت، کە جارێکی تر تێدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەیش هەمیشە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و عەقڵی‌و ئاسایی وەرنەگرتووە، بەڵکو هەمیشە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ناعەقڵی و بەڵکو نائاگایی‌یشی وەرگرتووە، ڕەنگە ئەمیش وای کردبێت کە زانایەکی دەروناسی زیادەڕەوی لەم بۆچونەدا بکات و تا بگاتە ئەو ڕادەیەی لە هەڵوێستێکی بێ باوەڕانەدا بڵێت: تەنانەت "خوایش ڕەنگدانەوەی سیفەتەکانی مرۆڤە لە کەوندا) (God is nothing but aprojection of man ana cosmic screen.).

دراما کە تەعبیر لە خۆشی‌و ناخۆشیەکانی مرۆڤ دەکات، هەمان ڕەنگدانەوەی ئەو دیدە دوالیزمانەیە کە مرۆڤ بۆ ژیان وێنای دەکات و دواتریش لە شێوەی چالاکیەکی مرۆیدا نمایشی دەکات و پاشانیش دەبێتە بەشێک لە میژووی، ئەو میژووەی لە کاتێکدا ئەم دروستی دەکات، دوایش ئەو ئەم دروست دەکاتەوە، کەواتە میژوو ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەیە کە ئێمە و پێشینانمان لەهاو چارەنوسی‌یەکی تا ڕادەیەک حەتمیدا کۆدەکاتەوە، واتە لەم ڕوانگەیەوە ئێستا درێژکراوەیەکی پێشینە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بە ڕادەیەک ئەگەر مرۆڤ بیشیەوێت ناتوانێت نکوڵی لەمە بکات، ئەو گۆڕەپانانەی ئەمڕۆ جەنگی کۆن و نوێی تێدا دەکرێت، جەنگی ئەو دوو مرۆڤە، ئەو دوو گروپە، ئەو دوو نەوەیەیە کە یەکێکیان ئیدعای میژووی بوونی خۆی‌و ئەوی دیکەیان ئیدعای ئێستایی بوونی خۆی دەکات، بەڵام ئەو جەنگانە تەنانەت مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیشیدا بەرپای کردبێت، واتە مرۆڤ کاتێک دەیەوێت لە ناوەوەی خۆیدا بەرەنگاری سۆزو عاتیفەو وابەستە ئەخلاقی‌و ئایین و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکان ببێتەوە لە ڕاستیدا دەیەوێت بەرەنگاری بەشێک لە میژووی خۆیشی ببێتەوە، واتە دەیەوێت سنورێک بۆ کارتێکەرو کاریگەرە میژوویەکانی خۆی دابنێت کە دەیانەوێت بەهەمان شێواز

و میکانیزمی رابردوو نیستای ئەو مرۆڤە ناراستە بکەنەوە، بەڵام مرۆڤ دیسان ناتوانێت دەستبەرداری ئەو جەنگانەیش ببێتەوە چ وەکو دژبارێك چ وەکو سەرکەوتوویەکیش، چونکە مرۆڤ نوێنەرو (نمایندە)ی میژوویەکە کە نیستایش دەیەوێت جێگای خۆی تێدا بکاتەوە، بە واتایەکی تر مرۆڤ رایەڵی ئەو پەیوەندییە کەوا شانێکی لەسەر نیستایەو شانەکەی تریشی لەسەر رابردوو.

سروشت و دوالیزمە

لێرەدا دێمەوە سەر ئەوەی کە چۆن لە سروشتەوە مرۆڤ ژیان و کەسێتیشی شێوەیەکی دوالیزمانەی وەرگرت، بۆ ئەمەیش پێویستە ئەوە رون بکەینەوە کە چۆن دوانیەتیەك کەلە خودی سروشتدا هەیە مرۆڤ لە رێگەی پەیوەندی و تێکەڵ بونیەوە لەگەڵیدا ئەو دوالیزمانەیشی گوێزایەوە بۆ خۆی و وەکو کەسێتیەك لە مامەڵەو هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیدا بەدەرکەوت.

ئێمە ئەگەر سەیرێکی ژیان بکەین بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو دوالیزمانە لە سروشتدا بەدی دەکرێن، لە قورئانی پیرۆزدا لە ژمارەیەکی زۆر لە ئایەتەکاندا جەخت لەسەر ئەم دوالیزمانە دەکاتەوە لە نێوان شتەکاندا، رەنگە وشەی (الفرقان) کە یەکێکە لە ناوەکانی قورئانیش بە واتای (الشرع الفارق بین الحلال و الحرام و الخیر و الشر..) نموونەیەکی جوان بێت لەسەر هەڵوێست گرتن لە هەموو چەمك و هەڵوێست و شتەکانی ناو ژیان، خوای گەورە لە ئایەتی ٥٣ سورەتی البقرة دا دەفەرموێت: (و اذ اتینا موسی الکتاب و الفرقان لعلکم تهتدون).

(و انزلنا التوراة و الانجیل. من قبل هدی للناس و انزل الفرقان..) ئایەتی ١٤ ال عمران (و لقد اتینا موسی و هرون الفرقان و ضیاء..) الانبیاء ٢١.

لەم روانگەیەوە هەمیشە شتەکان لە ژیاندا بە سەر دو چەشندا دابەش دەبن (انه لقول فصل) لە رووی جۆرەوە (و من کل شیء خلقنا زوجین) (ئایەتی ٤٩ الذاریات)، لە روی چۆنیەتیشەوە ئەوا دەتوانین بڵێین هەموو دیاردە سروشتیەکان لە لایەنی بەهێزی و لاوازی و سووکی و قورسی و درێژی و کوردتیو جوانی و ناشیرینی و گەرمی و ساردی وتەڕوو وشکی و تەنانەت کەش و هەواو سروشتی تۆپۆگرافیاو بەپیتیو بێ پیتی و هەموو ئەمانە کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و دروست بوونی کەسێتیو چۆنیەتی گوێزانەوەی کاریگەری ئەو دیاردە سروشتیانە، لە دوایشدا بۆ ناو هەڵسوکەوت و رەفتارو تەنانەت هەڵوێستی شەڕەنگێزی و ئاشتی خوازی و داگیرکاری و خولقاندنی دوبەرەکی و ململانێ مرۆییەکان لە میژوودا، بۆ نموونە رەنگە مرۆڤی دانیشتووی خاکێکی بێ پیت بەهۆی کەم دەرامەتی و هەژاریەوەو نادابین بوونی پێداویستیەکانیەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونیدا، وا بکات خەسڵەتی کۆچەری یان داگیرکاری ببەخشێتە رەفتاری دانیشتووەکانی، لە کاتێکدا دانیشتووی خاکێکی بە پیت رەنگە بەهۆی دابین بوونی پێداویستیەکانیەوە لەو جێگەیەدا، زیاتر خەڵکەکەی ئینتیمای بۆ ژیان و گوزەران و وابەستەبوون بەشوێنی نیشتەجێبوونیەوە هەبێت، کەواتە هەریەکە لە چەندیەتی و چۆنیەتی وەکو دو خاسیەتی هەمیشەیی شتەکان، ئەوا خودی پەیوەندی نێوان ئەو دوانەیە (چەندیەتی- چۆنیەتی) دوالیزمەکانی تری نێوان شتەکانیش بە شێوازی جۆراو جۆر دەخولقێننەوە. "هەمیشە چەندیەتی شتەکان کاریگەر دەبێت لەسەر هەمان چۆنیەتی ئەو شتانە".

ئەم خەسڵەتە جیاو هاوبەشانە کە دواتر جۆرێك لە دوالیزمە لە ناو شتەکاندا دەخولقێنن کارتێکەری سەرەکی کەسێتی مرۆڤن و دەبنە هۆی ناراستەکردنەوەی مرۆڤ تارادەیەك بەهەمان شێوازی سروشت و شتەکان.

چەندایەتی و چۆنایەتی

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیلێم هەم وەکو مەبەستێکیشم لەم باسەدا لە راستیدا ئەوەیە کە: راستە شتەکان لەناو سروشتدا لەروی (جۆرەوە) دابەش بوون بۆ دوو (جۆر) جارێکی تر ئایەتی (و من کل شيء خلقنا زوجين) ئایەتی ٤٩ الذاريات (دەهێنمەوە وەکو نموونە) بەڵام مەرج نابێت ئەو دوانیەتیەی شتەکان لە روی جۆرەوە بەهەمان شێوە دەقاودەق کاربکاتە سەر (چۆنیەتی) شتەکانیش، بە واتایەکی تر مادام لە دونیادا وڵاتی بە پیت و بێ پیت هەیە دەبێت لەلایەکی تریشەوە هەمان ئەم سروشتەی لە زەویدا هەیە وەکو رەگەزێك بیشگوێزرێتەوە دەقاودەق بۆ کەسێتی مرۆڤەکان، لەم رووەوە وڵاتی داگیرکەرو وڵاتی داگیرکراو و کۆیلەو سەردارو، زاڵم و زوڵم لێکراو، دەوڵەمەندو هەژارو.. هتد هەبێت یان مادام گوێڕایەڵی و سەرپێچی هەیە دەبێت لێی خۆش بوون و نەفرەت لێکردنیش هەبێت مادام جوان و ناشیرنی هەیە دەبێت بکوژو کوژراو (قابیل و هابیلی) تاوانباریەتی، هەژارو دەڵەمەند، مەینەتکێش و خۆش گوزەران، چێژو نازار، خەیرو شەڕیش بەهەمان دوالیزمەوە هەبن.. لە راستیشدا ئەمانە لە ئەسڵدا تێڕوانینێکی میتۆلۆژیانەی هەڵەی مرۆڤە کە بەهۆی کارتێکەرە سروشتیەکانەوە راستەوخۆ ژیان لە شێوەی درامایەکدا وێنا بکات کە هەمیشە مرۆڤ وەکو چۆن هەر لە سەرەتاوە جارێك لە نێوان (حەرام و حەلال)دا حەرامی هەڵبژاردو جارێکیش لە نێوان زەوی ئاسماندا زەوی هەڵبژاردو، لە نێوان هیدایەت و سەرگەردانیدا جارێك هیدایەت و جارێك سەرگەردانی هەڵدەبژێرێت، هەروەها لە نێوان چێژو نازاردا، جارێك چێژو جارێك نازار، لە نێوان خەیرو شەڕدا جارێك خەیرو جارێك شەڕ هەڵدەبژێرێت.. لە هەمان کاتیشدا چارەنوس و داهاتووش مەحکوم دەبێت بەهەمان ئەم ئیختیارانەوە، کەواتە بەم پێیە واتە مرۆڤ هەمیشە کارتێکراو دەبێت و ئەو تێڕوانینە میتۆلۆژیانەی کەوا خۆی بەرهەمی هێناون لە راستیدا ئەمانە کۆمەڵە روئیاو تێڕوانینێکن لەژێر کارتێکەرە سروشتیەکاندا مرۆڤ بەهاو ماهیەتی ژیانی خۆی وەکو دەرئەنجامێك لە دیالێکتیکی سروشت شتەکانەوە وەرگرتوە بەبێ رەچاو کردنی چۆنایەتیەکانیان.

کە دەڵێم (بەبێ رەچاوکردنی چۆنایەتیەکان) مەبەستم ئەوەیە ئەگەر شتەکان لە سروشتدا لەروی جۆرەوە سەیریان بکەین دەکرێت بەسەر دو پۆلدا دابەشیان بکەین (و من کل شيء خلقنا زوجين)، بەڵام ناکرێت هەمان ئەم پۆلێنە لە روی چۆنایەتیشەوە ببەستینەوە بەهەمان ئەو دوو پۆلێنەوە، ئەمەیش لەبەر ئەوەی هەمیشە لە چۆنایەتیدا شتەکان و خەسڵەتەکانیان زیاتر بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەردەکەون چونکە کارتێکراون، واتە (چۆنایەتیەکان کارتێکراون بە چەندایەتیەکان) مادام مەسەلەکەیش لە کارتێکردنداية ئەوا ئەو کارتێکردانانەیش هەمیشە رەها نابن.. بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر رەنگە جیاوازی هەبێت، یان مرۆڤ تەنها کارتێکراو نابێت لە لایەنێکەوە بەڵکو زۆرجار لە چەندین لایەنەوە دەکرێت کارتێکراو بێت، یان زیاد لەلایەنێك کاری تێ بکات، لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ ئەو شتانەی کاری تێدەکەن بەهەمان کاریگەری یەکەم جار ئەو کاریگەریانە بەردەوام

نابن لەسەری، بەڵکو گۆڕانیان بەسەردا دێت. مادام خێرو شەڕی من پەیوەستە بە هەڵبژاردن و نیختیاری منەوە لە نێوان ئەو شتانەدا کە پەیوەندیان بە منەوە هەیە، کەواتە خەیرو شەڕی کەسێکی تریش پەیوەندی بە ئیختیاری ئەوەوە هەیە لەنێوان ئەو شتانەدا کە پەیوەندیان بەوەوە هەیە، لێرەوەیە (نیچە) دەڵێت: (هەڵبژاردنی خەیرو شەڕێ من جیاوازە بە هەڵبژاردنی خەیرو شەڕی کەسێکی تر‌ەوە). هەڵبەتە ئەم قسەیە ڕەنگە ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە کە فەلسەفەیەکی وەضعی پێشنیاز دەکات کە لە پشتەی ئەوەوە هەموو بەهاکانی ژیان بە ڕێژەیی سەیر بکات. (بەڵام من لێرەدا خۆم لەم باسە دەبوێرم چونکە لە دەرەوەی مەبەستی منەوەیە لەم بابەتەدا، ئەمەیش جۆرێک لە خۆدزینەوە ناگەیەنێت لە دەرئەنجامێکی سلبی بەدەست هاتووە بەڵکو لە ڕاستیدا قسەی ئێمە لەسەر فۆرمی ئەو چەمکانەیە کە وەریان دەگرین، ئەک قسەکردن لەسەر بوون و نەبونیان) و دێمەوە سەر ڕادەی کارتێکەرەکان لەسەر کەسێتی مرۆڤ و چۆنیەتی ئاراستەکردنی.. گریمان بەشێوەیەک دیراسەی لایەنی کەسێتی بکەین بەو شێوەیە کە تێڕوانینی نوێ بۆ جۆری کەسێتی دەیخاتە ڕوو: "تێڕوانینی نوێ لە بابەتی کەسێتیدا بەوە دەناسرێتەوە کە زانایان زیادەڕەوی دەکەن لە بواری تایبەتمەندیدا کە ئەمەیش دەبێتە هۆی گوێ پێنەدان بە یەکێتی سروشتی مرۆڤایەتی و دیراسەکردنی لایەنێک تێدا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنەکانی تری، پۆلێنە نوێیەکان بۆ جۆری کەسێتیەکان زۆرن، هەیانە شیکاری سۆسۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و جوگرافی دەکاتە مەرجێک لە لێکۆڵینەوە و پۆلینکردنی کەسێتیەکاندا، هەیشیانە پشت بە بنەڕەتێکی فسیۆلۆژی ڕووت دەبەستێت، هی وایشیان هەیە سیفەتە سایکۆلۆژیەکان بەهەند وەردەگرێت بە نسبەت لایەنەکانی ژیانی دەرونیەوە.. یان بەو شێوەیە کاردەکات لەسەر تێبینی کردنی چۆنیەتی وەڵامدانەوەو ئامادەگی کەسەکەو زانینی ئەوەی کە ئایا ئەو کەسە دەتوانێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەندەکەیداو گرنگی بدات بە ئیش و کارە دەرەکیەکان، یان کەسێکی بەخۆداچووەو هەموو گرنگیەکان بە ئاراستەی ژیانی زاتی خۆیدایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی لە دەوروبەرەکەیدا ڕوودەدەن، هەر لەم ڕوانگەیەوە زانای دەرونی (کارل یۆنگ) پێی وایە کە دوو نموونەی بنەڕەتی هەیە بۆ ئاراستەی دەرونی بەگشتی: یەکەم (المنبسط Extravert) کراوە، دووەم (المنطوی Inravert) بەخۆداچووەو. (یۆنگ) پێی وایە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کەوا ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە هەریەکە لەو دوو جۆرە کەسێتیە بە ئاراستەیەکی تایبەتیدا دەڕوات بەپێی زاڵ بوونی یەکێک لە وەزیفە سایکۆلۆژیەکان بەسەر ئەوانی تردا لە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیدا، لێرەدا پێویستە بپرسین ئەو (وەزیفە سایکۆلۆژیانە) کە کاردەکەن لەسەر ئاراستەی کەسێتیەکان، ئایا بەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی هەمان دوانیەتی شتەکانی ناو واقیعی مادیو چۆنیەتی دیاردە سروشتیەکان نین کەوا کاریگەریان هەیە لەسەر بیناکردنەوەی کەسێتی مرۆڤەکان بەو شێوە (کراوە) و (داخراوە)ی (یۆنگ) باسی دەکات؟ کەواتە کەسێتی مرۆڤ بەهەر باڵێکیاندا بێت کەسێتیەکی (کراوە) بێت یان (داخراو) لە هەردو حاڵەتەکەدا هەر (کارتێکراوە) دەبێت.

(دینتریش فۆن هولباخ) باس لەو سیناریۆیە دەکات کە مرۆڤ هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی، ئەویش بەهۆی مامەڵەکردنی لەگەڵ شتەکاندا: (بێگومان ئەمیش خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیانەو بە پلەی یەکەم لایەنی دەرونی مرۆڤ کارلێک لەگەڵ ئەو حاڵەتانەدا دەکات و لەرێگەی ئەو مامەڵەو وێناو

ڕێناکردنەوە، ناراستە دەکرێت کە بەو شێوەیە چەمکەکانی ژیان لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی ترو لە کایەیەکەوە بۆ کایەیەکی ترو لە تێگەیشتنێکەوە بۆ تێگەیشتنێکی تر.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی کۆمەڵێك چەمکی دوانی لای مرۆڤ و گوێزانەوەی ئەو چەمکانە بۆ بوارو کایەی ترو خولقاندنی دوانیەتی تر لە بەهار چەمکەکاندا دەڵێت: "ئەو ئیحساسات و ئینتیباغانەی مرۆڤ لە شتەکانەوە وەریان دەگرێت هەندێکیان دڵخۆش کەرن و هەندێکیان بە نازارن، مرۆڤ هەندێکیانی بەلاوە چاکەو حەزدەکات درێژترین ماوە بمێنێتەوە یان جارێکی تر دووبارە ببێتەوە، لە کاتێکدا رقی لە هەندێکی تریانەو ئەوەندەی کە بتوانێت پەراوێزی لێ دەکات. بەمانایەکی تر مرۆڤ هەندێك مەشاعیرو ئینتیباعاتی دیاری کراوو ئەو شتانەیش دەبنە هۆکاری ئەو حاڵەتە خۆشی دەڕێت، هەندێ ئینتیباعات و مەشاعیری ترو ئەوانەیش دەبنە هۆکاری دروست بوونی ئەو حاڵەتە خۆشی ناڕێن، بە حوکمی ئەوەیش مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی، دەورەدراوە بە بونەوەری هاوشێوەو هەستیاری وەکو خۆی، هەموو ئەو بونەوەرانەیش بە شوێن چێژدا دەگەڕێن و هەموشیان لە نازار دەترسن. هەموو ئەوانەی کە دەبنە هۆی چێژپێگەیاندنیان ناویان لێ ناوە خێرو هەرشتێکیش دەبێتە هۆی نازارپێگەیاندنیان ناویان لێ ناوە شەڕ.. ئەوان بەهەموو ئەو شتانەی کە سودی هەمیشەیی تێدایە بۆیان پێی دەڵێن فەزیلەت و ئەوەی کە زیانی تێدایە بۆیان پێ دەڵێن ڕەزیلەت.

"هولباخ" بەرەو ئەوە دەڕوات و پێی وایە کە (ویژدان) بریتیە لە (ئاگایی) بەکاریگەری (ڕەفتار)مان کە دەکەوێتە سەر ئەو خەڵکانەی کە لە دەوروبەرمان هەن، هەروەها لەسەر خۆیشمان، (پەشیمانیش) بریتیە لەو (ترس)ەی هەستی پێ دەکەین تەنها بەهۆی بیرکردنەوە لەوەی ڕەفتارمان وا لە خەڵکی بکات (حەز)مان پێ نەکەن یان (تووڕە) بن لێمان.

هەروها (بنتلم) خاوەنی مەزهەبی سودە لە ڕەوشت ناسیدا روون و لۆژیکیە لەم بوارەداو دەڵێت: (سروشت مرۆڤی ملکەچی دوو گەورەو سەرداری خۆی کردوە کە بریتین لە چێژو نازار. هەر ئەو دوانەیشن بەتەنها کە حوکمی کردارەکانمان دەکەن، فەیلەسوفی فەرەنسی (هلفتوس) بەرەو ئەوە دەڕوات: (لە سەدەی هەژدەهەمدا هەموو ڕەفتارێکی مرۆیی هەمیشە ئاراستەی شتێك کراوە کەوا کەمترین بەرگری هەبوبێت، هیچ کەسێك هەڵناسێت بەکارێك مەگەر باوەڕی وابێت بەهۆی ئەو چالاکیەوە چێژی زیاد دەبێت، یاخود لە نازاری کەم دەبێتەوە ((ڕەنگە بروادارانیش بەهەمان مەبەستی قیامەت ئەو دو فاکتەرە ببنە پاڵنەری کارەکانیان لە دونیادا). هەروەکو چۆن ئاو بە شاخدا سەرناکەوێت، مرۆڤیش ناتوانێت دژ بەم یاسایە کە لە سروشتیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کاربکات). ئەم تێڕوانینە وا لە ڕەوشت دەکات کە تەنها خۆپەرستیەکی پاك و بێ خەوش بێت. ئەمە بەرژەوەندی کەسێکە ڕوون و ئاشکرایەو بەپێی بەرژەوەندی کەسەکە لێکدراوەتەوەو خەملێنراوەو پاشانیش عەقڵ دێتە ناو ئەم مەسەلەیەوە بۆ ئەوەی عەقڵی خواست بگۆڕێت بۆ چێژ، بۆ داوایەکی ڕەوشتی، لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەدواداگەڕاندا مرۆڤ مەشاعیری نازارو چێژ دەگۆڕێت بۆ مەفهوی خەیرو شەڕ. خەیرو شەڕیش بریتین لە چێژو نازار کە بەهۆی دەرك و زیرەکی و بیرکردنەوەو لێکدانەوە زیادیان کردووەو مەفهومەکەیان گۆڕاوە.

زانای دەروناسی (ماکدوجل) پێی وایە گرنگترین مەیلە فیترییەکانی مرۆڤ و ئەو حاڵەتەو هەڵچوونانەی پەیوەستن پێیەوە بریتین لە: ترس، ڕاکردن، شەهوەتی خواردن، جیابونەوەو وازلێهێنان،

هەزی بە ئاگابوون و هەواڵ زانین، سەرسام بوون، کۆشش کردن و تورەبوون، هەڵچوونی دەرونی، هەست کردن بە بەرزی، هەست کردن بە نزمی، وون بوون، خۆشەویستی، هەست کردن بە نازار، هاوسۆزی، یەهوەتی سێکسی، هەست کردن بە تەنهایی.. هتد.

کەسێتی و ئەخلاق**

ئەگەر ئەمانەیش بەشێك بن لەو مەیلە فیتریانەی کە لە مرۆڤدا هەن، ئەوا جوڵاندنەوەی ئەو مەیل و غەریزانە پێویستیان بە پاڵنەرێك هەیە، ڕەنگە ئەو پاڵنەرانەیش لە کۆمەڵێك فاکتەری عەقڵیەوە سەرچاوەیان گرتبێت (گۆڕین لە عەقڵی خواستەوە بۆ غەریزەکان) بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت دەرك بەو مەبەستە ئامانجدارانە بکەین و لە ماهیەتی ڕەفتاریشمان تێ بگەین پێویستە زانیاری تەواومان هەبێت دەربارەی ئەو فاکتەرە عەقڵیانە.

بەپێی زانایانی بواری دروونناسی هیچ کردارێك دانانرێت بە ڕەفتار ئەگەر ئیرادە تەحەکومی بە سەردا نەکات، ئەمەیش جیاوازی نێوان کردارو ڕەفتارە، ڕەفتاریش کاتێك دادەنرێت بەوەی کە ئەخلاقیە بە ڕێنمایی عەقڵ بێت و عەقڵ حوکمی هەڵەو ڕاستی بدات بەسەردا، کەواتە ڕەفتار ئەو کردارەیە وابەستەیە بە ئەخلاقەوە، یان ئەو کردارەیە ملکەچە بۆ بڕیارەکانی عەقڵ، یان دەتوانین بڵێین هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ دواجار دەبێت ملکەچ بێت بۆ بڕیاری ئیرادەو عەقڵ.

(سلوکیەکان) پێیان وایە دوو جۆر لە ڕەفتار هەیە: ڕەفتاری دیارو ناشکرا (دەرەکی) ڕەفتاری ناوخۆیی و (ناوەکی)، ڕەفتارە دەرەکیەکانیش ئەوانەن لە دەرەوەو هەڵسووکەوتی مرۆڤدا دەبینرێن، ڕەفتارە ناوخۆییەکانیش بریتین لە جموجوڵە جەستەییەکان و گۆڕانکاریەکانی ناوەوەی مرۆڤ.

بۆ نموونە: بیرکردنەوە وەکو پرۆسەیەك دەکرێت دابنرێت بە چەند جموجوڵێکی ناوخۆیی مرۆڤ لەو ئەندامانەیدا کەوا بەرپرسیارن لە بەرهەم هێنانی کرداری (گوتن). یان ئەو ئەندامانەی بەرپرسن لە بەرهەم هێنانی ئەو ڕەفتارانەی تری مرۆڤدا کە بەهۆی ئەو هەڵچوونانەی مرۆڤەوە کە لە ئەنجامی کارتێکەرە دەرەکیو ناوخۆییەکانەوە پەیدا دەبن.

ئێستا ئەگەر بتوانین باس لەو کارتێکەرە دەرەکی و ناوخۆییانە (بابەتی و زاتیانە) بکەین کەوا کاریگەری دەکەنە سەر هەڵچوون و (ئینفعالات)ەکانی مرۆڤ، هەر لە هەڵچوونە سەرەتاییەکانیەوە (ترس، خۆشەویستی، تورەیی) و ئەو هەڵچوونانە تریش کە بەدوای ئەماندا دێن یان لەمانەوە سەرچاوە دەگرن، لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانین چۆنیەتی ئەو بڕیار لەسەردان و تەحەکوم کردنە عەقڵیانەیشمان بۆ دەربکەوێت کە لە مرۆڤدا وەکو ڕەفتارێك بەرجەستە دەبن.

مرۆڤ بونەوەرێکە ئەوەندەی یادەوەریەکان دەیبزوێنن ڕەنگە کەمتر کارتێکەرە دەرەکیەکان کاریگەریان لەسەری هەبێت، بۆ نموونە کە دەوترێت (فلانە کەس تازە کەسێتی واهاتووە و ناتوانێت بگۆڕێت) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو زاتە ئیتر ڕابردووی یان یادەوەری بوەتە بەشێك لە بونیادی و تەحەکومی تێدا دەکات، ئەو کەسە هەرچەند هێشتا ژیانی بەردەوامەو بەستراوەتەوە بە ئێستای واقیعیشەوە بەڵام هەر کاریگەریەکانی ڕابردوو زیاترن لەسەری، یادەوەریش ڕەنگە هەموو ڕوداوەکان و بەسەرهاتەکانی ژیانی مرۆڤ تۆمار بکات و ئەوانە ببنە بەشێك لە ئارکۆلۆژیا تێیدا، بەڵام ڕەنگە نەتوانێت هەموو ئەو حاڵەتانە وەکو خۆیان یان (سروشتی خۆیان) لە ئێستادا بهێنێتەوە یادو

ئامادەیان بکاتەوە، بۆیە زیاتر ئەوانەیان کاریگەری قوڵ و گەورەیان لەسەر (ئەم) بەجێ هێشتووە، ئێستا دەتوانێت بیان هێنێتەوە ناو یادەوری هەڵوێستە یان لە بارەوە بکات، یان ئەو حاڵەتانە مرۆڤ بەشێوەیەك ئاراستە بکەنەوە. مرۆڤ ئەگەر ژیان ڕەق و سەخت بوو لەگەڵیداو هەموو دەردەسەری و نەهامەتیەکانی قبووڵ کردەوە بەسەریداو بەدبەختی کرد، ئیتر ئەو مرۆڤە چۆن دەتوانێت وەکو هەر کەسێکی تر کە لە خۆش گوزەرانیدا ژیاوە مامەڵەو هەڵسووکەوت بکات یان بەشێوەیەکی نەرم و نیان و ئاسودە درێژە بەژیانی بدات، مرۆ ڕەنگە هەندێ جار (مااڵ) ببێتە جێگەی سوکنەت و حەسانەوە تاڵی و ناخۆشیەکانی ژیانی دەڕەوێ بیربباتەوە، بەاڵم ئەگەر سوکنەت ی ناومااڵ و بەر نەفرەتی دەڕەوێشی کەوت ئیتر هەموو ژیانیشی ڕەشی و تاریکی دای دەگرێت وەکو ئاسمانی تابلۆکانی (ڤان کوخ) لەکاتی هەیەجان و هەڵچوونە دەرونیەکانیدا. لە ڕۆمانەکانی (هیمنگوای)دا جارێك مەرگ و جارێك ژیان سەردەکەوێت، ئەم ڕووبەڕووبونەوەیەی مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا لەگەڵ (چارەنووس)یدا (کولن ولسن) بە ئازادی تەعبیری لێ دەکات، ئەو ئازادیەی ڕەنگە لە ئامێزی مەرگدا چاوەڵبهێنێت، (میرسول) کاتێك بڕیاری مەرگی بەسەردا دەدرێت ئینجا هەست بە ئازادی دەکات، (ڤان کوخ) خۆی دەکوژێت چونکە دەیەوێت ئازادبێت لە خەم و ئازارەکانی، مرۆڤ لە ژیاندا لە هەوڵ و گەڕانێکی بەردەوامدایە بەدوای ئازادیدا، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ وا هەست دەکات کۆیلەی ئەو واقیعەیە کە تێیدا دەژی، ئەم ململانێیەی مرۆڤیش لە نێوان کۆیلەیەتی و ئازادیدا سەرەتای ئەو درامایەیە کەوا چارەنوسی مرۆڤی هەمیشە وابەستە کرد بە دوو ئیختیارەوە، ڕەنگە ئەم وێناکردنە درامیەی مرۆڤیش بەس بێت بۆ ئەوەی لە ئێستایشدا لە سایەی هەمان وێناداو لە ڕوانگەی ئەو چەمکەوە، هەموو چەمکەکانی تری ژیانیش لە چێژو ئازار، لە پاکی و پیسی لەدڵ نەرمی و دڵ ڕەقی، ئازایەتی و ترسنۆکی، جوانی و ناشیرین و هەژاری و دەوڵەمەندی، گەش بینی و ڕەش بینی، ڕق و خۆشەویستی، لەخۆبردن و قوربانی دان، دەست پاکی و خیانەت، ئاشتی و شەڕەنگێزی، خەیرخوازی و شەڕخوازی.. هتد هەمان ئەو دوالیزمانەی بۆ دروست بێتەوە کە هەردوو چەمکی (کۆیلەیەتی و ئازادی) وەکو دوو ئیختیاری بەردەم مرۆڤ دەیخولقێنن.

کۆیلەیەتی و ئازادی

بیرۆکەی ئازادیبوو (ئادەم) لەداری حەرام کراوی بەهەشتی خوارد، مرۆڤ بەندەی خوایە، بەاڵم پاش ئەوەی لەو دارە حەرامەی خوارد ئیدی بەندایەتی مرۆڤیش ڕەهەندێکی چارەنووس سازانەی وەرگرت، مەفهومی (حەرام و حەاڵڵ) و (خەیرو شەڕ) (سزاو پاداشت) (چاکەو خراپە) (هابیل و قابیل) (بەهەشت و دۆزەخ) کەسێتی مرۆڤیشیان بەشێوەیەکی دوالیزمانە دابەش کرد، بیرۆکەی هەڵەی یەکەم، لای مەسیحیەت بیرۆکەی هەڵبژادنی ئازادی یەکەمە، مرۆڤ کە ئازادی هەڵبژارد (حەرامی خوارد) کەواتە بیرۆکەی ئازادی وەکو ئەندێشەیەك بەستراوەتەوە بە ئەگەری سنور شکاندنی یاساکانیشەوە، بەاڵم لە ڕاستیدا بەهای ئازادی نە لە مومارەسەی یاساغکراوەکانۆ و نە لە ڕەهاییەکەیدا (ئازاد بێ قەیرو شەرت)دایە، بەڵکو بەهای ئازادی لە خودی سەرپشك کردنی مرۆڤدایە لە نێوان ئیختیارەکاندا، مرۆڤ کاتێنێکە مەیلێکی فیتری تێدایە بۆ ئازادی، ڕەنگە ئەمەیش لەوەوە بێت کە هەر لە بنچینەدا (مرۆڤ خۆی ئازادە)، بەاڵم ئەوەی کۆیلەی کردوە خودی ژیانە بە مانا بایولوژیەکەی، بەوپێیەی تۆ مەحکومی

بە جەستەیەك کە کۆمەڵێك داخوازی و پێداویستی هەیەو وابەستەت دەکات بەجۆرێك لە کۆیلەیەتیەوە، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (ئازادی نیە لەناو ژیاندا بشێوە رەهاکەی). کۆیلە تەنها ئەو کەسە نیە کە ژێرباری گەورەکەیەتی، بەڵکو کۆیلە خودی ئەو سەردارەیەشە کە لە هەمان کاتدا ژێرباری بۆ خواست و غەریزەکانی، لێرەوەیە ململانێکان درێژ دەبنەوە لە ژیاندا بە شێوازی جۆراو جۆر دەردەکەون، مرۆڤ ناوێنەیەکە ژیان تێیدا پەرچ دەبێتەوە، یان مرۆڤ (وەکو جەستە) بەشێکە لە ژیان و ملکەچی یاسا سروشتیەکانیەتی وەکو هەر شتێکی تری مادی ناو وجود.

کەواتە مادام کۆیلەیەتی وەکو تەرحێکی جەستە لە بەردەم مرۆڤدایە، لەلایەکی تریشەوە ئازادی وەکو خواستێکی رۆحی و جەوهەری هەمیشە مرۆڤ بەرەو هەڵهاتن دەبزوێنێت، پێغەمبەران لە پێناو ئازادیدا هەڵهاتوون و جۆرێك لە ژیانی فەردییەتیان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیاندا هەڵبژاردووە، هەڵهاتن لە کۆیلەیەتی هەڵهاتنە لە خواست و غەریزە بەردەوامەکانی جەستە، ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە وا زاهید وصوفی و خواپەرستەکان دەیگرنەبەر بە کەم کردنەوەو گوێ پێندانی خواست و غەریزەکانی جەستە یان (گۆشەگیری)ش کە یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی کەسی صۆفی هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دورخستنەوەی جەستەیە لە کاڵاکانی ژیانی دەرەکی کە مرۆڤ پەل کێشی دەکەن بۆ ناو چێژو (متاع)ەکانی، دەست خستنی چێژو لەزەتەکانی ژیانیش جگە لەوەی کە خودی ئەو چێژانە بەنسبەت جەستەوە جۆرێکە لە کۆیلەیەتی/ لەلایەکی تریشەوە بەدەست خستنی ئەو چێژانە ئەگەر لەناو کۆمەڵگایەکدا بێت کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەمان خواستیان هەبێت و بەدوای تێرکردنی هەمان ئەو غەریزانەوە بن، ئەوا ڕەنگە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بەشێوەیەك دروست بن کە سستمێکی کۆمەڵایەتی هەمەگیر بەرهەم بهێنێت، کۆمەڵگایەکی لیبرالی وەکو ئەمەریکا کەوا بانگەشەی ئازادی بۆ مرۆڤەکان دەکات، لە ڕاستیدا دیوی ڕاستەقینەی ئەوە بانگەشەی کۆیلایەتی مرۆڤەکانە، ئەو مرۆڤانەی کە بونەتە کۆیلەی خواست و چێژەکانیان (کارکردنی بەردەوام لە پێناو بەدەست خستنی سەرمایەی زیاترو سەرمایەش لە پێناو خەرج و بەکاربردنی زیاتردا)، لە پێناو ڕەهاکردنی حەزو ئارەزوەکاندا، (ئەریك فرۆم) کاتێك باس لە هەڵهاتن لەو ئازادیە ڕەهایەی خۆرئاوا دەکات (چۆن لەم ئازادیە هەڵبێن)؟ لە ڕاستیدا پێم وایە دەبەوێت بڵێت کە چۆن لەم کۆیلەیەتیە هەڵبێین؟

بەپێی سەرژمێریەك کە کراوە هەر تاکێکی ئەمریکی سالانە ١٨ تەن پاشەڕۆ فڕێ دەدات، ئەم مرۆڤە هەموو خواست و غەریزەو حەزەکانی ڕەهاکردوە، کەچی ناتوانێت نیگەران نەبێت، گەورەترین ڕێژەی خۆکوشتن لە وڵاتێکی وەکو سویدایە، کە لە ڕووی مادییەوە خۆشگوزەران ترین وڵاتە، ئایا ئەم خۆکوشتنانە هەڵهاتنە لە ئازادی؟ یان هەڵهاتنە لە کۆیلەیەتی، لەوڵاتێکی وەکو هیندستان کەسی وا هەیە نان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەخوات و کەمترین پێداویستی هەیە لەم ژیاندا و خۆی دامالێوە لە زۆرترین چێژو خۆشیە مادییەکانی ژیان، کەچی ئەم مرۆڤە دڵخۆشەو لە پرۆسەیەکی ڕۆحی زۆر گەورەدا دەژی.

کاتێك سارتەر دەڵێت: (مرۆڤ عاتیفەیەکی پووچ و بێمانایە) ئەم قسەیەی سارتەر بەشێوەیەك ڕاستە کە مەبەست لەو مرۆڤە بێت کە تەنها شوێن خواستە دەرەکیەکان و جەستەییەکان کەوتبێت، ڕۆح ئازادە، جەستە کۆیلەیە، لە نێوان ئەو دوانەیشدا (ئازادی- کۆیلەیەتی) ژیان بەشێوە ڕێژەی و

واقیعیەکەی دەگوزەرێت، مرۆڤ ناتوانێت، تەواو ئازاد بێت مادام لایەنە رۆحیەکەی تەواو فەرامۆش نەکردبێت، ئەو کەسەی کەوا مومارەسەی هەموو شتێکی ئیباحی و حەرام دەکات، ئەگەر بەلایەوە وابێت کە ئەوە جۆرەهری ئازادیە هەڵەیە، چونکە هەر لە لەحزەی مومارەسەکردنی ئەو ئازادیەدا دەیبینێتەوە ئەوا کۆیلەی ئارەزوەکانیەتی، ئەمڕۆ مرۆڤەکان ناتوانن واز لە خراپیەکانیان بهێنن بۆچی؟ لە کاتێکدا ئەوان بە ئازادی خۆیان ئەو رەفتارانەیان هەڵبژارد، ئەگەر ئەوە ئازادیە با کەسێك بۆ نموونە کە مادەی بێ هۆشکەر بەکاردەهێنێت یان مەشروب دەخواتەوە یان هەر رەفتارێکی تر دەکات با بتوانێت واز لەو ئاکارانە بهێنێت، بێگومان بە ئاسانی ناتوانێت، چونکە لە راسیتدا ئەو کەسە بەناوی ئازادیەکی روکەشەوە بووەتە کۆیلەیەکی راستەقینەی ئارەزوەکانی، مرۆڤ نە دەتوانێت تەواو ئازاد بێت نە تەواو کۆیلە، بەڵکو لە نێوان ئەو دوانەدا (کۆیلەیەتی- ئازادی) ژیان هەیە بە شێوە کۆمەڵایەتی و واقیعیەکەی، ئەمەیش بەو پێیەی کە دراما‌یەکی تەواو نەبوو ناتەواوەو ململانێیەکی بەردەوامەو مرۆڤ کارەکتەری ئەو گەمەیەیە، ئەم ژیانەی ئێمە لە ژێر کاریگەری وێنای دراما‌یەکدایە کە هەر لە سەرەتاوە ئێمە (مرۆڤ)ی دانا لە نێوان هەڵبژاردنی دوو ئیختیاردا ئەمەیش ئەو دوالیزمەیەی بەرهەم هێنا کە هەموو چەمکەکانی تری ژیانیش بە رەش و سپیانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سایەی ئەو، تۆخ کردنەوەی ئەو دوالیزمانەیش تۆخ کردنەوەی جیهان بینی و بە ئایدیۆلۆژیاکردن چەمکەکانی ژیانە، کاڵ کردنەوەشیان کاڵ کردنەوەی هەمو دوالیزمەکانیشە بەشێوەیەك کە لە ئامێزیاندا ژیانێکی هەمەڕەنگ و هاوسەنگ و میانرەو واقیعیانە دور لە تەسك بینی ئایدیۆلۆژیانە بگوزەرێت..

بۆ ئەم بابەتە هەرچەندە راستەوخۆ نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی سودم لێ بینیون، بەڵام بە دور نیە لە کاریگەری و سایەی ئەم کتێبانە:

١-الاسلام بين الشرق و الغرب- علی عیزەت بگۆڤیچ

٢-فلسفة كانت- اميل بوترو- ترجمة الى العربية الدكتور عثمان امين

٣-الامنتمى- كولن ولسن- دار الآداب بيروت

٤-مابعد الا منتمي- كولن ولسن- نقلها الى العربية يوسف شرورو- دار الآداب – بيروت

٤-مشكلة الافكار في العالم الاسلامي- مالك بن نبى

٥-بەناوی ژیانەوە- ئەریك فرۆم- وە/نازاد بەرزنجی

٦-قورئانی پیرۆز

٧-مقدمة العلامة ابن خلدون- مطبعة مصفى احمد

٨-الاسلام يتحدى (مدخل علمي الى الايمان) وحيد الدين خان، تعريب/ ظفر الاسلام خان مراجعة و تحقيق د. عبدالصبور شاهين.

٩-مبادئ علم النفس عرض و تقديم الدكتور مصطفى غالب دار و مكتبة الهلال

١٠-هكذا تكلم زرادشت- فريد ريك نيتشه ترجمة فليكس فارس

١١-العصبية و الدولة- معالم نظرية خلدونية في التأريخ الاسلامي- محمد عابد الجابرى دار الطليعة – طبعة ثالثة.

١٢-السيكولوجية النفسية- عرض و تقديم الدكتور مصطفى غالب- دار و مكتبة الهلال.

١٣-اصول علم النفس دكتور احمد عزت راجح- بيروت لبنان- دار القلم

*ئەگەر ناونیشانی ئەم بابەتە بە عەرەبی بنوسرێت وای لێدێت (العيش فى هامش دراما الحياة)

**سەبارەت بە باهاو مۆرالیەکان و بەهای هەموو ئەو چەمکانە کە باسم کردون لە روی مبدء)ەوە لێرەدا قسەیەکم نیە، بەڵام ئیش کردنی من لەسەر (فۆرم)ی ئەو چەمکانەیە کەوا لەنێو چیرۆ کۆمەڵایەتیەکاندا شیاوی گۆڕانن.

هەژان ـــــــ

پرۆسەی شانۆیی لەسەرەتاوە بەچەندین قۆناغی پلە پلەیدا رۆیشتوە ئینجا گەیشتۆتە بنەمایەکی تەکادیمی کەئەمرۆ مومارەسە دەکرێت)).

لێرەوە پرسیاری مرۆڤی سەرەتایی و پێکهاتە قەدەرییەکانی سروشت رۆڵی گەورە دەبینن لەدروست بونی زۆربەی فەلسەفە ئینسانیو ئاینە خورافیەکانی مرۆڤ، لەدۆزینەوەی ئەو یاسایەدا دەتوانین بگەینە پلەیەکی بالای پرۆسەی ناسینی شتەکانی دەرەوەی مرۆڤو گەیشتنە قۆناغی ژیربێژی.

(ئەمەش بەشێکی گرنگو پڕ ئامانجی نوسینێ ئەم وتارەیە کە هەردەم بەدوای دۆزینەوەی قۆژبنەکانی ئەو پێکهاتەیەدا وێلە) کە دواجار لەڕوبەڕبونەوەی مرۆڤ وەک کائینێکی بچوکو سروشتیش وەک جیهانێکی پڕ لەنهێنیدا دەردەکەوێت.. بۆیە دەبینین لەئەنجامی بینینەککەوتنی (مرۆڤ/ سروشت) سەرجەم فەلسەفەو بیرکردنەوە گەردونیەکان سەرهەڵدەدەن، ئەم بیرکردنەوەیەش بەسێ قۆناغی سەرەتاییدا تێدەپەڕێت ئەوانیش ١-مرۆڤ بیردەکاتەوە ٢-مرۆڤ بەلگە دێنێتەوە ٣-مرۆڤ ئاکام وەردەگرێت.

بیرکردنەوە هێزێکی گەورەیە لەمێشکی مرۆڤ دا، مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت پەیوەندی نێوان خۆی و دەرەوەی خۆی بدۆزێتەوە و پەیوەندی موفرەدەکانیش دیاریبکات، ئەگەر ئەمەی کرد ئەوسا دەتوانێت چەمکەکان وەک خۆی ببینێت، کەواتە بەهۆی چەمکەکانەوە دەتوانێت بیر بکاتەوە، چونکە لەهەموو ساتێکدا چەمکو وشەیەکە واتای بنەڕەتی شتەکان دەردەخات، وەک (مرۆڤ، ئاین، شۆرش، ئازادی، نەتەوە.... هتد) هەمو چەمکەکانی سروشتیش بەرهەمو کردەی مرۆڤن، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەکردە تێنەکۆشێت ناتوانێت چەمک بەدەست بێنێو ناشتوانێ بگاتە مانای بنەڕەتی هیچ شتێک لەگەردوندا بەمەش شتەکان وەک خۆیان ناناسێت، لەوێناکردنیش دا زۆر لاوازو دەستەوسان دەبێت، هەربۆیە بەدرێژایی هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستیانەی کراون بۆ پێکهاتەی خێڵو نەتەوەو میژوو تارادەیەک بۆچونی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، ئەمەش بێگومان پەیوەندی بەناسینیو واتای چەمکەکانەوە هەیە، بەڵام پێش ئەوەی لەپێکهاتەی ئەو مرۆڤو نەتەوانە بکۆڵینەوەو جۆڵەو سروتەکانیان لەئەمڕۆدا تەوزیف کەینەوە، دەبێت بەوریاییەوە ئیش لەلێکۆڵینەوە ئەنستڕۆپۆلۆژیەکاندا بکەین، هەرچەندە ئەم نوسینە هێندە هەوڵ ئەدات (سروتو تەوتەمیەت) وەکو چەمک دەست نیشان کات و رۆڵیان لەپێکهاتەی دروست بونی جۆڵەی شانۆیی دیاری بکات، هێندە هەوڵی ئەوە نادات لێکۆڵینەوەیەکی ئەستڕۆپۆلۆژی بێت بۆ کۆمەڵگای خێڵەکی و جۆڵە شانۆییەکان، بەڵام دەبێت دواجاریش بگەڕێینەوە بەر ئەو مەفهومە چونکە پەیوەستیەکی جەدەلی هەیە لەنێوانیاندا.

ئەستڕۆپۆلۆژیا/ بریتیە لە لێکۆڵینەوە لەشارستانیەتەکانی بەشەری لەقۆناغە دوور درێژەکانی میژوودا، هەوڵێکیشە بۆ تەفسیرکردنی گەشەسەندنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەو سەردەمەدا.(١)

پێم وایە هەوڵ دان بۆ خوێندنەوەی هەمو دیاردەو رەفتارێکی مرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی کۆمەڵگاکانی پێش ئێستا سەرلەنوێ ئیش کردنە لەسەر ماهیەتی مرۆڤ لەئێستادا، چونکە مرۆڤ وەک هەر کائینێکی زیندو خاوەنی دومەودای دوالیزمیە ئەوانیش مەودای (گۆڕاو/ نەگۆڕاو) ئەنتۆنی ئارتۆش زۆر بەوردی باس لەهەر یەکێکیان دەکاتو پشان رۆڵی هەریەکەیان لەدروست بوونی سروتو جۆڵە شانۆییەکانی خێڵە کۆنەکانی رۆژهەڵات دیاری دەکات. بەتایبەتی ئەو گوزارشتو کردارانەی بەجەستە لەلایەن ئەندامانی خێڵەوە لەئاهەنگە دینیەکاندا نمایش دەکرا، کە گوزارشتێکی راستەقینە بو لەهەستە خەفەکراوەکانی ناخیانو هەمو ئەو ترسو لەرزانەی کە بەرامبەر دەرەوەی خۆیان بۆیان دروست دەبوو.

هەژار ـــــــ

لێرەوە باران دەبوبە دەسەلاتی بالادەست بەسەریانەوە یان کاتێك پێویستیان بەتیشکی خۆر هەبوایەو رۆژێك یان چەند رۆژێك خۆرەتاو نەبوایە لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆر هەمویان ئاماژەیان بۆ دەکرد و دەیان وت ئەوە خوایە!!

هەمو ئەم ستایش کردنەش بەهۆی ئاهەنگە کۆمەڵیەکانی خێڵەوە دەکرا، بێگومان ئەمەش بوبە هەنگاوی سەرەتایی جوڵە کرۆپاتیەکی یەکانی هونەری شانۆ تا ئەمڕۆش لەلای خێڵە سەرەتاییەکانی هیندو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین ماوەتەوەو ئەم باوەڕە پیادە دەکرێت.

(ئەنتۆن ئارتۆ)ش دوای گەشتە فراوانەکەی بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات چەندین سروتی جۆراوجۆری بینی کە لەلایەن خێڵەکانی وڵاتی هیندەوە مومارەسە دەکرێت، لەوەوە بۆی دەرکەوت هەمو ئەو جوڵانەی ئەو کەسایەتیەیانە لەکاتی ئاهەنگەکاندا پێی هەڵدەستن جوڵەی رێکخراوی شانۆیین بۆیە بەبڕوای ئارتۆ دەتوانرێت لەپرۆسەیەکی شانۆییدا وەك گوتارێکی نوێ تەوزیف بکرێتەوە. بەهۆی جەستەوە دەتوانرێت ئەو گوزارشتانەی ناخی مرۆڤ بۆ هەموو بینەرێك نمایش بکرێت چونکە زمانی جەستە گوزارشت لەرۆح دەکات و رۆحیش زمانێکی جیهانیبەو هەمو کەسێك دەتوانێت لێی تێبگات، نەك وەك زمانی دیاریکراوی نەتەوەو خێڵێك پۆلێن کرابێت بەسەر چەندین جۆری زماندا ((وەك ئەوەی جاری وا هەیە لەسەیرکردنی دیمەنێکی پانتۆمایم دا کە ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ پێی هەڵدەستن من و تۆی بینەر بەئاسانی دەتوانین لەو ئاماژە جەستەیانەیان تێبگەین، یان لەدیمەنێکی بالیەدا زۆرجار دەزانین ئەو دیمەنە گوزارشت لەچی دەکات لەکاتێکدا لەهەردو حالەکەدا هیچ کام لەو دیمەنانە ئەکتەرەکان هیچ جۆرە قسەیەك ناکەن بەڵکو تەنها بەهۆی جەستەوە، هەر ئەم زمانەشە جیهانی بونی گوتاری شانۆی دەست نیشان کردوە [٤]

خوای گەورەش لەقورئاندا باسی لەو سەردەمە کردوە کە حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) چۆن خێڵۆ نەتەوەکەی هەر شتێکیان بینیوە وتویانە ئەمە خوای ئێمەیە وەك بینینی (مانگ – خۆر – پەیکەر ...هتد) قورئان لەکاتێکدا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوەو ڕوداوەکان لەناو هەناوی میژودا دەردەهێنێت و دیسانەوە باسی دەکات کە لەزەمەنی رابوردودا رویداوەو پێش هاتنە خوارەوەی قورئان ئەم دیاردەیە باوبوەو لەکتێبە ئاسمانیەکانی تریش ئاماژەی بۆ کراوە لەقورئاندا بەم شێوەیە باس لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکەی حەزرەتی ئیبراهیم دەکاتو دەفەرموێت (فلما رءَ القمر بازغاً قال هذا ربی... فلما رء الشمسَ بازغةً قال هذا ربی هذا أکبر) [٥]

ئەم نمونە قورئانیەش هەمان حالەتە کە لەکۆمەڵگای سەرەتاییدا هەبووەو پێغەمبەرێکیش بەردەوام بەئاگایان دێنێتەوە لەسەر ئەم باوەڕە سادەو خورافانە.

لێرەوە ئەم باوەڕە درێژە دەکێشێت تادەگاتە قۆناغی تەوتەمیەت ئەم قۆناغەش رۆڵێکی گەورەی بینیوە لەدروست بونی چەندین زانستی یاسایی و مانفیستی بەڕێوەبردن لەکۆمەڵگادا، بەتایبەتی سیستەمی بەڕێوەبردنی گریگ کەهاوکاتە لەگەڵ بیروباوەڕی تەوتەمیەتو دوو قۆناغی تەواوکەری یەکترین.

بێگومان ئەمڕۆش لەپەیڕەوکردنی یاساو بەڕێوەبردنی وڵاتدا زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەو هەیکەلی پێکهاتەی بەڕێوبردنی شاری ئەسیناو ئەنجومەنی حوکمی گەل، ئەم ئەنجومەنەش پێکهاتەی هەمو چینەکانی کۆمەڵ بووە وەك (هونەرمەندان – شاعیران – کاسبکاران – پزیشکان – بازرگانان .... هتد) کەتائەمڕۆش لەزۆربەی وڵاتاندا هەیکەلی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر ئەم میتۆدە دەڕوات.

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژار ـــــــ

هەژان ـــ

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆلای ئاینی مەسیحی ئەو دەست تێوەردانانەی پیاوانی کەنیسەو قەشەکان لەئاین ئەوا خاڵی نیە لەچەندان خورافەو چەندین بانگەشەکاری بەناوی خواوەندەوە، لێرەشەوە تەوتەم دەبێتە ئەو کائینە رۆحیەی لەناو هەمو کایەکانی ژیانی رۆژانەماندا ئامادەیی ئەکتیڤی هەبێت، تەوتەم لەئەمڕۆدا ئەو سەرچاوە رەسەنە پیرۆزیە کە لەهەمو ساتەکانی ژیاندا مرۆڤ پەنای بۆ دەباتەوە، لەم ساتە وەختەدا رەنگە عەقڵیەتو پێکهاتەی حزب بەهەمان وێنە ببەخشێتەوە، بەردەوام دەسەڵاتێك هەیە لەسەروی دەسەڵاتە گشتیەکەوە هەموو هێڵە جیاوازەکان لەدەسەڵاتی بااڵی حزب دا بەیەکدەگەنەوە، ئامانجی هاوبەشیش ئەو چەق و سەنتەرەیە کەهیچ کەس لەئەندامانی ئەو گروپە بۆی نیە سنورەکانی بشکێنێ، خۆئەگەر وای کرد ئەوا مەحکوم و گوناهبارە، کەواتە دەسەڵاتی بااڵی حزب لەڕوی پێکهاتەوە هەمان دەسەڵاتی تەوتەمە بەاڵم لەبەرگێکیتردا چونکە هەموو رۆحەکانی پێشینە لای حزبە، هەمو جوانیەکان لای ئەوە، دواجاریش هەموو دەسەڵات لای ئەوەو کەس ناتوانێت لەسنورەکانی یاخیبێت، چونکە هێڵە سورەکان دەبەزێنێت، لێرەشەوە هەڵدانی پەرچەمو ئااڵی سەر بارەگاو دەزگا گشتیەکان هەمان رۆحی (تەوتەمی) ئەو حزبو گورپانەیە کە لەسەر ئامانجێکی هاوبەش کۆبوونەتەوە ئەویش پاراستنی رۆحی پێشینەکانیانە، ئیتر لێرەوە راستەوخۆ ئەم کردارانە تەمسیلی تەوتەمیەت دەکەن، کەمنین وێنەی ئەو جەنگاوەرەو سەرکردەو شەهیدانەی کەسااڵنێك بەر لەئێستا لەناوماندا نەماون و مردون بەاڵم وێنەو مەزارگە بەردەستەکانیان بەهەمان شێوەی جارانیان رۆڵ دەبینن و دەڵێی رۆحە زیندووەکەیە لەناوماندا!!

(دیارە ئەم دەستەواژەیە هێندە گوزارشت بەو تێڕوانینە دەکات کە بڕوای وایە گروپێك بەیەك عەقڵ بیربکاتەوە بەیەك چاو ببینێت و بەیەك زمان قسە بکات هێندە باس لە گروپ و حیزبێکی دیاریکراو ناکات).

کەواتە (تەوتەمیەت) وەك باوەڕێکی کۆنی ئینسانی لەفەزای میژودا بە بەردەوام ئامادەیی هەیەو زۆرجاریش تەوتەم وەك رۆحێکی بااڵی شارستانیەتی ئەو میلەتە دەناسرێت، شارستانیەتیش لەهەناوی ئەفسانەو چەمکە ئەنستۆپۆلۆژیەکاندا گەشە دەکات، (پیگۆڤیچ) پێی وایە شارستانیەت مەودای پێشکەوتنی تەکنیکی میلەتان دەگرێتەوەو هیچ هێڵێکی شارستانیەت لەگەڵ لایەنی رۆحی یەکیان پێناگرێتەوە [10]

من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو رایەی پیگۆڤیچ دا یەکناگرمەوە چونکە پێم وایە شارستانیەت تەواو پڕە لەلایەنی رۆحیو ئەفسانەییو میتافیزیکی ئەگەر شارستانیەت تەنها پێشکەوتنی تەکنیکی و تەکنەلۆژی بێت، ئەوا ولاتانی ئێران و هیند و چین لەناو ولاتانی ئاسیادا بەرەو ولاتانە ناسراون کەخاوەنی شارستانیەتێکی رۆژهەاڵتین و لەناوکایەی میژوییاندا چەندان داستان و ئەفسانەو کەلەپوری نەتەوایەتی هەیە، چونکە ئەگەر شارستانیەت تەنها بەتەاڕو شەقامە رەنگاوڕەنگەکان بێت ئەوا ئەمە دیوێکی زۆر بچوکی ناساندنی شارستانیەتە، بەاڵم دیوەکەی تری میژویەکی دەوڵەمەندە لەداب و نەرێتو ئاینو بیروباوەڕو داستان.

ئێستا ئێران هێندەی شارستانیەتی سەفەویەکان و دروست بونی ئەفسانەو دینی شیعەگەری توانیویەتی بونیەتی شارستانیەتێکی دەوڵەمەند بۆ ئێران دروست کات، هەرگیز تەاڕو بیناسازی نەیتوانیوە شارستانیەتی بۆ ئێران دروست کات لەکاتێکدا ئەمەش بەشێك لەپێکهاتەی شارستانیەت.

هەژان ـــ

هەژار ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

جەدەلیەت - دیالکتیک - ی ئیسلامی

نوسینی: ئەحمەدی موفتی زادە
وەرگێڕانی: لەوژن قادر

(زاناو بیریارو تیۆرشەری کوردستانی رۆژهەڵات، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، یەکێکی تر لەو پیاوە بەرزانەی گەلەکەمان کەمن پێم وایە زۆر ڕەهەندی ژیانی لای نەوەی نوێمان ڕوون و ئاشکرانیە. تەنانەت لەوانەیە لای زۆرێك لەئیسلاخوازانیش مامۆستا ئەحمەد تەنها وەك عارف و کەسایەتیەکی عیرفانی ناسرابێت، چونکە زیاتر ئاگامان لەکۆتاییەکانی ژیانی هەیەو بەرهەمەکانی پاش زیندانیمان بینیووە ئیتر کەمتر ئاگامان لەژیانی و بەرهەمەکانی پێش زیندانی هەیە، ئەم بابەتەی بەردەستان نمونەیەکی بچوکە لەپێناو خستنەڕووی فیکری قوڵو بەرفراوانی ئەو مامۆستایە. کە بێگومان دەبێتە مایەی کردنەوەی چەندین گرێ کوێرەی فیکری - وەرگێڕ -).

پاش سڵاو ڕێزو هیوای سەرکەوتنم بۆ هەموو لایەك سەرباس و بابەتی ئەوجارە، بابەتێکە زۆر باو نیەو کەمتر ئەم دەستەواژەیە بەکارهاتووە. بۆئەوەی دوچاری وتاری دۆگمایانەی هەندێ کەس نەبین، لێرەدا هەندێ ڕوونکردنەوە لەوبارەوە دەخەمەڕوو.

لەگەڵ کەسێك دا کە چەندین ساڵە هەوڵی داوەو پسپۆڕی لەبواری کۆمەڵناسیدا هێناوە، کەوتمە گفتوگۆو ئاماژەم بەکۆمەڵناسی ماتریالیستی کرد. هەر ئەم پسپۆڕە لەدانیشتنێك دا ڕەخنەی لێگرتبووم و گوتبووی کە ئەحمەدی موفتی زادە ئاماژەی بەدەستەواژەی (کۆمەڵناسی ماتریالیستی) کردووە. من ناوی لەوجۆرەم لە زانستی کۆمەڵناسی دانەبینیوە... هەربۆیە لەبارەی دەستەواژەی (جەدەلیەتی ئیسلامی)یش هەر لەسەرەتاوە ئەو ئاماژەیە دەکەم کە: دەستەواژەی (جەدەلیەتی ئیسلامی) دەستەواژەیەکی بەربڵاو وە باو نیە بەڵام مانایەکی زۆر وردو گرنگی میژوویی هەیە.

سەرەتا ئاماژەیەکی خێرا دەکەم بۆ ئەو بۆشاییە فیکری و فەلسفیەی ڕۆژهەڵات کە لەم چەند سەدەیەی کۆتاییدا دوچاری بووین و جۆرە نامۆبوونێکی لەنێوان ئێمەو کلتوری فیکری ڕابردووانمان دا بەدیهێنا. بۆیە پێویستە لەوبارەوە، هێندەی کەئاشنامان بکات بەو واقیعەی ڕابردوو، بدوێین. ئاشنا بوون بەواقیع و ڕووداوانەی کەپێشڕەوان و پەیڕوانی ئیسلام بەهێزو توانایەکی گەورەوە ئەو ڕێگەیان دەبڕی بەڵام بەداخەوە لەلایەکەوە جەنگی خاچ پەرستان لەلایەن ڕۆژئاواوە... وە لەلایەکی ترەوە پاش ماوەیەك جەنگی مەغۆلەکان لەلایەن ڕۆژهەڵاتەوە... جگە لەم دوو شەڕە وێرانکەرە لەناو خۆش دا کەسانی بەرژەوەندی خوازو ئەوانەی کە هەمیشە لەبیری بەدەستهێنانی دەسەڵاتو کورسی فەرمانڕەوایدا بوون، ئاگری شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند... هەموو ئەمانە پێکەوە حاڵەتو هەڵومەرجێکی نەگەتیڤانەی ئەوتۆیان لێکەوتەوە کە نەك تەنها زانکۆ و قوتابخانە بااڵکان بەڵکو تەنانەت قوتابخانە

سەرەتاییەکانیش نەمان‌و داخران. لەنمونەی ئەو سەنتەرە زۆر گەورەو گرنگانەی فێرکردن‌و توێژینەوەی زانستی لەجیهانی ئیسلامی‌دا، سەنتەری (ئەندەلوس) کە سەبارەت بەمێژووەکەی کەم تا زۆر ئاگامان لێی هەیە.

لەکاتێک دا بزاڤی فیکری لەرۆژهەلآت دا لەدەرئەنجامی ئەو رووداوانەدا کە ئاماژەمان پێکرد وەستابوو، رۆژئاوا بەفەلسەفەی ئیسلامی ئاشنابوو بەلآم نەک ئاشناییەکی قوول‌و بنەڕەتی وە نەک ئاشناییەکی ئەوتۆ کە بەچەند توێژینەوەیەک بیەوێت پەی بەسەرچاوەی فیکرو فەلسەفەی ئیسلامی بەرێت چونکە وەک وتمان لەم چەرخەدا چرای فیکرو فەلسەفە لەجیهانی ئیسلامی‌دا تارادەیەکی زۆر کوژابوویەوە. هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەرۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە نەتوانێت وەک پێویست وە وەک ئەوەی کە هەیە، پەی بە فەلسەفەی ئیسلامی بەرێت. لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم، من لێرەدا مەبەست لە (فەلسەفەی ئیسلامی) ئەو فەلسەفە پایەدارو هەمیشەییە نیە کە ئێمە دەتوانین لەقورئان دا بەدی بکەین، بەڵکو مەبەستی من لە (فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامی‌یە) ئەو فەلسەفەی کەزانایان‌و بیریارانی ئیسلامی لەسەردەمی خۆیان‌و بۆ سەردەمی خۆیان لەقورئانەوە هەڵیانگوزیەوە. ئەوروپانەی توانی تەنانەت پەی بەو فەلسەفەیەش بەرێت، لەدوای سەدەکانی ناوەڕاست بزاڤی پێشکەوتن خوازانەی رێنسانی دەستی پێکرد ئیتر مەسەلەی زانست خوازی‌و خۆشەویستی زانست بووە دروشمێکی شۆڕشگێڕانەی ئەم قۆناغە نوێیە... وە بەشێوەیەکی گشتی لەشۆڕشەکانی مرۆڤایەتی‌دا کاتێک (نوێ)یەک دێت‌و جێگای (کۆن)و پێش خۆی دەگرێتەوە ئیتر ئەوەی کە (کۆن) و پێویستە بڕوات بەهەموو بەها بالآکانیشەوە رادەماڵرێت‌و پشتی لێدەکرێت. بۆیە رێنیسانس رەنگێکی دژە فەلسەفی‌و دژە فیکری گرتە خۆی، ئەو فیکرەی کەخۆی بە بالآتر دەزانی لەوەی کەبخرێتە ژێر تاقی‌کردنەوەو ئەزموونەوە. چونکە لەبەرامبەر رێنسانس دا کڵێسەو دەرباری فێڵبازو ستەمکار هەبوو، وە هەروەک لەشۆڕشەکانی مرۆڤ دا باوە، کاتێک کە رێنسانس دژ بەکڵێساو دەربارەکان شۆڕشی کرد بەهیچ شێوەیەک ئەو راستیە سەرنجی رانەکێشا کە لەوانەیە لەم کڵێسا فێڵبازو لەم دەربارە ستەمکارانە دا وتەیەکی راست‌و هەق هەبێت. فەلسەفە هۆکارێک بووە بەدەست پیاوانی کڵێساوە بۆ بەنج‌و بێهۆش کردنی خەڵکی! هەربۆیە ئەگەر لەفەلسەفەدا چەند شتێکی باشیش بووبێت ئەوا لەبەرئەوەی کەپەیوەندی بەکڵێساوە هەبوو وە هۆکاری دەستی ئەوان بوو، رەت یان کردەوەو بەڕەچی بوونەوە. تاسەردەمێکی زۆریش دواتر، فەلسەفە لەکۆمەڵگادا بێزرابوو وە کەم کەس هەبوو کەمترین رێزو بایەخ بۆ ئەم زانستە دابنێت. کەم کەم رۆژان تێپەڕی‌و ئەو دۆزایەتی‌و قینەی بەرامبەر کڵێسا هەبوو هێورو هێمن بوویەوەو هزرو عەقڵەکان زیاتر هاتنەوە هۆش خۆیان‌و لایان کردەوە بەلای کلتوری خۆیان دا بەو مەبەستەی کەلەوانەیە لەکلتوری رابردوومان دا چەند خاڵێکی ئیجابی هەبێت. بەم جۆرە جارێکی تر فەلسەفە هاتەوە مەیدانی ژیانی ئەوروپیەکان، بەلآم دیسانەوە هەمان فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کە رەنگێکی شێواو وەدیمەنێکی ناجوان‌و ناتەواوی لەفەلسەفەی ئیسلامی وەرگرتبوو.

ئەم هۆکارانە بونە هۆی ئەوەی کە نەک تەنها ئەوروپا بەناوەڕۆک‌و کرۆکی (أصطلاحات) و (تأویلات) و (أصول) و (مقیاس) پێودانگەکانی فەلسەفەی ئیسلامی ئاشنا نەبێت بەڵکو جیهانی ئیسلامیش کەخۆی لەسەردەمێک دا سەرچاوەی ئەم فەلسەفەیە بووە، بەهۆی دووچاربوونی بەهەمان رەوتەوە، جۆرێک لەنامۆبوونی لێکەوتەوە بەرامبەر کلتوری فیکری پێشینانی خۆی.

یەکێك لەو بابەتە کلتورە فیکریە دێرینانەی، کە خودی ولاتانی ئیسلامی پێ‌ێ نامۆن، چوار بنەما سەرەکیەکەی جەدەلیەتە.

وەك ئاگادارن ئەمرۆ لەجیهان دا بەهەردوو تێڕوانینی مادی‌و ئاینی‌یەوە چەندین قوتابخانەی فەلسەفی جۆراوجۆرو فراوان هەیە... هەروەها یەکێك لەو زاراوانەی کەزۆر بەکاردەبرێت‌و سەرنجی لاوانی خوێندەواری بەلای خۆیدا راکێشاوە، زاراوەی (دیالکتیك)ە... هەر بەهۆی ئەم نامۆبوونەوە زۆر لەلاوان‌و خوێندەوارانمان وادەزانن پایەکانی دیالکتیك، بەرهەمی مەعریفەی ئەورووپایە بەڵکو زۆربەیان وا دەزانن کە بەرهەمی فیکرو هەوڵی فەیلەسوفە ماتریالیستەکانە. بەڵام ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەی بابەتیانەو توێژینەوەیان هەبێت بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئەم بنەمایانەدا، لەکۆتاییدا دەتوانن بگەنە فەیلەسوفێکی ئایینی وەك (هیگل) وە ئیتر لەوە زیاتر سەبارەت بەرابردوو وە مێژووی ئەم بنەمایانە هیچ زانیاریەکیان لانیە. لەلایەکی ترەوە ئەمرۆ بەهۆی ئەو بۆشاییە فیکریەی کە لەجیهانی ئیسلامی‌دا هەیە، هەموو دەستەواژەو زاراوەیەك کە لە رۆژئاواوە بۆمان بێت، خێرا بەبێ دوو دڵی وەری دەگرین، ئەوە جگە لەوەی کە رۆژمە دەسەڵاتدارەکانی ئەم ولاتانە لەرابردوو وە ئەمرۆش دا هەوڵی زۆریان داوە بۆئەوەی گیانی رۆژئاوایی بوون‌و (مەیل) بۆ رۆژئاوا لەم ولاتانەدا بڕەو پێبدەن، کە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری هەیە.

بەڵکو دەتوانین بڵێین کە بااڵدەست بوونی کەسانی نامۆ بەفەرهەنگی ولاتانی رۆژهەاڵت، گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر پاشکۆبوونی فەرهەنگی ئەم ولاتانە.

بەگشتی دوو فاکتەر کاریگەری فراوانیان هەیە لەسەر مرۆڤ، یەکەمیان هۆنراوەو شیعر کەزۆر بەخێرایی زەوق و هەست و نەستی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە وە دووەم لەناو سەرجەم زانستە جیاوازەکانی مرۆڤ دا تەعبیرات‌و دەربڕین‌و روانکە فەلسەفیەکان، کە ئەمانەش کاریگەری خێراو زۆر بەهێزیان دەبێت بەتایبەتی لەسەر کەسانێك کە خاوەنی فیکرێکی کامڵ نیەو ئاگاداری لەفەلسەفە زۆر کەمە. ئەمەش هەر هۆکارێکی ترە کە دەبینین لەرۆژهەاڵتی لای ئێمەدا ئەم پێشوازیە گەرمە لەفەلسەفەی رۆژئاوا هەیە. بەڵام ئەگەر کەسێك سەرنج بدەین‌و لێکۆڵینەوەمان هەبێت دەبینین کە سەرجەم ئەو خاڵە بەهێزو پۆزەتیڤانەی کە لەفەلسەفەو منطقی رۆژئاوادا هەیە هەموو لەفەلسەفەی ئیسلامی خۆمانەوە وەرگیراوە یاخود بەلایەنی کەمەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەفەلسەفەی ئێمەش دا هەبووەو هەیە. وە ئەگەر زیاتر توێژینەوە بکەین دەبینن کە ئەو خاڵە پۆزەتیڤانە ئاوێتەی چەند (شطحات) و هەڵەیەکی زۆر کراوە، ئەویش بەوجۆرەی کەپێشتر باسمان لێکردو بەهۆی نامۆبوونی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بەماهیەتی‌وە کرۆکی فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامی.

بنەماکانی لۆجیکی جەدەلیەت هەروەك ئاشکرایە، ئەگەر زیاتر شیبکەینەوە، دەبینین لەچوار بنەما پێك دێت. هەندێك لەفەیلەسوفەکان تەنها ئاماژەیان بەدوو بنەما کردووەو پێیان وایە دوو بنەماکەی تر هەر لەناو ئەو دووانەدا جێ‌ێ دەبێتەوە. هەروەها هەندێ بەتایبەتی ماتریالیستەکان تەنها بنەمای (گۆڕان) بەسەرەکی دەزانن‌و پێیان وایە سێ بنەماکەی تریش دەگرێتە خۆی ئەگەر ئێمە باس لەم لۆجیکە بکەین ئەوا لەم چوار بنەمایە پێك دێت:

١-گۆڕان ٢- دژ - تضاد ٣- کاریگەری بەرامبەر ٤- شۆڕش

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە ئەم لۆجیکی (دیالکتیك)ە زۆر سەرنجی لاوانمانی راکێشاوە، هەروەها ئاماژەم بەوە کرد کە لاوانمان پێیان وایە کە ئەم لۆجیکە بەهرەو بەرهەمی فیکری رۆژئاوای نوێیەو گوزارشتەوە بۆ رۆژهەلآت، لەکاتێك دا حەقیقەت و راستی مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە ئەم چوار بنەمایە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا جێگایەکی شیاریان هەیەو لەبابەتە گرنگەکانی فەلسەفەی ئیسلامین. مەبەستم لەفەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامییە کە لەڕاستیدا وێنەیەکی لاوازو بێگیانە لەکرۆکی فەلسەفەی ئیسلامی.

ئەگەر بمانەوێت لێرەدا سەبارەت بەهەر چوار بنەماکەو رابردوویان لەفەلسەفەو لۆجیکی ئیسلامیدا بدوێینو دواتریش سەبارەت بە بەکارهێنانی هەڵەو پێچەوانەی تەعبیرەکانی ئەو چوار بنەمایە لەئەورپادا (کە دواتر بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی هەڵەو پێچەوانەی تەعبیرەکانی ئەو چوار بنەمایە لەئەورپادا (کە دواتر بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی ئەو تەعبیرانەوەو شێواندنی روخسارو وەدەرئەنجام ناوەڕۆکی ئەو دەربڕینانە، وێنایەکی هۆشەکی نوێو شێواو دراوەتە ئەو دەربڕینانەو نیردراوەتەوە بۆ رۆژهەلآتی ئیسلامی) باس بکەین، ئەوا کاتی زۆری دەوێت. بۆیە تەنها سەبارەت بەیەك بنەمایان کە بنەمای گۆڕان یاخود گۆڕانکاریە، دەدوێین. وە ئەگەر کاتمان هەبوو وەپێویستی کرد لەوانەیە ئاماژە بەسێ بنەماکەی تریش بکەین:

(بنەمای گۆڕان) لەفەلسەفەی ئیسلامیو هەروەها لە لۆجیکی ئیسلامی (ئەو لۆجیکەی کە لەجیهانی ئیسلامیدا باو بووەو سودی لێوەرگیراوە)دا، لەو بنەمایانەیە کە زۆر بەکاردەبرێتو زاراوەیەکە هەمیشە بەسەردەمی زانایانی بواری فەلسەفەی ئیسلامیبەوەیە. هەروەکو چۆن زاراوەی (فۆرمول) لەزانستی کیمیادا زۆر بەکاردەبرێتو قوتابیو مامۆستای کۆلێژی بەشی کیمیا هەمیشە ئەم زاراوەی بەسەر زمانەوەیە یاخود هەروەك چۆن مامۆستایەکی زمانی عەرەبی هەمیشە دەستەواژەی (عەمرو زەید) بەکاردەهێنێت، بەهەمان شێوە ئەم بنەمای گۆڕانەش لەفەلسەفەی ئیسلامیدا زاراوەیەکە زۆر بەکاردەبرێتو هەمیشە بەسەر زاری زانایانی ئەو بوارەوەیە. لەفەلسەفەی ئیسلامیدا دەستەواژەیەکی زۆر ناسراو هەیە کە وەك بنەڕەتێك بەکاردەبرێت لەبەلگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی (حادث)[1] بوونی ئەم بوونەوەرە (بەو واتایەی کە ئەم بوونەوەرە خۆی نەیتوانیوە بەدی بێت بەڵکو بەدیهێنراوەو (قدیم) نیەو (حادث)ەو بەدەر لەویستی خۆیو بەویستو ئیرادەی دەرەوەی خۆی بەدیهاتووە). ئەم بنەمایەش بەم جۆرەیە: (العالم متغیر) بەو واتایەی کەجیهان تایبەتمەندیەتی (گۆڕان)ی لەخۆی گرتووە نەگۆڕ نیە. لەهەر کتێبو پەرتوکێکی فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامیدا بگەڕێین، دەبینین چەندین جار ئەم دەستەواژەیە دووبارەبووەتەوە. کەواتە بۆمان دەرکەوت کە بنەمای گۆڕان تەنها بەرهەمی فیکرو هەولو کۆششی هزری فەیلەسوفە ماتریالیستەکان نیە، بەڵکو تەنانەت بەرهەمی فیکرو هزری فەیلەسوفێکی ئاینی وەك (هیگڵ)یش نیە. هیگڵ لەهەمان فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامیەوە کە گەیشتبووە ئەوروپا، ئەم بنەمایەی وەرگرتووە ئەگەرچی ئەم بنەمایە لەفەلسەفەکانی پێش ئیسلامیش دا ناسرا بوو بەڵام تەفسیرێکی زۆر نەزۆکانەی بۆ دەکرا. بەڵام

---

[1] (حادث) و (قدیم) هەردووکیان دوو زاراوەی جیاوازن کە لەزانستی فەلسەفەو لۆجیك دا بەکاردەبرێن، یەکەمیان بەواتای شتێکی بەدیهێنراو لەکاتو بۆ کاتێکی سنوردار کراو وە دووەمیان بەواتای (ئەزەلی) بوون • وەرگێڕ.

لەهەمان کات دا کە بنەمای (العالم متغیر) بەو تەفسیرە پۆزەتیفانەی کەهەڵی گرتووە، بنەمایەکی ئیسلامی‌یەو لەڕاستی‌و حەقیقەتی بنەماکەو ئیسلامی بونیشی‌دا هیچ گومانمان نیە، کەچی دەبینین ئێستا هەر ئەم بنەمایە لە لۆجیکی دیالێکتیکی ئەم سەردەمەدا شێوازو دەربڕینێکی ئەوتۆی گرتووەتە خۆی کەبەشێوەیەکی گشتی نامۆیەو جیاوازە بەو واتا بنەڕەتیەی کە بنەماو دەستەواژەی (العالم متغیر) گرتبوویە خۆی. چۆن؟

لەفەلسەفەدا سەبارەت بەدەستەواژەو دەربڕینێکی گشتگیر، دوو یاسای سەرەکیمان هەیە: ١-كلي جميعي ٢- كلي مجموعي. بەکورتی ئەگەر بمانەوێت جیاوازی نێوانیان بکەینە بەنمونە دەڵێین: (خەڵکی سنە – بۆ نمونە رۆژی چوار ملیۆن لیتر ئاو سەرف دەکەن) وە هەروەها لەرستەیەکی‌تردا دەڵێین:: (خەڵکی سنە شۆڕشگێڕن).

رستەو تەعبیری یەکەم لەجۆری (کلی مجموع)یە، واتە سەرجەم خەڵکی سنە بەگشتی ئەو رێژەیە ئاو سەرف دەکەنو پێویستیان بەو رێژەیە لەئاو هەیە بۆ هەموو رۆژێك، ئەك تاك تاکی یاخود هەر نەفەرێك بەتەنها ئەو رێژە ئاوەی پێویست بێت. بەڵام لەرستەی دووەم دا کە دەڵێین: خەڵکی سنە شۆڕشگێڕن ئەوە بەو واتایە کە ئەوانەی ئێمە دەیانناسین شۆڕشگێڕن و ئەوەش تایبەتمەندیەتی تاکەکانە بەتەنها. با بەنمونەیەکی‌تر رووشی بکەینەوە، بۆ نمونە دەڵێین: (خەڵکی سنە، هەوا هەڵدەژمن) واتە هەریەك لەتاکەکانی خەڵکی سنە هەوا هەڵدەمژن. لێرەدا پەی بەوە دەبەین کە ئەم واتایەی کۆتایی بۆ رستەی یەکەم چەندە نەگونجاوە، واتە بڵێین: هەر نەفەرێکی خەڵکی سنە رۆژی چوار ملیۆن لیتر ئاو سەرف دەکات!. یاخود بۆ نمونە ئەگەر ئێمە چەند دانەیەکی گەنم لەناو دەفرێك دا کۆبکەینەوەو بڵێین: (ئەم گەنمە یەك کیلۆیە) وە لەرستەیەکی تریش بڵێین: (ئەم گەنمە توانای سەوز بوونی هەیە). لەرستەی یەکەم دا مەبەستمان لەسەرجەمی دانەکانی گەنمە کەبووە نەك دانە بەدانەی گەنمەکان. بەڵام لەرستەی دووەم دا هەریەك لەدانەکانی ئەو گەنمە واتە دانە بەدانەیان توانای ئەوەی تێدایە کە سەوز بێت.

هیگڵ ئەو فەیلەسوفە ناوداریە کە (اصل تغییر) بنەمای گۆڕان – هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ‌کرد کە بنەمایەکە لەفەلسەفەی ئیسلامی‌دا زۆر بەکار دەبرێت – دەهێنێت‌و دەیخاتە ناو ئەو هاوکێشە لۆجیکیەوە کە بەدیالیکتیك ناسراوە، بەڵام لەم کارەی‌دا هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە بەداخەوە پەی پێ‌نەبردووە. هەڵەکەیشی لەوەدایە کە ئەو پەی بەجیاوازی نێوان (کل جمیع) وە (کل مجموع) نەبردووە. کاتێك کە فەیلەسوفە موسڵمانەکان وتوویانە (العالم متغیر) ئەمەیان لەچوارچێوەی (کل مجموع)ی دا وتووە واتە (مجموعە) کۆمەڵێك لەجیهان – ئەو هێندەی کە دەیناسین‌و پەیمان پێبردووە – لەگۆڕاندایە، ئەك بەواتای (کلی جمیعی)، واتە هەموو دانەکانی جیهان هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕان دان، چونکە ئەو قسەیە پێویستی بەوە هەیە کەئێمە ئاگاداری هەموو دانەکانی وە گەردیلەکانی جیهان بین. وە بێگومان نەئێمەو نەڕابردوانمان ئاگاداری تەواومان سەبارەت بەهەموو دانەو گەردیلەکانی جیهان نیە. لەبەرئەوەی کە ئەم ئاگاداریەمان سەبارەت بەهەموو ئەو دانەو گەردیلانە نیە کە وشەی (الهم) دەیگرێتەوە ئەوا ناتوانین بڵێین (العالم متغیر) بەو واتایەی کەسەرجەم دانەو گەردیلەکانی جیهان لەگۆڕاندان بەڵام ئەگەر مەبەستمان لە (العالم متغیر) بەواتای یاسای (کلی مجموع)ی بێت واتە کۆمەڵێ لەجیهان، ئەوە راستە (مجموع)ی جیهان لەگۆڕاندایە وە ئەمەش حەقیقەتێکی (بدیهی)یە واتە بەلگە نەویستە. هیگڵ لەبەرئەوەی پەی بەجیاوازی نێوان ئەو دوو (کل)ە نەبردووە دووچاری هەڵەیەکی فەلسەفی زۆر گەورە

بووە چونکە (کلی مجمع)ی وەک (کلی جمیع)ی تەفسیر کردووە. واتە کاتێک وتراوە (العالم متغیر) ئەو بەو واتایە وەری‌گرتوە راڤەی کردووە کە هەموو دانەو گەردیلەکانی جیهان لەگۆڕاندان. ئەوەش وەک وتمان لەفەلسەفەدا هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، وەک ئەوە وایە کەئێمە لەناو دەفرێک دا بەرێژەی یەک کیلۆ گەنمان هەبێتو وا لەدەوروبەر بگەیەنین کە قورسایی هەر دانە گەنمێک یەک کیلۆیە.

یاخود کاتێک دەڵێین: خەڵکی سنە رۆژانە چوار میلۆن لیتر ئاو سەرف دەکەن، بەجۆرێکی تەعبیری لێبدەیەنەوە کەهەر هاوشارێەکی سنە خۆی بەتەنها ٤ملیۆن لیتر ئاو سەرف دەکات!.

ئەم هەڵەی هیگڵ هێندەی گەورە بوو، کە بنەمای گرنگی دیالکیتیک یاخود گرنگترین بنەمای دیالکتیک کە بنەمای (گۆڕان)ە بەم هەڵە گەورەیەوە لە لۆجیکی دیالکتیک دا جێگای خۆی کردەوە.

وە ئاشکرایە کە چەندە هەڵەیەکی گەورەمان کردووە، کاتێک کە ئەم وشەیە (العالم متغیر) بەتێڕوانینێکی (کلی جمیع) یانە بیناسینو پێمان وا بێت کە سەرجەم دانەکانی جیهان هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕان دان. ساناترین بەڵگە بۆ دەرخستنی ئەم هەڵەیە، کوا ئەو زانستو زانیاریە هەمەلایەنو گشتگیرەی کەئێمە سەبارەت بەهەموو دانەکانی جیهان هەمانە تا بتوانین ئاوا بڕیارێک بدەین؟ ئایا تاقیمان کردووەتەوە؟ بەڵام کاتێک کە دەڵێین: (العالم) متغیر بەواتای (کلی مجموع) ی وە مەبەستمان کۆمەڵی دانەی جیهانە. ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ گرفتمان نیەو هەموو کەس بەئاسانی وەری‌دەگرێت.

بنەمای گۆڕان بەم هەڵە گەورەیەوە مێژووی تێپەڕاند تا گەیشتە دەست فەیلەسوفە ماتریالیشەکان، واتە ئەو فەیلەسوفانەی کە جیهانبینیشیان مادییانەبوو وە بڕوایان وابوو کە هەموو بوونەوەرو جیهان بریتیە لەمادەو شتێک نیە لەپشت جیهانی مادەوەو میتافیزیک هیچ بوونێکی نیە.

لێرەدا هەڵەکە گەورەتر دەبێت، وە ئەو بنەمای گۆڕانە (کەڕاستیەکی بەڵگەنەویست بوو، چەمکو واتایەکی ئەوتۆ دەگرێتە خۆی کە (باطل) بوونو ناڕاست بوونی دەبێتە راستیەکی بەڵگەنەویست. چۆن؟

ئەگەر ئێمە باوەڕمان وا بێت کە هەموو جیهان مادەیەو جگە لەمادە هیچی‌تر بوونی نیەو هەموو ئەوەی کە هەیە یاخود مادەیە یا بەرهەمی مادەیە، ئەوا لەم کاتەدا دەستەواژەی (العالم متغیر) بەم واتایە دێت: هیچ شتێکی (ثابت) بوونی نیە، ئیتر مەبەستمان لەشت هەموو بوونەوەرێکی دەرەکی یاخود چەمکو یاساو بنەماکانیش بەگشتی دەگرێتەوە. بۆچی.؟ ئەگەر بەوێت بەدرێژی وەڵام بدەمەوە دیسانەوە دەڵێم زۆری دەوێت، بۆیە زۆر بەکورتی ئاماژەی پێدەکەم: تەنها جیهانی مادە بوونی هەیە، ئەمەش بەو واتایەی ڕێسای یەکەم (كلي جميع)ی‌یە، واتە گشت گەردیلەکانی جیهان هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕاندان. وە لەفیکری ماتریالیستیدا جیهان تەنها مادەیە بۆیە هیچ شتێک بە (استثناء)ی نامێنێتەوە چونکە هەمووی مادەیە، کاتێک کە بەو واتایەی یەکەم، بنەمای گۆڕان ببێتە بنەمایەکی (جمیع)ی، ئەوا واتای (العالم متغیر) ئەوەیە کە: لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانە مادەیە، هیچ شتێکی (ثابت) بوونی نیە... وە کاتێک کە ئەم تەعبیرە بەتێگەیشتنێکی ماتریالیستیانەوە دەڵێین ئەوا بریتیە لە: هەرچیەک کە بیری لێبکرێتەوە، یاخود هەرشتێک کە تەعبیری لێبکرێت بەبێ (استثناء) هەمیشە لەگۆڕاندایە.

ئیمە لێرەدا لەبەردەم دوو هەڵەی گەورەداین: یەکەم، دەرئەنجامی بەهەڵە حاڵیبوون لەتێگەیشتن دا بۆ چۆنیەتی (کل)یەت، ئەویش بەهۆی پەی نەبردن بەجیاوازی نێوان دوو (کل جمیع) ی و(کل مجموع)ی. هەڵەی دووەم، دەرئەنجامی کورتبینی ئیمە بۆ بوونەوەرە کە وا بیر دەکەینەوە بوونەوەر تەنها ماددەیەو جگە لەمادە هیچ شێکیتر بوونی نیە.

لەهەڵەی یەکەم دا، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بەچ بەڵگەیەک ئیمە دەتوانین بیسەلێنین کە لەپشت ئەم جیهانو ئەستێرەی ئیمەوە لەخولگەکانی تری ئەستێرەکانی تردا، هەمان گۆڕانی بەردەوام وەک جیهانی خۆمان لەوێش هەیە؟ ناتوانین وەلاّم بدەینەوە، دەستەوستانین! چونکە بڕیاری ئیمە لەو بارەوە بڕیارێکی (استقرار)یەو لەسەر بناغەی (تێڕوانینو شۆڕبوونەوە بۆ ناخ) خوێندنەوەی ناخو ناوەکی نیە بەڵکو لەسەر بناغەی روکەشو رووپۆشی دەرەوەیە. وە هەر لەم جیهانە نەناسراوەدا خودی ئیمە خۆمان چ خوێندنەوەیەکی تەواو وە کامڵو زانستیانەمان لەبەر دەسدایە، بۆمان بسەلێنێت کە ماددە لەسەرجەم رووەکانەوە لەهەموو تایبەتمەندیەکانیداو لەهەموو جێگەیەک دا، گۆڕانی بەسەردا دێت و دەگۆڕێت... هەر دەتوانین بڵێین ئیمە هێشتا ماهیەتی فەلسەفی خودی ماددەمان نەناسیوە تا پەی بەوە بەرین کە دەگۆڕێت یاخود (ثابت)ە!.

بەڵاّم لەهەڵەی دووەم دا مەسەلەکە زۆر فراوانترو گەورەترە: ئەگەر ئیمە بڕوامان وا بێت کە جیهان تەنها ماددەیەو هەموو گەردیلەکانی ناو جیهانیش هەمووی و هەمیشە لەگۆڕاندایە.... لێرەدا ئیمە دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێ هەڵەی گەورەوە: کەواتە بنەماو یاساو پێوەدانگی چەسپاو یاخود ناسراو لەزانستەکان دا چیە؟ ئەم هەموو بنەما چەسپاو یاسا دور لەگومانانەی کە لەبەر دەستماندایە کە لەسەر بنەماو یاسای شارستانیەتەکانی لەمێژوودا بەدەستمان هێناوە، هەموو ئەمانە چی.؟ ئەگەر بڕیار وابێت هیچ شتێکی (ثابت) بوونی نەبێت ئەوا ئەو راستیەش (ثابت)نیە کە بەهۆی سود وەرگرتن لەبنەماو یاسای چەسپاوی زانستی چەندین داهێنانی تەکنەلۆجی هێنراوەتە کایەوە... هەر بۆ نمونە ئەم ئامێرەی کەئێستا من قسەی پێدەکەم واتە (میکرۆفۆن) وە بووەتە هۆی ئەوەی کە دەنگی من زۆر بەڕوونی بگاتە لای بەرێزتان.... ئەو راستیە چەسپاوە کەسود لەزانستەکان وەرگیراوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامێرە، وە ئاشکرایە کە ئەم ئامێرەو چۆنیەتی کارکردنیشی دەرئەنجامو بەرهەمی چەند بنەمایەکی چەسپاوی زانستین. بێگومان ئەو بنەما زانستیانەی کە لەزانستی فیزیاو کیمیادا سودیان لێوەرگیراوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامێرە، چەند بنەمایەکی چەسپاو (ثابت)نو بەرئەنجامی چەسپاویشیان لێکەوتووەتەوە.جگە لەزانستە ماددیە جۆراوجۆرەکان، دەتوانین باس لەبنەماکانی یاخود یاساکانی زانستی ریاضیات بیرکاری بکەین، وشەو یاخود دەستەواژەی (هاوکێشەی بیرکاری) کە بۆ نیشاندانیو دەرخستنی واتای (ثابت)ی شتێك دەهێنرێتەوە. کاتێك زانایەك دەڵێت: بنەماو هاوکێشەی بیرکاری، واتە بەهێزترین پێوەدانگو پێوەر بۆ نیشاندانی (ثابت) بوونی مەسەلەیەك. ئەگەر بڕیار وابێت کە ئیمە بەتێڕوانینێکی ماددیانەوە بڕوانینە ئەم هاوکێشانەو ماددیانە لەسەر بنەمای گۆڕان تەعبیر لەم هاوکێشانە بدەینەوە، ئەوا دەبێت باوەڕمان وابێت کەسەرجەم بنەماو هاوکێشە بیرکاریەکان هیچی چەسپاو نیەو ئەم هەموو کارانەی کە لەسەر بناغەی بنەماو هاوکێشە بیرکاریەکان داڕێژراوە، هەمووی هەڵەیە، ئەم کۆشکو تەلارە بەرزانەی کە بەپێێ چەند بنەمایەکی بیرکاری دانراون، هیچ واقعیەتو راستی نیە، ۲+۲ ناکاتە (٥)، هەموو ئەو کارانەی کەبەپشت بەستن بەهاوکێشە بیرکاریەکان

بەدیهێنراوە، هەمووی جێگای گومانەو راستی نیەو نابێت هیچ هاوکێشەیەکی بیرکاری وەك حەقیقەتو یاسایەکی چەسپاو وەرگرین.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ بنەمای گۆڕان، دەبێتە هۆی ئەوەی کەئێمە هێڵێکی راستو چەپ بهێنین بەسەر سەرجەم ئەو بەرهەمە فیکریو زانستیانەی کە لەسەدەکانی رابردووەو تا ئێستا بەئێمە گەیشتووە وەهیچ جۆرە ئیعتیبارێکیان بۆ نەکەین چونکە بەپێیە هیچکامیان (ثابت) نین، وە ئەگەر (ثابت) چەسپاونین ئیتر ئێمە دەبێت چ چاوەڕوانیەکیان لێبکەین بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەشو پێشکەوتووتر؟.

جگە لەهەموو ئەمانە کێشەی گرنگو بنەڕەتی کەئێمە لەم دەستەواژەی (گۆڕان)ەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەو بنەما (بدیهی)و بەڵگەنەویستیە کەخودی ئەم دەستەواژەیە، خودی خۆی پوچەڵ دەکاتەوە:

لەزانستی لۆجیك دا بابەتێکمان هەیە سەبارەت بەچەسپاندنو سەلماندنی یاخود ڕەدکردنەوەی مەسەلەیەك. واتە کاتێ: ئێمە باوەڕمان بەمەسەلەیەك هەیە، ئەگەر بمانەوێت بیسەلمێنین یاخود بمانەوێت بەرپەرچی بدەینەوە، هەندێ لەو مەسەلانە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە لەدەرەوەی خۆی، بەڵام هەندێ مەسەلەی تر هێندە بەڵگە نەویستە کەخۆی بەڵگەیە لەسەر خۆیو هیچ پێویست ناکات لەدەرەوەی خۆی بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. بەهەمان شێوە هەندێ مەسەلە هەیە بۆ بەرپەرچ دانەوەی پێویستی بە بەڵگەی دەرەوە هەیەو هەندێکی تریشی هەر بەڵگەی پووچەڵ بوونەوەی لەگەڵ خۆیەتی، وەك ئەم مەسەلەی گۆڕانە بەو ڕاڤەکردنە ماتریالیستیانەوە، وە لەبیرمان نەچێت بەو میژووە خوارو خێچەوە. کاتێك ئێمە دەڵێین: هەموو شتێك لەگۆڕاندایە بەدیوەکەی تریدا ئەوە دەگەیەنین کە لەم بوونەوەردا هیچ شتێك چەسپاو (ثابت)نیە، هەر خودی خۆمان دەکەوینە بەردەم ئەو ڕستەیە یاخود خودی قسەکەی خۆمان کەدەڵێین (هیچ شتێك ثابت نیە)، ئەی ئەم قسەیە چی؟ ئایا ئەم قسەیە چەسپاوە یاخود نەخێر؟ ئەگەر لەوەڵام دا بڵێین: بەڵێ، ئەوا مانای وایە بۆمان سەلماوە، و بۆمان (ثابت)بوو کە هیچ شتێك لەم بوونەوەردا (ثابت) نیە وە ئەمەش (ثابت) بوونی شتێکمان نیشان دەداتو بیرو ڕاکەمان پوچەڵ دەکاتەوە....

خۆ ئەگەر لەوەڵامی ئەو پرسیارەی پێشوودا بڵێین: نەخێر، واتە نەخێر هیچ شتێك (ثابت) چەسپاو نیە، هەر خودی ئەم نەفیکردنی (ثابت) ە دەبێتە هاوکێشەیەکی (ثابت) چەسپاو.

ئالێرەدایە کە ئەو قسەیەم دووبارە دەکەمەوە کە ئەم مەسەلەیە لەو مەسەلەو بابەتانەیە کە بەڵگەی نەفیکردنی لەخودی خۆیدایە، بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە ئێمە ئەم بنەمای گۆڕانەمان بەم هەموو ئالۆزیەوەو بەم تایبەتمەندیەوە کە بەڵگەی نەفی کردنی هەر لەخودی خۆیدا هەیە، وەك بیرێکی پێشکەوتووخوازانە هاوردە لەدەرەوە وەرگرتووە!. (ئێمە) مەبەستم زۆرێك لەو لاوە ڕۆشنبیرانەمانە کە بەو پەڕی گیانی خۆفەرز کردنەوە ئەم بنەمای گۆڕانە، وەك بنەمایەکی گەورەو مەزن دەخەنە بەرچاوو! ئەم لاوە ڕۆشنبیرانە هێندە ناز دەفرۆشن لەکاتی دەربڕینی ئەم ڕاوبۆچوونەیان دا، هەروەکو ئەوەی هەموو ئاسمانەکانیان داگیر کردبێت وە بەجۆرێك بیردەکەنەوە ئیتر وا دەزانن سەرجەم لەمپەرە فیکریو کێشەکانی ژیان بەم بنەمای گۆڕانە چارەسەربووە، وە میژوو بەتەواوی ناسراوەو ئایندەش لەبەردەماندا بەرجەستەو دیارە؟!. بەڵام وەك بینیمان ئەگەر کەمێك لەمەسەلەکە بکۆڵینەوە، پەی بەوە دەبەین کە ئەم مەسەلەیە هێندە هەڵەیە کە خۆی بەڵگەیە لەسەرپووچەڵ کردنەوەی خودی خۆی!. لێرەدا دەمەوێت

پەراوێزێك بۆ ئەم بابەتە زیاد بكەم: لەیادمە لەگەڵ هاوڕێكی ماتریالیست دا پێكەوە لەكۆڕێك دانیشتبووین، باس‌و بابەتەكەمان لەسەر پووچەڵ كردنەوەی راوبۆچوونەكانی ماتریالیستەكان بوو، پاش ئەوەی ماوەیەك قسەمان كردو ئەو هەستی بەوە كرد كە رێگایەكی‌تری نیە، وتی: كەواتە ئێمە چارەمان چیە؟ چۆن ئەم دەستەواژەیە دەربڕین كە هەڵە نەبێت؟. ئەوەی كە جیهان‌و بوونەوەر دەگۆڕێت، ئەمە راستیەكە تۆش باوەڕت پێ هەیە بەڵام ئێمە لەبەرامبەردا ئەوەشمان بۆ زیاد كردووە كە هیچ شتێكی چەسپاو نەگۆڕبوونی نیە.... باشە لەم حاڵەتەدا كەسێكی باوەڕدار بەجدەلیەتی ماتریالیستی چۆن ئەم دەستەواژەیە دەربڕێت كەلای تۆ جێگای ڕەخنە نەبێت؟.

منیش بۆم ڕوونكردەوە كە: [2] برای من! هەڵە لەم دەستەواژەیەدا، هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەڵەی تر كە لەناخی بابەتەكەدا هەیە، هەڵەی یەكەم، كە (كل مجموع)یان وەك (كل جمیع)ی ناسیوە وە هەستیان بەجیاوازی نێوانیان نەكردووە. وە هەڵەی دووەم، بەڵێ ڕاستە جیهانی ماددی لەگۆڕاندایە بەو گرمانەیەشەوە كەگرمان هەموو دانەكانی بوونەوەر لەگۆڕاندایە. بەڵام ئەوەی كەئێمە لێی حاڵی دەبین‌و پەی پێدەبەین حسابێكی تری هەیە، هزرو بیری ئێمە دەتوانێت پەی بەسەرو تر بنەمای گۆڕان بەرێت، واتە: لەبارەی هەر ئەم جیهانە ماددیە پڕ لەگۆڕانكاریەوە، دەتوانین پەی بەچەندین بنەمای چەسپاو بەرین. وە هەر ئەم زانستە خودی خۆی واتە (منطق)، كۆمەڵێ یاسای چەسپاوە سەبارەت بەم جیهانە پڕ لەگۆڕانكاریە كە مرۆڤەكان پەیان پێبردووە، ئەگەر هۆشیاری‌و زانیاری فەلسەفی‌و لۆجیكی ئێمە سەبارەت بەم بنەمای گۆڕانە، ڕاست بێت، ئەوا بێگومان بڕیارەكانیشمان لەوبارەوە ڕاست دەبێت‌و دووچاری ئەم هەموو هەڵەو كێشەیە نابین.

لەم كێشەیە گەورەتر ئەوەیە كە فەیلەسوفە ماتریالیستەكان تەنها بەم واتایە سەبارەت بەگۆڕان واتە (هیچ شتێكی چەسپاو بوونی نیە) نەوەستاوون بەڵكو ئەوەشیان بۆ زیاد كردووە كەهیچ شتێكی (پڕۆزە ڕەها)ش بوونی نیە.... وە لەڕاستیدا هیچ پێویستی نەدەكرد كە ئەو هاوكێشە هەڵەیە ئەم هەڵە گەورەی بۆ زیاد بكرێت!. ئەوە ڕاستە كە لەبەرامبەر (متغیر)دا (ثابت) هەیە وە بەپێچەوانەوە هەروەها، بەڵام بەرامبەر بە (متغیر) دانانی (مطلق) و (مقدس) ڕاست نیە. (مقدس) و (مطلق) هەركامیان بەرامبەر بەچەمكێكی‌ترن، بەڵام چونكە هەر لەبنەڕەتدا تەفسیرێكی هەڵە كراوە بۆ چەمكی (متغیر) ئەوا بازنەی هەڵەكەیان گەورەتر كردووە ئەو دەرئەنجامەیان لێخستووەتەوە كە جگە لەبوونی هیچ شتێكی چەسپاو هیچ شتێكی ڕەها پیرۆزیش بوونی نیە!.

سەبارەت بەبوون‌و نەبوونی (مطلق) دیسانەوە هەر هەمان ئەو هەڵانە دێنەوە پێش كەسەبارەت بە (ثابت)بوون باسمان كرد بەزیادكردنی هەندێ كێشەی‌تر. سەبارەت بە (مقدس) پیرۆزیش ئەو پرسیارە دێتە كایەوە كە: ئێوە مەبەستتان لە (مقدس) بەچ واتایەكە؟ گرنگ ئەوەیە كەهەر لەسەرە تاوە واتایەك بۆ ئەم چەمكە دیاری بكەن‌و بیخەنە بەردەم گوێگر، پاشان ئیتر قسە لەسەرئەوە دەكەین كەبوونی هەیە یاخود نا. ئەگەر مەبەستتان لە (مقدس) شتێكە كە ناگۆڕێت، ئەوە هەمان شتە كە پێمان وت چەسپاو (ثابت) یاخود نەگۆڕ. وە ئەگەر مەبەستتان لە (مقدس) شتێكە كەسنوورو مەرج ناگرێتە خۆی

---

[2] پێویستە خوێنەری بەڕێز تێبینی ئەوە بكات كە ئەم بابەتەی مامۆستا (ئەحمەدی موفتی زادە) لەكاسێتی دەنگەوەرگیراوە كە بەڕێزیان لەكاتی (محاضرة) یەك دا بۆ نوخبەیەكی ڕۆشنبیر پێشكەشی كردووە. وەرگێڕ

وەنیسبی نیە ئەوا دیسان دەڵێم ئەوە هەمان مەبەست مەسەلەی پێشووە (چونکە (مطلق) لە بەرامبەر نیسبی بوونەوەیە نەک لەبەرامبەر (متغیر)دا). بەڵام واتای (پیرۆز) بەوشێوەی کەباوە بریتیی‌یە لەشتێک کە: نرخ‌و بەهایەکی ئەوتۆی هەبێت کە ئەو نرخ‌و بەهایە لەناو نەچێت. وەک دەزانین ماتریالیستەکان لەخستنەڕووی چۆنیەتی ئەندامانی خۆیان‌و لەدیعایەو پڕوپاگەندەیاندا بۆ کەسایەتیە میژوویی‌یەکانی خۆیان، هەمیشە لەم جۆرە نرخ‌و بەهایانە دەدەنە پاڵیان‌و ئەو بەها نەگۆڕانە بۆ کەسایەتیەکانی خۆیان بەڕەوا دەبینن! ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە ئەو نرخ‌و بەها پیرۆزو نەگۆڕانە دەدەنە پاڵ فیکرو تیۆرەکانی خۆیان!.

جگە لەهەموو ئەمانە، ئێمە لەبەرامبەر ماتریالیستەکان دا کێشەیەکی گەورەتریشمان هەیە، فەیلەسوفەکانی ماتریالیست دەربڕینێکیان دەربارەی میژوو هەیە، جۆرە تێڕوانینێکی تایبەتیان سەبارەت بەبوونەوەر هەیە، گۆڕانکاریەکانی جیهان‌و خودی مرۆڤ بەجۆرێک دەناسێنن، بەگشتی سەبارەت بەبوونەوەرو گۆڕانکاریی‌یە جیاوازەکانی بوونەوەر جۆرێک لەبیرۆکەو تێڕوانینیان خستووەتەڕوو کەئاشکرا نیە چارەنووسی ئێمە لەبەرامبەردا چی‌یە؟. لەبەرامبەر ئەم فەلسەفەیەدا کەپێی دەڵێن فەلسەفەی عیلمی[۲] (کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی بابەتێکی سەرنج راکێشەو ئەگەر بمانەوێت شی‌بکەینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە تایبەتمەندیەتی (عیلمی) بوون چەندە نەگونجاوە چ بۆ فەلسەفەی ماددی یاخود فەلسەفەی معنوی) چارەسەری ئێمە چی‌یە؟ ئایا بابەتەکانی ئەم (فەلسەفەی عیلمی)یە بەچەسپاو وە نەگۆڕ بزانین یاخود نا؟ ئەم بابەتەی کە فەیلەسوفە ماتریالیستەکان دەیانەوێت بەئێمەی بڵێن، ئێمەش بەمتمانەوە وەریگرین‌و بەچەسپاوی بزانین یاخود بەدوو دڵی‌و گومانەوە بۆی بڕوانین؟ ئەگەر گریمانەیەو گومانی لەگەڵ دایە چۆن دەیسەپێنن بەسەر ئێمەدا کەهەر دەبێت وەریگرین؟ تەنانەت ئەوەش دەوترێت کەجوڵەو ڕێڕەوی ئایندەش لەم یاسایە دەرناچێت؟ هەر لەبنەڕەت دا بۆ هەمان مەبەستە کەتایبەتمەندییەتی (عیلمی) بونیان داوەتە پاڵ ئەم تێورو تەعبیرە فەلسەفیانە تا خەڵکی وا بیر بکەنەوە کە ئەم فەلسەفەیەش هەروەکو زانست مەسەلەو بابەتەکانی چەسپاوە (ئەگەرچی خۆیان هەموو شتێکی نەگۆڕو چەسپاو ڕەدەکەنەوە)! وە لەبەرئەوەی کە زانست حەقیقەتێکی چەسپاوە، ئەوا ئەم جۆرە فەلسەفەیەش چەسپاو وەبەردەوامو نەگۆڕە. تا لێرەدا سەبارەت بەیاسای یەکەمی یاخود بنەمای یەکەمی جەدەلیەت، چی دەڵێن؟ کاتێک کەفەیلەسوفە ماتریالیستەکان بەناوی عیلمی بوونی فەلسەفەکەیانەوە تایبەتمەندیەتی بەزدەوامی و نەگۆڕی دەدەنەپاڵ‌و وامان حاڵی دەکەن کە ئەم فەلسەفەیە پێچەوانەی فەلسەفەکانی ترەوە نەگۆڕە، لەهەمان کات دا لەسەرەتای (منطق)ەکەیانەوە وامان حاڵی دەکەن کە هیچ شتێکی چەسپاو بوونی نیە!.

ڕۆڵی ئێمە لەبەرامبەردا چی بێت؟ بەتایبەتی ئەوکاتەی کەسابەرەت بەجوڵەی ئایندەی بوونەوەر پێوەدانگێگ (قیاس)مان بۆ دیاری دەکەن‌و فەرزی دەکەن بەسەرمان دا کە ئەم پێوەدانگە نەگۆڕەو دەبێت جوڵەی ئایندە بەوپێیە بێت، باشە ئێمە چۆن تێڕوانینی ئێوە بۆ ئایندە بەحەقیقەتێکی چەسپاو بزانین لەکاتێک داوامان لێدەکەن باوەڕمان بەهیچ شتێکی چەسپاو نەبێت؟.

---

[۲] بۆ زیاتر ڕونکردنەوە سەیری لاپەڕەی کۆتایی ئەم بابەتە بکە.

لەم بارەوە چەندین کێشەی ترمان بۆ دێتە پێشەوە هەر بەهۆی بەهەڵە حاڵیبوون لەواتای بنەمای (العالم متغیر) لەبنەماکانی جەدەلیەت دا!... بەڵام فەیلەسوفە موسڵمانەکان زۆر بەجوانی لەدەستەواژەی (العالم متغیر) حاڵی بووبوونو جیاوازیان دەکرد لەنێوان (کل جمیع)ی و (کل مجموع)ی دا هەروەها پەیان بەوە بردووە کە مەبەست لە (عالم) تەنها جیهانی مادەیە بۆیە نەکوتوونەتە هەڵەوە لەبەرامبەردا ماتریالیستەکان زۆر بەهەڵەداچوون کەجیهان تەنها بەمادە تەفسیر دەکەنو بڕوایشیان بەهیچ شتێکی چەسپاو نیە، بۆیە دەکرێت بپرسین ئەی یاساکانتان چی؟ زانستو هاوکێشە بیرکاریەکان چی؟ بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆتان چی؟ تەعبیرو لێکدانەوەکانتان سەبارەت بەمرۆڤ و کۆمەڵگاو تاکو میژوو.. هتد هەموو ئەمانە نەچەسپاون....! ئالێرەدا ئیتر ئەمە دەبێتە ئایدیایەکی زۆر ترسناک لەئایدیاکانی (سوفسطائی)یەکان وەک لەرابردودا لەیۆنان هەبوون!.

لەڕاستیدا وەک دەزانن ئایدیالیزم بەواتای (هزری بوون) یاخود ئەوەی کە لەجیهانی هزرو بیرو بۆچوون دا بوونی هەیە، دێت. ئەمەش جۆرە فەلسەفەیەکی ئێجگار کۆنەو پەیوەندی بەزیاتر لە ٢٤ تا ٢٥ سەدەی رابردووەوە هەیە. ئەم فەلسەفەیە لێکدانەوەی سەبارەت بەبوونەوەر بەم جۆرەیەکە: ئێمە زۆرجار باوەڕمان سەبارەت بەمەسەلەیەک بەجۆرێکە کەدەبینین، بەڵام دواتر پەی بەوە دەبەین کە ئەو بڕیارەی ئێمە سەبارەت بەوشتە هەڵەیە، لەم بارەشەوە چەندین نمونەی جۆراوجۆرمان هەیە، بۆ نمونە: شەوێکی مانگەشەو، هەور لەئاسمانەکان دا دێنو دەچن.... کەسێک کەشارەزایی نەبێتو سەیری ئاسمان بکات وا هەست دەکات کەمانگ زۆر بەخێرایی دەڕوات بەڵام پاش ماوەیەک سەرنج دانو چەندین جار سەیرکردن بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە هەورەکانن وا بەخێرایی دەجوڵێن، ئەگەرچی مانگ خۆیشی جوڵەی هەیە بەڵام ئەوە نیە کەئێمە دەیبینین... یاخود بۆ نمونە کەسێک لەناو کەشتیەک دابەرەو کەناری دەریا دەڕوات، ئەو کەسەی لەناو کەشتیەکە دا وا هەست دەکات کە وشکانی کەنار دەریاکە بەرەو کەشتیەکە دێت تا دواتر کەدەگاتە نزیک کەناری دەریاکە تێدەگات کەنەخێر کەشتیەکە لەجوڵە دا بووە بەرەو وشکانی.

بەم شێوەیە چەندین نمونەی جۆراوجۆر دەهێننەوە کە هەموو ئەو نمونانە گومان بۆ گوێگر دروست دەکات سەبارەت بەحەقیقەتو راستیەکان وەباوەڕیان وایە، ئاشکرا نیە کە هەموو ئەو شتانەی ئێمە پەیان پێدەبەین ئایا لەواقیع دا بەوشێوەیەن یاخود نەخێر... وە مەسەلەکە دەگەیەننە ئاستێک کەهیچ ئیعتبارو بوونێک بۆ هەموو شتێکی دەرەکی ناهێڵنو دەڵێن، هەرچی هەیە ئەوە بڕیارو تێڕوانینی هزرو زەینی ئێمەیە. تەنانەت کەئێمە پاش تەجروبەکردن باوەڕمان دێتە سەرئەوەی کە لەدوو نمونەی پێشوودا، کەشتیو هەورەکان دەجوڵێن، دیسانەوە لەوانەیە پاش ماوەیەک لەبڕیارەکەمان پەشیمان ببینەوەو پەی بەوە بەرین کەهەڵەمان کردووە. بەم پێیە هیچ ئیعتیبارێک ناهێڵنەوە بۆ بوونی دەرەکی و هەموو متمانەیەک دەدەنە بوونی زەینی. ئەم جۆرە بڕیارەش لەمیژوودا بەئایدیالیزم ناسراوە، ئامازە بەوەش بکەم کەفەیلەسوفە ماتریالیستەکان بەشێوەیەکی زیرەکانە هاتوون (ماتریالیزم) یان لەبەرامبەر ئایدیالیزم دا وەک دژێک بەکارهێناوە! ئەمەش بۆ دوو مەبەست یەکەمیان چونکە ئایدیالیزمیان لەبری دین یاخود بەواتای ئاین بەکارهێناوە. چونکە لەڕاستیدا ئەوە ماتریالیزمەکە لەبەرامبەرو دژ بەئاینەنەک ئایدیالیزم. ماتریالیزم واتە تێڕوانینێکی مادیانەی رووت سەبارەت بەبوونەوەر کەباوەڕمان وابێت بوونەوەر تەنها مادەیە. زاراوەی ئایدیالیزمیش چەمکێکی ئاینیە لەبەرامبر تەعبیرێکی تردا

ئەك لەبەرامبەر ماتریالیزم بەلکو ئەوەی دژو بەرامبەر بەچەمکی ماتریالیزمە ئەوە ئاینە کە باوەڕی بەجیهانی ماددەو دەرەوەی ئەم جیهانەش هەیە. بەلام لەبەرئەوەی خەلکی شارەزای فەلسەفە نیە تەنها ئەو دوو چەمکەی ماتریالیزمو ئایدیالیزمیان وەك دوو چەمکی بەرامبەرو دژ بەیەك بەخەلکی ناساندوە، وایان نیشان داوە کەئاینو ئایدیالیزم هاو واتای یەکترینو هەردووکیان دوورن لە واقیع.... وە دووەمیان ئەوەیە کە ئیعتبارێکی زیاتریان داوەتە، ماتریالیزم واتە ماتریالیزمیان بەجۆرێك ناساندووە کەزەینی نیە بەلکو واقیع بینەو بۆ واقیع هاتووە! بەلام ئێمە هەموومان ئەو راستیە دەزانین کەماتریالیزم تێڕوانینو جیهانبینیەکی (زەینی) یەو بەس. ئەو چەمکەی کەدژو بەرامبەر بەئایدیالیزمە ئەوە چەمکی (ریالیزم) کە بەواتا (الواقعیە) دێت کەسەرەتا ئەم چەمکە لەبەرامبەرو دژ بەهونەری زەینی بەکارهاتوە وە پاشان دژ بە فەلسەفەی زەینی بەکارهات. بەکورتی ماتریالیزم دژەواتای ئاینە وە ئایدیالیزم لەبەرامبەرو دژەواتای ریالیزمە. بەلام وەك ئاماژەمان پێکرد ماتریالیستەکان بەو فێڵو زیرەکیەی خۆیان کەئاینیان کردووەتە هاو واتای ئایدیالیزمو ماتریالیزمیشیان کردووەتە دژە واتای هەردوکیان، توانیویانە ئیعتیباری ئاین لاواز بکەنو ئیعتبارێکی زیاتر بدەنە ماتریالیزم.

جگە لەوەی کەباسمان کرد وەهەر خودی راست کردنەوەی ئەو چەمکانە لەبەرامبەر یەکتریدا بەلگەیە بۆ رەدکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونە بەلام لێرەدا دوو بەلگەیتر دەهێنمەوە بۆ ردکردنەوەی ئەو فێڵەی ماتریالیزمەکان کە بەوجۆرە حەقیقەتی واتای چەمکەکانیان شێواندووە.

١-ئاین، ئایدیالیزم نیە بەلکو دژ بەئایدیالیزمە. چۆن؟ ئایدیالیزم هەروەکو ئاماژەمان پێکرد هەمان فەلسەفەی سوفسطائی یۆنانی کۆنە وە کاتێك کەسەیرێکی کتێبەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامی دەکەین، یەکەمین رستەو تەعبیر کە دوای پێشەکی دەمانباتە ناو بابەتە فەلسەفیەکانەوە ئەم رستەیە کە بەپێچەوانەی سوفسطائیەکانەوە واتە: حەقیقەتی شتەکان چەسپاوە وەناسینیان لەئەگەر و گریمانەدایە. وەك دەبینین بەپێچەوانەی سوفسطائیەکانەوە تەنانەت فەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامیش یەکەمین رستەی دژ بەئایدیالیزمە واتە پاش ئەوەی پێشەکیەکی گشتی سەبارەت بەفەلسەفە دەدرێتە فێرخوازی سەرەتایی ئەو بوارە ئیتر خێرا بابەتە فەلسەفیەکان بەڕەدکردنەوەی ئایدیالیزم دەست پێدەکات وە حەقیقەتی ئاینیش لەبنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ بنەبڕکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایدیالیزم. چونکە سەرجەم نەهامەتیەکانی مرۆڤایەتی لەوەدایە کە حەقیقەت و راستیەکانی واقیع پشتگوێ دەخات. وە تەنانەت ئەگەر دەیبینین کەچۆك دادەدات بەرامبەر بەستەمو زۆر ئەوە لەواقیع دا بەهۆی چۆك دادانیەتی بەرامبەر بوونەوەرە زەینیەکان. بۆ نمونە ئەگەر مل بدات بۆ ستەمی ستەمکارێك، ئەوا ئەو خەیاڵە زەینیە دێت بەبیریدا کە: ئەگەر من مل بۆ ئەم ستەمەی نەدەم و بەرامبەری بوەستم لەوانەیە توشی کێشەیەك ببم یاخود لەوانەیە ئەو زیانەی کە لەململانێدا تووشی دەبم لەوانەیە لەژیانی مل کەچ کردنەکە زیاتر بێت!! وە بەگشتی لەزۆربەی شتەکانی تریش گەورەترین هۆکار کە دەبێتە مایەی شکستو بەدبەختی مرۆڤ، هۆکەی هەمان ئایدیالیزمە واتە رووکردنە بوونی زەینیو وەلاخستنی بوونی دەرەکی.... حەقیقەتیش ئەوەیە کە ئاین دوژمنی هەمیشەیی ئایدیالیزمەو هەموو هەوڵەکانی بۆ سەرکوت کردنی ئایدیالیزمە بەمەبەستی رزگارکردنی مرۆڤایەتی لەداوە دیارو نادیارەکانی ئایدیالیزم ئیتر چ کۆن بێت یاخود مۆدێرن!

٢- ئەگەر لەڕوانگەو ڕەهەندێکی تـرەوە سـەیری ئـەو مەسـەلەیە بکـەین دەبینـین کـە هـەر هـەمان ماتریالیستی دیالکتیکە، بەو تەعبیرو تەفسیرەی کـە سـەبارەت بـە بنـەمای گـۆڕان هەیـەتی - جگـە لەتێڕوە خەیاڵیەکانی تری - دوچاری ئایدیالیزمێکی ترسناک بووەتەوە: یەکەم، مرۆڤ دەخاتـە بـەردەم پرسیارێکی زۆر ئاڵۆز کەچارەسەرکردنی ئاسان نیە: هیـچ شـتێکی چەسپاو بوونـی نیـە بـەڵام ئـەوەی کەمن دەیڵێم پێویستە وەک حەقیقەتێکی چەسپاو وەربرگنو نابێت گومانتان هەبێت لـێی! ئـەم گـرێ ئاڵۆزە چۆن حەل دەکرێت!؟ خۆ ئەگەر کەم کەم لەمەسەلەکانی وەک جوواڵەی مێژوو پەیوەندی مـرۆڤ و دەروەی خـۆی، پـەیوەندی تـاک و کۆمـەڵگاو چـەندین مەسـەلەی تـر لەڕوانگـەی تـێڕوانینی ماتریالیستەکانەوە بکۆڵینـەوە، ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئـەو بیروبۆچوونانـە یـان چـەندە دوورە لەواقیع، بـۆ نمونـە تەنـها یـەکێک لـەو بابەتانـە دەخەینـەڕوو: وەک دەزانـین تەنـها شـتێک کـە لەلایـەن ماددیەکانەوە دان بەبوونیدا دەنرێت، ماددەیـە یـاخود ئـەوەی کـە تەنـها بـەچاودەبرێت، یـان بـەهۆی هۆکارێکی ماددی تروە دەتوانین ببینـین. بوونـی زەینـی واتـە ئـەو شـتەی کـەناتوانین بـەم پێودانگـە بیسەلێنین بەڵکو پێویستی بەچەند مەسەلەیەکیتر هەیە، ئێستا دوو نمونە لەم دوو کۆمەڵـە بوونـەوەرە لەبەرامبـەر یـەکدا دادەنێـین. یەکـەمیان مـرۆڤو دووەمیـان مێـژوو، مـرۆڤ چ جـۆرە بوونەوەرێکـە؟ بوونەوەرێکە کەبوونێکی دەرەکی واتە ماددی هەیـە، بـەڵام مێـژوو چـی؟ مێـژوو بوونێکـی دەرەکـی و ماددی نیە، بوونێکی زەینی هەیە واتە زەینی ئێمە بەپێێ بنەماو یاساکانی وەبـەپێی پێوەدانگـەکانی کەهەیەتی بۆ حوکم دان بەسەر بوونەوەردا تەعبیرێکی بەدیهێناوە بـەناوی مێـژووەوە کەمەبەسـت پـێێ ئەو رووداو و قۆناغانەی پێشکەوتنی مرۆڤە بەپێ یاخود لەقۆناغەکانی رۆژگارانی رابردوودا. ئەمە ئەو بوونەوەرەیە کەناتوانین بەمیکرۆسکۆپیش نیشانی خەڵکی بدەین چونکە بوونێکی دەرەکی نیە -ئێسـتا ئایدیالیزمەکان کێنو کامانەن؟؟ ئەوانەن کە حوکمـەکانیان بـەپێێ پێوەدانگـە زەیینیـەکانـە و بوونـی دەرەکیو ماددی ردەدەکەنەوە. باڵێرەدا بزانین تێڕوانینی ماتریالیزمەکان بۆ مرۆڤو مێژوو چیـیە؟ ئایا مێـژوو بـەحاکم دەزانـن بەسـەر مـرۆڤ دا یـاخود بەپێچەوانـەوە؟ وەک ئاگـادارن ئـەم کۆمـەڵـە تێڕوانینیبەکەمیان هەیە واتە پێیان وایە کەمێژوو داهاتووی مـرۆڤ دیـاری دەکـاتو چارەنووسـی بـۆ دەنەخشێت. ئەمەش ترسناکترین جۆری ئایدیالیزم بوونە!. بەڕاستی جێگـای سـەرنجە، لەلایەکـەوە جگـە لەمـاددەدان بەهیچ شتێکتر دانانێنو باوەڕیـان بـەبوونی نیـە بـەڵام کـاتێک کـە دەکەونـە بـەردەم چـەند چەمکو مەسەلەیەکی لەجۆرەوە باس لەوە دەکەن کەمێژوو وەک حەقیقەتێکی زەینی چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکات! ئایدیالیستەکانی سەدەکانی رابـردوو. تـەعبیرە خەیاڵیـەکانیان سـاناتربوو لەجۆرانـەی ئێستا، چونکە ئەوان دەیانووت: ئێمە هیچ کارێکمان بەجیـهانی دەرەکیـەوە نیـەو ئاگـاداری نـین بـەڵام ئایدیالیستەکانی ئێستا دەڵێن. حەقیقەت هەمان جیهانە ماددیە دەرەکیەیەو تەنها ئەویش بوونی هەیە. لەگەڵ ئەوەش دا تـەعبیرێکی زەینـی (واتـە مێـژوو) و بوونێکـی زەینـی بـەچارەنووس سـازی جیـهانی دەرەکی دەزانن!.

*پاشکۆی ل٩ : هۆی ئەوەی کەماتریالیستەکان تایبەتمەندییەتی (عیلمی) زانسـتی بـوون دەدەنـە پاڵ فەلسەفەکەیان، دەتوانین بەسەربوردێکی مێژویی بۆ فەلسەفەی ئەوروپا لەسـەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ دوو سەدە پـاش رێنیسـانس. ئـەو راسـتیەمان بـۆ ڕوونبێتـەوە. بـەکورتی مـەسـەلە بەجۆرەیـە: بەشـێک لەفەلسەفەی کلاسیکی ئیسلامی گوازرایەوە بـۆ ئـەوروپا، بـەڵام هەلومـەرجی سیاسـیو کۆمـەڵایـەتی ئەوروپا لەسـەدەکانی ناوەڕاست بەجۆرێک بوو کە لـەبری لێکۆڵینـەوەو بـەدواداچوون لـەپێناو پـەیبردن بەحەقیقەتی ئەم فەلسەفەیە هەوڵیان دا کە بیکەنە هۆکارێک بۆ خەڵەتاندنی خەڵکیو زیـاتر مـل کـەچ کردنی خەڵکی بۆ دەربارو کڵێساکان کە هەردوو لایەکیان گرتبوو دژ بە بەرەی گەل.

دەرئەنجامی ئەم کارەش (واتە نوسکولاستیک) تەنها سەرگەرمی و ئالۆزی فیکری بەدواوەبوو بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو دەمەی ئازادیخوازانی ئەوروپا دژ بەستەم و زۆری دیکتاتۆریەتی دەربارو کڵێسای بەناو مەسیحی، هەڵسانو شۆڕشیان بەپاکرد، دژایەتی ئەم جۆرە فەلسەفەیان بەیەکێک لەئەرکەکانی خۆیان دەزانی چونکە دەربارو کڵێسا بەسودی خۆیانو بۆ بەرژەوەندیەکانیان بەشێواوی خستبوویانەڕوو. هەروەها لەبەرئەوەی لەئەوروپادا تەنها نمونەی فەلسەفەی باو هەمان ڕێبازی (ئوسکو لاستیک) بوو وە ڕێبازی تری فەلسەفەی بوونی نەبوو، شۆڕشگێڕانی ئەوروپا بەگشتی دژی فەلسەفە نەوستانەوە بەهەموو شێوەیەک دژایەتیان کردوو زاراوەی (فەلسەفە) بووە شتێکی بێزراو. بێگومان ئەوجۆرە ڕەفتارە واتە دژایەتی کردنێکی نامەنتیقیانە لەشۆڕشەکانی مرۆڤایەتیدا کە پێوەدانگە ئاینیو ڕێنماییە راستو دروستەکان بوونی نەبێتو لەو هاوکێشانەدا ڕۆڵی نەبێت، پاش ماوەیەک پایەداریو تونديی خۆی لەدەس دەدات.

... هەر بەهەمان شێوە بوو، نزیکەی پاش دوو سەدە زانایان بەرەو فەلسەفە ڕوویان هێنایەوەو ئەو زانستە نەفرەت لێکراوەیان گیرایەوە ناو کۆمەڵگا. لەیادمان نەچێت ئێمە وتمان پاش وەدەرنانی فەلسەفە لەکۆمەڵگا (زانست) بووە تەنها پێودانگ بۆ کێشانەو پێوانەی مەسەلەکان. هەربۆیە هەندێ کەس بەپەیبردن بەم ڕاستیەی کەزانست بووەتە خوای پەرەستراوی خەڵکی، زۆر لێزانانە فەلسەفەکەی خۆیان ناونا فەلسەفەی (علیمی) زانستی (ئەگەرچی ئەمانیش هەروەک فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، فەلسەفەیان تەنها بەمەبەستی چەسپاندنی تیۆرەکانی خۆیان دەویست). مەبەستیان لەم کارەیان ئەوەبوو کەبەجەماوەری ڕابگەیەنن کەفەلسەفەکەی ئەمان زانستیەو گومانی تێدا نیەو وەک فەلسەفەی سەدەکانی ڕابردوو پوچەڵو دوور لەزانست نیە!!.

بەڵام لێرەدا دوو مەسەلە جێگای تێبینیە:

١-ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە پەیوەندی نێوان فەلسەفە بەزانستەوە، هەروەک پەیوەندی نێوان (ماتماتیک) و (گۆڵز) وایە!. ئەگەر تایبەتمەندی خڕی گۆڵز بدرێتە پاڵ ماتماتیک بۆ نمونە بڵێین: (ماتماتیکی گۆڵزی) وە بەم جۆرە بمانەوێت ڕێزو ناوی ئەو زانستەی پێ بەرزبکەینەوە... ئەم تێڕوانینە چەند عاقڵانەو مەنتقیە بەهەمان شێوە نیسبەت دانی (عیلم) بۆ لای (فەلسەفە) هەر هێندەو بەوجۆرەیە!!.

٢-مەبەستی بنەڕەتی پەیڕەوانی (فەلسەفەی عیلمی!) - ئاگامان لێبێت ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ دەستەواژەی (فەلسەفەی علوم)دا کەڕاست و ڕەوایە، تێکەڵ نەکەین - ئەوەیە کە: بابەتەکانی فەلسفەی ئێمە (بەپێچەوانەی فەلسەفەی نازانستیەوە!) لەگەڵ هاوکێشەو ڕاستیە زانستیەکان دا هاوتەریب و یەکسانە بۆیە ناگونجێت هیچ گومانمان هەبێت لێی. بەڵام هەر ئەم بەڕێزانە لەمەنتقی وتوێژیان دا بۆ گەیاندنی فەلسەفەکەیان هەر لەسەرەتاوە ئێمە ناچار دەکەن کەباوەڕمان بەهیچ شتێکی (ثابت) چەسپاو نەبێت لەم بوونەوەردا.

سەرچاوە/

دیالکتیک اسلامی

علامە احمد مفتی زادە - انتشارات اوج

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

لای فەیلەسوفە ئایینەکان هاتەکایەوە کە نەبادا بانگهێشتە ئایینەکانیش لەم جۆرەبن و هەموو نەوکاتانەی کە لە ئەرێ و نەرێیاندا بەسەرچوە، بێهودە بووبێت. لەبەرئەوە هەڵسان بە خستنەڕوو و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

گەڵاڵەبوونی ئەم پرسیارانە بەرە بەرە پرسیارێکی تری بەدوای خۆیدا هێنا کە بریتی بوو لەوەی زمانی ئاین چیە؟ نمونەی زمانی ماناداری بۆ خوێندەوارە ئاکادیمیەکان زمانی زانست بوو و زمانی نازانستیان بێمانا لەقەڵەم دەدا؛ لەبەرئەوە پرسیار لە یەکبوون و فرەیی زمانەکان، پرسیار لە یەکبوون یا فرەیی دیسپلین بۆ ماناداری، بوبە پرسیارێکی جیدی. ئەو پرسیارە هاتەکایەوە کە ئایا تەنها زمانێکمان هەیە کە زمانی زانست بێ و هەموو بیرمەندان و لەوانیش لێکۆڵەرەوە ئایینەکان، ئەبێت هەوڵی لێنزیکبونەوەی بدەن و پەیڕەوی لێبکەن و وتەکانیان هەرچی زانستی تر بڵێن تا جێگای پەسەند و ماقوڵ تر بکەوێتەوە؟ یا ئەوەی کە زمانی سەربەخۆی جۆراوجۆرمان هەیە کە هەریەکەیان بۆ خۆیان خاوەن ڕەسمیەت و زیندوویی خۆیانن و هیچ کامیان لەوی تریان ناماقوڵتر نیە؟ لە ئەگەری دووەمدا، ئایا زمانی ئاین چۆن زمانێکە، ئایا زمانی شیعرە؟ زمانی ئەفسانەیە؟ ئایا زمانی گوزارشتە؟ زمانی عورفە؟ زمانی هونەریە؟ دیارە هەموو ئەم پرسیارانە دەرەنجامی پەیدابوونی مەعریفە و قوتابخانە نوێکانن.هاتنەکایەی مەعریفە نوێکان و نەیارە تازەکان لە ڕوانگەی مەعریفەی ئایینیەوە ڕوداوێکی زۆر گرنگ بووە لە مێژووی فەرهەنگی ئایندا و فەیلەسوفە ئایینەکانی ڕووبەڕووی چەند خاڵێکی نوێ کردۆتەوە و بانگهێشتی چارەسەرکردنی گرفتە نوێکانی کردون. بە وتەی خوالێخۆشبوو (ئیقبال لاهوری)، ئاین ئێستا دوو نەیاری گرنگی پەیداکردووە: زانستی بەشەری و میتۆو. بە گوزارشتێکی دی، دوو سەرچاوەی تر بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەت کەوتوەتە دەست مرۆڤ و کاری دژواری ئەمڕۆی مرۆڤەکان هاوسەنگیکردنە لەنێوان ئەم سێ سەرچاوەیەدا. ئەو پرسیارەی کە (کانت) ڕوژاند لە سنوری تێگەیشتنی مرۆڤ پرسیاری کرد و لێرەوە، تەواوی بەڵگەکانی خواناسی و سەلماندنە تەقلیدیەکانی بوونی خوای لە زانستی کەلام و فەلسەفەدا خستە ژێر زەبری ڕەخنەو ڕای خۆی یەک لە دوای یەک بێسودی هەریەکەیانی ئاشکراکرد، ئەمە پرسیارێ بوو لە قوتابخانەیەکدا ڕوژا کە بوبە هۆی پشکوتنی زانستی کەلام و فەلسفە لە ڕۆژئاوادا. ئەتوانین بە جورئەتەوە بڵێین کە لە نیوەی دووی سەدەی بیستەمەوە (لە حاڵی حازر) بە دەگمەن فەیلەسوف و موتەکەلیمێك ماوەتەوە کە دڵێرانە ئاشکرای بکات ئەتوانێ بەڵگەی بنەبڕ بۆ سەلماندنی بوونی خوا بێنێتەوە. ئەوەی کە هەتوکە لای فەیلەسوفە ئاینیەکان جێگای گرنگی پێدانە و لەبارەیەوە دەکۆڵنەوە، مەسەلەی (عەقڵانیبوونی باوەڕە ئاینەکانە) نەك سەلماندنیان، و دەرەنجامەکەی ئەمەیە کە دینداری و باوەڕبوون بە خواو سروش و جیهانی نادیار و جیهانی دوای مردن و فریشتەکان، مەسەلەیەکی عەقڵانیە و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم جۆرە شتانە هەیە، مرۆڤگەلێکی سروشتی و عاقڵن و مەرج نیە کە مرۆڤ دەست لە عەقڵی خۆی بشوات ئەوکات باوەڕ بە خوا بێنێ. ئەتوانێ عاقڵ بێت و لە هەمانکاتدا باوەڕیشی بە خوا هەبێت. ئەمە هەموو ئەو شتانەن کە فەیلەسوف و موتەکەللیمە نوێکان لە لێکۆڵینەوە عەقڵی و فەلسەفیەکانیان سەبارەت بە ئاین، ئەیانەوێ بیگەنێ و ڕایگەیەنن بە بەرامبەرکانیان.

هەوڵی ئەم فەیلەسوفانە لەوەدا بە خەرج ئەدرێ کە بڵێن بەڵێ باوەڕبوون بە خودا و بە غەیب و سروش و موعجیزە و نزا و ڕۆژی دوایی، شتێکی عەقڵ پەسەندە؛ و هەروەك چۆن دەزانین،

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

عەقیدەی ئەزمون ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــ

بەیەکەوە بەهۆکاری سەرەکی بەناکام نەگەیشتنی بەرنامەکانیان دەزانن (کیانوری لە گفتوگوییکی دوورودرێژدا لەگەڵ (کەیهانی هەوایی) لەمەڕ چارەنوسی شورەوی تیشکی خستبوە سەر ئەم فاکتەرانە).

با بزانین ئەجۆرە بەرگری‌کردن‌و بەڵگەهێنانەوە تا چ رادەیەک بەهاوسەنگینیان هەیە، بەڵێ، هیچ کاتێک ناتوانرێ پیلانی پیلانگێڕان‌و دەستێوەردانی، ناحەزان‌و فێڵ‌و ساختەی ساختەکاران‌و دوژمنایەتی دوژمنان پشت گوێ بخرێ، و هیچ کاتێک ناتوانرێ نکولی لەکاریگەری هۆکارە جوگرافی‌و ناوچەیی‌و جیهانیەکان بکرێت. بەڵام بەگوزارشتی دانایان ئەمانە هەموویان لایەنی بکەرین(فاعلی)؛ ئەگەر ئامادەگی (قابلیة) لەئارادا نەبێت، ئەم بکەرانە هیچ کاریگەرییکیان نابێت. بۆنمونە ئەگەر لەئایدیۆلۆژیای مارکسیزمدا زەمینەیەک بۆ پەیدابوونی دیکتاتۆری نەبوایە، هیچ کاتێک، ستالین نەیدەتوانی بەناوی ئەو ئایدیۆلۆژیایەوە، ئەو هەموو ناڕەحەتی‌و دەردیسەرییەی بهێنایەتەدی‌و بەوجۆرە دەسەڵاتی خراپ بەکار بهێنایە.

ئەگەر لەئایدیۆلۆژیایەکدا، زەمینەو ئامادەگی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات نەبێ، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەئاسانی دەستگیر نابێت. ئایدیۆلۆژیایەک کە بۆچوونێکی رووتی نەبێت بۆ رامکردن‌و کۆنترۆلکردنی دەسەڵات، رێگا دەدات بە کەسێکی وەکو ستالین بەوپەڕی تووندوتیژیەوە لەماوەیەکی کەمدا هەوڵی بە سۆشیالیزەکردنی ناوچەکان بدات‌و لەسەر گومانێکی بێ بنەما، دۆستە دێرینەکانی لەناوببرێت‌و لەگەڵ هیتلەردا سازش بکات، یاخود لەگەڵ فنلەندا دا بجەنگێت‌و یارانی ناو سوپاکەیشی لەمەقسەڵە بدات، لەگەڵ داپۆشینی هەموو ئەم تاوانانەدا خەڵکی بێئاگاو بێ گوناهیش وا لێبکات کەبەشان‌و بالایدا هەڵبدەن‌و هاوارکەن (ئەی ئەو کەسەی کە بەهارمان بۆ دێنی...) پێدەچێت بەدحاڵی بوون‌و خراپ پراکتیزەکردن ئیشی نەزانان‌و دوژمنان بێت بەڵام هەندێجار ئایدیۆلۆژیایەک بەشێوەیێکە کەبەئاسانی رێگە بەدحاڵی بوون‌و بەد پیادەکردن ئەدات. تیۆرەکانی هێندە ناتەواو پێنەگەیشتوو پەرش‌و بڵاوە کە هەموو کەس دەتوانێ مەرامی خۆی تێدا بەدیبکات. ئەجۆرە ئایدیۆلۆژیایە ئەبێتە قوربانی پیلانگێڕان، تا ئایدیۆلۆژایەکی جێگیرو بەهێزو رێک‌وپێک، کە رێگا بەپیلانی دوژمنانی ناحەزو بەدحاڵی بوونی دۆستانی نەزان دەگرێت.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەک لەکاتی پراکتیزەکردندا، بەردەوام دەرەنجام‌و جێکەوتی خراپی لێبوبەوە، ئایا نابێت ئەم دەرەنجامانە بدرێتە پاڵ ئەو ئایدیۆلۆژایەو ئایا ماقوڵە کە بەردەوام باس لەبەدحاڵی بوون یا ناحەزی ناحەزان بکەین؟ لەڕاستیدا، سودوەرگرتن لەجێکەوتە جوانەکان‌و پاساو هێنانەوە بۆ دەرەنجامە خراپەکان، لەکۆتاییدا دەچێتە بازنەی نەزمون ناپەسندیەوە. تیۆرێک نەزمون پەسەندە ئەگەر سود لەنمونە پۆزەتیڤەکان وەردەگرێت لەهەمان کاتیشدا زەرەر لەنمونە نێگەتیڤەکانیش ببات. سودوەرگرتن بەڵام هەڵهاتن لەزەرەرو زیان، ئازایەتی‌و زیرەکی دەگەیێنێت بەڵام سەرکەوتن نیە لەتاقیکردنەوەدا. وە ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە دوژمنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە، ئەو هۆکارە دەرەکیانە بەهیچ دەزانن و هەموو نەنگیەکان دەدەنەپاڵ خودی ئایدیۆلۆژیاکە بۆ نمونە نافیتریبوون‌و ناکردەیی بوونی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بەهۆکاری سەرەکی داڕوخانی یەکێتی شورەوی دەزانن، ئەمەش هەر زیادەڕۆییە.

پشت بەستن بەلایەنە ئیجابیەکان‌و پاساوهێنانەوە بۆ نمونە سلبیەکان هەندێجار بەشێوەیەکی‌دی قسەی لەسەر دەکرێ، ئەڵێن ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەک بەشێوەیەکی تەواو، پیادەکرا، مافی ئەوەتان هەیە هەموو جوانی‌و ناشیرینیەکان بدەنە پاڵی بەڵام کاتێک تەواو پراکتیزە نەکراو بەناکام نەگەیشت‌و

هۆکارە دەرەکی و ناوەکیەکان ڕێگربوون لەبەردەم دەرکەوتن و جێگیربوونیدا، ئیدی چ جای ڕەخنەگرتن و توانج لێدان؟ ئەم مەسەلەیش دواجار بەرەو ئەزمون نا پەسەندی کەمەندەکێش دەکرێت. بۆچی لەناتەواو پیادەکردندا، جوانیەکان بدەینەپاڵ ئایدیۆلۆژیاو خراپیەکانی نەدەینەپاڵ؟ بۆچی بەپێچەوانەوە هەڵوێست وەرنەگرین؟ بۆنە جوانیەکان و خراپیەکانیش لەسەر ئایدیۆلۆژیا حیساب نەکەین؟ ئەمە چ جیاکارییێکی بێ بنەمایە کەجوانیەکانی بدەینە پاڵۆ نەنگیەکانیش بەدەر لەو لەقەڵەم بدەین؟ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەبەجۆرە بەڵگەهێنانەوەیە تووشی جیاکارییێکی بێمانا دەبین، یا بەدەرەنجامێکی نەویستراو (نەنگی دانەپاڵ ئایدیۆلۆژیا) یا بەئەزمون ناپەسندی ئایدیۆلۆژیا دەگەین.

ئەمە پاساوێکی دروست نیە کەپێمان وابێ ئایدیۆلۆژیاکەمان چاکەو یاساکەمان دادپەروەرانەو مرۆڤانەیە بەڵام خەڵکی خراپ و بێباکنو مافپەروەرنین، لێرەدا نەنگیەکان لەخەڵکیەوە سەرچاوە دەگرنو جوانیەکانیش لەئایدیۆلۆژیاوە. یاسا بۆ خەڵکی دەنوسنو لەم یاسا نوسینەشدا دەبێت ڕەچاوی نەنگی و بێباکی و تەوەزەلی و بەدسود وەرگرتنو پێشێل کاری یاسایی خەڵکی بکرێت. یاسا بۆ پیاوچاک و فریشتەکان یا بۆ ڕاهێنانی یاسانوسی نانوسن. ڕەوا نیە بڵێین یاساکەمان کاملە بەڵام خەڵکی ناتەواون. یاساییێك کە ناتەواوی خەڵکی بەهەند نەگرتبێ، خۆی ناتەواوە. ئەگەر خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەك نەزانێ مرۆڤ کێبەو لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکەیدا مامەڵەی چۆنەو لەئەرێو نەرێو مۆڵەتو یاساغکردنەکانی چ سودێك وەردەگرێت، ئایدیۆلۆژیایەکی نارێك و ناجێگیر بەرجەستە دەکات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نارێکیەك لەپراکتیکدا فۆرمەڵە بوو، ئەبێت سەرزەنشتی خۆی بکات نەك خەڵك. ڕێك وەك ئەو کەسەی کتێبێکی ئاڵۆزو داخراو بنوسێو دواتر گلەیی تێنەگەیشتنی خەڵکی بکات، دەبێت لۆمەی ئەو نوسەرە بکرێت بەوەی کە کتێب بۆ خوێنەرانە نەوەك خوێنەران بۆ کتێب، کتێبێك کە کەس تێی نەگات، کتێب نیە.

ناشکرایە نە تیۆری یەکەمو نەتیۆری دووەم هیچکامیان شایانی ئەوە نین کە بەرگریان لێبکرێت. نەئەتوانرێ بەو ساناییە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئایدیۆلۆژیایەك بان ئەزمونەو پراکتیزە ناکرێتو نەئەتوانرێ بەهەوانتە، تەنها سەرکەوتنەکان بدرێنە پاڵ ئایدیۆلۆژیاو شکستەکانیش بخرێنە ئەستۆی دوژمنو نەیارەکانی.

لەحاڵەتێکدا (بەڵگە) لەئارادا نیە، دەبێت بەشوێن (هۆکار)دا بگەڕێین. دەبێت سەرنج بدرێ چیبوەتە هۆی ئەوەی کەسانێك بێهێزو سستو ناڕاست بەڵگەدۆزی (ئیستدلال) بکەن، بێگومان، هۆیەکەی، بەتەنها عاشق بونەو بەس. هیچ کاتێك لایەنگرانو پەیڕەوکارانو عاشقانی ئایدیۆلۆژیایەك ناتوانن ڕەخنەگرو پراکتیزەکەرێکی چاکی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بن. ئەزمون کردن پێویستی بەجۆرێك لەبێلایەنییێکی عەقڵانیانە هەیە کە لەباوەڕداران و لایەنگراندا، بەدەگمەن نەبێ بونی نیە. مەولانای ڕۆمی کەعەقڵو عەشق لەبەرامبەر یەکتردەوە دادەنێ بەئاشکرا ئەم جیاوازیە دەخاتەڕوو ڕوونی دەکاتەوە کە عەقڵ، ئەزمونکەرەو لەسودو زیان دەکۆڵێتەوە بەڵام عەشق وانیە. گیانفیدایی و بێباکی عاشقانە، ئایا بواریك بۆ بازرگانی و مامەڵە عەقڵانیەکان دەهێڵێتەوە؟

لا ابالی عشق باشد نی خرد — عقل ێن جوید کز ێن سودی برد
ترك تازو تن گرادزوبی حیا — در بلاچون سنگ زیر ێسیا
نی خدارا امتحانی می کند — نی در سودو زیانی می زند(۱)

امثنوی –دفتر ششم
ابیات
۷٤/٦۸/۱۹٦۷

باوەڕداران، هێندە دڵخۆشن بە باوەڕەکەیان و هێندە مەستانە تێیدا نغرۆ بوون، و ئەوندە یەقینیان بەراستی و جوانی و کەمالی و بەرزی باوەڕەکەیان هەیە، کەنە تاقیکردنەوەی بەپێویست دەزانن و نە جورئەتی ئەوەیان هەیە و نەرێگای ئەوەش بەخۆیان دەدەن کە تاقیبکەنەوە. ئەو بەڵێنەی کە بەخۆشەویستەکەیان داوە، هیچ کات بەشایستەی نوێکردنەوە و پێداچونەوەی نازانن لێرەوە، پاش باوەڕهێنان، لەتاقیکردنەوە رزگاریان بوە؛ و تاقیکردنەوە یان بەجێهێشتوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەعەشق و باوەڕ بێبەشن. هەر لەبەرئەمەش ئەگەر تەنها خاڵێکی نەنگیش لەروخساری خۆشەویستەکەیاندا نەتوانن بەدیکەن، ناکرێ گلەییان لێبکرێت. بەڵام مەسەلەی عەقیدە زۆر لەوە گرنگترە کە تەنها عاشقان لەئەستۆی بگرن ناتوانرێ بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا لە (عاشقە بێ باکەکان) داوا بکرێ.

رند عالم سوزرا با مصلحت بینی چه کار
کار مکك است ێێن که تدبیرو تأمل بایدش (۲)

بەڵام لێرەدا بەراستی مەسەلەی بەرێوەبردن دێتەکایەوە کەپێویستی بەکاری عەقڵ و تێڕامانە، و عاشقانی بێباك هیچیان لەدەست نایە. لێرەدا گەرمی عەشق، رێگرە، ساردی عەقڵ گەرمی بەخش تەرە. کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژیەکان، ئەگرێ توشی بەڵاو ئافەتە جۆراوجۆرەکان بن کەراستەوخۆ سەرچاوەکەی لەتایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیاکەیانەوەیە؛ و ئەمانە تەنها چاوی شیتەڵکاری عەقڵ توانای بینینیانی هەیە نەك چاوی پیرۆزگەری عەشق. کاتێك عاشقانە فەتوای ئەزمون ناپەسەندی ئایدیۆلۆژیایەك ئەدەین، واتە فتوای دابڕانی نێوان رژێمی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیا، ئەدەین تەنانەت لەگەڵ هەست کردن بەئافەتەکانیش، رێگای لابردنیان لەخۆمان دەگرین. دۆگمایی، وەهمی کەماڵ بوون، زاڵی پیرۆزکاری بەسەرشیتەڵکاری، رەواجی ریاو خۆدەرخستن و دووڕوویی و بەردەوام بیرکردنەوە لەپیلانگێڕان، و بەئاسانی زانینی گشت کاروبارو رووداوەکان (لەکۆمەڵگا ئاینیبەکاندا)، دوژمن داتاشین، زاڵی عەشق و سۆز بەسەر عەقڵ و تێڕاماندا، دەمارگیری و پیرۆزی بەخشین بەهەموو شتەکان، رەواجی خورافەو، زاڵی تەقلید بەسەر توێژینەوەدا، زاڵی خۆبەدەستەوەدان و بێدەنگ بوون بەسەر رەخنەگرتن و هاوشێوەکانیان، بەشێکن لەئافاتی کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژیەکان. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، دۆگمایی (هەرزان و ئاسان) جێگای یەقین (دەگمەن و گران) دەگرێتەوە. مافی عەشق بەتەواوی بەجەستە دەکرێت بەڵام مافی عەقڵ ناکرێت، پیاهەڵدان و پیرۆزکردنی کاربەدەست و دەسەڵاتداران بەزۆری هەست پێدەکرێت بەڵام شیکاری ووتە و کردەوەکانیان کەمتر، بەزۆری باس لە پیلان و دەستێوەردانی دوژمنە وەهمیەکان دەکرێ بەڵام بەدەگمەن ئاماژە بەناتەواوی و کەموکورتیەکان دەکرێ، مرۆڤە بێهەڵێستەکان لەمرۆڤە رەخنەگرەکان، رێزدارتردەبن، تەقلیدکارەکان واتە ئەو کەسانەی کە ووتەی دەسەڵاتداران دوبارە دەکەنەوە پیایدا هەڵدەدەن، لەلێکۆڵەرەوە سەربەخۆیەکان لەپێش ترن و... هیچ یەك لەم بەڵاو ئافەتانە دەرەنجامی پیلانی بێگانە نیە بەڵکو دەرەنجامی راستەوخۆی رژێمە ئایدیۆلۆژیەکانەو ئەگەر عاقڵانەو بەوورياييەوە بەرگرییان لێنەکرێت، کەف و کوڵی عەشق تینەکەیان تیژترو سوتێنەتر دەکات. رژێمی مارکسی شورەوی بەهەمان ئەندازەی رژێمی ئیسلامی ئێران ئامادەگی تووش بوونی ئەم ئافاتانەی هەبوو لەم رووەوە ئاسانی بوونی ئاینو زەمینی

هەژان ـــــــ

هەژان ـــ
بەرژو تەڵەکەبازی و ستەمکاری و ستەم پەسەندی، هەمدیس ئەم نەنگیانە مالّن لەسەری؟ و نەگەر شکستێك هاتە ئاراوە، گلەیی ئەم شکستە ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆژیا دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەمانە، ئایا هەرشتێك بەناوی ئایدیۆلۆژیایەك و لەژێر سێبەری ئەودا بکرێ، ئەو لێی بەرپرسیارە؟ لەمێژووی ئیسلامدا، معاویە حەجاجەکان کاری زۆریان کردوە کە ڕۆحی ئیسلام لێیان بێزارە، ئایا ئەم کارانەش هەر دەبێت بدرێنە پاڵ ئەو ئایدیۆلۆژایە؟ ئایا مێژووی ئادیۆلۆژیایەك، خودی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە؟ ئایا لەکوێ و بەچ پێودانگێك ئەتوانرێ بوترێ کە ئایدیۆلۆژیایەك بەتەواوی پراکتیزەکراوە یان نەکراوە؟

لەم ڕووەوە، داڕوخانی موسڵمانان و لەپەراوێزی مێژوودا مانەوە یان و وەك پێویست ئامادە نەبوونیان لە شارستانی نوێدا، ناتوانین بە بەشێك لەمێژوی ئیسلامی بزانین، بەڵکو بەشێکە لەمێژووی ناموسڵمانی موسڵمانان. ئەگەر لەناوەندی ئایدیۆلۆژیاوە سەیر بکەین، و جەختی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەسەر عەقڵانیەت و زانست و ئیجتیهادو سودوەرگرتن لە سروشت و زانین، ئەوە پەسەند دەکەین کە ئەو ڕوداوە مێژووییانەی کە بەسەر موسوڵمانانداً هات، خوازراوی ئایدیۆلۆژیەکەیان نیە، بەڵکو دەرەنجامی بەدتێگەیشتنی ناحاڵیان و بەدویستی خراپەکاران و ستەمی ستەمکاران و داگیرکەران بوو. ئەو هاوارەی (ئیقبالی لا هوری) ئەیکرد، کە لەئیسلامدا (سروشت) زانستی سروشتی ناموقەدەس و ناشیرین نیە، وە ئەو هاوارەی کە شەریعەتی دەیکرد، کەنابێت لەخوێنی حسەین تلیاکی بێهۆشکەر دروست کرێ و ئەو نالّەیەی کە غەزالی دەیکرد کە فقە هەموو شتێکی ئیسلام نیەو ئەو هەوڵەی کە سەدرەدینی شیرازی دای تا عەقڵ لەگەڵ شەرعدا بسازێنێ، هەموویان ئەوە دەسەلێنن کە موسڵمانان بەرە بەرە لە ئایدیۆلۆژیاکەیان دوورکەوتونەتەوە و باجی ئەم دوورکەوتنەوەیەشیان بینیوە.

ئەم تێزرییە کە لەچەند ڕوێکەوە پێکاوبەتی، دوو هەڵەی تیادا دەبینرێت، یەکەمیان: ئەم مەسەلەیە فەرامۆش دەکات کە بەردەوام تێگەیشتنێك لەئایدیۆلۆژیا زاڵەو هەمان تێگەیشتن، دەرەنجام و پێداویستی خۆی دینێتە ئاراوە.

لەناو ئایدیۆلۆژیاوە سەیرکردن، کە ئەم تێزریە بانگەشەی بۆ دەکات، لەڕاستیدا شتێك نیە جگەلە بە پێوەرزانینی تێگەیشتنی خۆو داوەرێکردن لەسەر تێگەیشتنی ئەوانیدی بەهەمان پێودانگ، پەسەندکردنی هەندێکیان و ڕەتکردنەوەی هەندێکیان. ئەمە کارێکی کەلامیە (زانستی کەلام) نەك مێژوویی، (وەك باڵێی لەداوەریکردنە مێژووییەکاندا، کەلام بەهەند نەگیرێت) و نووسینی مێژووە، بەپێی باوەڕی خۆی. بەڵام ناتوانرێ مێژووی موسڵمانان بەمێژووی ناموسڵمانان لەقەڵەم بدرێ و یا هەر شتێك لەگەڵ باوەڕی ئێمەدا ناگونجێت لێی دەرکەین و یا نکولی بکرێت لە پەیوەندی ئەم مێژوە لەگەڵ ئەسڵی ئیسلامدا. مارکسیزم و مەسیحیەت و هاوشێوەکانیان هەمان بڕیار دەیانگرێتەوە. لەدیدگای شیعەوە، مێژووی سونیەکان، مێژووی ئیسلام نیەو لەدیدگای سونیەکانیشەوە، مێژووی شیعەکان، مێژووی ئیسلام نیە. دواجار دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەسڵەن نەئیسلامێکمان هەیەو نە مێژوویەکی ئیسلامیش! ئەوەی ڕاستی بێ مێژووی ئیسلام مێژووی سونی و شیعەکانیشە، و شیعەکان لەڕووی مێژووییەوە بەهەمان ئەندازەی سونیەکان موسڵمانن (ئەگەرچی لەڕووی کەلامیەوە (زانستی کەلام) بڕیارەکانیان شتێکی تر بێت)، شیعە بوون جۆرە تێگەیشتنێکە لەئیسلام و سونی بوونیش تێگەیشتنێکی تر لێی. وە بەردەوام ئەم تێگەیشتنانەنش لەمێژودا پەیدا دەبن، مێژووی ئایینیش، مێژووی بەدەرکەوتنی گردەیی و دەرەکی هەمان ئەو تێگەیشتنانەیە. داوەرێکردن لەسەر تێگەیشتنی ڕاست و ناکۆك بوون لەسەری: الف – کارێکی کەلامیە و (زانستی کەلام).

هەژان ـــــــ

سەرئەنجام تیۆری چوارەم کەئێمە بەڕەوشیکارێکی تیۆریانەی ئایدیۆلۆژیار روانینێکی پشت بەستو بەلێتوێژینەوە کەمەندەکێش دەکات، هەلگری تەرحێکی جوانە. بەلاّم ئەم تەرحە جوانە ئەگەر لەگەلّ ئەم دیدگا هەلّەدا تێهەلکێش بکرێت، کە شیکاری کەلامی (زانستی کەلام) نەبینینو لەناسینی ئایدیۆلۆژیادا خۆمان (مەحروم بکەین لە تێڕوانینی میژوویبانە، دەرەنجام گەلێکی تالّو کوشندەی لێدەکەوێتەوەو ئەگەر باش سەرنج بدەین، گشتی بوونی ئەزمون بەتالّ دەکاتەوەو ئاین و میژووی ئاین بەژمارەی زەوقو سەلیقەو هەواردایەکان فراوان دەکات. خودی کردنەوەی ئەزمون یەکسانە بەئەستەم زانینی.

تیۆری پێنجەم کە باوەڕی وایە ئایدیۆلۆژیاکان ئەزمون پەسەندنو، میژوو مەیدانی ئەزمونیانەو شکستو سەرکەوتنو خواریو راستی رژێمە لەسەر بنیاتنراوەکانیان، دەرەنجامی ئەوانیو لەسەرئەوان حیساب دەکرێنو میژووی هەر ئایدیۆلۆژیایەک، کەم تا زۆرێک ئاوێنەی ئەو ئایدیۆلۆژایەیەو بەهەمان ئەندازە کە لە کەلام (زانستی کەلام) و بنەماکانی ئایدیۆلۆژیایەک دەتوانرێ، سەبارەت بەو ئایدیۆلۆژیایەیە زانیاری وەرگیرێ دەتوانرێ لەمیژوویشی وەربگیرێ. بەلکو هەردووکیان لەمامەلّەو گفتوگۆ لەگەلّ یەکتریدا، وێنەیەکی شیاوتر دەدەن بەدەستەوە. ئەگەر تێڕوانینی عاشقانە بەشێوەیەکی کاتی بخەینە لاوەو ئەگەر تەسلیمی ئەوەش ببێ کەلەنێوان میژووی ئایدیۆلۆژایەکو خودی ئەو ئایدیۆلۆژایەدا، دوجۆر پەیوەندی زیاتر، بوونیان نیە، کەبریتین لەجۆری پەیوەندیداریو جۆری دابڕان. وە ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کەقایل بوون بەدابڕان (بەهەر بەلگەو پاساوێک) عەقلّ رازی ناکات، ناچار دەبین کە بڕیار لەسەر پەیوەندیداری بدەین، و دان بنێین بەبڕیاری عەقلّ دا، کە رژێمێک لەژێر سێبەری ئایدیۆلۆژیایەک دا دەڕوێتو گەشە دەکات، نەنگیو شانازیو لێزبوونەوەو هەلّسانەوەو کەمالّو ناتەواوی خۆی لەوەوە وەردەگرێ. بەلّێ لەحالّەتێکدا دەتوانین خۆمان لەم بڕیارە (سەبارەت بە ئاینیەکان) لادەین. ئەویش بەوەی کە بڕیارەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینی بەتەنها بەپەرستش لەقەلّەمی بدەینو بەهیچ شێوەیەک بەچارەسەرکەری گرفتەکانی ژیانی نەزانین، واتە بلێین بۆ نموونە دانی زەکات، بۆ نەهێشتنی هەژاری کۆمەلّایەتی نیە، بەلکۆ بە تەنها پەرستشێکە بۆ رەتاندنی خۆشەویستی سامانە لەدلّدا، و بڕینی دەستی دز، بۆ نەهێشتنی دزی نیە، بەلکو بەتەنها سزاییّکە بۆ خودی دزەکە، و جیهادو بەرگری بۆ شکاندنی دوژمن فراوانترکردنی دەسەلاّتی ئیسلام نیە، بەلکو بەتەنها کارێکە بۆ گەیشتن بەپلەی شەهادەتو هەروەها بەم شێوەیە. بەلاّم ئەگەر ئەواند بەشێوازگەلێک بزانین بۆ چارەسەری گرفتەکانی ژیان، لەم حالّەتەدا، تەنها بەشێوەی تاقیکردنەوە یا گەرانەوەیە بۆ میژووی موسلّمانان کە ئەتوانین، توانایی یا نەتوانایییان بۆ گەیشتن بەئامانج دەست نیشان بکەین. وە نە تەنها بڕیارە کردەییەکان بەلکو بنەما سەرەکیەکانی ئایدیۆلۆژیاش بۆ داڕشتنی کۆمەلگایەکی ئاوەدانو بەختەوەر، بخەینە بەر ئەزمونو لێکۆلّینەوە. ئەم تیۆریە، وێنەی عەشق، لەسەرەتاوە ئاسان دێت بەدەستەوە لەدواییدا گرفتەکان سەرهەلّنەدەن. گرنگترینی گرفتەکانیش ئەوەیە کە چۆن ئەتوانرێ حکومەتی ئەمەویەکانو عەباسیەکان (لەدیدگای شیعەکانەوە) بە بەشێک لەمیژووی ئیسلام بزانرێ یاخود ئیستعمارو فاشیزم (لەدیدگای لیبرالّەکانەوە) بە بەشێک لەمیژووی لیبرالیزم لەقەلّەم بدرێ؟ و یا چینو یوگوسلافیا (لەدیدگای رابەرانی سۆڤیەتی پێشوەوە) بەئۆردوگای کۆمۆنیزم بزانرێ؟ ئەم گرفتە لێرەوە سەرهەلّدەدات کەمیژووی راڤە نەکراو لەگەلّ ئایدیۆلۆژیەکی راڤە نەکراودا بەرامبەر دابنێین هیچ

هەژان ـــــــ

هەزان ـــــــ

هەژان ـــــــ

مەژان ـــــــ

هەژار ـــــــ

مەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

دوینێی ئەڵێت "سەختترین ڕۆژگارەکان پیاوان بەهێزو خاوەن ئارامی لێ ئەکەوێتەوە[١٢]" تەنانەت دوینێی پێی وایە کە بلیمەتەکان ئەبێت هەڵگری خەسڵەتەکانی سەرکردەبن.

ئیدی هێز بەدرێژایی فەلسەفەو ئایینەکان قسەی ئەبستمۆلۆژیانەی لەسەر کراوە، بەڵام پێ ئەچێت نیچە لەناو دنیای هێزدا بیەوێت ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ژیان دروست بکات، کە هەر ئەوەش مەبەستی نیچە بوو! نیچە توانیویەتی مانیفێستی مرۆڤایەتی بنوسێتەوە ئامانجی زانستی نوێی خۆڕئاواش ڕوون بکاتەوە. کاتێکیش ڕەخنە ئاراستەی هیۆمانیزمی ڕۆشنگەری دەکات، بەوە تاوانباری دەکا کە دەستی لە هاوردنە کایەی شۆڕشی زانستی سەدەی هەژدەدا هەبووە، ئەو شۆڕشەی دواجار بوو بە دەروازەیەک بۆ پێوەندکردنی ئەقڵ[١٣].

دیورانت ئەڵێت نیچە وا ڕاهاتبوو کە ڕەخنە ئاراستەی ئەوانە بکات کە سودی لێ وەرنەگرتن بۆ فەلسەفەکەی، ئەو سەرزەنشتی ئەفلاتۆن ئەکات، لە کاتێکدا زۆرێک کاریگەری گوتاری ئەفلاتونی بەسەردا بوو.

تەنانەت بەڕای دیورانت بێت فەلسەفەی مۆرالی و سیاسی نیچە هەمان فەلسەفەی ئەفلاتۆنە، بەڵام نیچە لەوەدا شکستی هێنا کە بە قوڵی بچێتە قوڵایی ڕۆڵی فەلسەفەی یۆنانییەوە[١٤].

نیچە پێی وابوو کە سیستەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دیموکراسیانە، مایەی گاڵتەپێکردنن! چونکو بلیمەتی و داناو پیاوە ئازاکان ناچنە پاڵ هیچ گروپ و لایەنێک، بۆیە لە ساتەکانی هەڵبژاردنیشدا وون و نادیارن.

ئەی چۆن دەستمان گیر بێت لەو پاڵەوانانە؟ نیچە پێی وابوو لەحزەکانی جەنگ چاکترین مەودان بۆ نیشان دانی ئازایەتی و پاڵەوانێتی ئەو بلیمەتانە.

جەنگ لە توانای دایە کە مەودایەک بڕەخسێنێت بۆ پاڵەوان تاک بتوانێت تەعبیر لە ڕایەڵەکانی مۆرالی خۆی بکات. ئەم لەحزەیەش بە داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتن دێتە بوون، بۆیە زەرورەتە کە پاڵەوان هەمیشە سەرگەرمی دەست خیستنی ئەم مەودایە بێت. ئەوەتا نیچە لە وەسف کردنی ڕووسیادا هیوای بەو وڵاتە هەیە کە لە ئایندەدا دەست بەسەر ئەورووپادا بگرێت لە ڕێی داگیرکاری هێزەوە.

گەر ئەمە بۆچوونی نیچە بێت لە بارەی کەسێتی پاڵەوان، یان وەکو خۆی ئەڵێت مۆرالی مرۆڤی باڵا، ئەی چی وای لەو ئەکرد بڵێت "ژیان هەڵەیە بەبێ مۆسیقا" ئایا ئەمە بوونی ئاراستەی دژ نیە؟ لەکاتێکدا مۆسیقا لە دەروونێکی ئارام و هێمندا ئەتوانێت گەورەیی خۆی دەربخا.

تەنانەت یەکەم بەرهەمی نیچە کە بە نوسینێک لەسەر درامای یۆنانی نووسیویەتی، لە چیاکانی "ئەلپ" بە ئەنجامی گەیاندووە، دوور لە قەرەبالغی و لە ئامێزی ڕۆژگارێکی بێدەنگ دا.

ئەی داخۆ بۆچی دواتر نیچە لە ڕایەڵەکانی مۆرالی مرۆڤی نوێدا پرۆسەی دەمارگیری وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ئەو مرۆڤە تەوزیف ئەکا؟ داخۆ ئیرادەی جەنگ، ئیرادەی هێز، بۆ مانەوە لە ژیاندا پەیوەندیەکی فەلسەفی و سایکۆلۆژیان هەبێت لەگەڵ ساتە ناسک و ئارامەکانی چنینی نۆتەکانی مۆسیقا؟

داخۆ ئەکرێت لەیەک لەحزەدا مرۆڤ تەئەمول بۆ دوو پرۆسەی لەو شێوەیە بکات؟

ئێمە لە مرۆڤی باڵادا نیچەیەکی ناشرینی قێزەون بەدیی ئەکەین، نیچەیەک کە لە پێناوی مانەوەدا ئەبێتە درندە، نیچەیەک بەدی ئەکەین کە سوورە لەسەر سڕینەوەی مانا جوانەکانی ژیان و سەرەتایەکە بۆ خولقاندنی جەنگ.

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

مەژان ـــــــ

هەژان ـــــــ

بەشی سێهەم

یەکەی مامەڵەو جەوهەری قەیران

موحسین لەدیب

بۆئەوەی وادەرنەکەوێ میثالیانە بیردەکەینەوە، گەرەکە ئەوە یەکلایی بکەینەوە کە ئێمە لەم باسەو لەشێوازی بیرکردنەوەشماندا، بڕوامان بەیکەی (مامەڵە) هەیەو هیچ شتێك نەفی ناکەینو بڕیاری لەپێشینەی چاك‌و خراپ، جوان‌و ناشیرین بەسەریاندا ناسەپێنین، بۆیە ئەگەر لەم باسەشماندا بەدیدێکی ڕەخنەییەوە لەسەر هەندێ شت دوابین بەتایبەت زانست (عیلم) بەچەمك‌و دیوە جۆراوجۆرەکانیەوە، ئەوە مانای ئەوەیە بەهەندیان دەگرین‌و مایەی گرنگی پێدانمانن.

بەڵام لەهەمان چرکەدا گەرەکە (چەندێتی‌و چۆنیەتی) ئەو مامەڵەیە ڕوون بکەینەوە، لێرەوە ئەمەوێ ئەوە بدرکێنم پێویستە مامەڵەمان لەگەڵ شتەکاندا، بۆ وەرگرتنەوەی -خود- بێ، نەوەك بۆ لەدەست دانی - خود-، بۆئەوەی (ئێستا) وەرگرینەوە لەگەڵ (نوسراوو میژووەدا) مامەڵە ئەکەین، بۆئەوەی (ئێرە) خۆمالێکەین لەگەڵ (ئەوێ)دا مامەڵە ئەکەین، بۆئەوەی ئەمڕۆمان چالاك‌و زیندوبێ مامەڵە لەگەڵ -دوێنێدا ئەکەین بۆئەمەش ئەبێ بەردەوام ئەوەمان لەپێش چاوبێ کەبەپێوەرە ئامادەکانی (خودو ئێستاو ئێرە) مامەڵە لەگەڵ (ئەویدی‌و دوێنێ‌و ئەوبێ)دا ئەکەین، ڕوونتر بڵێم جەوهەری قەیران لەهەڵەی مامەڵەماندایە لەگەڵ شتەکاندا، نەوەك لەخودی شتەکاندا، چونکە ئەگەر ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمە لەمێژوو و هەنوکەشیدا -مامەڵە-ی هەبووبێ، ئەوا دوو جۆر مێژوو، دوو جۆر ناوەند کاریگەری هەیە لەسەری‌و مانا ئەداتە موفرەدەکانی ناو کایەکە:-

١-مێژوو و ڕۆشنبیری ئیسلامەتی‌و ناوەندی پێگەیشتنی ئەو ئاینە.

٢-مێژوو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ناوەندی پێگەیشتنی ئەو ڕۆشنبیریە.

دڵنیام لەوەی سەرەتای ڕۆشنبیری ئێمە لێرەوە هەنگاو دەنێ، و ئەگەر قورسیش نەبێ ئەڵێم هەر لێرەشدا تەواو دەبێ‌و کۆتایی دێ، بەدڵنیاییەوە ئەمەش پەیوەندی نیە بەجۆری ئەو ڕۆشنبیریانەوە، بەڵکو پەیوەندی بە چەندێتی‌و چۆنیەتی - مامەڵەی - ئێمەوەیە لەگەڵیاندا.

ئەو ڕۆشنبیریانە بەر لەوەی هەر شتێکی ئامادەو دروست کراوبن، هێزێك، شعورێکی زیندو، گیانی گۆڕان هەیە لەباکگراوند بەڵام ئێمە لەبری ئەوەی ئەو ڕۆحە زیندوە دەرك بکەین‌و کاری لەسەر بکەین و خۆمالێیانە بەرهەمی بهێنین، بەپێچەوانەوە شتە ئامادەکراو و مردووەکان کۆنترۆڵمان دەکەن‌و ئەو

رۆحیەتی – کردن-ەش لەناخماندایە دەمرێ، لەبری ئەوەی شعوری ئاینی کەشف بکەینو بیکەینە پێگەی تێڕوانینمان، زانست (عیلم)ی ئاینیو مودیلو قالبەکان ئیستیاد دەکەین.

هەر لێرەوەیە لای ئێمە پێودانگی رۆشنبیریو رۆشنبیربوون ئەوەیە بارێ زانستی ناو کتێبو کۆمەڵە زاراوەیەکی ئامادەو وەڵامە بەساندویچ کراوەکانت لەبەر کردبێت، یاخود بەدیوێکی تردا رۆشنبیر کەسێکە لەگەڵ نموزەج و مۆدیلاتی کەسێکی رۆژئاواییدا یەک بگرێتەوە.

لێرەوە، لەم مامەڵەیەدا بەتێپەڕینی کات دوو جۆر کەسێتی لەناوەندی رۆشنبیری ئێمەدا وەک نوێنەری رۆشنبیری گەڵاڵە بوو، کە تاگەیشتونەتە ئێمە پیربوونو شعورو روحیەتی – کردن – یان تێدا مردووە. ئەوانیش:

١-مەلا (مامۆستای ئاینی).

٢-ئەفەندی.

ئەم دوو جۆرەی رۆشنبیر هەرچەندە لەفۆرمدا جودان، بەڵام لەچەندێتیو چۆنیەتی کارکردنیاندا جیاوازیەکی وایان نەبووە بەتەنها لەوەدا نەبێ کە هەر یەکەیان جۆرە قالبێکو شێوە مودیلێکی جیاوازی بەرجەستە کردووە، پێدەچێ ئەمەش لەبەر ئەوەبێ کە هەردوکیان لەناو چوارچێوەی دەزگاکاندا کارو دەکەنو ئەوان بەتەنها تیایدا کارمەندنو هیچی دی، ئیشی سەرەکی کارمەندو دەزگاکانیش، بەتەنها جێبەجێکردنی فەرمانی ئامادەو پاراستنی ئەو دەزگایەیەو هیچی دی، لەکاتێکدا کاری جەوهەری رۆشنبیرو ئاینی بوون بەڕای من تێپەڕاندنو تێک شکاندنی دەزگاکانە: ئاین لەناخی خۆیدا هەموو بوونە مولکێ رەت دەکاتەوە، ئاین رەتی ئەوە دەکات کۆمەڵێ کەس ببنە نوێنەریو تەمسیلی بکەن، لێرەوە جەوهەری ئاین ئەوە دەخوازێ لەچرکەیەکدا لەناومانداببێو لەناویشیدا بین، ئاین لەوە مەزنترە کۆمەڵە کەسێک فۆرخی بکەنو ئیش لەسەر ئەوە بکەن تاکە دەم راستی ئاین ئەوانن پێشم وایە ئەمە ئەو زەبرە کوشندەیە کە لەدڵی هەموو ئاینێ دەدرێ، ئەو بیدعەی جەرگ بڕەیە کە لەناخەوە هەموو ئاینێ بەکوللی رەفزی دەکاتەوە (قل یاأهل الکتاب تعالوا الی کلمة سواء بیننا وبینکم ان لانعبد الا الله، ولانشرك به شیئا، ولایتخذ بعضاً بعضاً اربابا من دون الله) (آل عمران –٦٤)

ئەگەر ئەمە جەوهەری ئاین بێ، بێگومان کایەی رۆشنبیری ئەگەر یەکی نەبێ لەهاو ماناکانی ئاینو دیوێکی تری ئەوا بێگومان دەرئەنجامێکی ئاینەو کاریان یەکانگیرەو بەردەوام لەدژی پرۆسەی بەمولک بوونو بەقالب بوون دەجەنگن.

بۆیە ئەگەر بەجیا باس لەرۆشنبیری بکەین گەرەکە ئەوە بڵێین کە کرۆکی ئەم کایەیە لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە بە بەردەوامی لەخۆ نوێکردنەوەو دەرەوە نوێکردنەوەدایەو بەکوللی رەفزی بەمولک بوون دەکات.

بەڵام لەناوەندی رۆشنبیری ئێمەدا هەردوو کایەی (ئاین – رۆشنبیری) لەرێڕەوی خۆیان لادراونو پێناسەیەکی تریان پێبەخشراوە، واتە کراونەتە نوسراوێکو خوێندنەوە قەبوڵ ناکەن، کراونەتە قالبێک و شۆڕشو داهێنانیان زۆر لا ئەستەمە.

لێرەوە لەناوەندی رۆشنبیری ئێمەدا هەر یەکێ لە (مەلا) و (ئەفەندی) هەم ناینو هەم رۆشنبیریشیان وەک قالبێکی ئامادەو نوسراوێکی پیرۆز بەرجەستە کردووە، بۆیە سەرەڕای ئیجابی نەکەوتنەوەیان، خودی ئەو تێزانە بەپێچەوانەوە بونە هۆی پچڕانی رایەڵی دایەلۆگو پەیوەندی کایە جۆراوجۆرەکان. چونکە هەروەک پێشتر وتمان و رونمان کردەوە، هەمیشە شەڕو لێکنەگەیشتن لەنێوان دوو تێزدا بوونی هەیە کە هەردوکیان لەقۆناغی ناشیعریەتدا (بە عیلم بوون) دابن، واتە شەڕو هەراکە لەسەر ئەوە نیە کە ئەم دوو تێزە لەیەک دوورنو پردی دایەلوک دادیان نادات، بەڵکو لەجەوهەردا لەبەرئەوەیە کە ئەوان هەردوکیان قالبنو بەئامادەیی هێنراونو بەتەنها جێگۆڕکێیان پێکراوە.

ئەگەرنا ئەم دوو تێزە لەهەموو شتێك زیاتر پێویستیان بەیەکدییە ئەگەر قالبو وەڵامە ئامادەکان وەلانێنو جارێکی دی خۆمالێیانە کاریکەن، ئەوا نمونەیەکی نوێی رۆشنبیرو ناوەندێکی زیندوی رۆشنبیری لەدایك دەبێ کەیەکجار جیاوازبێ لەدۆخی ئێستاو لەوەئەچێ ئەمەش تەنها ئەلتەرناتیفێبێ بۆ گۆڕدان بەم قەیرانو متبوونەی هەنوکەی رۆشنبیری کوردی.

ئەگەر روون تر قسە بکەین، لەناو رۆشنبیری ئێمەدا -مەلا- وەک مۆدیلێکی ئایینیو -ئەفەندی- وەک مۆدیلێکی رۆژئاوایی ئامادەگیان هەیە، ئەگەر ترۆپکی (مەلا) بوون، دوانزە عیلمی بێت، ئەوا لوتکەی ئەفەندی -بوونیش بە (مامۆستای زانکۆ) بوونە.

وەک ئاماژەم پێکرد ئەم دوو ناسراوەی ناو رۆشنبیریمان لە سەرێکەوە زۆر جیاواز دەردەکەون، بەڵام لەهەمان چرکەدا چەندین خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەندێکیان:-

١-جەخت کردنەوە لەسەر سەرچاوەو نوسراو: هەردوولا بەشێوەیەکی تەقلیدی جەخت لەسەر نوسراوو سەرچاوە دەکەنەوە. ئەگەر مەلا وەک نوێنەری کلتورێك بۆ راستیو دروستی شتەکانو لەبێژەنگ دانیان سەرچاوەو نوسراوەکانی میژوو بەسەنگی مەحەك بزانێ کۆنترین سەرچاوە بەچاکترین بەلگە بزانێ، ئەوا - ئەفەندی - یش وەک پرنسیپێکی ئامادە زۆرترین سەرچاوە ئەکاتە پێودانگی سەرکەوتوویی و کەمترین سەرچاوە ئەکاتە پێودانگی لاوازی بابەتێك.

دیارە ئەم شێوە ئیشکردنە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، دەرگاکانی عەقڵ قفڵ ژەن دەکەن، چونکە ئەگەر نوسراو ووتراوەکان ئامادەگی تەواویان هەبوو ئەوا ماوە نامێنێتەوە بۆ ووتن، بۆ نوسین، ئەگەر زۆرترین سەرچاوە ئامادەیی هەبێ ئەوا کەمترین بوار ئەمێنێتەوە، بۆ ووتن بۆ نوسین بۆیە ئەوکات جۆری ئیشکردنمان لەپرۆسەی نوسینەوە دەبێتە پرۆسەی ماشینەوە). لێرەدا دەبێ پرسیارێك بوروژێنین، چۆن کارێ بکەین نوسراوەکانی ئێمەش ببنە سەرچاوە؟ چۆن ژمارە (یەك) بکەینە ژمارە دوو؟ بەرای من پێویستە بۆ ئەم مەبەستە دوو رێگە بگرینە بەر:

١-خۆ دزینەوە لەنوسراو وەک یەکەمین سەرچاوەی رۆشنبیربوون.

٢-مامەڵەمان لەگەڵ سەرچاوەدا بگۆڕین: واتە ئێمە سەرچاوە بەکاربهێنین ئێمە نوسراوەکان سەر لەنوێ بنوسینەوە نەوەك سەرچاوە ئێمە بەکاربهێنێ نەوەك نوسراوەکان ئێمە بنوسنەوە.

٢-هەردوولا ئاسۆیی کار دەکەن: ئاسۆیی کارکردن بەو مانایەی رۆژانەو بە بەردەوامی شتی ئامادەو هێنراو و بار، دوبارە بکەینەوە، بەبێ دەرک کردنی کرۆکی ئەو شتانە، بەبێ تێڕامان لەزیندوویی و کارایی ئەو شتانە، دیارە ئەمەش دوو هۆی هەیە، یەکەم لەسلبیەتی مامەڵەوە، واتە ەلگەڵ شتەکاندا وەک ئامادە کراوێک مامەڵە دەکەن، نەک وەک کەرەستەی خاو، ئەمەش وادەکات هەردوولا لەدەرەوەی زماندا کاربکەن و نەچنە ناو تونەتونەکانی زمان و مانای نوێ بەرهەم نەهێنن، و زیاتر رۆتینی ببنەوە و دواجار وەک بەکاربەرێ (مستهلك) بمێننەوە هیچی دی، دووەم هۆی ئاسۆیی کارکردن تەبایی بوونە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەلاتدا (دەسەلات بە رەهەندە کۆمەلایەتی و ئاینی و رۆشنبیری و سیاسیەکانیشەوە) و کاری سەرەکیان پاڕێزگاری کردنی قەلای دام و دەزگاکانە، بۆیە هەردوولایان هەڵوێستیان پاڕێزگارانەیە ئەمەش وا دەکات دەسەلات بێ رەقیب بمێنێتەوە و بەئارەزوی خۆی هەنگاو هەڵگرێ، لەکاتێکدا (ستونی) کارکردن دوو رەهەندی هەیە، یەکەم بەرهەم هێنان، دووەم نەهاتنەوە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەلات، چونکە ئەم جۆرە کارکردنە شتە ئامادەو وەلامە داسەپێنراوەکان تێك دەشکێنێ کە خودی دەسەلات یەکێکە لەوەلامە ئامادەکان.

تەمەنی هەوڵو تەقەلای هەردوولا تا سنورێکە: واتە کایەی رۆشنبیری وەک شتێکی ئەنتۆلۆژی وەرناگرن، تا ئەو سنورە لەگەڵ رۆشنبیریدا دەڕۆن کە وەزیفەو بەرژەوەندێکی جێگیر دەسەبەر بکەن.

ئەگەر دوا سنوری هەوڵی (مەلا) دوانزە عیلمی بێ ئەوا دوا سنوری ئەفەندیش (بوونە مامۆستای زانکۆیە)، ئەگەر تەقەلای (مەلا) مامۆستای ئاینی بەبەستنی میزەرو جبە کۆتایی پێبێ، ئەوا کۆششی ئەفەندیش بە بەستنی بۆینباخو لەبەرکردنی قاتێك کۆتایی دێ، ئەمە دەڵێم ئەوەشم لەبەرچاوە کە بەڕاستی لەواقیعی ئێمەدا هەوڵی جیدی زۆر بەدەگمەن نەبێ هەستی پێناکرێ لەلایەن ئەو دوو رۆشنبیرە لەکاتێکدا لەرۆشنبیری عەرەبیدا ئەکادیمی وەک (د. محمد عابد الجابری) مان هەیە کە زۆربەی زۆری نوسینە فیکرییەکانی پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆراکەی نوسیونی هەروەها کەسێکی وەک (د. عبدالکریم سروش) لە رۆشنبیری ئێرانیدا بەهەمان شێوەو دەیان نمونەی تر...

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەپێچەوانەوە مەلاو ئەفەندی ئێمە دەبنە ڕێگر لەبەردەم هەندێ پرۆژەی جیدیدا کە لەدەرەوەی خۆیانەوە لەهەوڵ دایە.

٣-وونی پرسیار لای هەردوولا: پرسیار ئەو چرکە زیندوویە کە خەونەکانی رۆشنبیر بەرینتر و دەرگاکانی عەقڵو کۆشش رۆشن دەکاتەوە، پرسیار لەناجێگیریو قەلەقەوە سەرچاوە دەگرێ، لەحزەیەك رۆشنبیر لەخۆی رازیو سەقامگیر بوو، وەزیفەیەکی دەست خست، ئیدی پرسیاری جیدی لای کۆچ دەکاتو پرۆژە گشتییەکانی بچوك دەبنەوەو دەبنە پرۆژەی تایبەتیو بەرژەوەندی تاکە کەس، لێرەوە دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین، وونی پرسیار لای رۆشنبیر یەکسانە بەوونی ونەبوونی پرۆژەی جیدی، چونکە وونی پرسیار خەونەکان دەمرێنێ و ئاسۆکان تەسك دەکاتەوە، چرکەیەکیش خەون نەبوو هەوڵو کۆششیش ئامادەگی نابێن هەر بۆیەش بەداخەوە تا ئێستا پرۆژەی جیدی لەلایەن ئەو دوو رۆشنبیرەوە شك نابەین.

ئەو هۆکارەی لەپشت کوشتنی پرسیارەوەیە لای هەردوولا سەقامگیربونیانە، ئاشکرایە لەسەقام گیربوونداو (وەزیفەو بەرژەوەندی) کاریگەری دەبی ئەوەك پرسیارە ئەنتۆلۆژیەکان.

٤-دەگمەنی پرۆسەی نوسین لای هەردوولا ئەوەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:

١-وا پڕکراون یان خۆیان وا پڕ کردووە کە نوسراوەکانی رابردوو هەموو شتێکیان بڕیوەتەوە.

٢-سلبیانە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەو نوسراودا (واتە سەرچاوە ئەمان بەکارنەهێنێ ئەوەك ئەمان سەرچاوە بەکاربهێنن).

٣-شعور نەکردن بەقەیرانو گرفتەکانی کۆمەڵگاو نەبوونی روحیەتی قوربانیدان لەو پێناوەدا.

٤-زاڵی گوتاری (ووتن) بەسەر گوتاری (نوسین)دا.

٥-مەیلداری بۆ ئەرێی ڕەهاو نەرێی ڕەها؛ واتە یان تەسلیم بوون یان بانگهێشتی جەنگ، و نەبوونی شتێك لەو نێوەندەدا، گرفتی سەرەکی هەردوولایە، بەجۆرێك کە لەهەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە، هەر لایەك بەرەهایی فۆرمێکی رۆشنبیری قەبوڵەو بەرامبەرەکەی بەرەهایی ڕەفزە، لێرەوە ئەوەی پێیدەوترێ پەیوەندی، ئەوەی پێیدەوترێت مامەڵەو گفتوگۆ، لەگۆڕ دەنرێ قەیرانەکانی ئێمە لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە چرکەیەك دەمانەوێ باس لەقەیرانی رۆشنبیری بکەین، گەرەکە لەم خاڵەوە هەنگاو بنێین، ئەگین سەرمان لە قەیرانی ترەوە دەردەچێ... بۆیە پێویستە میتۆدێکمان بۆ مامەڵە هەبێو بەشێوازێکی سیستماتیکیانە لەگەڵ شتەکاندا مامەڵە بکەین.

٦-کۆپی بوونەوەی کەسێتی هەرلایەکیان لەیەك فۆرمدا:

واتە بەشێوەیەکی گشتیو ئاسۆیی هەموو (زانایانی ئاینی) کوردستان لەیەك کەسێتیدا کورت دەبنەوەو لەیەکێکیشیاندا هەموویان، بەهەمان شێوەش (ئەفەندی) هەموویان لەیەکێکیاندا کورت دەبنەوەو لەهەموشیاندا یەکێك.

ئەگەر هۆکارە جیاوازەکان وایان لەئێمە کردبێ کەچەند خاڵێکی هاوبەشی ئەو دوو رۆشنبیرە بخەینەڕوو، ئەوا قەت ئەوە ناگەیەنێ کەئێمە باوەڕمان بەوە نییە کە ئەو دوو رۆشنبیرە لەچەند خاڵێکی جەوهەریدا جودان، لێرەوە ئەمەوێ بڵێم تاڕادەیەکی زۆر هاوڕام لەگەڵ د. عبدالکریم سروش دا کەسێ خاڵی جیاوازی لەنێوان نوێنەرانی (حوجرە)و (زانکۆ)دا دەستنیشان دەکات:

١-لەپێش زانستی ئاینیبەوە حوجرە (حوزە) باوەڕ هەیەو مولتەزیمن بەتێگەیشتن، لەحاڵەتێکدا لەپێش زانستی زانکۆییبەوە باوەڕ ئامادەگی نییەو و مولتەزیمن بەرەخنە.

٢-لەحاڵی حازردا (مەبەستی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێرانە) نوێنەرانی حوجرە پەیوەندییەکی تۆندیان بەدەسەڵاتەوە هەیە، لەکاتێکدا زانکۆییبەکان وانین

٣-وەرگری حوجرەو زانای ئاینی، جگە لە وەرگر (مخاطب)ای تایبەت خەڵکی عەوامیش بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لای زانکۆییبەکان بوونی نییە.

ئەڵبەتە من هاوڕام لەگەڵ د. سروش دا بەتایبەت لەخاڵی یەکەمدا کەخاڵێکی جەوهەرییە، بەڵام جێی سەرنجی من ئەوەیە سەرەڕای ئەو جیاوازییە جەوهەییەش هێشتا کاری ئەفەندی لەسەرو

هەموویانەوە (مامۆستایانی زانکۆ) لەزۆر رووەوە لەگەڵ کاری (مەلا)دا جودا ناکرێتەوە. ئەگەر هەر بەسەرپێیەکەوە سەیری لێکۆڵینەوەکانی دەرچوونی بەکالۆریۆو نامەی ماستەرو دکتۆراکانی کوردستان بکەینو لەگەڵ خوێندکاری ئەو قۆناغانەدا بدوێین، ئەوا زۆر بەراشکاوی هەست بەوە دەکەین کەزۆر شتی لایە، دەیەوێ زۆر شتی نوێ بڵێ دەیەوی تێپەڕێ، ئەخوازی داهێنان بکا، بەڵام گەورەترین ڕێگر سەرپەرشتیارەکەیەتی (مشرف) کەڕێگا نادا خوێندکارەکەی شتێ بڵێ کە لەگەڵ قالبەکانی زانینی ئەمدا یەک ناگرنەوە، جا ئەو ترسە راستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ، واتە زۆرجار خوێندکار لەبەرئەوەی لەناخیدا هەست بەو ترسە دەکات زۆر شت نالێ نەوەکو لەگەڵ میزاجی سەرپەرشتیارەکەیدا یەکنەگرێتەوەو تامەکەی پەسەند نەکرێ.

ڕۆشنبیر لەخۆیدا....

ڕۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا....

ڕۆشنبیر کێیە؟ ئەمە پرسێکەو گەرەکە هەریەک لەئێمە لەمیانەی قسەکردنیدا لەسەر ڕۆشنبیرو کارکردەکانی لەخۆیی بکات ئەوکات دەتوانێ دەرگای مەسەلە مەعریفیەکان لەخۆی بکاتەوە.

دوو ڕەگەزی سەرەکی پێناسەی ڕۆشنبیر بەرجەستە دەکەن:

١-ماهیەتی ڕۆشنبیر لەناخی خۆیدا.

٢-ماهیەتی ڕۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا (لەکارکردەکانیدا)

وەک گشت کایە مەعریفیەکانی دی، ڕۆشنبیر پێناسە گەلێکی جۆراوجۆری بەدەوردا خڕبۆتەوە، بەڵام هیچێکیان لەجوغزی ئەو دوو ڕەگەزە ناچنە دەرەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیر هەم شتێکە لەخۆیدا هەم لەدەرەوەی خۆشیدا.

لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر ئەوە بکەین، هەر بیریارەو هەر ئایدیایەک لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە پێناسە دەداتە ڕۆشنبیر، بۆیە ناتوانین لەپێناسەکانی ڕۆشنبیر وخودی ڕۆشنبیر بگەین، تاوەکو لەو ڕوانگانە حاڵی نەبین کەپێناسەکانیان لێوە سەرچاوە دەگرێ.

بەڕای من زۆرێ لەپێناسەکان ئەو دوو ڕەگەزەیان لەبەرچاو گرتوە، ئەگەر ڕەچاویان نەکردبێ ئەوا وا نازانم بەرجەستەی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیریان کردبێ.

ژان پۆل سارتەر وەک ڕابەرێکی (بوون گەرا) کە دەیەوێ مرۆڤ (خود) چالاکانە لەهەموو مەیدانەکانی ژیاندا کاریگەری هەبێ و خودی بانگهێشتی (بوون گەراکان) زیندوکردنەوەی مرۆڤە، بە شۆڕشکردنی بەرامبەر گشت قالبە سوارو ئامادەکان، بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆشنبیر دەکات)

ئەو کەسەیە کە شوێنەواری سروشتی خۆی بەجێ دەهێڵێ، ئەو کەسەیە کەخۆی لەشتێک هەڵدەقورتێنێ کە پەیوەندی بەمەوە نیە)-١-

بەڕامانێکی خێرا پێناسەکەی سارتەر دەکرێ بەدوو بڕگەوە:

١-(سروشتی خۆی دەسڵێنێ) بەهۆی پرسیارە ئەنتۆلۆژیەکانیەوە خودێکی سەربەخۆ بەرجەستە دەکات/ ڕۆشنبیر لەخۆیدا/.

٢-(خۆی لەهەموو شتێ هەڵدەقورتێنێ) کە پەیوەستە بە بڕگەی یەکەمەوە واتە دوای ئەوەی ڕۆشنبیر خۆی دۆزیەوە، ئەوکات لە ڕوانگەیەوە بەشێوەیەکی وشیارانە بەشداری چالاکیی بە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە دەکات / ڕۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا/ لێرەوە لەدیدی سارتەرەوە ڕۆشنبیر هەم کەسێکە پرسیار دەکاتو هەرگیز کەسێکی بێباک نییە، بەڵکو بەرپرسە بەرامبەر هەموو شتێ.

لەلایەکی دیکەوە (ئەنتۆنیۆگرامشی) مارکیستی ئیتالی لەڕوانگەیەکەوە پێناسەی ڕۆشنبیر دەکات کەخۆی دەیەوێ بەرجەستەی ئایدیاکەی دەکات، ئەو دەیەوێ لەئیتالیایەکی ڕۆژئاواییدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەسەر بنەمایەکی مارکسی دابمەزرێنێ، بۆیە ئاسانە لای ئەو بگوترێت هەموو مرۆڤەکات ڕۆشنبیرن بەڵام هەمویان ڕۆڵی ڕۆشنبیر نابینن.

لێرەوە گرامشی ڕۆشنبیر دەکات بەدوو جۆرەوە، لای ئەو ماموستا تەقلیدییەکانی دەزگاکانیش ڕۆشنبیرن گەرچی ئەمانە جێگیرنو هەموو چرکەو ساتێ یەک شت دوبارە دەکەنەوە، جۆری دووەم ڕۆشنبیری (ئۆرگانی)یە کەڕاستەوخۆ بەشداری چالاکیو کردە جۆراوجۆرەکان کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەمان بەردەوام لەکارو تەقەلادان و خەریکی بنیات نانن. (اطلاعات سیاسی – اقتصادی ٩٢-٩١ ئیدوارد سعید)

لای گرامشی پێودانگی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کارایی و چالاک بوونە، بۆیە ڕۆشنبیری ئۆرگانی بە بنیات نەرو ڕۆشنبیری تەقلیدی بەدوبارە کەرەوەیەکی بی بەرهەم لەقەڵەم دەدات، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕۆشنبیری تەقلیدی ڕەت ناکاتەوە چونکە یەکێکە لەپێویستییەکانی (کۆمەڵگای مەدەنی) و هێنانەدی خەونەکەی.

بەڵام ئەوەی لەپێناسەکەی گرامشیدا وونە، ماهیەتی ڕۆشنبیر خۆیەتی. ئایا ئەو ماهیەتەی کەڕۆشنبیرەکەی گرامشی کاری لەسەر دەکات چییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بچینەوە جوغزی ئەو بازنەیەی کە گرامشی لێیەوە دەدوێ کە مارکسیزمە، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم ئەو کەرەستەیەیە کە ڕۆشنبیرەکەی لەمەڕ گرامشی کاری لەسەر دەکات، واتە دەتوانین ئەوە بدرکێنین کەپێناسەکەی گرامشی بۆ ڕۆشنبیر ئەوەندەی ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی هەیە، ڕەهەندێکی مەعریفی نییە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی وەستایانە کار لەسەر ڕۆشنبیر دەکاتو تانو پۆکانی تاو توێ دەکاتو نایەوێ ئەزمونی مارکسیزمی ڕۆژهەڵاتی وەک خۆی لەرۆژئاوادا دوبارە بکاتەوە، دیارە ئەمەش لەبەر دوو هۆ:-

١-لەپێناسەکەیدا ماهیەتی ڕۆشنبیر لەخودی خۆیدا دیار نییە.

٢-لەپێناسەکەیدا سەروەرییەک بۆ زۆرینەی خەڵک (پرۆلیتاریا) بەناشکرا دیارە (ئەمەش لەخاڵە ستراتیژیەکانی مارکسیزمە).

بەپێچەوانەی گرامشییەوە (جولیان بێندا) ڕۆشنبیران بەتاقمێکی بچوک (فەیلەسوف –شا) لەقەڵەم دەدا، کەخاوەنی خەسڵەت گەلێکی تایبەتو ئەخلاقی بڵندی وێژدانی مرۆڤایەتین.

ئەو وا دەبینێ کە ڕۆشنبیران بوونەوەر گەلێکی زۆر دانسقەن، بۆیە نمونەکانی بریتین لە(سوقرات – مەسیح – سپینۆزا- ڤۆڵتێر- ئیرنس ڕێنان) و نمونەی ئەمان، بەکورتی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بریتین

لەوانەی کەهەست بە بەرپرسیاری دەکەن و چێژ لەتاقیکردنەوە هونەری و زانستی و میتافیزیکیەکان وەردەگرن و بەکاری جیدی یەوە خەریك دەبن و هەمیشە بەرگری لەبێ دەسەلاتان دەکەن لەبەرامبەر دەستەلاتداراندا، بۆیە بیندا زۆر باوەڕی بەهێزو دەستەلاتی ئەخلاقی هەیە لای رۆشنبیر. (اطلاعات سیاسی – اقتصادی ژ ۹۲-۹۱ ئیدوارد سعید) کەوابوو لەپێناسەکەی (بیندا)دا هەردوو رەگەزەی پێناسەی رۆشنبیر هەست پێدەکرێ چونکە لای ئەو رۆشنبیر چێژ لەتێڕامانو بیرکردنەوە دەبینێ و لەلایەکی دیکەوە هەست بە بەرپرسیاری دەکات (ئەگەرچی زۆر موقەدەس سەیری دەکات).

هەر لەهەمان دیدگاشەوە (سی – رایت – میلز) پێی وایە (هونەرمەندو رۆشنبیری سەربەخۆ لەو کەسێتیەیە دەگمەنانەن کە بۆ دژایەتی کردنی قالبەکان ماونەتەوە) (اطلاعات سیاسی – اقتصادی ژ ۹۲-۹۱ ئیدوارد سعید)

د. محمد عابد الجابري ئەوە روون دەکاتەوە، رۆشنبیر کەسێکە لە روانگەی بیرکردنەوەی رۆشنبیرانی پێش خۆیەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بیر دەکاتەوە، جایا وەکو، لەسەر ڕێڕەوی ئەو دەڕوا، دوبارەی دەکاتەوە، دژی دەوەستێتەوە، یا تێپەڕپێنێ ... هتد..

بەڕای جابری رۆشنبیرێك نیە لەسفرەوە دەست پێبکات، بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیە لەبابەتدا، جا ئەو بابەتە (بیرۆکەکان) بێ یاخود دراوەکانی واقیعی سروشتی و ئابووری و کۆمەلایەتی. (المثقفون والحضارة العربية – لا ۷۷).

لەوەلامی پرسیارێکدا (واتای رۆشنبیر چیە؟) پیتەر ئیستەر هازی "Peter Ester hazy" هەنگاری دەڵێ (رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە پرسیار دەکات.

ئەو منداڵەی حەزی لەپرسیارکردنە، رۆشنبیرە، بەڵام ئەو پرۆفیسۆرەی جار لەدوای جار وەڵامە حازر بەدەستە کۆنەکانی خۆی دەخاتەڕوو، رۆشنبیر نیە) (ڕەهەند ژ، ٦، پیپسی سنین. و/ هەلکەوت عبدالله).

ئەم پێناسەیەی ئیستەر هازی شایستەی ئەوەیە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، چونکە لەلایەك ئەوەمان بۆیەك لایی دەکاتەوە، ئەوەی پرسیار ئامادەگی تەواوی نەبێ لای با پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆش بێ رۆشنبیر نیە.

کە ئەمە لەبەشی یەکەمی ئەم باسە دا تیشکمان خستۆتە سەر*. لەلایەکی دی تیشك دەخاتە سەر دوالیزمەی (پرسیار – وەڵام) ئامادەگی پرسیار وەك شوناسی رۆشنبیرو ئامادەگی وەڵام وەك شوناسی نارۆشنبیر.

ئامادەگی وەڵام بەمانای بکۆژی مەعریفە، پرسیار ئەو چرکەیە لەدایك دەبێ کەرۆشنبیر زیندوو شعور بەگرفتەو ئیشکالە جۆراوجۆرەکان دەکات،

ئامادەگی وەڵام بەو مانایەی کەئیدی رۆشنبیر لەچالاکی کەوتوو کۆنەرە بەرامبەر گرفتەکانو دەستەوسانە لەچارەکردنیان، پرسیار بەردەوام هەوڵو کۆششی لەگەڵ خۆیدا بەرهەم دەهێنێ، ئامادەگی وەڵام واتە وت بوون و بەرجەستە کردنی کاری نێگەتیڤ، پرسیار بەهەمیشەیی ئەنتی وەڵامەو دەستەلاتی وەڵامەکان ئەوکاتە لەترۆپکدایە کەپرسیارەکان لەبنەوەن.

هەژان ـــــــ

نادات بەسەر شتەکاندا، لەکاتێکدا مەعریفەی تەلقینی مانەوەی پەیوەستە بەبڕیارە پێشوەختەکانی بەرە، کەواتە دەتوانین مەعریفەی پەتی بەنیشکردنێکی ستونی و مەعریفەی تەلقینی بەنیشکردنێکی ئاسۆیی لەقەڵەم بدەین، لێرەوە دەشێ دان بەو حەقیقەتەدا بنێین کە مەعریفەی پەتی مەعریفەیەکی زیندوو دەگمەنە لەبەراورد کردنیدا بەمەعریفەی تەلقینی، ئەمەش هەرگیز پاساو نییە بۆ نەبوونی مەعریفەیەك بەناوی (مەعریفەی پەتی).

ئەگەر ئەمانە هێڵە سەرەکییەکانی ئەو دوو جۆرەی مەعریفەبێ، ئایا جۆری سێیەم (مەعریفەی ناوەندی) چییە؟ ئەگەر بکرێ لەهەوڵێکدا بۆ ناساندنی گەرەکە بڵێین (مەعریفەی ناوەندی) بەردەوام پێیەکی لەنێوەندی مەعریفەی پەتی و پێیەکەی دی لەناخی واقیعدار بەجۆرێ لەجۆرەکان نیش لەسەر شیکارکردنی مەعریفەی تەلقینی دەکات. بۆیە ئەگەر ناوەندو نوێنەرێك هەبێ بۆ ئەم مەعریفەیە ئەوا رۆشنبیرە (بەو مانایەی کە لەم باسەدا بەرۆشنبیرمان بەخشی) و ناوەندەکەشی هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگایە بەگشتی، لێرەدا سانایە بڵێین ئەمرۆی رۆشنبیری کوردی زۆر زیاتر لەهەموو شتێ پێویستی بە مەعریفەی ناوەندی هەیە، بەمانا دەبێ رۆشنبیری ئێمە هەوڵبدات بەسود وەرگرتن لەدەرئەنجامەکانی مەعریفەی پەتی و ئەزمونەکانی مرۆڤایەتی، ڕاڤە بۆ واقیعە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەو ئیش لەسەر جۆرێکی تری مامەڵەو جۆرێکی تری خوێندنەوەی مەعریفەی تەلقینی بکات.

بۆئەمەش پێویستی بەدوو هێز هەیە.

١-مەعریفەی پەتی و پرسیاری نوێ.

٢-شعور کردن بەگرفتەکانی کۆمەڵ.

بەڵگە نەویستە ئاوێتەکردنی ئەم دوو هێزە، گوتارێکی نوێ، ئەلتەرناتیڤێك، کەنالێك، بوارێك، بۆ ئیش کردن دەکاتەوە، بە بەرجەستە بوونی ئەم گوتارەش (مەعریفەی تەلقینی) وەك وەڵامێکی ئامادەو شتێکی سواو دەکەوێتە مەترسیەوە، ڕێگا خۆش دەبێ بۆ هاتنە کایەی رۆشنبیرێکی نوێ و رۆشنبیری کۆپی مەرگی ڕادەگەیەنرێ، لێرەوە ئیدی شەڕی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ، شەڕی نێوان کۆن و نوێ لەدایك دەبێ، بۆیە رۆشنبیری نوێ دەبێ زۆر وەربابێ لەوەی بخزێنرێتە ناو دەرگیرییەکانەوە، چونکە بەردەوام رۆشنبیری کۆپی دەیەوێ رایکێشێتە ئەو مەیدانەوە، تا سەرقاڵی کاری جییدی نەبێ و مردوویی ئەم پەردەی لەسەر هەڵنەماڵرێ، چونکە ئەوە لەبەڵگەنەویستەکانە کەبچوکی و ناشیرینی شتەکان چرکەیەك هەست پێدەکرێ کە لەگەڵ شتێکی گەورەترو جوانتردا بەراورد بکرێ.

ئەگەر بەئاسانی تەسلیمی ئەوە ببین کە مەعریفەی پەتی (فەیلەسوف و بیرمەند) دەخولقێنێ و، مەعریفەی تەلقینی (رۆشنبیر، کۆپی) مەعریفەی ناوەندی رۆشنبیری جیدی بەرهەم دەهێنێ، ئەوا لەهەمان کاندا لەگەڵ دروست بوونی گوتاری نوێدا مەترسی دروست بوونەوەی رۆشنبیری کۆپی لەنارادایە، ئەگەر ئەمەش کۆمەڵێ پاساوی تایبەتی هەبێ، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە خۆبەدەستەوە بدەین و هیچ دژە کردارێك لەئاستیدا وەرنەگرین.

بمانەوێ و نەمانەوێ کۆمەڵێك پاساوی کردەیی هەیە وا دەکات سەرلەنوێ و لەفۆرمێکی ترەدا رۆشنبیری کۆپی دروست ببێتەوە.

لەو پاساوانە:-

١-پاساوی خودی:- ئەگەرچی تاکەکان لەجەوهەردا جودان بەڵام لەزۆر هێڵی گشتیدا هاوبەشن، هەر ئەم نەستە دەستە جەمعیەش (بە زمانی کارل یۆنگ) وا دەکات لەیەک شوێن و کاتتدا یاخود لەدوو شوێنکاتی جیاوازدا، دوو هونەرمەند، دوو شاعیر، دوو بیریار....، یەک شتی هاوبەشیان لەلا گەڵاڵە ببێ، کە لەزۆر رووەوە لەیەک بچن.

هەریەک لەئێمە زۆرجار لەمیانەی خوێندنەوەی کتێبێک، شیعرێک، چیرۆکێک، گوتارێکدا، ئەوەمان لا روون بووەتەوە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیڵێین یان ووتومانە بەهەمان شێوە یان بەزیادو کەمێکەوە لای کەسێکی ترو بەجۆرێ لەجۆرەکان وتراوە، بۆیە دەبێ زۆر وریابین لەجیاکردنەوەی ئەم حاڵەتە لەگەڵ لاسایی کاریدا.

(واتە هەرساتێک شتێکی دووبارەمان بینی لای دوو کەس، بەبێخوێندنەوەی هیچ باروزروفێک راستەوخۆ یەکیکیان بەلاسایی کار لەقەڵەم بدەین).

٢-یاساوی بابەتی:- هەروەک چۆن چەند هێڵێکی گشتی هاوبەشی لەنێوەندی تاکەکاندا هەیە، بەهەمان شێوەش چەندین هێڵی گشتی هاوبەش لەدەرەوەی خود (بابەت)دا هەیە.

لەم روانگەیەوەیە کاتێک کەسێک لەگەڵ دیاردەو رووداو واقیعێکی دیاریکراودا مامەڵە دەکات، هەمان ئەو دەرئەنجامانە دەدات بەدەستەوە کە کەسێکی دی لەئەنجامی مامەڵەی لەگەڵ هەمان واقیعدا پێی گەیشتووە، بێگومان ئەم دوو حاڵەتەیە وادەکات لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا، هەر ئەمەش وا دەکات کە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی سود لە ئەزمونەکانی لەیەکتری وەرگرن، ئەگەر ئەمە حاڵی هەموو جیهان بێ، دیارە دەبێ حاڵەتی هاوبەش لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەجیا زۆر لەوە زیاتربێ، واتە مادام لەکۆمەڵگایەکدا بابەتەکانی یەکن و دیارە دەبێ دەرئەنجامەکانیش کەم تا زۆرێک لەیەکەوە نزیک بن، سەرەڕای بوونی جیاوازی ئایدۆلۆژی لێرەوەیە لەناوەندی رۆشنبیری کوردیدا لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لەزۆر هێڵی گشتیدا هاوبەشن، بۆ نمونە بانگهێشتی کۆمەڵگای مەدەنی بەگشت میکانیزمەکانیەوە. فرە رایی، ئازادی رادەربڕین، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مەسەلەی فیدرالی، قسەکردن لەسەر شوناسگەو چۆنیەتی کاربگەری و چۆنایەتی مامەڵەکران لەگەڵ ئایندا... هتد) ئەمانە کۆمەڵە مەسەلەیەکن بەگشتی لەناوەندی رۆشنبیری کوردیدا (بەتایبەت رۆشنبیرانی نوخبە) بە جۆرێ لەجۆرەکان ئیشی لەسەر دەکرێ.

ئەم دوو (پاساوە) لەلایەکەوە ئیجابیە چونکە دەبێتە هۆی لەدایک بوونی (یەکبونی گوتاری رۆشنبیری) و لەلایەکی ترەوە لەکایەی مەعریفیدا سەلبیە چونکە رێگا خۆش دەکات بۆ دروست بوونی رۆشنبیری کۆپی و بڕەودان بەلاسایی کاری، بۆئەوەی هەریەکی لەم پاساوانە لەگەڵ (لاسایی کاریدا) جوێ کەینەوە دەبێ چەند مەرجێکیان بۆ دابنێین:-

یەکەم: مەرجی (پاساوی خودی) :- مەرج وایە کارەکە بەهۆشیاریەوە ئەنجام نەدرابێ، واتە خود نەویستانە بوبێ. ئایا چۆن بزانین کارەکە لائیرادی ئەنجام دراوە؟ بێگومان ئەمە کارێکی ساناییە، گەرچی دەکرێ بەلایەنی کەمەوە دوو رێگا هەیە بۆ جوێکردنەوەیان:-

١-سەربەخۆیی زمانی نوسین:- واتە لەڕووی زمانو شێوازی نوسینەوە جیابن، بەجۆرێك هەریەکەیان جیاواز لەویدی لە مەسەلەکە دەدوێو هەڵوێردی دەکات، واتە سەربەخۆیو خودییەتی خۆی لەزمانو شێوازی دەربڕیندا دەسەلێنێ.

٢-مەرجە حاڵەتی دوبارە بوونەوە شتێکی ئاسایی نەبێو لەهەموو حاڵەتو مەسەلەکاندا دووبارە نەبێتەوە، بەڵکو خاوەنی سەربەخۆیی و داهێنانی خۆی بێ لەبواوەکانی پسپۆڕی خۆیدا، واتە حاڵەتی دوبارە بوونەوە حاڵەتێکی ئاسایی نەبیو ئاسایش تەماشا نەکرێو هەمیشە ئەو بڕیارە لای خۆمان قیت کەینەوە، بۆ دەبی شتی دوبارە بڵێین؟ ڕێگاکانی نوێ ووتن چین؟ چۆن بەدەستیان بهێنین؟

دووەم: مەرجی پاساوی بابەتی:- بەپێچەوانەی مەرجی پاساوی خودییەوە گەرەکە بەئاگاییەوە ئەو کارە ئەنجام بدات، واتە بەئاگاداری لەڕەوشی ڕۆشنبیریو گۆڕانکاری هەوڵەکانی بخاتە پاڵ هەوڵەکانی دی کە دەدوێ بۆ تێپەڕینو جێهێشتنی باروودۆخی ئێستاو بەرجەستەکردنی ئەڵتەرناتیڤو کارکردن بۆ سەرخستنو بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەڵتەرناتیڤە، واتە دەبێ ڕۆشنبیر لەگەڵ ئەو زاڤە شاراوەیەی کۆمەڵگادا کارەکانی خۆی بخاتەگەڕ و لەوێوە گۆڕان بخولقێنێ. لێرەوە لەم جۆرە ئیشکردنەوە شتێك لەداید دەبێ پێیدەگوترێ (یەکبونی گوتاری ڕۆشنبیری)، کە چەندێ جێی بایەخە ئەوەندەش مەترسی دارە، چونکە زۆرجار لەگەڵ خۆیدا جۆرێك لەمەعریفەی تەلقینی بەرهەم دەهێنێ بەخاتری بەرجەستەکردنی خۆی، کەراستەوخۆ لەبەئایدۆلۆژیکردنو بەمەزهەب کردنی گوتاری نوێدا کاریگەری لەبەرچاو دەبێ، ئەمەش لەچەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێ:-

١-فرە دەنگیو فرە ڕەنگی دەکوژێ: واتە فرە ڕەنگیو فرە دەنگی بەرەبەرە ڕوو لەنەمان دەکات و وای لێدێ ئەو گوتارە هەموو دیدەکانی دەڕەوەی خۆی لا ناشرینە و نێرگزیانە خۆی لاپەسەندە، بۆیە زۆرجار بەدیل دەبێتە ئایدۆلۆژیاو ماناکان دەکوژێ، دەبێت زانین (عیلم) و هەموو ئەو شعورانە (هەستانە) پێشێل دەکات کە ئەمی بەرهەم هێناوە.** ئیدی ئەو شێوازە ئیشکردنانەی کە لەجەوهەردا قاڵبو چوارچێوەیان ڕەفزە خۆیان دەبنە قاڵبو مەزهەب، هەر لێرەوە نەڕێکردنی (بەرامبەر – دوێنێ – ئەوێندەر) دەست پێدەکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوەیە (برادەرانی ڕەهەند) گشت هەوڵەکانی دوێنێ بەنەزۆك دەزانن و ڕۆشنبیرەکانیش بەعەوام لەقەڵەم دەدەن، لەبەرامبەریشدا ڕۆشنبیرانی دوێنێ ئەمان بەهەرزەکارو پێنەگەیشتوو لەقەڵەم دەدەن.

لەلایەکی دی کاك زۆرینەی ئیشکردنەکانی دەڕەوەی خۆی بەناعەقڵانی و ناعەقڵانی کۆنە خواز لەقەڵەم دەدات و هەوڵەکانی دژی کاك ڕێبین هەردی بەتایبەتو برادەرانی ڕەهەند بەخەرج دەدات ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەبەسوکی یەکەوە پرۆژەی ژیار وبنەکانی گۆڕاری (ژیار) هەڵدەسەنگێنێ،*** بەمانایەکی دی هەربەك خۆی بەمیرات گردو نوێنەری شەرعی عەقڵانیەت –عیلمانیەت – مەدەنیەت – ئایندەری- نوێخواز... هتد دەزانێو بەرامبەرەکەی بەپێچەوانە تاوانبار دەکات.

نەڵبەتە ململانێ شتێکی ئاسایی‌یەو دیاردەیەکی پۆزەتیڤیشە لەهەر رۆشنبیرێکدا، ئەوەی ئاسایی نی‌یەو قەیران دەخولقێنێ و مەبەستی سەرەکی ئێمەیە ئەوەیە کەهەرێک لەو تاقمانە پێش وەخت یەکتریان رەفزەو کارەکانیان بۆ سفرکردنەوەی بەرامبەرە نەوەک بۆ خزمەتکردنەوەی، گرفتەکە لەوەدایە لەناخی هەریەکەیاندا تۆوی لەگۆڕنانی فرە ڕەنگی‌و فرە دەنگی چێنراوە، ئەمەش ئیشکالێکی جەوهەری ئێستای رۆشنبیری کوردی‌یە.

۲-دەردی پیرۆزگەرایی (تقدیس):- راستەوخۆ دەرئەنجامی خاڵی یەکەمە چونکە ساتێک من ئەویدیم رەفزە کەواتە خۆم لاپیرۆزە، بۆیە ئەوکاتە جیاوازیەک نامێنێ لەنێوان ئەو کەسەی ئیدیعای عەقڵانیەت دەکات‌و ئەو کەسەی ئیدیعای مەزهەب، ئەو کەسەی ئیدیعای نوێخوازی دەکات‌و ئەو کەسەی پارێزگارە، ئەو کەسەی ئیدیعای دیموکراسی دەکات‌و ئەو کەسەی ئیدیعای دکتاتۆری، چونکە وەک ناماژەمان پێکرد لەناخی هەریەکەیاندا جێگایەک نی‌یە بۆ هەناسەدانی ئەویدی، هەر لێرەشەوەیە دەردی پیرۆزگەریای بزاڤی رۆشنبیری دەکوژێ، ئەگەر نێوانێک - ئەگەر سنورێک نەمێنێتەوە بۆ تێزە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە ئیدی سنورێکیش، بوارێکیش بۆ کارکردنی رۆشنبیر نامێنێتەوە.

د. عبدالکریم سروش ووتەنی، ئەگەر پاساوێک‌و بەهانەیەک هەبێت بۆ پیرۆزگەرایی لەئایندا، ئەوا هیچ بەهانەیەک نی‌یە بۆ پیرۆزگەرایی لەعەقڵانیەتدا (دەرەوەی ئاین) چونکە ئەگەر لەیەکەمیندا لەدیوێکی تێگەیشتنی ئایندا سەقفێک هەبێ بۆ بیرکردنەوە ئەوا لەدەرەوەی تێگەیشتنی ئایندا سەقفێک، سنورێک نی‌یە بۆ بیرکردنەوە، (فربتراز ئیدئولۆژی د. عبدالکریم سروش لا٢٦) بەڵام ئەوەی قەیرانی رۆشنبیری بەدەستی‌یەوە دەناڵێنێ، ئەوەیە کە عەقڵانیەت و موفردەکانی تری لەوجۆرەش سەقفیان بۆ بیرکردنەوە دروست کردووە تەسلیمی کۆمەڵێک پرنسیپی نامادەبوون و لادان لێی بەمەحاڵ دەزانن، ئەمەش ئیشکالێکی تری جەوهەری رۆشنبیری کوردی‌یە.

هێڵە ستراتیژی‌یەکانی (یەکبوونی گوتاری رۆشنبیری)

بەر لەوەی هەر هەنگاوێک هەڵێین، بەر لەوەی فەراغێک، بوارێک و کەناڵێک بکەینەوە بۆ ئیش کردن، ئەگەر بمانەوێ لەم قەیرانە رۆشنبیری‌یە رزگارمان بێت، گوڕێک بەخۆمان بدەین، پێویستە خاڵە سەرەکی‌و ستراتیژەکانی روون بکەینەوە.

ئەوەی ئەلتەرناتیڤی‌ە جیددی دەخولقێنێ، ئەوەی دەیەوێ کارێ بۆ ئێستای رۆشنبیری کوردی بکات، گرەکە ئەم ستراتیژە سەرەکی‌یانە لەبەرچاو بگرێ:

١-فرە دەنگی لەیەک گوتاردا: گومان لەوەدا نی‌یە ئێستای رۆشنبیری کوردی پێویستی بەگوتارێکی یەکگرتوو هەیە کەگشت لایەک کاری جیدی بۆ بکەن‌و هەموو ئامرازەکانی بخەنەگەڕ بۆ بەرجەستە کردنی، بەڵام لەوە پێویست تر ئەوەیە کە لەناخ‌و جەوهەری ئەو گوتاردا باوەڕبونێکی کامڵ هەبێ بەدنیابینی جیاواز، فرەرایی، فرە بۆچونی، فرە دەنگی هەبێت، واتە لەنیشانەو تایبەت مەندی‌یە سەرەکی‌یەکانی ئەوە بێت کەباوەڕی بەفرە ڕەنگی‌و فرە دەنگی هەبێت‌و هەموو جیهان بینەکانی تێدا جێی بێتەوە. بێگومان ئەگەر وانەبێ ئەوا وەک هەموو هەوڵەکانی دی نەزۆک دەبێ.

٢-ئامادەگی رەخنەو یەکتری خوێندنەوە مادام جیهان بینیی یەکان جیاوازنو دانیان پێدا دەنێین، کەواتە دەبێ رەخنەش بوونی هەبێ، بەڵام زەرورە چەمکی رەخنە واتە بکەین، رەخنە یانی سفرکردنەوەی بەرامبەرنا: یانی بەبابەت کردنی بەرامبەر، رەخنە یانی شیکردنەوەو راقەکردنو زیندوکردنەوەی جەوهەری بەرامبەر، نەوەک ناشرین کردنو مراندنی.

کاری رەخنە شیکردنەوەی بونیادە شعوریەکانی بەرامبەرە، نەوەک بڕیاردان لەسەر پرنسیپە ئامادەو قالبیەکانی بەرامبەر، رەخنە یانی پرۆسەی ئاشنابوون بەجیهانبینییەکیدی، داخستنی دەرگا نییە بەڕووی بەرامبەردا، واتە ئیشی رەخنە کەشفە نەوەک نوقم کردن، ئیشی رەخنە شیتاڵە نەوەک بڕیاردان.

پێدەچێ کاری جەوهەری رەخنە، خوێندنەوەیەکی تری وێنەی (بەرامبەر) بێ، چونکە مەرج نییە ئەوە بەرامبەرەکەت بێ کە تۆ وێنات کردووە یاخود بۆیان وێناندوی، بۆیە رەخنە بەر لەوەی روو لەهەر ناوەندێکیتر بکات، گەرەکە دەرهەق بەو میکانیزمانەبێ، کە عەقڵ دەیگرێتە بەر بۆ خوێندنەوەو وێناندنی بەرامبەر (بەکەسو تێزە هزریو شتە واقیعیەکانیشەوە)، لێرەوە رەخنە چەندێك بۆ دەرەوەی خودە، زیاتر لەوە بۆ ناوەوەیە، رەخنە بۆ گۆڕینی جۆری مامەڵەیەکی جیاواز ترو نوێترە، ناکرێ رەخنە لەناوەندێکی جێگیرو دۆگماوە بۆ دەرەوەیەکی گۆڕاو فرە کایە ئاڕاستە بکرێ، بەڵکو دەبێ لەناوەندێکی زیندوو گۆڕاوەوە مامەڵە لەگەڵ دەرەوەیەکی گۆڕاودا بکات، رەخنە ئەو چرکیەیە بەرهەم هێنە کە شتە مردووەکانت لا زیندوکاتەوە، شتە بێنرخەکانت لا نرخ دار بکات، چونکە رەخنە لەمانایەکیدا گەڕانە بەشوێن شتە نەزانراو فەراموش کراوەکاندا، ئامانجی رەخنە راکێشانی شتەکان نییە بۆلای خۆی بەڵکو رۆیشتنیەتی لەگەڵ شتەکاندا بۆ کەشف کردنی دنیایەکیترو ناوەندو جیهان بینیی یەکیتر.

٣-خۆ دەوڵەمەندکردن بەسەرچاوەی جۆراوجۆر: یەکێ لەسەرچاوە سەرەکییەکانی رۆشنبیر بوون دوای تێفکرێنو تێڕامان، (سەرچاوەو نوسراوە) بۆیە تا سەرچاوەکان زۆربن، جۆراوجۆربن، رۆشنبیری جوداو دیدگاو بینشی جۆراوجۆر دێنەگۆڕێ.

ئەوەی ئیشکالی لەئێستای رۆشنبیری کوردیدا دروست کردووە، دیاری کراویی سەرچاوەیە، بەجۆرێك دەتوانی بەئاسانی بیان ژمێرێو دەست نیشانیان بکەی، لەم دیاریکراوی سەرچاوەیەوە بێگومان رۆشنبیری دیاریکراویش بەرجەستە دەبێن وا دەکات ببنە کۆپی یەکدی.

بۆیە دەبێ چالاکانە بگەڕێین بەشوێن سەرچاوەی نوێدا، بگەڕێین بەشوێن میتۆدی شایستەو کراوەدا بۆ کردنەوەی گرێ ئاڵۆزەکانی میژوو و کۆمەڵگا، دیارە کە دەڵێین سەرچاوەی نوێ مەبەستمان ئەو سەرچاوانە نییە کە تازە چاپ دەکرێن، بەڵکو مەبەستمان ئەو سەرچاوانەیە کەپشت گوێ خراون، کە بەکارنەهێنراون، کەسودیان لێنەبینراوە، ئەو سەرچاوانەی کە بەناهەق فڕێ دراونەتە پەراوێزەکانی میژووەوە، چونکە بەڕای من چەندێك سەرچاوەکان بەمردوو و بێنرخ بزانین، ئەوەندە خۆمان مردوین، وەك رووتیشمان کردەوە نابێ سەرچاوە بەکارمان بهێنێ بەڵکو دەبێ ئێمە سەرچاوە بەکاربهێنین، بەڵام ئەوەی رۆشنبیری کوردی کوشتوە ئەوەیە کەئێمە مەیتینو کۆمەڵە سەرچاوەیەك دەمان گێڕن.

لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کەنیشانەی زیندویی رۆشنبیریەك لەوێوە دێ کەزۆرترین سەرچاوە زۆرترین میتۆدو زۆرترین دیدگا تیایدا ئامادەگی هەبێ.

((پرسیارو وەڵام یان رۆشنبیرو دەسەڵات))

پێد ەچێ لەناوەندی رۆشنبیری ئێمەدا باسێك نەبی هێندەی باسی (رۆشنبیرو دەسەڵات یاخود دەسەڵاتو رۆشنبیر) بوبێتە جێی قسە لەسەرکردن و ئەوەندەش رۆتینی کەوتبێتەوە، کە دەڵێم رۆتینی مەبەستم ئەو مەفهومەو هەڵەیە کەلەسەر ئەم دوالیزمەیە دروست بووە.

چرکەیەك بەجیا باس لە(روشنبیر) لەلایەك دەکرێ و (دەسەڵات) لەلایەکی دی، مانای ئەوە نییە رۆشنبیر، دەسەڵات رەفز دەکات، بەڵکو مەبەست لەمامەڵەی رۆشنبیرە لەگەڵ دەسەڵاتدا، نەك بەمانای لەهەر شوێنێ دسەڵات هەبێ، نابێ رۆشنبیر ئامادەگی هەبێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە دەسەڵاتە رۆشنبیر بەرجەستە دەکاتو ئەوەش رۆشنبیرە کەدەسەڵات بەرهەم دەهێنێ.

چونکە نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەیەکێ لەچۆنیەتیەکانی ئیشکردنی رۆشنبیر ئەوەیە کە بەرامبەر هەڵوێستی دیاری دەکات (واتە لەسادەترین مانایدا ساتێك بەرامبەرەکەی شل گیرە، بەمەبەستێك ئەم هەوڵی گورج کردنەوەی دەدا، و لەحزەیەك بەرامبەرەکەی تووندو سەخت گیرە، ئەم هەوڵی ساردکردنەوەی دەداتو تووندڕەوی لەناخیدا دەکوژێ...هتد).

رۆشنبیرو دەسەڵات ئەو دوالیزمەیەن کە هەریەکەیان مەرجی لەپێشینەی ئەوییە، بەڵام ئایا دەسەڵات چییە؟ چونکە پێشتر لەوە حاڵی بووین کە رۆشنبیر بەردەوام پرسیار دەکاتو هەمیشە لەبەرامبەر وەڵامە ئامادەکاندا، ئیش لەسەر پرسیارە نوێیەکان دەکات، ئەگەر ئەمە روشنبیربێ، ئەوا (دەسەڵات) بریتییە لەهەموو وەڵامە ئامادەکان، هەموو عادەتاو تەقالیدە باوەکان، هەموو قاڵبە سواوەکان، دەسەڵات کۆی هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو ئایینیو سیاسیو تەقلیدییەکان دەگرێتەوە، لێرەوە جیاوازی جەوهەری نێوان رۆشنبیرو دەسەڵات ئەوەیە کە رۆشنبیر بەردەوام ئیش لەسەر پرسیارە نوێیەکان دەکاتو دەسەڵات بەپێچەوانەوە بەردەوام ئیش لەسەر وەڵامە ئامادەکان دەکات، هەرئەمەشە وای کردووە هەریەك لەرۆشنبیرو دەسەڵات بەردەوام پێکەوە بژێنو هەرگیزیش لەیەکدیدا نەتوێنەوە، چونکە ئەگەر خاڵو دەسپێکو ناوەندی رۆشنبیری (پرسیار) و، خاڵو دەسپێکو ناوەندی دەسەڵات (وەڵام)بێ، ئەوا هەریەك لەوەڵام و پرسیارەکان دەکەونە کێشمەکێشێکی جەدەلییەوە، هەریەکەیان جۆرە مامەڵەیەکی دیاریکراو و بەرنامە ریژیان بەرامبەر ئەویدی هەیە.

دەسەڵات (وەڵام) بەهەمیشەیی ئیش لەسەر ئەوە دەکات رۆشنبیر (پرسیار) بخاتە نێوەندی گەمەکانی خۆیەوە، بەمەش دەیەوێ لەلایەك سەرقاڵی کاری لاوەکی بکاتو لەلایەکی دی بەکاری بهێنێ بۆ ئارایشتکردنو پاراستنی بەرژەوەندی دەزگاکانی خۆی، کەواتەدەبێ دان بەوەدا بنێین چرکەی لاوازی رۆشنبیر لەوەدا بەرجەستە دەبێ کەتێکەڵ بەگەمەکانی دەسەڵات دەکرێو کارێکی بێنەنجام دەدرێ، کە کاری خۆی نییە، لێرەوە دەبێ بەماهییەتی خۆیو پرسیارەکانی لەگەمە لاوەکییەکانەوە دەگلێ بەڵکو ئەو بۆ خۆی گەمەی تایبەتو ئیشکردنی سەربەخۆی هەبێ،

لێرەوە دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کە بەهەمیشەیی رۆشنبیر ئەبێ دوو جۆر مامەڵەی هەبێ لەگەڵ دەسەڵاتدا:-

یەکەم: مامەڵەی ئاسۆیی: واتە ئیشکردنێکی ئاسۆیی شان بەشانی هەموو کایەکانی دەسەڵات بۆ چاکسازیو بەرەو پێش بردنی میکانیزمە پێشکەوتن خوازەکانی، دیارە ئەمەش لەلایەك تەریب دەکەوێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتە دیموکراسیەکاندا، لەلایەکی دیش تاکتیکێکە بۆ بەتاڵ کرنەوەی رەگەزی تووندگیریو سەخت رەویەکانی دەسەڵات.

دووەم: مامەڵەی ستونی: چالاکترینو جیدیترین کاری رۆشنبیرە، کەبەشێوەیەکی قوڵو ستونی دەچێتە نێوەندی زمانی گوتاری دەسەڵاتەوە بەشێوەیەکی زانستیو دوور لەلایەنداری دەمارگیری

شیتالی دەکاتەوە، تاوەکو لەلایەك هەموو رەهەندەکانی دەسەڵات ناشکرا بکاتو حەقیقەتەکان وەکو خۆیان دەخاتەروو لەوێشوە ئەوەی خۆی دەیەوێ ئەنجامی دەدات، لێرەوەو لەم جۆرە ئیشکردنەوە، مانای نوێ بەرهەم دێو فەراغی نوی دورست دەبێ بۆ ئیشکردن، کە جێگا بە سواوەکانو کارمەندە تەقلیدیەکان لێژ دەکات.

ئەڵبەتە ئەم دوو جۆرەی مامەڵە، هەر شێوەیەکن هەرگیز ئەو مانایە دوبارە ناکەنەوە کەرۆشنبیر لەناو بۆتەی دەسەڵاتدا بتوێنێتەوەو قەت ئەوەش ناگەیەنێ کەرۆشنبیر، دەسەڵاتی رەفزە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵات پانتایی‌یەکی یەکجار والایەو رۆشنبیر بەردەوام لەوێوە مانا وەردەگرێو ماهیەتی خۆی بەرجەستە دەکات، دواتر ئەبێ رۆشنبیر لەوە حالّی ببێ کەکاری ئەو شیعار بازی نی‌یە دەبێ بەپرسیارەکانی هەموو کایەکانی دەسەڵات بکاتە بابەتو لەهەمان کاتیشدا بابەتەکان بخاتە کەرەستەی خاوی ئیشکردنی.

بێگومان قسەکردن لەسەر دوالیزمەی (روشنبیر – دەسەڵات) زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەیە کە رۆشنبیر دەبێ بوارێك بۆ مامەڵە، بوارێك بۆ ئیشکردن لەسەر دەسەڵات بکاتەوەو لەوێوە خۆی بەرجەستە بکات.

بەکورتی دەبێ بڵێین رۆشنبیر (کائینێکی مامەڵە کەرە) رۆشنبیر تاکێك نی‌یە پێشوەخت شتەکانی (ئەرێو نەرێ) کردبێ بەلکو روشنبیر کەسێکە ژیانی خۆی لەکارو مامەڵەدا بەخەرج دەدات‌و ماهیەتی ژیانیش جگە لەمە شتێکی دی نی‌یە.

پەراوێزەکان:

*ئەم باسە بەشێکە لەباسێکی گەورەتر بەناوی (عیلم و شعور – بونیادەکانی قەیرانی روشنبیری) کە لەژمارە (٤)ی هەژاندا بڵاوبوەتەوە. بۆ زیاتر روون کردنەوەی چەمکی ئایندو روشنبیری تەماشای ئەم بابەتە بکە.

** بۆ روون کردنەوەی زیاتری ئەم خاڵە تەماشای گۆڤاری هەژان (٤) (عیلم و شعور – بونیادەکانی قەیرانی روشنبیری.

*** گۆڤاری نوێکار ژ-١- تەماشای (دروشمی گۆڤاری (ژیار) لەپێناوی چ ژیارێکی هاوچەرخی ئیسلامیدایە؟.

*چەمکی مەلاو ئەفەندی:

١-مەلا: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی پەیڕەوی کلتوری میژوویی ئایندەکەنو هەموو ئەو کەسانەش کەئەمان بەنوێنەری راستەقینەی ئایندەزانن.

٢-ئەفەندی: هەموو ئەو کەسانەن کەبەشێوەیەکی دیاریکراوو تەقلیدی ئیش لەسەر ئەو قالبە ئامادەیە دەکەن کە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا دەخوێنن دەیڵێنەوە (واتە ئەو هەرەمەی کە لەنزمترین ئەکادیمی‌یەوە دەست پێدەکات‌و بەمامۆستای زانکۆو پرۆفیسۆرەکان کۆتایی دێ) هەموو ئەو کەسانەش کە ئەمان بەرۆشنبیری راستەقینە دەزانن...

سەرچاوەکان:

١-المثقفون والحضارة الغربية – د. محمد عابد الجابري.
٢-فر بارتر از ايد ئو لوژی – د. عبدالكريم سروش.
٣-اطلاعات سياسی – اقتصادی. ژ (٩٢-٩١).
٤-گۆڤاری رەهەند ژ –٦-

تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ لەنێوان لایەنگیری فەلسەفەو لایەنگیری راستیدا

نوسینی / علی حرب
و/ عمر علی محمد

دەتوانین بڵێین کە کرۆکی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان. بریتییە لەتێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ لەدوو گۆشە نیگاوە، یەکەمیان مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سێ بیرمەندەدا کە بوارێکی فیکری بە یەکیانەوە دەبەستێت. مەبەست لەم بوارەش بواری فەلسەفەیە کە لەسەردەمی ئیغریق دا دامەزراوە، لەڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەمانەوێت تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بخەینەڕوو بۆ هەردوو فەیلەسوفەکەی پێش خۆی و زانینی هەڵوێستی لەئاستیانداو پەیوەندی پێیانەوە، وەزیادەڕەوی نییە، ئەگەر بڵێم فارابی بە پلەی یەکەم فەیلەسوف بووە. لەسەر ڕێبازی یۆنانیەکان ڕۆڕیشتوەو لاسایی کردونەوەو لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان بووە. هەروەها فەیلەسوفێکی مەشائی بوە بەشێوەی تایبەتی خۆی. لەبەرئەوە پێڕ وتراوە مامۆستای دووەم، لەرویەکی تریشەوە ئێمە دەتوانین تێڕوانینەکانی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە بخەینەڕوو، ئەویش لەگۆشەنیگای پەیوەندیەکانی نێوان دوو ژیارو دوو کەلتورو دوو سیستمی مەعریفی جیاوازەوە، ئەویش باس کردنە لەماناکانی پەیوەندی لەنێوان دوو جیاوازیو لەیەک دوور، لەڕوی لەیەکچونەوە، یان ئالوگۆڕو کارتێکردن یان کێبڕکێو پێکدادان. واتە گەرانمانە بۆ ئەم چەمکانە لەنێوان کەلتوری عەرەبو کەلتوری ئیغریق. لەنێوان فەلسەفەی یونانیو شەریعەتی ئیسلامیدا، لەنێوان جیهانی سروشتو ڕون کردنەوەو جیهانی بەڵگەو سەلماندن دا. فارابی هەرچەندە فەیلەسوق بووە. بەڵام جیاواز بووە لەدوو فەیلەسوفەکەی پێش خۆی لەڕوی کەلتورو میژوو ڕەگەوزە، وە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێ: کەلتورو پێناس لەعەقڵو ویژدانی ئەم بیرمەندەدا یەکتریان بڕیوە، فارابی بەرەگەز تورکەو بەزمانی نوسین عەرەبەو بەپێی شەریعەتیش مسڵمانە، سەرەڕای ئەوەی کە فەیلەسوفو مەشائیەکی یونانی بووە. لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین کە هەر فەیلەسوفێك بەجۆرێك لەجۆرەکان یونانیە، تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتونو ئەرستۆ تێڕوانینێکی تایبەتە لەنێوان کۆمەڵێك تێڕوانینی جیاوازو بەیەکداچوودا، کە عەرەبو مسوڵمانەکان گرتبویان لەفەلسەفەو هەموو زانستە هاتوەکاندا، فارابی نوێنەرایەتی جۆرێك لەو مل ملانێیەی دەکرد کە لەناوخۆی جیهانی ئیسلامیدا هەبوو لەنێوان دوو ڕەوتی فیکریو دوو دەسەڵاتی مەعریفی جیاوازدا، ئێستا باسەکەمان لە دوو ڕووە لێی دەدوێین، لەیەکچوونو جیاوازی، پێناسو نامۆبون،، داخرانو کرانەوە.

بەپێویستی دەزانین کەپێش پشکنین و قسەکردن لەسەر تێڕوانینی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە بڵێین ئێمە هیچ جیاوازیەک نابینین لە تێڕوانینیدا بۆ هەریەک لەئەرستۆو ئەفلاتون، ئەگەر جیاوازیەکیش هەبێت لێرەدا جێگەی گرنگی ئێمە نیە، چونکە تێڕوانینی فارابی بۆ هەر یەکێکیان لەڕاستیدا تێڕوانین بووە بۆ ئەو فەلسەفەیەی کە هەڵیان گرتووە.

هەرچەند کە بەیەکسانی سەیرکردنیان زۆر مەبەستی بووە و گرنگی زۆری پێداوە لەدوای ئەمەوە دەگەڕێینەوە سەر کاکڵەی بابەتەکەمان و دەڵێین تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ سێ ڕەگەز لەخۆدەگرێت.

یەکەمیان تێڕوانینی لقێک بۆ بنچینەکەی خۆی، فارابی، بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو فەیلەسوفە دەکات کە بنەماو سەرچاوەبن، هەروەک بەڕونی لەکتێبی (الجمع) دا بۆمان باس دەکات و دەڵێت (ئەم دوو دانایە دوو داهێنەری فەلسەفەن، وە سەرچاوەیەکن بۆ گەشەو هەر هەڵدانی یەکەجاری و هەرئەوانیش بنەماکانیان داڕشتووە، هەر ئەوانیشن تەواوکەری ئەوانەی دوای خۆیان و لقەکانی تریشی، وە پشت بەوان دەبەستێت لە زۆرو کەمیدا، وە هەر دەبێت ئەوان بکرێنە سەرچاوە لەئاسان و گرانیدا.

وە ئەوان باسیان کردوە لەبنەمای هەر هونەرێک، ئەوە بنچینەیەو دەبێت پشتی پێ ببەستێت، چونکە دورە لەهەموو خلتەو کەموکورتی و ناتەواویەک وە زاراوەی بنەما (الأصول)یەکەم جار لەرەهەندی کەلتوری ئیسلامیدا بەکارهاتووە وە ئەمەش هۆکارێکی تیۆری بووە لەکرداری دروست کردن و بنیات نانی زانستەکانی عەرەبی ئیسلامیدا (بەبۆچونی د. محمد عابد جابری) وە ئەم زاراوەیەش لەبوارەکانی ئەبستمۆلۆجیای یۆنانیدا بەکارنەهاتووە، چونکە ئەم چەمکە لەلایەن عەقڵی عەرەبی و ئیسلامیەوە فۆرمەڵە کراوەو داڕێژراوە، ئەویش بۆ خۆگرێدانەوە بەسەرەتاوە کەزەمەنی پێغەمبەرایەتی بووە. وە لەم ڕێگەیەشەوە جارێکیتر پەیوەندی ڕێکخراوەتەوە لەنێوان ئەم گوتاردو گوتاری وەحی و هاتنە خوارەوەی.

ئەگەر زانایانی ئوصول لەشەرع و زمانناسەکان، چەمکی بنەمایان بەکارهێناوە بۆ تێڕوانینیان لەدەق، فارابیش هەمان چەمک بەکاردەهێنێنەوە بۆ خۆبەستنەوە بەپێشینەکانەوە، لەم ڕوانگەیەوە بەجۆرێک دەیڕوانیە ئەفلاتون و ئەرستۆ کەوەک بنەمایەک وابن لەبواری فەلسەفەو زانستە عەقڵیەکان و لەهەموو زانستێکدا کەسود بگەیەنێت بەمەعریفەیەکی باوەڕپێکراو. وەبنەماکانیش جارێکیتر دەگێڕدرێنەوە بۆ زۆر مەبەست، ئەویش بۆ فێربوون لێیەوە، چونکە سەرەتایە، وەناتوانین زانیاری لەسەر شتێک فێربین بەبێبوونی بنەمایەک یان زانستێکی یەکەمی، یان دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی شتێکی لەسەر بنیات بنرێت، چونکە ئەو بنچینەیەو بنچینەش شتی تری لەسەر بنیات دەنرێت و خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت یان ئەمە دەبێتە ستانداردێک بۆ پێوانی شتەکانیتر.

یان دەگێڕدرێتەوە بۆئەوەی بکرێتە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی بەڵگەکان و زاڵ کردنی رایەک بەسەر یەکێکیتردا، چونکە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سەیر دەکرێت، وەهەموو سەرچاوەیەک (مەرجەع) جۆرێکە لەدەسەڵات وەئەگەر وردبینەوە لەتێڕوانینی فارابی بۆ هەریەک لەئەفلاتون و ئەرستۆ هەموو ئەوانەمان بۆ دەردەکەوێت کەباسمان کرد، کە وەسفیان دەکات بە بنەماو سەرچاوە. بۆنمونە دەربارەی

ئەستۆ دەڵێت (ئەمە ئەو زانستەیە کەفێرمان دەکات. یان ئەو شتانەی کەسودمان پێدەگەیەنێت. یان ئەو ئەو شتەیە کە ناوی ناوە یان بەکاری‌هێناوە. یان ئەوەیە کەلێی دورکەوتۆتەوە بەسوک سەیری کردووە یان ئەمە ئەو شتەیە کە ئەرستۆ وەک دەق ووتوێەتی یان ئەرستۆ بەمە بەڵگەی هێناوەتەوە یان ئەگەر ئەمە وابێت ئەوا ئەرستۆ لەم بارەیەوە هیچی نەووتووە، یان دەڵێت ئایا لەدوای ئەمە وەچ پێویستمان بەدرێژکردنەوە هەیە، چونکە ئەرستۆ خۆی لەکتێبی بەڵگەکاندا بەوجۆرە دەڵێت. یان بەئەم رێگایە ئەرستۆ گەیشتە زانستی باوەڕپێکراو وە جۆرەها ووتەی‌تر کە لەژمارە نایەن. کەلێرەدا نە بەپێویستی دەزانین‌و نەبواریش هەیە کە بگەڕێینەوە لەدەقەکانی فارابی‌دا دەست نیشانی بکەین. بەتایبەتی لەو بەشەیدا کە تایبەتە بۆ ڕاڤەکردنی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم.

مامەڵەکردنی فارابی لەگەڵ دەقەکانی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ وەک مامەڵەکردنی زانایەکی شەرع‌و زمانەوانێکە لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا، هەرچەند سروشتی پێکهاتەی بنەماکان لەهەردوو نمونە کەلتوریەکەدا جیاوازن، چونکە بنەماکان لەنمونەی یەکەمدا بەعەقڵ سەلێندراوە، بەڵام لەدووەمیاندا پێغەمبەرایەتی‌و ئیلهامە.

لەوانەیە ئەم جۆرە تێڕوانینە جۆرێك لەگونجان‌و واقیعیەتی تێدا بێت، چونکە یونان ڕەمزی سەرەتاو چرکەساتی دروست کردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوون کەپێی ووتراوە فەلسەفە.

وە تێڕوانینێش بۆ دامەزرێنەر لەهەر ڕەهەندو بوارێکدا بێت، ناکرێت لەمە بەدەربێت واتە ئەمەش تێڕوانینێکە بۆ بنەمایەك کەبۆی دەگەڕێتەوە.

وەپەیوەندی ڕۆژئاواش بەیونانەوە لەم ڕێسایە بەدەر نیەیە، هەرچەند ڕەهەندی تازەگەری و ڕێژەی دورکەوتنەوە دابڕانی زەمەنی لەنێوان ئەو دوو زەمەنەدا هەرچەندێك بێت. لەڕاستی‌دا زۆربەی هەوڵە فەلسەفیە گەورەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان بێت. لەڕاستی‌دا زۆربەی هەوڵە فەلسەفیە گەورەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان یان بەمانایەك لەماناکان گەڕانەوەیە بۆ سەر بنەما ڕەسەنە یونانیەکەی، لەم بارەیەوە هایدگەر دەڵێت فەلسەفە بەزمانی یونانی دەدوێت. وە ئەگەر ئەوانەی کە دوایی دێت بنەماکان دەگێڕنەوە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ دو مامۆستاکەی پێشوداو خۆیان دەدەنە پاڵ ئەو دوو دامەزرێنەرە، لەم بارە دەتوانین بڵێین ئەم گێڕانەوەیە لەوانەیە پاشکۆیەتی‌و تەقلیدبێت یان زیادەکاری‌و تەواوکردن بێت یان ڕەخنەگرتن‌و تازەگەری واتە دەست کردن بەبنیات نانەوە دەسپێکردنەوە بەچاك کردنەوەی دەورووبەر.

وە ئەگەر گەڕانەوەی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە وەک گەڕانەوەی لقێك بۆ بنچینەکەی سەیر بکرێت، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە وەک ڕاڤەکەرو قوتابی‌و شوێن کەوتوێەك دەردەکەوێت بۆیان. بەڵای کەمەوە ئەمە لەبەشێك لەبەرهەمەکانی و قۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانی فیکری‌و لەئاستێك لەئاستەکانی گوتارەکەیدا دەبینرێت.

لەڕاستی‌دا فارابی بڵاوکردنەوە چەسپاندنی فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتوونی لەدەوروبەری کەلتوری ئیسلامیدا وەک ئەرکێکی گرنگی سەرشانی خۆی سەیرکردووە وە لەدوای ئەوەش کە بەرهەمەکانی ئەم

دوو فەیلەسوفە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، یەکەمین کاری ئەو بریتی بوو لەراڤەکردن ی ئەو بەرهەمانەو کورت کردنەوەو پوختەکردنو نوسینی رون کردنەوەی پێویست بوو لەسەریان.

فارابی هەوڵیدەدا لەئەم رێگەیەوە بۆچونەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە بخاتەڕوو ڕێبازی کارکردنیان رون بکاتەوە. وە لەئامانجەکانیان بەڕوونی تێبگەن لەهەموو زانستو بابەتێك دا، بۆ نمونە فارابی لە (بەدەست هێنانی ئارامی)دا پاش ئەوەی باس لەسیفەتەکانی فەیلەسوفی راستەقینە دەکات وەجیای کاتەوە لەفەیلەسوفی ساختەو درۆ بێناوەڕ دەڵێت (فەلسەفەیەك کە ئەمە سیفەتەکانی بێت، ئەوە لەیونانەوە پێمان گەیشتوە لەئەفلاتونو ئەرستۆوە...

وەئێمە سەرەتا بەفەلسەفەی ئەفلاتوون دەست پێدەکەین، پاشان یەك لەدوای یەك رێکی دەخەین لەفەلسەفەکەی هەتا دەگەینە کۆتایی.

وە بەهەمان شێوەش کاردەکەین لەسەر ئەو فەلسەفەیەی کە لەئەرستۆتالیسەوە پێمان گەیشتووە)

فاراب لەزۆربەی کتێبەکانیدا بەم شێوەیە کارەکانی دەخاتەڕوو:-

ئەوە دەهێنێت کە ئەفلاتونو ئەرستۆ ووتویانە. پاشان رون کردنەوەو ڕاڤەی خۆی لەسەر دەنوسێتو ئالۆزیەکانی ڕۆشن دەکاتەوە.

لەهەموو ئەوەی کە کردویەتی لەسەر ئەوە ناوەستێت کەدان بنێت بەشوێن کەوتووبیان، و وەرگرتنی بەرهەمەکانیان لەوەی کە کردویانەو وتویانەو دەرکەوتنی شوێن کاری ئەمە لەسەریو سەیرکردنیان و وەسف کردنیان وەك دوو مامۆستا.

فارابی لەوەڵامێکی پرسیارێك دا دەربارەی ئەرستۆ ووتی (ئەگەر بەڕاستی بم ناسیایە یەکێك دەبووم لەگەورەترین قوتابیەکانی). ئەگەر ئەم ووتە دیوێکی بەڵگەبێت بۆ ڕێزی فارابیو خۆیەکەم زانینی لەئاست ئەو دوو مامۆستا پێشینەدا. ئەوا دیوەکەی تری ئەو ڕاستیەیە دەگەیەنێت کەفارابی بەچاوی تەقلیدو وابەستەیی سەیری ئەو دوو مامۆستایەی کردووە. نەك بە چاوێکی پشکنەرو ڕەخنەگرانە، واتە گەڕاوە بەشوێن ئامانجەکانیاندا و نەگەڕاوە بەشوێن ئەوەی کە ووتویانە بۆئەوەی کەڕاستو هەڵە جیابکاتەوە لەگوتارەکانیاندا، بەڵای کەمەوە لەوەی کەبەناشکرا ووتویانە.

لەبەرئەوە لەڕوی سێیەمەوە تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتونو ئەرستۆ وا دەردەکەوێت کەتێڕوانینێکی سەلەفیانەی دور لەڕەخنەگرتنە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم فەیلەسوفەی ئیسلام بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیری فەلسەفەی یونانی کردوە کە ناکرێت بخرێتە ژێر پشکنینو بۆچونەکانیان مشتومڕ هەڵناگرێتو بەجۆرێك سەیری ئەو دوو دانایەی کردوە کە هەڵناکەن بەپێی تێگەیشتنی پێش وەختی خۆی بۆ دەقە چەسپاوەکان. لەڕاستیدا فارابی نەك تەنها وەك دوو فەیلەسوفی پێشینەو یەکەمی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون کەبەسەرچاوەو داڕێژەی بنەماکانی فەلسەفەیان لەقەڵەم دەدا بەڵکو وا باسیان دەکات کە تەواوکەری ئەوانەی دوای خۆشیانو لقەکانیتری فەلسەفەش تەواو دەکەن، وە ئەوەی لەوانەوە دەرچێت. بەدورە لەهەمو خڵتەو کەموکوڕیو ناتەواوییەك.

وەك ئەوەی کە ئەستبمولوجیا لەگەڵ ئەفلاتونو ئەرستۆدا بەرەو پێگەیشتنو تەواوبوون چووە. ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کەپاشان ئیبن روشد باسی دەکاتو دەڵێت (راستی لەگەل ئەرستۆدا گەیشتۆتە

پلەی تەواو) بەڵێ فارابی هەندێك جار لە رێگەی ڕاڤەو خستنەڕوی فەلسەفەی ئەرستوودا کەتوشی ئیشکالیەتێك یان دژایەتیەکی دیاری‌کراو دەبێت. پەردە لەسەر دەقەکانی مامۆستای یەکەم هەڵدەداتەوە وا باسی دەکات کە دەیەوێت تێگەیشتنی ئەوانە راست بکاتەوە کەپێش ئەم روون کردنەوەیان لەسەر نوسیوە. یان ئەوە روون بکاتەوە کە بەڵای ئەرستۆوە گران بووە، یان دەیەوێت ووتەکانی ئەو تەواوبکات، بەڵام ئەم ووتانەشی زۆر دەگمەنەو هەڵوێستێکی تایبەتە. مەبەستمان لەمە ئەوەیە کەبڵێین فارابی لەڕاڤەو روون کردنەوەو تەنانەت لەپۆلێن سازیەکەیشدا نەیویستوە خۆی وەك ڕاست کەرەوەیەکی ووتەکانی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ یان وەك ڕەخنەگرێك بۆ بۆڕیچکەکەیان بناسێنێت، بەڵکو هەموو جارێك جەختی لەسەر دەکاتەوە لەووتەکانیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو دوو دانا پێشینە بنەماو مەرجەعن، ئەویش لەرێگەی سودگەیاندنیانەوە بێت پێمان لەزانستە باوەڕپێکراوەکاندا بەڕاستی شتەکان یان بەهۆی بەخشینی رێگای گەیشتن بەزانستی باوەڕپێکراوەوە بێت پێمان). یان وەك ئەم ووتەیەی کەلەوەڵامی ڕەخنەی ڕەخنەگرێك بۆ تێگەیشتنی لەمامۆستای یەکەم دەڵێت (ئەوەی کە لێرەدا ووتراوە پێچەوانەی ئەرستۆ تالیسەو پێچەوانەی خودی راستیشە..)

بەم شێوەیە فارابی ئەرستۆ بەسەرچاوەی زانستی راستی‌و رێگەی گەیشتن بەو زانستە دەزانێت. لەلایەکی ترەوە ئەرستۆ وەك راستی سەیر دەکات‌و وای لەقەڵەم دەدا ئەوەی پێچەوانەی ئەرستۆ بڵێت پێچەوانەی راستیشە.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە تێڕوانینە جۆرێك لەبەپیرۆزگرتنی لەخۆگرتووە. بەو مانایەی کەفارابی بەجۆرێك سەیری دەقەکانی فەلسەفەی کردووە وەك مامەڵەکردن بێت لەگەڵ دەقێکی پیرۆزدا، وەرزگرتنی لەئەفلاتوون‌و ئەرستۆ گەیشتوەتە رادەیەك کەباوەڕی وابوە دورن لەهەڵەو ناوان.

ئەم تێڕوانینەش لای فارابی سەرچاوەی ئەو ئیشکالیەتە یەکە بۆی دروست بووەو هەر ئەمەش توشی کۆمەڵێك هەڵەی کردووە.

کە هەوڵی داوە ئەرستۆ ئەفلاتون لەیەك ناست دا سەیر بکات‌و کۆیان بکاتەوە ئەویش بەپشت بەستن بەکتێبی (الربوبیه) کە بەهەڵە دراوەتە پاڵ مامۆستای یەکەم بەڵام لەڕاستیدا بەشێکە لە (تاسوعات افلوطین) لەرویەکی ترەوە دەتوانین هەست بەنزیکی بکەین لەنێوان ئەفلاتون‌و ئەرستۆدا لەمەسەلەی نمونەو وێنە روحانیەکاندا.لەواقیعدا لایەنگیری کردنی فارابی بۆ فەلسەفەو ڕەگەزبەستی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە، بەجۆرێك کەهەرچی ووتویانە راستە، ئەمەش لەگرنگی جیاوازی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەی کەم کردۆتەوە. کەباس لەوەکات ئەو بیروڕایانە تەنها بەهۆی کورت بینیانە لەتێگەیشتن لەووتەکانیان‌و تەنها دەبێت باس لە ئامانجەکانی ئەوان بکرێت.

هەندێك جار دەوترێت کەبڕوای فارابی بەیەکتایی فەلسەفەو یەکتایی راستی‌و تێگەیشتنی لەفەلسەفە کە هۆکاری گەیشتنە بەڕاستی‌یەکی باوەڕپێکراو. وا باس دەکرێت کە ئەو بۆچوونەی فارابی بوەتە هۆی ئەوەی کەخۆی بخاتە ئەو بارە ئاڵۆزەو هەرجۆرە جیاوازیەك لەنێوان ئەو دوو فەیلەسوفەدا لەبنەماو بنچینەدا ڕەت بکاتەوە.. بەڵام لەکۆتایدا ئەم هەڵوێستەی دەبێتە هەڵوێستێکی ئیمانی عەقیدەیی، نەك هەڵوێستی لێکۆڵەرەوەیەکی وردبین یان هەڵوێستی پشکنەرێکی ڕەخنەگر. ئەوەش

هەڵوێستێکە کەهیچ شتێك ناچەسپێنێت تەتها ئەوە نەبێت کەخۆی دەیەوێت لەبەرئەوە بەڵگەکان وێنەیی ڕووتن، واتە پێشەکی‌یەکی سادەو بار دەنوسێت. کەپێویست بەبونی ناکات یان لەسەر بنەمایەك دای دەڕێژێت کەدان نەنراوە بە بەپێزی‌دا. فارابی پێوەرەکانی لەسەر ئەوە دارشتوە کە دەڵێت: ئەوپەڕی سنورەکانی فەلسەفە پەیداکردنی زانستی باوەڕپێکراوە بە شتە هەبووەکاندا.

وە فارابی لەو بڕوایەدایە کە ئەرستۆو ئەفلاتون ئەو دو فەیلەسوفەن کە ووتەکانیان دوورە لەخلتەو کەم‌وکوڕی‌و ناتەواوی، زۆر زمانو عەقڵی جیاواز دانیان بەم ڕاستی‌یە داناوەو هیچ بەڵگەیەکیش لەوە بەهێزتر نی‌یە کە کۆمەڵێك زمانو عەقڵی جیاواز کۆك بن لەسەر شتێك و ئەو کتێبانەش کە دراونەتە پاڵ ئەرستو لەوانەش کتێبی (الربوبیه) شتێکی داتاشراو نیە، وەناکرێت ئەرستو لەیەك زانستدا دژی خۆی بدوێت.

وە زانینی ئەم پێشەکیەش دەبێتە هۆی تەوەی کەجیاوازیەکانی نێوان ئەم دو فەیلەسوفە زیاد بکاتو بەناشکرا ببینرێت.

فارابی زۆر بەدوری زانیوە کەفەیلەسوف هەڵە بکاتو دژایەتی لەنێوان فەیلەسوفێك‌و فەیلەسوفێکی تردا هەبێت یان فەیلەسوفێك شتێك بڵێت دژی بۆچونەکانی خۆی، وە لەو باوەڕەشدا نەبووە کە رایە بەپێزو بەناوبانگەکان بکەونە هەڵەوە. وەئەوەش ڕەت دەکاتەوە کەووتراوە کتێبی (الربوبیه). دراوەتە پاڵ ئەرستۆو خۆی خاوەنی راستەقینەی نی‌یە. لەم کتێبەدا فارابی تەئویلی بۆچوونەکانی مامۆستای یەکەم دەکات بۆئەوەی لەگەڵ بۆچونەکانی تری‌دا بگونجێت کە لەکتێبەکانی تری‌دا باسی دەکات، بەم شێوەیە لەسەر هەڵەو وەهم جارێکی‌تر بنیاتی ناوەتەوە.

بەم شێوەیە فارابی لەوێوە دەست بە بزاوتن دەکات کە لەمێشکدایە نەك لەواقیع دا. بەکۆمەڵێك بڕیاری پێش وەخت کەخۆی بڕیاری لەسەرداوە، لەهەمان کاتدا پێوانەکاننیشی شێوەیەکی گوتاریان وەرگرتووە. لەکاتێکدا خۆی یەکێکە لەگەورەترین‌و بەتواناترین ئەو کەسانەی کە دەستی کارامەی هەیە لەرێکخستنی بەڵگەدا لەزمانی عەرەبی‌دا.

فارابی لایەنگیریەکی سەرسەختانەی دەکرد لەفەیلەسوفان، لایەنگیریەکەشی لەسەر حسابی ڕاستی‌بوو. چونکە لایەنگیریەکەی بۆ فەلسەفەو فەیلەسوفان زۆرتر بوو لەلایەنگیری کردن بۆ ڕاستی، وە ئەگەر ئەوجۆرە لایەنگیریە نەبوایە بەوشێوەیە دورنەدەکەوتەوە بێ‌ئاگانە دەبوو لەڕاستی، یان گوێ‌بیستی ئەو ووتانە دەبوو کەباس لەناکۆکی ئەرستۆ دەکەن لەگەڵ مامۆستاکەیدا لەپرۆگرام‌و ڕێبازی کاردا، بۆ نمونە ئەرستۆ دەربارەی ئەفلاتونی مامۆستای ووتەیەك دەڵێت کەهەندێك کەس سەرزەنشتی دەکەن لەسەر ئەوەی کەبەرامبەر مامۆستاکەی ووتویەتی، مەبەست لەو ووتە بەناوبنگەش ئەوەیە کە دەڵێت:- (ئەفلاتوون ڕاستگۆیە، ڕاستیش ڕاستگۆیە بەڵام ڕاستی ڕاستگۆترە) فارابی وای دادەنێت کە کۆبوونەوەی عەقڵەکان لەسەر شتێك، دەبێتە بەڵگە نەویست.. بەڵام بێ‌ئاگا بوە لەوەی کەهەندێك جار لەدایك بوونی ڕاستی بەسەرپێچی‌کردنی ئەوە دەبێت کەعەقڵێکی زۆرینە لەکاتێك لەکاتەکاندا بڕیاریان لەسەر داوە، چونکە کۆبوونەوەی عەقڵە جیاوازەکانی لەدواجاردا لەسەر بنەمایەکی مەعریفی هاوبەش بڕیار دەدا یان دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنەمای کەلتوری.

ئەگەر فارابی ووتەکانی ئەو دو فەیلەسوفەی بەعەقڵێکی رەخنەگرانەوە بخوێندایەتەوە بەبێبوونی هەڵوێست و بڕیاری پێش وەخت. بۆی دەردەکەت، کەچ جیاوازیەك لەنێوانیاندا هەیە، کە جیاوازیەکی جەهەریە لەنێوان یەکەمین دوو فەیلەسوف و دوو عەقڵی بەتواناو دوو دانای بەناوبانگ. ئەگەر فارابی بەعەقڵێکی رەخنەگرانەوە سەیری پێشینەکانی خۆی بکردایە. ئەوا هەستی بەو دژایەتی و ناکۆکی و جیاوازیانە دەکرد کە لەفەلسەفەی هەریەکەیاندا هەیە. وە پاشان دانی دەنا بەبونی ئەو جیاوازیانەی کە لەبابەتە گرنگەکاندا لەنێوانیاندا هەیە. ئەوکاتەش هەوڵی دەدا بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالیەتە نەك لەشکۆی ئەو جیاوازیانە کەم بکاتەوە و بەشتێکی رواڵەتیان لەقەڵەم بدات، ئەمەش بەڕونی لەکتێبی (المجمع) دا دەبینرێت کەشتە لەیەکچوەکان دێنێتە پێشەوە و بەسەر جیاوازیەکاندا باز دەدات، بەڵام بەگەڕان بەشوێن رێگایەکی ترو گرتنەبەری شێوازی ترو، لەدانی دەرگا جیاوازەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان یان بەووتەیەکی تر ئەگەر فارابی لەواقیعەوە دەستی بەبزاوتن بکردایەو دانی بەڕاستی و بوونی جیاوازیدا بنایە لەنێوان کەسانی خاوەن فیکرو رابەرانی زانست دا، ئەمە دەبوو هۆی ئەوەی کەچاوبگێڕێتەوە بەفەلسەفەی پێشینەکاندا لەڕوی پڕۆگرامو بیروڕاوە، بەڵکو ئەمە دەبووە هۆی چاوخشاندنەوە بەپێناسەی فەلسەفەو تێگەیشتن لەخودی راستیش، ئەمەش بەشێوەیەك کەوا لەفەلسەفە بکات کەئەگەری هاتنەدی و بوونی لێبکرێت،

واتە تێڕوانین بۆ ئەبستمۆلۆجیای فەلسەفی بەوەی کە هەوڵێکە بۆ هاتنەدی لەنێوان کۆمەڵێك هەوڵدا، وە لەبەرئەوەی فەیلەسوف ئاگادارە بەبوونی شتەکان بەرێژی (ووزەیەکی مرۆڤی) کە ئەویش ووزەیەکی سنوردارو توانای تایبەتی هەیە.

دان نان بەبوونی جیاوازدا لەنێوان فەیلەسوفەکان لەیەك بابەت دا بانگەشەیەك نییە بۆ دروست کردنی گومان لەسەر فەلسەفە وەلەسەر حسابی یەکتایی راستیش ناکەوێت، بەڵکو جیاوازی لەنێوان عەقڵەکاندا بۆ تێڕوانین لەکێشەیەك یان بۆ دیوێکی کێشەکە پێویستە ببێتە هاندەرێك بۆ چاوخشاندنەوە بەئەو پڕۆگرامەی کە هەیە، وە ئەمەش دەبێتە هۆی دورست بوونی کۆمەڵێك رای جیاواز لەسەر ئەو زانستەی کە هەیە وە هەموو فەلسەفەیەکی راستیش لەکۆتایدا تێڕوانینێکی دیاری کراو دادەڕێژێت. کە شەرعیەت و گونجانی تایبەت خۆی هەیە.

هەموو وێناکردنێکی رەسەن، هەست بەلایەنەکانی بوون دەکات بەشێوەیەکی تەواو هەروەك نەتەوەکانیش وێ،ەیەك یان خەیاڵێکی جیاوازن بۆ یەك راستی. ئەمەش بەپێی تێگەیشتنی فارابی خۆیەتی بۆبونی جیاوازی لەنێوان نەتەوە رێزدارەکاندا) ، ئەگەر نمونەو خەیاڵەکان لەگەڵێکەوە بۆ گەڵێکی ترو لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازبن، کەواتە بۆچی ناکرێت بۆچوونەکان لەنێوان فەیلەسوفێك و یەکێکی تردا جیاوازبێت. یان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو لەئەزمونێکەوە بۆ ئەزمونێکی تر. فارابی لەکاتێکدا کەدان دەنێت بەبوونی جیاوازی لەراستیە ئاینیەکاندا بەڵام بڕوای بەبوونی جیاوازی نییە لەراستیە فەلسەفیەکاندا، بەڵکو ئەم راستیەی لەسەرو مشتومڕو گفتوگۆوە داناوەو بەدوری زانیوە لەجیاوازی و دژایەتی. چونکە فەلسەفە لای فارابی بنەمای پێکهاتنی زانست و نەتەوەکان و ئاینەکانە، ئەمەش لایەنگیری کردنی فەلسەفەیە زۆر زیاتر لەلایەنگری کردنی لەڕاستی

هەروەك باسمان كرد، لەبەرئەوە فارابی ناوڕی بەڵای جیاوازیەكانی نێوان ئەرستوو ئەفلاتوندا نەداتەوەتەوە بەڵكو بەهەر نرخێك بووە گەڕاوە بەشوێن چارەسەرێكدا كە ئەو جیاوازیانە نەهێڵێت، وە بڕیاری داوە ئەم دوو داناو فەیلەسوفە لەناوەڕۆكدا كۆكن بەڵام لەروالەتدا جیاوازن) وە دووەم بۆ یەكەمیان وەك پاشكۆو تەواوكەرو هاوكارو ئامۆژگاریكەر وایە) بەم شێوەیە فارابی هەڵوێستی دیاری خۆی ئاشكرا دەكات لەخوێندنەوەی پەیوەندیەكانی نێوان ئەرستۆو مامۆستاكەی، واتە وای داناوە كە كە پەیوەندی نێوانیان پاشكۆیی یان تەواوكاری بوە بەجۆرێك لەجۆرەكان.

بەڵێ راستە ئەگەر ئەفلاتوون نەبوایە ئەرستۆو نەدەبوو، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەرستۆو هەڵوێستێكی رەخنەگرانەی لەمامۆستاكەی هەبووە. سەرپێچی كردوەو ناڕەزایی هەبوە لەزۆر كێشە لەگەڵیدا.

رەخنەی لەتیۆرەكانی گرتوەو پەردەی هەڵداتەوە لەسەر ئەو دژانەی كە لە رێبازە فەلسەفیەكەیدا هەیە. دەبێت ئەوە بزانین كە فەلسەفە گەورەو ناوداركان لەتێڕوانینیان لەئیشكالیەتی فەلسەفەكانی پێش خۆیان سەریان هەڵداوەو گەشەیان كردووە كەناكۆكیو دژایەتیەكانیان خستوەتەروو.

بەم شێوەیە فارابی وەك لایەنگرێك مایەوە بۆ مامۆستاكانیو سەرسەختانە بەرگری لێكردن، هەرگیز نەیویستوە رەخنەیان لێبگرێتو لەبۆچونەكانیان دەربچێت. واتە دەتوانین بڵێین بەجۆرێك لەجۆرەكان سەلەفی بووە. وە لەمەشدا جیاواز بووە لەئەرستۆی پێشینەی. چونكە مامۆستای یەكەم، ئەوانەی پێش خۆی خوێندبوەوەو سودی لێوەرگرتبونو دەستی گرتبوو بەزانیاریەكانیانەوە بەڵام لەهەمان كاتدا رەخنەی دەگرتو سەرپێچیدەكردنو ناتەواویەكانی تەواو دەكردنو لەوانیش تێدەپەڕیو بۆچونەكانی خۆی دەووت. فارابی جیاواز بووە لەوانەی دوای خۆیشی بۆ نمونە (ئیبن سینا) كە رەخنەی لەمەشائیەكانی سەردەمی خۆی دەگرتو تاوانباری دەكردن بە (ناوچەگەرێتیو دودڵی) وە دەرچوونی خۆی لەبۆچوونەكان ئەرستۆ راگەیاندو هەوڵی سەربەخۆیی بوونیدا.) لەووتە بەناوبانگەكەشیدا تەعبیر لەو بۆچوونەی دەكاتو دەڵێت (ئەوەندمان بەسە كە نوسراوە بۆ راڤەكردنی مەزهەبە كۆنەكان ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە فەلسەفەیەكی تایبەت بەخۆمان بنیات بنێین)

وە ئەگەر (شێخی سەركردە) سەركەوتووبووبێت یان سەركەوتو نەبوبێت لەبنیات نانی ئەم فەلسەفەیدا لەهەردوو بارەكەدا هەڵوێستی ئیبن سینا ئەوەبوو كە بەچاوێكی رەخنەگرانە دەیڕوانیە مامۆستای یەكەم، وەویستویەتی رێچكەیەكی تایبەت بەخۆیشی دیاری بكات. لەگەڵ ئەوەشدا كەدانی ناوە بەرێزی مامۆستای یەكەمو بەرێزی فارابیش دا كە بەباشترینو بەرێزترین پێشینە دادەنرێت لەلای ئیبن سینا لەدوای ئەرستۆ وە ئەگەر بمانەوێت بەراوردی زیاتر بكەین، دەبینین كە غەزالی هەڵوێستێكی دوژمناكارانەی بەرامبەرس فەلسەفەو فەیلەسوفان هەبووە. غەزالی بڕوای بەتەقلیدی كەسانیتر نەبووە، هەرچەند غەزالیش یەكێك بووە لەگەورە زانایانو خاوەنی عەقڵێكی كارامە بووە، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدا بوو كە تەقلید جۆرێك لەدەسەڵاتی ئەبستمۆلۆجیا دەنوێنێ. دەسەڵاتی ئەبستمۆلۆجیش بریتیبە لەوەی كە راستی بەزمانی بێژەرەكەیەوە بناسیت نەك بەخودی راستی خۆی چونكە لەواقیع دا نابێت راستی بەبێژەرەكەیدا بناسرێتەوە دەبێت خاوەنەكەی بەڕاستیدا بناسرێتەوە. لەم بارەیەوە غەزالی

ئەو رایەی خۆی بەو وتەیەی ئیمامی عەلی بەهێز دەکات کە دەڵێت (راستی بەخاوەنەکەیدا مەناسە. بەڵکو راستی بناسە دۆستەکانیدەناسی). ئەم هەڵوێستە رەخنەگرانەی غەزالی لەتەقلیدو سەرچاوەکانی ئەبستمۆلۆجیا، بوە هۆی ئەوەی کەغەزالی دان بنێت بەبوونی جیاوازی لەنێوان رابەرانی فیکرو گەورە زانایان ئەمەشی بەیاسایەکی ئەزەلی یان قەدەرێك داناوە کەمرۆڤ ناتوانێت خۆی لێرزگار بکات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە دەفەرموێت (ولایزالون "مختلفین الا من رحم ربك"

وە ئەگەر سەرنج بدەینە نمونەیەکیتر لەرزژناوای ئێستا، دەبینین کەهەڵوێستی رەخنەگرانە لەبۆچوونەکانی پێش خۆیان پاڵێنا بە یەکەمین فەیلەسوفی نوێگەری (دیکارت) کەپاشکۆی و تەقلید رەت بکاتەوە. وە ئەگەر بەچاوێکی رەخنەگرانەی وردەوە سەیری ووتەی زانا بەناوبانگەکان بکەین بەئاشکرا جیاوازی دەبینین لەبیروبۆچونیاندا)

وە جیاوازیش لەنێوان بیروراکاندا بانگەشەیە کە بۆ پیاچوونەوە بەووتەی خاوەنەکانیاندا. ئەوەش رێگەیەکە بۆ تازەکردنەوەی ئەبستمۆلۆجیاو پرۆگرام.

ئەوەش ئەو ئەرکە گرنگە بوو کە باوکی فەلسەفەی نوێ پێی هەستا کەبریتیبوو لە: رزگاربوون لەدەسەلاّتی تەقلید کەپێشینەکان پیادەیان دەکرد.

هەروەها رزگاربوون لەقوتابخانەی دۆگمابوون.

ئەمەش مانای ئەوە نیە کەئێمە پەیوەندی نێوان راستیو خاوەنەکەی پشت گوێبخەین. چونکە هەموو هەوڵێکی فیکری کەشێوازی رەخنەگرانەی هەر جۆرێ: بێت. بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە مەرجەعو دەسەلاّت.

فەلسەفەی دیکارت گەیشتبوە ئەم ئاستە، واتە گۆڕا بۆ دەسەلاّتێکی ئەبستمولوجی، هەر لێرەشەوە کۆمەڵێك هەوڵیتر سەریان هەڵدا کە رەخنەیان لێدەگرتو بۆچونەکانی ئەویان تێپەڕاند.

وە غەزالیش لەکاتێکدا کە رەخنە لەتەقلید دەگرێتو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت راستی بەخۆیدا بناسرێتەوە. نەك بەوەی کە دەیلێت غەزالیش رایەکەی خۆی بەپشت بەستن بەمەرجەعێکی کەلتوریو دەسەلاّتێکی ئەبستمولوجی بەهێز دەکات، هەروەك لەپێشەوە باسمان کرد. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەبستمۆلۆجیا بەبێدەسەلاّت بوونی نیە، هەروەك میشیل فوکو، روونی دەکاتەوە لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر سیستمەکانی مەعریفە، بەم شێوەیە ئەو ووتەیەی سەرچاوەیەك بێت بۆ راستی سەرئەنجام دەبێتە مەرجەعو دەسەلاّت. بەڵام لەکاتێکدا کە دەڵێین فیکر خاوەنی دەسەلاّتێکی تایبەتیە، لەم روانگەیەوە ئەرکی چالاکی فەلسەفی لەوانەش رۆشنگەری دەبێت وازهێنان بێت لەبوغزو داخرانو رزگاربوون لە تەقلیدو پاشکۆیی و رەخنەگرتن لەدۆگمابوون لەرەوتی فیکریو مەزهەبی فەلسەفیدا.

وە یەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی عەقڵ ئەوەیە کە توانای رەخنەگرتنی هەبێت لەخۆی، ئەویش بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی دۆگمابوون، وە پەردە لەسەر هەموو شێوەیەکی دەسەلاّتی شاراوە هەڵ بداتەوە لەووتەو گوتاردا.

وە ئێمە کاتێک کە ڕەخنە لەهەڵوێستی فارابی دەگرین بۆ تێڕوانینی لەپێشینەکانی خۆی، مەبەستمان ئەوەیە کەتیشک بخەینە سەر تێڕوانینی فەیلەسوفێکی ئیسلام بۆ فەیلەسوفەکانی پێش خۆی لەڕوی لایەنگیری و تەقلیدو پاشکۆیی بەوە،

ئەم تێڕوانینەی فارابی پێویستە ببێتە جێگەی پرسیارو ڕەخنەگرتن چونکە عەقڵ بەتایبەتیش عەقڵی فەلسەفی، عەقڵێکە کەیەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی پرسیارو ڕەخنەو گومانەو گەرانە بەشوێن ڕاستیەکاندا. لێرەدا ئێمە هەرچەند ڕەخنەمان لەفارابی گرتووە. بەڵام لەڕەخنەو ڕاست کردنەوەکانماندا بۆی. ڕێز لەهەڵوێستەکانی دەگرین و لەهەڵوێستو بۆچونەکانیشی تێدەگەین. لەلایەکی تریشەوە ئەو تێڕوانینەی کەفارابی هەیەتی بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆو جۆرێک لەشەرعیەتو بیانوی خۆی هەیە. چونکە فارابی لەوکاتەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە نەیتوانیبێت بەدەر لەو هەڵوێستە شتێتر بڵێت، وە ئێمە لەئەو هەڵوێستەی تێدەگەین ئەگەر بارودۆخ و مەرجە تایبەتییەکانی ئەوکاتە بخوێنینەوە. وە ئەگەر ئەو هۆکارانەمان بزانیایە کەبوەتە هۆی جوڵاندنی و ئەو بوارەش کەهەڵی بژاردوە لەبواری فەلسەفەدا کاری تیادا بکات.

بەڵام ئەوەی پێویست بوو لەسەر فارابی کەدەبوایە بیکردایە بریتیبوو لەکارکردن لەسەر بەخۆمالێکردنی فیکری یونان لەجیهان ئیسلامیدا.

وەپێویست بوو لەسەری کەژیربێژی بەزمانی عەرەبی دابڕێژێتەوە. بەووتەیەکی تر بڵێین پێویست بوو لەسەری کە بنەمایەک بۆ فەلسەفەو ڕەوانبێژی دابڕێژێتەوە لەکەلتوری ئیسلامیدا. وە جارێکیتر پەیوەندیەکی نوێ دابڕێژێتەوە لەنێوان فەلسەفەو ئایندا. یان لەنێوان ژیربێژی و ڕێساکانی زمانی عەرەبی، هەروەک د. جابری بەڕونی لەوبارەوە باسی دەکات. بەڵام لەوبارەدا فارابی نەیتوانیوە بێجگە لەلایەنگری بۆ فەلسەفەو فەیلەسوفانی و گونجان لەگەڵیانداو پشتگیریکردن و تەقلیدکردنیان شتێکیتر بکات.

وە هەڵوێستی ئەو لەوبارەدا، لەهەڵوێستی هەندێک عەرەبی هاوچەرخ دەچێت کەئەرکی گرنگی سەرشانی خۆیان لەبڵاوکردنەوەو چەسپاندنی هەندێ مەزهەبی فەلسەفی ڕۆژئاوایدا دەبیتەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا. کەسەرەتا بەدیکارتی و هیگڵی و مارکسیی و پاشان بەوجودی و فۆکۆیی کۆتایی‌دێت، ئەمانە مەزهەبێکی ڕۆژئاواییان هەڵگرتوەو هەوڵی بڵاوکردنەوەو بڕەوپێدانی دەدەن لەدەوروبەرەکەی خۆیاندا، ئەمانە نەیانتوانی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە یان هەبێت، بەڵکو لەگەڵ خاوەن فیکرەکاندا تێکەڵ بوون و بەشێوەیەکی ڕەگەز پەرستانە بەرگریان لێکردوە. دەستیان گرت بەدەقەکانیانەوەو وەک مەرجەعێکی کەلتوری مامەڵەیان لەگەڵدا کردن، ئەمانە تەقلید گەراو پاشکۆن و ڕەسەنایەتیان وون کردوە. لەهەموو ئەو هەوڵانەی کەدایان نەیانتوانی هیچ یەکێک لەئەو مەزهەبە فیکریە نوێیانە بچەسپێنن و بیکەنە بەشێک لەکەلتوری نوێی عەرەبی، لەڕاستیدا هەنوکە مامۆستایەکی ناودارو ئەندازیارێکی فیکری بەتوانا نابینین لەنێوان عەرەبە هاوچەرخەکاندا.

ڕاستە کە فارابی بوە قوتابی یونانو بوە بەشێک لەکۆمەڵی ئەوان بەڵام لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی ڕاستی و میراتگرێکی گەورە بوو. مەبەستمان ئەوەیە کەفارابی سەرکەوتوو بوو

لەچەسپاندنی چەمکەکان فەلسەفە لەجیهانی ئیسلامیدا وە جارێکی‌تر توانی ژیربێژی دابڕێژێتەوە بەزمانێك جگە لەزمانی یونان، فارابی، زمانی عەرەبی فراوان کردو وای لێکرد کەبتوانێ پێشوازی لەماناو چەمکە هاتوەکان بکات. بەهۆی فارابیەوە زانستی فەلسەفە بەزاراوەو ووتەو ژیربێژیەکانی بوە بەشێکی ئەندامی لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامی‌دا. ئەمە سەرەڕای دژایەتی کرانی لەلایەن هەندێ رەوتی فیکریەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە تەنانەت نەیارانی فەلسەفەش لەزانایانی شەرع‌و ووتە بێژەکان (متکلمین) ئەم زانستەی پێشینەکانیان خوێندۆتەوەو بەکاریان هێناوە لەووتارو راگۆرینەوەو مشت‌ومڕەکانیاندا ئەوەش بەشێوەیەکی ئیرادی بوبێت یان نائیرادی.

بەڕاستی فارابی مامۆستای دووەم‌و میراتگرێکی رەسەن بووە، وە هەر لێرەشەوە هەست بەگەورەیی‌و رەسەنایەتی دەکەین، ئێمە لەکاتێکدا کە دەگەڕێین بەشوێن ئەو گەورەیی‌و رەسەنایەتی‌یەدا پێویستە بۆ ناشکراکردنی تەنها پشت بەوە نەبەستین کەووتوێەتی یان باسی دەکات، لەشێوازی پەیوەندی لەگەڵ ئەفلاتون‌و ئەرەستۆدا. بەڵکو پێویستە بەشوێن ئەوەدا بگەڕێین کەنەی ووتوە، ئەوەی کەنەی ووتوە گرنگترە، هەرئەمەشە کەبنەمای گوتارەکەی لەسەر دادەڕێژێت، ئەگەر بمانەوێت بەرمبەر بەفارابی بەویژدانەوە مامەڵە بکەین پێویستە کەئاستی رواڵەت‌و ئاشکرای ووتەکانی تێبپەڕێنین‌و بگەینە سەر ئەو بنەمایانەی کەگوتارەکەی لەسەر بنیات ناوە ئەوەش ئایا لەشرۆڤەکانی دا بێت یان لەخستنەڕوی فەلسەفەی ئەوانەی پێش خۆی یان پۆلێنە تایبەتی‌یەکانی‌و ئەو کتێبە نوسراوانەی‌دا بێت کە لەیونان جیای دەکەنەوەو سەربەخۆیی پێدەدات.

بەڵێ پێویستە لەبنەمای گوتارو ژیر بێژیەکەی وردببینەوە چونکە گوتار لەدواجاردا هەڵگری پێناسی بێژەرەکەیەتی، هەرچەند ئەو گوتارەش رون کردنەوەو راڤەی گوتارێکی‌تر بێت، وە هەموو گوتارێکیش، وێنەی گوتارێکی تر لەخۆ دەگرێت، هەرچەند مەبەستِ لەداڕشتنیشی راڤەو رون کردنەوە بێت. تەنانەت ئەوانەش کەزۆر توند دەستیان گوتوە بەدەقەوەو خۆیان لەتەئویل دەپارێزن. لەکۆتاییەکەیدا قسەی خۆیان دەکەن. هەموو ووتەیەکیش راستی‌یەکی بنیات دەنێت. هەموو ووتەیەکیش دەسەڵاتێکی هەیە فارابی هەڵدەستێ بەڕون کردنەوەو پوختەکردن‌و خستنەڕوو، لەکۆتایدا ئەویش رای خۆی دەڵێت و گوتارێك بنیات دەنێت کەشوێنکارە فکریەکانی خۆی پێوەیەو هەڵگری سروشتە تایبەتی‌یەکەی خۆیەتی.

بەووتەیەکی رووتر بڵێم، جارێکی تر ئەو دەقە دادەڕێژێتەوە، کەکار لەسەر رون کردنەوەو پوختەکردنی دەکات. واتە هەڵدەستێ بەلێکۆڵینەوەو وردبینی کەتیایدا زیادو کەم دەکات.) لێرەدا تێگەیشتنێك بەسەر یەکێکی‌تردا زاڵ دەبێت وەجارێکی‌تر فیکرەکان دوبارە رێك دەخرێنەوە وەماناکان دادەڕێژرێتەوە بەزمانێکی نوێ وە تێگەیشتنەکان دەخرێنەوە نار قاڵبێکی عەقڵی جیاواز، فارابی کە کار لەسەر دەقی پێشینەکان دەکات، ئەوا ئەو ووتارێك بنیات دەنێت‌و فیکرێك رێك دەخات، لێرەوە دەتوانین بڵێین، بەڕاستی سەرلەنوێ بنیات نانەوەی گێڕایەوە.

ئەگەر رێزی ئەرستۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم کەس بووە زانستەکانی دابەش کردوە و ووتەکانی تێدا رێك خستوەو یەکەم کەسیش بووە کەبنەمایەکی راستی داناوەو چەند راستی‌یەکی چەسپاوی دیاری کردوەو رێگاو پرۆگرامێکی رونیشی داناوە. فارابیش ووتەکانی مامۆستای یەکەم دەگێڕێتەوەو کار لەسەر چاکسازی و راست کردنەوەو تەواوکردنی دەکات، ئەگەر ئەوەشی بەئاشکرا

هەژار ـــ
***

دوای ئەوەی کە لەپشکینی تیۆرانینی فارابی بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەگۆشەنیگای یەکەمەوە تەواوبوین واتە لەو گۆشەیەوە کەفەیلەسوفێکمو چۆن مامەڵەی لەگەڵ فەیلەسوفاندا کردوە، بائێستا دەست بکەین بەوردبوونەوە لەشێوازی تیۆرانینی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە لە گۆشە نیگای دووەمەوە واتە لەگۆشەی پەیوەندی نێوان من و ئەوی تر. لەنێوان فەلسەفەی یونانی و کەلتوری ئیسلامیدا، فارابی هەرچەند خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەرکی بنیات نانی فەلسەفە لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامی دا، ئەمەش لەوە کەم ناکاتەوە کە رۆشنبیرو زانایەکی مسڵمان بووە. ئەگەر نەشڵێین ئیسلامی بوە، واتە

لەڕوی سەردەمو کەلتوور زمانەوە لەفەلسەفەی ئیغریق جیاوازی هەیە هەروەک لەپێشەوە وتمان، لەرویەکی ترەوە تیۆرانینی بۆ ئەوان تیۆرانینی مسڵمانە بۆ نامسڵمان. بۆگومان ئەم تیۆرانینەش کاریگەری سەردەمو کەلتوور ئەو زمانەی بەسەرەوە دەبێت کەپێی دەنوسێت. کە دەڵێین تیۆرانینی مسڵمانە بۆ نامسڵمان. لەڕاستی پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان سێ هەڵوێست لەزانستە هاتوەکان لەلایەن زانایانی مسڵمان و فەیلەسوفەکانیانەوە یەکەمیان ئەوانەبوون کە بەهەمور شێوەیەکی فەلسەفەیان رەت دەکردەوە. لەڕوی پڕۆگرامو بیروڕاوە، ئەمانە رەوتی پارێزگارەکان بون. یان پێیان دەوتن کەسانی دەق و هەواڵ. دەتوانین هەڵوێستی ئەوانە گورت بکەینەوە لەم بۆچونەدا کە دەڵێت (فەلسەفە بنەمای گێلی و بەرەڵاییە. وە هۆکاری سەرسوڕمان و گومرایی‌یە....

ئەمانە دەیانووت (مەبەست لەزانست ئەو زانستەیە کە لەپێغەمبەر (د.خ) ماوەتەوە بۆمان، هەرئەوەشە شایەنی ئەوەیە پێی بوترێت زانست)

دووەمیان بریتی‌یە لەهەڵوێستێکی مام ناوەندی کەهەندێك لەوتەبێژان (متکلمین) و زانایانی شەرع نوێنەرایەتیان دەکرد. کە لەتیۆرانینیانداا بۆ زانستە هاتوەکان جیاوازیان دەکرد لەنێوان دو جۆردا.

جۆرێکیان پەیوەندی بەئاینەوە نی‌یە. جۆرێکی‌تریان پەیوەندی پێوەی هەیە بەسلبی یان ئیجابی. جۆری یەکەمیان وەرگرتوەو جۆری دووەمیان رەت کردۆتەوە، یان بەتەعبیرێکی‌تر، لەزانستی فەلسەفەدا ئالیەتو زانستیان لەیەکتر جیاکردبوەوە. هەروەها پڕۆگرامو بیروڕا، ژیربێژیان وەرگرتبوو بەکاریان هێنابوو، بەڵام ئیلاهیاتو میتافیزیقیاو چەند بەشێك لەزانستی سروشت ناسیان رەت کردبوەوە.

غەزالی یەکێك بوو لەوکۆمەڵە کتێبەکانی فەلسەفەی خوێندبوەوەو شارەزایی لەزانستەکانی دا پەیدا کردبوو، وە دانی نابوو بەڕاستی هەندێکیاندا بەتایبەتی ژیربێژی، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو سودی لێوەرگرتوونو ئالیەتە تیۆریەکانی ئامێرەکانی تێگەیشتنی بەکارهێناوە لەگەڵ زاراوە زانستیەکاندا، هەرچەند ئەو بەناوی تازە ناوی بردون بۆئەوەی لەوان جیایان بکاتەوە

غەزالی زۆر زۆر کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەو فەیلەسوفانەوە، بەجۆرێك کەهەندێك لەقوتابیانو هاوڕێیان تەعبیریان لەم راستی‌یە کردوە کەجۆرێك لەگالتەجاڕی پێوە دیارە کەدەیانووت.

شێخمان (غەزالی) فەیلەسوفەکانی قوت داوە، وە دەیەوێت بیان ڕشێنێتەوە بەپێی توانا.

لەگەڵ ئەوەشدا غەزالی بەویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵ فەیلەسوفاندا نەکردوەو مافی خۆی پێنەداون. بەڵکو ستەمی لێکردون تاوانباری کردون بەکوفرو بێباوەڕی هەروەك زانراوە، ئەگەر کۆمەڵێ یەکەم بەوەدا ناسرابن کەچلەپۆپەی داخران بوون لەتیۆرانین یاندا بۆ فەلسەفەی ئیغریق ئەوا کۆمەڵی دووەم زۆر نەرم تربوون لەهەڵوێستیاندا لەگەڵ کەلتورە هاتوەکاندا. غەزالی لەڕوی دوژمنایەتی‌کردنی بۆ فەیلەسوفان بەپلەی یەکەم دێت بەڵام لەڕوی جیاوازی کردن لەنێوان فەلسەفەو دەست گرتنی بەژیربێژی خراوەتە ریزی کۆمەڵی دووەم. بەڵام ئەگەر لەئاستی ڕوالەتی گوتارەکەی تێپەڕین بچین بۆئەوەی کەنەی وتوەو ئاشکرای نەکردوە. واتە باس لەسیستەمو بنەماو شێوەی بەرهەم هێنانەوەی بکەین، ئەوا پێویستە بۆچوونی ترمان هەبێت.

***

کۆمەڵێ سێیەم ئەوانەبوون لەنێوان موسڵماناندا کە بەتەواوی لەگەڵ یوناندا توابونەوە زانستەکانیان خوێندبونەوە و لەسەر پڕۆگرامەکانیان دەڕۆیشتن و رایەکانیان وەردەگرتن و هەمان بۆچونیان هەبوو بۆ خواو جیهان و مرۆڤ، فەلسەفە لای ئەوانە وەک بیروباوەڕ وابوو بۆیان.

بەتایبەتیش فەیلەسوفەکانی وەک/ کندی/ فارابی/ ئیبن سینا/ لەرۆژهەڵات/ ئیبن باجە/ ئیبن توفەیل/ ئیبن روشد/ لەرۆژئاوا. ئەمانە تێڕوانینێکی کراوەیان هەبوو بۆ زانستە هاتوەکان و ئەوەش کەدەیان بینی لەئەبستمۆلۆجیا و دانایی کەسانیتر. بەمانایەکی وردتر بڵێین. شارەزابونیان لەزانستەکانی یونانداوای لێکردن کەبڵێن عەقڵی مرۆڤی خۆی دەتوانێت پشت بەتواناکانی خۆی ببەستێت. بەبێ پێویست بوون بەشەرع، بۆ زانینی راستی و بیرکردنەوە لەکردنی کارێک، واتە مرۆڤ دەتوانێت لەرێگەی توێژینەوە تێڕوانینەکانی بگاتە ناسینی شتەکان بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو و دیاری کردنی ئامانجی کرداڕەکان و جیاکردنەوە باش و خراپ و ڕێزدارو بێڕێز ئەمەش وای لێکردون کە بڕوا بەوە بکەن کەلای کەسانیتر هەیەو وەری بگرن.

وە بەشێوەیەکی فراوان سەیری زانستی بکەن کەلای کەسانیتر هەیە و وەریبگرن. وە بەشێوەیەکی فراوان سەیری زانست بکەن و وزاز لەتەسک بینی بێنن و بەشێوەیەک کەڕاستی تەنها قۆرغ نەکرێت لەسەر ڕەگەزێک یان ئەندامێ: یان ئاینێک یان سەردەمێک. وە ئەم هەڵوێستەش پوختەی بانگەشەی ئیبن لوشربوو بۆ تێڕوانین لەووتەکانی کەسانیتر (نا مسوڵمان) بەدور لەبیروڕای ئاینی خاوەنەکانی) ڕاستی لای ئیبن روشد سەر بەهیچ گروپێک نیە.

گرنگ لەم ووتەیەدا.ئەوەیە کە لەسەر بڕوابوون بە بەڵگە بەرهەم هاتووە. بەڵگەو سەڵماندنیش تاڵیەتێکی زانستی یەکە پێی دەگەیتە باوەڕ لەهەر بوارێکی ئەبستمۆلۆجیاداکە بتەوێت. وە ئەم تاڵیەتەش ئەرستۆی فەیلەسوفی یونانی بەشوێنی داگەڕاوەو وتەی ئەوانی خۆی تێدا کردوە بەشێوەیەکی کەبواری زیادوونی نەبێت لەسەری لەوەدا کەجەوهەری و بنەڕەتیە. وە بەوشێوەیەش کەفەیلەسوفە مسوڵمانە پێشینەکان سەیری ئەم بابەتەیان کردووە بەتایبەتی فارابی و ئیبن روشد، لەبەرئەوە بەناچاری پێویستە دەست بە ئەم تاڵیەتەوە بگیرێت.

بەم شێوەیە فەیلەسوفە مسوڵمانەکان سەیری فەلسەفەو زانستو راستیان کردوە کەتێڕوانینێکی ڕەهاو گشتگیرو ئەبستراکتە. وەک مەرجەعێکی کەلتوری سەیری فەلسەفەو زانستو راستیان کردوە کەتێڕوانینێکی ڕهاو گشتگیرو ئەبستراکتە، وەک مەرجەعێکی کەلتوری سەیری فەلسەفەی یونانیان کردوەو وێنای شتەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی بەپێی نمونە ئەرستۆییەکە کێشاوە، وە فەیلەسوفان لای ئەوان لەسەرەو ڕەخنەو مشتومڕ گومانەوەن، هەرچەند فارابی لەڕوی مەبدەئیەوە بەپێویستی زانیوە کە لەووتەی پێشینەکاندا هەڵەو راست لەیەکتر جیابکرێتەوە بەپێی ئەوەی کامیان لەگەڵ راستیدا دەگونجێتو کامیان ناگونجێت.)

لەڕاستیدا فارابی گەورەترین دانای ناواداربوو لەنێوان فەیلەسوفەکانی ئیسلامدا لەڕوانگەی هەڵوێستو هوشیاریەوە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەفلاتونو ئەرستۆدا. وە لەبەرئەوەی لێڕەدا باس لەتێڕوانینی مسوڵمان دەکەین بۆ نامسوڵمان، فارابی لەم ڕوەوە چڵەپۆپەی کرانەوە دەنوێنێ ەلگەڵ کەسانیتردا لەوانەش یونان. سەرەڕای جیاوازیان لەزمانو کەلتورو سەردەمو ئایندا وە ئەم تێڕوانینەش پێچەوانەی بۆچوونی تایبەتیانەی ڕەهاو داخرانە بەسەر خود دا، فارابی فەلسەفە توشی خلیسکانی

کردو سەری سوڕما بوو لەناست نمونەی یونانیدا، لەگەڵیاندا تێکەڵاوبوو، فیکرەکەیانی وەک نیمچە بارەڕێک وەرگرت، لەزانستی یونان دا تیۆرانین و ئالیەتەکانی بنیات نا هەروەها پڕۆگرام و بیروڕاش لەیەک کاتدا، هەرچەند فەلسەفە دادەنرا بەشتێکی هاتوو لەڕوی سەرچاوە کە (کۆن بوو) وە لەڕوی دروست بوون و سەردەمەکەیشەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین فارابی بۆی دەرکەوت کە ئەم زانستانە تازەو هەنوکەیین لەڕوی پڕۆگرام و تیۆرانینەکانیدا. فارابی بەجۆرێک سەیری فەلسەفەی کرد کەزانستێکی ڕاست و ئەبستراکتە لەڕوی زەمان و شوێن و دەروبەرو مەرجەکانیەوە. بەجۆرێک سەیری ئەرستۆی دەکرد کەفەیلەسوفێکی سەردەمە وەک د. حنفی دەڵێت نەک یونانیەیەک یان فەیلەسوفێکی کۆن بێت، لەبەرئەوە ئەرستۆ ئەرکێک لەوە پیرۆزترو بەرێزترو نەدەزانی کەهەستێ بەڕاڤەو رون کردنەوەی ئەوەی کەلەئەرستۆو ئەفلاتونەوە وەرگیرابوو، بۆ خەڵک و گەلی زەمەنی خۆی فارابی زۆر سەرسوڕمانێکی عەقڵی بەفەلسەفە پەیدا کردبوو. وەبەجۆرێک سەیری دەکرد کەبنەمای بنیات نانی زانست و ئەبستمۆلۆجیایە لەکەلتوری ئیسلامیدا، وە لەفەلسەفەدا چارەسەری بۆ مەل ملانێی نێوان گەل و ئایینەکان و جیاوازیەکانی ڕاڤەو تەئویل دەبینی، ئەوەش لەم بارەدا نمونەیەک بوو بۆ مۆدێرنیزمی فیکری لەلای فارابی.

ئەگەر عەرەب و مسوڵمانە مۆدێرنیزمەکان سەیری ڕۆژئاوای نوێیان کردوە واتە ئەوانەی لەڕوی زەمەنەوە لەوان نوەێترن، وە ئەوەشیان بەمۆدێرنیزمی فیکری لێک داوەتەوەو کاریگەر بوون پێی و شوێنی کەوتوون و وەریان گرتووە بەڵام فارابی ئەو مۆدێرنیزمەی لەفەلسەفەی لەپێشینەکاندا بینیوە. سەرەڕای ئەوەی کەماوەی زەمانی لەگەڵیاندا زۆرتر بوە لەماوەی نێوان ئێمەو ئەو فەیلەسوفە مسوڵمانە لەڕاستیدا فەلسەفەی مامۆستای یەکەم لەدیدی زۆر لەزانایانی ئیسلام بیرمەندەکانیدا بەجۆرێک دەبینرا کە بە ئەو زانستە یان دادەنا کە کەس ناتوانێت پشت گوێی بخات و وەری نەگرێت، واتە ئەو زانستەی کەزەمەنی بەسەر ناچێت. ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین مۆدێرنێتی فیکری چمکێکی زەمەنی نییە، بەمانایەکی وردتر بڵێین نابێت بەشێوەی هێڵی بەیانی هەڵچوو داچوو سەیر بکرێت هەمو بیرمەندێکی گەورە نوێیە، بەڕێژەی ئەوەی کەفیکرەکەی بەکەڵکمان دیت لەم سەردەمەدا لەڕوی زەمەنو جیهانی بونیەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئێستاش فارابی و غەزالی و ئیبن عەرەبی زۆتر مۆدێرنن، واتە زۆر گونجاوترن بۆ ئێستا لەزۆر کەسی هاوچەرخ، وەدەبێ بزانین کەمۆدێرنیزمی داهاتوو واتە تازەکردنەوەی مۆدێرنیزم خۆی پێویست دەکات لەسەرمان کە بگەڕێینەوە بۆ پێشینەکان سەرلەنوێ. بۆ تێگەیشتنەوە لەکەلەپورو چەسپاندنی بنەما ڕەسەنەکان بۆ دەست کردن بەبنیات نانەوەو دامەزراندن. واتە بۆ گێڕانەوەی تەئویل، نوێگەریش بریتیە لەتەئویلی شتی کۆن هەروەک هەنگاومان ناوە بۆی)٢٤

ئەگەر فارابی فەلسەفەی بنیات نابێت و هەوڵی دامەزراندنەوەی کەلتوری ئیسلامی دابێت بەڵام لەهەمان کاتدا هەستاوە بەتازەکرنەوەو پەرەپێدانی فارابی بیرمەندێکی گەورەیە. بیرمەندیش لەزەمەنی خۆیدا دەژی و سەردەمی خۆی هەیە.

دڵی بەئایندەی ئەزمونەکەی خۆشە بەوردی سەیری دەکات و ئاگاداری هوشیاری خۆیەتی و بەعەقڵ مامەڵە لگەڵ جیهانی خۆیدا دەکات فارابی لەسەری پێویست بوو کە بیربکاتەوە لەو گرفتانەی کە کۆمەڵگاکەی دەیانخستە بەردەمی وە لەو بابەتانە ورد بێتەوە کە کەلتورەکەی دەیان وروژاندن. .

تێڕوانینی تایبەتی هەبوو لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمانەکانو مەعریفە جیاوازەکان، وە لێکۆڵینەوەی دەکرد لەسەر چۆنیەتی پێگەیشتنی نەتەوەکانو دانانی یاسا، وە هەستاوە بەژمارەدنی زانستەکانی سەردەمەکەی و دوبارە پۆلێن کردنەوەی وەهەوڵیداوە لەدیاردەی پێغەمبەرایەتی تێبگات و جارێکیتر پەیوەندی نێوان فەلسەفەو شەریعەت ڕێك بخاتەوە بێگومان بەمەش کاری کردوە لەسەر تازەکردنەوەی فیکری فەلسەفی لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا.

ئەگەر تازەگەری بریتی بێت لەبنیات نانەوە. ئەوا گێڕانەوە تەنها بریتی نیە لەدوبارەکردنەوە یان تەنها ڕاڤەو ڕون کردنەوەی دەقەکان بێت بەڵکو بریتیە لەگێڕانەوەی تێگەیشتن و بنیات نانەوەیەکی نوێیە بۆ کرانەوە بەڕوی واقیع دا. ئەمەش ئەوکارە بوو کە فارابی پێی هەستاوە لەدانراوەکانیدا کە دەردەکەوێت تیایاندا کە هەستاوە بەخوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو واقیعەی کە هەبوە لەگەڵ تێڕوانینە تایبەتیو دیارەکانی خۆی بۆ خۆی و بۆ جیهان، گومانی تێدا نیە کە بنەماکانی ئەو تێڕوانینەو زاراوەکانی بەرێژەیەکی زۆر یۆنانین، بەڵام لەهەمان کاتدا تێڕوانینێکی کراوەو گەشبینانەیە بەسەر ڕواڵەتە ئیسلامیەکەدا، واتە لەسەر پێغەمبەرایەتی و ڕوداوە قورئانیەکان، وە کەدەبینین فارابی لەفەلسەفەکەیدا لەووتەی مامۆستای یەکەم دەدرەچێت و لێرەوە سیستمی فیکری جیاواز دەبێت لەسیستمی فیکری مامۆستاکەی، ئەمە مانای تێکەڵ کردنی ووتەکانی ئەفلاتون و ئەرستو ناگەیەنێت، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ڕەگەزێکی نوێی خستبێتە سەر فەلسەفەی مامۆستای یەکەم، وەك ئیبن ڕوشد دەڵێت، وە گێڕانەوەی ڕەگەزەکانی هرمسیش نەبوە هەروەك هەندێك لەهاوچەرخەکان دەیڵێن، بەڵکو هۆی سەرەکی ئەوەبوە کەفارابی وەك فەیلەسوفێك پێویست بوو بیرورا لەسەر شتێك دەربڕێت کە لە زەمەنی ئەرستۆدا نەبووە، پێویست بوو لەسەری کەبەشێوەیەکی عەقلانی لەنو دیاردەیە تێبگات کەبنەمای کەلتوری ئیسلامی لێ پێکهاتبوو ئیلهامێکیش بوو بۆ عەقلی عەرەبی ئیسلامی.

زۆر چەمکیتر کەفارابی بەکاریهێناون لەخوێندنەوەی سروشتو ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان جیهانی هەست پێکراوو جیهانی واقیعدا. وە ئەگەر ئەمەش تەعبیر لەکرۆکی (هرمسیەت) بکات یان بنیات نانی پەیکەرێکی هرمسی یان تێکەڵ کردنێك بێت لەنێوان خواناسی هرمس و خواناسی ئەرستودا) لەئەنجامی ئەوەوە ئەنجامێکمان دەست دەکەوێت کەس ناتوانێت بڕوای پێبکات و خۆی بداتە دەستی" وە ئەگەر بیرورامان وابێت کە هەرچی ئەرستۆی نەبێت لە پێکهاتەی فەلسەفی فارابیدا مەبەستیشمان لەمە هەوڵەکانێتی بۆ کرانەوە بەڕوی وەحی و یان هەوڵە عەقلیەکانی یان هەوڵدان بۆ کرانەوەی بەڕوی جیهانی خواناسیدا. هەروەك لەئاسۆکانی فەلسەفەدا دەبینرێت.

ئەگەر ئەمانە بەوە لەقەڵەم بدەین کە شوێنکارێکە لەشوێنکارەکانی هورمسی و میراتێکە لەمیراتەکانی "عەقلی سەربەخۆ" کە لەهرمس و عەقلی غنوص) دا خۆی دەنوێنێت. هەروەك لەم بارەیەوە جابری بڕوای وایە. ئەمە دەمانبا بۆئەوەی کە ڕەسەنایەتی لەفارابیدا بسڕینەوە، دووەمیشیان بەڕەچڵ بوونی تێڕوانینێکی ڕەسەن و بنچینەیی بدەینەوە کەعەقلی عەرەبی ئیسلامی هەیبوە. واتە ئەوکاتە دەبێت وەحی ئیسلامی بەجۆرێك لە خەیاڵ یان بەشێوەیەك لەشێوەکانی هەمسی لەقەڵەم بدەین، وەجابریش بەو بیرورایەی دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامە مەترسیدارە، سەرەڕای ئەوەی کەتێگەیشتنی بۆ مامۆستای یەکەم وردو تەواو نیە، وە جابری نەدەگەیشتە ئەم ئەنجامەش ئەگەر پێك

چواندنی نەکردایە لەنێوان ئەرستۆو عەقڵ یان بەمانایەکی وردتر بڵێین بەڵگە. جابری وای داناوە کە مامۆستای یەکەم (عەقڵێکی گەردونی) دەنوێنێت، وە هەر دەرچوونێک لێی دەرچوونە لەبەڵگەکان. وەهەر کەسێک سەرپێچی بکات دەچێتە بازنەیەکی ناعەقڵانی دور لەڕاستی ئەم تێڕوانینەیە کەجابری توشی گێژاوێک کردووە واتە ئەرستۆی کردۆتە ستاندارد بۆ دادگایی‌کردنی فەیلەسوفە مسوڵمانەکان، وە لەبڕیارێکی پێش وەختەوە هەستاوە بەشیتەڵ کردنی عەقڵی عەرەبی‌و ڕەخنەگرتن لێی، ئەمەش بەڕەچ دانەوەی هەموو شێوازێکی گونجاوو عەقڵانی‌یە، وە بۆ هەموو نمونەکانی مەعریفی کە لەشێوازی یونانی‌و ئەرستۆیی جیاوازبن چونکە ناکرێت بڵێین ئەوەی لەگەڵ ووتەکانی مامۆستای یەکەمدا گونجا ئەوە بەڵگەدارو سەلێنراوە، وە ئەوەش کە لەگەڵی دا نەگونجا بێ بەڵگەیە.

وە ئەوەی کە لەپێکهاتەی فیکری فارابی‌دایەو جیاوازە لەئەستۆو بەوشێوەیە ڕاڤە ناکرێت کەهەست بەجیاوازی بکرێ لەنێوان دوو زەمەن‌و دو جیهانی کەلتوری‌دا، وە ئەگەر فارابی جیاواز بووبێت لەمامۆستاکەی لەبەرئەوە بووە کەهەوڵی داوە لەشتێک تێبگات کە ئەرستۆ تێی نەگەیشتوە. ئەمەش دەکەوێتە کاکڵەی چالاکیەکانی فەلسەفەوە. چونکە فەیلەسوف بیر لەشتێک دەکاتەوە کە کەسانی‌تر بیریان لێنەکردۆتەوە فارابی هەوڵی‌داوە کە بەشێوەیەکی عەقڵانی کە لەئەو ڕوداوە گەورە تێبگات کە بەموعجیزەی عەرەبی ناسرابوو، لەم کارەشیدا ئامێرەکانی سەرسوڕهێنەری یونانی بەکاردەهێنا، هەوڵەکانیشی بۆ نوێکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی شەریعەتی ئیسلامی بوو.

بێگومان لای فارابی بەیەک گەیشتنێکی فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی دەبینین کە لەڕوی سەرچاوەوە کۆیان دەکاتەوە کەلێیەوە دێن وە ئەو ئاسۆ بەرزانەی کەهەردوکیان بەسەریدا دەکرێنەوە. کەتیایدا هاوبەشن. کە ئەمەش ڕوونی لەکتێبی (رای خەلکی شارە ڕێزدارەکە)دا دەردەکەوێت پێغەمبەرو فەیلەسوف لەتێڕوانینی ئەودا هەردوکیان سروشیان بۆ دێت یەکەمیان لەڕێگەی خەیاڵەوە بۆی دێت‌و دوەمیان لەڕێگەی عەقڵی‌یەوە، فارابی بەم کارەی دو بواری بەیەکەوە کۆکردۆتەوە ئەویش بواری فەلسەفەو ئاینە، لەڕێگەی چەمکی وەحی‌یەوە، لەم ڕوانگەیەوە فەلسەفەشی وەک ئاین سەیر کردوە کە وەحی بۆ دێت، ئەمەش وای کردوە کە لێکۆڵەڕەوانی لەسەر فارابی بەشێوەی فەلسەفەی بەیەکەوە گونجاوو پێکچواندن سەیریان کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند فارابی فەلسەفە بەوە باس دەکات کە وەحی‌یەک بێت یان پەیوەندیەک بێت لەگەڵ خودا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەحی خوێندۆتەوە لەبنچینەداو باش تێی‌گەیشتوە بەڵام دەیەوێت خوێندنەوەیەکی عەقڵی بۆ بکات بەئالیەتێکی فەلسەفی. بەوتەیەکی‌تر وەحی لای ئەو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە پلەی کامڵ بوون لای مرۆڤ، ئەویش بەگەیشتن بەجەوهەری عەقڵێکی پوخت دەبێت.

پەیوەندی دەکات بەجیهانێک لەدەرەوەی ئەم جیهانە، کە کەلکی لێوەردەگرێ‌و لەگەڵیدا یەک دەگرێت) ، ئەمەش چرکەساتی یەکگرتنی عەقڵی مرۆڤە لەگەڵ عەقڵی خوادا، خوا لای فەیلەسوفە مسڵمانەکان تەنها عەقڵە) بە یەکگرتنیان مرۆڤ دەگاتە حاڵەتێکی یان پلەیەک کە دەتوانێت لەخوا تێبگاو لەگەڵیدا یەک بگرێت.

وە کرانەوە بەڕوی جیهانی خواناسی‌دا شتێکی نامۆ نی‌یە لەفەلسەفەی ئەرستۆدا. چونکە ئامانجی مرۆڤ لای مامۆستای یەکەم بریتی‌یە لەخۆپێکچواندنە بەڕیانی خواوەند، لەم ڕوانگەوە تێڕوانینەکانی ئەرستۆ کراوەن بەسەر خوداناسی‌دا.

هەروەها پڕۆگرامەکەشی واتە بەڵگەو سەڵانەکانی تەئویل دەکرا بەپێی هەستەکانی بااڵ، چونکە سەڵاندن لێرەدا لەسەر چەند بنەمایەك دادەنرێت کە ناتوانرێت بسەلێنرێت بەڵکو لەڕێگەی ئەو هەستانەوە هەستی پێدەکرێت)

ئەگەر سیستمی کاری ئەرستۆ کرانەوە بێت بەسەر میتافیزیك و شتەکانی دەرەوەی عەقڵ، لەبەرئەوە زۆر پێویست ترە کە سیستمی کاری فارابی بکرێتەوە بەڕێی بازنەی خوداناسیدا. لەکاتێکدا ئەو لەناوەندێکدا دەژیا کەجیهانێکی کەلتوریەو ڕەگو ریشەی لەپێغەمبەرایەتیو نمونەکانی وەحیەوە وەرگرتووە.

فارابی لەم بابەتەدا ووتەکانی یونان دەهێنێتەوەو جارێکیتر دای دەڕێژێتەوەو تەئویلی بۆ دەکات لەژێر ڕۆشنایی زانستو ئەبستمۆلۆجیای ئیسلامیدا.

وە ئەگەر فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی لەڕێگەی بیرۆکەی (وەحی)یەوە لەلای فارابی یەکتر دەبڕن، ئێمە ناچینە ژێر کاریگەری ئەو ووتەیەوەو بڵێین فارابی سەرکەوتوو بوە لەپێکەوە گونجاندنی ئایینو فەلسەفەدا. وەك هەندێك لەلێکۆڵینەرەوان لەسەر فارابی ووتویانە، وە ئێمە لەم بوارەدا تەنها یەکتر بریندێك دەبینین هیچیتر.

وە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی وردتر لەسەری بڕۆین دەڵێین فارابی لەکۆتایدا ویستویەتی کەواقعیەتو عەقڵانیەتی وەحی دەربخات ئەویش بەوەی کە وەحی بکاتە بنەمای ئەبستمۆلۆجیاو بەڵکو ناسۆکانیشی. هەروەها لەڕوی دووەمەوە هەوڵی داوە خوێندنەوەیەکی عەقڵی بۆ پێغەمبەرایەتی بکات ئەویش بەپێکەوە بەستنیەتی لەگەڵ خەیاڵ دا وە ئەگەر فەلسەفە لەلای فارابی وەرگرتنی شتە گونجاوەکان بێت لەلایەن عەقڵی مرۆڤەوە، ئەوا پێغەمبەرایەتی یان جیهانی عەقڵانی نەك بەعەقڵیو بۆچونەکانی بەڵکو لەڕێگەی خەیاڵێکەوە کەبگونجێت لەگەڵیدا لەڕێگەی نمونەی بااڵو، ڕەمزو بۆنەکانیەوە، بەووتەیەکیتر دەتوانین بڵێین ئەگەر فەلسەفە وێناکردنی راستیەکانو بەڵگەهێنانەوە بێت لەسەری، ئەوا پێغەمبەرایەتی وێنە بااڵکانی راستیو خەیاڵەکانی دەکێشێ.

لەبەرئەوە ئێمە وتمان کەفارابی ئەوندەی کەپێغەمبەرایەتیو ئایینی خوێندۆتەوە بەخوێندنەوەیەکی فەلسەفی ئەوەندە هەڵنەستاوە بەهاوسەنگ کردنی ئایینو فەلسەفە. لەتێڕوانینی فارابیدا فەلسەفە بریتیبە لەبنەمای بنیات نانی ئایینو بەڵگەشی بۆ دەهێنێتەوە. وێناکانی بۆ دەکێشێو دەیخاتە قاڵبێکی عەقڵانیەوە.

واتە دەیکاتە شتێکی کەعەقڵ وەریبگرێتو بەئاسانی تێی بگەیت، بەاڵم ئایین دەکەوێتە ژێر فەلسەفەو دەبێتە پاشکۆی و پێوەیگرێ دەدرێت ئەویش وێنەیەکە وەك ئەو دەبێتە چیرۆك خوانی ئەو)

فارابی بەچاوێکی یەکسان سەیری فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی نەکردووە واتە بەشێوەیەك باسیان بکات کەدو بنەمای کەلتوری هاوشێوەن یان دو نمونەی ئەبستمولوجی لێك جیاوازن، بەڵکو ڕێزی یەکەمیانی داوە بەسە. دووەمیاندا هەروەك ئێبن ئوفەیل باسی دەکات)

هەرچەند فارابی بەهۆی کرانەوەو تێگەیشتنی لەڕاستیبەکانی ئایینو عەقیدە وای لێکردوە بەچاوێکی یەکسان سەیری ئاینەکان بکاتو لەوبارەیەدا بێت کە کۆمەڵە ئاینێکی ڕێزدارو بااڵی جیاواز هەن هەروەك چەند گەڵو نەتەوەیەکی ڕێزداری زۆریش هەیە لەسەر زەوی).

بەڵام لایەنگیری‌کردن بۆ فەلسەفە وای لێ‌کردوە کە فەلسەفە وەک راستی‌یەکی (یەکتاو یەکگرتوو) ببینێت کە جیاوازی‌و دژایەتی هەڵ ناگرێت وە بنەمایەکیشە بۆ دامەزراندنو بنیات نانی هەموو زانستەکانی‌تر.

بە بڕوای فارابی جیاوازی شتێکی دروستە لەنێوان ئاینو گروپو ڕێچکەو ئایینزاکان، بەڵام هەرگیز ئەمەی پێ‌دروست نی‌یە بۆ بواری فەلسەفەو ڕێگە بەبوونی نادات. لای ئەو ئاینەکان جیاوازن چونکە نمونەی باڵان بۆ نیشاندانی راستی، زانایانی بواری زمانیش دەکرێت جیاوازبن چونکە ئەوان پیشەیان ڕاگۆڕینەوەو مشت و مڕە، بەڵام فەیلەسوفەکان لەبۆچوونی فارابی‌دا ناکرێت جیاوازبن چونکە ئەوان خاوەنی بەڵگەو سەلماندنن.

فارابی بەم شێوەیە شتەکانی بەچاوێلکەی فەلسەفە دەبینی، لەکۆتایشدا دەتوانین بڵێین فارابی فەیلەسوف بوو، فەلسەفە تاکە ئامانجی هەڵبژێردراو بو لای ئەو، تەنانەت بوو بوە بیروڕاو پێناسیشی.

وە هەموو خاوەن پێناسێکیش بەدور نی‌یە لەلایەنگیری‌و ڕەگەزپەرستی. ئەگەر گەورەترین فەیلەسوفیش بێت، چونکە هەموو کەس شتەکان بەئاوێنەی خۆی‌و چاوێلکەی پێناسەکەی دەبینێت.

لەواقیعدا هەنوکە تێڕوانینمان بۆ فەلسەفەو زانست‌و ڕاستی جیاوازە لەتێڕوانینی فارابی وەلەتێڕوانینی پێشینەکان و فەیلەسوفەکانی سەردەمی کلاسیکی. واتە ئێمە ئەمڕۆ بەجۆرێک سەیری فەلسەفە دەکەین تەنانەت لەڕوی ژیربێژی فەلسەفیشەوە کە زۆر نەرم ترو کراوەترە، بەڵکو ئێستا بەعەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا دەکەین.

وە بەتایبەتی ئەگەر سەیری میتۆووی فەلسەفە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کەتیۆرە ناوازەکان هەندێکی دژی هەندێکیانە، بەڵکو هەندێکیان نەوەی دوای خۆی دەسڕێتەوە لێرەوە دەڵێین کەفەلسەفە لەسەرو گفتوگۆو مشت‌و مڕەوە نی‌یە، بەڵکو تێڕوانینێکە کە دەکرێت بخرێتە ژێر پشکنین‌و ڕەخنەوە.

با لەگەڵ (بول ریکور)دا بڵێین (ڕێکخەرێکی ڕاقەیی‌یە) بۆ جیهان واتە چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازە، کە لەم ڕێگەوە مرۆڤ تەئویلی پەیوەندیەکانی بەبونی‌یەوە دەکات‌و مانایەک دەخاتە سەر جیهانەکەی خۆی، بەم شێوەیە فیکری هاوچەرخ تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی هەوڵە فەلسەفیە بەپێزەکان دەخاتەڕوو، کە وەسفی دەکات بەوەی کە تەئویل کردنە بۆ ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیانناسێت وە ئەوەش کە دەیچەسپێنێت‌و ئەنجامی دەدات. هایدگەر لەکتێبی (بوون‌و زەمەن) کە یەکێکە لەگەورەترین هەوڵە فەلسەفیەکان لە ئەم سەدەیەدا. دەڵێت پڕۆگرامی سەرەکی بۆ تێگەیشتنی بوون بریتی‌یە لەمەنهەجی تەئویلی)

لەکاتێکدا کە پڕۆگرامی تەئویل شتێکی تازەیە لەفیکری هاوچەرخی ڕۆژئاوادا. بەڵام هەرگیز نوێ نی‌یە لەفیکری عەرەبی ئیسلامی‌دا، ئەم چەمکە یەکێک بووە لەزاراوە سەرەکی‌یەکان لەبواری ڕون کردنەوەو شرۆڤەو تێگەیشتن‌و ڕاڤەدا. زانستی زمان لەسەر تەئویل دامەزراوە، وە فەلسەفەشی بەتایبەتی لەسەردەمی ئیبن ڕوشددا پڕۆگرامێکی تەئویلی بەخۆوەگرت، لەڕاڤەی دەق‌و دوبارەکردنەوەی خوێندنەوەکان، لەبەرئەوە چالاکی عەقڵی ئیسلامی بریتی‌یە لەگەشتێکی تەئویلی لەماناکانی مەجازی زمان دا).

تێڕوانین بۆ فەلسەفە لەڕوانگەیەکی تەئویلی‌یەوە، بێگومان ئاستۆکانی فیکری فەلسەفی دەکاتەوە بەسەر بوارەکانی مەعریفەی تردا وەک شیعرو ئەفسانەو ئایین‌و لێرەدا هەوڵدان لەنادیارو شی‌کردنەوەو

هەستەکان و بەڵگەهێنانەوە پشکنین و سەلاندن یەکتر دەبڕن، فیکریش پێویستی بەراقەو تەئویل هەیە) فەلسەفەش لەکۆتایدا سەلاندنی تەواو نیە سەلاندنیش ئەنجامەکان ڕێك دەخات و پێشەکی و بنەمای بۆ دانارێژێت چونکە پێشەکی و بنەماو بناغە بریتیە لەکاری هەستە بالاکان و ئاشکراکردنی نهێنیەکان و کرانەوە بەروی جیهانی ماناداً.

ئەگەر ئەرکی هەموو فەیلەسوف و زاناو هەموو قوتابیەکی مەعریفە گەڕان بێت بەشوێن ڕاستیەکی ئەبستراکت و ڕەهادا، ڕاستی لەلای مرۆڤ ناتوانرێت لەبواڕە کەلتوریە تایبەتیەکەی جیابکرێتەوە. واتە زۆر گرانە کە لەپێناسی ئەو کەسانە جیابکرێتەوە لەکار لەسەر بەرهەم هێنان و دانی پێدانانی دەکەن.

ڕاستە کە عەقڵ دەتوانێت مرۆڤایەتی یەك پێبگرێت و تایبەت مەندیەکان کۆبکاتەوە و سروشتێکی گشتی زاڵ بکات بەسەر تایبەتیەکاندا و پەرەپێبدات بەشێوەی بەش بەش و هەست پێکراو و دیار بەرەو گشتی و ئەبستراکت و بالا.

بەڵام عەقڵ زۆرجار ڕۆڵی دابڕاندن و بەپیرۆزگرتن دەبینێت یان پەنا دەباتە بەر پێکچواندن لەهەمان کاتدا. وە پێکچواندنەکەشی شوێنکارە تایبەتیەکانی خود هەڵدەگرێت، هەر لەکۆنیشەوە زانایانی عەرەب ئەمەیان جوڵاندووە لەبەربەرچ دانەوەی ژیر بێژەکاندا، بەشێوەیەك سەیری ژیربێژی یونانیان نەکردووە بەوەی کەپێوەری ڕەها بێت بۆ زانست، بەڵکو پەیوەستیان کردۆتەوە، بەزمانی ئیغریق و فکرەکەیان) بەم شێوەیە، پێویستە کەوا سەیری ئەبستمولوجیای بەرهەم هاتوو لەفەلسەفەو زانستی مرۆڤایەتی نەکرێت کەرەهایەو دورە لەپێوەندەکانی شوێن و کات، چونکە بۆ سەرهەڵدانی هەر ڕاستی و ڕوداوێك پێناسی تایبەتی خۆی هەیە، وە ئەمڕۆ ئێمە کەمتر هیوامان هەیە وەك لەوەی کە لەپێش دادەبینرا سەبارەت بەناسینی ڕاستیەکی ئەبستراکت و گەیشتن بەئارامی وە ئەم دوو هیوایە زۆر بەڕێز بوون لەلای فارابی هەموو فەیلەسوفەکانیتر.

ئەمەش مانای ئەوە نیە کەباوەڕ بەو ووتەیە بکەین کەدەڵێت زانستە مرۆڤیەکان (هەڵخەڵەتێنەرن) و ڕێگریشن لەناسینی خودو بەرامبەر. لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆئەوەی کەبڵێین، ناسینی خودی مرۆڤ، ناسینێکی تەئویلیە بە لەم ڕێگەیەشەوە. خۆی هوشیار دەکاتەوە لەبوونی خۆی دەڕوانێت و بەعەقڵانیانە مامەڵە لەگەڵ جیهانە تایبەتیەکەیدا دەکات، کەهەڵدەستێ بەتەئویل کردن یان تەئویل کردنەوەی هەموو وتەو شتێکی ووتراو، واتە تەئویلی کە لەپوڕو گوتاری کەسانیتر دەکات، ئەگەر لەڕێگەی عەقڵەوە ناشتەوایی بکرێت لەنێوان هەستەبالاکان و بەڵگەهێنانەوەدا، ئەوا لەڕێگەی تەئویلەوە مرۆڤ دەتوانێت کەلەپوری خۆی بگێڕێتەوە و پرسیار لەبنەماکانی بکات و کەلتورەکەی تازە بکاتەوە. لەسەر مانایەك بۆ بوونی بوەستێت.

وە لەڕێگەی تەئویلەوە، کە کرانەوەیە بەسەر (فرە مانایی)دا، تاك بەڕوی بەرامبەردا دەکرێتەوە و پەیڤینی لەگەڵ دەکات و پرسیاری لێدەکات و لەگەڵیدا دەگونجێت.

هەژان ـــ

هەژان ـــــــ

سەرنج بدەن من نەمگوت رۆشنبیری ئاینی لەکرۆکی ئاین دا گۆڕانکاری نەنجام داوە، ئەمە لافی هەندێك لەوەی بەعینوانی فەرهەنگی ئاینی ناودەبرێت داب و نەریتی زۆر جێی خۆی کردۆتەوە، رۆشنبیری ئاینی لەپێگەی لەبێڕنگ دانی ئەم داب و نەریتانەدایە لەرێنمایی ئاینیدا، ئەو لافی ئەوە لێدەدات ئەوەی لەکۆمەڵگادا وەك کلتوری ئاینی لەئارادایە بەتەواوی لەلایەن کیتاب و سوننەتەوە نیە بەڵکو بەشێك لەکلتورە. لێهەڵێنجانی مرۆڤ گەلێکی کارتێکراو بەشوێن و کاتێکێ تایبەتن کە وردە وردە وەك نەریتێکی ئاینی خراونەتەڕو، هەرچەندە لەوانەیە بەهیچ شێوەیەك ڕەگ و ریشەو سەرچاوەی ئاینیان نەبێت.

لێرەدا دەمەوێت چەند ئاماژەیەك بەو لەبێڕنگ دانەی کەرۆشنبیری ئاینی لەم دوو ناوەندەدا (رۆشنبیری و مەعریفەی ئاینی) ئەنجامی داوە و ئەو گۆڕانکاریانەی لەم دوو بازنەیەدا کردوویەتی بکەم. ئایا رۆشنبیری ئاینی دەتوانێت ئەقڵانیەت تا کۆتایی بباتە سەرو تا کۆتایی لەگەڵ پرۆژەی ئازادیدا بەوفا بێت! لەڕاستیدا ئەم پرسیارە؛ پرسیارکردن لەڕادەی پابەندیەکانی رۆشنبیری ئایینی بەپرۆژەی رۆشنبیریەوە.

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە کە ئێمە بەشێکی تیۆری و بەشێکی کارەکیمان هەیە. رۆشنبیری ئایینی لەبەشی تیۆریدا بەدەر لەبیروباوەڕی کەسی و ئایینی خۆی دەتوانێت بڕسنور دەربارەی هەموو شتێك توێژینەوەو بیرکردنەوەی هەبێت، بەدەربڕینێکیتر، لەبواری تیۆریدا، بۆ بڕوادار – چ رۆشنبیر چ نا رۆشنبیر –بەو مەرجەی زاناو پسپۆڕ بێت هیچ سنورێك نیە، لەهیچ یەکێك لەدەقە ئایینیەکانی ئێمەدا هیچ سنورێکی دیاریکراو لەبواری لێکۆڵینەوەو تێڕامان و بیرکردنەوەدا بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت لەبواری خستنەڕوو بەیان کردن دا لەکۆڕە زانستیەکانی ئێمەدا هیچ هێڵێکی سورمان بەڕووی ئاینیەوە نیە. بەم واتایە کەسی پسپۆڕ دەتوانێت بەرامبەر بەهەموو ئاین بیر بکاتەوە: لەبارەی خودا؛ لەمەڕ سیفاتەکانی خودا، لەمەڕ بوون و نەبوونی خودا، لەمەڕ پێغەمبەرایەتی، خاتەمییەت (کۆتا پێغەمبەر) رۆژی دوایی و.. هتد. پێشینانی ئێمە بیریان لەم جۆرە بابەتانە کردۆتەوە، زۆرێك لەو بەڵگانەی ڕەتکەرەوانی بوونی خوا باسیان کردووە ئەمڕۆ لەکتێبە فەلسەفی و کەلامیەکانی ئێمەدا پارێزراون.

بەم پێیە ئەگەر مەبەست لەئەقڵانیەت ڕەوایی ڕەخنەگەری و توانای ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە لەهەموو ئاست و بوارەکان دا دەتوانین بڵێین پسپۆڕو زانا لەهەر ڕشتەیەکدا دەتوانێت پەیڕەوی بکات، هیچ هێڵێکی سور بۆ زانا لەبیرکردنەوەدا بونی نیە، ئەگەر لەهەندێ ڕیوایەتدا بیرکردنەوە لەچەند بابەتێك ڕێی لێگیراوە، ئەم ڕێ لێگرتنە ئاڕاستەی کەسانی لاواز کراوە کە بناغەیەکی زانستی تۆکمەیان نیە لەعورفیش دا دەڵێین ئەگەر ئێوە توخنی فلان بابەت نەکەون بۆ

خۆتان باشترە، بەڵام ئەگەر کەسێک توانای زانستی شیاوی هەبێت دەتوانێت لەهەر بابەتێک بکۆڵێتەوە سەرباری ئەمەش، کاتێک ئاینێک لەخۆی دڵنیا بێت و گومانی لەرێنمایی‌یەکانی خۆی‌دا نەبێت و وا بزانێت هەرکەسێکی بەویژدان ئەگەر لەگەڵ ئەقڵی خۆی‌دا خەڵوەت بکات بەو ئاکامە دەگات کە ئەو دینە رێنمایی بۆ دەکات، دەرفەتی باس و توێژینەوە بەزانایان دەبەخشێت، بەم پێیە بە بۆچونی من ئەقڵانیەتی رەخنەگری لەبواری تیۆری و هزرڤانی‌داو بۆ پسپۆرەکان ئازادەو هیچ کۆت و بەندێکی نیە.

باسی ئازادی بەهەمان شێوە لەبواری تیۆری‌دا شیاوی لێدوانەو لەم زەمینەشدا هیچ گرفتێک نیە ئەم خاڵەش زیاد بکەین کە (خستنەڕوو)یش دەکەوێتە بازنەی توێژینەوەوە، واتە کەسی زانا مافی ئەوەی هەیە لەکۆڕە زانستیەکاندا لەمەڕ هەر بابەتێک - بەئایینی‌و نا ئایینی‌یەوە - بەڕەچاوکردنی بنەمای زانستی بدوێت تاکە مەرجە، تەنیا رەچاوکردنی پێوەرەکان و زمانی زانستیە، بابەتێک دەمێنێتەوە، ئایا کێش کردنی ئەم جۆرە باس و خواسانە بۆ نێوەندی گشتی، بەجۆرێک شارەزاو نەشارەزا دەربارەی قسە بکەن، شیاوە یان نا؟

دەربارەی ئەم بابەتە وەڵام ئەوەیە؛ ئاین چەند مەرجێکی باس کردووە، هۆکەش ئەوەیە کە مەبەستی ئاین، هیدایەت دانی تەواوی خەڵکە و بڕوای وایە خستنەڕووی هەندێک مەسەلە ئەگەرچی لەنێوەندە شارەزاو پسپۆڕەکاندا زۆر پێویستیەو ئەگەر نێوە ئاینی‌و کەلامی‌یەکانی ئێمە ئاوڕ لەو بابەتانە نەدەنەوە، روبەڕوی کێشەی جدی دەبنەوەو توانای وەڵام دانەوەو کەووشەنیان لێدادەڕنرێت، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو لەکۆمەڵگادا نەخرێنەڕوو پەل بکوتنە نێوەندە گشتی‌یەکان کێشەیان لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر لەتێکست و رێنماییە ئایینیەکانی ئێمەدا چەند کۆتێک لەمەڕ خستنەڕوی ئەم جۆرە بابەتە تیۆریانەوە هەیە، ئەم کۆتانە ئاڕاستەی نێوەندی گشتی و خستنەڕوی ئەم جۆرە تێزانەیە بۆ خەڵکی رەشۆکی بەو رادەیەی کۆمەڵگە گەشە دەکات، ئامادەی چوونە ناو ئەم جۆرە باسانە دەبێت و بەهەمان ڕێژە ئەم تێزانەش وردە وردە لەکۆمەڵگادا توانای خستنەڕو بەدەست دێنن، بەڵام سەرنج بدەن گوتم (توانای خستنەڕوو) بەڵام ئایا بەرژەوەندیەک لەخستنەڕوی ئەم جۆرە بابەتانە لەنێوەندی گشتی‌دا هەیە مەسەلەیەکی دیکەیە.

خاڵێکی دیکەش هەیە، ئایا ئێمە لەپرۆژەی عەقڵانیەت دا، عەقڵ بەتەنها سەرچاوەی دەرک کردن دەزانین یا نەء؟

لەوەڵامدا دەڵێین کەئایندار چ رۆشنبیر بێت یان نارۆشنبیر لەسەر ئەم باوەڕە نیە کەعەقڵ تاکە سەرچاوەی دەرک و داوەری کردن بێت، ئێمە سەرچاوەیەکی باڵاترو بەهێزتر لەعەقڵمان هەیە، عارێفەکان ئاماژە بەسەرچاوەیەک دەکەن ئایندارنیش بەسەرچاوەیەکی‌تر.

هەژان ـــ
ئەگەر پرۆژەی عەقڵانیەت باوەڕی وابێت لەهەر مەسەلەیەکدا عەقڵ پیودانگی کۆکردنەوەو داوەریە، لەم حاڵەتەدا دەبێت بڵێین ئەم بۆچوونە ناتەواوەو ئەم پرۆژەیە تەنها بەشێك لەپێودانگی باس کردوە، لەبەرئەوە دەبێت باوەڕمان بەگەشەپێدان هەبێت.

ئەگەر ئێمە لەڕوانگەی عیرفانیەوە تەماشای ئەم بابەتە بکەین ئەتوانین بڵێین لەتەك سەرچاوەی عەقڵیدا، سەرچاوەی (شهود) مان هەیە هەرچەندە سنوردارەو ڕێساکانی وەك ڕێسا عەقڵیەکان گشتی نین بەڵام دەتوانێت لەو ناوچەی کە حوکم ڕانی تێدا دەکات، زۆر کاریگەرترو بەهێزتر بێت، لەپانتایی سنوری عەقڵ.

هەڵبەتە ئەم ناوچەیە لەبەر دەستی هەموانداا نیەو تایبەتە، ئەوەی باوەڕدار قامکی دەخاتە سەرو لەگەڵ ڕۆشنبیری نائاینیدا لەبارەیەوە تێڕوانینێکی زۆر جیاواز پەیدا دەبێت، پەسەند کردنی سەرچاوەیەکی بالاتر لە عەقڵ (نەك ناعەقڵی).

ئەم سەرچاوە سەرو عەقڵیە (سروش)ە واتە (الوحي).

ئەگەر ڕۆشنبیری بەواتای ڕەت کردنەوەی هەرجۆرە سەرچاوەیەکی دەرك کردنی جگە لەعەقڵ بێت، بێگومان ڕۆشنبیری ئاینی لەم زەمینەدا لەگەڵ دیگەراندا جیاوازیو مشتومڕێکی زۆر هەیە.

ئەمەو ئەو ڕەگەزی چوارەمەیە کەپێشتر وتم (کەلکەڵەی باوەڕداری) دەبێت لەڕۆشنبیری ئاینیدا هەبێت. واتای (کەلکەڵەی ئایندارى ئەوەیە کە داوەرێك بەناوی وەحی، بەڵگەیەك بەناوی وەحیو سەرچاوەیەك بەناوی وەحی، لەچەند مەسەلەیەکی تایبەت دا ئامادەگی ڕاستەوخۆی هەیە.

قبوڵ کردنی ئەم مەسەلەیە هەنگاوی یەکەمی ئایندارییە. بەم پێیە ئێمە سەرچاوەیەکی دیکەی جگە لەعەقڵمان بۆ مەعریفەکانی خۆمان هەیە. ئەم سەرچاوەیەی سەرو عەقڵ بالاتر لەعەقڵی کۆمەڵی مرۆیی و بالاتر لەعەقڵی کۆمەڵی مرۆیی مێژوویییە. سەرباری ئەمەش داوەریەکانیش تایبەت بەداوەری عەقڵ نین (بەعەقڵی کۆمەڵیو مێژووییشەوە) دینداریی واتە قایل بوون بەم دووخاڵە لەبارەی سروشەوە. واتە ئێمە چاوگێکی میتاعەقڵیو هەروەها چاوگێکی داوەری میتاعەقڵی مان هەیە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە دەبێت بڵێم ڕۆشنبیریی ئاینی لەم ناوچەیەی پرۆژەی عەقڵانیەت دا گۆڕانکاری دەکاتو لەمەعریفەو داوەریەکاندا باوەڕی بەسەرچاوەیەکی دیکە هەیە.

هەرچەند هەروەك وتم، ئەم چاوگەش هەروەك چاوگی عەقڵ ڕەخنەوەردەگرێت، - هەڵبەتە بەو مەرجانەی کەباسکران؛ مەرجی زانستی، لەلایەن پسپۆرانەوە بێت. بەواتایەکیتر بەوشێوە نیە کەسەرجەم ڕێنماییە سروشتیەکان، تەوقیفیو پەرستشی بن.

هەندێکیان لەگەڵ ژیری مرۆڤدا گونجاونو بەشێکی تریان لەسەرو عەقڵەوەن. بۆ نمونە لەمەسەلەیەکی وەك ڕۆژی دوایدا بەتایبەتمەندیو وردەکاریەکانیەوە عەقڵ توانای ڕەت کردنەوەی نیە،

عەقڵ تەنها نا سنوری ئەگەری بونی ڕۆژی دوایی دەرواتە پێشەوە بەڵام وردەکاریەکانی لەسەرو ناستی داوەریی عەقڵەوەیەو دەبێت کۆمەکی لەوەحی بگیرێت.

لە بابەتە کردەییەکانیشدا ئەم خاڵە شیاوی قبوڵ کردنە، واتە، ئەو جیاوازی تێڕوانیانەی کەرۆشنبیری ئایینی گەرەکە لەگەڵ کەسانی تردا بۆی دروست بێت ئەمەیە کە لەبواری پراکتیکیشدا ئەقڵ وا دەوری ڕەها نیە، وەحی لەکرداری کەسیو کۆمەڵایەتی ئێمەدا حوکمو داوەری خۆی هەیەو دەتوانێت شتانێك حەرام یاواجب ڕابگەیەنێت ئەگەر ئەم مەسەلەیە پەسەند بکەین، ڕۆشنبیری ئایینی دەست پێدەکات.

لەمەسەلەی ئازادیشدا ئەمە مەرجە شیاوی خستنەڕووە، ئەگەر مەبەست ئەمە بێت کەئێمە ئازادینو هەرچی ئارەزومان لێی بێت ئەنجامی بدەینو ئەقڵی ئێمە وا دەخوازێت، دیندار بەیارمەتی چاوگی وەحی پانتایی ئازادی فراوانو بەر تەسك دەکاتەوە، فراوانی دەکات، چونکە نرخ بۆ ئازادیی مەعنەوی دادەنێت، ئازادی مەعنەوی لەدەرەوەی بازنەی دینداریدا زۆر دەگمەنو ئەستەمە، بەڵام بەر تەسك دەکاتەوە، چونکە لەپەیوەندیە مرۆییەکاندا سەرباری ڕەزامەندی مرۆڤەکان، ڕەزامەندی خوداش بەمەرج دەگرێت، لەبەرئەوە هەندێك لەئازادیەکان وەك ئازادی (سێکسی) سنوردارو دیسپلین دەکرێت. چاوگی وەحی لەئازادیدا کۆمەڵە مەرجێك پێویست دەکات کە دەبێ ڕەچاو بکرێن، بەم پێیە، ڕۆشنبیری ئایینی وادەخوازێت کە لەهەرسێ توخمەکەی عەقڵانیەت، ئازادیو ڕیفۆرمستیدا، ڕێنماییەکانی وەحی لەبەرچاو بگیرێت.

هەندێك گوتویانە پرۆژەی عەقڵانیەت یان ڕۆشنبیری بەو جۆرە کۆتایی دێت کەمرۆڤ تەنانەت لەئایینو خوداش ئازاد بێت، ئەمە سنورێکە کەرۆشنبیریی ئایینی لەپرۆژەی ناوبراودا گۆڕانکاری تێدا دەکات.

ڕۆشنبیری ئایینی ڕەهایی لەئایین بەوپەڕی دیلێتی دادەنێت نەك تەرێکی ئازادی (من لەو ڕۆژەوە کە گیرۆدەی تۆ بوم ئازادم) ئایین چەند کاریگەریەکی لەژیاندا هەیە کەهیچ جێگرەوەیەکی بۆ چنگ ناکەوێت.

ئەگەر مرۆڤ دەسبەرداری ئایین ببێت لەژیانی کەسیو کۆمەڵایەتیدا ڕووبەڕوی چەندین کێشەی گەورە دەبێتەوە؛ ژیانی خاڵی لەمەعنەویەتو باوەڕ بەخوا بەڕاستی دەردێکی کوشندەیە، ئەوەی بەکورتی ئاماژەی پێکرا کە لەدەقە ئایینیەکاندا شیاوی هەڵێنجانو گونجاون لەگەڵ ڕێنماییە ڕەسەنەکانی ئایندا، هەرچەند پێدەچێت لەگەڵ ئەوەی بەکلتوری ئایینی باو ناوزەد دەکرێت ناتەبا بێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڕۆناهی نو ژ: ٥٠

نیشکالیەتی پەیوەندی نێوان ئاین و ئایدۆلۆژیا

ئایا ئیسلام ئایدۆلۆژیایە؟!.

نوسینی/ عبدالسلام محمد طویل
وەرگێڕانی/ یاسین رسول عوسمان

لەم چەند ساڵەی دوایدا گۆڕەپانی رۆشنبیری هەڵایسانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی لەمەڕ بەکارهێنانی چەمکی ئایدۆلۆژیا بەلێکدانەوە واتاو کرۆکی جۆراوجۆر و بەزۆر ڕێڕەو ناوبەندی فکریدا گوزەری پێکرا، بەتایبەت لەلایەن عەلمانیەکانەوە کە عەودالّی گواستنەوەو چاندنی ئیدیومە رۆژئاواییەکانن و دەیانەوێت بەخۆشی یا ترشی بیێت لەخاکماندا بینێژن بەبێ پوختەکردنی، زۆرجار کەباس کردن لەئیسلام دێتە گۆڕێ جۆرێک لەناڕەوایی و ناهەقی بەرامبەر دەکەن بەو پیودانگەی ئیسلامیش ئایدۆلۆژیایە کە وەک ئایدیۆلۆژیا هاوچەرخەکانی تر، ئەمە ئەو پرسیارە دەوروژێنێت ئایا ئیسلام وەک سەرجەم ئایدیۆلۆژیاکانی تر ئایدیولۆژیایە؟ پنتەکانی پێگەیشتن و جیاوازی لەنێوان کرکۆک و مانای ئایدۆلۆژیا هەمەچەشنەکان و چەمکی ڕوونی ئیسلام چیە؟ یاخود چەمکێ هەمەجۆرو دژە یەکەکان و هەروەها دیاریکردن و خستنەڕووی سیماو تایبەتمەندییەکانی کامانەن:-

یەکەم کەسێک تەوزیفی چەمکی ئایدیۆلۆژیای کرد بەمانای (علم الآراء) فەیلەسوفی فەرەنسی (دستوت دی تراسی) بوو کە سەر بەناوەندی ڕوناکبیرانی فەرەنسی بوو کە تەرزێکی رۆشنگەریان هەبوو، واتە ئەوەی پەیوەندی بەئوسوڵ و سروشتی ڕاکان و گەشەسەندنیانەوە هەیە، پاشان ناپلیۆن ئەگەتیفانە ئەم چەمکەی بەکارهێنا بۆ لەکەدارکردنی شان و شکۆی رۆشنبیرە ئازادی خوازەکان لەهاوەڵانی (دی تراسی) وەک (کوندیاک)ی فەیلەسوف و (کابانیس)ی پزیشک و (فولنی) ڕەوشتناس، سەرجەم ئەمانە پەیوەست بوون بەشۆڕشی فەرەنسییەوە لەژێر کاریگەری لاسایی ئەزموونی مەعریفی و فەلسەفەی رۆشنگەریدا بوون و دژایەتی فکری میتافیزیقیان دەکردو بەقۆناغی گروگاڵی مرۆڤیان دەژمارد، حەز ئارەزوویان لەپێشکەوتنی زانستە سروشتییەکان بوو. بانگەشەی دامەزراندنی ستمێکی سیاسی و پەروەردەیی نوێیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی (ماركسیەت) لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیای ماركسەوە دەڕوانێتە ئایدۆلۆژیا هەتا (ئایدیولۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژیەکانی دەوڵەتی) (ئەلتوستر)یش بەو سیفەتەی هۆشیاریەکی ساختەو هەڵەیە لەژێر فشاری چینایەتی و دەسەڵاتی سیاسی کە سەروەتو سامانیان لەدەستدایە پێک دێتو دەبێتە پاساوێک بۆ توانەوەو وەرگرتنی سستمی سوسیولوژی یاخود پێکەوە ژیان لەگەڵیدا، ئایدۆلۆژیا لەگوتاری ماركسیدا پەیوەستە بەکارایی خودی تاکەوە، ئەمە وای کرد (میشیل فۆکۆ) ڕەخنە بگرێت

لەکارایی خودی تاك بەهۆشیاریەوە، پێی وابوو روانین بۆ ئایدیۆلۆژیا وەك هۆشیاریەکی ساختە روانینێکی میسالی و نەزعەیەکی ئینسانیانە بێت، بە بۆچوونی ئەو مادەم ئایدیۆلۆژیا سەر بەمەیدانی نەست و ناهۆشیاریە (اللاوعی واللا شعور)ە ، زیاتر وەك لەوەی سەر بەهۆشیاری و هەست بێت، کەواتە پەیوەستە بەپێکهاتەی دەرەکی هۆشیاری خودەوە، دەخرێتە ریزبەندی و بەرهەم بەش لەچوارچێوەی دەزگاو رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان کە ئەرکی چاودێری و دابەش کردنی بەسەر تاکەکاندا لەئەستۆ دەگرێت.

(مۆلینو)ش رەخنە لەوێناکردنی مارکسیەت بۆ ئایدیولۆژیا دەگرێت کە لەسەر بۆچوونو بەسەرچاوەکردنێك پێك دێت رەنگدانەوەو رەمزی بوونە، تەنانەت (ئەلتوسێر) نەیتوانیوە گوزەشتی بکات و تێی پەڕێنێت.

ئایدیولۆژیا تەنها رەنگدانەوەو بەرپەرچ دانەوە نیە، بەڵکو گەلاکردن و بنیات نانە نەك دراوێکی ئامادەو راستەوخۆ وساکار، پاشان لەدیدی سیمولوژیەکاندا ئەبێ خستنەڕووی ئایدیولۆژیا لەناو بەندی بیری گشتیدا بێت لەمەڕ رەمزی بوون و دەرچوون لەسێکوچکەی درامی (واقع، زانست، ئایدیولوژیا) بەڕووی هەر شتێکدا زانست و ئایدیولوژیا یەکانگیر بکات لەمۆرکی رەمزی بوونیان).

لەنزیك ئەم مانا مارکسیانە بۆ ئایدۆلۆژیا زانای سوسیولوژی (کارلر مانهانم) دەبینین، ئایدیولوژیا بەدوا دروێنەی ئەفکارو بۆچوون و وێنا موحافز کارەکان دەزانێت کە پشتگیری چینی کونترۆلکاری کۆمەڵگەو بەرژەوەندیەکانیان دەکات.

دیارترین لەمپەر لەبەردەم دیاریکردنی مانایەکی زانستی ورد لانی کەم یەکانگیر بۆ ئیدیومی ئایدیولوژیا کەمەدلولی فراوان و هەمەچەشنە بەکارهێنانی هەتا ئاستی دژیەك بوون هەبێت ئەو وێکچوونەیە لەگەڵ زۆرێك لەزاراوەکان، کە لەکرۆکدا لێك دەدەن و وا دەزانرێت ئاماژەیە بۆ ئەو، وەك زهنیەت و عەقیدەو مەزهەب و ڕاو بۆچوون و سستمی فکری و سیاسی و رۆشنبیری و جیهان بینی و گەردوون بینی، جگە لەچەق بەستنی مانای ئایدیولوژیا لەنێوان دەلالەتی رووەو فراوانی ئایدیولۆژیا لەگەڵ چەمکی کەلتور بەمانا ئەنثروپۆلۆژیەکەی بەو پێودانگەی کە دیمەنی هەموو چالاکی و بەرهەمە فکری و رۆحیەکانی کۆمەڵگەیەو مانا تەسك و سنورداراەکەی کە لەبواری زانستی کۆمەڵناسی سیاسی یا زانستی سیاسیدا کە ئاماژەیە بۆ (کۆمەڵێك حاڵەتی هەست و هۆشیاری پەیوەست بەکاری سیاسیەوە) یاخود تەواوی نواندنە هەمڕاکانی کاری سیاسیە لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئامانجی دەست بەسەراگرتنی دەسەلاتە یا پارێزگاریکردنیەتی، بەم شێوەیە پێکهاتەیەکی گوتاری ئەرکی پاراستن و ئاسایی پیادەکردنی دەسەلاتە لەکۆمەڵگەدا.

(ئەلتوسیر) لەچوارچێوەی جیاوازی کردن لەنێوان ئایدیولوژیا (الایدویولوجیا) لەگەڵ بەش کردنی ئایدیولوژیاکانیتردا کاری کردووە، یەکەمیان نزیکە لەکەلتورەوە واتە چوارچێوەی ئیعتیقادی و فکری گشتی کۆمەڵگە، دووەم لەبواری سیاسی و رۆشنبیریدا کەبریتیە لەئایدیولوژیای چینایەتی و هەندەکیەتی کارا. ماناو تێگەشتنی گشتی بۆ ئایدیولوژیا بەو پیودانگەی رۆشنبیریە کە وەك ئەوەی دورکهایم ناوی ناوە (کۆهۆشیاری).

سنوربەندکردنی پێناسەکان هەرچۆن بن بێسوود دەبێت لەڕووی پێکهێنانی چەمك و مانایەکی رووەو دیار بۆ زاراوەی ئایدولوژیاو چەند ئاڵۆزیەك دەوری داوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان پەنا بەزین بۆ چەند تەرزەرێیەك کە هەوڵ دەدات هەماهەنگی و کۆکردنەوەیەك بکات لەنێوان پێناسەکان و

بەکارهێنانەکان کە لەڕووی ماناو ئامانجو وەزیفەو بواری بەکارهێنانەوە لەیەکتری نزیکن، بۆئەوەی بتوانین تەم و مژی دەوری چەمکەکە بڕەوێننەوە وەک پراکتیزەکردنی ئایدیولوژیانەی مێژوو و بالایی بە وەیا لەڕووی ئاسۆیی و فراوانیەوە یا وێناکردنی بۆ سروشتی مرۆیی یاخود زاڵبوونی مۆرکی رۆشنبیری سیاسی بەسەربدا لەڕووی پەیوەندی بەئاینەوە، چونکە ئایدیولوژیا دیاردەیەکە دەگاتە سەرجەم ئاستە کۆمەڵایەتیەکان، ئاستی سیاسی کۆمەڵایەتی، سیکولوژی، بەشێوازێك کەسی سۆسۆلۆژی بتوانێت وەزیفە یەکانگیریەکەی ئایدیولوژیا بدۆزێتەوە، زانای سیاسی بتوانێت ئەرکە بنەڕەتیەکانی ئایدیولوژیا وەک سەرچاوەیەکی مەشروعیەت راڤە بکات و بیکاتە چوارچێوەیەکی ڕێنمویی بۆ کاری سیاسی، زانای سایکۆلۆژی ئەتوانێت راڤەی ئەرکە سایکولوژیەکانی تاك و پەیوەندی بەخواستە سایکولوژیەتایبەتەکانیەوە بکات، کەسی لۆژیکسیت لەتوانایدا دەبێت راڤەی میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی ئایدیولوژیانە لەسەرجەم ئاستە بنەڕەتیەکاندا بکات.

لەم میانەدا خراپ نیە ئاماژە بەو جۆرێکاری بکەین کە (عبدالله العروی) لەکتێبەکەیدا (مفهوم الایدیولوجیا) کردویەتی لەسێ بواردا بۆ سێ مانای گەورەو تەریب چەمکەکە بەپێی هەر بوارێك، لەبواری رکەبەری و کێ بەرکێی سیاسیدا ئایدیولوژیا واتە هەموو بیرکردنەوەیەکی دیماگوجیانە، ئایدیولوژیا لێرەدا وەک دەمامك فۆرمەلە دەکرێت، لەبواری کۆمەڵایەتیەکاندا ئایدیولوژیا بریتیە لەبەرئەنجامی فکرو بەهاو نمونە بەرزەکان کە گروهێك لەخۆی دەگرێتو بەو پیوەندیگەش دیدی بۆ واقعی کۆمەڵایەتیو مێژوو دیاری دەکات، ئایدیولوژیا لێرەدا واتە دیدێکی گەردوونیو گێتیبانە، بەڵام لەبواری ئەبستمولوژیادا ئایدیولوژیا مەعریفەیەکی توێژاڵیبە لەکاتێکدا زانست مەعریفە بابەتیانەو ستونی شتەکانە، دەبێت سوودوەرگرین لەهەوڵی (د. محمد سبیلا) بەدارشتنی دیدێکی تەواوکاری بۆ ئایدۆلۆژیا بەو پیوەندیگەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو سایکولوژیو سیاسیو ئەبستمولوژیەیە، نەك تەنها وەك دیاردەیەکی سیاسی بۆی بڕوانرێت وەك ئەوەی دێتە زەینمانەوە کە یەکەم جار باس دەکرێت.

ڕەخنە لەئایدۆلۆژیا

ئایدیولوژیا ئالوودەی شالاوی ڕەخنەی ئەبستمولوژیانە بوو، لەڕوانگەی پێکداکێشانی ڕەهای نێوان زانستو ئایدیولوژیاو ڕەخنەی فەلسەفیانە کە بیرکردنەوەی ئایدیولوژیانە بە بیرکردنەوەیەکی سادەو ساکار و ئامادە دەزانێت لەسەر بنچینەی تەماهی بوون، هەروەك (میشغان غوبل) دەڵێن، بە بۆچوونی (کاسیرر) نزیکترین بیرکردنەوەی ئەفسانەیی (میتولوژیا)ئەیە.

(کارل پوپەر) هەمان ڕەخنە لەبیرکردنەوەی ئایدیولوژیانە دەگرێتو دەیگێڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، بەو پێودانگەی بیرکردنەوەیە کە پەیوەندی بەواقعەوە نیەو جۆرێکە لە (هرطقە) کە شوێنی تێگەشتن لەڕووداوەکان دەگرێتەوە، بەڵام (عیسایا برلین) سەرکەوتنی ئایدیولوژیا ناگێڕێتەوە بۆئەوەی حەقیقەت و ڕاستیەیە، بەڵکو دەیگێڕێتەوە بۆ ساویلکەییو ساکاری بەم پێودانگە ئایدیولوژیا پێگەی بیرکردنەوەی جەماوەرێکی ناهۆشیارو نارۆشنبیرە.

(هایدگەر) دەڵێت ئایدیولوژیا بیرکردنەوەیەکی ئامادەیە کۆمەڵ پێی هەڵدەستێتو تاك ئەبەخشێت لەئنزیەتی گەڕانو ڕاڤەکاریو بەڵگەهێنانەوە، ئەوانەی ئایدیولوژیایەکی تایبەتیان هەیە وەك فکرێکی ئامادەکراو هەست بەشانازی مەعریفیو لەزەتو خۆشی دەست کەوتنی حەقیقەت دەکەنو ووتنەوەی

دروشمە بەشێوازە ئامادەو داڕێژراوەکەی لەخۆدەگرن، ئەوەش بێنیازیی لەبیرکردنەوەو میکانیزمێکن لەبری هەوڵی راڤەکاری مەعریفیانەو ساناو ئاسانو کەمترین هەوڵی دەوێت.

لەگەڵ ئەم رەخنە فەلسەفیو ئەبستمولوژیانەدا چەند رەخنەیەکی کرۆکی یا ئایدیولوژی بۆ ئایدیولوژیا هەیە بەشێوەیەکی راشکاوانە دەستەی (کۆتایی ئایدیولوژیا) (نهایة الایدیولوجیا) بانگەشەی دەکەن وەک (بیل ریلبست و والت روستو، فرانسیس فوکویاما) ئەمانە دەڵێن لەسستمی سەرمایەداریو سوسیالیستیدا پێگەیەك نییە بۆ ئایدیولوژیا، چونکە ئەم کۆمەڵگانە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێش کەوتوونو مل ملانێی چینایەتی تێدایە بەردەوام دەبێت بەبێ ئایدیولوژیا، بەپێچەوانەی وولاتانی لەڕووی پیشەسازییەوە دواکەوتوون چونکە لەو کۆمەڵگانەدا هێشتا پێویستی بەجەدەلی سیاسی یا ئایدیولوژی هەر ماوە، تێبینی دەکرێت بانگەشەی (پایانی ئایدیولوژیا) تەنها گوتاری لیبرالی لەخۆناگرێت، بەڵکو گوتاری مارکسیەکانیش تەبەنی دەکاتو داکۆکی لێدەکات.

(هنری لوفیفر) بڕوای وایە کە ئایدیولوژیا تەنها لەکۆمەڵگە چینایەتییەکاندا ماوەو پێویستیان بەئایدیولوژیای دیماگوجیانەیە بەنەمانی چینایەتی ئایدیولوژیاش نامێنێت، بەڵام وەک (محمد سبیلا) دەڵێت دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان کۆتای ئایدیولوژیایەکی دیاریکراو و بزربوونی خودی ئایدیولوژیا، کۆتایی هاتنی فلان با فیسار ئایدیولوژیا بەڵگە نییە لەسەر کۆتایی ئایدیولوژیا بەسیفەتی گشتی، ئەمە ئەو گوتەیەیە زۆرجار دەوترێتو دەوترێتەوە بەڵام بزاوتی بەردەوامی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم قسەڵۆکانە بەدرۆ دەخاتەوە).

ئایین و ئایدیولوژیا

بەڵام پەیوەندی ئایدیولوژیا چییە بەئاینەوە؟

ئایا دەکرێت بڵێین ئاین ئایدیولوژیایە؟

بۆ ئەوەی مەرجی زانستی بوون بەدەست بهێنین لەخستنەڕووی پرسیارەکەداو لەبازنەی گشتگیری بچینە دەرەوەو بێینە بازنەیەکی تایبەتەوە دەڵێین: ئایا ئیسلام ئایدیولوژیایە؟

لەڕاستیداو لەسەرچاوە پوختو بنەڕەتییەکەیەوە هەرگیز ئیسلام هۆشیاریییەکی ساختەو پێچەوانەی واقع نەبووە، بەڵکو لەبنەڕەتدا بۆ دژایەتی ئەو هۆشیاریییە شێوێنراوە هاتووە، هۆشیاری لەبەر رۆشنایییەکانی عەقڵو تیڕوانینی بنیات دەنێت، ڕێنمایی نیگاو تێکستەکان لەبازنەی ئەبستمولوژیای ئیسلامیدا بەهیچ شێوەیەك دژایەتیو ناکۆکی لەنێوان عەقڵو نقڵ دا نییە.

ئەم ڕاستییە وای کرد لە (علی حرب) لەکتێبەکەیدا (مداخلات) دادگاکردنی عەقڵی ئیسلامی لەڕوانگەی عەقڵی گەردوونییەوە و لەعەقڵانیەتی ئەرستۆو عەقڵانیەتی یۆنانی و عەقڵانیەتی ئەوروپی هاوچەرخ بەفۆرمێك لەدیمەنەکانی هەژموونکاری دەسەڵاتی خودگەری خۆرئاوایی کە بکرێتە سەنتەر بزانێت.

۱) گەر مەعریفەی ئایدیولۆژی دژو پێچەوانەی هەموو مەعریفەیەکی عەقڵیو عەقڵانی بێت، ئەوا هەڵوێستی ئیسلام لەعەقڵو عەقڵانیەت پۆزەتیفانە بووە، گەر مل ملانێی میژوویی خۆرئاوا لەنێوان عەقڵو ئایندا ئەم پرسیارەی داڕشتووەو هێناویەتە گۆڕی کە (کێ لەگەڵ عەقڵ دایەو کێ لەگەڵ ئاین؟) ئەوا سەرەتای دروستو عەقڵانیەتی دادگەرانە لەبواری ئەبستمولوژیای ئیسلامیدا ئەبێت لەڕوانگەی ئەو پرسیارەوە بێت کە: کێ لەگەڵ ئەو عەقڵانیەتەدایە کە لەسەر ئیسلام جێگیربێت؟

کێشتر لەگەڵ عەقڵدایە کە لەسەر چەند جێگیرییەکی تر بەندە؟ مل ملانێو کێبەرکێ لەنێوان عەقڵو ناعەقڵ دا نییە، بەڵکو کێبەرکێ لەگەڵ چەند گوتارێکدایە هەریەکە عەقڵێکی دیاری کراوی هەڵگرتووە، لێرەوە دەتوانرێت جیاوازییەکرۆکییەکان دیاری بکرێت، لێرەوە گوتاری ئیسلامیی جەختی کردووە لەسەر ئەوانەی عاقڵن. قورئان پڕە لەئایەت کەعەقڵ ئەدوێننو بەڵگەو سەلماندنی نیشان دەدەن، ئەوانەی کەئیسلام دەخەنە تایەکو عەقڵ دەخەنە تایەکیترەوە خۆنەزان دەکەن لەهەڵوێستی ئیسلام لەعەقڵ، هەڵەیەکی مەنهەجی گەورەیە ئەزموونی میژوویی ئەوروپی لەمەڕ مل ملانێی نێوان کلێساو نەیارانی بگوازرێتەوە بۆ گۆڕەپانی مل ملانێی خۆمان.

ئەو مل ملانێیەی لەمێژوودا رووی‌دا مل ملانێ نەبوو لەنێوان عەقڵو ناعەقڵ دا، بەڵکو مل ملانێی کۆمەڵێك گوتار بوو ئەم عەقڵ وەری‌دەگرتو ئەو عەقڵ رەتی دەکردەوە، چونکە مل ملانێی مرۆڤەکان هەمیشە مل ملانێی عەقڵەکان بووە عەقڵەکانیش جیاوازن، بۆیە دروست نییە نەیارانی ئاین راستەوخۆ بەخاوەن عەقڵەکان ناوزەد بکرێنو دینداڕەکان بەنەیارانو رێزنەگرانی عەقڵ وەسف بکرێن، مرۆڤ بەعەقڵ ئیماندارە یا بێئیمان، هەموو عەقڵێك هەڵگری فکرێکیشە، هیچ فکرێك پلەی بەرزی نییە بسەر فکرەکانی‌تردا لەپەیوەندی‌دا بەعەقڵەوە، جیاکاریو پلەی بەرز لەوەدایە کە ئەو عەقڵە هەڵگری چییە؟ چی وەردەگرێتو چی وەرناگرێت؟، پاشان مشتومڕ نییە لەنێوان کێ لەگەڵ عەقڵدایەو کێ لەگەڵ هەقڵدا نییە، بەڵکو کێ لەگەڵ ئەم گوتارەدایەو کێ دژیەتی؟ گوتارەکانیش جیاوازن بەوپێیەی ئایا هەڵگری ئایدیولوژییە یا هەڵگری نییە؟

۲-گەر ئایدیولوژیا گرنگی نەداتە خستنەڕووی ئیشکالیەتەکانو پرسیار پێش کەش نەکاتو تەنها وەڵامی حازر بەدەستو چارەسەری دەست نیشان کردبێت، ئایا ئەمە بەسەر ئیسلامدا دەسەپێنرێتو پراکتیزە دەبێت؟ تیوری مەعریفەی ئیسلامی دەکرێت بەدوو بەشەوە: بەشێك کارە (توفیق) یەکانە، تایبەت بە بابەتەکانی عەقیدەو جیهانی غەیب، بەشی دووەم پێی دەوترێ (توفیقییەکان) تایبەتن بەمامەڵە تایبەتو گشتییەکان لەنێویاندا، تیوری دەوڵەتو کۆمەڵگەو ژیانی دونیا (عالم الشهادة).

بازنەی کارە (توفیق)ییەکان کە بابەتە غەیبیو عەقیدییەکانی (خوا، ڕۆح، بەهەشت، دۆزەخ، فریشتەکان) تێدایە بوار نییە بۆ کارکردنی عەقڵ تیایدا بەڵکو دەبێت بڕوابوون هەبێت، باماهیەتی نەشزانرێت، چونکە بەزانینی ماناکەی شتێك نییە ژیانو بژێوی‌مانی لەسەربەند بێت، زۆر ڕۆچوون لەماهیەتی‌دا بێسوود دەبێت، بۆیە قورئانی پیرۆز حەقیقەتە غەیبییەکانی لەچوارچێوەیەکی ڕێکی فکری کەوێناکردنو تێگەشتن لەژیانو گەردوونو بوونەوەر لەخۆگرتوەو خستوویەتییە بەردەستی موسڵمان، چونکە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت پەی‌بەرێتو بچێتە ناوی، هەرچەندە ئیسلام زانستی کردوەتە کلیلی پەرستش، چونکە عیبادەتی بێ زانست نابێت، مەرجی پەرستنی خواو ناسینی ئەرکێکی شەرعییە، چونکە بڕواهێنانی میراتیانەو بۆماوەیی لەئیسلامدا شوێنی نابێتەوە.

بەڵام بازنەی کارە (توفیق)یەکان کە کرۆکێکی سیاسیو سوسیولوژیو ئابوریو میژوویی هەیەو ناونراوە (عالم الشهادة) ئەوە پێویستەو وادەخوازێت لەموسڵمانان سەرجەم توانا کاراو لێهاتوویی‌یەکانیان بخەنەگەڕ، چونکە بۆ مل ملانێ لەجیهانی مادەدا هاتوونەتە بوون، و ئیجتیهاد بکەنو تێبکۆشن لەپێناو کۆمەڵگەیەکدا بەهاکانی چەقو خەیر و دادگەریو ئازادیو یەکسانی زانستی تێدا فەراهەم بێت، فەرمان کراوە بەسەر موسڵمانانداتیوریزەکار بن لەبواری مەعریفەو ئابوریو سوسیولوژیو سیاسیو تەکنولوژیشدا. واتە چ ئیشکالو پرۆژەیەك پێویستە بێت بۆ ژیان

هەژان ـــ

لێبان خوازراوە، لەجیهانی (الشهادة) دا پێگەیەک نیە بۆ وەلامی نامادەو حازر بەدەست، عەقڵی ئیماندار دەبێت ڕاقەکارو توێژەرو تەفکیکار پرسیارکارو ڕەخنەگرو راست کەرەوە بێت. بەم پیوانگە ئیسلام وەک ئایینێکی ئاسمانی شکۆدار وەلامی نامادەکراو حازر بەدەستی نیە بۆ بڕوادارانو هەڵگرانی، بۆیە ناکرێت بڵێین ئایدیولوژیایە بەڵکو لێرەداو بەم جیاکەرەوەیە لە لوتکەی عیلمی بەتدایە کاتێک بواری وردبینکاری و ئەزمونکاری و بینینکاری و دیاریکردن بۆ عەقڵو مەعریفە فەراهەم دەکات.

٣- گەر ئایدیولوژیا لەسەر روداوە پۆزەتیفەکان کە لەبەرژەوەندیدایە بەندبێت و چاوپۆشی بکات لە روداوە نەگەتیفەکان کەنەیارێتی و بەدرۆی دەخاتەوە، واتە هەڵدەسێت بەپرۆسەی شاردنەوەو خەفەکردنی هەر شتێک بەدرۆی بخاتەوەو پوچ و کەمی بکاتەوەو هەر شتێک پشتگیری بکات و سیما جوانەکانی بخاتەڕوو گرنگی پێبدات، ئایا ئەم ڕەفتارو حوکمە بەسەر ئیسلامدا دەسەپێت؟

لەڕاستیدا ئەوەی سەرنجی گوتاری قورئانی بدات بەشێکی زۆر چڕ لەتایبەتمەندیو واقعی ڕەخنەگرانە لەئەزموونی میژوو و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەدیدەکات خاترگیری تێدا بەدی ناکات، تەنانەت لەخودی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفە (راشدین)ەکان بەتایبەتو موسڵمانان بەگشتی، هەروەک پەروەردگار لە سورەی (التوبة) ، دەفەرموێت (ویوم حنین اذا اعجبتکم کثرتکم فلم تغن عنکم شیئاً وضاقت علیکم الارض بما رحبت ثم ولیتم مدبرین) (التوبة: ٢٥)، دەگەینە ئەوەی ئەم لوژیکە بژارکاریو ئایدیولوژییەی کە ئامادەگی هەیە لەڕووداوە پۆزەتیفەکانو بزرە لەوە ڕووداوە نەگەتیفەکاندا بەسەر ئیسلامدا پەسەند و پڕاو پڕ نیە، لەم ڕوانگەیەوە ناکرێت بوترێت ئیسلام ئایدیولوژیایە.

٤-گەر ئایدیولوژیا لەهەندێ بواری کۆمەڵایەتیو بەهادا کە کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ خۆیی داڕشتووە لەڕوانگە میژوویەکەیەوە خۆی بنوێنێت بەمەبەستی سنوردارکردنو دیسپلین کردنی تاکەکان وایلێکردون بەتەبایی ڕەفتار بکەن لەگەڵ خواستو ئامانجەکاندا، ئەوا ئیسلام کە وەک نیگایەکی خوایی بە خۆ نواندنی لەبواری سوسیولوژیو ڕێنمایی بەکان نیە کە کۆمەڵگە بۆ خۆیی دروست کردووە، ئەمەش مانای بێبەریکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی نیە لە داڕشتنی چەند بەهاو نواندنێکی کۆمەڵایەتی بۆ خودی خۆی لەمیانەی ئەزموونی میژوویدا، ئەم نەخشاندنو خستنەڕوو نواندنو بەهایانە خودی ئیسلام نین هەرچەندە لەژێر کاریگەری دابنو لەڕۆح و فەلسەفە گشتی بەکەیەوە سەرچاوەشی گرتبێت.

٥- گەر ئەو کەسانەی دەبنە هەڵگری ئایدیولوژیایەکی تایبەت وەک فکرێکی نامادەکراوو شانازی بکەن بەمەعریفەیانو خۆشی دەست کەوتنی حەقیقەتو کۆڵ بدەن بەووتنەوەی توتی ئاسای وەلامە نامادەکراوەکانو دروشمو پیاهەدانەکان وەک ماشینێک، لەجێگەی ڕاقەکردنو جێگرەوەی بیرکردنەوە بێت، بەئاسانی و کەمترین توانای بوێت، هەروەک (برلین) دەڵێت، کەواتە پێگەی ئیسلام لێرەدا چیە؟ لەپێشدا ئاماژەمان کرد بۆ هەڵوێستی پۆزەتیفانەی ئیسلام لەمەڕ عەقڵو عەقڵانیەتو بانگەشەی ئیسلام کە بەفۆرمی فەرمان (امر) هاتووە بۆ پرۆسەی خوێندنەوەو بیرکردنەوە لەیەکەم سورەت کە هاتووەتە خوارەوە (سورة) (العلق) (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ، عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) هەروەها پەروەردگار سوێندی بەقەڵەم خواردووە وەک ڕێزداریەک بۆ پلەو پایەی لەئیسلامدا (ن والقلم ومایسطرون) و ئیسلام لەسەر زاری

پێغەمبەرەوە راشکاوانە رای گەیاندووە (فضل العلم احب الي فضل العباده وخير دينكم الورع) (فضل العلم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب) و (مذاكرة العلم ساعة خير من قيام الليل)

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ (ولا تقف مالیس لك به علم ان السمع والبصر والفؤاد كل اولئك كان عنه مسئوولاً) (الاسراء:٣٦)

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ئیعتبارانەی پێشوو کە ئەوە دەسەلێنن ئیسلام ئاینێکی ئاسمانییە ناکرێت وەك ئایدیولۆژیا ڕیزبەندی بکەین، بەڵام بزربوونو پاشەکشێی کاریگەری لەژیانی کۆمەڵگەدا لەوانەیە ببێتە هۆی پاساو تەوزیف کردن بۆ شەرعیەتدان بەهەندێ ڕژێم (تەوزیفی ئیسلامیانە – نەك خودی ئیسلام) بکرێتە هۆشیاریەکی ساختەو ئامرازێکی مل کەچی و کۆنترۆڵ کردن.

ئیسلام لەوێدا بەئایدیولۆژیا دەگات کە دەبێتە ئامرازێکی یەکگرتنو فاکتەرێکی تێوەچوونو یەکانگیری ئەندامانی کۆمەڵگە بەشێوەیەك ڕۆڵی کۆنکرێت کردنی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت وا لەهەمووان بکات هەست بەهێزی ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵو بەستنەوەی چارەنووسیانەوە بکات، ئەمەیە وامان لێدەکات لەسەر ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەی ئایدیولۆژیا بوەستین.

(محمد سبیلا) جیاکاری دەکات لەنێوان کەلتور وەك تیوری ئەبستمولۆژیو کەلتور وەك ئاکارو ڕەوشتو سنوربەندکردنی کۆمەڵایەتیانەی تاك واتە وەك تیورێکی ئاکاری، دێت وا دادەنێت کەئایدیولۆژیا بەڕەنگاردەبێتەوە لەگەڵ بەشی دووەم دا (چەمکی کەلتور بەو پیوانگەی تیورێکی ئاکاریە) لێرەوە و لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین لەوزیفەی ئایدۆلۆژیا تێبگەین، ئەو هاوکارو یارمەتیدەرەیە ڕەسەنی دەداتە کۆمەڵگەو ناسنامە بەخشی تاکەکانیش دەبێت لێرەدا وەك ئەو حەکایەتەیە کە وێنەی خۆی لەمیانەی ڕێڕەوێکی میژووییدا کە دەگەڕێتەوە بۆ بنجێکی قۆناغ بەندیو کەلێنی زەمەن پێش کەشی کۆمەڵ دەکات.

بەڵام دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئایدیولۆژیای سیاسیو ئایدیولۆژیەی کەلتوریدا، دووەمیان قوڵترە لەیەکەمیانو زیاتر جێگیرە لەکۆبیری گەلاندا، ئایدیولۆژیای ئەمریکی پەیوەست بوو بە جەنگی ڕزگاریو سەربەخۆییەوە، ئایدیولۆژیای سوڤێتی پەیوەست بوو بەشۆڕشی ڕوسی ساڵی ١٩١٧، ئایدیولۆژیای فەرەنسی پەیوەست بوو بەشۆڕشی فەرەنسییەوە ١٧٨٩، ئەمانە هەموو ئایدیولۆژیای سیاسین وەك داستانی خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆییدا بەهەموو پاڵەوانێتی پاڵەوانەکانو سزاکانیانەوە. تا هەنووکەش ڕوداوێکی زۆرجار و لەزۆرینەی ئایدیولۆژیا سیاسییەکانی جیهانی سێ بەگوزارشتێکیتر جیهان باشور بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی ئایدیولۆژیای سیاسی بالّی کێشاوە بەسەریاندا بۆیان دەگەڕێنەوە، بەهەمان شێوە بۆ زۆرێك لەوڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی جەزائیر و میسر کە گرنگی ئایدیولۆژیای سەربەخۆیی سیاسی کزبووە لەبەردەم ئایدیولۆژیای کەلتوریدا کە کرۆکێکی ئاینی هەڵگرتووە، وەك کاردانەوەیەکی ئاسایی بۆ ڕەنێو هانێنو قۆستنەوەی ئەو ئایدیولۆژیا سیاسیانەی مۆرکی عەلمانیو سوسیالیزمیو نەتەوەیی هەڵگرتووە، وەك ئەو پشکەی کەچەند بنەمایەکی ئایدیولۆژی کەلتوری جیهادی یان هەڵگرتووە، بەڕووی داگیرکەراندا، چونکە ئایدیولۆژیای کەلتوری ئاینی سەربەخۆی بەدەست هێنا و دایڕنیو ئایدیولۆژیای سیاسی هاتو بەروبوومەکەی چنییەوە.

سەبارەت بەئایدیولوژیای کەلتوری هەموو نەتەوەك رووداوێکی کەلتوری دامەزرێنەری هەیە، بەم شێوەیە سەرچاوەی سەرەکی وولاتە ئیسلامیەکان وەك دەوڵەت و نەتەوە بۆی بگەڕێنەوە زەمەنی پێغەمبەر بووە کە دابڕان و جوێکردنەوە بووە لەنێوان دوو چاخ و سەردەمدا: سەردەمی تاریکی و نەفامی و سەردەمی ڕۆشنگەری و بەرچاوڕوونی.

ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە راشدینەکان وەك کۆمەڵە ڕووداوێکی دامەزرێنەرن بۆ هەموو دەوڵەتێك و بگرە بۆ تەواوی نەتەوەی ئیسلامی، ئەو داستانی خەباتەی لەوەو پێش بەشێوەیەکی گشتگیرو گشتنانەدن بەسەر تەواوی نەتەوەکانی باشوردا باسمان لێکرد کرۆکێکی تایبەت و مانایەکی تایبەتی هەیە بۆ وولاتە ئیسلامیەکان، کە بۆ ڕووبەڕووبونەوە بەپەرچ دانەوەی داگیرکەران لەتەواوی بەها ڕۆحی و کەلتوریەکانی زەمەنی ئیسلامی نیگا بەخشی وەرگرتووە، لەماناکانی جیهادو شەهیدبوون و بارگەیەکی ڕۆحی پێك هێنا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مادیانەی دوژمنان.

بەم شێوەیە بە سەربەخۆیی وولاتە ئیسلامیەکان بەستراونەوە بەتێکۆشەرانی وەك عبدالکریم خطابی و عبدالقادری جزائری و عمر المختارەوە، بەڵام بۆ وولاتە ئەوروپیەکان ئەو ڕووداوەی کاری کردووە لەسەر داڕشتنی ئایدیولوژیای کەلتوری بریتیە لەسەرهەڵدانی مەسیحیەت و فراوان بوونی جیهانی مەسیحی.

بەم شێوەیە لەژیانی هەموو نەتەوەکاندا چەند ویستگەیەکی بنەڕەتی بەدی دەکەین کە مێژووی ژیارەکەی دیاری دەکات، زۆرجار بەپلەی جیاوازو بەپێ پێویستی ساتەوەختی بۆی دەگەڕێنەوە، لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵە ڕووداوێکی بنیات نەر هەن کەلتوری یا سیاسی بێت زۆرجار و بە بەردەوامی گەڕانەوە بۆی پێویست دەکات و دووبارە تەئویل و تێگەشتنی دەوێت، ڕووەو دامەزراندن و پێکەوەنانی کۆبیرێکی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵ، وەزیفەی ئەم ئایدیولوژیایەش بریتیە لەبەخشینی کۆناسنامەیەك بەکۆمەڵگە وەك قەوارەیەکی سوسیولوژی.

ئەم ئایدیولوژیایە وەڵامی پرسیارێکی دووبارە بووەوە دەداتەوە لەگەڵ ئەوەی چی بەدوا دێت لەپەیامی مێژووی و ئامانجی ئایندەیی، ئیسلام ئەو مەرجەعیەتە گشتگیرەیە کە کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی لەسەر بنیات دەنرێت هەروەك زۆرێك لەرۆشنبیرە عەلمانیەکان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن.

دواجار وەسف کردنی ئیسلام بەئایدیولوژیا لەوانەیە کۆمەڵێك شت بشار درێتەوە و خەفەبوون و دروست بێت بەرامبەر سەرچاوەی ئاسمانی بوونی بەو پیودانگەی نیگاو سروشێکە لەلایەن پەروەردگارەوە نێردراوە.

چونکە ئایدیولوژیا لەڕوانگەیەکی سوسیولوژیانەی ڕووتەوە وەك بۆچونی (کارل مانهایم) سەرەتا ئوسوڵەکانی لەواقیع و بارودۆخ و هاوسەنگایەتیەیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لەدەرەوەیان، هەرەوەها ئیدیومێك نییە فەرز بکات بەسەرماندا بگەڕێین بۆ زاراوەیەکی بەرامبەر کەئالۆزی دەوری چەمکی ئیسلامی لابەرێت، ئەوش دەسەلێنێت خۆبەدەستەوەدانمان بەرامبەر فکری خۆرئاوایی کاریگەری لەخودی عارفماندا ماوە بەشێوەیەك ڕوگیر نابین چەمکەکانمان کەڕۆشنن بیگۆڕین بەچەمکێکی وێڵ بوو کە بارگەیەکی نەگەتیفی و زۆرێك لەئالۆزی و دژەیەکی و دیار نەبوونی هەلگرتووە.

سەرچاوە/

مجلة العالم العدد ٥٣٩/١٩٩٦ رمضان ١٤١٦